# مێردەکەی
# ئاسکە خاتوون

## (بەشی دووەم)

# مێردەکەی
# ئاسکە خاتوون

(بەشی دووەم)

عەلی محەمەد ئەفغانی

وەرگێڕانی

سەلاح نیساری

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مێردەکەی ئاسکە خاتوون (بەشی دووەم)**
- **نووسینی:** عەلی محەمەد ئەفغانی
- **وەرگێڕانی :** سەلاح نیساری
- **تایپیست:** رەحیم شاسەنەم
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** نادر خەیاتی
- **نرخ :** ١٠٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦١٨)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب** (٦٦١)

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

لە گەورە و چووک، لە ژن و لە پیاو پتر لە سەدان چاو پەپوولەئاسا لە دەوری شەمی هوما ئالا بون. وایان‌دەزانی بۆ یەکەمجار مانگی چاردەشەو دابەزیوەتە سەرپشتی زەوی هوما تەنیا دەستێکی سووکی بە ڕوخساریدا هێنابوو تەنگە دەسماڵێکی کوێستانان خەڵخاڵی بە ئەمانەت دابوو بە سەردا، تاکوو لەوێ لای‌بەرێ. بۆ ئەوەی تیشکی پایزی سەرگۆنای نەگەزێ، ڕووی داپۆشیبوو، فانیلە و تەنوورەی کەمەرتەنگی لەگەڵ گۆرەوی هەوریشمین سەرنجڕاکێش هەر لە خۆی جوان بوو، سەی‌میران سەری ڕەش کردبۆوە و ئەمە یەکەمجار بوو لە ژیانیدا تیخ و گوێزانی بە ڕدێنیدا هێنابوو، پاڵتۆ و کڵاوی قیمەتگرانی شان‌و شکۆیەکی وەهای پێدابوو بە میسباحول‌ئەدەبی دەگوت برۆ بەملاوە! تەنیا ئەمە ئازاری دەدا، تاکوو لە کۆڵانەوە تێپەڕین و لەسەر سنگی شەقامەکە فەیتوونێکیان ڕاگرت، وایدەزانی بەسەر ژنەوە گیراوە و لەگەڵ ماشقەی خەتاکاری شار بەدەر دەکرێن و بەردەبارانیان دەکەن. سەتکەڕەت مرد و زیندوو بۆوە، تەنانەت ئەم حاڵەتە بۆ هوماش هەروابوو، وایدەزانی لە قالبی ژنێتی هاتۆتە دەرێ و چۆتە قاپوولکی پیاوانەوە، بەم شکڵ و شێوازەوە وەختێ لە ماڵ هاتنە دەرێ تەواو جێی سەرسووڕمان بوو، ئەگەرچی ئەوە ئاوات و هیوای لەمێژینەی ئەوبوو، بەڵام ڕوخساری شتێکی‌تری دەدرکاند، زۆر جێی لێ ورد بوونەوەیە ژنێک بە بەرچاوی هەزاران حەرام و نامەحرەمەوە بە سەرو ملی ڕووت لە ماڵ بێتەدەرێ! تامەزرۆ و چاوچنۆک و ناسیاو و نەناسراوی تێیدابێ. شەرمی فرەی لە پیر و تەمەنداران بوو نەک کوڕە جحێڵ و گەنجان. ئەوانەش بەجێی خۆیی. دەبوو ئەو کوتە پەڕۆیەی دابووی بە سەریدا لایبەرێت و کڵاوی فەڕەنگی، لەبەر شەرم وحەیای خۆی دەسماڵێکی تێوەپێچابوو دابووی بە میران بۆی هەڵبگرێ، دەبوو بیکاتە سەری، ئێستا ئەمە هوما بوو، ئەشیبیا قۆڵ دەقۆڵی مێردەکەی بێ و لە کۆڕ و مەجلیسی پیاواندا بەشداری بکا؛ ئەوا ئەمڕۆکە مانگ لە پەردە دەرهاتو و ئەویش بە مرادی گەیشت، خۆ ئەگەر ساڵێک لەمەوبەر ئەم دابە نوێیە داکەوتبا و باڵی بەسەر وڵاتدا بکێشایە، ئێستا ئەو لەباتی سەی‌میرانی پیر و ڕیش‌چەرموو دەستی دەخستە نێو دەستی پیاوێکەوە کە تەنیا ساڵێک و دوان لە خۆی بەتەمەن‌تر بایە، ئەم شنەیەی کە تازە هەڵی‌کردبوو لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا بوو تاکوو چیتر لە ژێر سێبەری عابا و پەچە و ئاییندا نەچەوسێنەوە و زیندەبەچاڵ نەکرێن. کەوابێ هەر ئاقڵێک دەزانێ وختێ ئەسپەشێ لە تەویلە دێننە دەرێ و زینی لە پشت دەکەن و لغاوی لە دەم دەکوتن بێگومان سەفەرێک لە پێش‌دایە و ئیتر ئۆغر بەخێر بێ، هومایەکی کاڵفام و لە ژێر پەردەدا قەتیس ماو، نە هەستی بە هیچ دەکرد و نە دەزانێ ئەسپەشێ بەرەو کوێ تاو دەدرێ، وەختێ لە پێش میرانەوە چوونە هۆڵی کۆبوونەوەی شارەداری و دەورگێڕانی

کوڕ، واتە جەنابی شارەدار و خانمە باڵابەرزەی هاتنە پێشوازییان و لە جێگای تایبەت دایاننان، دڵەکوتە و هەیەجانێکی غەریب هەناوی هومای داگیر کرد، ڕێگەی داهاتوو، بە بڕوای ئەو پەڕینەوە بوو لە هێڵی سووری سنوور و بەرامبەری مافی ژن لەگەڵ پیاواندا، کوڕ و مەجلیسەکە ئەو ترسەی نەبوو کەوا ئەو دڵی دەهەژا، ساکاربەڕێوەچوو، هۆڵی بەرینی شارەداری لە گەمیەی باوەنۆح دەچوو، جووت جووت پڕ بوو لە نێر و مێو، هەرکەسە و بە ڕەنگو دەنگێکەوە، جلوبەرگ و جوانکاری ژنان بە گشتی و تەنانەت خێزانی شارەدار مایەی پێکەنین بوو، کەسێک نەبوو لەوێدا جوانتر بخوازێ و ئێرەییان بە یەکدی نەدەبرد. هەر نەبێ وا لە ڕوواڵەتیاندا دەردەکەوت، دەستەیەکی کەم بە فکرێکی دیکەوە دەژیان و ئەوانیتر بەم جلوبەرگەوە لە ئالۆش و پەرێشانیدا بوون. خۆ ئەگەر بزانین ئەو کۆڕە کە کوتووپڕ پێکهاتبوو، لە نوێنەرانی سینف و پیشەییەکان هەمەجۆرەی شار، ئەوکاتی ناوەڕۆکی باسەکەمان بۆ دەردەکەوێ، دووای تەواوبوون و کۆتاییهاتنی کۆڕ و باسەکە و هاتنەدەرێی حەشامات و بڵاوبوونەوەیان بە گۆڕەپانی شارەداریدا، لە ڕاست و چەپ لەبەر تەماشاچی و چاونەزێران دەرزیت هەڵاویشتبا، وەعەرزی نەدەکەوت، وەختێ میران و هوما گەیشتنەوە بەردەرگای خۆیان، ڕۆژ پەڕیبوو تاریکی باڵی بەسەر شار کێشابوو، لە بەختی ڕەشی ئاسکە مەهدی لەگەڵ دایکی بۆ تەماشا چووبوونە گۆڕەپانی شارەداری و لە کاتژمێر سێوە ون ببوو، هاوساگەلی میران لە ورد و درشت هەریەکەو بە لایەکدا بۆ دۆزینەوەی وەخۆ کەوتبوون، وایاندەزانی لەو قەرەباڵغیەدا خوانەخواستە ماشێن لێیداوە و یان بەڵایەکی بەسەر هاتووە، ئەوانەی لە ماڵێ بوون بە پەرۆشەوە دەگریان، ئاسکە وەک شێت و مارانگەستە جینگڵی دەدا و هەڵدەچۆقا، سەیمیران تاوانی خستە ئەستۆی ئاسکە و وەک یەخسیری دەستکەوتبێ پەلاماری بۆ دەبرد تاکوو بە شەق و پێلەقە تێیبەربێ. خاتوو خورشید خۆی خستە نێوانەوە و خۆی وەسەر کێشا، لەو بگرەو بەردەیەدا تەقەیان لە دەرگا هێنا و پۆلیسێک دەستی منداڵەی بە دەستەوە وەژوور کەوتن، هەوری پەژارە ڕەوی و چرۆی شادی و پێکەنین ترووکا، سەیمیران دەستخۆشانەی دا بە پاسەوان و بە حورمەتەوە بەڕێی کرد. هەرچەندە منداڵە ناوی خۆی و بابی و نازناوی بنەماڵەی دەزانی و تەنانەت کار و پیشەی باوکیشی، وەختێ لە شارەوانی لێیدەپرسن کوڕی کێیە، دەنگ ناکات و هیچ ناڵێ، لەوکاتەدا، دەروێش، کرێکارەکەی جارانی بابی، دەیبینێ و دەیناسێتەوە بەچکەی کێیە.

سەیمیران لەورۆژەوە بەو نەزمە نوێیەوە چووبووە دەرێ، وەک ئەوەی بە بەرچاوی عالەمەوە کارێکی دزێوی کردبێ بە ماوەی چەند ڕۆژێک لە ڕووی هەڵنەهات لە ماڵ سەروەدەر بنێ. هێندە

مێشکی ئاڵۆز و فکری بڵاو بوو حەزی بە حەسانەوە و پشوودانێکی چەند ڕۆژە دەکرد. زۆر کەس لە لات و لووت و هەڵەو هەرزە و بەرەڵڵای کووچە و کۆڵان ئەورۆژە قسەیان بۆ ڕێکخستبوو بە ناشیرینی ناویان هێنابوو، ئەم قسە و قسەڵۆکانەی بیستەوە، دوو ڕۆژ دواتر لە هەمباری ئەزراق و کەلوپەلی نانەوایان، کابرایەکی دڵڕەش و نەحاواوە، ڕازی نەبوو بە دابەشکردن و ڕاگەیشتن بە نانەوایان و ئاشەوانان، داخی کەسێکی‌تری لەسەر ئەو بەتاڵ کرد و گوتی:

بێدینی و گزیو فزی کەم بوو، قوونڕووت کردنیشی هاتەسەری ، یان بچۆ ژنی جوان و جحێڵ بێنە، یان بمرە و گۆڕبەگۆڕ بە بۆخۆت!

ئەم قسەیە هەرچەندە لە زاری کەسێکەوە دەهاتە دەرێ کینەو کۆنە ڕقی لە دڵدا بوو، بەڵام تەوس و توانج بوو بۆ ڕەوتی تازە و ئیسلاحات و ئەم هەنگاوانەی حکوومەت لەمەڕ کرانەوەی ئەم پەنجەرەیە بەرەو ڕووی دنیای تازە، ئەو دەستوورانەی لە سەرەوە ڕەوانە دەکران و کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی سپا ڕایاندەگەیاند و بەسەر خەڵکیان دادەپەساند. ببووە هۆی سڵکردن و دوورەپەرێزی ئەموئەو. نەخشی خەڵک و دەنگ و پێداچوونەوەیان سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر نەوتی ئێران، خەرج کردنی بەلاش و کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆڕاییبایی و بێناوەڕۆک و چاوبەستانە و تەنانەت کارگەلی وەک بیناسازی و هێڵی شەمەندەفەر و زۆر تورەهاتی دیکەش تەنیا و تەنیا سێبەری هەوری نەزۆک بوون. هیچی ئەمانە بۆ ئەم خەڵکە هەژارە نەدەبوونە نان و ژیان و شەڕافەت، خەڵک دەیانوت، حکوومەت بەبێ ئیزنی ئینگلیز قامک لە ئاو نانێ هەموو هەنگاوێکی لە بەرژەوەندی ئەوان و بە دژی کۆمەڵگای ئێران تەواو دەبێ، خۆ ئەگەر لەم نێوەدا چاکسازی و دابەشکردنێک هاتبایەتە ئاراوە، هەر بەم وردە فەرمایشتانە بەرپەرچ دەدرایەوە، مەسەلەی گۆڕینی کڵاو و ڕەشەکووژی مزگەوتی گەوهەرشاد، بۆ جارێکی‌تر تازە بوونەوەی ڕووداوی کەربەلا بوو بە بەرچاوی خەڵکەوە، هێشتا زۆری پێدەویست لە پێش چاوی خەڵک بزر بێت و لە بیر بچێتەوە، لادانی لەچکە و لابردنی چارشێو شتێکی لەوە کەمتر نەبوو، کەس حەز ناکا بە زەبری دار ببێ بە یار، یان هۆگری پەیدا بکا.

لە دووای کۆبوونەوەی شارەداری، ژنی دەروجیران و دوور و نزیک و بۆرەخزمانی میران سەراوی چاوێکیان لێبووە دوو چاو بە مەبەستێکی‌ترەوە سەیری هومایان دەکرد، وەک ئەوەی شتێکی سەیر و سەمەرەیان لەودا دەبینی و لە خەڵکدا نەبوو، بە لابێژی و پاشملە تەوسیان فڕێدەدا و دەیانوت:

ـ لەمێژ بوو ئەوەی دەویست و بەم ئاواتەوە بوو. ئەوە بە مرادی خۆی گەیشت، جاران بە دەسماڵ و چارشێوەوە

نەدەکەوتەوە ماڵێ نەخوازە ئێستاکە ڕووبەند و چادر باوی نەماوە و بەری لێبەڕەڵلا بووە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەم نییەت و فکرۆکانە، هوما لەوەبەدواوە خانمی خانمان و تەنانەت قورس و سەنگین بوو، زۆر کەم لە ماڵ دەهاتە دەرێ، وەختێکیش بە بۆنەی کارێک دەردەکەوت نیوهێندەی جاران بە دەوری خۆیدا نەدەهات، مەگەر بۆ شوێنی تایبەت ئەگینا بە وێنەی ئاسکە سنگ و بەرۆیی خۆی بە خشڵ و زەمبەر نەدەڕازاندەوە، هەر لەوەدەچوو وەک جاری جاران حەزی لەم شتانە نەمابوو، هەر لەو گەڕەکەی خۆیان بەرگدروویەکی تازەی پەیدا کردبوو. جلوبەرگی خۆی بەو خەیاتە دەدووری و پینەو پەڕۆی دەبردە لای ئەو.ئەو ڕۆژانەی مێردەکەی لە ماڵ نەدەبوو دەچووە لای ئەو وەستایە و وەڕەزی خۆی لەوێ دەردەکرد. لە دەرەوەی ماڵ و کۆڵان و بازاڕ، شۆڕشێکی سەیر لە دژی پەچە و لەچکە و چارشێو دەستی پێکردبوو تەنانەت ڕانکوچۆخە و پەستەک و پشتێن قەدەغە کرابوو، ژن مافی ئەوەی لێ زەوت کرا ڕوخسار و مووی سەری بە پەچکە پەڕۆیەک وەشارێ و نەریتی سەحرانشینانی عەرەبستان ڕەچاو بکات، پاسەوان و پۆلیسیش گاڵۆک بەدەست چوار چاو لە هەموو لایەک چاوەدێری خەڵکیان دەکرد، بەتایبەت ژنان چارشێو و دەسماڵیان لە سەر ئافرەتان دادەماڵی و بۆ ئەوان تۆفیری نەدەکرد جوان و جحێڵە یان سەرسپی، شارەوانی بۆ ئەتککردن و دزێو نیشاندانی چارشێوپۆشان دەستووری دابوو بە جندە و داوێنتەڕان بە چارشێوی ڕەشەوە بێنە شەقام و بازاڕ، حکومەت کە نەیدەویست یان نەیدەزانی ڕێگە چارەی باشتر بگرێتەبەر بۆ قینات پێکردنی ئەو خەڵکە تاکوو لەگەڵ بارودۆخی تازەباو ڕابێن، بە ناچاری کوتەکی هەڵدەگرت و ملیدەنا لە ئازاردانی کۆمەڵگا، وەک ئەوە وابوو کە دەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ، ئیتر بە ماوەی یەکدوو مانگ ترس و خەفەت کەم بۆوە و کزەی زریانەکە نیشتەوە، ئەو کەسانەی پێیانوابوو کە ژن بە پەچە و چارشێوەوە سەنگینە و حورمەتی هەیە، وردە وردە لە باوەڕی چەوتی خۆیان پاشگەز بوونەوە و زانیان بە هەڵەدا چوون. دوای ئەوەی پەچە و چارشێو کۆ کرایەوە و لە کۆڵی لۆک و ماڵۆکیاننا و ڕەوانەی عەرەبستان کرایەوە، مۆدێل و دابی نوێ سەری هەڵدا و کاروباری خەیات و بەرگ دوورین وەک شیر هەڵچوو ئەوانیش نانیان کەوتە ڕۆنەوە، ئەوەی تەقەڵ و دوورمان و تەریبی دەزانی تابلۆیەکی کرد بە نێوچاوانی کووچە و کۆڵان و بەرۆکی شەقامەکاندا، لە هەرچەشنە و مۆدەیەک

جلوبەرگیان دەخستە بازاڕەوە، شەوێک هوما کراسە بەهارییەکەی لە خەیاتی وەرگرتەوە، هەر ئەم قسەیە دووبارە بۆوە، سەی‌میران گوتی:

ـ ئیتر ئەمڕۆ موسا چۆتە سەر کێوی توور بۆ جوانی جلوبەرگی ژنان پاڕاوەتەوە، تازە ئەو ڕۆژگارە نەما کە دابنیشێ بەلای پینە و پەڕۆ دوورمانی کولۆنجە کۆنەوە، ئێستا ئەگەر ئافرەتێک بە دابی نوێ پرچی هەڵنەپاچێ و جلی جوان نەپۆشێ دەبێ سەر بگرێ لە هەش و لە سووچی ماڵ کوشمە بکا!

هوما ئەم قسانەی بە دڵ بوو گوتی:

ـ ئەوڕۆکە لە کن مەرزییەخاتوون بەرگدروو بووم، ئەم کراسەی منی بەم گشتە مۆدەوە بە دوو سەعات بڕی و دووری بە هۆی ئەوەی هەمیشە مشتەری ئەوم بە پازدە قڕان ڕازی بوو. کراسی سادەی دوو قڕان گران کردووە، خۆ ئەگەر زۆریشی تاریف نەکەین هێشتا ڕۆژی سێ تمەن پارە دەباتەوە بۆ ماڵێ. ئەمەش حەق‌دەستێکە نوقرە و کچەکەی بە حەوتوویەک لە کلاش‌چنین وەدەستیان ناکەوێ، خۆشەویستەکەم ئیزنم بدەرێ با بچم فێری بەرگدوورین بم؟

سەی‌میران زۆری هەمیەت بەم چەند کەلیمەی ئاخری هوما نەدا بۆ دەنگی نەکرد، لەبەر ئەوەی هوما قسەکەی دووبارە کردەوە و گوتی:

ـ هەر ئەمەت مابوو بچی فێری تەقەڵ و دروومان بی؟ هەستە با شێوەکەمان بخوێن لە برسان باوێشکم دێ، بانگی گلارەم بۆ بکە با بێت ئەو شتانەی پێی‌دەڵێم لە دەفتەرەکەدا بیاننووسێ. کیفە چەرمەکەی لە گیرفانی هێنادەرێ و بە زەین و تێڕوانینێکی وردەوە کەوتە سیایی گرتن و ڕێکوپێک کردنی یادداشت و پسۆلە و فاکتۆری گەنم و جۆ، وەبیری هاتەوە دەبوو چ حیسابێک لە دەفتەردا بنووسێ و بەلای خۆیەوە گلی بداتەوە:

ـ ڕەجەبی ئاشەوان پێنج تمەن جومعانە، سێ تمەن لەولا کەمی هێناوە، بۆ حەواڵەی ڕەحمان کۆڵبەر، لەوێش پازدە قڕان، بابەتی دوو خەروار گەنمی دەوڵەتی نەغدالی، پەنجا تمەن قەرزدارە.

وەبیری هاتەوە ئەوە چوار ڕۆژە کرێکارێکی تازە هاتۆتە دووکان و ناوی نەچۆتە ڕیزی ئەوانی‌ترەوە بۆ ئەو کارانە بە فەرمی میرزایەکی خۆی نەبوو، تاکوو سیایی حیساباتی بۆ بگرێ و کارەکانی بۆ ڕێکوپێک بکا. باش‌بوو جاروبارە میرزا نەبی یارمەتی دەدا، ئەگەر ئەویش لە هەوێڵدا نەبوایە پەنای بۆ کچەکەی دەبرد و دەنا هەرکەسێک کەچە سەوادێکی هەبوایە پەنای بۆ دەبرد و

کارسازی خۆی دەکرد. بەڵام هوما، هەروەک هیچی نەژنەوتبێ وابوو! بۆخۆی چۆنی لێکدابۆوە ئاوای بە مێشکدا هات و گوتی:

ـ مەرزییە دەڵێ لەلای ژنێک بە ناوی شاژن کە لە کۆڵانی خانەقا دووکانی بەرگدوورینی هەیە ئەم کارە فێر بووە، زەمانی کچێنی سێ ساڵ لەبەر دەستیدا بووە ئەو کارە، ئێستا هەرچەندە مێردی نییە خۆی و دایکی و منداڵێک بەخێو دەکا، خۆی ئاغا و کوێخای خۆیەتی و بەرمنەتی هیچ پیاوێک نییە و گوزەرانی زۆر باشە.

بریا من وەک قامکە تیتۆڵەی ئەو دەبووم، بمتوانیبایە لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم. من نازانم چۆنە خوا دەستەیەک دەکاتە ژن و تاقمێکیش دەکا بە پیاو. ئاخۆم تاوانی من چبوو بە مێوینەی دروست کردم تاکوو ڕۆژ تاکی ئێوارێ چاوم لە دەم و دەستووری تۆ بێ؟ هەموو ئیزن و ئیختیارم لە دەستی تۆدا بێ و چارەنووسم بە تۆوە بەسترابێ؟ تۆ چی باشت بۆ خوا کرد و من نەمکرد؟ ئێوەی پیاو ئەگەر بتانەوێ دەتوانن بە بێژن گوزەران بکەن و بژین، بەڵام ئێمەی ئافرەت بۆمان ناگونجێ و نالوێ، ژیانی ئێمە بە ئێوەوە بەستراوە دەبێ لارەمل و بەردەستی ئێوە بین.

سەیمیران بزەی لێوی ترووکاند و کەیفی بەم قسەیە کرد، بە ڕووخۆشییەوە گوتی:

ـ بەو هۆیەی ژن بە پیاوەوە تەواوە، لە بەرژەوەندی ئەودایە بەمچەشنە وەمێنێ، دیارە لە پەڕتووکی ئاسمانیدا هاتووە کە دەبێ ئافرەت گوێڕایەڵی پیاو و لە ئەمرونیای ئەودا بێ، پیاو خاوەندی بچووکی ژنە لەسەر زەوی، کردگاری عالەم هیچ کرێکی بە بێهۆ ساز نەکردووە و وای بە باش زانیوە، مشکی باڵداری بۆیە دروست کردووە، جرو گیانلەبەری ئەم حەوش و حەسارە ڕاو بکا، هەر ئەوەندەی تەشقی عەرز و ئاسمان شکا، زیندەوار دەبووژێنەوە و بە ئەمری یەزدان هەر بوونەوەرێک درێژە بە ژیانی خۆیدەدا، ئەگەرچی دەبێژن شەمشەمەکوێرە و کۆ، سازکراوی دەستی عیسان، لەم دنیایەدا بێبەش لە ڕزقن، بەڵام من باوەڕم بەم ڕەوایەتە نییە. لەسەر گۆی زەوی هیچ زیندەوارێک بێبژیو ناژی. چ گیاندار و بێگیانێک نییە ئەرک و فەرمانێکی لە ئەستۆ نەبێ. ئەشێ ئەمەش بزانی هیچکەس بۆی نییە و ناتوانێ ڕەخنە لە کاری خوا بگرێ. زۆر جار ئەم وتەیەم بە تۆ گوتووە، ژنێکی موسڵمان ئەگەر نوێژ و ڕۆژووی تەواو نەبێ بەو مەرجەی مێرد لێی ڕازی بێ دەچێتە بەهەشت. ئافرەتێک بەبێ ڕەزامەندی مێرد و خاوەنی لە دەرگای ماڵێ بچێتە دەرێ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا دەرگایەکی دۆزەخی بە ڕوودا دەکرێتەوە، ئەمەش فەرموودەی ڕەسوولی خودایە.

ـ ئۆیی پیاوەکە، دیسان لێم‌بووی بە مەلای سەر مینبەر! تۆ ئەمشەو گەرەکتە وانەی مەزەب و ئایینم پێ‌بڵێی؟ لە من کەرتر موریدت دەست ناکەوێ؛ جا بۆ ئەو دۆزەخەی تۆ باسی دەکەی چەند دەرگای تێدایە؟ ئەوە گریمان وەک تۆ دەڵێی وایە، وەڵامی پرسیارەکەی من بدەوە، دەمەوێ بچم فێری خەیاتی و بەرگ‌دوورین بم. ئاخۆم تۆ ڕازی؟ یان دەتەوێ سەت دەرگای دیکەم بە ڕوودا بکەیتەوە؟ تەنیا و بێ‌هاودەم لەم ماڵەدا ڕۆژ تاکی ئێوارێ جاڕز دەبم، حەز دەکەم فێری ئیش و کارێک بم لە ژیانمدا بەکارم بێ، ئەگەر منیش وەک ئەو مەرزییە خانمە تەقەڵ و دوورمانێک فێر بم ئەوکاتی پێت‌دەڵێم ژنیش دەتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و لە بەرامبەر پیاودا، کەم نەهێنێ، ژن و پیاو هەروەک دەستی ڕاست و چەپی یەکدی وان، بە هەرکامێکیان زۆرتر کار بکەی ئەوەیان بەهێزتر و لەکار دەرهاتووترە، ئاگات لە دایکی حسێن گوڵزار بوو، منداڵەکەی هەر بە شلکی نایە بەرزەحمەت و کوێرەوەری، وەختێکیش بوو بە پاڵەوان کەس نەیتوانی پشتی لە زەوی بدا.

ـ تۆ ناتوانی فێری خەیاتی ببی، هوما، لەو ماوەیەدا تۆم باش ناسیوە، وازی وازی و هەرتاوەی دڵت شتێک دەخوازێ، خۆ من گولی بەخیل نیم بۆ حەز ناکەم تۆ ببی بە خەیات.

ـ نا، پیاوەکەگیان، من دەزانم تۆ ئەو ئیجازەیە بە من نادەی. دەتەوێ تکاو داواکاریم بدەی بە عەرزدا، ئێستا من بە دڵ حەزم لەو کارەیە، بۆ تۆ فەرقی چییە، منیش وەک گلارە حەساو بکە، وابزانە منیش قوتابیم. بۆچی پێت عەیبە با من فێری کار و هونەرێک ببم، پێت‌وایە وەستا مەرزییە و ئەوانی‌تر لە زگی دایکیاندا ئەو کارەیان زانیوە؟ ڕۆژێ ئەم گشتە داهاتەیان هەیە، یانی تۆ حەزت لە پووڵ و پارە نییە؟ چدەبێ ئێمەش لە چەند لاوە داهاتمان هەبێ و ژیانێکی شاهانە؟ هەر نەبێ وەختێ من فێری ئەو شوغڵە ببم، ئەوسا پارەی دوورینی جلوبەرگی خۆمان نادەین بە بەرگ‌درووی دەرەوە، هەر ئەو مەرزێیەی من باسی دەکەم ڕۆژانە لە سێ تمەن کەمتر ڕازی نابێ بچێتەوە بۆ ماڵێ، بۆئەوەی مشتەری لە خۆی کۆ بکاتەوە و کەمتر خۆی بڕەنجێنێ وەک شاژن شاگرد وەردەگرێ، ئەمە فکرێکی باشە ڕووی تێ‌کردووم. هەم سەروەتە و هەم سەفا، لەولاشەوە بۆ فێرکردنی بەردەستەکانی مانگانەیان لێ‌وەردەگرێ و فێریشیان دەکا، تەقەڵ و تەریب و سەردووری و دووگمەلێنان و زۆر کاری‌تریان دەداتە دەست. ئەمانەش گشتی لە بەرژەوەندی خۆیدایە، ئیتر بۆ نەیکا؟ سەرەڕای ئەوەی هەموو منەتی هەڵدەگرن، پیاوەکەگیان خەڵک بەم‌چەشنە دەرگای داهاتی بە ڕووی خۆیدا کردۆتەوە، لەسەر پێش‌نیاری خۆی ئەگەر من یەکەم شاگردی ئەو بم مانگانەم لێ‌وەرناگرێ. ئەگەر بمەوێ بچمە سەر ئەو کارە ئیتر بۆ نەچمە بەردەستی مامۆستا شاژن، بۆ شاگردی شاگردەکەی ئەو بکەم؟

ـ تۆزێک پشووت لەسەرخۆ بێ، ئەو مەرزێیەی تۆ باسی دەکەی خۆێندەواری هەیە یان نییەتی؟

ـ وەک مەعلوومە یەکدوو کلاسی خوێندووە، تۆ مەبەستت لەم پرسیارە چییە؟ پێتوایە کەسێک خوێندەواری نەبێ فێری بەرگدوورین نابێ؟ وابزانم پێویست ناکا، من هەر لە ئەلحانەوە دەتوانم سانت میتر وەخوێنم، کارێکی هاسانە، تەنیا نووسینەکەی خوێندەواری دەوێ، ئەمیش بۆرە سەوادێک، هەر ئەوەندەی بتوانی تاکوو ژمارە سەت بنووسی بەسە، قەزات لە گیانم، بۆ بە من دەڵێی سەرسەری وازی وازی، بەڵام من ئەوە حەوتەیەکە خۆم بۆ ئەم ئیشە ئامادە دەکەم، قەول وایە گلارە و بارام فێری نووسینی ژمارەم بکەن. تاکوو ئێستاش فێری خوێندنەوە و نووسینی چەندین ژمارە بووم، تەماشام بکە، ژمارەی یەک بەمچەشنەیە، (قامکی ئیشارەی بەرز کردەوە). ئەگەر خاڵێکی لە پاڵ دانێی لە شانی ڕاست نەک چەپ دەبێتە دە، ڕەقەمی پێنج وەک گوێز خڕە، حەوت ڕووی لە سەرێیە و هەشت سەرەوخوارە، من کوێرزەین نیم، زۆر زوو شت فێر دەبم.

ـ ڕەنگە بە منداڵی زۆرت مێوژە ڕەشە خواردبێ، زۆر باشە، خوابکا وەک تۆ دەڵێی وابێ، بتوانی ببی بە شتێک، خۆ من بەخیل نیم گەشە و نەشەی تۆم دەوێ، بەڵام لەوە دەترسم بەیانی بێژی دەمەوێ بچم بۆ قوتابخانە. یان گڕنەم لێبگری ماکینەی بەرگدوورینت لێمبوێ.

سەیمیران تەواو نەرم ببوو هوما وەختێ زانی میران مەرزەم بووە، گوڵی ڕوخساری گەشایەوە وەک منداڵی پێڕەوکە خۆی دەئامێزی هاویشت و چووە سەرکۆشی دانیشت، بۆئەوەی سپاسی بکا و وەڵامی چاکەی بداتەوە دەستی لە ئەستۆی کرد و تێر ماچی کرد:

ـ نا، پیاوەکەگیان، دڵنیابە وا نابم، ژنی تۆ تازە ئەم هەوایەی بەسەر چووە و لەوەی ڕابردووە. ئەگەر بەتەمای مەدرەسە بێت ڕێگەی نادەن، لەبەر ئەوەی ماڵ و مێردی هەیە، تۆ ئێزنی ئەوەم بدەرێ با بچم فێری خەیاتی ببم، زۆریش سپاست دەکەم، هیچی دیکەم ناوێ، ڕۆژێکیش وەستایەکی قابیلم لێدەرهات، ئەو چاکە و پیاوەتییەی تۆ قەرەبوودەکەمەوە.

ـ سەیمیران قاقا پێکەنی:

ـ بە چاک وەڵامی چاکەم ئەدەیتەوە یان بە خراپ؟

ـ ئەیەڕۆ، جا بۆچی بە خراپە؟! بە چاکە، کار دەکەم و پارە پەیدا دەکەم و نەختوپوخت دەیکەمە مشتی تۆوە، یانی لێم ڕانابینی؟ بەم گفت و کەلامەوە، کلکەوانەی قامکی دەستی چەپی سەیمیرانی بە فکر و خەیاڵەوە سووڕاند، بە دڵنیاییەوە و بە ڕۆحێکی ژنانەوە گوتی:

ـ ئەمشەو چ شەوێکە، قەولت دەدەمێ بە پوولێ داتپۆشم، بەڵێنت دەدەمێ کارێک بکەم حەجت لێبکەوێ.

سەیمیران بە بیستنی ئەم گفت و ئارەزووانە قاقای کێشا:

ئەمە چیرۆکی ئەم وشترەیە قوڕاوی و خۆڵاوی هاتبووە گوندی و دەیگوت لە گەرماوەوە هاتووم، تۆ هەبلەخەرجیم پێمەکە و سەفەری حەجم چاوی تۆ خۆش، هەی، حەی واجبالحەج، واجبالحەج!

ـ چبووە، ئەم حەی حەیەت لەچییە؟ بۆ سەرت ڕادەوەشێنی؟ یانی پێتوانییە لە داهاتوودا لەوەی کە هەین ژیانمان باشتر بێ؟ یانی پێتوایە من قسەی خۆڕایی دەکەم؟

ـ نا، نا، قەت وانییە، قسەکانی تۆ نیشانەی دڵپاکی و هیواو فکری منداڵانەی تۆ دەردەخات. با ئەمەشت پێبڵێم، ڕابردوو بۆ من بەتاڵە و داهاتووش ڕووت دەبینم. هەروەک ڕۆژێک بۆ خۆت ئاماژەت پێکرد، نان ئەم نانەیە ئەمڕۆکە لە خوانە. هەتا ئەورۆژەی من و تۆ پێکەوە دەژین، ئەمە بیر و بڕوای منە، ئەگەر قسەی ڕاست لە من دەبیستی، دەبێ بڵێم بەم دەمی پیرییە چ ئاوات و ئارەزوویەکم هەیە؟ هیچ! ژیانی خاس و خراپ زوو یان درەنگ کۆتایی دێت، ناشێ خەمی سبەی لە کۆڵ بنێین با وەک خەیام بیر بکەینەوە، بەڵام خەیامێک کە ئەو دنیا و بەهەشت و دۆزەخە ڕەت نەکاتەوە، زیندووبوونەوە و ئەو دنیا بە حەق بزانێ و لە خواپەرەستی کلا نەبێ، لەبیرمە جارێک خەونێکم بینی، هەر ئێستاکە بیرم لێدەکردەوە، شەوێک لەوشەوانە بوو تازە تۆم هێنابوو. نا، لە هەوڵی ئەوەدا بووم لەگەڵ تۆ زەماوەند بکەم، ئای، بمبوورە هەڵەم کرد، تۆ لێرە بوویی بەڵام مارەم نەکردبووی، خەونێکی سەیر بوو باوەڕ ناکەم قەت لە بیرم بچێتەوە، هەروەک لە بەخەبەریدا دیتبێتم، زۆری کار تێکردم. مەبەستم لە قسەکەی تۆیە کە دەڵێی کارێک دەکەم حەجت بکەوێتەسەر، چوومە لای مەلا محەممەد، بۆ لێکدانەوەی خەونەکە، بزانم دەبم بە حاجی، سەروەت و سامانێکی زۆرم دەبێ، ئیتر چۆن و کەی؟ ئەوە با بمێنێ، ڕەنگە دووای خۆم بێ.

هوما گوتی: ئەیەڕۆ ئەمە چ قسەیەکە، خوا ئەم ڕۆژەم نیشان نەدا! منیش لەتەک قسەکەی تۆدا هەم، ئەگەر لە ژیاندا مەبەست ئەشقە، پارە بێمانایە!

سەیمیران بۆئەوەی جگەرەیەک دابگیرسێنێ دەستی هومای لە ملی کردەوە، لەووەختەوە لەسەر کۆشی ڕۆنیشتبوو، هەوڵی ئەوەی بوو هەرچۆنێک بێ کارێک بکا قسەکە لە بیر هوما بەرێتەوە هوما لەسەر ڕانی هەستا و شانبەشانی لەسەر قالییەکە دانیشت وەک بڵێی سەرمایەتی شانی لە شانی توند کرد، بە خۆشحاڵییەوە گوێی شل کرد بۆ گێڕانەوەی خەونەکەی یان قسە و باسێکیتر. میران

مژێکی باشی لە جگەرەکەدا، وادیاربوو خەونەکەی دەهاتەوە بەرزەینی، نەختۆکەیەیک مات بوو، بەمشێوەیە دەستی پێکرد:

ـ لە شوێنێکدا بووین هەر لە مەرقەدی ئیمام ڕەزا دەچوو، گومبەزی و باغ و باغات، فیکە و جریوەی پەلەوەرانی بەهەشتی دەهات بەسەر لک و پەلی دار و درەختەوە، باش لە بیرم نییە کێ و کێ بووین. ئەوەندە دەزانم باوکی، ڕەحمەتیم لەگەڵدا بوو. بێئەوەی لەبزمان لە لەبزی یەکدی بگەڕێ، مردوو بێتە خەونت خراپ نییە، پارچەی ئێحرامیان دابوو بەسەر شاندا هەریەک بە ڕەنگێک، وەکوو حاجیان لە مێنا دێنو دەچن.

سەیمیران بە دوو چاوی پڕ لە حەسرەتەوە لە هوما ڕاما، ئەویش بە لەرز و تایەکەوە، زۆرتر پاڵیدا بە پاڵییەوە و گوتی:

وەی بە خوا من دەترسم! لە کوێ، لە حەوش و حەساری حەرەم خۆت دەلاواند؟ پارچەی ڕەنگاوڕەنگت دابوو بەسەر شاندا؟ پارچەی ئێحرام خۆ ڕەنگی سپییە.

بەڵێ هەر لەو حەوش و حەسارەدا، برج و منارەکانیشی جوان دیاربوون. من باوەڕمwایە خەون بەشێکە لە ڕاستەقینە هەر ئەوەی لە بەخەبەریدا بە دڵەوە حەزی لێدەکەی بە خەونیش دەیبینی. ئەوانە شتێکن بە قسمەتی ئەنبییا و ئەولیا دەبن. ڕۆژێک لە پێش ئەم خەونەدا، خەریکی هەڵواسینی تابلۆی دووکان بووم لەگەڵ پاسەوانێک سەرو کڵاومان تێکچوو، قسەمان لە یەک هەڵبەزییەوە، دەمەقاڵە کەوتە نێوانمان کێشەی لەسەر ئەوەبوو، بۆچی وشەی سەید لەسەر تابلۆکەت لانابەری، ئەوە لەقەب و نیشانە و پێویست بە نووسین ناکا، ئەویش بە چ زمانێک، هەروەک نەزانێ من کێم و لەگەڵ شوانێک قسە بکا. ئێستا ئەوە بەجێی خۆی، با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، وەختێ تەماشام کرد نە مەرقەد ماوە و نە برج و منارە، تەنیا و بێکەس لە دەشت و چۆڵێک ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا ڕمڵ و کاتۆر وێڵ و سەرلێشێواو، غەریب و ئاراگێڵ دەسووڕێمەوە، نە فڕندەیەک هەس نە دڕندەیەک، هەر لەو خەون و خەیاڵەدا هەستم بەوە کرد ئەمەی من دەیبینم خەونە و دوور لە ڕاستییە، ئەوەندە ترساو و پەرێشان بووم، وامدەزانی عیزرائیلم لە بەردەمدایە، لە دەروونەوە هەستم بەوە دەکرد کە تاکوو ئاخری تەمەنم هەروا لێرە گیرۆدە بم و خڵاسیم نایە. لەم خەونەدا ئاوا خۆم دەدواند: ئێرە سەحرای مەحشەرە، تاکە چرکەیەکی بە هەزار ساڵە، ئەم لم و خیزە گەرمەش تاوانەکانت نیشان دەدا، یانی تۆڵەم لێدەکاتەوە ـ هەرچەندە دەزانم تاکوو ئێستا مێروولەیەکم ئازار نەداوە، بەڵێ، لەپڕ لە دوورەوە

چاوم لێبوو پیرەمێردێکی نێوچاو نوورانی ڕدێن لەسەر سنگی بە ئاودامێنێکی چەرمگ و شاڵی سەوزەوە خاوێر خاوێر بۆلای من دێت وەک بزانم دەستی بەرز کردەوە و بە ئاماژەوە گوتی:

سەی‌میران، کوڕی سەی نەسروڵڵا، ئێرە ئێعرافە، دەست بگرە بە داوێنی جەددی خۆت و بێژە یا خدری زیندە!.

ئاگات لێیە ئەمەش بەختەوەرییە، لەو کات‌وساتی پڕ لە ترس و پەرێشانییەدا ئەم وشەیە بێتە سەرزمانی من: گوتم:

ـ ئەوە چل جومعەیە، سەی‌میران کوڕی سەی نەسروڵڵا بۆ نوێژی بەیانی دێتە مزگەوت تاکوو چاوی بە حەزرەتی خدر بکەوێ.

ڕووی تێ‌کردم و بە زمانێکی پاراو فەرموویی:

زەین‌کوێر، موڕادی خۆت لە بەرچاوتە و کەچی نای‌ناسی؟!

سەرم لێ‌شێواو و بە ڕاکردن بەرەو ڕووی هەڵاتم، تاکوو داوێنی بگرم و لێی‌بپاڕێمەوە و بە ئاواتەکانم بگەم. وەختێ بە تاڵۆکە لە من دوور دەکەوتەوە و لە بوولێڵە و مژدا بزر دەبوو گوتی:

خدری زندە چاوی لە وشکا نییە، دەبوو تۆ زووتر ئەمەت زانیایە، هانا بۆ ئیلیاس بەرە ئەو پارێزەری زەریا و ڕووبارانە.

بە ژنەوتنی ئەم قسەیە تووکی لەشم بوون بە نەشتەر، لە دەورووبەری خۆم ڕوانی، دیتم ئەوەندەی چاو کار دەکا دەریایە و هەر شەپۆلە بەرەو ڕووی من قەڵەم‌بازیەتی، نە خدر ماوە و نە ئیلیاس دیارە تاکوو من دەستەوداوێنی بم. چ خەونێکی ئاڵۆز و دڵهەژێن بوو. پشووم سوار ببوو، وەک ئەوەی بەردە ئاشێکم لەسەر سنگ بێ. بە ترس و خۆفەوە شەڵاڵی ئارەقە لە خەو ڕاپەڕیم. هەر لەوکاتەدا کە هەستم ڕاگرت یەکێک لە دەرگا دەدا، ئاسکە بوو هاتبوو قەرزەکانی بداتەوە و حەساوی وەربگرێ.

هوما گوتی:

ئەو بەردە ئاشەی لە خەودا سەنگاو بەردی نابووی بێگومان ئاسکەی ژنت بووە، دەی چۆن ئاڵۆز و پەرێشان نابی، قەت وانەبووە بە پوختی خەونێک ببینم. ئەی چۆنە تاکوو ئەمڕۆ دەنگت نەکردووە لەلای من؟ نەکا لە لێکدانەوەی خەونەکەت ترسابێتی؟

بەڵێ بەیانی چووم بۆلای مەلا محەممەد. هەڵبەت مەبەستم ئەوەبوو لەمەڕ تۆوە پرسی پێبکەم. لەوێ خەونەکەم وەبیر هاتەوە و هەرچەند بە نیوەچڵی، بەڵام بۆم گێڕایەوە، داوام لێکرد بۆم

لێکبداتەوە، پێی‌وتم، ئەم خەونە لەگەڵ ئەوکاری خێرەت پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و بە چاک دەردەچێ ـ هەر ئەو کارەی تۆ. گوتی ئەم خەونە خێر و خۆشی بەدواوەیە. ئەو ژنە بۆ ماڵی تۆ قەدەمخێر دەبێ، بە هیوای خوا دەست بە قوڵفی کابە دەگری؛ ئاو نیشانەی ڕووناکییە، بە ترسەوە گوتم:

ئەی مامۆستا، زۆری نەمابوو لەو دەریایەدا بخنکێم، وتی سەروەت و سامانێکی زۆر بە سەرتدا دەڕژێ، بەڵام دوور نییە لە ژیاندا تووشی خەتایەک بووبێتی و لە بیرت نەمابێ، دەبێ هەوڵ بدەی قەرەبووی خەتا و گوناهەکانت بکەیتەوە. هوما گوتی:

ئەوە وەک ڕۆژی ڕوون مەعلوومە من قەدەمخێر و فریشتەم بۆ تۆ، سەیر نییە ئەگەر ڕۆژێک ئەو خەونەت سەرلەبەر وەدی بێت؟ وتت مەلا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ من زەماوەند بکەی؟

هەروایە، تەنانەت ڕێگەی نەدام پرس بە کەلامی یەزدانیش بکەم، ڕەوایەتی لە ئیمام جەعفەری سادق هێنایەوە کە مرۆڤ نابێ لە کاراندا بە پەلەپرووزێ بێ مەگەر لە کاری خێردا، هێندەی هاندام بۆ ئەوەی دەست لە تۆ هەڵنەگرم هەموو ماڵ و سامانێکم لە بیر چۆوە، لە کوێوە چووبووم هەر بە ڕێگای خۆمدا گەڕامەوە و هاتمەوە بۆ ماڵێ و تۆم برد بۆ دەفتەرخانە و مارەم کردی، ئیتر ئەوەی کە دەبوو ببێ وەڕاست گەڕا.

بۆ ئەوەی بە گاڵتە و جەفەنگ لەگەڵ هوما ڕابوێرێ سەی‌میران ئەم قسانەی بە تەنگەدادا، هوما بە لالووتێکەوە گوتی:

ئەگەر مەلا هانی نەدابای پێت خۆش‌نەبوو لەگەڵ من زەماوەند بکەی، خێرت پێ‌کردووم؟ لە بیرت چۆتەوە وەک دانەی سەر ساج بۆم هەڵدەتۆقای؟ ئەشق و ئەوینم کاری تێ‌کردی لە بیرت ماوە لە خشتەی بردی، بە دڵ حەزم دەکرد وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیبا، بەڵام بەو مەرجەی قسەی دڵت بکەی، کەچی تۆ وەک گوریسی نێو هەمبانە وایی! لالاییم‌دایە بۆ ئەو زمانەت!

ئەوەی ڕاستی بێ ئەشقی تۆ وەک شێخی سەنعانی لێکردم. لە ژیاندا ئەو مرۆڤانەی بە بڕشتن، لە هەر کارێکدا زوو ڕای خۆیان وەردەگرن و دەست بەکار دەبن و کەمتر دەردەکەون، لەوەش کەمتر، کارێک کە هەر خۆیان دەگرێتەوە پشت گوێی ناخەن. لە لایەکی‌تریشەوە لە فکری ئاسکە و شەڕو هەرای ماڵدا بووم. جگە لەوە مەسەلەی ژنێک لە گۆڕێدا بوو زەعیفە و لێ‌قەوماو بۆ ڕەزای خوداش بوایە دەبوو دەست بەکار بم.

ئەیەڕۆ، عەمرم نەمێنێ، زەعیفە و لێقەوماو! (هوما قامکی هەڕەشەی چەقاندە چاوی میران) شەرم دەتگرێ، بێژی تاکوو «ژنە لێقەوماوەت» بینی ئاراوقارات لێهەڵگیرا و وەک ژنی مگیرانیکەر تاکوو منت بینی تاسەیتریشت دەکرد. لە تۆ وایە من ئەو ڕۆژانەم لە بیر دەچێتەوە؟! لە من و تۆ زیاتر کەس لێرە نییە، شەرم مەکە و ڕاستی بێژە، من تاریف لە خۆم ناکەم و مەغروور نیم، ئێستاش کە ئێستایە شێت و شەیدای ئەوینی منی. ئەو هومایەی دەیبینی ئەلحانیش نرخ و ئەرزشی یەکەم شەوی خۆی پاراستووە، تۆش پێتوانییە؟

سەیمیران ژارخەندەیەکی بۆ کرد:

نا، حاشا دەکەم، وادیارە شتەکەت لێتێکچووە، هیچ وانییە وەک تۆ دەڵێی.

نەخێر، قەولت دەدەمێ هەروایە، ئەگەر باوەڕ ناکەی ئێستاش نەچووە بچێ، دڵنیام ژیانی تۆ بەبێ من ناگوزەرێ، سەتجار ئەم قسەم لە زمان تووە بیستووە.

دانپێدانان ئەگەر لە کاتی ئاساییدا نەبێ نرخی نییە، لە دوای ئەمانەش وایدانێ با وابێ، دەتەوێ بڵێی چی، من و تۆ حەڵاڵ و هاوژینین. هیچمان بەرمنەتی هیچمان نیین، ژن دەبێ لە ئەمرونیای پیاودا بێ، خودا وایکردووە. مێردیش دەبێ هاوسەری خۆی خۆش بوێ، ئێستاش بچۆ گلارەم بۆ بانگ بکە، با بێتە ئێرە. سیایی ئەم حیساب و قەرزو قۆڵەیەم بۆ بگرێ، نەکا لە بیرم بچێ.

مەترسە لە بیرت ناچێتەوە، هەڵیبگرە بۆ بەیانی، ئێستا ئەم کچە بێتە ئێرە دادەنیشێ و ناڕوات، یەکیەک و دوودوو ئەوانیتریش دبنە مووی بەرلووتمان. من ئەمشەو دەمەوێ دەواو دەرمان بخۆم، پێمخۆشە بەشی تۆش بدەم، هەر بە تەنیا نەیخۆم، ئیتر بەمجۆرە من چێژ وەردەگرم. هوما زەردەیەکی کاڵ هاتە سەرلێوی و ڕاست بۆوە لە تاقەی ئەوسەری ژوورەکە، کە پەردەیەکی نیوەتەواو بەردەمی هەڵدابوو. ئەو شتانەی ئامادەی کردبوون دەستیدایە و دایگرت، لەو ماوەیەدا کە ئەو هەستابوو سەیمیران لە جووڵەو لارو لەنجەی ڕامابوو. هێشتا لە مەبەستی ئەم دواییەی حاڵی نەبوو، بترییەکی ڕەشی بریقەدار و دوو پیاڵە و دەفرێک ماست و دەورییەک هەناری داتەکاو سەرنجی ڕاکێشا، چاوەکانی لە بن کەپری برۆکانییەوە ماق مابوون:

گوتتچی، دەتەوێ دەرخواردی منیشی بدەی؟! منو شەراو؟ وەڵڵا بابە تەواوم کرد! هەر ئەوەم کەم بوو مەی بخۆمەوە. لە هەمووی سەیرتر لە مەکر و مەبەستی تۆ من تێناگەم. بۆ کەیف و چێژ وەرگرتن دوکتۆر ئەم دەرمانەی بە تۆ داوە؟ نەیگوت ڕۆژی تەنیا پیاڵەیەک و هیچیتر؟! نەکا بتەوێ خۆت فێری مەیخۆری بکەی؟

ژنه، له وەڵامدا بە دووچاوی مەست و پڕ سێحیرەوە تێیڕاما و بە نازێکەوە گوتی: ئەم هەلە لە قیس مەدە، خەم مەخۆ، خەفەت دەتسووتێنێ! لەوکاتەدا سەرگۆنای بە شەرمە گورگانەوە ببوونە سوورە شیلان بە چاو و ئەبرۆی کەوانی بە ڕەمزو ئیشارەوە دەیدوواند. هەستا و یەکێ لە پەنجەرەکانی سەرحەوشەی پێوەدا، ئاڵقەڕێزی دەرگای هاتنەژووری هەڵپێکا، بۆ چەند چرکە لە شووشەکەوە چاوێکی بە ئامێزی حەسارە نیوەرووناکەکەدا گێڕا. کاتێک هات لەلای میران ڕۆنیشت، سەیمیران دەستی پێکردەوە:

تۆ دەزانی، من هەر لە ئێستاوە لەوە دەترسم چۆن بچم لە دووکانی کابرای تاین شووشەیەکی دیکەت بۆ بێنم کەس پێمنەزانێ. تۆ هەروەختێ بتەوێ ئەو ژەهریمارە وەخۆی. پێموابێ سەرو کڵاومان تێکدەچێ، ناچارم بیخەمە سندووقی سەنەد و دەفتەرەکانەوە و ڕۆژانە بە دەستەندە بەشت بدەم. بەمشێوەی دوکتۆر بۆی داناوی.

هوما قاقایەکی خەتاباری بۆ کرد و تۆزێک لێی دوور کەوتەوە:

دوێنێ، براخاس لێرە بوو، پارەم پێدا و هەر لەم دووکانەی خۆت ناوو نیشانت پێدابووم ناردم بترییەکی دیکەی بۆ هێنام. ئیتر لەمەودوا ئەم زەحمەتە دەخەمە سەرشانی ئەو. تۆ پێتوایە ئەو کوڕێکی گێژو وێژە. ئەمە دەستی شەیتانی لە پشتەوە بستۆتەوە. ڕووباری دەست ناکەوی ئەگینا مەلەی باش دەزانێ. جێی متمانە و باوەڕە. وای تێمەگە ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ. پیاوەکەگیان، ئەشێ من تاکەی ئەم دەواو دەرمانە بخۆم. ئەوە دەرمانی قەڵەوییە بۆ منت کڕیوە دەزانم باشم پێدەکەوێ، چاوت لێیە ئەو بازنانە چۆن لە قۆڵ و مەچەکم توند بوون. ئەوەنییە لەمە زیاتر قۆڵی کراسەکەم هەڵناکردرێ؛ لەوکاتەوە هەروەک دوکتۆر وتی لەو ئەندازەی کە بۆی داناوم پتر ناخۆمەوە. هەر نیوە پیاڵەیەک. خۆ بە خۆڕایی نییە شاعیران ئەم گشتە شێعرەیان بۆ ئەم شەراوە تاڵە داناوە.

سەیمیران، قۆڵ و زەندی سپی و ناسکی هومای گرت. بڕێک دەستی پێدا هێنا و خستییە سەر ئەستۆی خۆی، بەدەم ڕامووسانەوە گوتی:

ئێستا بەهارە و تۆش دەبێ بە خۆتدا بێی و قەڵەو ببی، مەگەر چتدەوێ؟ خۆ ئەگەر زیادەڕۆیی بکەی بەپێچەوانەوە کێشەت بۆ ساز دەکا، هەمووشت بە خوێ و خوێش بە مەعنا.

جگە لە خۆشەویستی و دڵداری، یان دەبێ نەبێ، یان ئەگەر هەیە ئەشێ وەک ئاوی ئۆقیانوسگەل قەت تەواو نەبێ. منیش قەولت دەدەمێ هەتا مابێتم نە زیادەڕۆیی بکەم و نە کەمیش بێنم. بەڵام هەر

ئەمشەو حەز دەکەم دڵت نەشکێنم. تا ئێستاش ویستم بە خۆشی و جەفەنگ ڕای‌بوێرین دەبێ ئەمەش بزانی ئەوین و پەناگرتن قەت بە یەکەوە سازگار نەبوون.

ئەو بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک پیاڵەی نیوە کرد و سەی‌میران گوتی:

مەگەر بێژین بەم حیسابە دەرگای دۆزەخت بۆ هەردووکمان کردەوە، مەترسە لە هەرجێیەک بی بەجێت ناهێڵم، بەڵام باوەڕ ناکەم وابێ، لە بیرت نەچێ هەر ئەلحان شتێکی دیکەت بە من وت. مەبەست لە خواردنەوەی ئەمەش تەنیا بۆ قەڵەوبوونە. دەبێ کارێک بکەین دەرو دراوسێ پێمان نەزانن، دەنا شار و بازاڕمان لێ پڕ دەکەن. بێجگە لەم هەموو زیرەکییەی کە براکەت هەیەتی پێم خۆش‌نەبوو بەم‌کارە بزانێ. ئەگەر ڕاستت دەوێ من ڕازی نەبووم. هەر خۆم و خۆت ئەم شتە بزانین باشترە.

هوما چۆڕێکی دیکەی کردە پیاڵەکەوە و بە تەوسەوە گوتی:

حەق بە تۆیە چاوەکەم، دەبێ هەرکەسەی بە کارو کرداری خۆیدا بناسی و بڕوات پێی‌هەبێ. بەڵام من بە دڵنیاییەوە لە براکەم ڕادەبینم.

ئەو قسانە ئەوەندە ئاشکرا و بێ‌پەردە ژنە درکاندنی، سەی‌میران بەبێ گوێدان بە قسەی خەڵک، بە ناخی هومادا شۆڕ بۆوە و گوتی:

لە ماڵی حاجی بەنناش دەت‌خواردەوە؟

بە دزییەوە و کەم‌کەم. لەو وەختەوە براکەی جواب کردم منیش تەرکم کرد.

ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بووبێ براکەتی دەرکردووە؟

تا ئەندازەیەک. ڕایەکیش کوڕی جیرانەکەمانم نارد شووشەیەکی بۆ هێنام. ئەو داماوەی مێردم (حاجی بەننا) پێی‌زانی و چووە دەستەی یەخدانەکەم نەی‌هێشت دەمی لێبدەم. لەو وەختەوە تاکوو ئێستا چەشکەم نەکردووە.

هیچ‌وەختێ؟

هەر نەمخواردۆتەوە.

هوما پیاڵەی خستە سەرلێوی و بە دوو قوم فڕی کرد. نێوچاوی تێکنا، سەی‌میران وەک‌ئەوەی ئەمە یەکەم‌جاری نەبێ چاوی لە هوما کرد و ئەویش نێوچاوانی گرژ کرد. ژنە، کەوچکێکی هەنار خوارد و بە خاترجەمی پیاڵەی دووهەمی پڕ کردەوە، لە سەی‌میران چووە پێشێ و لە بەردەمی ڕای‌گرت، سەی‌میران ڕووی وەرگێڕا، هوما زۆری لێکرد:

دەبێ ئەمە بخۆیەوە، بە سڵامەتی من، نەیخۆیی دڵم دێشێ.

میران، دەستی بە دەستییەوە نا، پیاڵەی دارماڵ نەختێکی ڕژا بە سەرشان و تەشک و داوێنیدا، خێرا خۆی کشاندەوە و بە توندی بە گژیدا چوو:

وەی بۆ ئاواتکرد! گیانت نەهێشتم، بەڕاستی لە شەیتان خراپتر، خوا بەلەحنەتت بکا! ژنە، بەبێ ئەوەی هەمیەت بە مێردەکەی بدا، هەر بۆ ئەوەی زەحمەتی بدات، بە پیاڵەی پڕەوە ڕانی لە ڕانی جووت کرد. قۆڵی خستە سەرشانی و بە پاڕانەوە گوتی:

چاوەکەم!

سەیمیران بە تەواوی ڕووی وەرگێڕا، بە کراسی تەڕ و پیسەوە تەواو تووڕە بوو، بەڵام وەڕوویی خۆی نەدەهێنا، هوما دیسان دەستی پێکردەوە:

مێران چاوەکەم!

سەیمیران، حەزی نەدەکرد وەڵامی نەداتەوە:

گشت کەسم!

زۆرت لێناکەم، هەر دەبێ بخۆیی. حەز دەکەم ئەم پیاڵەیە لە دەست پیاوی خۆم وەربگرم و بیخۆمەوە، ئەمە ڕۆحم تازە دەکاتەوە، ئۆخەی چەندە هەست بە بەختەوەری دەکەم! منێک کە ماوەی چوار ساڵ بەندکراوی سەگێک بووم هەر ڕاستی وادەزانم خەون دەبینم، باوەڕ بە خۆم ناکەم هاوسەری پیاوێکی ئاوا ژیر و فامیدە بم. من ئەمڕۆ تەواو لەگەڵ تۆدا خۆم بە بەختەوەر دەزانم و شاد و دڵخۆشم. بەڵام دەبێ بڵێم دڵم لەدووی شتێک وێڵە و خۆشم نازانم ئەوە چییە. ئەی بۆ دەڵێن شەراب هۆشت لەسەر ناهێڵێ، من تازە دەزانم ژیر و وشیارم؟ حەزدەکەم زۆر شتی جوان و حیسابی بڵێم، دەڵێی تازە هاتوومەتەوە تەمەنی چاردە و پازدە ساڵی.

سەیمیران بە کوێرە بزەیەکەوە بەڵام تەژی لە دڵۆڤانی پیاڵەکەی لە دەست وەرگرت و بردی بۆ لێوی نازدارەکەی تاکوو هەڵیقوڕێنێ. کەوچکێکی پڕکرد لە دەنکە هەناری یاقووتی تاکوو نزیکی بکاتەوە لە دەمی شەکرەسێوی. بەڵام هوما خونچەی لێوی کە شەونمی شەراوی لەسەر کەوتبوو بردەپێشێ و سەیمیران نەیکردە نامەردی و ڕایمووسی، مەزەی شەرابی بەسەر چرۆی لێوی ئاڵەوە هەست پێکرد. لەوەپێشتر لە تەواوی تەمەنیدا تەنیا جارێک، ئەویش نەک بە مەیلی خۆی بە ڕێکەوت و هاوڕێیانی لاڕێی زۆریان لێکردبوو ڕوویان لێنابوو تامی ئەم مادە شەیتانییەی کردبوو! ئەوکاتی لە باخەکانی سەراو کاری کردبوو. ڕۆژێک دەستەیەکی کوڕ وکاڵ و دەمڕووت و خۆشگوزەران لە شارەوە بە ساز و مۆسیقاوە ڕوو دەکەنە باخەکەی ئەو، هەر لەوێ بەتکا و ئەرجووگلاسێکی ئارق

دەرخوارد دەدەن، یەکسەر گەروویی دەسووتێنێ و ئاو لە چاو و لووتی دێت، هەر بەم گڵاسە مەیە بۆی ڕوون بۆوە ئەم دەستکردی مرۆڤە چەندە هیچ و بێمانایە و تەنیا ڕەنج و ڕەحمەتە. هەرچەندە لە نێو دۆست و هاوڕێی ئیداری و پێشەییدا، ئەو بە گفتی خۆی لەو کەسانە بوو لە دژی ئەو مادە ئەلکۆلییە بوو، هەرچەندە پێیان گوتبوو سوودی زۆرە، وەختێ لاقەکانی بە ژانی ڕۆماتیسمەوە ئازاریان دەدا، قاچی چەور نەدەکرد. دەیگوت ئەو ژان و ئازارە بە عەرەق لادەچێ، گەرەکمە جەستەم دابڕزێنێ! حەزناکەم ناوی بژنەوم. ئەگەر ئارەق شفابەخشە بۆ ناویان لێناوە ئارەق؟

هوما پیاڵەیەکی‌تری فڕ کرد و هەناری بەسەردا خوارد. سەی‌میران بە دەمیەوە دەکرد. وردەوردە شەراو گرتی و سەری کردە سەرسنگی باوەلێ و بە دەم نەرمە نازێکەوە ملی‌نا لە چڕینی گۆرانی کوردی، بێواز و سەرخۆش و خومار، لە باوەشی میراندا خاو ببۆوە، ئەمە تەواو بە دڵی سەی‌میران بوو. سەری لەوە سووڕمابوو وەک دەڵێن ئەلکۆل دەبێتە هۆی لاڕێ‌بوون و هەڵدێرانی مرۆڤ، بۆ ماوەیەکیش دەبێتە هۆی خۆناسین و ئینسان لە خۆبایی‌بوون دوور دەخاتەوە، وردە وردە ژنە مژۆڵی دەنیشتە سەریەک و پێلووەکانی چەمۆڵەیان لە چاوی دەنا، مەست و سەرخۆش لە کۆش و باوەشی میراندا جێی خۆش کردبوو، هەر دەستی لێبەردابایە بەلادا دەهات، سەی‌میران بەبێ هەست، دەمی لەسەر بسک و پەرچەمی هەورێشمینی دانابوو، بۆن و بەرامەی عەتر و سابوونی کاستۆری هەڵدەمژی، وەک دایک چۆن زارۆکی دەخەوێنێ، نەرمنەرم لە پشتی دەدا تا ئەوەی خەوی لێکەوت و کۆتایی بە گۆرانییەکەی هات، لە ڕوخساری پەری‌شێوەی ڕاما، سەرگۆنای سووری وەک تۆپە گوڵ دەچوون. تەواو پێلووەکانی نووستبوون. مژۆڵی کاڵی بە جوانی تێکپەڕیبوون. میران وەک‌ئەوەی حەوت مێشی لە کونێکدا دیتبێتەوە وای‌دەزانی دنیا بە بەحر و بەڕیەوە لە قەباڵەی ئەودایە، قۆڵی دەهێشا و دڵیشی نەدەهات لەسەر باوەشی لای‌بەرێ، دەشیزانی لاقی تەزیوە، نەیدەویست خۆی بجووڵێنێ و خەوی نازدارەکەی بشێوێنێ، شنەی بەرامەی هەناسەی بەلایەوە خۆشتر بوو لە زمزمەی ڕووبار و بۆنی بەرەبەیانی دارستان، بە سەرسنگی تووکنیدا کەروێشکەی دەکرد. هەستی بە ترپەی دڵی دەکرد و تینی لەشی نەرم و شلی، کە ئەمیش لە گەرمی خوێنی ڕابوو، بە دڵ پێی‌خۆش بوو درەنگتر وەخەبەر بێت و هەر لە باوەشیدا بێ، دەست و پەنجەی بە سەرو پرچ و شانو باسکی نەرمیدا دەهێنا، لە چەشنی کوێران چێژی لەم هەڵگوشین و دەستپێداهێنانەدا وەردەگرت، شەپۆلی سێحراوی هەناسە و لەش‌ولار و جەستەی زێوینی بە خەیاڵ لە بەهەشتی بەریندا دای‌نابوو.

هەیاران، سەی‌میران، میرانە خاوەنی قەڵا و کۆشک و تەلارێک بوو خامە لە پەسن و تاریفاتی کەمی دەهێنێ و پشتی دەچەمێ، سەرخۆش بوو بە خۆشی هوماوە، هەر ئەوەندەی خۆشدەویست، لە چوارقوڕنەی دنیادا کەس هێندەی ئەو هاوسەری خۆی خۆش نەویستبێ، وایدەزانی تەنیا هەر خۆیەتی بەسەر دنیاوە و خودا هومای پێبەخشیوە، بە ئاوات و ئارەزووی خۆی گەیوە و لە مەرگ و مردن هەواڵێک نییە، ئیتر هوما کە خۆی هەوێنی ئەم ئەوینە بوو، لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو عەشقە پیر و عارفانەیە بوو بەمگشتە غەریزە و هەواو نەفسانییەوە کە وەک ژنێک هەیبوو، کەمتر لەوەی‌کە هەبوو هەستی پێکردبوو. تا بە ناخی پیاوێکی پەنجا و یەکساڵەدا ڕۆبچێ لە وێرانەی بەختیدا کە حەوت کووپەی خوسرەوی تێدا بوو، تەنیا دانەیەکی دۆزیبۆوە و بەهرەی لێ‌وەردەگرت، بۆ سەی‌میران، هەروەک هوما دەیگوت، ژیانی بەبێ ئەوین کەلاوەنشینی و کۆڵەمەرگییە، شتی‌وا هەر نابێ، بەمحاڵەوە کە گلۆڵەی پیری کەوتبووە لێژی پێی‌وانەبوو لە دوای ئەم سانەمی‌چینە بمێنێ و ئەگەر ماش تازە بتوانێ بە باڵای ئاواها گوڵندامێکدا بڕوانێ و وەک لاولاو قەد لە قەدی هاڵێنێ، ئەمە مەحاڵە هەروەک چۆن کەس ناتوانێ بەر بە شنەی مەرگ بگرێ. بەڵێ بە گیان و بە دڵ هومای خۆشدەویست، ئێستاکەش کەوا لەو هەلو فرستە باشەدا بەبێ ڕیا و درۆ، بەبێ سێحر و خاپینۆکی حۆری بەهەشت و پەری دەریایی لە باوەشیدایە و پڕ بە دڵی خۆی پێی‌دا دەڕوانێ و بووە بە ماسی لە زەریای ئەودا مەلە دەکا، لە ناخی دڵەوە دان بەمەدا دەنێ کە هوما نەک هەر هاوژینێک بەڵکوو هێزی هەناویەتی، هاوار لەو چاو و برۆ کەوانییە، چاو وەک پیاڵەی شەراب. مرۆڤ بە بینینی مەست دەبێ، ئافەتی ڕۆح و قاتڵی گیانن، ئەو ژنە سەرەڕای ئەم گشتە هەوا و هەوەسەی کە هەیبوو دنیایەکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ ئەو پیرەمێردە ساز کردبوو، کە دوای مردنیشی ئاوا دەنگی بزر نەدەبوو، لەوکاتەوە ئەوی هێنابوو ئەدگاری ژیانی لە ئاوێنەی جەماڵی ئەودا دەبینی، هەرچەندە پیر و تەمەندار بوو، بەڵام بە جوانی هەستی بەوە دەکرد کە ئەوینی هوما وەک ئیکسیری یەزدانی جوانی کردۆتەوە، بە بێ‌شک جوانی یان ئەوین ترووسکەیەک بوو لە تیشکی ئاسمان کە یەزدانی کردگار لە کاتی خوڵقاندا دەیبەخشی بە جەستەی زۆریەک لە بەندەکانی تایبەتی خۆی؛ هەر ئەو ترووسکە پرشنگدارەی کە ئەگەر دەناخی مرۆڤ بکەوێ پیاوچاک یان ڕەسووڵانی مەزن بەم جیهانە دەبەخشێ، کەوابێ دوور نەبوو جەستەی هوما جیلوەیەکی ئاسمانی بێت.

بەمحاڵ و ئەحواڵەوە ئاخۆم وێدەچوو جەستەی ئەو ژنەی ئاوێتە بە ڕۆحی خۆی کردبوو، گیانی ئەویش تێکەڵ بە ڕۆحی ئەو بکا و هەستی پێبکا؟ شتێکی بنەڕەتی لە ئەوینی جێی سەرنجی ئەودا

سەبارەت بە هوما باسێکی دەروونی و ئاڵۆزی ئەو بوو، هەروەک ڕاز و نهێنی سەرەتایی سروشت، پێویستی بە لێوردبوونەوە و شیکردنەوەی پتر هەبوو. پاڵەوانی دڵپاکی چیرۆکی ئێمە هەروەک شێعر و غەزەلی دڵداری خۆی دەهۆنییەوە و نووسراوەی خۆی لەسەر تەتەڵەی دڵی دەنووسی و خەریکی تێرامان و پێداچوونەوە بوو، تاکوو فەلسەفەی عارفانەی تازەی خۆی کە هەتا ئەمڕۆ بە مێشکی کەسدا نەهاتبوو مەگەر دڵدارانی ڕاستەقینە، تان‌وپۆی بەسەر یەکدا بتەنێ.

بیچم و ڕواڵەتی هوما بە تەواوی ساخ ببۆوە ئەو پەڵە و خاڵانەی کە لە پێش نەخۆشینەکەیدا پزیشکان بە نەخۆشی جەرگیان دەزانی تەواو لەناو چووبوون. جوان و قەڵەو ببوو، نە پشتهێشەی مابوو نە سەرەگێژە و چاو لەڕەشەوە هاتن. وەختێ لەش‌ساخ بوو نیشانەی ئەو لەسەر کوڵمەدا دەردەکەوێ و چاو ئاشکرای دەکا، بزە و کەنین هەموو ڕاستییەک ئەدرکێنێ، هەر بە هۆی ئەم لەش‌ساخییەوە بەقەت چڵەپووشێک فکری لە ترس و گومانێک کە لەمەوبەر هەی‌بوو نەدەکردەوە، هەر ئەو شادی و دڵخۆشییەی ڕووی لەو کردبوو بە تەواوی سەی‌میرانیشی گرتبۆوە.

بەڵێ ئەم ژنە خواپێداوە هەروەک لە دنیای ناز و بێحاڵیدا بوو، وایدەزانی لەسەر دۆشەک و لێفەی نەرم و گەرمی خۆی خەوتووە، لەپڕ چاوی هەڵێنا و دیسان خەوی لێکەوتەوە، سەی‌میران داپۆشی، لە کاتژمێرەکەی خۆی ورد بۆوە، پێنج خولەکی مابوو بۆ سەعات یازدە، بتری و پیاڵەی شەراوخۆری و دەفر و دەوری لابرد و لە ژێر سندووقەکەدا حەشاری دان، تاکوو دواتر هوما بییان‌شۆرێ و لەسەر شوێنی خۆی دایان‌بنێتەوە، تای پەنجەرەیەکی کردەوە بۆئەوەی بۆنی ئالکۆڵ و شەڕاو نەمێنێ، کراسەکەی بەری کەوا شەرابی پێدا ڕژابوو وشک ببۆوە، لە یەخدانی ژنەکەی کراسێکی دیکەی هێنا دەرێ و لە پشتسەری خۆی داینا، تاکوو بەر لە مەلابانگدانی بەیانی بچێ بۆ حەمام، پێش‌ئەوەی چراکە وەکووژێنێ، پڕ بە دڵ سەیری ڕوخساری پەری‌شێوەی خانمەکەی کرد. لەسەر ئەدگاری سپێدەی بەیان و زەردەپەڕی ئێوارە و خەرمانەی زێوینی مانگی چاردە ئاوێتە ببوون. ئەوە دەرکەوتنی جوانترین دیمەنی سروشتی یەزدانی بوو لە بەرچاوی، لەو پێکهاتەی ڕەنگ و جوانییە و گۆڕانی شێوازی مادە و خاک، بەڵام چ هەڵەیەکی مەزن، بەخوا ئەم گۆشت و پێستە شیاو نەبوو ئەگەر ناوی عالەمی خاکی لە سەر دابنێیی! ئەوە ئۆدالیسکە نووستووە کە یەزدان ئەمری بە فریشتەکانی کائینات کرد کڕنۆشی بۆ بەرن، تابلۆیەکی سێحراوی بوو بە ڕەنگ و قەڵافەتی جوانەوە لەگەڵ خاوەنی خۆی خەریکی ئاخافتن بوو، ئاخرین بزەی لە کاتی بەخەبەریدا کە خەمێکی لە دڵ دەسڕییەوە هێشتا لەسەر لێوی مابوو، ئەوە چ خەمێک بوو؟ ئاخۆم، بۆ ئەو گونجاو بوو ڕۆژێک ئەو ڕازە لە دەروونی ئەو ژنە

دەربکێشی؟ بڵێی بۆخۆی بەم ڕازە بزانێ؟ ڕەنگە ئەویش بێئەوەی کەسێک یان شتێکی ماناداری لە زەیندا بێ لە دڵەوە ئەویندار بوو، خۆ ئەگەر، واشبایە، قەت نەیدەتوانی، بەمجۆرەی دڵدارەکەی خۆی نیشان دەدا، وابێ، ئەم ژارخەندەی کە هەروەک ژیان بەروپشتی پڕ لە نۆش و ئێشی ڕووبەڕوو دەکردەوە بە زمانی حاڵەوە ئاوای پێدەگوت: ئێمەی تۆرەمەی حەوا و بابادەم، ماکەی چێژ و خۆشین، بە بۆنەی چێژ وەرگرتنەوە شان لە ژێر هەموو ئازارێکدا ڕادەگرین، خۆشی و چێژی جەستە، فرەس بەڵام لەو خۆشتر چێژی هەناو و گیان، ئەی دڵبەرە شیرینەکەم ئێستا تۆ لەباتی ئەوەی شل‌وملی سەرجێگای خەو بی، لە باوەشی خۆشەویستەکەتا نووستووی بە نێو دنیای خەون و خەیاڵە زێوینەکانی خۆتدا پیاسە دەکەی و لە زولف و ڕوخساری مانگی چاردە ڕادەمێنی، ئەی خەسرەوی بێتاج و تەخت، خۆ ئەگەر بۆی دەستدابایەی بێگومان حەوت ساڵ لە شیرینەکەت دوور نەدەکەوتییەوە، تۆم لە دۆستایەتی خۆتدا بە جوانی ناسیوە، بەم تاریفەوە ئاخۆم تۆ پێت‌وایە من ژنێکی زاعیفە نیم. تێناگەم بەهۆی چییەوە من ماوم؟ خۆشەویستی تۆ بۆ من فرە بەنرخە و بە دنیای نادەم. بەڵام ئەگەر تۆ دەستی منت نەگرتبا و لە کۆڵانی پیشەگەران نەجاتت نەدابام، هەرچۆنێک بێ، پێت‌وایە نەمدەتوانی لە دنیای زێوینی دڵبەری هونەردا، وەک ئیلاهەیەکی هەرمان و خولقێنەر بم، هەروەک مامۆستای غەزەلیاتی مەزنی ئێرانی، سەعدی لە دنیای بێژەریدا بوو؟ بەڵێ دەمتوانی، بەهۆی کردەباشەکانت، لەبەر دڵۆڤانی خۆت دەستێک بەسەر لەش‌ولاری زەریفمدا بکێشە و ددانی پێدا بنێ، لە هەر بارێکەوە دڵدارانم نە کەمن، ئیتر نەک هەر پیاوێکی حەڵاڵ و هاوسەرم، لە هەر گەڕەک و کۆڵانێکدا بە هەزار کەس لە گەنج و پیر بە هیوای گەیشتن بە باخی ئەوینم دەستەودۆعا بوون، ئەگەر دەمزانی بورکانی سووتێنەری ئەشق، خۆڵەمێش و دووکەڵی هەیە و سێبەری ڕەشی دەکەوێتە سەر جگەرگۆشەکانم، ڕوخساری ئەوانم لە بیر دەباتەوە، نەدەبوو قەت هەستی دایکانەم وەلا نابایە، بەم حەقەوە بەداخ نیم بۆ چارەنووسی خۆم، ئەمەش دیمەنێکە لە بەختەوەری ژیان. ئەمیش قازانجی خۆی هەیە، ئەتۆش ئەی میران لە هەر بابەتێکەوە، دڵنیابە و بە خەیاڵێکی ئاسوودە لە تەنیشت من ڕاکشێ تا ماوم دەست لە تۆ هەڵناگرم. تۆ بەشی منی هەروەک من بەشی تۆم.

لە کۆتایی ئەوشەوە بەهارییەدا ئەمە چکێک بوو لە هەست و ئەندێشەی سەی‌میران سەراوی نانەوا، بەڵام دەبوو لەوە پتر بە ناخی خۆیدا شۆڕ ببێتەوە و بێخەوی بکێشێ، هەناسەیەکی بڵێسەداری بەتاسەوە لە سینەوە دەردا و بە ئەسپایی لە تەنیشت دڵبەرەکەیەوە خزیە نێو جێگاوە.

## بەشی یازدەهەم

ئەو دووکانی بەرگدرووەی هوما هاتوچۆی دەکرد، زۆر لە ماڵی خۆیانەوە دوور نەبوو، لە ماوەی حەوتەدا، سێ ڕۆژ دانیبەیانی و سێ ڕۆژ پاشنوێژان، لەگەڵ قوتابیان کە کیف و جانتای قوتابخانەیان دەکردە شان، ئەمیش بوخچەی کەلوپەلی لەتەک خەتکێش و نموونە، هەڵدەگرت و چارشێونوێژی دەدا بە سەریدا و لە ماڵ دەهاتە دەرێ، ئەگەر دانیبەیانی بایە نیوەڕۆ و ئەگەر دوانیوەڕۆ بوایە ئێوارێ شاد و خۆشحاڵ، بەرەو ماڵ دەبۆوە، ڕۆژانی بەرایی، ئەم بەرنامەیە، کەمێک جێی تێڕامان و پێکەنینی بوو، تەنانەت بۆ خۆشی گاڵتەجاڕی بوو، بەڵام وردە وردە لەگەڵی ڕاهات، سەیمیرانی مێردی کە دەیزانی زۆری پێناچێ هوما وەڕەز دەبێ و لەم کارە دەکشێتەوە، بە ناوی «خەیاتی دوارۆژ» بانگی دەکرد. هەر ئەوەندەی لە دەرگا وەژوور دەکەوت و کەلوپەلی دوورمانی لەسەر ڕەفحەکە دادەنا، بۆ جەفەنگ دەستیدەنا ژێر چەناگەی، دەیگوت:

کیژۆڵەخانم، خانمی نێو خانمان، ماندوو نەبییەوە، بێژە بزانم، ئەمڕۆ قوتابخانە چۆن بوو، بمبوورە هەڵەم کرد، کاروباری بەرگدوورین چۆن بوو؟

هەرچەندە سەیمیران بە ڕەزامەندی خۆی ناردبووی، بەڵام بەدڵ ڕازی بەمکارە نەبوو. چارەیەکی دیکەی نەبوو، هەروەک بۆخۆی دەیگوت هەروەختێ فکرێک لەسەر مێشکی بچووکی هوما هەڵدەکورما، دەستێک بوو لە گۆزەدا گیری دەکرد، تەنیا بە شکاندنی گۆزەکە ئەو دەستە ڕزگاری دەبوو، ئەو پیاوە دڵ و دەروون خاوێنە لەو ڕۆژانەدا، وەختێ دەهاتەوە بۆ ماڵێ یان دەچووە دەرێ، سەربەخۆ، یان لەسەر بەڵێنی پێشتر، دایمە بە بەردووکانی خەیاتی شاژن خانمدا تێدەپەڕی، شاژن خانم دەستڕەنگین و وەستایەکی قابیل بوو، هەر ئەوەندەی لە تارانەوە دەستوور هات و چارشێو و لەچکە باوی بەسەر چوو، چارشێوی تووڕ هەڵدا و پرچی پەرێشان کرد و بە سەری ڕووت هاتە شەقام و بازاڕ، ئەگەرچی تەمەنی بەرەو ژوور هەڵکشابوو، بەڵام وەک بووکی سوور لە ماڵ دەردەکەوت، ڕوخساری تۆپن و لە چەشنی مانگی چاردە و سەروکاکۆڵی ڕەش و کۆرپەی هەبوو، خەڵکی شارەکە بە چاکی دەیانناسی و بە پاکی ناویان دەهێنا، هەروەختێ لە

کووچە و شەقام، ئەگەر لەگەڵ پیاوێک ڕووبەڕوو دەبوو، زۆر خۆمانە قسەی دەگەڵ دەکرد، قەت وانەبوو کەسێک قسەی بۆ هەڵبەستێ و ناتۆرەی وەدوو بخات، بەو خدە و ئاکارە ساکار و جوانەی کە هەیبوو کەسایەتییەکی مێرانە و جوانخاسانەی بۆخۆی بەدەست هێنابوو، بەم لەماڵ دەرچوون و دەورەی خەیاتیبینینەی هوما، هەموو ڕۆژێک نیوەی کاتو وەختی لەوێ تەواو دەبوو، لە کاروباری نێوماڵ بە تەواوەتی دوا کەوتبوو بە خوردو خۆراک ڕانەدەگەیشت، ئەو ڕۆژەی کە خاڵۆکەرەم لەوێ بوو، سەیمیران بە نیشانەی ناڕەزایەتی گوتی:

ئەگەر دەسەڵات بەدەست منەوەبایە، دەستوورم دەدا، ئەوەی خەیاتی ژنانەیە و بەرگ بۆ خانمان ئەدوورێ، دەرگای هەر هەموویان کلۆم بدرێ. هەروەک دەستوورمدا دووکانی ئەو نانەواخانانەیان بەست کە هەرکەسە و لەلایەکەوە بۆخۆی تەندوورێکی دانابوو بە ئازادی کاری دەکرد. من نەمتوانی ئەو ژنە حاڵی بکەم کە ئەشێ ژن لە ماڵەوە دابنیشێ و خەریکی کاری نێوماڵ بێت و کاری بە کاری دەرەوە نەبێت.

لە سەرەتاوە باس لەوە دەکرا، بۆچی دەوڵەت کۆبوونەوە و بەیتبێژی لە قاوەخانە و چاخانەکان کە هەر لە کۆنەوە باو بووە و خەڵکی بێکار و پیرەپیاوان بۆ پشوودان لەوێ کۆ دەبوونەوە و وەختی بێکاری خۆیان دەبردەسەر قەدەغە و یاساغ کراوە، خاڵۆکەرەم هەروەک هەموو کوردەکان و بەتایبەت خەڵکی خالیسە، کە چۆخە سپی بەشێکی ئەم ناوە بوو، خەڵکێکی ڕووناکبیر و تێگەیشتووی تێدا بوو، ئەویش وەک ئەوان، لە تەنیشت ئەمەشدا بە تەشەر و تانووت پاساوی ئەم کردارانەی کچە مامی دەدایەوە:

سیاسەتی حکومەت بەگشتی لەسەر ئەم تەوەرەیە دەخولێتەوە تاکوو ئەوجێیەی لە دەسەڵاتیدا بێت خەڵک لە یەکدی دڕدۆنگ بکات و ڕێگە نەدا لە دەوری یەک کۆ ببنەوە، بە هیچ شێوە و مەرامێک، بە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ڕازی نییە و حەز بە یەکبوونی خەڵک ناکا، جا با، کۆبوونەوەی سیاسی، ئایینی، پیشەیی، یا هەرەوەزی بێت. وەک بیستوومە لە چایخانەکانی شاردا، یاری شا و وەزیرت قەدەغە کردووە، ئاخۆم ئەمەش ڕەوزەخوێنی و کۆبوونەوەیەکی حیزبییە، کە ڕەخنە لە دەسەڵات و دامودەزگای دەوڵەت بگرێ؟ سەرەڕۆیی و لاساری بۆ هیچ کەس و بنەماڵەیەک هەتا سەر نییە و سەقامگیر نابێ و هەڵوەشان و ئاژاوەی بە دواوەیە، ئیتر چبگا بە وڵاتێکی گەورە و کەونارا، من وەک دەمڕاست و کوێخای ئاوەدانی باوەڕم وایە ئەم خەڵکە دەبێ زەخت و زۆری لەسەر بێ، زەختوزۆر کارسازە، نە سەربەستی، هەروەکوو گوتوویانە فیل بە

زەبری دار بە ڕێگادا دەڕوا، نابێ ئیجازەیان بدرێتێ تەواو لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن. ناشێ تەنانەت ئەگەر کارێکی خاسیشیان کرد ئافەریمیان پێبێژی، بەڵام ئێستا ئەمە وەختێک نییە؛ ڕەشایی و ڕەش و ڕووت خاوەنی ئیشو کاری خۆیان نین. دەستڕەنجی ئەوان یەکێکیتر دەیبا و دەیخوات، بەڵام ئەمڕۆکە لە چوارچێوەی کەوشەن و سنووران دەکرێ باروودۆخێکی خاوەن دەسەڵات ببێ، وانییە خەڵک بەستەزمان بێ و بە قازانج و زەرەدی خۆی نەزانێ.

هوما لەوکاتەدا خەریکی ڕنەکلێدان و کڕاندنی نینۆخەکانی بوو گوتی:

کارتان بە کاری دەوڵەت نەبێ، دەوڵەتمان زۆر باشە، هەرنەبێ بۆ جەنابی نانەوادار خراپ نییە، ئەمە جاران نییە تێلا بەدەست بە کڵاوی گەڕگەڕییەوە دوو پاسەوانی وەدووی خۆی ئەداو دووکانی ئەو نانکەرانەیان گاڵە دەدا کە بە ئازادی ئیشیان دەکرد. بەڵام خۆ ئەگەر ئەو هەرچەندە لە دەرەوە خاوەن ناوو دەسەڵاتیش بێ ناتوانێ لە ماڵێ بەم تەرزە ڕەفتار بکا، لێرە کەسێک هەیە و دەسەڵاتیشی بەدەستە بە ناوی هوما زەندی!

سەرو سنگی هێنا پێشێ و چاوی لێهەڵگێڕاوە تاکوو بزانێ مێردەکەی دەڵێ چی، سەیمیران گوتی:

ئەی ئافەرین! زۆر باشە، چیدیکەش؟

چیدیکەی ناوێ، ئەوەندە بە گوێمدا مەخوێنە و هەڕەشەی نەچوونە خەیاتیم لێمەکە، ئەم وردە فەرمایشتانە بە گوێی مندا ناچێ.

دەیباشە، وەختێ کار بەمجێگایە گەیشتووە من ئیتر لەمەودوا دەمم گرێ دەدەم و لە ئەلف نایەمە بێ، ڕەنگە ئەمەش بەشێک بێ لەوانەی خەیاتی کە تۆ دەیخوێنی، چاوت لێیە ئەم دنیایە چۆن گۆڕدراوە، ژن چۆن جوابە جەنگێی مێردەکەی دەکا، خوای مەزن، ئەم ژنە چۆن دوو ساڵ شاگردییەکەی تەواو دەبێ و دەگەڕێتەوە سەر کاروباری نێوماڵ و بە ژیانی ئاسایی خۆی ڕادەگا؟ ئاخۆم وەختێ بووی بە خەیاتێکی قابیل من ئاگادار دەکەیتەوە؟

دڵنیابە بەر لە هەمووکەس تۆ ئاگادار دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی لە مزگێنی ئەم هەواڵە خۆشەدا چەرخێکی بەرگدوورینت پێبکڕم ئەمیش ماکینەی سینگێر، بەڵام نازانم مەبەستی تۆ لەم قسەیە چییە؟ ڕەنگبێ دیسان بتەوێ شۆخیم پێبکەی؟

نانا، جا بۆ شۆخیت پێدەکەم، وەڵڵا بەڕاستمە مەبەستم ئەوەیە، ئەو ڕۆژەی بووی بە وەستایەکی مەنشووری ئەم شارە داوات لێبکەم هەرنەبێ بە من ڕابگەی، دووگمەی کەوا و کراسەکانم بۆ توند بکەیتەوە و یان بیدەی بە شاگردەکانت بۆم توند بکەنەوە و ئاگاشت لە من بێ.

ئەیەڕۆ، ئیتر ئەمە چ قسەیەکە، ئەم هەموو شێر و ڕێوییەی بۆچییە، تەواوی کارەکانی تۆ بەشی یەکدوو دەقیقە ناکات.

فەرقی چییە کاری یەکچرکە بێ یان یەککاتژمێر، من ئەوە بۆ سێیەمجار دەچێ، کە پێتدەڵێم و تۆ گوێم پێنادەی.

دەی ئەم مۆڕەکردن و نێوچاو تێکنانەی بۆچییە، هەر لە ئێستە زووتر نییە و کۆتەکەت دانێ با کوێی دڕاوە بیدرووومەوە، دەنا بیدە بە خانمە گەورەکەت با ئەو بۆت چاکبکا، خۆ ئەو ماشەڵڵا لەوجۆرە کارانەدا دەستی سەت خەیاتی لە پشتەوە بەستۆتەوە، خۆ من کوێلە و قەرەواشی بەردەستی تۆ نیم، ئامۆزا، قەرار وانەبوو لە دێ، کچۆڵەیەکم بۆ بێنی تاکوو لەبەر دەستمدا بێ و یارمەتیم بدات؟ ئەی بوو بەچی؟ ئیتر لازم ناکا پاکانە بۆ خۆت بکەی، تازە نامەوێ خۆم کەسێک پەیدا دەکەم.

هوما بەم قسەیەی سەیمیران سوور هەڵگەڕابوو هەستا و کۆتەکەی لەبەر میران داکەند و دای بەسەر کورسیلەکە دا تاکوو دوانیوەڕۆ دووگمەکانی توند بکاتەوە. دوانیوەڕۆش ڕۆیشت بۆسەر کاری خۆی، دیسان لە بیری چۆوە.

لە کاتی ئاوادا، کە مرۆڤ سەرقاڵە و بیر و هۆشی بە کارێکی تایبەتەوە گەرمە بە گشتی لەگەڵ کارەکانی دیکەی بێگانە دەبێ و لێیان دوور دەکەوێتەوە. حیکایەتی هوماش لەمباسە دوور نەبوو، بە بڕوای سەیمیران کە ڕۆحێکی سۆفیانە و دەروێشی هەبوو، کەم و زۆر سەرنجی ئەدگاری نەدەدا، ئەو شێوە باسانە لازم بە بیر لێکردنەوە نەبوو، بیکردبا و نەیکربایە بۆ میران شیرین و لەبەر دڵان بوو، دایمە لە پێشچاوی جوان بوو لە جوانیش جوانتر، زۆرجار ئەم قسەیەی لەلای خۆی کردبوو، ئاخۆم بەڕاستی ئەم چاوانە کە ئاشکراترین نیشانەی جوانی یەزدانی پێوە بوو، بۆ ئەوە دروست کرابوو دووکەڵی تەندوور و کوانوو بچێ بە چاویدا؟ پێتوایە ئەو بیرۆکەیە ناشوکری نییە بەرامبەر بە نیعمەتەکانی پەروەردگار؟ مەخابن کە نەیدەتوانی بۆ ئەم دڵبەرە نازدارەی هەروەک زۆربەی ژنانی خواپێداوی ئەم شارە قەرەواش و کارەکەری بۆ بگرێت.

وەختێ ئەم فکر و هزرە بە مێشکی سەی‌میراندا دەهات، نەیدەتوانی چاوپۆشی بکا لە هەڵە و پەڵەی خاتوونەکەی کە بە تەواوی پشتی کردبووە کاروباری نێوماڵ و نان و خواردن سازکردن. لەپاڵ ئەم حەیس‌و بەیسەشدا ئاسکە تیرو تانووتی تێدەگرت و لێرەو لەوێ دایمە دەیگوت:

ڕووسیا خۆم، وەی لەبەر قەل‌و قووتەی ئەم دەور و زەمانە، خوا ڕوحممان پێبکا!

ئیتر لەو دەرچوو بوو، ئاسکە بیبووغزێنێ و ئێرەیی پێ‌بەرێت و وەک جاران سەیری بکا، ئەمە جێی سەرسووڕمان بوو سەی‌میران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆی دەبوو بە شێخی سەنعان و خۆی لە دەور دەگێڕا، لە هەموو کەسیش باشتر بە ڕابردوویی ئەو ئاگادار بوو، بە دەستی خۆی وێنەی کوڕە جحێڵەیەکی بێگانەی لێگرتبوو، کەچی تەواوی ئەوانەی لە بیر چووبۆوە و بە هەموو بارێکدا وایدەزانی ئاسمان کون بووە و ئەو ژنەی پێدا بەربۆتەوە، ئەویش ئەوەی ڕاستی بێ لە هەناویدا نەبوو، وەک گوریسی نێو هەمبارە وابوو، هەرتاوەی ڕەنگێکی دەنواند. حورمەت و ڕێزی بەلای باوەلێوە لەسەر سەران بوو. لە زێڕ و زەمبەر، لە بەرگ و لیباس چی ویستبایە دەستی وەڕێ نەدەهێنا و بۆی دەکڕی. کوردانی خزم و ئەقرەبای هوما بەسەر سەروەت و سامانی میرانەوە لە تەڕ دەیانخوارد و لە ویشک دەنووستن. هەرچی خانم بیفەرمووبایە ڕەت‌بوونەوەی بۆ نەبوو، ئەگەر دەستووری بە سەردا لێدابایە وەک مەلۆتکەیەک پاک و خاوێنی بۆ ڕادەگرت و لە لانکەدا ڕایدەژەند. وەختێ بە ئاستەم بێگوتبایە، وەی، ئەو دەمرد و دەژیایەوە، هزر و مێشکی ئاسکە لەمەڕ ئەم ئەشقی پیرانەی میران و هوماوە کۆڵ بوو بە هیچ بایەک شەن و کەوی بۆ نەدەکرا، تەنیا ئەمەی بۆ مابۆوە بە چنگ خەم و دەردەوە بتلێتەوە و ببۆڵێنێ و بناڵێنێ:

بۆیە دەڵێن ژنی حیز لەلای مێرد خۆشەویستە! کەشم و نەشم و بێ‌ئابڕویی هەوێنی گەرەکە و خوا بە هەمووکەسی نەداوە، خواگیان ڕووسیاخۆم، تۆ خۆت ئاگاداری کە ئاسکە هیچ خەتایەک لە خۆی شک نابات!

ئاسکە لەلایەکی دیکەوە بەوە دڵخۆش بوو هەوێکەی وەدووی فێربوونی خەیاتی کەوتووە و زۆربەی وەختەکانی فراوێن و شێویان بۆ دەنێرێ، جگە لەوەی هوما بە کارەکانی ڕانەدەگەیشت، مانگی خەرمانانیش بوو، ڕۆژ نەبوو یەک دوو کەس لە خزم و ناسیاوی هوما و میران لەوێ نەبن. لە پێش ئەمەشدا کەی‌خاتووی دەستاوخۆش و قانوون‌زان خواردنی تایبەت و خۆماڵی دروست بکردایە میران و خانمە چکۆلەشی لە بیر نەدەکرد. قبووڵی، بەربەسێڵ، گیپە و سەروپێ، فڕووج بە ترش.... بۆ سازکردنی ئەم خواردنانە هوما یاریدەی دابایە یان نا، ئەو بە تەنیا بۆی نەدەخورا و

بەشی ئەوانی دەنارد. وەختێکیش خواردنی نەزری دروست بکردایە، تەنانەت بەشی خزمەکانی هومای دەنارد. ئەگەر لەوێش نەبوایەن بۆ خواردن بانگی دەکردن. دەیگوت نەوس گەورە و چکۆلە ناناسێ، هوما بۆ ئەو خراپ بوو خزمانی خۆ تاوانیان نەبوو، ئەو لە خزم و کەس بێبەش بوو هەر بۆیە قەوم و قیلەی هومای بەهی خۆی دەزانی. هوما پێیخۆش بوو ئاسکە خواردنی بۆ ئامادە دەکردن. کێبێ و بۆ ئاسوودەیی خۆی پێیخۆشنەبێ. زۆر کەڕەت وایلێدەهات، ئاسکە و زارۆڵەکانیش بە بیانووی نان و خوان بردن بۆ بابە و هوما لە ژووری گەورە لە دەوری سفرەیەک کۆ دەبوونەوە و بە یەکەوە نانی نیوەڕۆ یان شێویان دەکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سەیمیران سوێندی خواردبوو سەر بە ژوورەکەی ئاسکەدا نەکات، ئیتر ئەو هەلو دەرفەتەش بە قازانجی ئاسکە بوو. هەرچەندە کابرای دووژنە سەبارەت بە ئاسکە دڵ و مەیلی لە زریانی سەرماوەز بەڕقتر بوو، دڵ و هەناوی هەست و نەستی، دەمستی هوما نابوو، تەنانەت بە نیونیگایەک لە ئاسکەی نەدەڕوانی. ئەو ژنە دڵکوژراوە بە ئاواتەوە بوو بۆ تەنیا جارێکیشبێ ئەو مێردە بێروحم و دڵەی وەک سالآنی پێشوو بە ناوی ئاسکە بانگی بکات و بیدوێنێ! هەروەختێ کار و فەرمانێکی هەبوایە منداڵەکانی لێڕادەسپارد، پارەی ڕۆژانەی لە چاو سالآن دوو قڕان زیاد کردبوو بەیانی لەگەڵ بەیانی کە مندالآن دەچوون خەرجی خۆیان وەردەگرت، پووڵی ئاسکەشی بەواندا بۆ دەنارد. کوانووی دەروونی ئەوەندە سارد ببۆوە ڕوحم و دلۆڤانی بۆ جگەرگۆشەکانیشی نەمابوو، جارجارێک بە هەڵکەوت ئەگەر مەهدی چوارساڵەی لە بەردەرگا بدیبایە، یان لە دووکانی کۆڵانی خۆیان نوقڵ و توێشەی بکڕیبایە و لەوکاتەدا بابی تووشی هاتبا، ئەوە لە باوەشی دەکرد و دەهاتەوە ژوورێ، ئەو منداڵە تا بڵێی قاچو قولی باریک بوو. بابی دەیگوت:

ئێ، مەهدی، ئەوە تۆیی؟! بەم باران و تەڕ و تووشییە هاتوویی چیبستێنی؟ ئەمە چییە دیسان مێوژ؟! لەوە دەترسم ڕۆژێک ببی بە باخە ڕەز، دەمیشت بۆنی مێوژی لێدێ.

بە دڵ و مەیلی سارد و تەزیو، منداڵەی لە باوەش دەکرد و لە حەسارێ دایدەنا، ئەو کەموسکە خۆشەویستییە لە بنی کووپەی هەناویدا مابۆوە بۆ وێکڕا منداڵەکانی. لەمە زیاتر سەری خۆی دەگەڵ نەدەهێشاندن. شەختەی بێمەیلی وەها دەروونی گەزیبوو موحیبەت و دلۆڤانی باوک و فرزەندی لە بیر بردبۆوە، دەبێ ئەمەش بڵێین کە منداڵەکانی ئەویان خۆشدەویست و حەزیان دەکرد لە دەوری کۆ ببنەوە، بەڵام ئەم خۆشەویستییە توێژاڵێک نیگەرانی بە سەرەوە بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش قورس و ئەستوورتر دەبوو. ئەگەرچی بۆیان وەک زڕباوک وابوو بەڵام ئەوان دڵپاک و

بێغەلوغەش خۆشیان دەویست، خۆ ئەگەر هەستیان بە سارد و سڕی باوەلێیان دەکرد، نەشیاندەزانی بابیان لەمەڕ ئەوانەوە چۆن فکر دەکاتەوە، دیارە کە گلارەخاتوونی کچیان نەرم و نیان‌تر بوو هیچوەختێ بزەی ساکاری سەرلێوی لە بابی نەدەشاردەوە، بیژەن کە منداڵێکی ڕووتەڵە و بێفکر و ئاوەز بوو دایمە لە دنیای خۆیدا خولی دەخوارد، غالبەی کات لە شەقام و کۆڵان، لە بەردەرگای چایی‌خانە و دووکان دەچووە بەردەمی و دەستێکی هەمیشە لە گیرفانیدا بوو، ئەو دەستەی دیکەی بە درزی دەمییەوە دەگرت و دەیگوت:

بابە، دووسێ قڕانم بدەرێ!

بارامیش بەم گشتە شەرم و حەیایەوە، جارجارە سڵاوێکی لێدەکرد و چوار- پێنج قڕان یان دە شایی لێوەردەگرت، بۆ کڕینی پێنووس و تێنووس، ئەمانە بێجگە لە خەرجی ڕۆژانەی خۆیان بوو.

میران بابێکی ڕەزیل و دەستقوچاو نەبوو. دەگمەن، بیپرسیبایە پارەتان بۆچییە و دەیدەن بەچی؟ پووڵی پێدەدان و لێی‌نەدەپرسینەوە، ئەم پارە و دڵۆڤانییە کە ئەو لە منداڵەکانی نەگرتبۆوە ئەوەندە زۆر و بۆر نەبوو زارۆڵەکانی هەست بە دڵخۆشی بکەن. قەوزە و لیتە گونجەی دڵی میرانی چنیبوو بەم چۆرە چوڕەش تینوویەتی منداڵان نەدەشکا. منداڵەکانی وەختێ سەرقاڵی یاری خۆیان و دەرس و دەوری قوتابخانە بوون فکریان لە هیچ نەدەکردەوە، هەروەختێ میران بە مەهدی دەگوت بارام و بە بارامی دەگوت گلارە! زۆرجار لێی تێکدەچوو، یان ئەگەر لە کۆڵاندا تووشی دەهاتن خۆیان لێدەگۆڕی ئەمەشیان دەگێڕایەوە بۆ سەرقاڵی و پیری، بەڵام دایکیان لە وەڵامی ئەواندە دەیگوت:

یاخوا دایکتان کوێر بێ، بابتان ژنی تازەی دیوە و ئێمەی لە بیر چۆتەوە.

سەرەڕای ئەم ساردوسڕیە، ئەم بێمەیلییە:، ئەو هەموو زەخت و زوڵمەی لە دایکی ئەو منداڵانە کرابوو، هێشتا بەو هیوایە بوو هەوری نەهامەتی ئاسۆی ژیانی بەجێ بێڵێ و مانگی بەختی کە پەنای گرتووە لە تەم بێتە دەرێ. ئەو هیوایەشی ئەمڕۆکە هەوێی خانم و خاتوونی لە سایەی دانیشتووە و بەرکۆژەی باخی سینەی بۆ سەی‌میران ترازاندووە، هوما منداڵی نەدەبوو ئەمەش حاشای لێنەدەکرا، بەم هەموو شانس و بەختەوە کە ڕووی تێکردبوو، سەی‌میران دایمە تەڵاقی لە بەرچاو بوو، زۆر کەس باوەڕیان وابوو، دەیانزانی بەژنی تا سەری نابێ، تەنانەت منداڵەکانیش هەروایان دەگوت، زۆرجار هوما، بە ڕاست و بە درۆ، هاواری دەکرد:

ئاسکەخاتوون، تۆ دایکی کوڕە کەچەڵە و منیش بابردەڵەم، خۆشی لە خۆت.

بەم حەق و حیسابە ڕۆژێک بە تووڕەییەوە خاتووخورشیدی بە تیز و پلارەوە ڕایسپاردبوو:

جارێ تاکوو چەند ساڵێک وەختی ماوە، لە زمان منەوە پێیبڵێی هوما هەتاسەر ناتوانێ، بۆچی ئەوەندە من دەبوغزێنێ؟!

ڕۆژێک هوما درەنگتر لە جاران هاتەوە بۆ ماڵێ، ئاسکە نانی نیوەڕۆی ساز کردبوو بەشی ئەوانیش، نیوسەعاتێک چاوەڕوان بوون و نەهاتەوە، بۆ ئەوەی قوتابخانەی منداڵان وەدرەنگی نەکەوێ، سفرەی ڕاخست، سەیمیران بە ڕووی خۆشەوە چووە ژوورەکەی ئەوان. هەنووکە پاروویان لە زار نەنابوو هوما وەژوورکەوت، بوخچەی کەلوپەلی لە ژوورەکەی خۆی دانا و گەڕایەوە، بێئەوەی گوێ بە گۆڕینی بەرنامە بدات سڵاوی کرد و هاتەسەر سفرە و خوان. وەک منداڵێکی سادە و ساکار ئەم هەواڵەی پێدان:

ئەمڕۆکە فێری لیباسبڕین بووم.

ئاسکە ئەم هەواڵەی پێخۆش نەبوو گوتی:

هەر بۆیە ئەوەندە درەنگ هاتییەوە، مەبارەکە! پیرۆزە!

سەیمیران نانی ورد کرد و تێکوشینی سازکرد بە ساردوسڕییەوە گوتی:

ئەوە پێنج مانگە هاتوچۆ دەکەی، تازە خەریکە لیباس بڕینت فێر دەکەن، سەیر نییە ئەگەر داوای شیرینی و دەستخۆشانەش بکەن، ساڵان ئەگەر سووختە دەگەیشتە مریشکە ڕەشە ئیتر کتاوەکەیان لێدەبەست هەتاکوو مریشکی ڕەشی دەبرد بۆ مامۆستا، لە بیرمە ئەوکاتەی دەچوومە مەکتەبی شێخ جەعفەر لە چوارسۆ، وەختێ گەیشتمە ئەوێ، خوا بابم عافوو بکا لەگەڵ گوێدێران، نەیهێشت بچم: ئەوانەی خوێندەوارییان هەیە بوون بەچی، تاکوو تۆش ببی؟! ئەویش لەوکات و سەردەمانەدا وای بیر دەکردەوە، نەیدەزانی دنیا ئاوای لێدێ.

گلارە، زۆرجار ئاگادار بوو بابی بە دەست بێسەوادییەوە دەیناڵاند. پەڕییە نێوقسەکانییەوە:

باوەگیان، تۆکە حەز دەکەی خوێندەوار بی، ئەوا قوتابخانەی شەوانەیان بۆ تەمەندار و نەخوێندەواران داناوە، تۆش دەتوانی خوێندن و نووسین فێر بی.

سەیمیران وەکئەوەی قسەیەکی خراپی لە زاری کچۆڵەکەی بیستبێ، نێوچاوانی لێ گرژ کرد و گوتی:

هەروەختێ لاوەکان، کە زەین و هۆشیان لە من بانترە و زیرەکترن شتێک فێر بوون و توانییان بەڕەی خۆیان لە قوڕاو دەربێنن، ئەووەختی نۆرەی ئێمەش دێت. ئەوەی ڕاستبێ، من دەبێ کەسێک

بۆ ئەو کارە هانم بدات و پەلم بگرێ، دەوڵەت ئەگەر لە بری ئەوەی بێنێ جلوبەرگی خەڵکی ئێران لابەرێ و لیباسی یەکجۆرو یەکدەستیان بە بەردا بکا، مەدرەسە بۆ خەڵک دابنێ نەخوێندەواری نەهێڵێ باشترین کارە ئەوسا خەڵکیش ڕۆح و گیانی بۆ حکومەت دەویست ئەرێ کچی خۆم، ئەمن خەمی عەریزە و فاکتۆر و سیایی کاروباری خۆمە، دەنا، کوا تازە بە پیری فێری پڵاوخواردن دەبم، من ئەوە تەمەنم چۆتە سەرێ لە کوێ سوودی بۆ من هەیە.

گلارە خەجاڵەت بۆوە و سەری داخست، هوما خەریکبوو بۆ نانخواردن دەچووە سەرسفرە، گوتی:

من ئەگەر بمەوێ شیرنی بدەم ئەوە دەیدەم بە ئاسکەخاتوون، لەو ماوەیەدا زەحمەتەکانی منی وەئەستۆ گرتووە، ئاسکەخاتوون، بەخوا لەلای تۆ سەرم هەڵنایات. خۆم بە خەجاڵەتی تۆ دەزانم. ئینشەڵڵا نەمرم و تۆڵەی بکەمەوە، لە شایی گلارە و بارامخاندا شەرتم کردووە ئەوەڵین کراسێک من بیدورم کراسی تۆ بێت.

ئاسکە بۆ ئاوهێنان هەستا بچێتە بەرهەیوانەکە لە دەرگای ژووریدا ڕاوەستا و بە خێسەیەکەوە چاوی لە هوما کرد، سەیمیران ئەم ڕوانینەی بە قسەکانی خۆی تەواو کرد:

بووبەچی، ئەوەڵ نانی تەندوور بۆ سەگ دادەنێن؟ ئاسکەی یەکەم کراسی تۆی بۆچییە؟ منداڵ هەڵدەخەڵەتێنی؟! جارێ تۆ دەبێ بڕین و دوورین فێر ببی، چوار پێنج کراسی کوردی خراپ بکەی، ئەووەختی ئەگەر بتوانی کراسێک بدووری.

نانا، قەولت دەدەمێ ئەوەی من تەواوی بکەم ئەوەندەی ئەرزش هەیە ئاسکە بە منەتەوە بیکاتە بەری.

یانی ئاسکە وەختێ هاتەوە ژوورێ نەیدەزانی هەوێکەی بە تەوس و توانجەوە پێگوتووە، لە وەڵامدا وتی:

دەستچن و دروومانی تۆ وەک تەڵای دەستەوشار وایە، با بیبینین و تاریفی بکەین.

بۆ تۆ پێتوانییە؟ بەری ڕۆژێ بە تۆپە قوڕ ناگیرێ، من کە تەڵای دەستەوشارم، جوانیشە کاروبارم. ئەگەر باوەڕیش ناکەی لە مێردەکەت بپرسە.

پێویست ناکا ئەوەندە خۆت هەڵکێشی هوما، قسەکەشت مەخۆوە، لە پێشئەوەیدا تۆ باسی بکەی ئەو شتانەی بە من گوتووە، ئەگەر تۆ ئەم قسەیەت بە ڕاستە و فریوم نادەی، لەباتی قەولی سەرخەرمانم بدەیتێ، ئەو قەوارە پارچە سلکایەی وا بۆ کراس دەبێ جافری خزمت لە

قەسری‌شیرینەوە بۆی هێناوی بیدە بە من، زەحمەتی دوورینەکەشی لە بالآی خۆم، ڕەنگی ئەم پارچەم زۆر پێ‌جوانە، با بزانم بە دڵەوە وادەڵێی، بزانم چاکەت لە بەرچاوە.

ئەی لە خۆم خەجاڵەتێ! تاکوو ئەمڕۆ کێ دیویەتی کەسێک دیاری و سەوقاتی خۆی ببەخشێ؟ ئەگەر وایە تۆش ئەو مەخمەرە شینەی مەشەدی لە خۆرسان بۆی هێناوی بیدە بە من. بۆ لەو یەخدانەدا هەڵت‌گرتووە کۆن بێ و بپوێ؟ ئەگەرچی تازە مەخمەر مۆدی نەماوە، منیش گەرەکم نییە، بەڵام بزانم بەڕاستی دیاری خۆت بە من دەبەخشی، تۆش ئەوەندە منەتم بە سەردا مەکە، خۆ بەردت بە کۆڵ بۆ نەکێشاوم. ئیتر ئەوەندەش تڕو منەتم بە سەردا مەکە، کەوچکێک چێشتەت بۆ مێرد و منداڵەکانی خۆت دروست کردووە، منیش سایلی ئەوان پارووەیەکم خواردووە، ئینسان نابێ ئەوەندەش دڵ‌چکۆلە و بەرچاو تەنگ بێ، وای دابنێ منیش یەکێکم وەک گلارە.

دەستی برد لەو ترێیەی کە لە کەندۆڵەڕا بۆیان هێنابوون بە نیم‌نازێکەوە چەند دەنکی نایە دەمی و نۆبەرەی کرد. ئاسکە گوتی:

ئۆی حەمرم نەمێنێ، سەتی کردووە بە قوونەوە تازە گوڵ و گوارەی زێڕی دەوێ، وەی کتوپڕکەی تازە چاردە ساڵتە! خۆی دێنێتە ڕیزەی گلارە، (دەمی لێ‌بادا) منیش وەک گلارە حەساوکەن! ئەمجاریش ئەوە چۆنە لەو شوێنانەدا مێردی منە و لە جێیەکی‌تریش پیاوی تۆیە؟ دەجوابم بدەوە بۆ قڕوقەپت کردووە؟

هەرچەندە هوما و سەی‌میران لەگەڵی مەشرەف‌خۆش بوون بەلام ئەو بە زمانی تاڵی چزەی لەوان هەڵدەستاند. منداڵەکان خوداخودایان بوو شەڕو هەرا ساز نەبێ، سەی‌میران چاوێکی لە هوما داگرت و قاقایەکی بۆ کێشا، خانمە چکۆڵەش زەردە هاتە سەرلێوی و دەنگی نەکرد. بۆنی لیمۆی ترش و شۆڕباو و گۆشتی ئاسکە ئەوەی برسیش نەبوایە برسی دەکرد. گورپە بۆریش بەم بۆنە خۆشەی زانیبوو بەتەمای چەشکەی دەستاوی ئاسکە لە بەردەرگای ژوورەکەوە دەی‌میاواند، هەنووکە کەس یەکەم پارووی دەزاری نەنابوو، هوما و گلارە لە بەینی خۆیاندا سرت‌و خورتیان بوو، ئەگەرچی ژنە ئەوی ئەدواند، بەڵام مەنزووری لە سەی‌میران بوو، وتی:

ئەمڕۆ شاگردێکی هاوڕێم بە ناوی سۆسن، لێی‌پرسیم، تۆ کچی سەی‌میران سەراوی نانەوای؟ وتم بەڵێ، گوتی، مێردەکەت کێیە و کاری چییە؟ وتم، ئێستا مێردم نەکردووە؛ گوتی ئەی بۆ دەم‌وچاو هەڵدەگری و خۆت ساف‌و لووس دەکەی؟ ـ لە بەیانییەوە بەتەمام بە بێ‌ئاڕایشت بچمە

سەرکار، ئیتر لەمەولا برۆکانم هەڵناگرم، ئەم نینۆخانەشم سوور ناکەم، هەروەک کیژۆڵەیەکی قوتابی سادە و ساکار، بەبێ خۆتیف تیفەدان لە ماڵ دەچمە دەرێ.

گلارە دەستی گرت و چاوی لێکرد. پەنجە بە خەنە و قامکی قەڵەمی، شووش و باریک لەوپەڕی جوانیدا بوون، ئاماژەی کردەسەر لاکی عەننابی نینۆخی و گوتی:

ئەمەیان هەر بۆخۆی پاک بۆتەوە.

ئەمیشیان کلکەوانە و قووچەکەی دورمان لێیکردۆتەوە، ئەمانەش پاک بکەمەوە دەستو پەنجەم وەک دەست و پەنجەی تۆی لێدێ.

بەدەم ئەم قسانەوە دەستی خۆی لە پەنا دەستی کچۆڵەکە ڕاگرت، لە ژێرەوە بە سیلەی چاو دەیڕوانییە مێردەکەی و بە لەسەرەخۆیی گوتی:

پێم‌بڵێ بزانم، دەستی من جوانە یان دەستی تۆ؟

ئاسکە لەلای خوارێ دانیشتبوو خەریکی هەڵشێلانی گۆشت و نۆک بوو، قسەکەی ئەوانی بیست، ئەم خۆتاریف‌دان و ئەداو مەکرانەی تازە لە هەوێکەی نەبیستبوو، هەروەک هەنگ لە سروشتی خۆیدا شیرە و هەڵاڵەی گوڵان بە لاقی هەڵدەگرێ و بە دەمی دەیچێژێ ئاسکەش، ئەگەرچی پشتی لە خێزانەکە بوو بەڵام بە چاوی دەروون لە مەبەستی ژنە حاڵی دەبوو. ئاگای لێبوو سەی‌میران دەست و پەنجەی خانمە چکۆڵەی گرت و پڕ بەدڵ هەڵی‌گلۆفی، منداڵەکان لە شەرمان سەریان داخست. بە تەمەناوە بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و ماچی کرد. هەروەک کەسیان لێ‌دیار نەبێ و لە ژووری خەوی خۆیاندا بن. تین و تاوی هەوەس و خۆ بەزل‌زانی وای‌لێکردبوون لە خۆیان بەولاوە چاویان کەسێکی‌تری نەدەبینی، هوما بە نازو مەکری کیژۆڵانەوە بە نیشانەی مەکە دەستی هێنا دواوە و لێی مۆڕبۆوە:

وەی، ڕیشت زبرە!

ئاسکە، ئەوەندە پیشی خواردبۆوە هێندەی نەمابوو فیججە بکا، بەڵام ئەی خۆزیا، ئێرەیی، ئەوە خۆرە بوو هەناوی ئەوی دەخوار و دای‌دەقناند. دیتنی ئەم دیمەنە بۆ ئەو ژنە کلۆڵە لەوە بەرینتر بوو کە بیری لێبکەیتەوە، ئەگەر ئەوانەی نەدیبایە ڕەنگە دیمەنی ئەو ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ مێردەکەی دڵگەرمی پێ‌بەخشیبایە کە لە ڕابردوودا یەکدڵ و یەکسەرین و یەکهەنگاو بوون خۆزگەی دەخواست لەتەک منداڵەکانیدا ساڵی جارێک سەی‌میران نەبینێ، ئاوا زاڵمانە بە بەرچاوی ئەوەوە خەریکی تریلیلان و تەراتین نەبن. نەفرەت و ڕق و قین سەرتاپای وجودی داپۆشیبوو،

حەزی بە کوێربوونی خۆی دەکرد نەک بە بینینی میران و ئەو ژنە داوێنتەڕە. چشتێ دەیتوانی ئەم هەورە تاڵە بڕەوێنێ و ئەم بەڵایەی لەسەر لابەرێ؟ خۆ لەبەر ئەو منداڵە هەناسەساردانە نەبوایە زۆر لەمێژ بوو خۆی لە تەنگەژەی ئەم خەمە ڕزگار دەکرد. دەیتوانی بایی دوو قڕان تریاک بخوا و بۆ دایمە وەحەسێ! تریاک زۆر بە هاسانی گیر دەکەوێ. تەنیا لەو ڕێگەیەوە سەیمیران هەستی بە ئازارەکانی ئەو ژنە دەکرد. جارێ گردەنشین نییە و ئەو لە کەیفی خۆیدایە و هەمیەتی وێنادا، ئەو هەتا نەمرێ نازانێ چ گەوهەرێکی لە دەست بۆتەوە، تازە دوای مردنیش قوڕپێوان چ فایدە.

ئاسکە کاس و وڕ لەم گشتە عەزاب و خەفەتەی وەک تەم دەوری لێدابوو نیوەڕۆ خوانی لە بەردەم دانان. نە سەیمیران و هوما، نە منداڵانیش هیچکام نەیاندەزانی ئاسکە لە ناخەوە چ ئازارێک دەچێژێ. سەیمیران ئەو وردەنانەی ئامادەی کردبوو کردییە نێو گۆشتاوەکەی خۆی و تڵیتی سازکرد. ئاسکە نەبێ بۆی قوت نەدەدرا، هەموویان ملیاننا لە خواردن. ئەو لەوە دڵپڕتر بوو ئیشتیایی بۆ خواردن بچێ، ئەمجاریش، ئەوە نان نەبوو، سندان بوو، قوزەڵقورت بوو، حەزی دەکرد بەجێیان بهێڵێ وەک پشیلەیەکی نەخۆش خۆ بخزێنێتە پەسیوی مدبەخ و پاشخانە و کڕومات کوشمە بکا؛ دەست لە ئەژنۆ وەرێنێ و فکر و خەم جەرگی توێتوێ بکەن. ئەگەرچی جارێ جوانی لە هەواری ڕوخساری بارگەی نەپێچابۆوە و گوڵی جوانی شەختەی پایزی نەیگەزیبوو مێردی دڵدۆڕاوی بە یەکجاری پشتی تێکردبوو، لێی دوور کەوتبۆوە، بەبێ قسەلێکردن بۆی مەعلووم ببوو هومای دەوێ و ئاسکەی فڕێداوە، ژەنگ و ژاری ترس و ڕەنج بەخەساری جەرگ و دڵی لە سەد لاوە کونکون و هەلاهەلا کردبوو، بەدەم زیندەخەوەوە هەستی بە مردوویی خۆی دەکرد. فکر و خەیاڵ بەرداشی عەزابی لەسەر سنگی دانابوو. بە دەست و پەنجەی خۆیدا دەڕوانی وشک و بێخوێن هەر وەک لیمۆی ئاوچنراو، تەنیا چەرم و پێست. ئەو دەستانە، دەستی کارکردن بوو، زەحمەت و چەوسانەوەی زۆر، نەک هەر جەستە بەڵکوو شیرەی ژیانی چنی بوو. ئەوەی لەو مابۆوە پێست و پێشە بوو. کەم دووکەڵی تەندوور بە چاویدا چوو، وەک نانەکانی بەسەر ساجەوە سووتا؟ کەم سەرمای زستان دەستو لاقی لەگۆ خست و ڕەش و شینی کردەوە؟ ئەو دەستانە زریف نەبوون، بەڵام خۆشی و جوانییان بۆ ئەمماڵە بە دیاری هێنابوو. چوار منداڵی نازدار و عاملاو، بەرو بووی ئەم باخو باخەوانە بوو بۆ تێرو پڕی و ژیانی تەژی لە تەسەلی و بەختەوەری، ئەو دەستانە شەو و ڕۆژ چەوسانەوە و نەحەسانەوە، هەر ئەو دەست و پەنجەی کە لە قامکەکانی گەوهەر و هونەر دەباری، بەڵام ئێستاچی؟ ئەم پەنجە ئازار چەشتووانە لە هەمبەر خەنیمی

ڕووڕەشیدا تێکشکاوە و بێناز کەوتووە. ئاخۆم کەسێک هەبوو چیرۆکی پڕ لە کارەسات و کلۆڵی و غەدرلێکراوی ئەم خاتوونە بنووسێتەوە؟ خۆ ئەگەر هەموو مرۆڤێک ئەم سەربوردەی وەخوێندبایەوە ئەوا ڕۆندک لە دوو چاوی لووزەوی دەبەست. «ڕیشت زبرە». ـ لەخۆڕا نەبوو سەیمیران ڕۆژ نارۆژێ، ڕدێنی پاک دەتاشی، هەر ئەو سەیمیرانەی خۆی بە پیاوی خودا دەزانی و دەیگوت تیخ حەرامە و نابێ ڕدێنی پێبتاشی! ئەوانەی بە حەرام دەزانی، بۆیە حەوتەی جارێک سەری ڕەنگ دەکردەوە، ئەم کاکۆڵ و شانەکردنەی بۆ ئەو نەبوو، ئەی بۆ هەتا هوما نەهاتبوو وایندەکرد؟! یانی ئاسکە شایانی ئەوە نەبوو؟ یان ئەوکاتی ئیماندارتر بوو؟ تف لە ڕوخسارت ئەی شەرمەزاربی پیاوی بێوەفا و دڵو دەروون بۆگەن، بە تەمەنت نەتزانیوە دڵۆڤانی و وەفا چییە! بە خوا ئەو چاوەی جوانییەکان نابینێ کووژەکەی شینە بە تەویڵەوە.

خۆشی و خۆشەویستی کە هەوێنی ژیان بوو لە ماڵدا لەمێژ بوو کاتۆری کردبوو، ببووە وشکارۆ و تینو ڕق و تەماح و بوغزاندن شوێنی پڕ کردبۆوە، تەنانەت دەبوو جیرانەکانیش وریای خۆیان بن، بەپارێز بێن و بچن، وریا نەبن سەریان دەشکێ! ئەوانیش بە ئاوری زمانی ئەم دوو هەوێیە دەسووتێن. ئاسکە دەیزانی- لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی ڕووڕاست و بێگرێ بوو، لە مێردەکەی نەدەشاردەوە کە هەوێکەی لەو جوانتر و هەوەسبازترە. ئێرەیی بە جوانی هوما دەبرد، بەڵام دڵی لێپێس نەدەکرد. چونکە ئەوە خودا پێیدابوو. جگە لەوەش ئەم بەشی خۆی جوان بوو، نە شەل و گێڕ بوو، نە لاڵ و نە خێل، هەر بۆیە دڵپاک بوو. ڕۆژێک لە پاش تۆرانێکی زۆر و نەخۆشکەوتن، بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتبوونەوە و ئاسکە بەبێ مەبەستێکی خراپ وتی:

هوما بەڕاستی زۆردار و بێعاری، بەم ڕوخسار و کوڵمە گوڵینەوە، بەم گەردنە بلوورینەوە نەک هەر پیاوان مێوینەشت عاشق و شەیدا کردووە، بەمچەشنە نەبوو کە ئاسکە مەبەستێکی کرێتی لەمەڕ هوماوە هەبێ، هوما بە سیلەی چاو تێیڕاما و بە دەم زەدەیەکەوە گوتی:

کچێ ئاسکە، نەکا تۆش حەزم لێبکەی، کەوابێ من چەندە خوداپێداوم، بیستوومە دەڵێن ئەگەر ژن حەز لە ژن بکا، ئەوا شوومە و پیرۆزی ناهێنێ.

دەنا، هەروایە و ئەویندارى تۆمە.

هەر بەڕاستی، ئاسکە؟

بە گیانی تۆ نا، بە گیانی «بازە» بسک و ئەگریجەت و ئەم ددانە زێڕەت هێندەم پێجوانن وەختە سوێم بۆت بێتەوە!

ئەگەر حەز دەکەی وەکوو من بی ئەوە دەبێ جارێکی‌دی دایکی ڕۆژگار بزێ و دووانەیەکی ببێ!

ئەی کە لە مەکربازیدا هیچکەس تات ناکا چەند جادووبازی.

خودا دەزانێ، تۆش لە دەستت‌دێ بۆ وانابی! کەسێ ڕاوچی بێ دەبێ بزانێ تەماڵ هەستێنێ، ژن و ژیانیان گوتبووە، لەوە زیاترە؟

هوما بە خێسەیەکەوە تێی‌ڕاما بزانێ ئەو چی‌دەڵێ ئەمەی قسەی ئاسکە بوو خاتووخورشید بۆی گێڕابۆوە. لە وەڵامدا گوتی:

بەڵێ، لەلای خۆشت هەر ئەمە دەڵێم، تۆ دەرحەق بە من زۆر خراپی، بە بەشی خۆت قینات ناکەی، دادۆش و زۆرزانی، مێردەکەمت ناوەتە قەباڵی خۆت. هەرچەندە مێردی هەردووکمانە و ناشێ زۆریش تاوانی بخەمە ئەستۆی تۆ. عەمرو چاوی من، تۆ ژنی و بۆئەوەی دڵی ئەو پیاوە وەدەست بێنی دەبێ زۆر شت بکەی. بەڵام من لە تۆ دڵپڕ نیم. ئەوە، ئەوە خەتای زۆرە و تاوانبارە، ئەوە دەرحەق بە من و جگەرگۆشەکانی خراپە.

ئاسکە مات‌بوو بیر و فکری بۆلای خاتووخورشید خوشی، بێتونەبێ، ئەو ژنە قسەکانی ئەوی بۆ هەوێکەی گێڕاوەتەوە. ژنەتیوەی سپڵە و پێنەزان، ئاواش شەرمی نەدەکرد و خۆی دەخزانە پەنای، چەند دەقیقە لەمەوبەر هاتوو داوای سێ‌چوار گونتک ترخێنەی لێکرد. دیاربوو زۆریش بە خۆیدا شکاوە و ئاسکە وەڕووی نەهێنا و بە ڕوویدا نەداوە، پێیی‌دا، هوما بزەیەکی کاڵی هاتە سەرلێوی و گوتی:

تەنیا لەگەڵ تۆ خراپە، منداڵەکان خەمی چیپانە، قەولت دەدەمێ وەختێ من لێرە ڕۆیشتم هەمووشت چاک دەبێ، تۆ پێت‌وایە من تاسەر بەلای ئەم کابرایەوە دادەنیشم و خۆم پیر دەکەم؟ تۆ پێت‌وایە گێژداخ کراوم نازانم ئەو منی بۆ تاسەر ناوێ، ئەمڕۆبێ یان سەت ساڵی‌تر وەلام دەنێ. خۆ لە خۆڕا نییە شەو و ڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدام خۆم فێری دوورمان بکەم و شوغلێکم هەبێ، سەرینی خاترجەمی بنێمە بن سەرت هەر ئەوەندەی لە خۆم ڕاببینم ڕۆژێ تمەنێک لە کاری خەیاتی پەیدا دەکەم، سەعاتێک لەلای دانانیشم و لەم ماڵەدا نامێنم. ئەم ملوچکەت دیتووە بەسەر لقی ئەم دارەوە. منیش هەروەک ئەو وام ئەها چۆن فڕی و لەوێ نەما.

ئاسکە لە کوێتەی خەیاڵ دابەزی، ڕەنگی ڕووراستی و دڵۆڤانی بەسەر ڕوخساری هوماوە بەدی کرد. بێزاری و هەڵاتنی لە چاویدا دەبینی. ئاخۆم بەڕاستی بوو یان خەریکی گەوجاندنی ئاسکە بوو؟ تەنیا خودا بوو دەیزانی دڵی ئەم ژنە چیتێدایە.

لە ڕاستیدا بۆ ئاسکە زۆر باش بوو هوما دەچوو فێری خەیاتی ببێ، باش بوو ڕۆژی دانێک چاوی بە چاوی نەدەکەوت. تۆزێک دڵی ئارامی دەگرت. هەروەک خۆی باسی کردبوو هەوێکەی ئەوەندە نەدەپرژا سەرئەوەی بە خۆیدا ڕابگا، ئەم سۆز و ئەشقە بە فێربوونی خەیاتی دەرد و خەمی لەسەر ئاسکەش کەم کردبۆوە، لە لایەکەوە فکری لەسەر کارەکەی بوو. لە لایەکیتریشەوە دڵی نەدەهات لە سووراو و سپییاوی دەموچاوی دەست هەڵبگرێ، لە هەر فرسەتێکدا خۆی دەگەیاند بەر جامەکە و لە بەژن و باڵای خۆی دەڕوانی، چاوی نوقمی ئەم گشتە دەواو دەرمانانە دەکرد. هەروەک چۆن حەزرەتی عوسمان پەڕاوی قورئانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، حەزی دەبزوا بەمچەشنە دابنیشێ و تاکوو زەردەپەڕ سەیمیران دێتەوە جووڵە نەکا، ئیتر ئەو ڕۆژە پێیخۆشنەبوو بچێتەوە بۆ خەیاتخانە و لە ماڵ بێ. لە کاتوساتی ئاوادا ئاسکە کە لە دەرگاوە یان لە پەنجەرەوە تێیڕادەما و کاتێک دەیبینی هەروا سەرقاڵی خۆجوانکردنە، لە پشتەوە چەند جارێک چەمۆڵە و پووکاوڵی لێدەنا، لەبەرخۆیەوە یان بۆ ئەوەی هاوساگەل بژنەون دەیگوت:

چاوقوڵکە بگری ژنە، ئەشا ئەم لاق و لەتەرەی بریا خودا ئەم چاو و برۆیەی پێنەدابایەی! ناشرواتبەرچاومان چۆڵ بکا!

ئەگەر بیژەن لە ماڵبایە ئەوە دەبوو بە شایەر و دەیگوت:

جوانە گێلگێلەدارێ، کلی لە چاو دەبارێ.

ئاسکە بە ئەموستی هەڕەشەی لێدەکرد و دەیترساند:

وست! سەرەخۆرە، گەرەکتە شەڕم بۆ ساز بکەی.

بێخەبەر لەوەی هەوێکەی لە ژووری خۆیەوە هەرچی ئەوان دەیڵێن ئەو دەیبیستێ. بەڵام بەدەم بێدەنگییەوە زەردە دەیگرت.

حەزی هوما هەروەختێ گوڵی دەکرد، بە دوەری خۆیدا دەهات و ملیدەنا لە ئاڕایشت و تیفتیفەی هەنێی و سەرگۆنای. ئەو لەو کارەیدا وەستایەکی قابیل بوو. لەباتی ئەوەی ئەبرۆی پان و وەسمەکێش بکا، کەوانی دەکرد، مژۆڵی هەڵدەگێڕایەوە و لێوی خونچە دەکرد و سەرکوڵمەکانی دەپشکوتن. ئەوەی ئەو دەیکرد، وەستای جوانکاری لە ئاستیدا شەرمەندە و دەستەوستان و لارەمل

دەما، ئەم گشتە هونەرەی لە ماڵی سەی‌میران وەسەریەک نابوو، ئەم پیاوە هونەرناسە دایمە لە پەسنی ویدا دەیگوت:

ژن بۆ پیاوی خۆی هەرچۆنێک پێی خۆش‌بێ دەسەڵاتی هەیە خۆی وەڕازێنێ.

زۆرجار پێی‌دەگوت وەختێ لە ماڵ دەچێتە دەرێ سادە و ساکار بێ، بۆ ئەوەی نەچێتە دووکانی زەمبەرفرۆش و دەرمان‌فرۆشان بە دزی ئاسکەوە کلو دەرمانی بۆ دەکڕی و دەی‌هێنایەوە. بۆ یەکەم‌جار کە ئاسکە بەمەی زانی واقێکی بردەوە! پێی سەیربوو ئەو پیاوە کە جاران ئیجازەی بە ئاسکە نەدەدا بە بێ‌گۆرەوی بێتە دەرکی حەسارێ ئەوە چۆنە بەم لەونە لەلای ئەو سووزمانییە خۆی سووک‌و چرووک کردووە و لە بازاڕەوە سووراو و سپیاوی بۆ دێنێتەوە، هەر ئەمانەش بوو داخ و دیقی کردبووە دڵی ئەو ژنەوە، نەک ئەو جوانییەی خودا بە هومای دابوو. تەنانەت ئاسکە لە پێش ڕۆژانی سەربە هەوێیدا بە سێ مانگ جارێک نەدەچوو دەستێ بە دەمووچاویدا بێنێ. ئەو ئاوێنە بچووکەی لە چێوگیرا بوو، پووری بە دیاری پێی‌دابوو لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا خووی پێگرتبوو قەت داینەدەنا، بەڵام لەمێژ بوو منداڵان یارییان پێدەکرد و لێرە و لەوێ کەوتبوو. لە دوای ئەویش، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە ئەو لەو ماڵەدا ژیا بوو، زۆر ئاوێنە و جامی گەورە و بچووک هاتبووە ئەم ماڵە، بەڵام تەنیا ئەوەیان بۆ ئەو ژنە جێی تایبەتی خۆی پەیدا کردبوو. هەر لە سەرەتای ژیانییەوە قەت بە سەرنجەوە خەریکی خۆجوان‌کردن و ئاڕایشت نەبوو، نەک بەهۆی ئەوەی کار و پیشەی ژیان و کەمی کات دەرفەتی بۆ نەڕەخساندبێ، یان چوارچێوەی نێوماڵ و دەروجیران ئەم ئیجازەی لێ‌گرتبۆوە، هەمیشە وای‌دەزانی مێردەکەی زۆر حەز بەم خۆ لە گوڵدانە ناکا، سەی‌میران سەراوی لە ڕاستیدا ئەم ساف و لووسی و سووراو و سپیاوەی بۆ ژنێکی منداڵدار و کەیخاتووی ماڵ بە دزێو و ناماقوڵ دەزانی. ئەوە باوەڕێک بوو بە درێژایی مێژوو هەڵیان‌گرتبوو، بەڵام ئەوەی هەنووکە ئاسکە لەبەر چاوی بوو جیا لەم شتانە بوو. ئەوانەی ئەو دەیبینی واقی وڕدەما و بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. ڕاستە یان درۆ، هوما، هەروەختێ نەدەچووە دووکانی بەرگ‌دوورین تا چێشتەنگاو لە خەوی بەیانی هەڵنەدەستا، بۆی گرینگ نەبوو ئەم حەوش و حەسارە پیاوی تێدایە یان نا، بە سەر و ملی ڕووت، دەهاتە حەسارێ، نیو سەعات زیاتر خەریکی شوشتنی دەم و ددانی دەبوو و مسواک و فلچەی لە ددانی دەدا، دەست و دەموو چاوی بە سابوونی بۆن‌خۆش دەشۆرد و جوانی و زەریفی دەپاراست. بەم‌حاڵ و باڵەوە، سەی‌میران چاوی لێ‌خافڵ نەدەکرد و لە هەستان و دانیشتن‌دا ئاگاداری دەکرد، لەسەر تەختی

خەوەکەی حەساریٚ دەمایەوە و لە ماڵ نەدەچووە دەریٚ، لە پەنجەرەی حەساریٚوە سەیری دەکرد و چاوەڕوانی دەمایەوە، بە عادەت و دابی خۆی تاریک و ڕوونی بەیانی لە خەو هەڵدەستا و سەماوەری هەڵدەکرد و بە خۆڕایی دەکولا، چایی دەم دەکرد و لە حاڵ و هەوای خۆیدا مەحتەل دەما، ئاسکە و جیرانەکان وەختیٚ، هومایان دەبینی دوای نیم سەعات دەست و چاوشوشتن و خۆخافلاندن دەچووە ژووریٚ، ئاگایان لیٚبووە سەیمیران بە گەرموگوڕی بەیانیباشی پیٚگوتووە و پەنجەی گوشیوە:

بەیانیت باش خانمی خانمان!

یان دڵدارانە وەڵامی سەلامی داوەتەوە:

سڵاو سەرچاوم، خانمە خاسەکەم، پاو بنیٚ وەبان چاوە ڕاستەکەم! ئەمڕۆ حاڵت چۆنە؟

بە زەردەی سەرلیٚوەوە پیٚشوازی لیٚدەکرد و لە فینجانی تازە و خاویٚندا چایی یان شیری کولاوی بۆ تیٚدەکرد. ئەوکاتەی شەوانە لە ژوورەکەدا دەخەوتن پیٚیعەیب نەبوو کە جیٚوبانەکەشی بۆ کۆ بکاتەوە، هوما هەموو ڕەفتاریٚکی ئەوی پیٚجوان بوو، بیٚئەوەی هۆیەکەی بزانیٚ لەمکارە بیٚزار بوو. سەیمیران بەبیٚ سەرنجدان بەمشتانە یان ناڕەزایەتی خانم، لەوکاتەوە هوما لە نەخۆشخانە گەڕابۆوە، هەروەک نۆکەریٚکی خۆڕاییبایی سەر لە پیٚناو کاری بۆ ژنە دەکرد و نەشیدەزانی ماندووبوون چییە.

براکانی هوما، کەمدۆ و خۆبەزلزان نەبوون، لە ماڵی خوشک دەحەسانەوە و کاریشیان بە کاروباری بنەماڵە نەدابوو، میٚشکی بە ڕەفتار و ژیانی ئەوانەوە ماندوو نەدەکرد. لە ڕاستیدا مافی ئەوەیان نەبوو خۆ لە کاروباری ئەوان هەڵقوتیٚنن، ژنە میٚردی نەبوو؟... لەو نیٚوەدا تەنیا خاڵۆکەرەم بوو بە زمانی ئەوی دەزانی و قسەی خۆی دەکرد. پلاری تیٚدەگرت و بە ناوی ئەرمەنی قاوی دەکرد، مەبەستی تایبەتی نەبوو تەنیا بۆ گاڵتە و جەفەنگ دەیگوت:

ئەرمەنی تۆ چەندە دەهۆبازی، ئەگەر بیٚتو ڕۆژیٚک ئەو ددانانەت نەساوی کەلامی خوا هەڵەی تیٚدەکەویٚ؟

سەی مرانیش بە ڕواڵەت لەتەک خاڵۆکەرەم هاودەنگ بوو، بەڵام سەرسەری پشتیوانی لە خانمە چکۆلەی دەکرد:

مسواکلیٚدان لە شەریعەتی ئیٚمەدا لازمە. ڕەسوولی ئیسلام هەمیشە ئەمەی بە یارانی فەرمووە، پاکو خاویٚنی بەشیٚکە لە ئیمان. خوای بانیسەر ڕەفتاری فەرعەونی پیٚجوان بوو هەرچەندە

زۆریش تاوانبار بوو، بۆئەوەی ڕیشی وەک دڕک ڕادەگرت، منیش بۆ هوما ئەم گشتە سابوونە دەکڕم دیسان بەشی ناکا، دڵنیام تۆش ئاگاداری کوێخا، بۆئەوەی فەرعەون نەتوانێ ڕدێنی بە شانە بکا، شەیتان کڵاوی نایە سەری تاکوو مرواری پێبهۆنێتەوە. بەمحەساوە تەنیا جێیەک کە شکی دەبرد بەلای خوداوە لە دەستی بۆوە!

وەختێ ئاسکە ئەم شتانەی دەبینی بەم کەمویستییەی خۆی بۆی گرینگ نەبوو زۆر بە دەوروبەری خۆیدا بێت. ئەمەی بۆیە دەکرد تاکوو هوما قرەتر خۆی لەبەر چاوی ئەموئەو بخا، ئەگەر جارناجارێک دەستێکی بە ڕوومەتەکانی خۆیدا دەهێنا، هەروەک ساڵانی ڕابردوو ئەبرۆی بە وەسمە دەساوی و وەک پەڕی ڕەشەداڵی لێدەکرد و پەیوەست دەبوون. سوورمەی بە چاویدا دەهێنا و خاڵی لای لێوی بە قەولی جیرانەکان هەموو جوانییەکەی هومای دەهێنا ڕەشتری دەکرد. بڵێی و نەڵێی سووراوێکی بە دەموو چاویدا دەهێنا؟ جابۆ ئەو ژن نەبوو؟ دڵی نەبوو؟ مێردەکەی ڕواڵەتبین بوو نەک لە ناخەوە جوانییەکان ببینێ، خۆ ئەگەر کەسێک بە سەرنجەوە تێیڕادەما جوانییەکی شایانی لەو ژنەدا دەدیتەوە، ئاسکە سەرەژن و خاوەن کەماڵ بوو جوانی ئەو لە دڵ دەچەسپا و لە ناخدا ڕەگی دادەکوتا، ئەو ژنە ئەگەر تۆزێک بە داروبار بایە و قەڵافەتی سەرنجڕاکێش بوایە، دەبوو منداڵی ئەو وەک قۆڵە مێربان، جاران لە هەموو شتێکی دەگرتەوە، تەنانەت ژێرکراس و ئاوەڵکراسی خۆی نەدەدا بە خەڵک بۆی بدوورن، بەڵام ئێستا چۆن لەو ڕۆژەوە هەوێی بەسەر هاتووە، لەوکاتەوە مەقنە و عەبا کۆکراوەتەوە، ئەویش فکری گۆڕاوە، سەیمیران دایمە بە فکری کۆنەوە ژیاوە و باوەڕی وایە ناشێ قولاپەی ژن وەدەر بکەوێ. ئاسکەی گوێ لەمست و بەشەرم و حەیا، بە فەرمایشتی مێردەکەی شرواڵی (بیت)ی حاجی عەلی ئەکبەری دەکردە پێ لەسەر پەنجەی پێی ڕادەوەستا، داوێنی کراسی لەبەر درێژی عەرزی دەماڵی، ئەمەش لە نێو ژنانی کوردەواریدا باو بوو، بەڵام تاکەی دەکرا ئەم ئافرەتە هەرئاوا وەمێنێ؟ هەوێکەی گاڵتەی پێدەکرد و دەیگوت، ئەمجۆرە لیباسە مۆدی نەماوە و هی ڕۆژگاری نەنکی باپیرمە! بەڵام حەزی دەکرد پاتۆڵی پیاوان دەپێ بکا. تونکەی چوار قامکی دەکردە پێی کە ئیتر هەر بۆ باسکردن نابێ، بە ختو نەخش و نیگاری تایبەتەوە، کە خۆی لە خۆیدا دەبووە هۆی بزواندنی ئارەزوو! حەزی نەدەکرد بۆ دوورینی جلوبەرگی خۆی کۆتاڵی فرە لەکار بکا، کەیفی لە لیباسی تەنگ و قۆڵکورت بوو، وادیاربوو دەورو زەمان لەگەڵ سەلیقە و ئێشتیای ئەوان یەک مەڕام بوو. ئاسکەش پێیخۆشبوو لاسایی هەوێکەی بکاتەوە، بەڵام چاولێکەری ژیرانە، لەبەرئەوەی ئاسکە دایکی چوار

منداڵی گەورە و بچووک بوو، هەر نەبێ، دەبوو شەرم لە ئەوان بکا، منداڵەکانی هەمووشتێکیان دەزانی، تەنیا ئەو ویستە ئینسانییەی دایکیان نەبێ، کاتێک بە ئازاری دەروونی خۆی ڕادەگرتوو ئارەزووی دەشاردەوە و بە منداڵەکانی دەگوت بە بابتان بێژن با بێت لە ژوورەکەی خۆمان قەندمان بۆ بشکێنێ، بارام لە وەڵامدا دەیگوت:

نامانەوێ! خۆمان دەیشکێنین؟

پێم‌خۆشە ئەو بێت بیشکێنێ، مەگەر بابی ئێوە نییە؟ بۆ دەبێ شەو و ڕۆژ لەم ژنەتیوە دوور نەکەوێتەوە، خۆ نە دز دەیبا، نە گورگ دەیخوا، ئەو باشتر قەند دەشکێنێ، ئێمە هەموویی ورد دەکەین، دەیکەین بە خاکە.

لەباتی کەوشی جیر، کەوشی پاژنەبڵندی هەڵبژارد، دەورە گۆڕابوو، ئەویش چاوی لە مۆدە و شتی تازە بوو، بەڵام لە کاراندا چاوێکی لەلای هوما بوو، جارێک ویستی سەرو پرچی بە مۆدی ئەو کورت بکاتەوە جیرانەکان دەستیان گرت و نەیان‌هێشت. خاتوونوقرە داوای لێکرد و گوتی:

جا تۆخوا دایکەکەم، پێت‌حەیف نییە، ئەم پرچە جوانەت بە دەمی مقەست بسپێری؟ خەڵک ئێرەییت پێدەبەن، خودا خودایانە سەرو پرچی تۆیان هەبێ دەڵێی بەرەزای شاخانە.

دشەکەی ئەو گوتی:

ئەو کە پرچ و کاکۆڵی بە مۆدەی ئالاگارسۆن دەردێنێ، لەلایەکی دیکەوە حاڵی باش نییە، قژی سەری هەڵدەوەرێ.

هەروایە خاتوو خورشید، قسەی تۆیە. داخی ناوەتە سەر دڵی ئێمە، ئەوەندەی خواردن دروست دەکا موویی سەری خۆی تێدایە، چەندجار ئەم‌شتەم لە دەمی سەی‌میران بیستووە. ئەو ژنە هەرکارێک بکات، هەر ئۆینێک دەربێنێ، ناتوانێ کارێک بکا، موویی سەری هەڵنەوەرێ، هەربینا ڕۆژێک تووک بە سەرییەوە نەما و تەواو کەچەڵ بوو، ئەوسا ناچار دەبێ کڵاومووییی دەستکرد بکاتە سەری!

خاتوو نوقرە لەولاوە هەڵیدایە و گوتی:

خەفەت مەخۆ، ئەگەر وای‌لێبێ حورمەتی دەچێتە سەرێ. کەچەڵ بەخت و شانسی هەیە، ئەگەر کوێریش بێ بەختی چەرمگە.

ئەی بە قوربانی ئەو دەمەت نوقرە، چت‌وت، ئەو پیاوە، هەر دەڵێی جادوویی لێکراوە، نازانم بۆچی ئەم ژنەی ئەوەندە لەکن شیرین بووە. بۆ ئەم هەنگوینەی لە مندا نەدۆزیوەتەوە. لەوەدەچێ

هوما بۆ ئەو، ئەو مریشکە بێت کە هێلکەی دوو زەردێنەی بۆ دەکا، یان بزنە مەرەزە و دوو کاریلەی بۆ دەبینێ، ئای ڕۆژگار عەمرت با بیبا! ئاینو ئۆین و ڕەفتاری ئەوانە هێڕو کاسی کردووم.

ئاسکە مەبەستی چاولێکەری نەبوو، پرچەکانی تاقو جووت زیادە لەحەددی خۆی شۆڕ ببوونەوە هەر بۆیە تەمای بوو بیبڕێتەوە، دەبوو لە گەرماوەکە دەلاڵێک سەری بۆ بشۆرێ، ئەم هەموو شانەکردن و وشککردنەوەیە ئەرک و زەحمەت و دەردیسەری بوو. هەروەختێ ژنێکی لە ڕێگەی حەمام دەبینی سەرو پرچی قوڵە کردۆتەوە دەیگوت:

ئەی خۆزگەم بەخۆت، بریا سەری منیشت لەگەڵ خۆت بردبایە!

هەرچەندە حاجیخانم، هەروەک سەیمیران دەیگوت ئەو دوانە کەینوبەینیان هەیە، لەوێ نەمابوو ئاوماڵێکی دیکە جێگەی ئەوانی گرتبۆوە و بۆ پەلکە گرتنەوە یارمەتی دەدا، ئەو پەلکانەی وەختێ دادەنیشت لە عەرزی دەخشا، کەمتر کەسێک هەبوو حەزی پێنەکا و پێیجوان نەبێ، خاتوو خورشید دەیگوت، پەلکە ئاوی دڵ دەمژێ و شادی و خوشبەختی هەرکەسێک بە ئەندازەی پرچ و پەلکەیەتی! کەوابێ بەم بسک و پەرچەمە کورت و هەڵوەریوەوە هوما لەوپەڕی بەختەوەریدا نەدەژیا؟ خۆشبەختی ئەو لە چەشنی چەپکە گوڵێک بوو، هەروەختێ ڕەنگ و بۆنی بەسەرچوو لە پەنجەرەوە فڕێی دەدەنە دیوی دەرێ، لە ڕوانگەی پیاوەکانەوە دەموو لێوو بچمی ئاسکە لەوپەڕی جوانیدا بوو ئەوەی بۆ جارێک چاوی پێیدەکەوت حەزی دەکرد بۆ ڕایەکیتر پڕ بەدڵ بیبینێ و تێر تەماشای نەدەبوو، هەروەختێ لە بەرامبەر ئاوێنەی باڵانوێندا ڕادەوەستا عەیبی لە ئەندام و قەلافەتی خۆیدا نەدەبینی، تەنانەت وەک حەزکردن حەزی لە بەژن و باڵای خۆی دەکرد. چاوو برۆ و برژانگی درێژ و ڕەش و دوو چاوی لە چەشنی بادامی هێندە نەرمونیان و دڵبەر بوون هەڵچوونی تەمەن و منداڵبوونیش تێکی نەدابوو، بەم هەموو خەم و کۆڤانەوە هەروەک خۆی دەیگوت ئەمەش بەخت و بەشی ئەو بوو، هێشتا ئاسۆی ڕوون دەبینی و دەستی لە بەژنی هومێد بەرنەدابوو، دەتتوانی نیشانەی هیوا و ڕووناکی لە گۆمی مەندی چاوانیدا وەبینی. هەنیە و ئەدگاری خڕو تۆپنی، پێستی زەریف و کولمەی گوڵین و چرۆی لێوی هەروەک دەڵێن: لێو بەکەنین، لە هەرکات و ساتدا دڵبەر و ڕووخوش بوو. جوانی نۆجوانان بوو، قەت وانەبوو کەس لێی برەنجێ و بە مرۆو مۆچی بیبینێ. بۆ ماڵ و مێرد و منداڵی خانم و کابان و بە تەواوی مانا دایک بوو. چەندە هەوێکەی خاوەن نازو عیشوە و ئەدا بوو، ئەویش ئەوەندە خۆڕاگر و کەیخواژن و دڵۆڤان بوو، خۆشەویستی دایکانەی لە دڵی ژن و پیاودا دەچاند، نەک هەوەس و ئارەزووی ڕابواردن و درۆزنانە، فاتمە دوو

ڕەنگە، ئارایشتگەری تایبەتی ئەو، لەم دواییانەدا هەر بیست ڕۆژ جارێک دەهات چاوو برۆی بۆ هەڵدەگرت و دەستێکی بە دەموو چاویدا دەهێنا و دوو قران پارەی لێوەردەگرت، لە کاتی کارەکەیدا یان ئەوکاتەی کەلوپەلەکەی دەپێچایەوە، پڕ بە دڵ پێیدا دەڕوانی و زەردە دەهاتە سەرلێوی و پێیدەگوت:

ئاسکەخانم، بەخودا خانم هەر ئەوەندە جوانی پیاو تەماحت تێدەکا، لە نێو مشتەرییەکانمدا کەسم نەدیوە هێندەی تۆ جوان بێ! من بەم ژنییەتییەی خۆمەوە تەماح گرتوومی ئەم دەمو و لێوەت ڕامووسم. پێمبڵێ با بزانم ئەتۆ ڕاتچۆنە؟

ئینجا، ئاسکە ئاوێنەی لێوەردەگرت و بە سیمای خۆیدا دەڕوانی و لە جوانی خۆیدا دەتوایەوە، لێوە سوورەکەی چەند جارێک بە یەکدا دەهێنا و نەختۆکەیەک ئاڵی دەکردەوە و بەمشێوەیە کە پەسنی وەستای جوانکاری بدات دەیگوت:

فاتمە خاتوون، بەبێ مەرایی دەڵێم، تۆ زۆر لەمێژە منت ڕمۆدەی دەست و پەنجەی خۆت کردووە، ئەم چاوو برۆیەی من هەر بە دەستی تۆ دەڕازێتەوە، ماڵت ئاوابێ نەجاتتدام لە وەسمەکێشان، بسک و ئەگریجەشم جوانە، بەڵام هەر وەک دەڵێن هەزار بەە بەهی هەرمێفرۆش بە نا- یەکی مشتری نابێ.

لەبەر ئەوەی یەک- دوو جار بە گوێی هەڵێنابوو پرچەکانی بۆ کورت بکاتەوە، بەڵام فاتمەخانم زۆری پێجوان بوو، دڵی نەدەهات، تا وایلێهات ڕۆژێک زۆر لە خۆڕادیوانە مقەستی دەستدایە و لە ژوور شانییەوە پەلکەکانی بۆ قوڵە کردەوە، وەختێ ئاسکە ئاوڕی داوە پەلکەی نەمابوو، چووە بەرئاوێنە و سەیری خۆی کرد، لە خەجاڵەتیدا دەستی بە دەمییەوە گرت و بە کەنینەوە گوتی:

لەوەناچێ جوان بێ فاتمەخاتوون.

تۆ جارێ سەبرێکم لێبگرە، بزانە چییان لێدەکەم، هەر تاڵ و لۆیەکی دەکەمە قوڵف و داوێک و دڵی دڵدارێکی پێوە دەبەستمەوە، من تاکوو ئێستا بۆیە سەبرم گرتووە و نەمقرتاندووە پێمحەیف بوو، نەشدەبوو ئاوا بە خێرایی لێتبگەڕێم لە ئاوێنەدا خۆت ببینی.

دەرگای ژوورەکە تەنیا بۆ گلارە نەبێ، لەبەر ئەوەی کچ بوو، بۆ منداڵەکانی دیکە قەدەغە و داخراو بوو، هەر بۆیە ئەوان بە ئاسوودەیی و بە کەیفی خۆیان سەرقاڵ بوون. فاتمەخاتوون زۆر وەستایانە خەریکی ڕێکوپێک کردنی بسک و کاکۆڵی ئاسکەخانم بوو شەلاڵی ئارەقە بوو، ئەوەندەی لە دەستی دەهات درێخی نەبوو لە کاری خۆیدا، تاکوو ئەوساتەی بە شەرمەوە حەقدەستی خۆی

وەرگرت و خوداحافیزی لێکرد. ئاسکە چەندجار لە ئاوێنەدا سەیری خۆی کرد. زۆر لە ڕازی نەدەچوو، پرچی کورت لەگەڵ دەموو ڕوومەتی خڕی ئەو نەدەهاتەوە، دوودڵ بوو ئاخۆم مێردەکەی بەم بیچم و سیمایەوە حەزی پێدەکا یان نا؟

فاتمەی کارجوان بە دڵنیاییەوە پێی‌وت:

تۆ کە پێتوایە ئاوا جوان نی، بزانە تەواو بەهەڵەدا چوویی، جارێ ڕەنگت پێوە نەگرتووە.

بەڵام شەوێ، هەر ئەوەندەی سەی‌میران هاتەوە خێرا ناردی بە شوێنیدا، ئاسکە بە دەستتێکەڵ هاتنەوە چارشێونوێژی دا بەسەریدا و چوو بۆلای، بۆی دەرکەوت لەم ڕۆژانەدا مێردەکەی میوانی دێت، واتە ڕۆژی هەینی، بۆ سبەینێدا، لە باخی قامیشەلان میوانان کۆ دەبنەوە و ئەشێ باش خزمەتیان بکەن، ئەو میوان‌دارییە بۆ شارەداری تازەی شار بوو کە لە تارانەوە ڕەوانەی بەشی ڕۆژئاوا کرابوو.

شازدەموحسێن میرزا و نایب‌حسێن‌خان، موعین‌ممالیک و یەک‌دوو کەس ڕدێن سپی و دەمڕاستی شار لەتەک ئەواندا بوون، هەڵبەت چەند نانەوادارێک ڕەگەڵ کەوتبوون، بەڵام کەس پێیانی نەگوتبوو، ئەم میوانگەلە هەر حەوت کەس دەبوون بەڵام ئەوان لەوە دڵنیابوون سی‌چل کەس دەبن، سەی‌میران مەشرەفخۆش بوو، بزەی لەسەر لێوی نەدەتۆرا، وادیاربوو وەک هەنگ بۆنی گوڵی تازەی بەسەردا چووبێ و کەسپ و داهاتی ڕوو لە زیادبوون کردبێ. وەک خاوەن‌ماڵێکی بە ئەزموون و بە دابی ڕابردوو لەگەڵی کەوتە پرس و مەشوەرەت. چیبکەن و چۆن باشە ئاوا خزمەتی میوانان بکەن. بە گلارەی گوت، قەڵەم و کاغەز بێنێ و ئەو خەرجەی لە بەرچاویان گرتبوو سیایی بگرێ، خانبابا، برای هوما، جافر، کە ئەویش خەڵکی چۆخەسپی بوو شەوێک بوو میوانی ئەوان بوون و خەریک‌بوو بڕۆنەوە، سەی‌میران داوای لێکردن، پەلە نەکەن و دوو ڕوژ دواتر بڕۆنەوە تاکوو ڕۆژی میوان‌دارییەکە یارمەتیان بکەن و بە میوانان ڕابگەن. هوما وای‌بەباش زانی، کەل‌وپەلی پێویست ببەن لە باخی دایننێ، ژنەکانیش پێیان باش‌بوو، ئەو کەسەی خواردنەکەش دروست دەکا هەر لە باخی دەست‌بەکار بێت. بەڵام سەی‌میران پێی‌خۆش‌بوو نانی نیوەڕۆ، لە ماڵێ ساز بکرێ، بە فەیتوون و درۆشکە بۆیان ببەن بۆ باخی، ئەم پێشنیارە هەرچەندە زەحمەتی کەمتر بوو، دەشبووە هۆی سەرسووڕمانی میوانان. هوما و ئاسکەش ڕازی بوون و دەنگیان نەکرد. دیارە سفرە و خوان ڕازاندنەوە بەبێ ژنان کارێکی ساکار نەبوو دانانی زەعفەران لەسەر برنج و کارەکانی دیکەش، وایان‌دانا لەگەڵ ئەو فەیتوونەی چێشت و خواردنەکە دەبا

ئاسکەش بچێتە باخی. سەی‌میران هەڕەشەی لە منداڵەکان کرد ئەو ڕۆژە بەردەستی دایکیان نەگرن و عەزییەتی نەدەن. ئەگەر پێشیان خۆشە بێن بۆ باخی، ئەوا دووای نانی نیوەڕۆ بێن و ژیر و عاقڵ بن. لەو نێوەدا بارام کەیفی ساز بوو، دایکی ڕوخسەتی بۆ لە میران وەرگرتبوو کە بەیانی زوو لەگەڵ ئەو بچێ بۆ نێو باخ.

ئەو ڕۆژە دانی‌بەیانی ئاسکە چارشێوی لە خۆی نەکردەوە و سەروچاوی داپۆشی. لەبەر ئەوەنەبوو کە دوو کەسی بێگانە لەو ماڵە میوان بوون. بەڵکوو شەرمی لە سەی‌میران دەکرد، تەنیا بۆ جارێکیش هەوڵی نەدا سەرو پەچکی بۆ وەدەر بخا، دیارە ئەو پیاوە مێردی بوو، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە یەکدی نامۆ و دوور دەکەوتنەوە، ئەمە سێ هاوین بەسەر ئەم ژیانەدا تێدەپەڕی و ئەویش هەروەک پێڵاوی کۆن و تۆزلێنیشتوو لە سووچێک کەوتبوو خەریک بوو لە بیر دەچۆوە، تەمەن و جوانییەکەی بە بێ‌هۆ تێدەپەڕی و هەر نەبێ ئەم هیوایەی نەبوو کە ڕۆژێک بەکاری ئەم خاوەنە سارد و سڕەی بێت. وەختێ خانبابا و جافر ڕۆیشتن بۆ کاروانسەرا سەری وڵاخەکانیان بدەن، ئاسکە هەر وەک بووکێکی شەرمێون هەنووکە چارشێوی لە سەر و سیمای خۆی نەکردبۆوە، هومای چۆڵبڕ و کۆنەکار، کە بە هەمووشتێکی دەزانی و لە ژێرەوە پێدەکەنی و دەتریقاوە بۆ شۆخی و جەفەنگ پڕی‌کرد بە چارشێو نوێژی ئاسکەدا و تووڕی هەڵدا، بەشکەم سەی‌میران پڕ بەدڵ تەماشای بکا. سەرەڕای ئەم گشتە بەخیلییەی کە هەیبوو سەبارەت بە هەوێکەی هەروەک ئارگووس بە سەت چاوەوە پێی‌دا دەڕوانی، نەکا مێردەکەی لێ‌هەڵگێڕێتەوە و بیبا بۆخۆی، هەروەک ئەو وای‌کردبوو، بەڵام لە دڵەوە بەم کردارەی خۆی ڕازی نەبوو کە دەرحەق بە ئاسکە دەیکا، دڵی تەکانی دەدا و بەزەیی پێدا دەهات، بە عالەمی ئاشکرا دەیزانی ئەمەی ئەو کردوویەتی تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بەم ئافرەتە حەیابەخۆیە، ئەو ژنە سایلۆح و حەپۆلە نەبوو، تەنیا بە ویژدانەوە دەژیا و عەیبەی بەلاوە گرینگ بوو. دەیویست تاقی بکاتەوە، بزانێ سەی‌میران ئەم هەموو سوێندەی بۆ خواردبوو ئاخۆ بەڕاستی دایکی منداڵانی لە بیر بردۆتەوە و مەیلی ناوە، لەو ماوەدا کە هوما ڕۆژی دانێک لە ماڵ نەدەبوو، دەچوو بۆ فێربوونی بەرگدوورین، یانی ئەم پیاوە بۆ تەنیا جارێکیش دەستی وەدەستی ئەم حەڵاڵ و هاوسەرەی خۆی نەکەوتبوو؟ مەگەر هەر ئەو ڕۆژانەی بوو بە ژنەتیوە حەمامی کردبوو؟ بە دەوری خۆیدا دەهات و بە بیانووی نان‌و چایی نیوەڕۆ بانگی دەکرد بێتە دیوەکەی ئەوان؟ ئەویش چاری ناچار بوو ئەم چونە خەیاتییەی بۆ ئەوەبوو لە ماڵێ دانەنیشێ و دیق نەکا.

له ڕاستیدا، وەختێ سەیمیران ئاسکەی بە سەری ڕووتی بینی، بەراست یان بە درۆ، کەوتە تاریف و پەسنی جوانی ژنە و مۆدی تازە، بەڵام دواتر قاقا پێکەنی. ئەم پێکەنینەکاری لەوانی دیکەش کرد. منداڵان کە ئەم ئاڕایشتەیان بەلاوە نامۆ بوو زۆریان بەدڵ نەبوو، مەهدی دەستیکرد بە یاری و جەفەنگ و لەو کاتەدا کە دایکی خەریکبوو چارشێوەکە بداتەوە بە سەریدا ڕفاندی و هەڵات، بیژەن گوتی: دایکم بۆتە ملچەکچەکی ـ بەم قسەیە سەیمیران و هوما، بارام و گلارە، ئەمەیان لە کەیەوە خەریکبوو مەشق و تەکلیفی دەنووسییەوە و بێدەنگ بوو لە قاقای پێکەنینیاندا، منداڵە بۆئەوەی زۆرتر قاقا بکێشن، لە پشتەوە لە دایکی نزیک بۆوە، دەستی بە گوارە و گوێچکەیدا هێنا. جاران لە ژێر پرچ و بسکی زۆریدا کەس نەیدەبینی، بە لاساکردنەوەی مامرفرۆشانی بازاڕی حەسەنخان ـ گوڕاندی:

پارەی یەک مریشکی لاری.

ئاسکە زەردەی لەسەر لێو و دڵی پڕ لە قین بوو ئاوڕی لە بیژەن داوە و مۆڕەیەکی لێکرد.

پووڵی مریشکێکی لاری و خرتو خۆڵ. ئاسکە، ویستی بیژەن دوور بخاتەوە، بەڵام ئەو لاساری دەکرد، بەتەما بوو بەبێ هیچ مەبەستێکی ناخۆش بابە و باوەژن پێبکەنن. ئاسکە تووڕە ببوو، خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و بە هەموو کەیفی خۆی دەبناگوێی منداڵەی سرەواند. خێرا شوێنی چوار قامکی لەسەر ڕوومەتی شووخاڵی هەڵدا و ڕەش بۆوە، سەیمیران زۆر بەم ڕەفتارە قەڵس بوو بە بێزارییەوە گوتی:

ئەی داوەشێی چ ژنێکی!

بیژەن نەگریا، بەڵام وسکوت بوو. وەختێ زانی جەفەنگ و پێکەنین تەواو بوو، دڵپڕ و پەرێشان خۆی لوول کرد و بە ئەسپایی لە دەرگای ژوورە گەورەکەوە فیزماڵکیدایە و بۆی دەرچوو، لەوکاتەدا ئاسکە و عیلو عاشیرەتی لە ژوورەکە هاتنە دەرێ لەبەرخۆیەوە گوتی:

بەخوا ئەم شاباش و مەراییکردنەی پێناوێ سووری دیتووە و سەمای لە بیر چۆتەوە. من وەدوای کڵاوی لار کەوتووم، لووتم پێدا ناهێنێ. ئەشقی خانم لە دڵی کاری کردووە، تازە منی لە بیر بردۆتەوە، شت بە زۆرەملی نابێ.

ئەوەندەی بە نەرمونیانی و سەبری خۆی وەڕەز بوو دە ئەوەندەش پەشیمانی پەلکەکانی بوو، بەڵام ئەمەیان هێندە جێی داخ نەبوو. هەر یەکدوو مانگی دیکە پرچی درێژ دەبۆوە و شان و ملی

ڕووتی دادەپۆشی. تاکوو سێ‌چوار حەوتوو لەچکەی‌دا بە سەریدا و لەو ژنەش تۆرا کە دەموو چاوی بۆ هەڵدەگرت.

بەبێ نەوەستان گەردوون دەسووڕا و ئاسکەش هاتبووە سەر ئەم بڕوایە تازە مێردی دڵدۆڕاوی بە لاق و لەتەری ئەو قینات ناکا، ئەگەر تان‌وپۆی لە هەورێشم بێ و حۆری و پەری دەست بە سەروچاویدا بێنێ، تازە کابرای تاین مەیلی ناوە، سەی‌میران بۆ شانەیەک شارێکی وێران کرد، هەسارەی بەختی لە کەل ئاوا بوو و کەی تیشکی هەتاوی بەرکەوێ ئیتر ئەوە کەس نازانێ.

ئەمە سروشتی مرۆڤە، لە هەمبەر کۆسپ و لەمپەر و دەرد و مەینەتیدا خۆڕاگرە و زۆری پێدەچێ تاکوو بە چۆکدا بێ، بەڵام لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری هەناودا نا، ژیانی ئاسکە ئازاردانێکی ڕۆح و ڕەوان بوو، هەرچەندە دایمە دەوروبەری پڕبوو، ڕاگەیشتن بە منداڵان، خزمەتکردن و لاواندنەوەی ئەوان، نەختێک تای تەرازووی خەمەکانی سووک دەکرد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دڵ هەڵکەندرانی مێردەکەی ببوو بە خۆرەی گیانی. هەروەختێ منداڵەکان پێک‌هەڵدەپڕژان و بە قیژە و هەرا کاسیان دەکرد و جوابە جەنگیان دەکرد، دەیزانی بێ‌دەسەڵاتە و لێی‌ناترسن، دەی‌زریکاند:

دەبەسە وازم لێ‌بێنن، خودا عەمەرکورتووکا، سەرەخۆرەی جوانەمەرگانە. خودا بتانباەتەوە، ژیانتان لێ‌تاڵ کردووم! بریا ئێوەم نەبایە حەوت زەمان بوو لەم کاول‌بووە دەرچووبووم! مەگەر خودا شێتی کردووم، بۆ کێ، لەبەر چی بە بێ‌تاوان بسووتێم و بتوێمەوە!

هەر لەوکات‌وساتانەدا بوو، زۆربەی جار بیژەن لاساری دەکرد و زمانی لێ‌دەردەهێنا و عەزیەتی دەکرد:

هەستە برۆ یاڵڵا دەی، هەر ئێستا بڕۆ، چیدەکەی لێرە؟! دەی، پێی‌وایە ئەگەر بەجێمان بهێڵێ لە برسان دەمرین!

ئاسکە ڕووی تێدەکات و دەڵێ:

بیژەن تۆ گوتت بڕۆم، ها؟ زۆر باشە تازە من دایکی ئێوە نیم. ئەوە دەڕۆم و ناگەڕێمەوە، بچۆ دایکی دیکە بۆ خۆت پەیدا بکە، بچۆ بۆلای هوماگیان، ئەو دایکی تۆیە، با هەڵتان‌چزێنێ، با داغتان بکا، کەمم شیر پێداون، ئێستا لێم یاخی بوون. ئاخری دەکەونە بەردەستی زڕدایک!

ئاسکە خێرا چوو چارشێوی‌دا بە سەریدا و بە نیشانەی ئەوەی دەتۆڕێ، بە دزییەوە خۆی‌کرد بە ژوورەکەی خاتوو خورشید یان نوقرە خانمدا. زۆرجار بە تووڕە بوونەوە ئەو کارەی دەکرد و دواتریش بە پێکەنینەوە تەواوی دەکرد. نیو سەعاتی نەدەبرد دەیانزانی دایکیان لەکوێ خۆی

شاردۆتەوە. هەموویان بە یەکەوە پەشیمان دەبوونەوە و دەچوون بە دەست و قاچیدا دەنووسان، دەیانهێنایەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان. وەختێ جیرانەکان ئامۆژگاری ئەو منداڵانەیان دەکرد لەگەڵ دایکیان باشبن و عەزیەتی نەکەن، قەدری بگرن حورمەتی پێبکەن و دڵی نەشکێنن، ئاسکە ڕووی لێوەردەگێڕان و دەیگوت:

ڕەنج بەخەسار خۆم، بابیان زۆری قەدر گرتم، تاکوو ئەوان لەگەڵم بە حورمەت بن!

ئەوەی بۆ ئاسکە ببووە مایەی خەفەت و دڵتەنگی لاساری و پێکهەڵپڕژانی منداڵەکانی بوو. وەک بڵێی ملکی بابیان بەش دەکەن. حەزیان دەکرد گۆشتی یەکدی بکرۆژن. بیژەن چەقەسرۆ و ناڕەسەن، هەڵدەستا و دادەنیشت لە سەرو سەکوتی مەهدی کزەڵۆکینە و بەر گایلکەی دەسرەواند. بارامیش لە گلارەی دەدا، زۆرجاریش دەستی لە دایکی هەڵدەهێناوە، بەیانان مەهدی داوای چایی دەکرد و دەتۆرا، تاکوو دووسێ شەپلاخە و یەکدوو نقورچکی وەبەر نەکەوتبایە دانەدەکەوت و سرەوتنی نەبوو، سەیمیران وەختێ گوێی لە قیژە و هەرا و هوریای منداڵان دەبوو، بە ڕواڵەت بێدەنگ دەبوو، بەڵام لە دەروونەوە خەفەتی دەخوارد و ددانی بە جەرگی خۆیدا دەگرت، لەبەرئەوەی ئاسکە دەرەقەتی منداڵان نەدەهات، ناچار سەرو قژی خۆی دەڕنی و بە سەریاندا دەیقیژاند، دۆعا و نزای لە ڕۆژ ڕەشی و دایک و بابی منداڵان دەکرد. بۆئەوەی بابی منداڵان گوێی لە دەنگی بێت هاواری دەکرد. سەیمیران بەم کردارە دزێوەی لەمەڕ دایکی جگەرگۆشەکانییەوە کڕوکپ ورتەی دەرنەدەهات و زیندانی بۆ ئاسکە ساز کردبوو، شیش و لەمپەریش ئەو منداڵانە بوون کە ڕێگای دەربازبوونی لێگرتبوو، هەر ئەو منداڵانەش بوون دەلاقەیەکی ڕووناکیان بە ڕووی ئاسکەدا دەکردەوە. ئەو جگەرگۆشانەی کە بەبێ ئەوان ژیانی ئاسکە مانایەکی نەبوو، ئەو زارۆکانەی تەنانەت لە وەختی لاساریشدا بۆ دایکیان خۆشەویست و شیرین بوون. بڵێی ئەو دایکە ئامادە بێت تاڵێک لە قژی سەری ئەو بیژەنە لاسارەی کوڕی بدا بە تەواوی دنیا؟ بەبێ دوودڵی کاریوا ناکا، دەی چۆن دەبێ ناشکوری بکات و بە داخ و دیقەوە سەر بنێتەوە؟ کەوابێ زۆرجار شەوانە وەختێ منداڵەکانی دەخەوتن ئەو بەلایانەوە دادەنیشت و بە دەم فکر و خەیاڵەوە بۆ دووری دەڕوانی:

ئەگەر من ئەو منداڵانەم نەبوایە چکەردەن، دەبوو چیم بکردایە؟ خوایە قەت شوکری تۆ تەواو ناکەم ئەوانە گۆچانی پیری منن. ئەوانە دڵی منن، منیش بەبێ دڵ ناژیم، داهاتووی من هەر بۆ ئەوانە، بۆچی ئەوەندە بە پەرۆش و دڵتەنگم؟ ئەوەندەم خەم خواردووە خەریکە دەتوێمەوە. لە بەینی

منداڵەکاندا، مەهدی نەدەچووە قوتابخانە، شەو و ڕۆژ لەگەڵ دایکی بوو لێی جوێ نەدەبۆوە، ئەوی، لە هەمووان خۆشتر دەویست. هەرچەندە زۆر منداڵ نەبوو بەڵام وەک کۆرپەیەکی دوو ساڵە لە باوەشی دەکرد و هەڵیدەخستەوە، پڕ بە دڵ ماچی دەکرد و شەقەی لێدەهێنا کە دەروجیران گوێیان لێدەبوو. بە گەرمی بە سینگییەوە دەکوشی و دەیگوت:

چاوی دایە، بابی دایە، کەس‌وکارم. تا تۆم هەبێ خەمی هیچم نییە و لە هیچم کەم نییە.

ئەم قسە و حەنەک و لایەلایانە تەواوی بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆی بوو، سەرەڕای ئەم هەموو زوڵم و زۆرەی لەو پیاوە پێنەزان و سەرلێشێواوەی دیتبوو، هێشتا نەیدەویست دەروجیران بەخۆی خۆش بکا. زۆربەی شەوانە لە ژووری خۆیدا لەگەڵ جگەرگۆشەکانی بە کایە و یاری و گاڵتە و جەفەنگ ڕایدەبوارد. بارام چارشێوی دایکی وەک مەندیلی مەلایانە دەبەستە سەری و عەبا زەڕیە کۆنەکەی بابی دەدا بە شانیدا، دەبوو بە ڕەوزەخوێن و ئامۆژگار، دەچووە سەرمنبەر و بە دەنگی زوڵاڵ و خۆش‌بێژەوە دەپەیڤی و هاوساگەلی لە خۆی کۆ دەکردەوە، زارو زێچ لاسای گەروەکانیان دەکردەوە و سەر لەسەر ئەژنۆ لە سنگی خۆیان دەدا و بە درۆ دەگریان لە ژێرەوە پێدەکەنین، سیخورمەیان لە خاڵیگەی یەکدی دەسرەواند. دەکەوتنە هەڵەکەسەما و هوڕایان دەکێشا، هەر شیرین بوو تەماشایان بکەی، پێت‌وایە ئەو دوو کوندە نێرو مێیەی خزابوونە ژوورەکەی خۆیان بەقەی ئەوان لە خۆشی‌دا بوون؟ ئەو کەسانەی بە تەوەزلی و بێدەسەڵاتی لە سووچی ماڵێکدا کوشمە دەکەن و دەرگا لەسەر خۆیان پێوە دەدەن دڵنیابە نەخۆش و دوورە پەرێز و وازیان لە هیچ خێر و خۆشییەکی ئەم دنیایە نییە! ئاسکەش لە چەشنی ماکووکی جۆلا وەستانی بۆ نەبوو خزمەتی منداڵانی خۆی دەکرد و ئاگای لێیان بوو. بەڵێ هەر ئەو منداڵانە پشتیوانی ئەمڕۆ و سبەی ئەم دایکەیان بوون. بۆ چەند دەقیقەیەک چاوی لێخافڵ دەکردن و بە بیانووی نێرگەلە کێشانێک دەچووە ماڵە جیرانی، وەختێ دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکە چ ببینێ، دەتگوت شەڕە کەڵی تێدا کراوە. وەختێ لە خرپەی خەودا بوون، یان دەچوونە قوتابخانە، یان نەخۆش دەبوون، ئەو پێیانەوە سەرقاڵ بوو. فکری ئەو منداڵانە و پێڕاگەیشتنیان ئەوی ماندو و شەکەت دەکرد و ماندووبوونیش خەفەت و ئازار لە بیر دەباتەوە، کەوابێ هەر ئەوەندە ماوە بڵێین چەندە بیابانی لووت، دارو درەخت و گوڵی تێدابوو، دڵی ئاسکەش ئەوەندەی خۆشی هەڵگرتبوو، خەفەت تەواوی هەڵس‌وکەوت و ژیانی لەهەش نابوو، بۆی ببوو بە لوویی نێوچاوانی و هەرچییەکی دەکرد نەیدەتوانی حەشاری بدات، ناحەقیشی نەبوو کە وەک کۆست کەوتن نەبوو خولی ڕۆژگار لە بیری بەرێتەوە، ئەشکەنجە و

عەزیەت و ئازارێک بوو، ڕۆژ بەرۆژ هەلاهەلای دەکرد. ئەم فرمێسک و هەناسانەی ئەو ببوون بە ملەی بێستانی ڕۆحی، تەنیا دڵخۆشیەک کە بۆی مابۆوە، قوژبنی چۆڵی ژوورەکە بوو دەستی لە ئەژنۆی هەڵپێکێ و بە کوڵی گریانی دەشتی شەقار شەقاری هەناوی سارێژ بکا. یان ئەوەی هاوراز و خەمخۆرێک وەبینێ و هەتوانێک بنێتە سەر دڵی لە کوڵی، زێدە لە جیرانەکان، خاتوو نوقرە و کچەکەی زۆر پێیەوە دەسووتان و دڵخۆشیان ئەدایەوە، نەنکە بیبی، چەماوە جارجارە تەشی بەدەست دەهاتە سەردانی و دووسێ شەو لەلای دەمایەوە، بارگەی خەمی بۆ لە کۆڵ دەنا و دۆعای بەخێری بۆ دەکرد. هەرچەندە ئێستا، لە هوما قەڵەوتر بوو، بەڵام وەختێ مەهدی لەدایک بوو تەنیا چەرم و پێشەی مابۆوە، بەڵام نهۆ لەوانەیە وەگەڕێ بۆ ئەوکاتی، ئەوە نزیکەی سێسالٌ دەبوو سەیمیران هاوژین و خۆشەویستی، وەک کۆتری سەربەکڵاو مێوینەی خۆی بەجێ دەهێڵێ و ناگەڕێتەوە بۆ سەرهێلانەی، ئەویش دەستەملانی خاتووهوما ببوو ئەوی لە بیر چووبۆوە. تەنانەت چاوی دیتنی ئەوی نەمابوو، هەروەک ئەوەی ئاسکە مردبێت و کێل و مەزاریشی کوژابێتەوە.

ڕۆحی ئەم هەناسەسارده هێشتا ئاگاداری ئاکار و ڕەفتاری ئەم پیاوە هەوەسبازە بێت؟

نیوەڕۆ یان شەوێ، ئەوەندەی گوێی لە دەنگی کۆخینی بە ئەسپایی مێردەکەی دەبوو کە بە حەسارەکەدا دەهات و دەچوو، وایدەزانی دڵی تیشکی دڵۆڤانی وێکەوتووە و ڕوحم و دڵی تلیساوەتەوە، دەیەوێ بێت سەرێک لەو ژن و منداڵانەی هەڵێنێ.

بەڵام سەت حەیف و خەسار بۆ دڵی پڕ هومێدی ئاسکە! ئەگەر کێوی بێستوون لە شوێنی خۆی بجووڵێ، ئەوە سەیمیرانە و دیاری، لە جێی خۆی واوە نایات و سەر ناکا بە ژووری ئاسکەدا، لەو ڕۆژەوە قەدی لە قەدی هوما هاڵاندبوو پیاسەکردنی حەوشە و حەسارەکەشی تەرک کردبوو، تەنانەت نەدەهات باخچە و گوڵی نێو حەسارێش ئاو بدات، ئەم شتانەی لە بیر چوبۆوە، هەر وەک خاوەنی ئەم ماڵ و ملکەش نەبێ، نە کاری بە هاوماڵەکان بوو، نە لە کەسی دەپرسی، هەر ئەوەندەی مابوو بێژی بەسەر زیندووە، سەری دادەخست و بە قەراخ حەوزەکەدا یەکڕاست دەهات و بە داڵانەکەدا تێدەپەڕی و خۆی دەکرد بە ژوورەکەی خۆیدا. دەتگوت میوانە و غەریبەیە و بە شەرمەوە ڕادەبرێ. هەر لە بەرهەیوانەکەدا دەستنوێژی هەڵدەگرت و بۆ ئەوەی مەحتەل نەبێ خۆی لە قەرەی حەسارێ نەدەدا، وەختێ بڕیار درا لە باخی قامیشان میوانداری بکەن، ئاسکە دڵی بەوە خۆشبوو کە دەتوانێ دوور لە چاوی هوما چەند نهێنییەک هەیە لەلای ئەو بیدرکێنێ، بەڵام هەنووکە هەوێکەی نەناسیبوو، پێیوابوو لە ماڵێ دەمێنێتەوە، هەر بە دوای ئەودا، وەک ئەوەی بچێ

بۆ شایی و زەماوەند خۆی لە گوڵ دابوو، دەستی بیژەنی گرت و لەتەک خانبابا و جافردا کە نان و خوانی نیوەڕۆیان دەبرد بۆ باخی سواری فەیتوون بوو، ئەو لە پێش ئاسکەدا گەیشتە خزمەت سەی‌میران. بێ‌ئەوەی پرسی بە پیاوەکەی کردبێ لەوێ قوت بۆوە، سەید حەزی نەدەکرد میوانان خانمە چکۆڵەی ببینن.

لەو ڕۆژە بەدواو، هەموو بەیانییەک ئاسکە ئەوەندەی غیرەت پەیدا کردبوو بۆ چەند چرکەیەک بانگی بکاتە ژوورەکەی خۆی و پێی‌بڵێ: تاکەی، ئەم تەفرەدانەت لەچییە! بۆ فکرێک بە حاڵی من ناکەی؟! کەی ئەمە ڕەفتارە تۆ لەگەڵ من هەتە؟! بۆ غەدرم لێ‌دەکەی؟! لەبەرچی؟! بۆ، بۆ؟! لێی دەپرسی بۆچی مەیلی ناوە و توخنی ئەم ماڵ و منداڵانەی ناکەوێ؟ بۆ بە دوو چاو لە هوما دەڕوانێ و سیلەی چاوێک ناداتە ئاسکە. بەڵام هەرکارێکی دەکرد ئەم بازە هەڵفڕیوەی بۆ حاڵی نەدەبوو، ئەو ئەوینداری تەوارێکی دیکە ببوو، زۆرجار تاکوو بەرهەیوانەکە دەکەوتە شوێنی، زمانی لەگۆ دەکەوت و هێزی ئەژنۆی نەدەما بەسەر پێوە ڕاوەستێ، بەم گشتە ئازارەوە ددانی بە خۆیدا دەگرت و بە شەرمەوە لە ناخەوە دەسووتا. ئەم مات‌بوون و سەرداخستنەی سەی‌میران هەروەک ئەویشی نەدیبێ زۆرتر خەیاڵی لەلا ساز دەکرد. هەتا وای‌لێهات ڕۆژێک بانگی کرد:

مەشەدی!... زەحمەت نەبێ دە دەقیفەیەک کارم...!

سەی‌میران ڕووی دەکردە بەرهەیوانەکە و بە بزەیەکی کرچ و کاڵەوە، چاو و برۆی تێک‌دەنێ، وەک ئەوەی حەز بە چارەی نەکا دەڵێ:

چت‌دەوێ، بۆ ڕێگەت پێگرتووم؟!

ئاسکە، بە لێوی سوورەوە، بسکی بە دەم شنەی بەیانییەوە کەروێشکەی دەکرد، دەیزانی میران واهەست دەکا بەسەر پەنگرەوە ڕاوەستاوە. ئەویش وەک ئەوەی لەگەڵ کابرایەکی چاوحیز بەرەوڕوو بووبێ کەوتە دڵەکوتە و سەرلێ‌شێواوی، ویستی تۆزێک ورەی بەرز بێتەوە سەری هەڵتەکاند و بسکی بەلادا خست، بە پچڕپچڕەوە گوتی:

کاتژمێرەکەمان دوا دەکەوێ، ویستم بیبەی بۆسەر وەستا، منداڵەکان بەبێ سەعات وەخت و کاتیان لێ‌تێک‌چووە.

بۆ کار ناکا؟ لە کەنگێوە وای‌لێهاتووە؟

ئەوە یەک مانگە خراپ بووە، وەرە ژووری دەستێکی لێ‌بدە، لەوانەیە وەستای نەوێ.

سەی‌میران نێوچاوی تێک‌نا و لەسەر پاژنەی پێی وەرسووڕا بڕوات، گوتی:

باشە، باشە بۆ ڕۆژێکیتر.

ئاسکە هەردوو دەستی بەسەر سنگی خۆیەوە کردە خاچ، وەختێ پێی نایە ژوورەکەی خۆی بە زەردەخەندەیەکەوە گوتی:

ئۆی، هەڵات و بۆی دەرچوو!

سەیرە من و ئەو پیاوە هەر دەڵێی جنۆکە و بیسمیللاین. ئەوەندە خۆی ڕانەگرت قسەکەم تەواو بێ وایدەزانی خێرا قووتی دەدەم!

هێندە کەوتبووە ژێر گوشاری ڕق و تووڕەبوونەوە، دڵی پڕیشی لووزوی نەخستە سەر هیلوونی چاوی، مەهدی لە بەرهەیوانێ ڕاوەستابوو، وەک حەنەکچیان لاسای بابی دەکردەوە، دایکی هەناسەساردی بە دەم قوڵپی گریانەوە بۆ بەختی ڕەشی دای لە قاقای پێکەنین!

ئاسکە بە دوای ئەم دیمەنەدا خاتوو خورشیدی ڕاسپارد، ئەو ژنە لەمێژ بوو لەگەڵ هوما کەینوبەینی هەبوو، بەڵام بە بێهۆ لە ئاسکە دڕدۆنگ بوو قسەی دەهێنا و دەبرد، دەمامکی دەدا بە ڕووی ئاکارە دزێوەکانی سەیمیراندا، تیزو تانووتی دەگرتە ئاسکە، لە بەرامبەر پیاواندا بە زیرەکییەوە قسەی دەکرد و کەمی نەدەهێنا و سەری بۆ کەسێکیش دانەدەنەواند. میرانیش لە قسەی دەرنەدەچوون. ئیتر ڕۆژێک خاتووخورشید لە چەقی دەرگای دالانەکەدا بەرۆکی سەیمیرانی گرت و بە زمانی خۆی پێیوت بچێ بزانێ ژنە گەورەکەی چ کارێکی پێیەتی!

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم گفتەدا تێپەڕی، شەختە و سەرما تەنکەبەفری دا بەسەر شاردا، وشکەسەرما دەرگای بە فەقیر و هەژاران گرت، ڕۆژێک پێشنیوەڕۆ بۆ ئەوەی کاڵەی دەپێ بکا، زووتر لە ڕۆژان هاتەوە بۆ ماڵێ، هوما چووبوو بۆ دووکانی بەرگدوورین. بەبێ ئەوەی پێڵاوی داکەنێ وەسەر فەرش و مافوورە پەڕی و پاڵی بە تاقەکەوەدا و گوتی:

بەڵێ، ئاسکە، ئەوە من هاتم، چت لە من دەوێ؟!

ژنە بە ڕووی خۆشەوە، کە چاوڕوانی وەفا و خۆشییەکەی جارانی لێدەکرد گوتی:

چم لە تۆ دەوێ؟ تۆ نازانی داوای چی دەکەم؟ حەز دەکەم بتبینم، ئەو حەقەم نییە، تۆ مێردی من نی؟!

چاوی تەژی لە ئارەزوو و خۆشەویستی لەڕێوە پڕ بوو لە فرمێسک، بۆئەوەی ددان بە خۆیدا بگرێ؟، لێوی خۆی گەزی، سەری داخست و دەستو پلی خۆی هەڵگلۆفی. سەیمیران خۆی گەیاندە تاقەکەی ئەولاتر، شتومەکی بارامی تێدابوو، کەموسکەیەک سەیری کاردەستی و کردەکانی

جگەرگۆشەکەی کرد. ڕێکوپێک لەوێ ڕیز کرابوون. هەر لەو کاتەدا بە زمانێکی گاڵتەجاڕی خۆی لێ‌گێل کرد:

ئەوەنییە هەموو ڕۆژێ چاوت پێم‌دەکەوێ! بەست نییە؟ ئیتر بۆچی بێم بۆ ژووری تۆ؟

ئاسکە وتی:

هەر ئەوەندە و هیچی‌تر؟! وامان‌دانا، تۆ مێردی من نی، یانی خۆت شۆردۆتەوە، ئاخۆم دەتوانی منداڵەکانت وەلا بنێی؟ ئەوانیشت فڕێ داوە؟

کێ دەڵێ خۆم شۆردۆتەوە، جا بۆ ئەو منداڵانە چ ناگوزەرانییەکیان هەیە؟

هیچ، ئەوان لە هیچیان کەم نییە!

ئاسکە قسەی بۆ نەدەهات، وەک بڵێی تووشی لەرزوتا، بووە، دەتگوت ئەوکی ڕێک دەگوشن. نووزەی دەرنەدەهات، وەک نارەزاییەک کرۆکپ بە بوغزێکی تایبەتەوە ڕووی لە میران وەرسووڕاند، چوو پاڵی‌دا بە لاشیپانەی دەرگا ڕەنگ هەڵوەریوەکەوە، بەبێ ئەوەی وتەیەکی ئاوێتە بە سەفا و دڵۆڤانی لە مێردەکەی بژنەوێ، سەرنجی بۆ دەرێ ڕەوانە کرد و لەوپەڕی گوێسوانەوە لە ئاسۆی ساماڵ ڕاما، لەپڕ خۆی لە میران نزیک کردەوە، زۆر بە غیرەتەوە کە قەت ئەو چاوەروانییەی لێ‌نەدەکرا، ڕووهەڵماڵاوانە دەمی کردەوە:

بۆ لەگەڵ من ئاوا سارد و سڕی، ئەمڕۆ لێرە و بەیانی لە بازاڕی قیامەت، لە هەمبەر خودادا چی دەڵێی؟!

سەی‌میران سەری داخست. لە پێشدا نەیدەویست وەڕووی خۆی بێنێ، ئاسکە چارشێو بەسەر قیت لەبەر دەمیدا ڕاوەستابوو. دڵپڕ و چاوەڕوانی پەشیمان‌بوونەوە بوو، دیسان هەر وەک پێشتر تێهەڵچۆوە:

دەتەوێ تا کەنگێ ئاوا دەستخەرۆم بکەی؟ نابێ بزانم من لەم ماڵەدا کێم و چکارەم؟!

میران، بە شەرم و حەیایەکی پڕ لە پەشیمانی تێی‌ڕاما:

حەقی خۆتە ئاسکە، ئەگەر ڕاستت دەوێ سەرم لە خۆم شێواندووە، خۆشم نازانم چۆن لەم زەلکاوە دەرباز بم!

ئاسکە بە نەترسی چاوی لە چاوی بڕی:

سەیرە! تۆ خۆت نازانی چۆن دەرباز بی؟ چارەی دەردی خۆت نازانی؟ تەنیا تۆ لەم دنیایەدا دوو ژنت هەبووە؟! ئەیەڕۆ چەندە پیاوێکی بەزیپک و زاکوونە! بۆ هەر دەبێ تۆ دەستەوستان

ڕاوەستی؟ بۆ دەبێ تای تەرازووت لەنگ بێ؟ ئای بمرم بۆ تۆ، تا ئێستا کەس وای‌لێ‌نەقەوماوە! داوت نەبووە بە داوی کەسێکەوە خێرا نەجاتت بێت! ئەمە هێشتا خەریکە ئەمە کاریەتی، ئەگەر پیر بێ دەبێ بەچێ؟ دەبێتە فەرهادکوژ مەشەدی میران! کارەکە ئەوەندە گرێ‌پووچکە نییە باوەلێ، تۆ سەرت لێ‌شێواوە! تۆ خاوەنی دوو ژنی و دەبێ تای تەرازووت بەرامبەر بێ! ئەگەر ئەمەت بۆ ناکرێ ئەشێ لە من و لەو یەکمان ماڵئاوا! ئەگەر تۆ حازری دەست لە منداڵەکانت هەڵبگری قەیناکا هوما بۆ تۆ و دەست لە من بەردە!

قسەی خوڕایی دەکەی ئاسکە!

سەی‌میران، پێش‌ئەوەی بچێتە دیوەکەی ئاسکە، دەیزانی کابانی گەورەی ماڵ چی‌دەوێ و داوای چی لێدەکا. ئەگەرچی زۆری بێ‌وەفایی و زوڵم و زۆر لە شووکەی دیتبوو بەڵام هێشتا باوەڕی بە ئەشق و خۆشەویستی نێوان میران و هوما نەبوو، بێجگە لەوەش دژوێن و قسەی ناحەزی پێدەگوت، سەی‌میران کۆپەڕێکی لە تاقەکە هەڵگرت و چاوێکی بە پەڕەکانیدا گێڕا و لەسەر جێی خۆی داینایەوە، وەک بڵێی چیدی تاقەتی گوێگرتنی نەماوە، یان ئەوەی ترسی هەیە کات‌وساتی بە نرخی لە کیس بچێ، وردە وردە بۆلای دەرگاکە ڕۆیشت، ئاسکە لەوە نیگەران بوو بڕواتە دەرێ، بەپەلە چووە بەردەمی بە ڕەفتارێکی منداڵانەوە لە بەرچاوی میران، کە لەوکاتەوە سەرکۆنەی دەکرد، توند بەرۆکی گرت و قۆڵی کردە قۆڵی، بە نیوەشەڕ و نیوەئاشتی گوتی:

بەتەمای هەڵبێی لە دەستم، من لێت‌ناگەڕێم من... من... دەبێ هەر ئەمڕۆ ژیانی من ڕوون بکەیتەوە، ئەوە ژیان نییە منی تێدام، خۆ من کوێلە و لێقەوماو نیم بە سەدەقەسەری بەڕێ بچم. ئیتر بە جەرگم گەیشتووە، ئەشێ هەر ئەمڕۆ لایەکمان بە لایەکدا بخەی!

سەی‌میران، خۆی بۆ ژنە شل کرد و لە بەردەرگای ژوورەکە واوە هاتن، تاکوو هاوماڵەکان نەیان‌بینن، لەبەرخۆیەوە گوتی:

خودا لایەکی بە لایەکدا خستووی، ئەوەنییە ئەم ئەرکە پیرۆزەی پێ‌ئەسپاردووی، منداڵەکانت گەورە دەکەی، مەگەر نەت‌بیستووە بەهەشت لە ژێر پێی دایکان‌دایە، ئیتر بۆ ژنێکی وەک تۆ کە دایکی چوار منداڵی گەورە و بچووکە جێگای شەرمە و بۆ چاوەڕوانیش نابێ...

چی شەرمە؟ ئەوەی‌کە دەڵێم ڕووناکایی بخە ژیانم؟

هەرچییەک تۆ وتت، ژیانت گوزەرانت، ژن دەبێ قینات بکا، دەبێ خۆڕاگر و بەسەبر بێ، خۆ نابێ من ئامۆژگاری تۆ بکەم. ساڵانی زوو، بووک هەر شەوی زاوایی مێردی خۆی دەبینی، ساڵی

جارێک بە یەکەوە نەدەخەوتن! کوڕی دەبوو بە پیاو ئینجا باوکی خۆی دەبینی. ئاسکە لەوکاتەدا دەستو دڵی سارد دەبۆوە لووتی لێ بادەدا و دەیگوت:

دەی زۆر باشە، لەم ڕۆژگارەی ئێستاشدا زۆر پیاو هەن لە پاش دوو ساڵو نیو هێشتا شەوی پەردەیان نەگەیوەتە بەیانی، چیرۆکم بۆ دەگێڕییەوە، بە لایەلایە دەمخەوێنی؟! ئەی بۆ سێ شەو سێ شەو لە دیوەکەی ئەو نایەدەرێ، بۆ ئەو هەنگوینە و من قوزەڵقورتم؟! تۆ هەر ئەوەندە کە من دایکی منداڵەکانتم ڕیشەی جەرگی منن، ڕێز و ئیحتەرامی دایەنێکت بۆ دانابایەم خەمی چم هەبوو، گلەییم بۆ لێدەکردی، ئەم حەز و خۆشەویستییەی من بڕوام پێیهەبوو هەموویی با بردی، بیرەوەری و کوێرەوەری نێوانمان بوو بە بڵقی سەر ئاو، بۆ لەخۆڕا بوومەتە وشکەچێو، ئەوەی پەلەوەرێک لە قەفەزدا ڕابگرێ ڕۆژی جارێک سەری دەدات و دانی بۆ ڕۆ دەکا، بەڵام تۆ بە ساڵ و مانگ سەر بەم ژوورەدا ناکەی بزانی ماوین، مردووین، بۆ سەدەقەسەریش بێ، لەبەر قسەی خەڵکیش بێ من و منداڵەکان بدوێنە، ئەی بۆ بۆ خزموکەسی ئەو ئامادەی دەستەو نەزەر ڕاوەستی، بەڵام حەز بە دیتنی ئێمە ناکەی، ئەگەر من دایکی ئەو منداڵانەم تۆش باوکیانی. پێتوایە لە بیرم دەچێ ئەو ڕۆژەی بە سەرکەوتنەوە لە شارەدارییەوە هاتییەوە، وەختێ زانیت مەهدی ون بووە، هەروەک کوڕی تۆ نەبێ بۆت گرینگ نەبوو. بە حەوتە و مانگ نەخۆش بێت لێیناپرسی و دڵسۆزیت نییە، مەگەر هەر ئەو منداڵەی جاران نییە، لە باوەشت دەکرد و دەتبردە بەرتاقەی ژوورەکە و ئیستیکانی پاریسی بەردەداوە و دەیشکاند و قاقات بۆ دەکێشا؟ یانی ئەوەبوو ژن و مێردایەتی نێوان من و تۆ؟ بەسیەتی میران، چیدی زووخاو مەکە هەناوی منەوە! تاقەت و سەبریش ئەندازەی خۆی هەیە، ئەوە سێ ساڵە گوڕپەم پێدەرەخسێنی، شیشەی داغ بە جەرگمدا دەکەی، سێ ساڵە قوڕوقەپم کرد و لە ئەلف نەهاتوومە بێ، ئیتر منیش کاسەی سەبرم لێوڕێژ بووە، هەر ئەمڕۆ، دانیشە و ڕێگای ڕوون بنێ بەردەمی من و زارۆڵەکانم ئەمن دایکی ئەو منداڵانەم تۆش مێردی منی؟

زۆر باشە، ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە، هەروەک خۆت وتت سێ ساڵت سەبر کردووە، یەکدوو ڕۆژێک دەنگ مەکە، با بزانم فکرێک، چارەیەک، ڕێگایەک دەبینمەوە.

ئاسکە دەستی خستە سەرشانی بە نەرمی چاوی پاڕانەوەی تێبڕی و بە بزەیەکەوە:

ئەی بۆ ئێستانا؟ بە خاتری منداڵەکانیشتبێ تۆزێک ڕوحم و دڵت هەبێ، دڵمان لێمەبڕە، وەبزانە بە دلۆڤانی خۆت نانێک دەکڕی و دەیدەی بە گەدایەک.!

ئێستا کاری بەپەلەم هەیە و دەبێ بڕۆم. میرزانەبی و زۆریەک لە هاوڕێیانی خاوەن نانەوا، لە قاوەخانەی بازاڕ چاوەڕێمن، بچین سەردانی هەمباری دانەوێڵە بکەین. لەوێ لەگەڵ نوێنەری ئاشەوانەکان کۆ دەبینەوە لە نێوان شارەداری و ئابووریدا لەسەر دانەوێڵەی شار دووبەرەکی و کێشە ساز بووە. جارێ با بزانین ئەوانە لایەکیان بە لایەکدا دەکەوێ، ئاشەوانەکان پێیان خۆشە دەسەلات بەدەست شارەداری بێت. وادەزانن بە قازانجی ئەوانە، بەلام بەهەڵەدا چوون، جگە لەمانەش زۆر شتی دیکە هەیە دەبێ چارەسەریان بکەین.

سەی‌میران دەستی‌کرد بە گیرفانی باڵتەکەیدا دەسماڵێکی گرێ‌دراوی نیشان ئاسکەدا، دوو پاکەت ئاردی تێدابوو، یەکیان ورد و یەکیان درشت، هەریەکەی هی ئاشێک بوون. قەرارە قەول لە ئاشەوان بستێنن باشتری بهارێ، لە دیوی حەسارێوە لە بەرهەیوانی ژوورەکە، دەنگی پێی کەسێک هات، میران پەردەی دەرگاکەی داداوە و لە شووشەکەوە سەیری دەرێی کرد، ئاسکە گوتی:

مەترسە، هەتا نیوەڕۆ هوما نایەتەوە، من سەرم سوورماوە ئەم ژنە چ سێحر و جادوویەکی لە تۆ کردووە ئاوا عەرز وەخۆت ناگری! ئەرێ، میرەگیان، ناتەوێ ئەم ڕازە بدرکێنی؟ بەڵێ دەزانم!

درەنگە دەبێ بڕۆم.

هیچ پەلەیەکت نییە، هەر قسەکەی خۆمە، دەتەوێ لە چنگ من دەرباز بی، لەوە دەترسی خانمەکەت پێبزانێ هاتوویە ژوورەکەی من. تۆ ویژدان و شەڕافەتت، ژیانی خۆت بە هەودایەکەوە بەستووە و داوتەتە دەست ئەو ژنە، کەچی خۆشت باوەڕت پێی‌نییە، هەر بۆیە ناچاری دوودڵ بی و بترسی. لەمەش ناخۆشتر بەرامەی ئەم ژوورەت پێناکەوێ! ئەوانەی لەم ژوورەدا دەژین جاران خاوخێزان و ئەمڕۆ مشکەماڕن بۆ تۆ. بۆیە لەبەریان هەڵدێی وەک من دەبینم نازانم ئاخری کاری تۆ و ئەو ژنە و ئێمە بەکوێ دەگا!

ئاسکە لە بەرامبەریدا زۆری لێ‌توند بوو، ڕق و قین پەردەیەکی تاریکی بەسەر چاویدا دابوو، ددانی بە خۆیدا گرت چیدی ئەسرین هەڵنەوەرێنێ، هەر بۆیە هێدی و لەسەرەخۆ بوو، بەم هەموو حەولەوە سەی‌میران پێمل نەدەبوو، هەر زمانی نەدەگەڕا، تەنیا بە ڕستەیەک دڵی بەدەست بێنێ، هەرنەبێ بە جۆرێک بە دڵخۆشی بەجێی بێڵێ، ئەو بەراستی پیاوێکی خاپینۆک و ڕیاکار نەبوو، نەیدەویست ئەم ژنە تەفرە بدات خۆ لەوانەیە پێی‌خۆش نەبوو بێ لەو هەل‌ومەرجەدا بە قسەی پووچ و بن‌شڕ هەڵی‌خەڵەتێنێ، ئیتر وەختێ ئاسکە زانی میران خەریکە دەڕواتە دەرێ بۆئەوەی مەرهەم بنێتە سەردڵی زاماری، خۆی گەیاندە بەردەمی و هەردوو دەستی کردە ملی، لەو کورتەبالاتر بوو،

لەسەر پەنجەی پێ ڕاوەستا، ملی بەرز کردەوە تاکوو ماچی بکا، ئەو کارەی ئەو بە بڕوای سەیمیران زۆر بێئامادەبوون و منداڵانە بوو، ئەگەرچی لە پێشدا سەری سووڕما، بەڵام وریایی خۆی لەدەست نەدا، تێر تەماشای زەردەی سەرلێو و دوو چاوی پڕ لە پاڕانەوەی ئاسکەی کرد ئەو کە نەیتوانی لێو بە لێوی میرانەوە بنووسێنێ ئەوکی ڕامووسی، هەر دەتگوت قاتی بە دەمەوەیە وەک برسی و تینوی نان و ئاو پڕی بە گەردنیدا کرد. سەیمیران وایدەزانی بۆق بە ملییەوە نووساوە، موچرکی پێداهات. بە دەستی تەڕایی سەرملی سڕییەوە، ئەم کارەی ژنە زۆرتر بێزاری پێوەبوو، (هەمووشت بە پارە و پاڕانەوە دەستدەکەوێ بەڵام ئەوین و خۆشەویستی نا،) حیسابی دڵ ماوەڕای ئەمشتانەیە، هەنگی دڵی سەیمیران لەسەر گوڵی ئاسکە نەدەنیشتەوە. حەولی ئاسکە هەناسەی عیسا نەبوو مردوو زیندوو بکاتەوە بەڵکوو زێدەتر گۆڕی مردووی گڵەبان دەکرد! گریان و لالانەوەی ئەو لە بەردەم ئەم پیاوە دڵڕەقەدا وەک فرمێسکی کەباب وابوو تینی ئاگری خۆشتر دەکرد. مەهدی ماشێنێکی پەلاستیکی بە دەستەوە بوو لە بەرهەیوانەکە یاری پێدەکرد. سەیمیران لەوە تووڕە بوو ئەم سەرەژنە بۆ شەرم لەو منداڵە ناکات، گوتی:

بەرۆکم بەردە با بڕۆم. لێمگەڕێ ژنیچاک، دەڵێم کارم هەیە دەڕۆم. ئەوەنییە دەڵێم بەپەلەم؟ خۆ من داری سەرچاکی نیم بەرمنادەی، حەفتەیەک، پازدە ڕۆژ مۆڵەتم بدەیە با چارەسەرییەک بدۆزمەوە بۆ تۆش و ئەویش.

سەیمیران ویستی لە دەست ئاسکە هەڵێ بەڵام ئەوبەری نەدەدا، چارشێوی سەری داکەوتبوو، وەختێ دانیشت و باوەشی بە لاقی میراندا کرد، هەروەک جاری جاران پەلکەکانی لە عەرزی دەخشکا.

کوڕە بەسیەتی میران، بە جەددی خۆت سوێندت ئەدەم، بە شاڵی سەوزت، لەوەی زیاتر جەرگم مەکوڵە، بۆ ئەوەندە بێوەفا و دڵبەردی تۆ، (قاچو قول و پێڵاوەکانی ماچ کرد.)

میران، کە زانی زۆر وەدرەنگی کەوتووە، دایکی منداڵانیش دەستبەردار نییە، زاڵمانە خۆی ڕاپسکاند و گوڕاندی:

تۆ چتدەوێ ئاسکە؟ چت لە گیانی من دەوێ، دەستم لە کۆڵ بکەوە، تۆم ناوێ دەبڕۆ وازم لێبێنە، شت بە زۆر نییە، دەورە بمکووژە، خۆشەویستی خۆ سنگ نییە لە دیواری دابکوتی، ئاختوچار دەکەم دڵم تۆی ناوێ!

من چیم کردووە، تاوانم چییە، حیز و دزم، لە من بێزاری؟ پیس و نەخۆشم؟!

نە دزیت کردووە و نە ماڵانگەڕی خۆشم ناوێی تەواوبوو، ناچارم دەکەی ئەوەی لە دڵمدایە بۆتی هەڵڕێژم. ئاسکە، خۆ هەر خراپی مەرج نییە. لە تۆ وەڕزم، لە پێشچاوم ڕەش بووی لە بەرچاوم لە دێو و درنج دزێوتری، حەز بە کوێربوونی خۆم دەکەم بە دیتنی تۆ نا، مەیلی منداڵەکانم نەناوە و ناشینێم، بەڵام هەر ئەوەی خوێنی تۆیان لە دەماردایە، خۆشمناوێن، ئەوە بۆم لە بنی کولەکەدای، تۆم ناوێ و ببی بە ئاوی حەیات بە گەروومدا ناچیتە خوارێ!

ئاسکە هەردوو دەستی سارد بۆوە، ئەژنۆی لەرزی و لە جێی خۆی دانیشت. زمان لە دەمیدا وشک بوو، هەست و خوستی لێبڕا، هەرچەندە ڕەفتاری میران لە ڕابردوودا هەمووی دەرد و ئازار بوو، بەڵام ئەو ئەم قسانەی ئێستا لە دەمی دەرپەڕی، ماوەڕای هەر شتێکیتر بوو، ئەم قسانەی میران بەندی دڵی داخست، ئیتر چیدیکە مابوو بیبیستێ، ژوورەکە بە دەوری سەریدا هەڵدەخولا، ئەم قسەیەی میران بۆ ئەو وەک ژەهری هەلایهەل وابوو، بەڵام بە زەحمەت دەیتوانی باوەڕ بکا، ئەمە تیرو تانووت نەبوو تەنیا دڵهێشانی لێپەیدا بێ. ئەوە زەبرێکی گورچوو بڕ بوو وەک برووسکەیەکی ئاسمانی کۆشک و تەلاری ئاسکەی بە ژین و ژیانەوە بەسەر یەکدا خاپوور کرد. ڕۆح و جەستەی بەسەر یەکدا هەڵقرچاند. ئاسکەی هەناسەسارد بە بەرچاوی خۆیەوە ئەوین و خوشەویستی چەندین ساڵەی زیندەبەگۆڕ دەکرا، خۆزیا ئەم ڕستانەی نەبیستبایە!

بەدوای هەڵچوونی ئەم بورکانەدا سەیمیران ئەوەی لە ناخیدا بوو دەریبڕی، لە پەنا دەرگای ژوورەکە هەڵترووشکا، قوتووی جگەرەی لە باخەڵی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و لقەشەمچەکەی فڕێدا دیوی حەسارێ، هەرچەندە کەللە و مێشکی دەهەژا، بەڵام لەمەڕ ویژدانەوە خۆی بە ئاسوودە دەزانی، ئەدگاری تێکچڕژابوو، ئەو کە هەستی دەکرد بارێکی گرانی لەسەر شانی خۆی داناوە، چاوەڕوان بوو بزانێ خێزانی کە بە بێپەردە لە ڕاز و مەبەستی ئەو گەیشتووە بە چ قسەیەک پەرسیڤی دەداتەوە؟ بەڵام ئاسکە هیچی بۆ وتن پێنەبوو، پەژارە و خەم وەک کوتکی ئاسنگەران دەدرا بە تەوقی سەریدا و نەهامەتی و چارەڕەشی لە هەناویدا تریتانەی دەکرد، دڵی لە کوڵی قوڵتی ئەدا و بە لووزە و ئەسرینی بەڕێی سەر پلووسکی چاوی دەکرد. دەیتوانی چی پێبڵێ؟ هەر ڕێگایەک ئاسکە پێیدا ڕادەبرد بە کۆتایی دەگەیشت تەنیا شتێک کە بیتوانیبایە ئەو بە حەسانەوە بگەیەنێ دەرچوونی ڕۆحی بوو! دەڵێن ڕۆح لە جێیەکی سەختدایە و نایەتە دەرێ، ئەو دەیتوانی لە هەمبەر دنیایەک کوێرەوەری و ژێرچەپۆکەیدا بمێنێتەوە و شانی دانەخزێ، بەڵام نەیدەتوانی تێکشکانی ئەشق و ئەوین قەبووڵ بکا، ئەویش ئاوا تێکشکانێک، زاڵمانە و بەدوور لە ویژدانی

مرۆڤایەتی. لە پاش حەڤدە ساڵ ژیانی تاڵ و شیرین، پڕ لە چزەوبزە، دوای ئەوەی گوڵی تەمەنی و هەوێنی ژیانی بەخاتری بەڵێن و پەیمانێکی کاغەزی، کە ئێستا موتوربە دراوە، بە چوار عەولادەوە، بە چوار جگەرگۆشەوە، هەمووی بوو بە بڵقی سەرئاو و وەک بەفرەکەی پار تواوە، مێردی بێوەفا بەم قسە گورچووبڕە، شووشەی تەمەنی بە ڕقەوەدا بە بەردی بێستووندا، لە کوێ و لە لای کێ گازندە بکات و دادی خۆی بۆلای کێ بەرێت؟ قسەی ئەم پیاوە حەق نەبوو بەڵام قانوونی بوو. تۆم ناوێ، تەواو و بڕایەوە! تەنانەت لە بازاڕیش وەختێ کاڵایەک دەکڕن، وەریناگرنەوە! کەچی ئەم پیاوە بێوەفایە لە پاش حەڤدە ساڵ پێکەوە ژیان، خەریکە بە چاوی دەفرێکی لەکار کەوتوو لە ئاسکە دەڕوانێ و بە بڕوای خۆی مەسرەفی نەماوە، خەریکە لە پەنجەرەوە فڕێیداتە دیوی دەرێ، ئەشقی هوما بە چەشنێک ڕەگی بە ناخیدا بردبووە خوارێ، کە جێگای هیچی نەهێشتبۆوە، حەز و تاسە، خۆشەویستی و دڵۆڤانی، ویژدان و حورمەت، چ شتێ لەمانە ڕووی خۆشیان لەگەڵ ئاسکە نەمابوو، ئەگەر هەشبووبن ئێستا بۆ ئەوەی ئەم ئافرەتە بەختەوەرگەڕاوە نەبینن پەردەیەکی ڕەشیان بە سەردا کشاوە. فکرو زکری هوما لەسەر مێشک و زمانی میران لە چەشنی هەنگ شانەی هەڵبەستبوو، لە خەو و بەخەبەریدا، لە ئاو و ئاوێنە و دارو دیواردا سیمای هومای دەبینی و چزەی ئەوی لە بزەی ئاسکە بەلاوە شیرینتر بوو. کەوابێ چۆن منداڵی لە بیر دەمێنێ. ئەو سەهلە خۆی، ئامادە بوو سەری جگەرگۆشەکانی بە ئاسکەشەوە بکاتە بەردەبازی هوما بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری ژیان. ئاسکە بڕوای وابوو هوما ماری حەوتسەرە و لەسەر خەزێنەی دڵی سەیمیران پاپۆکەی خواردۆتەوە. بۆچوونێکی ڕاست بوو، بەڵام سەیمیران ئەم گفتانەی کە بە دەمیدا هاتن لە کاتوساتێکی ئاساییدا نەبوو، زۆرجار هۆگەلی ناشیاو هەمووشت ئەدا بەیەکدا، ئەگەر ئەو نەیدەویست حورمەتی خۆی و منداڵەکانی بخاتە نێوان خوشەویستی ژن و مێردەوە، هەموو ڕۆژێ عەزابی ویژدان بە چاوی مێردەکەیدا نەدەدایە، بێگومان سەیمیران بەمجۆرەی لە بەرچاوی نەدەکەوت. ئەگەر ئەو پیاوێک بوایە فەرق و جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ژنە دانەنایە و یان خاوەنی خووخدەیەکی پووچ بوایە ڕەنگە ئەوەندەش دڵدۆڕاوی هوما نەبوایە، هەرنەبێ سەبارەت بە دایکی منداڵەکانی ئەوەندە دڵی ڕەش نەدەبوو. هەرنەبوایە بەمشێوەیە دڵی نەدەشکاند. ئەو ژیانی شارستانییەتی ڕەچاو کردبوو، وەک دەڵێن ڕەئیسی ئیدارەی نانەواو پیشەییەکان بوو، خەڵک بە چاوی میرێک سەیریان دەکرد. ئەو لەمپەرێک بوو بۆ سازبوون و هەڵگیرساندنی کێشە و ناخۆشییەکان، ڕیشچەرمووی گەڕەک و دەمڕاستی ئاوایی بوو، بەڵام بۆ لە ژوانگەی دڵداریدا بۆتە شێری دڕندە؟

لەولاشەوە بەم گشتە زوڵم و غەدرەوە لەگەڵ خاتوونەگەورە، ڕووڕاست قسە دەکا، لە تاریکستانی دڵیدا تەنیا مێحراب و ڕووگەیەک هەبوو، ویژدان و سەبووری تەنیا پەڕاوێکی یەزدانی بوو بە دەست ئاسکەوە کە لە بەرامبەر ئەودا هێنابوویە ئەرجوو پاڕانەوە. جەستە و قەلافەتی دەهەژاند. کەچی چرای دڵۆڤانی لە دەروونداهەڵنەدەکرد، ئەم ئاکارەی خۆی پێ‌پەسند بوو، لەبەر ئەوەی گیرۆدەی داوی دڵداری بوو. وەختێ بەم وشە ئاورینانە جەرگی ئاسکەی بڕی و دڵی خۆی ئاسوودە کرد، لە ژوورەکە هاتەدەرێ، بە دڵێک پەشیمان و بە دڵێک ڕازی بوو. لەبەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات و بە دالانەکەدا تێپەڕی:

ئەگەر خۆشم هەراج کردبێ، باغەکەشم فروشتبێ، دەبێ قوڕەکاری بکەم و خانووبەرە سازکەم، لەم کاول‌بووە بێمە دەرێ، لەم کەلاوەیەدا جەرگیان خواردووم، دەبێ شەنگی خۆم لە قوڕ دەربێنم. وەک بایەقوش دایمە لە بن‌گوێم دەخوێنن، وەختێ بزانێ لێیان دوورم ئیتر سەرینی خاترجەمی دەنێتە ژێرسەری. خۆ بەشە ماڵی بابی لەلای من نییە، مانگانە خەرجی خۆی و منداڵەکانی بۆ دادەنێم و جارجارەش سەریان دەدەم. دەبێ زۆریش مەمنوون بێت، تەنیا بەم‌جۆرە دەتوانم چارەی دەردی بکەم. تەواوبوو خەلاس.

بەلام ئەوەی ئاسکە دەیویست ئەوەنەبوو سەی‌میران فکری لێدەکردەوە، مەبەست تەنیا دەستتێکەڵ کردن و ئارەزووی جەستەیی نەبوو لە سەی‌میران بخوازێ، ئەو هەناسەی ژیانی پێویست بوو دڵۆڤانی و خۆشەویستی، سێ ساڵی تەواوبوو دەستی لە دەستی میران نەکەوتبوو، بەلام کێوێک خەفەتی لەسەر دڵ دانابوو. ببووە مڵەی بێستانی تەمەنی و ڕەگی حەیاتی کرتاندبوو، لەو ماڵەدا، لەلای خزم و کەس، تەنانەت لەکن منداڵەکانیشی هەستی بە قوڕبەسەری و داماوی دەکرد. ڕۆحی هەڵقرچابوو، خوێنی جەرگی خۆی دەخوارد. ڕۆحی تینوو بوو نەک جەستەی، خۆ ئەگەر واز لە باری سروشتی بێنین هەوەس و ئارەزووی تەواو مردبوو، لە ڕاستیدا بژاری ئێشتیاو ئارەزووی خۆی کردبوو. بەڵکە بتوانێ نەمامی هیوای بپارێزێ و سەرمای بێ‌مەیلی نەیکوژێ، تەنانەت لە پێش ئەمەشدا ئەوکاتەی کە سەی‌میران نۆرەی بۆ دانابوون خۆڕاگر و بە حەیا بوو، وەک بڵێی جنۆکە قفڵی لێداوە، ئەمە ڕازی دڵی ئاسکە بوو شەقڵنەشکاو و سەربەمۆر، ئەم کەیخاتووە ئاواتەخوازی ئەم شتە نەبوو. ئەو بۆ سەی‌میران کابانی گەورەماڵ و دایکی چوار منداڵی جوان بوو. بە دەرودیواری ماڵەکەوە، بە دارو بەرد و فەڕش و حاجەتەوە دڵخۆش و ماڵداری و هیوا و هومێد دەبیندرا، ئاسکە لەم ماڵەدا لە ژن، ژن و لە پیاو، پیاو بوو، بەلام ئێستا، لەباتی ڕێوی

شێری بە پیرەوە هاتووە، سەی‌میران ناسک و نازدری وەدەست کەوتووە و لەو بێزارە: یا خوا ژنە کەس بە دەنگت ڕانەگا، وەک کۆڵەی منی هەناسەساردەت کوتاوە. ڕۆحی زیندانی کردبوو هەرئەوەی مابوو دڵیشی دابێژ،دابێژ بکا، ئەمە ئەستێرەی ئاورین بوو کە لەو مەنزوومەیە نزیک ببۆوە و ویژدان و کەرامەت و خۆشەویستی ئەوی سووتاندبوو، دووکەڵەکەشی کردبوو بە چاوی ئاسکەدا، دەڵێن منداڵ قەڵای مێردانەیە بۆ دایک، بەڵام ئێستا ئەم گفتە بەراوەژووە، کێ دەیزانی چ سڕو سێحرێک لە ئارادایە؟ ئەوەی بەرینان بۆ ئێمەیان بە میرات جێ‌هێشتووە لە هەمبەر ئەم دوابڕاوە بە بارێکی‌تردا خۆ دەنوێنێ، ئەم ژنە! ئەم ژنە! لە حەزیا خراپترە بێتو بین بنێ بە زرێبارەوە هەڵی‌دەلووشێ کەوابێ چۆن موحیبەت و دڵسووتان بۆ میران دەهێڵێتەوە؟ ئەوە تاریکی‌چێن و جادووبازە، بەخۆڕایی ئەم پیاوە خۆی لە پێناوی نەناوە! لەو ڕۆژەوە پێی ناوەتە ئەم ماڵە، تاڵاو دەکا بە دەم ئەو ژنەدا، دەڵێن وەختێ بووی بە مێر خودات نەچێ لە بیر، بەڵام مەخابن بۆ سەی‌میران، بەرداشی ڕۆژگار هەژار و مرۆڤی حەیابەخۆ دەهاڕێ، دنیا یان زۆردار دەیخوا، یان بێعار، (چت‌دەوێ لە من؟ بڕۆ خۆت بکووژە!) سەی‌میرانێک کە گرێ‌کوێرەی خەڵکی دەکردەوە دوژمنایەتی ڕاو دەنا و ژنە تۆراوی ئاشت دەکردەوە، ئێستا بەم ڕستەیە خۆی ڕزگار دەکا، تەنانەت بەوە ڕازی بوو وەک قەرەواش و کارەکەر لە بەردەستی هەردووکیاندا بێت و بچێ، بەم شەرتەی دەرگای دڵۆڤانی و بەزەیی لەسەر دانەخا، لە بەرچاوی بیژەن و بارامیش‌بێ دڵی پێی بسووتێ، با نەبێتە قاڵۆر و بە هەناسەساردی خۆی تێک‌نەقرمێ، لێی بێزار نەبێ، سەدەقەسەری منداڵەکانی لەگەڵی نەرم‌ونیان بێت. منداڵەکانی خۆش‌بوێ، هەر وەک جاران، نەک زیاتر بیان‌گرێتە ئامێز و ماچیان بکا، بیدرکێنێ و فوو لە چرای خۆشەویستی ئەوان نەکا، ڕەفتار و ئاکاری ئەم بابە، ژیانی منداڵەکانیشی کردبووە کەکرە، وەختێ خەیاڵ هەڵی‌دەگرت، ڕۆژەرەشتر لەوەبوو هوما وەک کارەکەرێک قەبووڵی بکا، چیرۆکی ژیانی ئەو بە دووای چوار منداڵدا، بە تێپەڕینی سێ ساڵ، کە خەم و دڵشکاندن تەواوی خۆشییەکانی ڕابردووی وەبندا، بە دوو کەلیمەی سەی‌میران گەیشتە لێواری هەڵەمووت و ئاوابوون. لەوەش خراپتر، ئەمەبوو سەی‌میران بە بێزاری و نەفرەتەوە پێی‌وتبوو: هەر دەڵێی موویی گورگت پێوەیە، لە بەرچاوم دەڵێی دەڵەورچی! خۆزگە هەر لێی وەڕەزبایە، وایدەزانی دێو و درنجە لە پێش‌چاوی زۆر سەیرە! زۆر! ئاخۆم ئەمە سەید خۆی بوو ئەم قسەی لە دەم دەهاتە دەرێ، یان کەسێکی مەسخ‌کراو و گۆڕاو؟! کێ وەڵامی ئەم زوڵمەی ئەدایەوە؟ مەڵکەمووت! یانی بەڕاستی وابوو، ئاسکە بەتەما بوو بە نهێنی دەرمان‌داوی بکا؟ ئەو

هیچوەختێ ئەم کارەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، چبگا بە مێردەکەی، بابی عەولادەکانی. بۆچی؟ تەماحی لەماڵەکەی کردبوو؟ هوما وەدەربنێ و لەگەڵ منداڵەکانی سەر پێکەوە بێنن؟ ئەم داوێنتەڕە جارێک قسەیەکی وای بەدەمدا هاتبوو، ئەم گفتەی هوما هەرچەندە بە دەمامکی جەفەنگ داپۆشرابوو، بەلام هەروەک لە کۆنەوە گوتویانە لە دز وایە هەمووکەس دزە، چ ڕاست و چ درۆ لە دڵی خۆیەوە سەیری ئاسکەی دەکرد. عەکسی خۆی لە نێو چاوانی ئەودا دەبینی. قسەی ئەو ژنەی دەموو چاوی بۆ هەڵدەگرت درۆ بوو؟ کە دەیگوت، هوما بە دزییەوە ڕۆن گورگی لە پێلاوەکانی داوە، تەنانەت گیانیشی، لە بەرچاوی مێردەکەی ڕەش کردووە، درۆی نەکردبوو! کێ بەنی ئەوەی پێ بادەدرێ؟ هەزار فەنن و فێڵی دەزانی و تا ئێستا هەر یەکیانی بەکار هێناوە! مەگەر هەر ئەم حەیتەیە نەبوو لەگەڵ خاتووخورشید دەچووە ماڵی سەی هێندی، لە قەرەجەکان پیوی ورچ و دەواو دەرمانی سەیر و سەمەرەی وەردەگرت و بۆ چاوبەستی بەکاری دەهێنا؟ هەر ئەو نەبوو؟ هوما جوان بوو، بەلام ئاخۆم چاو و برۆی ئەو جوانتر بوو لە چاو و برۆی کیژەکەی ئاغابزرگ، هەموو ڕۆژێ چەندجار هاتوچۆی ئەو ماڵەی دەکرد؟ دڵنیام ئەوەی جارێک ئەم کچەی دیبایە وەباڵی بۆ دەکێشا، زۆرباشە، مێردەکەی شەو نەبوو دارکاری نەکا! بێجگە لەوەی تازەبووک بوو لە ماڵی بابی دەژیا وەک کڵفەت لە بەردەستیدا دەهات و دەچوو. لە ماڵی خۆیانەوە دەچوو لەو ماڵە بە گۆزە ئاوی دەهێنا. کەوابێ سەیمیران بە تیری نیگای نەپێکرابوو؟! ئەمە ڕەمزو ڕازی خۆی هەبوو! کەوی کوێستانیش بۆئەوەی نێرەکەی لە خۆی نزیک بکاتەوە تەنیا بە ڕەوتو ڕەنگی کاری تێناکا، بەڵکە بە زمانی بە خوێندنی، بە قاسپە قاسپی، (دووپشک بە کلک پێوە دەدا و ژن بە زمان!) مانگ تەلاخانم دەستەخوشکی ڕۆژانی منداڵی ئاسکە، لە سەراو گەورە ببوو، سێچوار ساڵ دەبوو بۆ کاروباری وەرزێڕی لەگەڵ مێردەکەی چووبوونە کەنگاوەر، دیسان هاتبوونەوە، بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەمە سوور بوو، حەوتەیەک بەرلەوەی لەگەڵ ئاسکە چاویان بە یەک بکەوێ دووای هەڵڕشتنی زووخاوی زۆر و دانیشتنی چوار سەعاتە، چەندڕا نێرگەلە کێشان، دواتر دوو پیاڵەی تەلەسمکراوی زەرد و ناڵەشکاوێک کە دۆعا و جادووی تێدا نووسرابوو، لێی وەردەگرێ و دەیباتەوە بۆ ماڵێ، تاکوو ناڵەکە بسووتێنێ و لە بەرەکەتی ئەو مێردەکەی بخاتە قەباڵی خۆیەوە، تەلەسمەکەش بخاتە نێو ئاوی سەماوەرەکەوە و لە ئاوی چایی بدا بە مێردەکەی، بۆئەوەی ڕۆح و جەستەی میران بە یەکجاری خاوێن ببێتەوە و چاوی بە ئاسکە هەڵبێ! دووای حەوتەیەک چاوەڕوانی، ئەو ڕۆژەی کەسی بە هێند نەگرت و داوای لە سەیمیران کرد بێتە ژوورەکەی، لە ڕاستیدا شەوێک پێشتر

ناڵەکەی لەسەر ئاور دانابوو، میران هات بۆلای، بەڵام سەدخۆزگە هەر نەهاتبایە! ئەمۆئەو زۆر شتیان لەمەڕ ژیانەوە دەزانی و ئەو لێی بێهەواڵ بوو، هەرچەندە لەم هەوڵەی نوشوستی هێنابوو، بەڵام دیسان بەتەمابوو، زێدەتر هەوڵ بدات، ئەو دڵنیا بوو کە هیچ هەورگەڕێک یەکەم دیزە و گۆزەی بە ساغی لە کڵ نەهاتۆتە دەرێ، بۆ چارەسەری دەرد و ئازاری، لەگەڵ پرو پیرەژنان دەکەوتە وتوویژ. هەرکەسێک چیرۆکی ژیانی ئەوی دەژنەوت لە پشتی دەستی خۆی دەدا و بە سەرسامییەوە دەیگوت:

ئەیەرۆ عەمرم نەمێنێ، خوشکێگیان ئەم بەدەوارە، نوشتە و جادووی لە مێردەکەت کردووە. ئەیچۆنە تاکوو ئێستا دەست لەسەر دەست بێکار دانیشتووی. جا ئیتر چیماوە دەرحەق بە تۆ نەیکەن! بەستەزمانەی هەناسەساردە، تۆ چاوەڕوانی مێردەکەت بەخێرایی خۆی ئاورت لێبداتەوە؟! ئێمە کە هەوێشمان بەسەر نەهاتووە بۆئەوەی لە پێشچاوی مێرد ڕەش نەبین سەت نووشتە و دۆعای بەبەردا دەخوێنین. کێیە مێردی خۆی گەرەک بێت و هەروا بە هاسانی پشتی لێبکاتەوە؟!

لە گەڕەکی سینەگوڵزەرد، لە قەراغ ئابشۆران لە ژێر دارەگوێزەکەدا، پیاوێکی دۆعانووس دووکانی هەبوو، هەرچەندە بێناو و نیشان بوو، دەیانگوت، بە ئیشارە مار و دووپشک وشک دەکا! جۆ بە دیواردا هەڵدەگێڕێ، ئەو پیاوە لەو دووکانۆکەیەدا دەژیا و تەقیلەی یەزدی دەنا سەری و بە ڕیشو پەشمی درێژییەوە هەر لە بانگبێژی مزگەوت دەچوو، مشتەری خۆی دڵنیا دەکرد بە دەست پێداهێنانێک دەرد و ژانی ددانئێشە دەشکێنێ، زۆر سەیر بوو، هەروەک ئەو پیاوە دەیگوت، ژیانی ئەم ژنە بەبێ سێحر و جادوو ناسووڕێ، هوما بەبێ قسەو باس، بۆ بەرەگەی کاری خۆی، قالۆنچەی لە چاڵ نابوو، دوو قالۆنچەی بە قژەسەری ئەو پشتاوپشت بە یەکەوە گرێدابوو لەگەڵ چڵکی لەشی خۆی دەئاوەڕۆی خستبوون. بەم تاریفە، ئەشق و خۆشەویستی ئەو لە دڵی مێردەکەیدا بکووژێنێتەوە، بەو هیوایە تاکوو درەنگ نەبووە، چارەیەک بۆ ئەمکارە وەدۆزێ.

ئاسکە قەدری ماڵی دنیای دەزانی و باوەڕی وابوو نابێ بەفیڕۆ خەرج بکرێ و بە بادا بچێ، ئەم حەولەی ئەو هەڵاتێکی بێفایدەیە. بۆئەوەی مێردەکەی بێنێتەوە سەرڕێگا ئەم هەموو نەزر و نیازە، کردی و خێرو خێراتەی بۆ بیبی سێشەممە و کراس بۆ هەتیو بردن و نووشتە و دۆعا هیچی نەکرد و سێحر و جادوو چیدەکا، ئەوانە کاری شەیتانن، لە کاتی مانگ و خۆرگیراندا کە تەشت و تاسیان دەکووتا بۆ بەربوونی مانگ و ڕۆژ چەندە کارساز بوو نووشتە و سێحری مامەریشەی دۆعانووسیش هەر ئەوەندە کاری دەکرد. ئەم کۆشک و تەلارەی میرانی مێردی لەسەر

ئەوینی کرێتی ژنێکیتر دایمەزراندبوو، حەسار و قەڵایەکی پۆلاین و لەڕمان نەهاتوو بوو بە توپەکەی وەستا ڕەجەب نەدەڕووخا، ئەوە ئەشقێکی هەوا و هەوەسبازی بوو کە هەر بۆ باسکردن نابێ. ئەم ئەشقە وەک بەردەنووس و پەیکەرەکانی ئێران و ڕۆم لە کۆندا بەم هەموو ساکارییەوە، هەنووکەش ئەوەی دەیبینێ سەری سووڕ دەمێنێ و بە ئەوسانەی دەزانێ. هەر لە یەکەم شەوی پاییزەوە، ئەم ژن و مێردە دوای ئەوەی کە شێویان دەخوارد، دەرگا و پەنجەرەیان پێوەدەدا و ئاڵقەڕێزیان هەڵدەپێکا، تاکوو کەس سەر بە وەتاغی ئەواندا نەکات لە چەشنی ئاشقەو ماشقە تێکدەهاڵان و ژیانێکیتریان دەستپێدەکرد، دیارە ئاقڵ و ئاوەزی ئاسکە ئەم ڕازەی نەدەبڕی. ئەگەر چیرۆکی خەڵکی ئەو شارە ڕاستبێ کە شەوانە دەبوون بە سەگ، بۆ ئەوەی غەریب و غەوارە ئازار نەدەن هەر ئەوەڵی ئێوارێ، یانی ئەوکاتەی کە هێشتا بنیادەم بوون دەچوونە سەر سەربانەکانیان، ئەوا گومان لەوەدا نەبوو، ئەو دڵدار و دڵبەرەش لەوکاتەدا لە پێستی ئینسانی بێنەدەرێ و لە عالەمێکی دیکەدا بژین، مەگەر هەر خۆیان بە ڕەمز و ڕازی ژیانی خۆیان زانیبێ، پەلەیان نەبوو تاکوو ئەوەی لەو ماڵەدایە دەستەملانی پەریخەو بێت، ئەوسا هەردووکیان لە وەتاغەکە بێنەدەرێ و لەم حەسارە تاریک و ڕوونەدا بخزێنە پێخەفی نوستنەوە، لە ڕۆژدا ئاسکە، زۆربەی ژنانی ئەم حەسارە لە پەنجەرەوە چاویان تێدەبڕین، هوما و میران لە خەیاڵی خۆیاندا بەم تاریکییە قسەو باسی خۆیان هەبوو، دەتۆران و لەگەڵ یەکدی ئاشت دەبوونەوە، میران بە قوتووی جگەرەکەی بە شەمچە و دارسیگار، قەڵای دروست دەکرد و هوما وەک کایە و یاری منداڵان تێکیدەداوە، چاوی لە چاوی دەبڕی و پێدەکەنی، وەختێ توورە بوونەکەی وەبیر دەهاتەوە لووتی لێهەڵدەکرد، زێدە لە ژنەکان، لەو حەسارەدا، ئەکرەم، ئێستاکە زیاتر لە دوو ساڵ دەبوو، لەو ماڵەدا دەژیا و چەند جارێک وەتاغی گۆڕیبوو، زۆرتر لە جیرانەکانیتر سەرەتاتکێی دەکرد. زێدە لەحەد خۆی لە کارو ژیانی ئەم و ئەو هەڵدەقوتاند. هەر ئەمەش بووە هۆی هەسدانەوەی، قوڵەبنە و چاوزیت و دەمشڕ و شۆفار بوو، وەک گولی بەخیل وابوو، ئاژاوەساز و بەکرەشەیتان، تەنانەت سەد مردوویی لە گۆڕێبایە قاقای لە دەم نەدەبڕا، لەگەڵ مێردەکەی کە شاگردی (چەرخساز)بوو زۆر نێوانخۆش نەبوو وێکیان هەڵنەدەکرد. هەربۆ ئەمەش بوو، پیاوەکەی بە زەحمەت کردار و گوفتاری ئەم ژنەی بۆ قەبووڵ دەکرد، حەزی دەکرد بۆ هەمیشە هەر لەو کەسپەی خۆیدا بمێنێتەوە، بە زیلۆ شڕێک و حەسیر و یەکدوو دەفرو گلێنەوە لە کۆخێدا دەژیا و بە کەوای پینەکراوی خۆی ڕازی و ژن پێپەتی و لە سەرما و گەرمادا، بە زەحمەت کرێی ئەم کەلاوەیەشی بۆ جێبەجێ دەبوو

هەرچەندە ئاسکە دەیزانی ئەکرەم ئافرەتێکی ڕێکوپێک نییە و دۆستێکی سەرزارەکییە، بەڵام کەیفی بە قسەی دەهات و پێی خۆشبوو لەگەڵی دانیشێ، لەبەر ئەوەی شەوانە مێردەکەی تاماڵنووستنان نەدەهاتەوە. بۆئەوەی بە تەنیا وەڕەز نەبێ دەهاتە ئەم ژوورە و چنگێکی توو سوێر دەکرد و دەستی دەدایە شیشە و فرێتی کڵاشچنین و دەهات دادەنیشت، منداڵان خەریکی نووسینی دەرس و مەشقی خۆیان دەبوون و بە گیزەی سەماوەر کەیفیان دەکرد. ئەمە مۆسیقایەکی ناخۆش نەبوو بۆ ئەوان. لەوێراکە، ژووری ئەکرەم ڕووبەرووی وەتاغەکەی هوما بوو، هەرچییەکی لە ئەو ژنە بدیبایە سەت ئەوەندەی‌دیکەی پێوە دەنا و دەهات بۆ ئاسکەی باس دەکرد، لەگەڵ هوماش کەینوبەینی هەبوو. زۆر زۆر لەو زیاتر هۆگری ڕەنگو دەرمان و تیف تیفەدانی ڕوخساری بوو، خودا بە ئەندازەی خۆی جوانی بەش دابوو، چەند ساڵێک لە هوما چووکەتر بوو، بەڵام لە ماڵدا وەک ئەو نەبوو. ئەویش باوەڕی وابوو، هوما لە جوانیدا هیچی کەم نەبوو، ئەویش خوێنشیرین و دەمبە پێکەنین بوو. هەردووکیان ویشکاویان هاتبوو، شنەی بڵاوێنی مانگی ڕەزبەر گەرمای سەر شاری کرماشانی ڕاونا و ئۆخژنی‌دا بە شار و دێ، دوو حەوتوو دەبوو ئاسکە جێوبانی منداڵەکانی بردبووە ژووری، بەڵام (خانم و ئاغا) جارێ لە حەوشە دەنووستن، سەیرەکە لەوەدابوو سەرمایان نەدەبوو، شەوێک زۆر درەنگ سەی‌میران کە بۆ شوێنەونکێ وتبووی دەچێ بۆ ماڵی میرزا نەبی، بەڵام وەختێ ڕوون بۆوە چووبوو بۆ سەیری تیاتر و شانۆ، ئەوشەوە درەنگتر لە جاران هاتەوە، وەختێ تەقتەق لە دەرگای حەوشەکەی‌دا، ئەکرم وایزانی مێردەکەی هاتەوە، بە بۆڵەبۆڵ خۆی گەیاندە داڵانەکە، ئاسکە بەخەبەر بوو، زانی هاوساکەی لێی تێکچووە، بەڵام پێشئەوەی بچێ دەرگاکە بکاتەوە ئەم خاتوونە گەنجە دەرگای کردەوە، سەی‌میران وەڵامی سەلامی ئەوی دابۆوە، بە ئارامی ڕۆیشت بۆلای تەختی نووستنەکە لەوسەری باخچە چکۆلە، شەوخۆشیان بە یەکدی گوت، بەڵام ئەو شەوە هەروەک سەدان شەوی تێپەڕبوو، ئازار و ژان کەوتە گیانی ئەم ژنە بەستەزمانە و خەوی لێ‌تاڵ کرد. ئاسکە لە نیوەی هەیوانەکەوە دەگەڕایەوە، خانمە جحێڵەی جیران بە چپەچپ بانگی کرد بچێ بۆلای، لەوێوە سەیری تەختو بەختی هوما بکەن. زۆری بەلاوە سەیر بوو، دەبێ ئەکرەم چی‌دیبێ ئاوا بە ئاماژە و دزەدزە بانگی دەکا، ئەو تەختەی میران و هەوێکەی لەسەری دەنووستن لە تەنیشتی دیوارەکە نەبێ لە گشت لایەکەوە کونبڕ کرابوو، ئیتر بەبێ ئەوەی پێڵاو بکاتە پێی بە تاڵۆکە خۆی گەیاندە ئەوسەری حەسارەکە و لە پەنا داربییەکەدا خۆی خزاندە پشت جیرانەکەی، بە بەرچاوی ئەوانەوە لەودیوی پەردەی سپی دەوری تەختی خەو، دیمەنێکی سەیر

دەبیندرا، میران و هوما، هەروەک ئادەم و حەوا، کە دووای دووسەت ساڵ لێکدابڕان و لەسوێی یەکدی ڕۆندگ هەڵوەراندن و ئاراگێڵی وەک دار و لاولاو لەیەک هاڵابوون، تیشکی مانگەشەو جوان ئەنگاوتبوونی لاق و لەتەر و لەشولاری هەستبزوێن و نیوەڕووتی ناسکەهوما لە باوەشی میراندا کوێر نەبێ هەموو کەس دەیبینی، کە بە چ هەواو و هەوەسێکەوە کەوتۆتە سەرپەردەکە، ئاشقەو ماشقە هێندە مەست و حەیرانی یەکدی بوون، ئەوەندە ئاگا لەخۆ بڕاو بوون، هەستیان بە جیڕەی یەکێ لەو تەختانە نەدەکرد، وەک پەراسووی ئینسان چووبوو بە قووڵدا، وەختێ هاوێربوون و کەوتنە سەر ڕەقی پشت، هوما بەبێ ئەوەی بە پێویستی بزانێ، کراسەکەی بکاتەوە بەری، یان لە پشت سەری خۆی هەڵیواسیبوو لەگەڵ خۆی ببیا، چارشێونوێژیدا بەخۆیدا و بە یارمەتی میران لە تەختەکە هاتە خوارێ، لە شانی دیوارەکەوە کەس نەیدەدیتن، بە قاچەکوتێ سەرپێیەکانی دیتەوە لەو کاتەدا، کەمێک خۆی کووڕ کردبۆوە ئەو لە پێشەوە و سەیمیران بە شوێنیدا هەردووکیان ڕۆیشتن بۆ وەتاغەکە.

ژنەکان لە کەیەوە کە واقیان وڕمابوو، لە یەکدی ڕامان! ئەمجار ئەکرەم وەقسە هات و بە بزەیەکی تاڵەوە کە تووڕەبوونی پێوە دیاربوو گوتی:

ڕۆیشتن بەلای گوزەراندنی خۆیانەوە، هەر دەڵێی پشیلە نەورۆن، ئەوەیە بەخت و ئێقباڵ! ئەگەر بزانی ئەو دووانە هەر لە ڕۆژی بناوانەوە بۆ یەکدی دروست کراون، ئەگەر وەک فلان زانای ئایینی باوەڕم بە گەڕانەوەی ڕۆح هەبوایە، دەمگوت ئەوانە بەر لە دایکبوون، ڕەنگبێ لە یەکێ لە سەدەکانی بەر لەمێژوو پێکەوە ژیاون، دوای مردنیش لە قەڵافەتێکی باشتردا دیسان ژیانی خۆیان دەست پێدەکەنەوە، ئیتر من بەڕاستی سەرم لە کار و کرداری ئەمانە سووڕ ماوە، ماندوو بووم، ئاسکەگیان خوا ڕوحم بە تۆ بکا!

ئاسکە لە جێی خۆی ماق مابوو متەقی نەدەکرد. دڵی بە پڕتاو لێیدەدا، هەناسەی دەرنەدەهات، بێئەوەی بە خۆی بزانێ ڕووی کردە ژووری جیرانەکەی، لەوێ هەردوو دەستی کردە هێلانە بۆ دەمووچاوی و زۆر پەرێشان بوو هەناسەیەکی هەڵکێشا:

پەکوو خودایە، بۆ گیانم دەرناچێ!

ئەکرەم گوتی:

هەتا ئەمڕۆ خودا قەت بەلای ئاوا خراپی بەڕێی سەر عەرز نەکردووە، ئاور تێبەربوو! چەندە بێئابڕووە ئەم مێردەی تۆ، ئەو مێردەی تۆ! لە ئەشق و دڵداریدا قاڵ بووە، بە پیری گەڕاوەتەوە

هەرەتی چاردەساڵی! بەخوا ئەقڵم ئێرەو هۆوێ بڕ ناکا، خوا لێی گۆڕیوە، بەتۆش وانییە ئاسکە؟ (ئەکرەم بە دەنگێکی ژیرانەوە) گەرەکم بوو ئەمەت لێبپرسم، ئەوانە تاکوو درەنگانێکی شەو لەو ژوورەدا چیدەکەن، دەرگا و پەنجەرە لەسەر خۆیان کپ دەکەن و هەست و خوستیان نییە؟ تۆ پێتوانییە بە سڵامەتی سەری یەکدی خەریکی بادە نۆشی بن؟ من ئاوا دڵم بۆی دەچێ، هەر ئێستا کە دەرگای حەوشەکەم لێدەکردەوە، نەمزانی و دەستم لە گیرفانی کۆتەکەی کەوت، هەستم کرد بتری تێدایە، وەختێ هاتەبەر شۆقی مانگەشەوی حەوشەکە شووشەیەکی ڕەشی سەربەمۆرم چاوپێکەوت، من زۆرجار سەرنجم پێداون، ئەو ژن و مێردە، بەیانی کە لە خەو هەستان وەکئەوەی سیوشکەیان بێ ڕادەکەن بۆ سەرگۆزەی ئاوەکە، مێردەکەم دەڵێ بۆی مەگەڕێ ئەوانە مەی دەخۆنەوە. ئاسکە هەرچەندە بە دڵ گوێی بۆ قسەکانی ئەکرەم شل کردبوو، بەڵام باوەڕی بەم گفتەی نەبوو، خەیاڵ لەگەڵ خۆی بردی، سەیمیران لە سەروەوخواری هەڵەمووتی ژیاندایە، جا ئیتر چەندە بە خۆی دەزانێ ئەمە با بمێنێ:

کچێ! چۆن شتیوا دەڵێی، ئەم شووشەیە لەوانەیە شەربەتی قەڵەوی بووبێ، من ئاگام لێیە زۆرجار بۆ ئەم ژنەتیوەی دەهێنێتەوە، خۆ ئەگەر عارەقیش بووبێ، ڕەنگە لاق و لاتەری پێچەور بکا!

ئەکرەم بۆ ئەوەی زۆر شتی نەگوتراوی وەدەست بکەوێ و قسە لە زمانی ئاسکە ڕاکێشێ، ئەو زمانەی کە بۆ چاوبەستی بەکاری دەهێنا خستیە گەڕ:

مێردەکەم دەیگوت شەوانە سەیمیران لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی ڕاستەو پاستەکردنی کەلوپەلی قاچاخە، ئەم خەیاتیچوونەی هوما،ش هەر بۆ شوێنەگومکێی ئەمکارەیەتی، ئەم شتانەی کە یاساغن، لە نێو کووتاڵ و پارچەدا هەڵیاندەگرێ و دەیانداتە دەست مشتەری، یان لە ملیوانە و ئاتەنگی جلوبەرگدا قایمی دەکا، من وتم، پیاوی باش، گریمان کاریوا بکا، تۆ کارت بە کاری خەڵک نەبێ، تۆش ئەگەر زیرەکی بچۆ خەریکبە، بەڵام نەچی لە جێیەکی دیکە ئەم قسەیە بڵاو بکەیەوە.

ئاسکە ڕەنگی تێکچوو گوتی:

کەلوپەلی یاساخ؟ نا خوشکێگیان، قەت شتیوا نابێ، هێشتا ئەگەر ئارەق و شەراب بێژی شک بۆیدەچێ، خۆم زۆرجار لە کونی قفڵەکەوە، چاوم لێکردوون و خۆم لێگرتوون، هەروەک چۆن ئێستا کەیفییان سازە، خەریکی عەیش و نۆشن، بەڵێ، هەواو هەوەس بۆ گەنجان شەرم نییە، مێردەکەم تازە هەڕەتی پیاوەتییەتی ئەگەر شکت لەو قەوارە ئەتڵەسەیە هوما لە سندووقەکەیدا

هەڵیگرتووە، هەر ئەو دەنکەیە و هیچیتر، ئەوەندەی حەولم لەگەڵداوە بەڵکە لێیبکڕم بۆم ڕازی نەبووە، دەڵێ پێمعەیبە دیاری و سەوقات بفرۆشم یان بیبەخشم. تەنانەت بۆ خوشکیشم بێ، یان لە هەمووی خراپتر بیفرۆشم.

خوشکێگیان، ئەم سێ گەزە پارچەیە جافری خزمی بە دیاری بۆی هێناوە، قسەکەی تۆش کەمێک بەراست دەزانم. پەردەی شەرمیان دڕیوە و حەیایان لێهەڵگیراوە، خراپ نییە، ئەمەش جۆرێک گوزەرانە، هەرکەسە و بە شێوەیەک دەژی، هەروەک ئەو دەڵێ، ئەمە کاروانسەرایە و دەبێ ڕۆژێک بەجێی بێڵین، کەوابێ ئەم پێنج و دوو ڕۆژەی هەین بۆ بە خۆشی نەژین؟ ئەگەر ژیانمان خۆش نییە، با وابزانین بە خۆشی تێدەپەڕێ. من نازانم تۆ سەبارەت بەم هەوێیەت چۆن بیر دەکەیتەوە؟ ئاخۆم بەڕاستی ئەمە چۆن دڵخوازێکن، بڵێی ئەو پیاوەی تۆ ئەوەندە هۆش و ئاوەزی خەریکبێ؟ ئەم دووابڕاوە دڵ و مێشکی بەجارێک شۆردۆتەوە لە خۆشەویستی خۆی بەولاوە چیدیکەی تێدا نەهێشتووە، پیاوی هەناسەسارد، چەندە زوو فریو دەخوا و نەرم دەبێ، ئەوە تالانکەری عەقڵە، هەر بۆیە موویی لەبەر ناپسێنێ، هەموو شتێکی وەلا ناوە بۆ ئەو ژنەتیوە! ئەمڕۆ لە بالای گیرفانی ئەو هەردووکمان چووین بۆ گەرماوی سەرتیپ، بۆ ژووری تایبەتی، با ئەمەشت پێبڵێم، لەپاش ماوەیەکی زۆر ئاخری توانیم، قسەی لە زار دەرکێشم، تۆ خۆشت دەزانی ئەوە دوو حەوتوو دەبێ نێوانمان خۆشە و موو بە بەینماندا ناچێ، هەروەختێ دەڕوا بە شوێن کاری بەرگدووریندا، چێشت و خواردنی نیوەڕۆ و شەوی بە من دەسپێرێ، زۆرجار وریایی کردوومەتەوە نەکا کەسێک دەرمان بکاتە چێشتەکەوە!

ئاسکە بە دوو چاوی ماتەوە، کە ئیتر پەپوولەی خەوی لێتۆرا بوو، ڕووی کرد بەولاوە و گوتی:

ئەی لە گوڵەجەرگە، ئەوە مەنزووری لە منە، لەو ڕۆژەوە ئێوە بوون بە شەکر و مێش، کە باسی دڵدارە کۆنەکەی هاتەگۆڕێ، سەیمیران هێشتا بەم حەیسو بەیسەی نەزانیوە، لای من وتت کوڕێکی جوانچاکی چاو شینی چوارشانە بە ناوی ئەلبورز، وەختێ زانیویەتی مێردەکەی تۆ لەم ماڵەدایە، خۆی لەگەڵدا کردۆتە دۆست و هاوڕێ، زۆربەی ڕۆژەکان لە دووکان دەچێ بۆلای، شەوانەش دەیباتە چایخانە و بە بیانووی جۆراوجۆر دەیدوێنێ و باسی ئەم ماڵە و هومای لێدەپرسێ، ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەم کوڕەلاوە، بەو ناوو نیشانەی تۆ دەیڵێی، هەر ئەو کەسەیە لە پێش سەیمیراندا، چەند ڕۆژێک لەگەڵ ئەو بووە لە ماڵی زارا ڕەشتیدا. باوەڕ ناکەم لەلای هوما

دەنگت کردبێ؟ ئەگەر دەنگت کردبێ ئەوە بزانە هی من و تۆ تەواو بوو، دەزانم ئەو لەلای سەید باسی دەکا، ئیتر وەباڵی بەئەستۆی مێردەکەتە، قسەی ئەوەم نییە بە هۆی ئەوەی نێوانیان خۆشە و لەوێدا مەحتەل بمێنێ.

نا، وانییە، ئەوەندەی من بزانم لەگەڵ ئەودا کەین‌وبەینی نەبووە. وەک بزانم خۆشی نەویستووە، تەنیا ئەوەی بۆ ئەو جێی سەرنج بووە ئەوەیە، وەختێ لە نەخۆشخانەی ئەمریکایی دەبێ، ئەو کەسەی چەپکەگوڵەکەی بۆ ناردبوو بێجگە لەو گەنجە کەسی‌تر نەبووە. ئەویش هەر بۆیە لەگەڵ من نێوانی خۆشە، وادەزانێ ئەو قسەیەم بۆ تۆ نەگێڕاوەتەوە و دەنگیش ناکەم، جارێک پێمگوت، هوما دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم، سەت‌کەڕەت پرسیومە و وەڵامت نەداومەتەوە، ئاخەر ئەم دۆستایەتی و دەستەخوشکییە بۆ کەی دەبێ؟ هاوخەمی و پرس‌وڕا بۆچی دەبێ؟ منیش وەک تۆ ئافرەتم، حەز دەکەم منیش لەکن مێردەکەم خۆشەویست بم. بەڵکە بتوانم ئەو سێحر و جادووەی تۆ بەکار بێنم با ئەو مێردە حول‌حولی مەزەبەی منیش بێتە سەرڕێگا و تۆزێک بە فکری ماڵ و حاڵی خۆی بێت بڵێی لەو دنیایەدا شوێنێک هەبێ وانەی دلۆڤانی و خۆشەویستی فێری ئینسان بکا؟ خێرا وتی:

مەگەر دایک، بەڵام با ئەمەشت لێنەشارمەوە من ئەوەتای لە بیرمدێ هەر ئاوا بار هاتووم.

وەک بزانم دەبێ تۆ لە جێیەکی‌تر دەرگای ڕازی خۆت بشکێنی، دڵی ئەو مێردەی تۆ لەبەر دەستتدا وەک مێوو ڕۆن وایە، من بەخیلی بە ژیانی تۆ نابەم، بەڵام ئەو پیاوە هەتا لە ژوورێدا هێلانە خۆش بکا، وەک کۆتری ماڵیوایە و دەنووک لە نووکت ناکاتەوە پێت‌وانییە ڕەمز و ڕازێک لەگۆڕێدا بێ؟ ئەگەر مووروویی مارە یان مێوینەی کەمتیار تۆ بێژە، کاری نوشتە و جادووە پێمبڵێ، باوەڕم وایە نازو حەزو چاوی دڵڕفێنی ژن کەمەندی ئاشقانە و دڵبەر، بۆن و بەرامەی سوورەگوڵە بۆ ڕاکێشانی پەپوولەی ئەویندار، ئالێرەدا، من تەواو باوەڕم بە هاوڕێ و هاودڵ و هاوڕازی خۆم هەیە لە دڵبەر و نەرمکردنی دڵی دڵدارەکەیدا، هەروەک ئەو ژنانەی لە حەرەمی پاشاکانی عوسمانیدا دڵبەرییان دەکرد. من پێموایە، تۆ بە شێوەیەکی تایبەت هەڵس‌وکەوت دەکەی، من و زۆر کەسی دیکەش بە ڕۆحی بێئەزموونمان ناتوانین بەم خەتەدا بچین. بەم حەساوە ڕازی تواننەوەی سەید لە تۆدا من بە شێوەگەلی نامۆ و جێی تێڕامان دەبینم. لە نێوان تۆ و ئەودا، بەر لە هەرشت دەبێ لێک تێگەیشتن هەبێ، تەواوی کێشە و زەحمەتەکانی ژیان بە لایەکدا بخات، باوەڕ ناکەم بتەوێ تۆ ئەو شتانە لە من بشارییەوە، مەگەر ئەوەی تۆش ئاگاداری زۆر شتی شاراوەبی، کە ئەمەش نەگونجاوە.

قسەکە لە نێوانماندا وەختێ دەستیپێکرد، داوای لێکردم بە شێوەی پیاوان پشتی بۆ بشۆرم، مشتومالّی بدەم و شان و شەپیلکی بۆ داماڵم، پێمخۆشە تۆزێک سەر بخەمە سەری و بیدوێنم، نەمدەزانی ئەم شتانەم بۆ باس دەکا، بەبێ ڕاوەستان گوتی:

بەڵام ئەو لێکحالّیبوونە، وەک پردی (وێرێسک)وایە کە بە نێوان دوو شیوو دۆڵی هەڵدێرەوە هەڵمانبەستووە، هەر بۆیە من قەت باوەڕ ناکەم بەسەر ئەم پردەدا بگەمە ئەوبەری، پێتوانییە، حەز و تاسەی مرۆڤ بە ژیان و خۆشیەکانی ئەم دنیایە ڕۆژێک بەرەو کۆتایی و ئاوابوون بچێ؟ هەر لەم بەستێنەشدا پەردە لەسەر ڕازی من و سەراوی هەڵدەوە، کە بۆچی ئەوەندە ئاوێتەی یەکدی بووین، من بۆ ئەو پیاوە لە چەشنی ئەم کانیاوەم کە کاروانچی هیلاک و ماندوو دەگاتە سەری و وچاندەدا و دەحەسێتەوە، زۆرکەس پێیانوایە و تەنیا ڕواڵەتی شتەکە دەبینن، با ئەمەش بێژم، ئەوە منم پیاوێکم بە ڕەمزو ڕازی خۆم لە داو خستووە، بەڵام لە تۆ دەپرسم، ئەوە تەمەن و جوانی کێیە کە بە خۆڕایی بەفیڕۆ دەچێ؟ داهاتوویی کێیە، وەکوو بەختی بەگلەرو شاهان تەختی وەردەگەڕێ؟ ئەو و ئاسکە لە کاتی پیریو زوورهانیدا وەکوو جەمشید وان، هیوایەکیان بە فەرەیدوون هەیە و گۆچانی پیرییانە. بەڵام من کێم؟ ڕەنگە زوحاکی خوێنخۆر و ماڵوێران! ئەو منی خۆشدەوێ، ئەم ڕاستییە حاشای لێناکرێ، بەڵام ئەو کۆشکە زێڕینە لە بیاوانێکی لماویدایە و بە کاری چیدێ؟ تەنانەت کوندەبووش، هێلانەی تێدا ناکا، وێرانە خۆر و پیڕەشە، تاریکی لە هەناوی دەبارێ، بە باوەڕی خۆت هەروەک لە بۆ چوونەکەتدا دەردەکەوێ، من وەک ئەو مارە کوبرایە وام، لە وەختی دیاریکراودا و لە عادووسەدی دامرکاندنی بڵێسەی هەوەس و ئارەزوو بەبێ ئەوەی لە هیچ لەمپەر و بەرهەڵستێک سڵ بکا، کەژو کۆ دەپێوێ و ناوەستێ تاکوو دەگا بە حەز و ئاواتی، بەلای منەوە ئەو مارناسە بە ئەزموونەی کە ئاخریەکەی هەر بە چزەی مارێک وای نەدەزانی ژەهراوییە مردووبوو بە قوربانی خۆ بەزلزانی و ئیفادەکانی، زۆر سەیرە ئێوە وادەزانن ئەو ئازادییەی ئەم بە منی داوە کاکڵی ڕاسییەکانە. ڕۆحی بەندکراوی من وەکوو پێستی پڵەنگ بەسەر تەختی میرییەوە چوارمێخە کێشراوە، نەتدیوە، ئەگەر هەوێکەی من لە دەست مێردەکەی کوێرەوەری و عەزاب نەسیبی بوو، لەملاشەوە ڕێگای ڕوونی لە بەردەمە و دەتوانێ دردەدڵی خۆی لەلای ئەوان بێژێ. بەڵام خۆ من ئەمەشم نییە و کەس شک نابەم. ناتوانم هەمبێ! هەروەختێ چاوم بە ئاسکە دەکەوێ، بەوپەڕی سەرو ڕووخۆشییەوە خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی دایکایەتی خۆیەتی و تەنانەت بێزی نایات سەر هەڵبڕێ و لە پەنجەرەی ژوورەکەی من بڕوانێ لە بەخیلی خۆمدا حەز دەکەم قامکی

نەبێ نانی پێبخوات ئەرک و زەحمەتش شێوەیەکە لە دڵسۆزی و دڵۆڤانی کە بنەماڵە و کۆمەڵگا وەک حەقدەستێکی زیندوو داویەتی بە ئێمە و منیش لەمە بێبەشم. زۆرم هەوڵداوە، لەو ماڵەدا بۆ ئەوەی کاتوەختم بە خۆڕایی نەڕوا، خۆم بە کارێکی بچووکەوە خەریک بکەم جێگای ئەرکێکی باش بگرێتەوە، بەڵام حەیف و خەسارێ، ئەوەندەی خۆم ماندوو کردووە کردەم کۆنەبووە و ڕیسەکەم بۆتەوە خوری و بە چ جێگایەک نەگەیشتووم، مێردەکەم ئەوەی لە منی دەوێ خۆشی و ڕابواردنە، یان وەک دەڵێن کەیف و نەهەنگە، ئەمەش وەک مادەیەکی سڕکەر بە بێژان و زەحمەت مرۆڤ دەتاوێنێتەوە و دەیکووژێ؛ لە شێوەی جۆرێک خۆکوژی ژاپۆنییە، لەو نێوەدا دڵدار و دڵبەر بە یەکەوە تەفرو توونا دەبن. من بۆ ئەو وەک ئەو ئەکتەرە وام کە تەنیا دەتوانێ لە یەک نەخشدا بەکار بێت. دەئیتر تۆبی لەباتی من چیدەکەی؟ لەو ماڵەدا، ئەوەندە بە بەرچاوی ئەم و ئەوەوە خۆ دەبینم دەبم بە قەترەیەک ئاو بە عەرزیدا ڕۆ دەچم، چبکەم، من وەک سەگی بارهاتوو وام، ئەگەر خاوەنەکەم داوام لێبکا تەنانەت لاسایی پەلەوەرانیشی بۆ دەکەمەوە، بەخۆم نییە و خۆشمدەوێ، من لە دەروون و بێروونی ئەو پیاوەدا، کانگای تەژی لە کەرامەت و جوامێری و ڕووراستیم دۆزیوەتەوە، تا ئەمڕۆ هیچ ژنێک سووسەی ئەم ڕاستییانەی نەکردووە لە ناخی مێردی خۆیدا، تۆ بزانە ئەم مێردەی من چ پیاوێکە، لە خاس و خراو، لە هەموو ڕەنگێ، وەک عیل و عاشیرەت و خێڵی حەشیلی و حەمیلی عەرەب دێنە ئەم شارە و لە میوانخانەی خزمی خۆیاندا دەمێننەوە، من حەز بەم گشتە هاموشۆیە ناکەم تەنانەت کەمتر ڕوویان دەدەمێ، بەڵام نەمدیوە جارێک ئەم پیاوە ڕووگرژ بکات و نێوچاوی تێکبنێ، نەبووە جارێک بزەی لەسەر لێو نەبێ و لە بەرامبەر ئەواندا دەست قووچاو بێت. دڵپاکی و مەشرەفخۆشی ئەو، هیمەت و پیاوەتی، ئەوە زەمبەری ئاکارجوانییە کە خودا بە هەمووکەسی نەداوە، ئەوانە لە دەروونی ئەودا هەروا دارماڵ و سەربەمۆرە، هەروەک ئەو جلوەی جوانییەی تۆ لە بەژن و باڵا و لەختو لاری مندا دیتووتە. بەڵام ئەمەش بزانە هیچ زێڕ و زێوێک ناگاتە جوانی زەمبەری ئاوەزو ژیری، من لە ئۆقیانووسی ڕۆحی ئەودا بۆ ژن، ئەوینێکی ڕاستەقینە و کانیاوێکی زوڵاڵ شک دەبەم، یان شێعرێکی خودایی کە ڕۆحی هەرمان و هەناسەیەکی سێحراوی بە ژیان دەبەخشێ. بەلای منەوە ئەگەر ئەم پیاوە تەنانەت نانی وشکی نەبوایە، هەر چونکە خاوەنی ئەم ڕۆحە مەزنەیە شیاوی سوژدە بۆبردنە! دیسانیش لە قووڵایی دڵمەوە خۆشمدەوێ، هەر بۆیە هەردووکمان خاچێکمان بە زنجیرەوە لە ئەشق و دڵداری ڕاستەقینە لە ئەستۆدایە و ئەگەر ڕۆژێکیش بە ئاوری مردن سووتاین و بووین بە خۆڵەمێش با نیشانەیەکمان

لەپاش بەجێ بمێنێ. تۆ ئەم پیاوەی من (سەراوی) لەتەک پیاوی خەڵکدا مەخە تای تەرازووەوە، قەت ئەم داوایەم لێمەکە پێتبێژم تۆ چۆن لەگەڵ مێردی خۆت هەڵسوکەوت بکەی، خانجانی مێردت، وەک کۆنە مێردەکەی من نە ئەو ڕەندەیە فرێی نەدەی، نە ئەو گەندەیە فرێی بدەی، من نازانم لە نێوان ئەم دووەدا چی بڵێم. ڕەنگە ئەو پیاوە، نیوە پیاو بێت و هیچ و پووچ. حەتمەن سنگشێری پشتماکەرە! نە شێری نووستووە نە ڕێوی گەڕیدە، ئەوە هەر وەک ڕەشە ورچێکی مفتەخۆر وایە هەروەختێ ڕاوچییان سندمیان کرد، لەودیوی تەلبەندەکانی باخچەی ئاژەڵانەوە داوای پرزۆڵێک گۆشت دەکا لە تەماشاچییان، بەم حیسابە ڕەنگە بتوانم، فێرت بکەم چۆن بیعاملێنی و بیهێنییە سەرڕێگا. ئەمجار دەستبکە بە شێلان و داماڵینی شانوملم، بەم ڕۆنەش تەواو پشتم بۆ چەور بکە، دواتریش سەرم بۆ بشۆرە. پێتدەڵێم چیبکەی، بەڵام بەر لە هەمووشتێ پرسیارێکت لێدەکەم، ئاخۆم بەمجۆرەی حەز دەکەی ئەگەر تۆی خۆشبوێ، قەدر و قیمەتی ئەم خۆشەویستیەی کە ئەو دەیەوێ ڕایدەگری و دەیزانی؟ ـ من گوتم:

هەڵبەت، بۆ دەبێ نەزانم.

دەی ئەگەر وایە بەر لە هەرشت هەوڵبدە تاکوو لەو مەبەستەت تێبگا، ئەوەی کە بێزاق و زووقین، من خۆم نەزۆکم، تۆش لە مێردەکەتە، ئیتر بۆ لەخۆڕا یەخە لە تۆ هەڵتەکێنێ، کەوابێ دەمگوت، وەختێ مێردێک دڵسۆز و پیاوخاسە، لەخوا ترس و ئیماندار و دڵۆڤان بێ، پیاو حەزدەکا دایمە لە عەمرونیای ئەودا بێ دەست ڕابگری بە سەریدا بڕوات، تەنانەت بۆی بمرێ. چونکە چاکە لە چاکە ئاوسە، من کە دەبوو ئەو موحیبەت و دڵسۆزییە بۆ عەولاد بکەم و نیمە جا بۆ لە پێناوی ئەوی دانەنێم. وەک باخەوانێکی لێزان خزمەتی پیرەنەمامی خۆم دەکەم و لە سایەیدا ڕایدەبوێرم. بۆ سەعاتێک و چەند چرکەشبێ تازە دڵی تەکان نادا پێ بنێتە ژوورەکەی ئاسکە، چرایەکم لە دڵیدا هەڵنەکردووە لە کووژاننەوەی ترسی نەبێ! ئەو جووڵە و تەکانە، یان هەروەک تۆ وتت ڕەوت و ڕۆینەداوی ڕاوە! مۆسیقای خەڵوەتی دڵە بە بەرچاوی ئەوەوە لە لەشو لاری من دەڕژێ. ئەوە بەهاراتی ئارەزوو بزوێنی خواردنە کە هیندووەکان کەڵکی لێوەردەگرن. ئیتر ئەوە تازە بۆ ئەو بووە بە عادەت و خوو، بۆ ئەو من، خواردنێکی بەتامم، هەرچەندە هەر ئەو شتەیە کە هەمیشە دەووبارە و سەتبارە دەبێتەوە، هەر ڕۆژەی بە تامێک و بەرامە و شێوەیەک دەچێتە بەردەستی، ئەوینی ڕاستەقینە لە ژیانی مرۆڤدا، بە بڕوای زانایان دڵکەشە هەروەک کەلام و ئاوازی یەزدانی هیچوەختێ تامو چێژ و متمانەی خۆی لەدەست نادا و نامرێ، ئەو کردارە بێغەلو غەشەی ئەو

دەرحەق بە من کە زۆر زۆر لە بەرامبەریدا خۆم بە کەم دەزانم، لەوانەیە بەپێی ئەو ڕەنجەی کە ئەو دەزانێ من لە ناخی خۆمدا پێوەی دەسووتێم. یان بۆ دڵخۆشیدانەوەی ئەو ڕۆژانەبێ کە من ئەشێ بە ئەژنۆی خۆمدا بدەم و ئەسرینی پەشیمانی بە دوودا هەڵوەرێنم. ئەوە بۆ من، وەک تۆ ئاوا ژنێکی پەیمانشکێن و ناڕەسەن، مێردکردن ئاوێتەبوونی ئەوینە لە ژیانی دووکەسدا، بەڵام ئەقڵ و ئاوەزم لە ژیانمدا ئاوام پێدەڵێ، کاتوسات لەدەست مەدە، تاکوو لەشولارم کڕیاری هەیە و تەواری چاوم بازان دەڕفێنێ، خۆ لەم قەفەزە ئاڵتوونییە دەرباز بکەم، خۆم بە کەسێکەوە متوورە بدەم، با کەسێکی وەک ئەلبورز بێ، هەژار و بێدار و بار، هەرنەبێ هیوا دەتوانێ تا مردن دەست لە ئەستۆی من نەکاتەوە، بەڵام من هەست بۆ ترپەی دڵم ڕادەگرم، کە دایمە یادی سەراوی لە ناخدایە، تەواوبوو، هەر ئەو دڵەی کە دەڵێن لە زگی دایکدا چەند مانگ زووتر لە مێشک وەکار دەکەوێ و ترپەی دێ.

ئاسکە بە شوێن ئەم وردە خەیاڵانەوە بەسەر شانەی مێشکییەوە دەهاتن و دەچوون. قسەکانی بە ئەکرەم بڕی، بەدەم ماندووبوون و گێژییەوە گوتی:

ئەگەر باسی ئەلبورز و نێوانخۆشی ئەو لەگەڵ مێردەکەت بۆ وەدەست هێنانی هوما بە گوێی سەیمیران بگا، کراسی قورئان لەبەر بکەن هەدووکتان لەبەریەک هەڵدەدڕێ، خانی کارێکی باش ناکا.

ئەکرەم گوتی:

ئەو مێردەی من هەر بۆئەوە باشە، ئەمجۆرە کەسانە کەڵکی خۆیانی لێوەربگرن. یان باشتر بڵێم، لەو کەسانە بەهرە وەربگرێ، خۆ ئەگەر لە دڵپیسی و بێویژدانی نان و ئاوێک وەدەست کەوتبایە، دیسانیش شوکرانەبژێر بووم کە هەرنەبێ لە برسان قڕمان نایات. من هەتا بۆم بکرێ لەم ماڵەدا ئەم تەلەسمە دەشکێنم و تۆقی تەلاقی لە ئەستۆی خۆم دادەماڵم، خۆم لەدەست ئەو پیاوە نەجات دەدەم. ئەوە ئینسان نییە.

ئاسکە هەستی بۆ بێدەنگی شەو ڕاگرت، نەکا منداڵەکانی لە ژووریدا وەخەبەر هاتبێتن. لە تریفەی مانگەشەوەکە ڕاما کە تەواوی دارو دیواری حەسارەکەی زێوکفت کردبوو، دواتر گوتی:

بەم هەمووکە ئازادی و بۆ گوزەرانەی لە هەرباریکەوە هوما هەیەتی و بە بیانووی فێربوونی خەیاتی کوێی پێخۆشبێ دەچێ ـ بەم گشتە پاکی و دڵسۆزییە ڕواڵەتییەوە دوودڵ نیم لەوەی کە سەرقاڵییەکیتری هەیە. مێردەکەی تۆش ئەمشەو درەنگتر لە جاران هاتەوە، زۆرباشە، پێمبڵێ چیدەیکەی وت؟ زانیویەتی گوێی بۆ شل دەکەی، بە کەیفی خۆی فەرموویەتی:

هەروایە، شتی سەیری دەگوت، دەیگوت، ئەم دووانەمان بۆ ئەوەی خەفەتی هیچمان نەبێ، لە دنیای خۆماندا بەڵێنمانداوە، یەکدڵ و یەکگیان، ژیانێکی شێتانە بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین و دوور لە چاوی نەیار و ئەغیار بۆ یەک بژین و بۆ یەکتر بمرین. بە وێنەی منداڵان، یان وەک گەنج و لاو و کرچو کاڵان، لە قسەی خۆش و خەیاڵپڵاو و دنیایەکی ئەفسانەییدا بژین و چ شتێ لە تفت و تاڵی بە زەمانماندا نەیات. وەختێ پێکەوەین و دەستەملانی یەکدین، بەسەر عەرزەوە نین، بەڵکە بە شاباڵی پەریانەوە بە عاسمانێدا دێین و دەچین. وەک شاهین و باز بەسەر بەحر و بەڕدا، بە کێو و چیادا، بەسەر باخ و بێستان و گوڵجاڕاندا، دەفڕین و دەچریکێنین. وەکئەوەی ئەم دنیایە سەرلەبەر لە قەباڵی ئێمەدا بێ، بۆ ئێمە بمێنێ، کاتێک بەم خەیاڵەوە دەژین، ئەوسا بە خەیاڵی پڕ لە هەوای گەنجییەوە سواری قاڵیچەی حەزرەتی سلێمان دەبین و بە ئاسمانی ئەندێشە و خەیاڵ و بیرەوەریدا دەخولێینەوە، کە ئیتر لەوە بێکەنار و بێبەستین‌تر وەدەست ناکەوێ، تەواوی ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیانێکی مەجنوونی و خۆ دزینەوە لەدەست خەفەتی ڕۆژگار. ئیتر بۆ وا نەکەین و نەبین؟ ئاخۆ هیمی هەبوون و کری گەردوون هەر لەسەر بناخەی ئارەزووی پووچ و خۆڕایی و تەنیایی بێکاری یەزدان ڕۆ نەزاوە؟ ئاخۆم خوا تەنیا بۆ سەیرو سەفای خۆی ئەم کەون و تەونەی هەڵنەبەستووە؟ بەڵام سەرقاڵی و سەیر و سەفای ئێمە لە خۆمانەوە دەستپێدەکا و هەر بۆخوشمان دەگەڕێتەوە، ئەگەر کەسێکمان کردۆتە دەستخەرۆ و گاڵتەجاڕی خۆمان، هەر خۆمانین نەک کەسێکی‌تر، تا ئەوجێیەی بۆمان کراوە پلێتەی تەمەنمان هەڵکێشاوە بۆئەوەی خێرا بەڵام گەرمتر بلێسەدار و دڵبژوێن بسووتێ و بگا بە کوتایی. ئەو گرە مشقاڵەی کە ئێمە بە تین و تاوی ئەوین و نزمفامی هەڵمانگیرساندووە، بە دەوریدا سەما دەکەین و بە خۆشییەوە هەڵدەپەڕین. ئەگەر ڕۆژێک هەردووکمان ببینە دەستە چیلەی هەواو و هەوەسی سروشتی خۆمان هیچ گرینگ نییە و بەتوون! چونکە مەبەستی ئێمە لەو ڕیازەت و سەختییە دابەزینە، تێکەڵبوونێکی ئاشکرایە بە تەواوی ڕاستییەکان کە زیندەوار شەو و ڕۆژ لەدووی وێڵە و لە چەشنی سەراب و تەراویلکە هەرگیز پێی‌ناگات. بەختەوەری لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو هەناسە و نەفەسەیە کە هەیە و ماباقی ئیتر هیچ، هەتا ئەوکاتەی ئەو پیاوە منی هەیە و ئەوە بە یەکەوەین و دڵمان زۆر خوشە. ئەو فەلسەفە و سلووکە عارفانەیە کە بێ دەمامکە و من خۆشمدەوێ، هەروەک خۆی ڕاوەستاوە و دەمێنێتەوە، دوای ئەوەش هیچی دیکەمان بۆ پێش‌بینی ناکردرێ، ئەمەش بەشێکە لە ڕازی کاری ئێمە، بەبێ زیاد و کەم حەز بە ئەوینی یەکتر دەکەین، بۆئەوەی خوشەویستی خومان دزێو نەکەین خۆمان دوور

گرتووه لە چاولێکەری و ڕوومان لە زۆر شتی هیچەکە و پووچەکە وەرگێڕاوە. بۆ گوزەرانی خۆمان زۆر شەرت و بەڵێن و خووخدەی شیاومان هێناوەتە ئاراوە و پێیانەوە پابەندین. بۆوێنە، ئەو ڕۆژەی هەرکامێکمان تووشی پەژارە و ئاریشەیەک هاتین، ئەشێ بتوانین خۆمان لەو غەمە دوور بگرین و نەبینە دانەوێڵە، ئاشی ڕۆژگار نەمانهاڕێ، ئەو هەتوان و شەربەتی خەفەتبەرەی عارفانی دە سەدە لەمەوبەر لە کەلێن و قوژبنی مەیخانانددا بۆی دەگەڕان و نەیاندیتەوە. ئێمە لە ئەوینی یەکتردا پێیگەیشتووین، کەوابێ ئەو نێوانی لە دایکبوون و مردنە، کە پێیدەڵێین ژیان، وەختێ ئینسان دەتوانێ مراوی بێ، بۆچی ببێ بە شاوەشینکە؟ ئەو ئەرک و زەحمەتەی من بۆ ئەو پیاوە بێوێنەی خۆمی دەکێشم لەوە زیاتر نییە، ئەگەر وانەبوایە چووزانی ئێستا چارەنووسێکیترم نەبوایە، ئەوەیە مانای پێکەوە ژیان، و تێکەڵاوبوونی گیانێک لە دوو جەستەدا، یان هەروەک خۆت وتت لێکتێگەیشتن و بۆ یەکتر مردن. ڕۆحی ئێمە لە خرپەی خەوێکی خۆشدایە و سروەی بەرەبەیان و خەونی شیرین جۆلانەمان بۆ ڕادەژێنێ. بە هەوێنێکی بەهەشتی مەیوین. مەستی بادەی غەزەلەکانی ئاسمانی حافزین و گوێ بە ژیانی فەریکی سەرزەوی نادەین. هەر بۆیە وازمان نەهێناوە لە ژیانی ساکاری خەڵکی ئاسایی و مەیلیشی نانێین. منیش تا ئەوجێیەی بۆم دەلوێ دەبێ کەڵک وەربگرم، لە ڕەمزو ڕازی ئەویندداری و دڵڕفێنی، ئەشێ بەخۆم ڕابگەم. میرانیش لە سایەی یەزدانەوە سامان و داهاتی باشی هەیە و ڕوو لە زیادبوونە. داوای هەرچییەک بکەم، دووپاتە کردنەوەی ناوێ. بەینێکە فکرمان لێکردۆتەوە، پەردە و فەرش و قاڵی و مێزو کورسی و کەلوپەلی نێو ژوورەکە ڕەنگو ڕوویان لە بەرچاومان کەوتووە ببیانگۆڕینەوە. زۆر لەوەدەچێ لێرە بیگوێزینەوە و بچین بۆ گەڕەکێکی دیکە. پیاوەکەم دەڵێ، خۆشەویستی ئەگەر لە پێش فکری خەڵکی ئەم ڕۆژگارەوەبێ واباشە شوێنی ژیانیشی بۆ بگۆڕی. هەرشتەی شوێنی تایبەتی خۆی گەرەکە، تاکوو بتوانێ خۆ وەدەر بخات، هەروەک ئاو وایە وێنەی دەفرەکە لە خۆی دەگرێ.

من چیوا لەو قسە سەربەمۆرانەی ئەو حاڵی نەدەبووم، گوتم:

لە یەکتێگەیشتن باشە و بەجێیە، بەڵام لەراستیدا، ئەو هێزە سێحراوییە، کە تا ئەوڕادەیە بتوانێ لەسەر دڵی پیاو کاردانەوەی هەبێ، لە چ کانیاوێکی ئەفسانەیی دێتە دەرێ و سەرچاوەی لە کوێڕایە؟ ئەمە چ شەمێکی جاوودییە لە ژێر ئەم دەفرەدا دەسووتێ و بێکووژانەوە گەرم ڕایدەگرێ؟ من تەنیا مانای ئەم وشەیەم بۆ ڕوون ببێتەوە بەسمە. پێموایە ئەگەر تۆ ئەو ژنە ئەفسانەیە نەبی کە شەوانی هەینی دەبۆوە بە کچ، بێگومان جادووبازێکی شەوانە کوولەکەی ڕۆحی

مێردەکەت بە دەست خۆتەوەیە. دەڵێن ڕازی کاری تۆ چۆتە نێو ئەو شانەزەردە خاڵدارەی دۆم و قەرەچییەکان لە قاپووڕی کیسەڵ بۆیان دروست کردوویی و زۆربەی ڕۆژانی تایبەت لە پشتەوە دەیدەی لە پرچت.

وەکئەوەی دەروازەی قەڵای ڕازی ئەوم شکاندبێ، یان ئەوەی پێیوابوو گاڵتەی پێدەکەم و خەریکم تووڕەی دەکەم، بە زەردەخەندەیەکی تاڵەوە لێم مۆڕ بۆوە و پرسی:

کێ ئەم شتەی بە تۆ گوتووە، ئاسکە؟ حەزدەکەم وەک دەستە خوشکێک ئەم شانەیەت پێبسپێرم، بەو مەرجەی ونی نەکەی، جگە لەوەش ڕازی کاری من لە شتێکی دیکەشدایە، پێمخۆشە بچێ بۆلای هەویێکەم و ئەمەشی پێبڵێی، شتەکەش ئەمەیە، من مێردەکەم بە ناوی (سەراوی) قاو دەکەم و ئاسکە بانگیدەکا، مەشەدی؛ هەرچەندێ بۆمبکرێ کەڵک وەردەگرم لە تۆق و تەلەسمان. بەڵام جادووی من ئەوەیە، ئەها ـ دەستیبرد و هەردوو مەمکی قوت کردەوە و لاق و بەلەکی خۆی هەڵماڵی من دەزانم ئەو لابێژیانە لە زاری کێ دێتەدەرێ، هەر ئەو کەسانەی لە کونی ژوورێدا خەریکی سووتاندنی کوتەنالێکن، هەر ئەوانەی کچەکەی ماتەلاخانم بەیانییەک تاکوو نیوەڕۆ لە ژێر پلووسکدا، دژە سێحری لە دەستاونگدا بۆ دەهاڕین! پێمدەڵێن سەیمیرانم دەرمانخواردوو کردووە، بەڵێ لە دەستمدێ، کردوومە و دەیکەم و دەستبەرداریش نابم. بەڵام ئەو شتە نە ئاوی دۆعایە و نە سێحر و چاوبەستن، ئەوە شەراوی سووری بازو شاهێنە کە شەوانە سەر نەنێ بە باخی سینە و بارۆکمدا و سەرخۆش و بێهۆش بەرامە و چێژی سەفا نەبێ وەک کورە لاوی ڕووت نەدیتوو تاکوو ئۆخژنی بە دڵدا نەیات ناسرەوێ و داناکەوێ. ئەوەی لە ناخەوە شەیدا و سووتاوی عەشق و جوانییە، ئیتر پێویستی بە سێحر و جادوو نییە؟ لەمەڕ خۆشمەوە، وەک تۆ دەڵێی نەک هەر شەوانی هەینی، بەڵکە هەر هەموو شەوێ گەورە کچێکی چارەدەساڵانەم. پێتدەڵێم چۆن ئافرەتێک لە کچێنی خۆم پاراستووە، هەر لەووەختی کچ بوونەشدا زارۆیەکم لە زگدایە کە ڕوژێک لە دایک دەبێ و هەروەک فریشتە و پەریان پەڕوباڵی دەبێ. ئەکرەم بەڕاستی من ئەم چاوەڕوانییەم لە تۆ نەبوو، جا ئەمەش قسەیە تۆ دەیکەی. بەڵام بۆ ئەو زەحمەتەی تۆ بە منەوە کێشات، سەرمت شووشت و شانو پشتت بۆ داماڵیم. ئەگەرچی قازانجی بۆ تۆ نەبوو، با ئەمەشت پێبڵێم، قسە هەزارە و یەکی بەکارە: بۆ پیاوانی شۆخ و چاونەزێر، یان ئەوانەی کە ڕۆحی شاعیرانەیان هەیە، ئەگەر ناتوانی پییانۆیەک یان سازێکی شەشتاڵ (ژێ) بی هەر نەبێ وەک ئەو بووکە شووشەیە وابە، کە بەوپەڕی

ساکارییەوە منداڵ خاوەنییەتی و ناشیزانیٚ چی لە زگدایە. دەبیٚ ئەمەش بزانی کەس حەدی نییە بۆ سەراوی وەکوو من بیٚ.

ئاسکە، چاوی لێڵیخەو بوو، بەدەم هەناسە ساردی خۆیەوە جووڵەیەکی کرد، بەو مانایەی کە خەیاڵ ڕاپێچەکی داوە و جگە لە شەرم و حەمتەڵمان لە هیچ تیٚنەگەیشتووە. ئەم ژنە زۆربڵە و ماڵانگەڕە، سووسەی زۆر شتی کردووە و بە هەست و نەستی ئەوان دەزانیٚ، کەیخاتووی ماڵ لە بیاوانی فکر و خەیاڵدا سەرلێشێواوبوو ڕوخساری چرژاوی لە ژێر بەرداشی پەژارەدا بەم درەنگانی شەوە زۆرتر لە جاران هاواری دەکرد. دیسان دەرگای حەسارەکەیان کوتا، ئەمجارە مێردەکەی ئەکرەم بوو، ئاسکە ماندوو و دڵپڕ لە خەم گوتی:

بچۆ دەرگاکە بکەوە، دەزانم ویستوویەتی بەم قسە پڕوپووچانەی داخ بنێتە سەردڵمان. ئەمانە ئاشقەو ماشقەن هەرچونێک بڵێی ئاوا دەکەن. چووزانی دەم لەوێی نەنیٚ وابزانیٚ شەراو دەخواتەوە، ئەمەش بۆخۆی نەخوشییەکە.

هەردووکیان لە ژووریٚ هاتنە دەریٚ و ئاسکە درێژەیدایە:

پیرەمێردی من نوشیگیانی بیٚ، بادەی ئەوین و دڵداری دەردی چارە دەکا، لە چاوی پیس بەدوور بیٚ، خەریکە ماڵی ئەو دنیای چراخان دەکا.

تۆڵەی ڕۆژگاری لاوی دەکاتەوە.

بەڵام زۆر درەنگ وەخۆ کەوتووە، بەرماوخۆر! لە نزیک دالانەکە، بستێک لە تەرکی حەساریٚ بەرزتر بوو، ئەکرەم گەڕایەوە:

ئێستا من جۆرێکیتر بۆیدەچم، ئەوپیاوە دەبیٚ شەو و ڕۆژ پەسنی هوما بدا و بە باڵایدا هەڵخوێنیٚ، هیوا و هەوەسی لاوی وەرهەمی خستۆتە دڵەوە، بەڵام تازە لە ئاژووتن کەوتووە و گا بە دەنگی ناڕوا، ئەمەش بەدبەختی و کلۆڵییە تووشی بووە.

ئاسکە، ڕانەوەستا، لەم قسە تازەیەی وردبێتەوە و ئەویش شتیٚ بڵیٚ، بۆ بزەی سەرلێو هەر ئەوەندەی بە زماندا هات: ئەی بابەی عەیار تۆش مێردەکەی منت تاقی کردۆتەوە کە پیاو نییە؟! ـ تاریکی بەردەرگای دالانەکە ئەکرەمی قوت دابوو، ئەوکاتەی ئاسکە لە پێخەفی خەو خزا، نەیزانی شەو چەندەی بە بەرەوە ماوە، لە دڵی خۆیدا وەڵامی ئاخرین قسەی هاوساماڵی دەدایەوە:

ئەگەر وایە ئەیبۆ ئەووەختی هوما لە هەوڵی ئەوەدابوو منداڵی لێی ببیٚ؟ یان ئەمەش دایە مەمدە بەگورگیٚ بوو؟

زۆرتر لە جاران لە ژێر تاوڵی پەژارەدا لووتی داژەنی، فکر و خەیاڵ وەک ئاو ماڵک هەرتاوێ لە دارو بەرد و کەندەڵانێکیان دەسرەواند. دەیزانی هوما بۆ تێکسمڕانی خۆی خەریکی بادەنۆشییە، بەڵام فکری بۆ ئەوە نەچووبوو، وەخت و بێوەخت ئەمە کاری بێ، یان مێردەکەی شان بەشانی ئەو بخواتەوە، ئەمجار دەبوو بزانێ ئەو گیرفانانەی براخاس، وەختێ خوی کووزوو دەکرد و هەتا ڕۆژێ ڕانەدەوەستا، بۆچی هەڵمسابوون، هەر ئەو براخاسەی نەیدەتوانی مێش لە دەمی خۆی دەربکا، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ بوو، شووشەیەکی دەبرد و یەکیتری دەهێنایەوە. بڕوات نەدەکرد، سەیمیران ئەوەندە گۆڕابێ، ئەو سەیمیرانەی سەری چووبا، نوێژی نەدەچوو، سی ڕۆژەی ڕەمەزان و شەشەکانیشی دەگرت. زەکات و سەرفترەی دەدا، وەختێ خاوەنی هوما بێ سەیر نییە نەگۆڕێ، هیچ بەعید نییە لەو، ئەو ڕۆژەی لە وەتاغەکەدا دەستیکردە ملی تاکوو ماچی بکا، هەر لەبەر بۆنی ئەڵکۆڵ نەبوو خۆی کشاندە دواوە؟

ئەوە شتێ نەبوو ئاشکرا نەکرێ، ئەوشەوەی بێشەرمانە لە ژێر تیشکی مانگەشەو، لەسەر تەختی خەوەکە لەو حەسارەدا هەر بۆ باسکردن نابێ! لەگەڵ ئەکرەم ئاگایان لە هەموو سرت و خورتێکیان بوو. ئەوانە وەک دەنگی دەهۆڵ لەسەر مێشکی لەرەی دەهات:

ئەمەیە جادووی من، ئەهانێ ـ ڕەنگە خودا ئەمەی بەو ڕەوا بینیبێ!

پێداهەڵدان و پەسنێکی خۆڕایی چڕوچاوی خانمە خاسەکەی، سەرت سووڕ دەمێنێ، ئەکرەم، جا بۆ شتیواش دەبێ؟

ئەی بۆ نابێ، لەمچەشنە زۆرە! ئەمە ئەشقی پیرییە.

ڕەنگە، ڕەنگە، سەلا لە چاوی خۆم، ئەوە چوارساڵە لێیدوورم، ئەگەر واشبێ زۆر سەیر نییە! بەڵام شتیوا نابێ، ئەگەر ئەمە ڕاستبێ چۆن تاکوو ئێستا هوما بەلایەوە دادەنیشت. شەوێک لەلای نەدەبوو، سەیمیران جارێ ئەوەندە پیر نەبووە، پەنجا ساڵ دەبێ و نابێ، ئەکرەم ئەم قسەیەی تۆ قەت وانییە باوەڕم بەم قسەیە نییە، ئەگەر واشبێ چ ڕاست و چ درۆ، دەرمانی پێداوە، دڵنیام کاری خۆی کردووە ژنەتیوەی نازفرۆشی مەکربازە، کۆنە ڕاوچی و چاوبەست، داخۆم چ بەڵایەکی بەسەر ئەو مێردە بەستەزمانەی من هێنابێ!

پەپوولەی خەو لەسەر چاوی هەڵفڕی و پێلوویی هەڵێنا، تاریکی بارگەوبنەی تێکەوە پێچابوو ئاسۆ ڕووناکایی کەوتە نێوچاوانی.

## بەشی دوازدەهەم

بەرگدووری، یان دووکانی شاژنخانم لە دوولایەنەوە ببووە چقڵی چاوی سەیمیران. یەکیان، ئەوەی ڕووبەڕووی سینەما فروهەر بوو، هەرچەندە سینەمایەکی بێدەنگ و کەمغەوغا بوو بەڵام لە دوای باربۆد ئەوە دووهەم سینەما و شوێنی پشوودان و کاترابواردنی خەڵکی شار بوو، لە لایەکیدیکەشەوە هوما لە نێو شاگردەکاندا لەگەڵ کچێک نێوانی خۆش کردبوو ـ کچی کارمەندی دارایی و ماڵییە کە هاوشانی ئەو نەبوو، لەو ڕۆژەوە ببوو بە هاوڕێی ئەم قەیرەکچە جارنەبوو بە بڕو و بیانوویەکەوە ڕوو نەکاتەوە ماڵێ، ڕۆژێک دەیگوت:

خوشکی سووسەن لە بەیرووت خوێندکارە و بۆ مامانی و دوکتۆری ژنان دەخوێنێ نامەی بۆ بابی ناردووە، بەتەمایە نەگەڕێتەوە بۆ ئێران، یان ئەوەی ئەگەر هاتیشەوە لە پایتەخت دادەنیشێ و مەتەبی ژنانە دەکاتەوە. ڕۆژێکش هێندە بەتام باسی دەکرد دەمی پڕ ببوو لە ئاو. ئەمانەش حەز و ئارەزووی دەروونی خوی بوو:

بابی سووسەن حەوتەیەک لەمەوبەر چووبوو بۆ تاران، دوو ڕۆژە گەڕاوەتەوە. باڵتەیەکی بارانی شین و جووتێک چەکمەی کچانەی بۆ هێناوە، قوربانی ئەم خوایە بم، سەروەت و سامان بە کێ دەدا، ئەم دوانیوەڕۆیەش بیتاقەی وەرگرتووە خاوو خێزانی ببات بۆ سینەما باربۆد. سووسەن بەڵێنی داوە سبەی بەیانی کە هاتەوە بۆ دووکان هەرچییەکی دیتووە، سەرلەبەر بۆمان بگێڕێتەوە، وەکئەوەی ئێمەش لەوێ بووبێتین. سینەما فروهەر بەهۆی ئەوەی هۆڵی هاوینی نییە، سێ مانگەی هاوین دەرگای داخراوە، ئەوە چەند ڕۆژێکە کراوەتەوە، ئەرێباشە سەراوی، ئەی بێبەڵا بی، تۆ بۆچی جارێک ئێمە نابەی بۆ سینەما؟ بۆ جارێک ناڵێی ئەو ژنەی من بەتاقی تەنیا لەو ژوورەدا خەریکە کەڕو لاڵ دەبێ! مەگەر نازانی من وەک زۆربەی ژنان هیچ سەرقاڵییەک شک نابەم تاکوو پێوەی خەریکبم، نە کەسم هەیە بچم بۆلای، نە کەسیش میوانم دەبێ، نە شوێنێک و نە سەیرو سایەحەتێک، هێشتا خۆ ئەگەر منداڵێکم هەبوایە، دیسانیش باشبوو دەمتوانی پێوەی خەریکبم و وەڕەزی خۆم دەربکەم. سەراویگیان کەوایە من لەو ماڵەی تۆدا دڵم بەچی خۆش بێ؟ هەرنەبێ شەوێک بمبە بۆ سینەما.

سەیمیران گوتی:

سینەما، باسی شتیوا مەکە، ئەوە دەستکردی شەیتانە! تاوانە و گوناح! بێجگە لەوەش جارێکیتر پێموتی، ئەم سەیر و سینەمایە بۆ ئێمەی کاسبکار و زەحمەتکێش نەهاتووە.

ئەی تاوانی من چییە مێردم کردووە بە کابرایەکی کاسبکار؟ ئەی بۆ ئەوساڵە بەبێ ئەوەی کەس لێت بپاڕێتەوە، خۆت وەپێشمان کەوتی و ئێمەت ـ ئاسکە و منداڵەکانیش چووین بۆ سینەما، ئەو ڕۆژە گوناح نەبوو؟!

فیلمی سەفەری شا، بۆ تورکییە دەڵێی؟ یەکەم، ئەو فیلمە مۆسیقا و سەمای تێدا نەبوو، کە ئەمەش گوناح نییە. دووەم، بە زۆرداری بلیتیان بە سەردا بڕیبووین. هەموو سونف و پیشەییەکان وەک یەک، منیش کە سەرۆکی نانەواخانەکانم، چەند بلیتیان پێدابووم. لە نێوان دۆستاندا، دابەشی بکەم. زۆریان پارەیان دەدا و بلیتیان وەرنەدەگرت، یان وەریاندەگرت نەیاندا بە کەسێکیتر، خۆیان نەدەچوون، ئاگات لێبوو چەندە بلیتی زیادیم پێمابوو، چەند دانەمدا بە مێردەکەی خورشید. بە ژن و منداڵەوە چوون بۆ تەماشا، منیش ئەگەر سەرۆکی ئەو پیشەیە نەبوایەم پێم نەدەچوو.

پێمناڵێی کوێی خراپ بوو؟ ئەم هەموو کچە جوانەت دیتبوو بە بەردەمی شادا ڕێژەیان دەکرد، تۆ ئەم شتانەت پێخۆشە. ئەو کچە شەلە، لە ئاخری سەفەکەدا دەشەلی و دەڕۆیشت، لە بیرتە؟

بەڵێ، شا، هەر ئەو ڕێژەیەی بینی بۆیە تەلگرافی دەستووریدا بە وەزیری فێرکردن و بارهێنان: بە هاتنی من کچانی قوتابخانە سەر ڕووت ـ ئەمە ئابڕووچوون بوو کە هەرگیز ناگەڕێتەوە.

هوما مۆنەیەکی لێکرد و لووتی لێبادا:

چ ئابڕووچوونێک؟ خۆ ئاسمان بە زەویدا نەدرا؟ چیبووە؟ من نازانم ئێوە پیاوگەل بۆ ئەوەندە وشکەسۆفی و ڕیابازن! ئەگەر ئێمەی ئافرەت لەو بەرگە ڕەش و نامۆیە هاتووینە دەرێ، چ زەرەدێکمان بۆ پەزیووە؟ چ تەڵەزمێکیان لە دارو بەردی مەزەب و नامووس کردۆتەوە؟ بۆ هەر لە کۆنەوە نەنک و دایکی ئێمە لە ئاواییەکاندا بە ڕووی ئاوالا و بێپەچە و چارشێو نەژیاون؟ شەو و ڕۆژ لە کەسبو کاردا تێکەڵ بە پیاوان نەبوون، ئێوە پێتانوایە نێری و بەرانی ڕایانبواردووە؟ بۆ مەگەر من و تۆ بنەچەک کورد نین؟ بۆ دەبێ هەروەختێ لە حەسارەکەی خۆمان کە پیاوێک لە ماڵ نییە، بە سەری ڕووتی ئەمبینی گرێ دەکەوێتە نێوچاوت؟ ئافرەتی کورد سوارچاکیان تێدایە، لە شایی و دیلانێ دۆیی دەستی جحێڵ و لاو و پیاوانن. چۆپی دەکێشن و شایی دەکەن. بەڵام تۆ ـ پێتوایە لە بیرم دەچێ لێمتووڕە بوویی وتت بۆچی لە دەستی کوڕی خاتوو سەفییەدا هەڵپەڕیوی؟!

سەیمیران، بە دوو چاوی تامەزرۆوە زەردە کەوتە سەرلێوی:

بۆ سینەماچوونێک ئاوا جەرگم دەکوڵی؟ (بە ئاستەم مووی سەری گرت و جووڵاندی) دەتەوێ بەمقسانە خۆت لەبەر چاوی تاڵ بکەی؟ شنەی نازت مەکە بە زریان با بەگژ تەلاری دڵمدا نەچێ، مەگەرنازانی هەر خۆت لەوێدا کەسیرە دەبی؟ داوای چیدەکەی با بۆتبستێنم، بەسیە چرۆی لێوت بترووکێنە.

هوما پەنجەیدا بە ژێر دەستیدا:

شانۆی ئاکارت پێچۆنە؟ لەگەڵ ئەوەیان هەی ئەوشەوەی درەنگانێک هاتییەوە بێئەوەی ناوی بێنی، لەگەڵ میرزا نەبی بلیتی (لۆژ) دەگری و دەچی؟ پێتوایە من نازانم، شانۆی مەشەدی عیباد، لەمەڕ پیاوی دووژنەوە، دەی، ئەمجار پێمبڵێ خەریکی کڵاوم لەسەر دەنێی. تازە دەزانم بۆ شانتکەسرە لەگەڵ خۆت بمبەی بۆ ئەوجۆرە جێگایانە.

سەیمیران پێکەنی:

کێ ئەمەی پێگوتی؟

کێهەیە لە میرزا نەبی زیاتر، بەڵێ ئەو بۆی گێڕامەوە، ئەگەر حەوسەلەتبێ ئەوەی تۆ دیتووتە مووبەموو بۆت تاریف بکەم. بەڵام نا، ویستم شتت لە زار دەرکێشم، ئەمە درۆ بوو و هیچم نەبیستووە. ژنەکەی میرزانەبی، هاجەر، قسەی بۆ کردم، سەت شوکر، بە میرزانەبی، خۆ ئەگەر خێزانی لەگەڵ خۆی نابات، لێشی ناشارێتەوە.

شتێکی گرینگ نەبوو لە تۆی وەشارم. پیاو زۆر کار هەیە دەیکا، پێویست نییە بە خێزانی بڵێ، وەک کاروباری دەرەوە، ئاڵو وێرو بێنەوبەرە، کە هەردەبێ پیاو بۆخۆی بزانێ.

لەوانەیە، دیتنی ئەم شانۆیەش هەر لەم تەقالایانە بووبێ؟

چووزانی هەروا نەبووبێ؟ ئەی بۆ ئەو میوانداریيەی باغی قامیشەڵان کە سەتو بیست تمەنیدا بە کۆڵمدا چیدەڵێی؟ منێکی شان و قۆڵ ئارداوی بۆ دەبێ هاوڕێ و دۆستی ڕەئیسی شارەداری و کارمەندی سەفتو ئەسناد بم؟ چارەمان نییە، بەرحوکمی ئەوانین، کاتێک بۆخۆی پێمدەڵێ میوانت دەبم، چوار کەس لە خاوخێزان دەخاتە سەرزگم ئیتر دەتوانم بڵێم مەیەن. کەسێک ڕەئیسی بەشی پیشەی نانەوایان بێ دەبێ ئەم جەورەش بکێشێ، ئێستاش خۆت و ئینسافت ئەگەر ڕۆژێک هاتوو دووسێ کەسم بانگهێشتن کرد بۆ بینینی شانۆیەک دەکرێ تۆش وەدووی خۆم بدەم. ئەگەر تۆبایەی لەباتی من ئەوکارەت دەکرد؟!

ئەگەر من دەبووم لە جێگای تۆ، لە پێشدا بە ژنەکەم دەگوت و دەنگم دەکرد. دوای ئەمەش شەوی دواتر لەگەڵ خۆم دەمبرد.

چێم پێگوتی؟ تۆ ژنی و هەرجێیەک دڵت حەزی لێبێ ناتوانی خۆی تێخەی! خەڵک باشت ناڵێین. لەمەش بەملاوە، من تاکوو ئەمڕۆ فێر نەبووم بۆ هەرجێیەک بچم خێزانم وەدووی خۆی بدەم.

دەی وەختێ وادەزانی، ئەم شێر و ڕێوییەی بۆچییە، قسەکەت دەسەلمێنم، تۆ هەر پێتعەیبە ژنەکەت لە دەرێ شان بەشانت بڕوات، لەو ڕۆژەوە، چارشێو دوای بڕا، بە ئاواتەوەم دوانیوەڕۆیەک بێیەوە بۆ ماڵێ و پێمبڵێی هوما هەستە با چەند دەقیقەیەک بچین بۆ پیاسەکردن با تۆزێک بای دەرێ لێمان بدا، هەروەختێ داوای شتێکم کردبێ، خێرا گوتوتە لەگەڵ خورشید بچۆ بیکڕە، ئەگەر جارێک بەختم هێنابێتی و پێکەوە چووبێتین بۆ میوانی، هەمیشە هۆگانێک لە پێشەوە ڕۆیشتوویی، تا شوێنی مەبەست هەر ئەوەندە بووە لە کەوشی پاژنە بڵنددا گوێزینگی لاقم دەرنەپەڕیوە، حەیفە بە هەناری بڵێی بەد مەزەب! دەبوو من لەگەڵ تۆ پێمعەیب بێ بێم بۆدەرێ، گەشت و سەیرانت بۆخۆت دەوێ! خۆ ئەگەر لە ترسی لۆمەی خەڵک بوێری یان دەسەڵاتت هەبێ لە چارشێو و عابام دەپێچی. زۆر باشە وەختێ ئەمە حاڵمە دەزانم کوێ ماڵمە! ئەوجار پێمخۆشبێ بۆ هەرلایەک بچم، پرست پێناکەم و دەشچم! ئاخۆم بەخشینی ئازادی بە ژنان ئەوەندە بوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی پیاواندا بە گشتی بەشداربن؟ پێتوانییە ئەم شوێنانە هەر بە ئافرەتەوە جوانە؟ وەختێ تۆ من لەگەڵ خۆت نابەی بۆ سینەما خۆ شەل‌و کوێر نیم، خۆم دەچم بیتاقە دەکڕم کورسییەک دەگرم و لاق لەسەر لاقم دادەنێم و تەماشا دەکەم!

هوما، سنگو بەرۆکی بردەپێش و خۆی قیت کردەوە، سەری هەڵتەکاند و بسک و کاکۆڵی بەلادا خست، بە ناز و غەمزەوە ئەبرۆی هەڵتەکاند. سەی‌میران نێوچاوی تێکنا و گوتی:

تەواوم‌کرد ئەمجار نۆبەی سینەمایە! بێجات کرد کاریوا دەکەی! تۆ حەیا و حورمەتی خۆت بۆ موهیم نییە، تۆ جارێ ئەم خەڵکەت نەناسیوە.

وانییە، ئابڕووی خۆم بۆ گرینگە، خەڵکیش دەناسم، ڕەنگە زۆر لە تۆ باشتر ئەم خەڵکە بناسم. خۆ من هەنگوین نیم قوتم بدەن. خەڵک! خەڵک! چاک ئەمەت کردۆتە بیانوو. با بچم، ئەوکاتی لێت‌حاڵی دەبێ کە دەتوانم. (تارزان لە دارستانەکانی ئەفریقا) من دەبێ بزانم ڕاستە، پیاوێک بە تەنیا لەگەڵ بەور و شێر بەشەڕ دێ، خۆشەویستەکەی لەوان دەستێنێتەوە و ڕزگاری دەکا.

ئەمانە گشتی درۆیە، بۆ لارێ‌کردنی خەڵکە بۆ دڕدۆنگییە.

راست و درۆ، کەیفی خۆیەتی، خۆ هەرنەبێ تەماشاکردنەکەی خۆشە، ئەگەر خۆشنەبوایە ئەو خەڵکە نەدەچوون تەماشای بکەن. بۆ من لە قەرەواشەکەی کارمەندی دارایی کەمترم، چاوم بەو شتە باشانە نەکەوێ؟ ئەم هەمووە دڵم بە سەما و هەڵپەڕینەوە بوو، نەتهێشت پێی پێدابدەم. لەوە دەترسم ڕۆژێک قەڵەمی دەستوو پێمبشکێنی، بەینێکە وابزانم خەریکە زۆر قەڵەو دەبم، بۆئەوەی لەشولارم دانەگیرێ ڕۆژانە لەسەر کارەکەم لە ژووری وانەی خەیاتی سووڕێکیان بە نێودا لێدەدەم و بتەوێ و نەتەوێ بە سووکە سەمایەک تۆزێک ئەوان شاد دەکەم و وەرزشێکە بۆخۆشم. ئیتر ئەو شوێنەی ئێمە تەواو بۆتە فێرگەی سەما و هەڵپەڕکێ. زۆرباشە، ڕێگە لە قەڵەوبوونم دەگرێ و بۆ ئەو فکر و بیرۆکەی لە سەرمدایە وردە وردە ئامادە دەبم. بەڵام هەنووکە سەرم لەوە سوورماوە چۆن دەتوانم بەبێ مۆسیقا سەما بکەم؟ مەگەر ئەوەی پیاوە باشەکەم لەلای من دەنگی نەکردبێ و لەکن ژەنیارێک خەریکی فێربوونی سازێک بێت. بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا بە سۆزی ئاوازێک سەرخۆشم بکا، وانییە سەراوی؟ من تۆم دیتووە، لە ڕابردوودا، چۆن بە دەنگی مۆسیقا خەیاڵ دەیبردییەوە، پێموانییە خراپی بۆ چووبێتم. جارێ گرینگ نییە ئەوەی لە دڵتدایە پێمبڵێ، (ئەو مەلەی چاوی لە عاسمانە تینووی هەڵفڕینە.)

ئینجا خەزاڵەشۆڕی سەیمیران، بە زمانی داهات و هەروەک کیژۆڵەیەکی نزمفام دانی بەوە دانا کە ئەو ڕۆژە هەڵەیەکی کردووە، داوای لە سەراوی کرد لێی خۆشبێ، هەروەک دەیگوت بۆئەوەی نموونەی کار و مۆدێل وەربگرێ لەگەڵ سووسەنی هاوڕێی لەپاش تەوابوونی وانەی بەرگدوورین چۆتە ماڵی ئەوان، لەوێ چاوی بە باوکی هاوڕێکەی کەوتووە کە لە باغەکەدا خەریکی پیاسەکردن بووە، کارمەندی شەستساڵەی سەرتاسی دارایی بە دوو چاوی بەقوڵداچوو دەمو و ڕوومەتی وشک و ڕەقەڵی، قەڵافەتی بێدارو بار، وەک داری جۆڵا لە حەجمین نەدەکەوت، ئینسان بە دیتنی ئەو تابووت و مردوویی وەبیر دەکەوتەوە، لە دوای مردنی خێزانی حەوت ساڵ دەبوو، لەگەڵ قەرەواش و نۆکەر و کچێکی لەو خانووەدا، کە هەر لە پارک دەچوو، لە تەنیشتی ئیجلالییە دەژیا، ڕەنگە لەو زەردەپەڕەدا فکری لەوە کردبێتەوە ئیتر هەتاکەی، ڕەبەن و تەنیا لە ژێر پێخەفی وشک و سڕدا وەمێنێ و ژنی نەبێ. هەر بۆئەوەی هاوڕێ لەتەک قەرەواش و کچەکەیدا بەرەو سینەما وەڕێ دەکەوتن. وەختێ هوما ماڵئاوایی لێکردن، بەڕێز و سۆزێکی تایبەت کە ڕێباز و شیاوی فڕەنگیانە، داوای لێکرد ئەگەر دەکرێ ئەم سەربەرزییە بکا بە نسیبی ئەوان و لەگەڵیان بچێ، سووسەن کە هەروای دەزانی هوما، وەک خۆی قەیرەکچە لە ماڵدا، بە دڵسۆزی و دەروونی ساماڵەوە گوتبووی:

پاپا، ئەمە چ داخوازییەکە تۆ دەیکەی شتیوا هەرنابێ، ئەگەر دە دەقیقە لە وەختی خۆی درەنگتر بچێتەوە بۆ ماڵێ، دایک و بابی بۆی دڵتەنگ دەبن و نان و ئاوییان بۆ ناخورێ؟! بۆ تۆ نازانی لەگەڵ گیژێکی نازدار قسە دەکەی نەک پیاوێک! هوماخانم تەنانەت دەرفەتی نەهێنا چاو لە تەقەڵ و درووومان و کارەکانی منیش بکا، هەربۆیە هاتۆتە ئێرە.

ببوورە کچەکەم، هیوادارم هاوڕێکەت دڵمەند نەبێ، فکرم باش کار ناکا، ئێمە تازە لە دارایی وابار هاتووین. ئەوەی دەیزانین تەنیا سیایی و ڕەقەم و یەک و دووە، ئەمەش دەردی بێژنییە، حەوت ساڵی تەواوە ڕەبەنم. لێمگەڕێ و دەست لە دڵم مەدە، ژیانم ڕووخاوە و فکر و بیرم ئاڵۆزە، زۆرباشە، تۆ گوتت هوماخانم دوورمان و کارە جوانەکانی تۆی نەدی؟ قەیدی چیدەکا، ڕۆژێکیتر بانگی بکە، بۆ تۆ ئەوەندەت لەدەست نایا، ڕۆژێکی بانگهێشتنی بکەی و خزمەتی بکەی؟ بۆ من جێی سەربەرزییە، تۆ لەگەڵ ئەو کچە فامیدە و خانمانەدا هاوڕێ و دۆستی، ئاخۆم ئەو ئاڵبۆمی سەمایەی خوشکت لە بەیررووتەوە بۆی ناردوویی نیشانت داوە؟

سووسەن بە ئەدەب و حورمەتی تەواوەوە کە ڕازێکی هەڵگرتبێ چاوێکی لە هوما کرد و گوتی:

ئۆی باوکە گیان، ئەمە خۆی سەرچۆپیکێش و مامۆستای سەما و هەڵپەڕکێیە!

ئەم ڕاستیوتنە وەک دەنگی تێکچوونی ماتۆڕی فڕۆکە چۆن فڕۆکەوان هەست بە مەترسی دەکا، ئاوا مێشک و ڕوخساری سەیمیرانی تێکدا، ئەم ڕستەی ئاخری کە هوما وەک منداڵێک باسی دەکرد. ئەوەبوو، ئەو پیرەمێردە بێژن و سەڵتە سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی ئەم کچە بێمێردە کە هەر دەڵێی حۆری لەقایە، بڵێی چەندەی پرسیار کردبێ، بە یادی ئەم مانگی چاردەیە کە خێرا لە بەرچاوی چووە پشت هەورانەوە و پەنای گرتبوو، ئاخۆم چ خەون و خەیاڵێک بە دڵ و مێشکیدا هاتبێ. سەیمیران ئەگەر تووڕە بوو، ئەوا گرژییەکەی بۆخۆی دەگەڕایەوە و دەبوو خۆی سەرکۆنە بکا، بۆ دەبوو ڕێگەی پێبدا بچێ بۆ فێربوونی خەیاتی. ژنێکی ئاوا جوان و جحێڵ، بە لەبزی شیرین و زمانێکی باوکانەوە کە تووەڕ و گلەیی پێوە دیاربوو، کەوتە ئامۆژگاریکردنی. لەوەبەولاوە وەختێ دەچێتە دەرێ وریای ئاکار و ڕەفتاری خۆی بێت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کچە، کە خۆیان بە هاوشانی ئێمەمانان نازانن. دایکی نییە و هەڵسوکەوتی لەتەک ئێمەدا جیاوازی هەیە. ئێمە ناتوانین هاوڕێی ئەم مووچەخۆر و خۆشگوزەرانانە بین. ئەوەی هوما دەیگوت، هەڵبەت مەنزووری ئەوە نەبوو لاسایی ئەوان بکاتەوە و بەم ڕێگەیەدا بچێ، سەیمیران ئەمەی دەزانی. بەڵام ئەمەشی دەزانی، ئەو قسانەی ئەو ئاوات و ئارەزوویەکی سەرچڵە و تێپەڕ، هەر بۆ سەیر و سەفایە، گۆڕان

و تازەبوونەوە، ئیتر لەمەودوا دەبێ چاوی بە سەرییەوە بێت و زۆری وریا بێ، بە دڵەوە داوای لێکرد لەمەودوا کاتژمێر چواری ئێوارێ ئەو وەختەی دەست لەکار دەکێشنەوە تا چوارو چارەگێک دەبێ بگاتەوە ماڵێ. بارامی ڕاسپارد بە ئاسکە بڵێ لەو سەعاتەی بۆی داناوە ئەگەر درەنگتر هاتەوە بۆ ماڵی خێرا پێی بڵێن. بەڵام کابانی گەورەماڵ یەخەی خۆی هەڵتەکاند و گوتی:

من لێرەدا بۆخۆم پیاوخراپ دەکەم، خۆ دەزانم ئەگەر کاتژمێر سێی شەو بێتەوە لە گوڵ کاڵتری پێناڵێ. نێوچاوەکەم نایکا و کارم بە کاری نییە. ئەگەر ئەوان وازم لێبێنن من کارم بەوان نییە. چاک و خراپی خۆیان بۆ خۆیان. ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی خاتووخورشید.

واهەڵکەوت شەوێک سەی‌میران لە ماڵ بوو هوما تاریکان هاتەوە، وتی کچی شاژن‌خانم مارە دەکرا، بە تکاو پاڕانەوە ئەو و شاگردێکی‌تری گل دابۆوە، بە سەر و کاکۆڵی ئاڵۆزو ڕوخساری ڕەنگ‌پەڕیو و هەناسەبڕکێ و جگە لەمانەش، ئەو چەپکە گوڵەی پێشکەشیان کردبوو دیاربوو سەمای کردبوو لەو کۆڕ و مەجلیسەدا. میران چاوی لێ‌دەرپەڕاند و کەوتە پرسیارکردن. بوو بە چەلەحانێ و دمبەدمە. چاوی لێ‌سوور کردەوە و نموونەی کارەکانی لێدڕاند، میتر و خەت‌کێشی لێ‌شکاند و سوێندی خوارد، کە پێی بە خەیاتیدا ناچێ. هەر لەوکاتەدا پشیلەکانی ماڵێ دیارنەبوو چەند دانەن، هەریەکە و لە سووچێکی حەسار و سەربانەوە دەیان‌میواند و پێکهەڵدەپڕژان. هاوساگەل ئەمەیان بە قازانجی هوما نەدەزانی. ئەکرەم بە پەلەپڕووزێ و بە تاڵۆکەوە، بۆ ئەوەی چاکەی دەرحەق بە ئاسکە کردبێ بە بیانووی ئەوەی خەریکە گونجەی حەوزەکە دەکاتەوە ـ یانی‌ها گیراوە چووە نزیک ژووری میران و هوما، خۆی خەریککرد. هەستی ڕاگرت، هەر لەوکاتەدا جیرانەکانیش ئاگایان لەو شەڕەدەنووکەیە بوو، ئەمیش خێراخێرا نینۆخەکانی خۆی لەیەک دەخشاندن. تاکوو شەڕەکە خۆشتر بێ، قسەی هوما ئەوەبوو، مێرد ناتوانێ زیندانی بکات و ڕێگەی چوونە دەرێی لێبگرێ، جوابی ناداتەوە و بەقسەی ناکا. سەی‌میران زۆر بە توند و تیژی بە سەریدا گوڕاندی. ئەگەر بیهەوێ تەنانەت ئیزنی ناداتێ لە دەرگای ژوورێ هەنگاوێک بچێتە دەرێ، ئیتر ئێرە و ئەوێ هەرهیچ. ژن و مێرد وەک ئاور و پووشوو دژ بەیەک ڕاوەستابوون. هەرئان مابووی دەست‌داتە دارو پشتی لە زگی نەرمتر بکا! هوما هەرچەندە وەک شیر هەڵدەچوو، زوو خاو دەبۆوە، شیلەی زمانی خستە کار و میرانی هێور کردەوە، بەڕاستی سەی‌میران تووڕە بوو ئاور لە چاوی دەباری. شەوێ دڵدار و دڵبەر ئاشت بوونەوە، سەی‌میران قەولی‌دا چەرخی بەرگدووری سینگری ماکۆخڕی بۆ بکڕێ. هەر لە ماڵێ دانیشێ و ببێ بە وەستا! هوما گفتی‌دا ئیتر لەمەولا نەچێتە خەیاتی

و له ماڵێدا به کاروباری نێوماڵ و ژیانی خۆیەوە خەریک بێ، وەرزی سەرما و بەستەڵەک خەریکبوو دەرگای پێدەگرتن و کووچە و کۆڵانی پڕ لە قوڕو چڵپاو و بەفر و سەهۆڵی زستان بەکاری ئەوە نەدەهات سەر لە ماڵ بێنییە دەرێ و شەقام و بازاڕیش چێژی نەمابوو.

لەولاشەوە، ئاسکە، هەروەک وتبوویی کاری بە کاری ئەوان نەدابوو، لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەدەهێنان. سەی‌میران بەرێ وایدەزانی، خانمەگەورەی ماڵ دوای ئەو دیدار و قسەلۆکانەی دابووی بە تەنگەی میراندا دیارە کە ئازاردانیشی پێوەبوو، لەو وابوو لالووتە و لێی‌تۆراوە، ئەمەش عادەتی ژنانە و وەک شەرمەگێلاخە وایە، بۆ لەداو خستنی دڵی مێرد. بەڵام ئەم هەڵەیە زۆری خۆڕانەگرت. وەختێ لێی ورد دەبۆوە، دەیزانی، ئاسکە هیچ نەخشە و پیلانێکی لە بن‌سەردا نییە. ڕۆژ و مانگ بەبێ وەستان دەسووڕان، جاری‌وابوو سەی‌میران وەبیری دەهاتەوە سێ‌چوار ڕۆژێکە نەیدیتووە، پێی‌وابوو نەخۆشە و ڕاکشاوە، لە هومای دەپرسی، داخۆم ئاسکە چۆنە، وەختێ دەیزانی ساخ و سلامەتە و خەریکی ماڵ و منداڵی خۆیەتی پێی‌سەیر بوو، هەر ئەو ژنە بوو جاران هەتا ئەو دەهاتەوە بۆ ماڵێ، هەر ئەوەندەی دەنگی پێی دەبیست بەرەوپیری دەچوو، لەکاتی چوونەدەرێدا هەتا ون دەبوو لە دەرگای دەرێ لەبەر هەیوانەکە ڕادەوەستا، وەک تەواری تامەزرۆ لە دوورەوە بۆی دەڕوانی، ئەگەر جاروبارە دەیبینی بە شەرمەوە چاوی دادەخست. زۆر ئاسایی، بەڵام بە حورمەتێکی تایبەتەوە چارشێوی سەری ڕێکوپێک دەکرد بە هێمنی ڕووی دەکردەوە ژوورەکەی خۆی. قەت وانەبوو، بچێ ئەم سووراو و سپیاوە لە دەموو چاوی هەڵساوێ. هەروەک لە کۆندا دەیانکرد، دەتگوت، دەڵەدێو و سوورە مەیموونن! وەک جیرانێکی ژیر و بەوەج نە گوێت لە قاقاکێشانی دەبوو نە بۆڵە و ناڵە و گریانی، لەگەڵ منداڵەکانی سەریان بەسەر یەکەوە نابوو، وەک بڵێی لەتەک ئەم چارەنووسەدا سازابوو، وەک بێوەژنێک خۆی بە خولی ڕۆژگار بسپێرێ، یان وای بەباش زانیبوو نەبێتە موویی بەرلووتی مێردەکەی، نە زاڵەی لە دەست جەوری یار هەبوو، نە لە جەفای خەنیم. وازی هێنابوو ئێرەیی و حەسوودی چونکە کوشندەی جەستە و خۆرەی ڕۆحی مرۆڤە.بۆ دواندنی ئەو تەنیا ئەم وتەیە لەسەر زاری سەی‌میران بوو، ئەگەر دەتەوێ خۆشەویست‌بی، یان دووربە یان کۆربە، لە ڕاستیدا ئەو نەیدەتوانی دوور کەوێتەوە، بەڵام کوێر ببوو، وەختێ بە هەڵکەوت ئەگەر لەگەڵ سەی‌میران لووتیان بە لووتی یەکدا دەکەوت، ڕووبەڕوو بوونەکەی بەم‌جۆرە بوو، یان چاوی لە چاوی دەبڕی، وەک‌ئەوەی لە زاتی پادشایاندا هەبێ، ژنە ڕەنگی دەگۆڕا، دەشڵەژا و زمانی گیری دەکرد و قسەی بۆ نەدەهات، ئەو لەگەڵ هوما زۆر ژیرانە

هەڵسوکەوتی دەکرد، وەک خوشکێکی گەورەتر گوڵی گۆزروانی بۆ دەم دەکرد. شان و قۆڵی بۆ دەشێلا، لە چالاوە قووڵەکە حەڤدە هەژدە گەز قۆڵ بوو ئاوی بۆ هەڵدەگوێزا و دەفر و گۆزەی بۆ پڕ دەکرد. هەررۆژێک شیو و کوڵی بکردایە، جلوبەرگی سەی‌میرانی لێ‌وەردەگرت و دەی‌شووشت، هەرچەندە دەبوو هوما ئەوکارە بکا، دەچوو جلەکانی لە پشت یەخدانەکەی هوما هەڵدەگرت و دەی‌هێنا، بەبێ ئەوەی بۆڵە و خوتەی بژنەوی، یان منت بکا، دەیگوت:

خۆ من هەردەبێ ئەم تەرمەکە جلانە بشۆرم، با ئەم کراس و پاتۆڵەشی لەگەڵ بێ، کێ بە کار کردن گیانی دەرچووە.

جا، پێش‌ئەوەی هوما بڵێ باشە، یان نا، ئەو جلەکانی لە تەشتەکەدا خووساندبوو، ئەوسا دەیدی هەوێکەی جلوبەرگی چڵکەسووی بە دەستەوە بوو بە خێشەخێشی سەرپایی دەهاتە پێشێ، بە زمانی لووسی خۆی دەیگوت تازە ئەم دووسێ کوتەجلانەش بشۆرە، هەرجارەی دەچووە ژوورەکە و شتێکی دەهێنا، خۆ تۆ هەر چاکەت کردووە خوا خێرت بنووسێ:

زۆر باشە، خێرت کردووە، خوشکێ، چاکەش بکە، ئەمەش بشۆرە، ئەو جووتە گۆرەوی و دەسماڵەش لە ئاو وەردە، سیمای کەیخاتووی ماڵ، لە وەختی کارکردن و لە کاتی پشوودااندا هەروەکیەک وابوو. نە شاد و نە خۆشحاڵ بوو، بەڵکە ئارام و لەسەرەخۆ و سەربەست بوو، دڵگەرمی و ئارامییەک لە هەناویدا بوو، وەک شنەی بەیانی ئۆخژنی بە هەردووکیان دەبەخشی. دڵخۆشییەکی مەزنانە شەپۆلی ئەدا، کە بەرامبەرەکەی هەستی بە بێ‌خەمی و حەسانەوە دەکرد گوڵبزەی سەرلێوی نیشانەی لە قیناتکردن و بەخشەندەیی پاکترین ژنانی تەرکەدنیا ئاشکرا دەکرد. ئەم ژیرییە ڕوخسارێکی یەزدانی بەو دابوو. کە تۆلستۆی ئەویندارى بوو، ئەو قاڵبوون و بێدەنگییەی ڕازێکی سەربەمۆری لە سینەدا بوو یان ئیلهامێکی خودایی دەروونی تیشکاوێژ کردبوو. بەبێ حاشالێکردن ژنێکی داوێن‌پاک، خۆپارێز، ماندوونەناس، نییەت‌پاک و ڕازی بوو. سەی‌میران، پێش‌ئەوەی ژنی بەسەر بێنێ هەمیشە تاریفی سەبر و خۆڕاگری و بەحورمەتی ئاسکەی دەکرد. بەڵام ئێستا مەحتەل مابوو ئەمە چ کارێک بوو لەگەڵ ئەم فریشتەیە کردی. دڵێکی خاوێن و بەبێ کینە، بەشەری دەخستەوە بیری ڕاهێنانەکانی مەسیح، دڵی ئەو هێلانەی وەفاداری و بەزەیی بوو نەک چڵکنی و بێزاری، ئەم جوانی و پاکی و مەزنایەتییە لە هەموو بارێکەوە زۆرجار خۆکردی پێوە دیاربوو، بەڵام بە سەختی دەتتوانی بە ناخی ئەو ژنەدا بچیتە خوارێ و نییەتی مەعلووم نەبوو. ئاخۆم بەم‌چەشنە بەتەما بوو ئەو هەڵدێرە سامناکەی خولی ڕۆژگار یان دەستی ئەنقەست و تەقدیر

له نێوان ئەو و وئەو مێردی چەندین ساڵەیدا پێکیهێنابوو لایبەریێ؟ یان هەروەک بەعزێک له فرەزانان لەسەر ئەم بڕوایەن چاکەی له ڕادەبەدەر خراپەیە، ویژدانی ئەوانی پێدەهەژاند؟ هەرچەنده لەو ماڵەدا خەرجی بۆ ژنەکان جویێ کردبۆوه ئەو ژنه، هەروەختێ خواردنێکی دروست دەکرد و دەیزانی سەید ئەو چێشتەی پێخۆشه، پێشئەوەی بۆ منداڵەکانی دابنیێ، سەرگوڵی خواردنەکەی بۆ ئەوان دەنارد. هوما ئەوکاتی نێوانی لەگەڵی خۆشبوو، دەمیان له خواردنەکەی خۆیان نەدەدا و دەستاوی ئاسکەیان دەخوارد. زۆرجار، سەیمیران دەمەو ڕۆژئاوابوون دەهاتەوه بۆ ماڵێ، هوما وەک بووکی تازه به جوانترین جلوبەرگەوه، به تازەترین مۆدی ئاڕایشت و لێوی یاقووتی و چاوی سوورمه تێکێشراوەوه، منەتی بەسەر عەرزدا دەکرد و فیزی به سەر ئاسماندا لێدەدا، لەگەڵ خۆی دەیبرد و دڕۆیشتن، وەختێکیش دەهاتنەوه بۆ ماڵ، شەو شەق دەبوو، خەڵک چینێکی خەو کردبوو، ئاسکه که تا ئەو حەله خەوی لێنەکەوتبوو دەرگای حەسارەکەی لێ هەڵدەگرتن، قەت وانەبوو تاقەجارێک لێیان بپرسیێ بەم هەوا سارده گورگ له کون نایەته دەریێ، ئەوه شەو تەواو بوو لەکویێ بوون و چیتان دەکرد؟ له سینەما بوون یان له ماڵی خۆشنشین و ئاغاواتان؟ پیاسەکردن و هەڵمژینی هەوای نیوەشەو له نێو دارو درەختی باغی ڕەفعەتیه و لیجان، یان دانیشتن له کافه و قاوەخانەی خەڵوەت و تایبەتی شار، تەنیا هەر ئەو دوانه بەم ڕەمز و ڕازەی دەزانن؟ ئاسکه نه به ئەوانەی دەزانی و نه پێشی خۆش بوو بزانیێ. ئەگینا بیزانیبا جگه له خەفەت و پەژاره چیتری به نەسیب نەدەبوو. ئەو ژنه سەبوور و خۆڕاگره قەت وەڕووی خۆی نەدەهێنا، ئەو دوو دڵبەر و دڵدۆڕاوه پیر و لاوه به وشیاری له ماڵچوونه دەریێ و مەست و مەخموور دەگەڕانەوه، هوما، دوگمەی شاخی باڵته ڕەشەکەی بەری، که بەوپەڕی جوانییەوه پڕ به بەری بوو، سەرتا به خوار هەڵپیێکابوو، جانتاکەی له قۆڵی کردبوو، دەستکێش له دەستیدا، جارجار دەستی دەخسته گیرفانی بەژن و باڵا و سنگ و کەمەر هەر له خوی جوان بوو. بسک و پەرچەمی سەری بچووکی ڕازاندبۆوه و لەمێژ بوو مەیلی لەچکه و دەسماڵی نابوو. مەستی شادی و دڵخوشی و گێژ له یانەی سەربەرزیدا، هەروەک گانمید Ganimede مەیگێڕی کۆڕی خوایان، لەوکاتەدا که کۆڕی مەست و مەدهۆشانی بەجیێ دەهێشت و له چیای ئۆلەمپڕا دەهاته خواریێ. سەری دەکرد به نێو بەرۆکی خۆیدا بۆئەوەی گەرم ببێتەوه؛ میران ڕەنگزەرد و دۆژداماو گلێنەی له هێلوونی چاویدا بچووک ببوونەوه سپێنەی لێڵ و ڕوومەتەکانی وەک خۆڵەمێشی باڵی پەپوولەی لەسەر کەوتبیێ، ڕووناکایی له سیمایدا نەمابوو، بەبیێ ئەوەی به هیچ لایەک و تەنانەت به ئاسکەشدا بڕوانیێ که دەرگای

لێکردبوونەوە، یان قسەیەک بکا، ڕێگای بەرز و نەوی دالانەکەی گرتەبەر و بە هەنگاوی شل و لەرزۆکەوە خاوێر خاوێر کەوتە شوێن دڵبەرەکەی لە نزیک پلیکانی هەیوانەکە خۆی دەگەیاندێ تاکوو لە وەسەرکەوتندا دەستی بگرێ و یارمەتی بدا، ئابەمجۆرە هەردوو دڵدارەکە مەست و شێواو لاتەی سەریان دەهات، خۆیان دەخزاندە کوشی ژووری سارد و تاریکەوە، بەڵکوو لە دنیای بێخەبەری و تاریکەسەلاتیدا دەستەملانی پاشماوەی شەو بن. ئاسکە چەندە لە هەمبەر بەرزەخوویی و شکۆ و گەورەیی‌دا یان وەک دەڵێن جادووبازی شەیتانی ئاکاری ئەو ژنە و هەروەها پشوودرێژی و سەنگینی سروشتی ئەو هەستی بە بچووکی خۆی دەکرد. ئیتر وەختێ ئەوان دوور و نزیک ئاگاداری هەمووشت بوون، لە چاک و خراپ هیچیان لە پێش‌چاو ون نەدەبوو، وەک بڵێی دەنگێکی شاراوە، دایمە بە کەیخاتووی ماڵی دەگوت:

سەبرت هەبێ، با فوارەکان هەڵچن ئەوسا دەبینی چۆن سەروەخوار دەبنەوە.

بەڵام ئاسکە قەت ئەو خۆشی و هیوایە لە دڵیدا نەبوو، هەناسەی خۆی دەخواردەوە و بە زەردەخەندەی بێغەل و غەش وەک ئەو کیژۆڵە کۆیلانەی کە پێش‌مەرگەیەک بوون. ئەشێ مێژووی سەدەگەلی وەندیدا، بەجێ بهێڵی و لە سەرڕا بە ناوی ئەوانەوە بینووسێ، دایمە سەرو ڕووخۆش نەکا وابزانن مڕوو مۆچ و دڵ پڕ لەقین و دۆژداماوە. کاری بەوە نەبوو میران و هوما لە دەرێ شێویان خواردووە یان نەیان‌خواردووە. وای خۆ نیشان‌دەدا، وەک‌ئەوەی هەر ئەوان نابینێ ئاگای لە حاڵ و ئەحواڵی شپرێوی ئەوان نییە. بەڕاستی جێی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە، ژنێکی ئاوا ئازارچەشتوو، بەمشێوەیە ددان بە خۆیدا بگرێ، هەروەک ئەوانەی شەویان شەق دەکرد و تا سپێدەی بەیانی ڕیازەت‌کێشان دادەنیشتن، دڕدۆنگی و چەکەرەی بوغز و کینەی لە دەروونی هەڵدەکێشا و دەسکەنەی دەکرد. هەوڵی دەدا، فکر و خەیاڵی دڕکاوی لە دڵ و مێشکی دەرباوێ و لە کوشکی هیوا و ئەرک و ڕاگەیشتن بە منداڵەکانیدا چالاکی هەبێ و سستی و بێزاری بنێتەلاوە، تەنانەت گرینگ نەبێ خۆر لە کوێی هەڵدێ و مانگ بە کوێدا ئاوا دەبێ. دەنگی لە ئەکرەم‌ی دیوار بە دیوار و جحێڵ و لە قسەگەڕ و خۆهەڵقوتێن داگۆڕیبوو، بۆئەوەی ئەویش پێی نەچێ بە زەلکاوی قسەگێڕەوە و گوناحەکانی ئەودا، خۆ ئەگەر خۆی کەڕ دەکرد لەحاند قسەلۆک و چپەو سرتەی ئەوان، بە چاو سەرهەڵتەکاندن و ئاماژە و ئیشاڕاتی ماناداری ئەوانی دەبینی. جارێ سێ مانگ لە چیرۆکی شەونشینی و ئەملاوئەولای عاشقەو ماشقەی سەی‌میران و هوما تەواو نەببوو، ماندووان و خۆتیهەڵقوتێنانی بێکاروبار، کە لە هەموو کاسەیەکدا کەوچکن یان ئەوانەی کە بوغز و قینێک

هەناوی داگرتوون، پێوشوێنی ئەوانیان هەڵگرت و ئەودیوی پەردەیان بینی، بەڵێ سەی‌میران و هومای کێڵگەردن شەوانە دەڕۆنە دەرێ و قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا، بە خوویەکی دایمی، پیاسە دەکەن و بەسەر شۆسە و شەقاماندا پشتی ڕەشی شەو دەشێلن. لەم بێدەنگییەدا، دوور لە چاوی خێڵی بەخیلان عاشقانە هەنگاو دەنێن، دەڵێی فریشتەی حەز و دڵداری بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لێبێ، چەتری (نامرئی) نەبینی بۆ ڕاگرتوون. بە شاباڵی شەقامی چۆڵ و سازگاری پەهەلەویدا سەرەوخوار دەبوونەوە، بە باریکەڕێگای چیمەنی زەوییەکان کە جارێ بینا و کوشک و تەلار سەنگاو بەردی نەنابوو، پێچیان کردەوە و بەسەر پردی شێروخورشیدا پەڕینەوە بۆ کووچە و کۆڵانی خانووی تازە مۆد و خۆش‌نشینی ڕووبەرووی پارێزگا. ئیتر لەوێدا لە چاوبزر دەبن. هەر بۆیە گەڕان بە دوای ئەواندا لەو شوێنە، بە هۆی ئەوەی هاوتەریبە لەگەڵ خورێنگی ئاوشۆڕان، وەک بڵێی شێوە دوورگەیەکی بۆ شارەکە پێک‌هێناوە، دیتنەوەی ئەوان تەنیا کاری پۆلیس و نۆبەداری لە زەبری موختارییە بوو. ئەلبورز بە هۆی بێکاربوونی خانجان دۆش‌دا مابوو. بەڵام ئەوانەی دیکە و تاسەبارانی دڵدۆڕاوی خۆڕایی، ئەو بازو تەوارە، کە بەرو پشتی خۆی نەدەبینی، بەڕاستی داماوی خەیاڵێکی دەروونی بوو، کە هەڵچۆقانی پێوەیە، ئەو دەلاقەیەی بە نهێنی حەوتەی دوو شەو، لە کات‌وساتی دیاری‌کراودا بۆ ئەو دوو دڵبەر و سووتاوە دەکرایەوە، ئەو ئەسپە باڵدارەی ئەوان سواری پشتی دەبوون و بە ئاسمانێدا دەیگێڕان، دەمامکی لە ڕوو لادراو ناسیانەوە، وەدووکەوتنی ئەم ئەرکە ئیتر ئەوەندە دژوار نەبوو. حسێن‌خان (زەربی)، گۆرانی‌بێژ و ژەنیاری بەناوبانگی شار، ئێستا ببووە ژەنیاری تایبەتی یەکێ لە خانە خاوەن شۆق و زەوق و دەوڵەمەندەکانی ئەم دەڤەرە، زۆر لەمێژ بوو ماڵە کۆنەکەی فرۆشتبوو، هەرئەوەی لەو گەڕەکە بەو ناوەی کۆڵانی سەنعەتی بوو، چووبووە گەڕەکی تازەتر و لە ڕووبەرووی پارێزگا گیرسابۆوە، یەکەم کەسێک کە ئەم نزیک بوونەوە و ئەو هەواڵە تازەی بە ئاسکەدا، کە پیری خەرابات و میران و هوما شەوانە یەک دەگرنەوە، ئەکرەم بوو. هوما لە ماڵی حسێن‌خان دوور لە چاوی نەیار و ئەغیار بە سۆزی سازی تاری موترەبی پیر بە بەردەمی میرانی دڵدۆڕاودا سەما دەکات و دێت و دەچێ. باوەڕ نەکردن و بە درۆزانینی ئەم هەواڵە، لەلایەن ئاسکەوە وەک ئەوەوابوو، کەسێک بێژێ ئەم کەون و مەکانە ڕاست نییە و خەیاڵپڵاوە و هەڵەی فکر و بیر و مێشکی ئێمەیە. هەرچەندە تازە لەگەڵ ئەم جیرانەی ئاشت ببۆوە، فکری کردەوە هەرچۆنێک بێ وەفریای حەیا و حورمەتی مێردەکەی بکەوێ، خێرا بەگژ خات نائەکرەمدا چوو! ئەمانە گشتی درۆ و دەلەسەن، شتی‌وا بە

چاوی خۆم ببینم باوەڕ ناکەم. ئەمە دیتوانی لە نێو خەڵکی خۆشباوەڕی ئەم شارەدا ببێتە بنێشتەخۆشکە و زوو بڵاو ببێتەوە، ئیتر هەر ڕەهێڵەی تیرو تانووت بوو حەواڵەی ئەم بنەماڵەیە دەکرا، ئەکرەم کڕومات وستەی لەبەر نەهاتە دەرێ، بێدەنگییەک لە چەشنی چاڵاوێکی سەرداپۆشراو لە بەرپێی ئاسکەدا زار داپچڕێ، هەربۆیە ئەو ژنە خەملەبەر و خۆڕاگرە فکری دەکردەوە و دەستو پلی خۆی هەڵدەگلۆفی. هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەم شەرمەزارییەی سەیمیران بە دەلیل و بەڵگە وە مەعلووم بکات و وەدەری بخا، ئیتر ئەوە هەل و دەرفەتێکی باش بوو، کە تازە هاتبووە بەرەوە.

شەوێکی تەمەن کورت و فێنک و خەوخۆشی بەهار بوو، ئەوکاتەی مەل و موور و مار و مردوو و زیندوو، تەنانەت ئاخرین فریشتەی بەخەبەری ئاسمانیش کە چاوی لێڵە بۆ خەوێ، ئاسکە سەر لەسەر سەرین، بێئەوەی پێلوو لەسەر یەک دابنێ و لەگەڵ پەریخەو دەستەملان بێ، هەستیکرد کە دە چرکەیەک دەبێ بە قەو دەرگای حەسارێ دەژەنن، لەپڕ لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاستبۆوە، کە بزانێ کێیە ئاوا بە توندی لە دەرگا دەدا، بەڵام جگە لە بێدەنگی شەو و چرکەچرکی سامناکی کاتژمێرەکە، چیدی لە ژێر پەردەی ڕەشی شەودا بەرگوێ نەدەکەوت. لە بێخەویدا چاوی سوور ببوو، ئارام و لەسەرەخۆ بە نێو تاریکیدا کە سەعاتەکە بەسەر پشتی سۆباکەوە، چرکەژمێر لە دووی نیوەشەو لایدابوو، هەرچەندە هەستی بە چرکەچرکی هەنگاوی کاتژمێرەکە دەکرد، بە ئەسپایی هەڵیگرت و گوێی پێوەنا، سەعاتەکە جوان کاری دەکرد، ئاسکەی دڵساف بەدەست تێکەڵهاتنەوە وەک ئەوەی وەزیفەیەکی گەورەی وەپشت گوێ خستبێ، بەپەلە خۆی گەیاندە بەرهەیوانەکە، حەسارێکی کڕوکپ، بەڵام چرای ژووری هەوێکەی داییسا، پێشئەوەی بە خەیاڵی خۆی بزانێ چیبووە، لە داڵانەکەوە گوێی لە ترپەی پێ بوو. کە سەرنجیدا، ئەکرەم و مێردەکەی لەدەرگای دەرێوە دەهاتنە نێو حەسارێ، ئاسکە، جارێ بە چاوی خەواڵووەوە مەحتەل مابو، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ چوو بۆلایان، دڵی هەواڵی پێدەدا، هەبێ و نەبێ لەمماڵەدا شتێک ڕووی داوە، ژنە جیران خۆی خزاندە بن گوێچکەیەوە و گوتی:

خورشید و منداڵەکانیشی وەخەبەر هاتوون چۆنە تۆ خەبەرت نەبۆتەوە؟! باشتر. نیوسەعاتێک دەبێ ئەوان هاتوونەتەوە ماڵێ، بەڵام چ هاتنەوەیەک. ئاگام لێبوو یەکێک تەقو کوت لە دەرگای دەدا، وەختێ دەرگام کردەوە، هوما بوخچەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو، سەراوی لەگەڵدا نەبوو، بەبێ ئەوەی بێتە ژوورێ بوخچەکەی لە داڵانێ دانا و ملینا لە گریان و پاڕانەوە:

ئەکرەم، فریام بکەوە، تۆ خوا یارمەتیم بدە! مێردەکەم لە سەرەوخواری گەرماوی سەرتیپ، بێسەرو زمان کەوتووە بە عەرزیدا، دەستم بە داوێنت. کۆمەکم پێبکە با بیهێنینەوە، تۆبە، خودایە تۆبە پەشیمان بوومەوە تازە کاریوا ناکەم. ـ لەو وەختەدا خانی بە تویێی کراسێک بە شوێنمدا هاتبووە دەرێ بزانێ چیبووە، بەبێ ئەوەی پرسیارێک بێنینەگۆڕێ، لەگەڵی چووین و ئەم کابرایەمان هێنایەوە، لە ڕێگادا قۆڵی خستبووە سەرشانی مێردەکەی من و بەو قەڵافەتەوە بە لارەوە لارەوە و خێشەخێش هێنامانەوە، وایدەزانی جگە لە هوما کەسی بە دەوروبەرەوە نییە بۆڵەی دەهات و دەیگوت:

هەڵپەڕین و سەماکردن بە ڕووتی، هەی فریشتەی شەیتانسفەت، تۆ چۆن زانیت بەمچەشنە تێکەڵ بە زرمەی مزرابی ئەو دێوی دۆژەیە بی، تەواوی ئەم هەوایە لە جووڵەی لەشو لارت دادەباری! با پێتبڵێم ئەو سەماکردنە، ئاواتی لە دەستچووی من بوو لە تەمەنی پەنجاو چەندساڵیدا پێیگەیشتم، وایە، ئەمشەو هاواری خۆنواندنت لە هونەردا گەیاندە گەردوون، قوربانی ئەم کردگارە کەوا ئەم گشتە هونەرەیدا بە تۆی بوتیبتخانە، ئەگەر ژێی تارەکەی ئەو مێردەزمەیە نەپچڕایە هەتاکوو هەتاو سەری لە ئاسۆ دەهێنادرێ سەمات دەکرد و لە هەڵپەڕین نەدەوەستای. ئاخ کە شەڕاوی چاوەکانت چیبکەم تێرم ناکا!

ئاسکە نەختۆکەیەک هاتبۆوە سەرخوی وەزعەکەی بۆ گرینگ نەبوو بۆئەوەی قسەکان کورت بکاتەوە پرسی:

ئێوە هەردووکتان لە کوێوە دێنەوە؟ پیاوەکەی منتان نەبردۆتەوە ژووری؟

مێردەکەتمان برد و خەواندمان، وەختێ کەوتووە بە زەویدا کڵاوەکەی سەری بەربۆتەوە ئەووەختی لەبەر پەلەپرووزێ لە بیرمان چوو، ئێستا چووبووین بۆی بێنینەوە، بەڵام ئەوەندەی بۆی گەڕاین نەماندیتەوە، لەوانەیە بەدوای ئێمەدا، کەسێک تووشی هاتبێ و هەڵیگرتبێتەوە، لەوەدەچێ خلۆر بووبێتەوە، یان با کردبێتی بە پەناو پەسێوێکدا، ئیتر هەر بەوەی باشبوو تۆ بەخەبەر نەبووی، ئەرێ، باشبوو وەبیرم هاتەوە، هۆی خانی، لە بیرمان چوو، بوخچەی ئەو ژنە بدەینەوە، ئەوەیە، لەسەر پلیکانی بەرهەیوانێ دامنابوو، چاکە لەو هاتوچۆیەدا کەس پێی لێنەناوە، یان بدرێ بە عەرزیدا و ئەوەی تێیدایە بشکێ، بێنە با بیکەینەوە بزانین چییە، لەوەدەچێ گوڵدانێکی بەردین بێ، نانا، زۆر سەیرە پەیکەرەیەکی مەڕمەڕە، بەه! بەه! هەر بۆی مەگەڕێ لەوەدەچێ خەڵات بێ میوانەکان ئەمشەو بە دیاری دابێتیان بە سەماکاری هونەرمەند، یان خاوەنماڵ پێشکەشی کردووە.

بۆئەوەی شەوێکیتر بەبێ ئەوەی ڕووی لێبنێن بۆخۆی کۆڕی مەستان وەڕازێنێ. پەیکەرەی مەڕمەڕین وەختێ ئەکرەم پێشانیدان، کۆتەڵی پیاوێک بوو پاڵەوانئاسا، بەرگێکی ئاودامێن لەبەردا، چاوی گەورە و توێڵی پان و ڕوخساری نوورانی بوو، دەستێکی ئازاد و ئەوەیتری لەسەر تەلەکانی چەنگێکی ئێرانی، دەبزواند. ئەو دوو ژن و پیاوەی لەم تاریکەشەوی بەهارییەدا سەرقاڵی تەماشای قەڵافەتی ئەم پەیکەرەیە بوون هیچکامیان نەیاندەزانی (ئاپۆلۆن) خوای هونەر کێیە، بەڵام لە سای ئەو فکر و خەیاڵەی لەمەڕ هوماوە هەیانبوو، ئەو شتەیان وەک عەنتیکەیەک چاو لێدەکرد و بەلایانەوە گرینگ بوو، لە ئاخریدا خانجان دەستی خێزانی گرت و بە زۆر بەرەو ژوورەکەی خۆیان بردی و گوتی:

دەواز بێنە با ئەم ژنە فەقیرە بچێ بخەوێ. بەمجۆرەی تۆ سەیری ئەم کۆتەڵە قوڕینە دەکەی لەوەدەچێ بەتەمای بی، سبەینێ تۆڵەی نەخەوتنی ئەمشەوت لێ بکەمەوە.

جارێ بەزمی نهێنی میران و هوما هەرچەندە لێرەدا تەواو بوو، بەڵام ڕەوشتی ئاسکە چۆنبوو هەروا بوو، شەوانی هەینی وەکئەوەی ئەرکی لە ئەستۆ بێ و ئەبێ ڕایپەڕێنێ چوونە سەرمەزاری مردووانی تەرک نەدەکرد. کاتێ دەگەڕایەوە هەڵوای دروست دەکرد و دەیبەخشییەوە، نوێژی دەکرد و لە کۆڕی ڕەوزەخوێنی و پرسەدا بەشداری دەکرد. سواڵکەر و دەرۆزەکەر لە دەرگای ناهومێد نەدەبوون، نان و پارەی دەدانێ، گفت و ئاکاری خۆی بە گوڵی سپی و بۆنخۆش و بێنیازی ڕاستەقینە ڕازاندبۆوە. هەربۆیە بەرامەی ئۆخژنی بە دڵ و دەروون دەبەخشی و دەوروبەری خۆی پڕکردبوو، ئاخۆ ئەو ژنە بەم ڕەوشت و بەرزییەی هاوار و گازندەی لە یەزدان نەدەکرد، فریای بکەوێ و دادی بستێنێ؟ تۆ بڵێی ئاڵایەکی سپی هەڵنەدابێ تاکوو متمانەی لەدەست چووی سەیمیران بۆلای خۆی وەگێڕێ؟ لەو ڕۆژەوە خۆشەویستی لە ژیانی ئەودا بڕابوو هیوا و هومێدیش هێلانەی دڵی چۆڵ کردبوو، دەرگایەک لە سەبر و قینات کرد بە ڕوویدا کرابۆوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە دڵشکانی ئەو لە هیوابڕاویدا وەک برینێکی تەڕاییچەشتوو ماسیبوو، هەستی دەکرد. تەنیا بەخاتری چەند شێتک زیندووە، ئەوانەش جگەرگۆشەکانی بوون، لەو ژیانەیدا تووشی ترس و خۆف هاتبوو، هەر لەو ڕۆژەوە هەوێی بەسەر هاتبوو، ئازارێک، خورپەیەک ڕژابوە دڵییەوە، بۆیە ئێستا دڵ و دەروونی هەلاهەلا بووە هەستێکی نامۆ بە سەریدا زاڵبوو، هەمووشت لەو دنیایەدا، بوون، شوێنی ژیان، خۆشەویستی تەنانەت منداڵەکانیشی وەبەرچاو نەدەهات، دڵی لە هەمووشت بێزار بوو، داڵی مەرگ لە سەری نیشتبوو، هەرچەندە بە ڕواڵەت وەڕووی خۆی نەدەهێنا، ئەو

دڵهەڵکەندنە سێبەری خستبووە سەر هەڵسوکەوت و ئاوات و هەناسەی ژیانی، تۆ بڵێی ئەو هەناسە ساردە چەندجارێک هەوڵی نەدابێ بە تلیاکخواردن خۆی بکووژێ؟ ئایا، زۆربەی شەوان لە خەونیدا خۆی نەخستۆتە چاڵاوەکەوە، یان خەریکبووبێ خۆی بەرداتەوە؟ شەو نەبوو خەو بە مەرگی خۆیەوە نەبینێ و لەگەڵ خەڵکی گەڕەک بە شوێن تابووتەکەیدا نەچێ بۆسەر قەبران، ئیتر لە فکری خۆهەڵداشتن‌دا نەبوو. چونکە بەراستی هەستی بە زیندووبوونی خۆی نەدەکرد. هەروەک شەوانە خەونی دەبینی دەمرد و زیندوو دەبۆوە، تێدەکۆشا بە کوشتنی نەفسی، ئەم پەردەیە لابدا وا لە نێوان خۆی و پەسڵان‌دا بوو، تاریکی لەسەر جەستە و ڕۆحی بتارێنێ، وشەی بەختەوەری کە جاران لە بەرامبەر هومادا بەراستی دەزانی، ئەمڕۆکە بە بەرچاوییەوە وشک و مردوو بوو. ئەگەر هەنووکەش لە نێوان ژیان و هەبووندا هەستی بە مانەوەی خۆی کردبوو، تەنیا ئەوەبوو منداڵەکانی بە دەوروبەری خۆیەوە دەبینی و پێیان‌ڕادەگەیشت. سەرو دڵخۆشی ئەوانی بۆ گرینگ بوو لە خودا دەپاڕایەوە عومریان درێژ بکات و ڕۆژێک تۆڵەی دایکیان لەو بابە پێنەزان و جەفاکارە بستێنن. لە پیریدا لەسەر ساحی عەلی دانێن. ئەورۆژەی گوڵمحەممەد مرد ـ بەڵێ لە بیرمان چوو باسی مردنی نوقرەی ژنی بکەین هەر شەش مانگ پێش‌مردنی ئەوبوو، هەرچۆنێک‌بێ ناکرێ چیرۆکی ئەوان لەم کۆپەڕەدا پشتگوێ بخەین. دوای مردنی نوقرە زۆری پێنەچوو منداڵەکانیان بەبێ دایک و باب مانەوە، لە ڕۆحی مرۆڤدا زنجیرێک هەیە هەروەختێ ڕووداوێک بێتەگۆڕێ، ویژدان ڕادەتڵەکێنێ تەکان و جووڵەیەک لە دەست پێکەوە ئاڵووگۆڕی دەخاتە سەر بیر و مێشک و ڕوانگەکان لەمەڕ ژیانەوە دەگۆڕێ. سەرەتا پایزی ڕابردوو کە هوما دەچوو بۆ فێربوونی خەیاتی ڕوژێک دەرگای حەساری زاری داپچڕی و گوڵمحەممەد و منداڵەکانی بەبێ نوقرە وەژوور کەوتن. ئەوان پێنج مانگ بوو، چووبوونە ماهی‌دەشت. لەوێ خەریکی بێستان و تەڕەکاڵی بوون. دەمەوعەسر بوو، ژنەکان بەتایبەت خاتووخورشید خوشکی گوڵمحەممەد، لە هەیوانەکەدا لە بەربەڕۆچکە دانیشتبوون و مەحتەلی زەردەپەڕ بوون کوڕە مام و ژنەکەی، تاووس میوانی بوون، لەسەر بەردەگۆشتەکە، خەریک بوو گۆشتی دەکوتا، بۆ کفتە و کەباب. ئەو ژنەی کە خەڵکی ئەو ماڵە نەبوو لە بیرەکە ئاوی هەڵدەگوێزا، گوڵمحەممەد ئارەقچنی وەڵاغە بەرزەیەک بەسەر شانەوە و هەمبانەیەک لە بن هەنگڵدا، کەردو کێشێک و گوریس بە دەستەوە هیلاک و ماندوو گەیشتە چەقی حەسارێ، دەمووچاوی تاو سووتاندبووی دەستو پلی قەڵەشیوی، سەرو قژی ئاڵۆزاو و بەرگو لیباسی شڕو تاوبردووی هێندە سەیربوو، کە لە یەکەم نیگادا کەس نەیناسییەوە، ژنەکان ئەوەڵجار زۆری

لێترسان، ئەمە کێبوو ئاوا بە شپرێوی خۆی بەو حەسارەدا کردووە؟ بە کۆڵی گوناهو هاوارەوە پەنای بۆ ئەم ماڵە هاوردووە، دواتر خۆشکی بە جیرانەکانی وتبوو، هەر ئەووەختەی براکەم لە نێو دەرگای حەساریدا دیت وەکئەوەی شتێک لە دڵەوە دامچڵەکێنێ. ئیتر گوڵمحەممەد، بە بەرچاوی ژنەکانەوە بە خۆیدا شکابۆوە، ئاوا شانو پیل دڕاو، کەلوپەلەکەی بردبووە ژێرخان و لە پاڵ دیوارەکەدا هەڵترووشکابوو، جیرانەکان هێشتا بە سەرسوورمانەوە تێیڕامابوون. لەوکاتەدا بوو کە زەڕی وەکئەوەی مردوو یان زیندوو بووبێتەوە و لە قەبرانەوە گەڕابێتەوە بۆ ماڵێ، لە بن لێوەوە گوتی:

وەی خوایە، خاڵم!

خاتووخورشید، کراسەکەی بەری داکەندبوو لەبەر خۆرەکە هەڵیخستبوو، کردییەوە بەری و بێئەوەی ڕاپەڕێ هەستا و چوو بۆلای براکەی، جەلال، بەدوای ئەودا ڕووبابە، لە پێشدا کڵاشە بن لاسیقەکەی نەک لەبەر ئەوە نەدڕێ، بەڵکە چونکە سەرەکەی تەواو خۆر سووتاندبووی نایە بن پیلی، هێڵەکێک بە دەستەوە، ئەویتریش بوخچەیەک لە بان سەری، هاتنە بەرەوە، ژن و منداڵ لێیان کۆ بوونەوە:

نوقرە لەکوێیە؟

گوڵمحەممەد ڕووی کردە هوما، گوتی:

ـ نوقرە مرد!

بە دووچاوی دارماڵ لە خەم و پەژارە، کۆسپ کەوتە وێرانەماڵ، لە دارو دیواری ئەو ماڵەی ڕوانی، وەک بڵێی ئەوانە بۆ ئەو شتێکی تازە و نامۆن. بە دەنگی نووساو و تێکڕووخاوەوە گوتی:

ـ دەتانزانی، وەختێ لێرە ڕۆیشتین حاڵی باش نەبوو، لە ڕێگا تەواو تێکچوو، کاتێ گەیشتینە کاروانسەرای ماهیدەشت لە پێ کەوت، هەرچەند ویستمان لەسەر وڵاخ دایبەستین: بەڵام خۆی نەگرت، دوو ڕۆژ لەوێ مەحتەل ماین بەیانی سێیەمڕۆژ ـ کۆتایی ڕستەکەی قوتدا و بە دەست تەواوی کرد. چاوە مات و مەیوەکانی پڕبوون لە ئەسرین و لە قوڵکەی چاویدا توانەوە، ئیتر لە برسان بوو یان هیلاکی و پەژارەی ئەم کۆسپە گرانە هێزی قسەکردنی نەبوو، ئەو هەواڵە پڕ لە داخ و کەسەرە بۆ دانیشتوانی ئەم حەسارە ئەوەندە بە پڕتاو بوو، چاوگەی گریان لە هەناوی هەمووییاندا وشکی کرد. کەس نووکەی لێوەنەهات، تەواویان وڕو کاس مەحتەل مابوون، نەۆ

خاتووخورشید باوەڕی نەدەکرد، بە قسەی براکەی، بە زمانێکی زبر، وەکئەوەی خەتای ئەوبێ پەیتا پەیتا بە سەریدا دەیزریکاند و دەیگوت:

نوقره مرد؟! نوقره مرد؟! منداڵەکانی بێدایک کەوتن؟!

ئاسکە، دەست و قاچی تەزی و بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بمێنێ پاڵی بە دیوارەکەوەدا و دانیشت. ڕوخساری وشک و داڵگۆشتی ئەو ژنە دڵسۆز و زەحمەتکێش و ئازارچێشتووە کە هەر سیساڵ دەبوو، بە زەردەخەندەی پڕ لە حەسرەت و جەفاوە هاتەوە بەرزەینی و وەک چۆن لەپڕ سیمایەک لە ئاوێنەدا ببینێ، خێرا تێپەڕی، دای لە قوڵپەی گریان و گلارگلار ڕۆندکی لە چاو داباری، کچۆڵە هیلاک و ماندووی چوار ڕۆژ بە پێیان ڕۆیشتن بوو چاوی تەڕ نەکرد. ژنان هەرکەسە و لەبەرخۆیەوە غوربەتی دایگرتن و فرمێسکیان هەڵوەراند. ئەمەش هەر ساتێک بوو، سووڕی دەوران چت پێناکا، نوقرە پێنج مانگ بوو لە شاری خامۆشان دوور لە چەوسانەوەی ئەم دنیایە لە کۆشی خاکی ڕەشا بوو. زیندەواری ئەم ماڵە بە هەواڵی مەرگیان نەزانیبوو! دەروجیران لە دەوری بوونە پەرژین و زێدەتر هەواڵیان پرسی! قەڵافەتی تێکڕووخاوی بەردی چیای دەهێنا گریان، جارجارە مژێکی لە سەبیلەکەی دەدا و بەسەر قۆڵی کۆتەکەی ئاوی لووتی دەسڕی، دیاربوو بەم ئێوارەیە لەگەڵ دوو منداڵەکەی لە برسان هێزی پێیان لێبڕابوو، ئاسکە و هوما لەگەڵ ژنی هاوساکان هەریەکەو شتێکی بۆ هێنان. چاییان دەم کرد، گوڵمحەممەد بە لەبزێک کە تۆزێ پەژارە لە دڵی بتەکێنێ بانگی جەلالی کرد بێتەلای تاکوو ئەو دیاریانەی بۆ هاوڕێکانی هێنابووی دابەشی بکا بە سەریاندا، ئەم دیاری و سەوقاتە هەژارانەیە، بریتی بوو لە چەند دانە شەمامەی گەورە و چکۆلە. خاڵدار و بۆنخۆش و پاراو، لەگەڵ گوێچکەماسی، گوڵمحەممەد پرێسکە و هەمبانەی بەتاڵ کرد. چەند مست تووی شووتی و گرکە، تووی گوڵەبەڕۆژە هەشت۔ نۆ کیلۆ چەوەندەر بوو، دایکانە، لە نێوان ئەواندا بەشی کرد. دە پازدە دەنک چەقالە تاڵەی بۆ خوشکی هێنابوو ئەویشی توند لە لکی چارەکەی نانەکەیان گرێدابوو، دەیانگوت، بیهاری و لەگەڵ هەنگوین تێکەڵی بکەی بۆ نەخۆشینی سەفرا و جەرگ باشە، خاتووخورشید دایمە بە دەست یەکەم نەخۆشییەوە دەیناڵاند. گوڵمحەممەد سەری داخست و بە شەرمەوە گوتی: بۆ جیرانەکانیش گرکە و کاڵەکم هێنابوو، بەڵام ڕێگا دوور و منداڵەکانیش برسی و تونی، زۆریش مزرو مەیخۆش بوون، ناچار ئەوان خواردیان. جەلال، چاوی بە هاوڕێکانی کەوتبوو مردنی دایکی لە بیر چووبۆوە شادی و خۆشحاڵی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، داردەستێکی ساف و لووسی لە دێوە، لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەڕێوە بەخشی بە بارام -

بەڵام بۆ بەیانیدا لێیسەندەوە دەیگوت بەم دارە ڕۆژێک گورگی کوشتووە، نیشانەکەشی ئەوە بوو پشتی دەستی ڕووشابوو، هەڵماتێکی ڕەشی بە دەستەوە بوو بە دوو قامک دەیگرت و دەیخولاندەوە، دەیگوت، هەرکەسێک ئەم بەردەی پێبێ، بە شەوی تاریک لە جنۆکە و دێو ناترسێ، جەلال ئەم بەردەی لەگەڵ چی دەگۆڕییەوە؟ بە هیچشێتک عەوەزی نەدەکرد، تەنانەت بەو خانووەی نەدەدا، بیژەن لەگەڵ بارامی برای شەڕیان ببوو، لە داخی ئەو هەرچی جەلال دەیگوت، خێرا دەیوت وایە! جەلال زۆرزان و درۆزن بوو، هەربۆیە منداڵەکان زیاتر پێکهەڵدەپرژان، ئەوەی ئەو کوڕە لە بیری نەمابوو، مردنی دایکی بوو، شەوێ سەیمیران هاتەوە بۆ ماڵێ، گوڵمحەممەدی بانگکرد بۆلای خۆی؛ زۆر بەداخەوە بوو بۆ مردنی نوقرە، لە کاروباری پرسی، خاوەنملک لەو ڕۆژەوە خەیار گوڵی دابوو بێستانەکەی دابوو بە ئیجارە، ئەویش بە ناچاری وەک کرێکارێک ڕۆژانە کاری بۆ شەریکەکان کردبوو. بێستانچی دەستبەتاڵی ماهیدەشت بۆ خاوەنماڵەکەی کیسەیەک تووتنی لە تەرەدراوی هێنابوو، ئەمەیان بە کەیفی سەیمیران بوو، هێشتا مانگێک بەسەر هاتنەوەی گوڵمحەممەددا ڕانەبردبوو کە تووشی نەخۆشی ژانیدڵ بوو، خورشید وایدەزانی برک و ژانی کردووە ـ ئاو لە زاری دەهات نەباتی بۆ کردە نێو ئاوەکوڵ و پێیدا، خراپتر بوو، گوڵی بەیبوون و ڕەزیانەی بۆ دەم کرد، جۆشیشیرین سوودی نەبوو، ئاسکە دەیگوت نێوکی کەوتووە، هەر ئەورۆژە لە کانەی بەردبڕی دەستی دابووە بەردی زل، شان و زگ و پشتیان بۆ داماڵی ساتێک ئارام بۆوە و وردەوردە خراپتر بوو، مەشەدی شابازی دەرمانفرۆش، هەروەک کاری دەلاکیشی دەکرد. مەڵحەم و دەرمانسازی دەکرد. دووکان و شوێنی ئیشو کاری لە چاڵە دەروێش بوو، ئاوی (مقل ازرق)ی بۆ نارد، تاکوو بەیانی بیخواتەوە و ژان و ئازاری نەمێنێ و ساخ بێتەوە، بەڵام فریشتەی مەرگ پەڵپی گیانی لێگرتبوو، جەستەی بەجێهێشت و ڕۆحی لەگەڵ خۆی برد. کەس نەیزانی ئەم نەخۆشییە چیبوو ئاوا کتووپڕ مۆڵەتی نەدا و بە تاڵۆکە ڕفاندی. نە لەرزووتا بوو نە زەخت و گوشار، نە لە شوێنێکدا بوو نەک لەتەواوی جەستەیدا، ئەم چارەڕەشە تاقووقەی کەڵەشێر هەڵبەزی و هاواری نێو زگ و پشت و سەر و لاقی کرد. لەسەر بەڕە شڕەی ژوورەکەی خوشکی خۆی تلاندەوە و هاواری کرد. بالیفەکەی دەنا بن زگی و گازی لێدەگرت، خۆی دەدا بەسەر لێفەکەدا و بە ددانی هەرچی وەبەر دەهات دەیپچڕی، لەوکاتەدا جیرانەکان لە ژوورەکانی خۆیان، یان ئەوانەی بە دەورییەوە بوون وایاندەزانی دەرد و ژانەکەی نیشتۆتەوە، مرد، ئەگەر کەسێک بیزانیبایە پیاوێک بەو قەد و قەلافەتەوە ئاوا بە ئاسانی سەتڵوجەم دەکا و دەمرێ بەبێ یەکودوو لێکردن

دەیاندا بە کوڵ حەمباڵێکدا و دەیانبرد بۆلای حەکیم، دوور نەبوو ئەگەر بە هەرقیمەتێکبێ دوکتۆر بێنن بۆلای ئەو، دەیانتوانی هەوڵی خۆیان بدەن و ڕزگاری بکەن، بەلام ئێستا لە شین و گریان بەولاوە چیتریان لەدەست نەدەهات، ئەو نەحەساوەیە بە نەخۆشی برکو ژان مرد. هێشتا کفنەکەی نوقرە زەرد نەببوو مێردی وەفادار و بەشمەینەتی بە نامورادی سەری نایەوە و ڕۆحی تێکەڵ بە ڕۆحی ئەو بوو.

گوڵی گیانی گوڵمحەممەد بای مەرگ ڕفاندی و کاروانسەرای ئەم دنیایەش کەلەبەرێکی تێنەکەوت. ئاسکە بە خۆیدا چۆوە و لە کەحیلی خۆپەرەستی دابەزی و لەو قوژبن و خەڵوەتی ژوورە خزا کە لەمێژ بوو خویی پێگرتبوو، ئەم شەقەڵ و خەتەلە ئەدگاریدا دەخوێندرایەوە، ئەم کاروانسەرایە بێوەفا و هیچە، هیچی ئەو وەفای نییە، ـ بزە لەسەر خەم، خەتێکی حەکیمانە، کە ڕازێنەری سروشت لەسەر سیمای ئەو نەخشاندنی تا ئەو ڕۆژەی مەڵکەمووت چۆکی لەسەر دڵی داکوتا، لەم ڕۆژەوە دەستی پێکرد، بەهۆی ئەوەی لەو ماوەکەمەدا دوو کەس لە خێزانی ئەم ماڵە بارگەی سەفەریان تێکەوە پێچاو و نەگەڕانەوە، لەبەرخۆیەوە دەیگوت سێیەم کەس من دەبم. ئەو خۆنەویستنە وایلێکرد هەروەک فریشتەیەکی ئاسمانی لە زەوی و ئارەزووەکانی خاکی دوور دەکەوتەوە، سەیمیران دیسان لاقو قولی دایەوە ژان و دەستیکردەوە بە ئاخو ئۆف، لەمێژ بوو گۆرەوییە بەنەکانی لە ماڵێدا ون ببوو، ڕیس و شیشی هەڵگرتەوە جووتێکی خۆماڵی بۆ چنی، تاکوو لەپاش مەرگی ئاخرین یادگاری بێ بەلای سەیمیرانەوە، ئەوەندەی پەشیمانی و هەناسەیەکی هەڵدەکێشا بۆ ئەوەبوو لەو ماوەیەدا بۆچی بە شین و گریانی خۆڕایی ژیانی لە خۆی و منداڵەکانی کردبوو بە ژەهری مار، بە خاتووخورشیدی پێشئەوەی ساڵ وەرگەڕێ براکەی بێتەوە خەمی ئەوی لەدڵ دەچووبوو، وتبووی:

هیچ گلەو بناشتێکم لە مێردەکەم نییە، ئەگەر لەم دنیایەدا پیاوێک هەبێ، بێشک مێردەکەی منە. خواوەندی سەرزەوی ژنە، هەرچۆنی لەگەڵ وەجوولێ بۆ ڕەخنە و تانە نابێ، برایمی نەبیش ژنی بەسەر هاجەرەخاتوون هێنا، ژنگەلی ڕەسوولی خودا هەوێیان بەسەر هاتووە، بۆ مەگەر چاوو برۆی من لەوان جوانترە؟ لەوان پاکترم؟ یاخوا عەمرۆکەم نەمێنێ هەروەختێ برازاکانت دەبینم بە سەرما و گەرما بە دووی پاروە نانێکدا ڕادەکەن جەرگم جەرگ دەخواتەوە، هەر ئەوەندەی ئەو پیرەمێردەم بەسەر سەرمانەوەیە و منداڵەکانم هەتیو نین شوکرانەبژێری دەرگای یەزدانم. ڕەنگە ڕۆژیبەرێ ئەوە چارەنووسی من بووبێ، چدەکا با بیکا، هەر لەشی ساخبێ.

سەی‌میران ئەم قسانەی بیستەوە، خێرا بە هومای گوت:

تەماشا بکە و فێربە، موسڵمان یانی ئەوە، ئەگەر ئەوین‌داری وەک شاعیر دەڵێ، دڵت بۆ تیری بەڵا ڕابگرە، ئەگەر عارفی گیانت لە بەرامبەر عەزاب و پەژارەی قەزادا بکە بە مەتاڵ، ئەگەر بەندە و کۆیلەی ڕازی‌بە بە ڕەزای ئەو، لە خەو و بەخەبەریدا لە یادی خودا دەرمەچۆ و متمانەت هەبێ. بەڵێ خاس‌و خراوی ئەم جیهانە هەمووی هەر خواستی خودایە و تەقدیرە، وەختێ خواوەند، سەبر و خۆڕاگری ئیبراهیمی تاقی کردەوە، بە دڵێکی ئاوالاوە لە هەمبەر یەزداندا ملی کەچ کرد. جگەرگۆشەی خۆی بردە قوربانگا و کێردی تیژی نایە سەرملی، هەر ئەمە لە قورئاندا بە ناوی (اسلاماً) هاتووە، ڕەسووڵی خوا لەم ڕێچکەیەوە دینی خۆی وەرگرتووە، واتە مرۆڤ ملکەچی ویستی خودایە ئەوەی بەندەی خودایە ئەشێ شوکرانەبژێری زۆرکەم و بوون و نەبوون بێ. لە ڕەسوولی خودا دەگێڕنەوە، هەر ژنێک بە مێردی بڵێ لە تۆ یان لە ماڵی تۆ، چاکەم نەدیتووە دەرگای بەهەشتی بەڕوودا ناکرێتەوە.

هوما گوتی:

پیاوان خۆویست و لەخۆبایی ، دایمە حەزدەکەن هەرچەندە کارو ڕەفتاریان ناحەز و خراو بێ، خۆیان بە وەج و ماقووڵ نیشان بدەن. بەڵام ئەشق و لەخۆبایی دوو شتی دژ بە یەکن.

سەی‌میران مژێکی لە جگەرەکەدا، بێ‌ئەوەی قسەیەک بکا، کەوتە بیرکردنەوە:

ئەوینی ڕاستەقینە یانی خۆبەخشی و فیداکاری بەبێ چاوەڕوانی، واتە هەر ئەوەی ئەو هەیەتی، ئاسکە ژنێکی بە سەبر و حەوسەلە و نەفس بەرزە، دەبێ خۆم ئاشتی بکەمەوە و دڵخۆشی بدەمەوە.

لەوە بەدواوە دایمە لە بیری ئەوەدابوو هەرچۆنێک دڵی بێ ژنە گەورەکەی لە خۆی ڕازی بکا، بیرەوەری ئەم هەموو خۆڕاگری و گیان‌بەخشینە بێ‌ڕیایەی لە ماوەی چەند ساڵ ژیانی هاوبەشدا بۆ ساتێک لە بەرچاوی ون نەدەبوو، بەم فکرەشەوە ڕەوشت و ئاکاری لە ڕاستیدا نەگۆڕی، چونکە زستان نزیک دەبۆوە، بۆ هوما مانتۆی پشتێن‌داری کڕیبوو لەگەڵ جووتێک پێڵاوی تەخت و چەند وردەشتی ژنانە. کڵاوێکی کاسێکت و چاکەتێکی هەورێشمی بۆ ئاسکە کڕی و دوو حەوتە دواتر هەر لەو چاکەتەش دانەیەکی بۆ هوما سەند.

زستان بەبێ دەرد و کەسەر هات و بەسەر چوو، زستانێک خوشتر لە بەهار و هاوین و بە دڵی سەی‌میران بوو، ماڵەکەی ئارام ببۆوە و سازگاری و تەبا و ڕەبایی ڕووی تێ‌کردبوون، تۆزی

دووبەرەکی و دژایەتی و فیتنە و ڕقە بەڕقە نیشتبۆوە و بۆنی ژەهر و دڕدۆنگی نەمابوو، ئاسکە ئاوێنەی دەدا دەست هوما، ئەویش بە لەفزی شیرین دەیدواند و پەلکەی بۆ دەگرتەوە، لەو ماوەیەدا ببوون بە دوو دەستەخوشک، بەتایبەت هوما وەختێ دەیزانی ئاسکە بە چاوی هەوێیەک سەیری ناکات، بە بەختو ساتی هەڵناشاخێ و لەلای سەی‌میران ئێرەیی پێنابات، خەریکی فرتوفێڵ و خۆشیرین کردن و هەڵفریواندنی نییە، لەیەک قسەدا وازی هێناوە لە حەقی شەرعی خۆی، بتەوێ و نەتەوێ ئەویش ئاکار و ڕەوشتی خۆی گۆڕیبوو. دڵسۆزی خۆی بۆ منداڵەکان نیشان دەدا، ئیتر لفەو دووانەکەی خۆی نەدەهاتن بۆلای، تێی‌گەیاندبوون هەتا مردن مەیلی ئەم دایکە بێ‌وەفا و بێ‌ڕوحمدڵە بنێن. ئاخرین‌جار کە خورشید چووبوو خەبەری ئەوان بێنێ بۆ هوما توندو تیژییان لەگەڵ کردبوو زۆر بە ناحەزی وەدەریان‌نابوو، هوما کە هێشتا غەریزە و توانایی دایکایەتی لە هەناویدا نەمردبوو، بە سۆز و ئەشقێکی دایکانەوە بە دەوری منداڵەکانی ئاسکەدا دەهات، ئەو شەوانەی کە خاڵۆ کەرەم لەوێ دەبوو، بارام یان هەروەک خۆی دەیگوت شابارامی بانگ دەکرد بۆ ژوورەکەی خۆیان. ئەو شانامەیەی کە لە ڕاستیدا هی میرزا نەبی بوو لە بەرگەکەی دەریان دەهێنا و هوما چەند بالیفە و سەرینی بۆ ئەو کوڕە چاردە ساڵەیە دادەنا و لاقی دەکێشا ژێر کورسییەکەوە، بارام لەسەر هەڵبژاردنی بابی بەشێکی خۆشی لە کتێبەکە دەکردەوە، بە دەنگێکی ناسک و هەستبزوێن ملی‌دەنا لە خوێندنەوەی. سەی‌میران سەراوی بە دڵ شەیدای شانامە بوو، ئەم گەرم‌وگوڕی و تەباییە بێ‌زیاد و کەم بە کەیفی خاڵۆکەرەم بوو، لەپاش چەند ساڵ ئەوە یەکەم‌جار بوو دەی‌دیت ئەو هەوێیانە نێوانیان خۆشە، سەروخوڵکی خۆش لە نێو ماڵدا بۆ ئەو یان هەر میوانێکی‌تر، وەختێ دەهاتە ژووری دەبووە هۆی خۆشحاڵی و ئەوەی بۆیان دادەنا بە ڕاحەتی لە گەرووی دەچووە خوارێ. هەر ئەو پیاوە لە شەوێکی بەهاریدا، لەوکاتەدا کە هوما چووبوو لە وەتاغە چکۆلەکە جێی بۆڕابخات، سەی‌میران لەلای دانیشتبوو، گوتی:

فلانی وردە وردە خەریکە دێتە سەرڕێ، وادیارە قسەکانی من کاری تێ‌کردووە.

ئاسکە تەماشایەکی خاڵۆ کەرەمی کرد و بۆ چرکەیەک لە مێردەکەی ڕاما، بەبێ ئەوەی قسەکانی بۆ گرینگ بێ لەبەرخۆیەوە پرسی:

مەبەستت چییە، بۆ تۆ چت‌پێگوتووە؟

حەی، کەوابێ تۆ ئاگات لە هیچ نییە، من دایمە قسەی پێدەڵێم، لەو بەینانەدا کە ڕۆیشتنەوە زۆری لی‌قەڵس بووم، وتم ئەگەر چاوی خورد نەکاتەوە و ئەم خووەی وەلا نەنێ، نە بێرەدا دێمەوە

و نە تازە من دەبینیٚ، لە ماڵی حاجی چۆنی لەگەڵ جووەڵامەوە لێرەش هەر ئاوا دەبم. ئیتر هەتاهەتایە نەدەیناسم و نەبمناسیٚ، ژنەتیوەی بەفیز و ئەدا، ئاسکەخاتوون لە تۆ گەورەترە، لەو ماڵەدا، دایکی چوار منداڵە، هیوا و هومێدی بە ماڵ و مێردی خۆی هەیە، ئێستاش تۆی کرچوکاڵ، گێلفام و لە دنیا بیٚخەبەر، دڵتەڕو هەڵەو هەرزە، لەو ماڵەدا خۆت کردۆتە کوێخای ئاوەدانی خۆت نەبیٚ کەس نابینی. هەڵدەستی و دادەنیشی هەر منمنتە! خراپی لیٚحاڵی، سەرت بگاتە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان ڕێت ناکەویٚ کەوشی بۆ دانیی بە خۆڵی ژێرپێی نابی، کارێک مەکە لە بەرچاوی مێردەکەشت بکەوی، خۆبەزلزانی و بیٚئینسافی لە هەر شتێکدا و لە هەرجێگایەک دەبێتە هۆی نزمبوونەوە و دووڕوویی و بێزاری.

بە گەورەیی خودا و بە مەرگی ئەو مەشەدییە بێتوو قسەی منی لە گویٚ نەگرتبایە هەتا ئاخری عومری چاوی بە چاوم نەدەکەوت.

سەیٚمیران وتی:

ساویلکەیە، دەبیٚ بەسەریٚدا بێی، ئامۆژگاری بکەی.

خاڵۆکەرەم بەسەر پێوە بوو، خەریکبوو بە بیانووی کارێک بچێتە دەریٚ، لە نێو دەرگاکە ڕاوەستا، بە دەنگێکی مێرانەوە، بەبیٚ ئەوەی بۆی موهیم بیٚ ئامۆزای هوما لەبەر هەیوانەکەوە دەژنەویٚ، گوتی:

ساویلکەیە؟ بەپێچەوانەوە، هەتا بڵێی زۆرزان و کونەمەکرە، دەبیٚ ڕێوی دەرسی لەکن بخوێنیٚ، چاو لە خۆماتکردن و بزەی منداڵانەی مەکەن. ئەوە ئەگەر ترسی نەبیٚ شارێک دەرەقەتی نایات! شانسەکەی لەوەدایە هەوێکەی خانم و خاتوون و مێهرەبانە، بەخودا ئەگەر من لەباتی تۆبایەم، مەشەدی، وەک بوت سووژدەم بۆ ئەم ژنە دەبرد. بۆئەوە واناڵێم خۆی لێرەیە، ئاسکەخاتوون ژن نییە، فریشتەیە. ئینسانی ئاقڵ ئەو پردە ناڕووخێنیٚ بە سەریدا پەڕیوەتەوە.

ئاسکە، تیشکی شەرم ئەنگاوتی و سەرگۆنای سوورهەڵگەڕا، ڕوومەتی لە بن سێبەری چارشێودا شاردەوە، وەختیٚ خاڵۆکەرەم چووە حەساریٚ، سەیٚمیران چەند جارێک تەسبێحەکەی هەڵسووڕاند. پاش نەختێک بێدەنگی و تێڕامان، ئاسکە لەوە ترسا، بڵێی چی پێبڵیٚ، لەوکاتەدا بە سیلەی چاو سەیری دەرگای ژوورەکەی دەکرد. بەمچەشنە مەبەستی خۆی درکاند:

ئاسکە، دەمەویٚ لە بابەت ئەم ژنەوە پرسیارێکت لێبکەم. (ئاسکە بە ترس و سەرسووڕمانەوە چاوێکی لیٚکرد و میران درێژەی بە قسەکەیٚدا) ئەگەرچی دەڵێن قەت وانەبوو، دوو هەویٚ دانوویان

بە یەکەوە بکوڵێ، هەرچەندە ئەم پرسیارەشت لێدەکەم و دەزانم کەس بەقەی تۆ دروست و ڕووڕاست نییە، هەرچەندە ئەوە پێنج ساڵە من لەگەڵی ژن و مێردین و تەنانەت سەعاتێک نەبووە چاوم بە سەریەوە نەبێ، ئیتر چت لێوەشێرم هەمیشە ئەم پرسیارە لەسەر مێشکم کورک کەوتووە، لەو ژنە دوودڵم نازانم بڵێمچی، زۆر شت هەیە لە ژیانی ژن و مێردادا، دەبێ ڕەوتی ڕۆژگار دایتەقێنێ و ئەوسا پیاو ئەودیوی پەردەکە ببینێ، ئێستاش ژنان بە وردبینی و سەرنجدانێکی تایبەتەوە بە خۆیان لەبەر ئەوەی ئافرەتن، زۆر زووتر بە ناخی یەکدیدا ڕۆدەچن و بە ڕەمز و ڕازی یەکتر دەزانن.

سەیمیران تۆزێک خۆی گنخاند و بە ترس و دڵەڕاوکێوە لێیپرسی:

دەمویست ئەمەت پێبڵێم ئاخۆ خووخدە و ئاکاری هوما لە جێی خۆیدایە؟ یان باشتر بێژم تۆ بڵێی ئەو ژنێکی جێی باوەڕ بێ؟

ئاسکە مەحتەل مابوو چۆنی وەڵام بداتەوە، گوتی:

جێیباوەڕ؟ تۆ دەبێ لە هەموو کەس باشتری بناسی، هوما ژنێکی بەفیز و مەکربازە، وادەزانێ لە لووتی فیل کەوتۆتە خوارێ، خۆی لە هەمووکەس بە خاستر دەزانێ و پێیعەیبە پا بنێ بەسەر زەویدا.

ئەمە شتێکی ئاساییە، لێی بەهێند مەگرە، ئایا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا تۆ هیچت پێوەدیوە، یان بیستووتە؟

ئاسکە زانی مێردەکەی مەبەستی چییە، زۆر لەمێژ بوو شەقڵی ئەم پرسیارەی لەسەر ڕوخساری میران خوێندبۆوە، جا با ئەویش دەنگی نەکردبێ. ئیتر وەک ئەوەی ناسۆری وەکولێنن لەپڕ لە جێی خۆی ڕاست بۆوە، ڕەنگی بزرکا و بە نیگەرانییەوە سەری هەڵتەکاند. بە پچڕپچڕ، گوتی:

من ... من.... ناتوانم درۆ بکەم... زۆرم خۆ لێداگرتووە، بەشکەم بتوانم شتێکی پێوە ببینم، بەڵام درۆ دووژمنی خودایە، ئەم ژنە لەوانە نییە. ئەوەی من دەیناسم، خودا عەبدی خۆی باش دەناسێ تۆ کە خۆت لە من باشتر ئاگاداری، ئەو ژنە دەرحەق بە من چۆن بوو، ئێستاش هەروایە، لەوەزیاتر ناوم نەهێناوە، خۆ ئەگەر ناویشم هێنابێ لە بیرم نییە و تۆبە دەکەم، ئا، ئا، (لە حاڵێکدا لە دارەڕای بن میچەکە ڕامابوو، ورتەی دەهات و بە نیشانەی تۆبە گازی لە زمانی گرت.)

سبەی دەمرم و بستێ خاک جێگامە، بۆ دەبێ درۆ و دەلەسە بکەم، کارم بەوە نییە لە ڕابردوودا چۆن بووە، ئەو هومایەی من دەیبینم لە هەربارێکەوە خراپبێ، لەم بارەیەوە خراپ نییە.

ئەو نزمفامە و هەوا و هەوەسییە و بڵحە! نەک بە مانای داوێنپیسی، ماڵ و حاڵی بەلاوە گرینگ نییە، بە فیزو ئەدایە، لەهەر کۆڕ و کۆبوونەوە و شایی و زەماوەندێکدا، ئەگەر پیاوێک پێیجوان نەبێ و پەسنی نەداتوو بۆی پێنەکەنێ خەفەت دەخوات، پێیخۆشە هەمووکەس پێی بڵێ جوانە و تازە چاردە ساڵیەتی! بەلاّم خۆ ئەمانە نابنە هۆی داوێنپیسی ژن، لەوانەیە کەسێک بۆ یەکەمجار دەیبینێ وابزانێ سووک و داوێنتەڕە! من بەم چاوە سەیری ناکەم. ئەو ژنە هەموو خەتایەک لە ڕەوشت و ڕوخساری دەبارێ بەلاّم داوێنپیسی نا، پاکی ئەویش هەر لەوەدایە. ژن، ژن دەناسێ، چاو ڕازی دەروون ناشارێتەوە. هوما بێئەوەی ئاگای لە قسەی ئەوان بێ دەرگای وەتاغەکەی کردەوە، لەبەر ڕووناکی چراکە سەرپاییەکانی لە پێ کرد و چووە حەسارێ. سەیمیران بە نیشانەی خۆشحاڵی زەردە هاتە سەرلێوی، گوتی:

خو من ناڵێم تۆ پاشملە قسەت کردووە؟ یانی تۆ ئاوا لە مەبەستی من حاڵی بوویی؟ تەنیا ویستم بزانم بە پێچەوانەی بۆچوونی من ئاکاری چونە؟یان دەروجیران سەبارەت بەو چۆن بیر دەکەنەوە، تۆ خەبەرت هەیە دوێنێ بەبێ ئەوەی من ئاگام لێبێ، یان بە من بڵێ چۆتە بازاڕ. پارچەی کڕیوە، هەر نەیهێشتووە پارچەکەش ببینم. بردوویەتی بۆ پەروانەی خەیات، لەوسەری مەیدانەکە، کراسی بەدوورین داوە، وتم ژنی باش چبوو خێرا لە کاری خەیاتی ماندوو بووی یان لە خۆت ڕانابینی، خێرا خۆ دەکەی بە دووکانی پەروانەدا؟! وتی پارچەکە قیمەتگرانە، گوڵمریەمی پێدەڵێن. پێمحەیف بوو بیدەم بە ژن بیدوورێ. خەیاتی ژن کاریشی جوان بێ، هێشتا وەک پیاو جوانی نادوورێ، مۆدی ڕۆژ نازانن و...

لەگەڵ کێ چووە، خورشید، یان بە تەنیا؟

لەگەڵ خورشید.

دووکاندارەکەشی پیاوە.

ئەگەر ژنبایە من قسەیەکم نەبوو، وەک دەڵێن دانەیەک لە شاگردەکان کچ یان ژنە، لەوەپێشتر لە خەیاتی شایژنان کاری کردووە، لەگەڵ هوما یەکدی دەناسن. بەلاّم من سەرم لە کاری ئەو ژنە سووڕماوە.

دڵی لێپیس مەکە، ئەمڕۆکە، زۆربەی ژنی ئەم شارە دەچنە ئەمشوێنانە، بۆ مۆدی تازە دەچنە لای پیاوان. سەردانی هۆڵی کۆبوونەوەکان دەکەن، لەگەڵ پیاوان هەستان و دانیشتنیان هەیە، هاتوچۆی سینەما و تیاتر و ئەمجۆرە جێگایانە دەکەن. ئەوەیە نیشانەی لادانی چارشێو و عابا،

تۆکە دژی ئازادی بووی بەم بەشەش دەبێ ڕازی بی! گوێی مەدەرێ و ئەوەندەش توندی مەگرە، ژن چیدەکا با بیکا، ویژدانی پاک بێ. هەر ئەوەندە تەواوە، بەڵام تۆ پێمبڵێ مەگەر ئەو ژنە بەتەمایە تەرمەکە کراس دروست بکا؟ چەند کراسی گەرەکە؟! سەیمیران بە دڵپڕییەوە سەری ڕاوەشاند:

بەتەمایە، فرۆشگەی جلوبەگ دانێ، دڵتەڕ و جوانپەرستە، هەرچی دەبینێ دڵی دەیخوازێ، هەر ئەوەندەی کراسێک لەبەر ژنێکدا ببینێ، خێرا نەیکڕێ فججە دەکا، ئەوەی ئەم مۆدو مۆدبازییەی داهێنا خێر لە خوی نەبینێ، ئەوانە لە قازانجی خۆیان دەگەڕێن. جاران ژن چارشێو شاردبوویەوە، هەرکەسەو بە بەشی خۆی ڕازی بوو. ئەگەر چاولێکەری هەبوایە لە حەد و میزانی خۆیاندا بوو، کەس پارووی زلی نەدەبرد بۆ زاری، بەڵام ئەمڕۆکە ئەگەرچی گزیز و پێشکاری دارایی لەو کاولبووەوە هەستێ و بێ بۆ ئێرە و تای پێڵاوەکەی بنێتە بانسەری، بەیانی ژنی ئەموئەو لاسایی دەکەنەوە و ئیفادەی پێوە لێدەدەن. ئەمەش لە نەگبەتی پیاوانە! ڕووی لە وڵات کردووە، ئاسکە قامکی بە گوڵی قاڵییەکەدا هێنا:

تۆ دەبێ کەیفتساز بێ، ئەم ڕۆژگارە بە دڵی تۆیە! ئەگەر ئەویش وانەبوایە بەخێری خودا نەتدەویست. وەختێ دنیا ئاوا گۆڕاوە، دەبێ پێتبڵێم خزمەتیان پێکردووی ئیتر لەخۆڕا ناحەزیان مەڵێ و سەرکۆنەشی مەکە. لەمەش بترازێ، چاوی دڵداران خەتا نابینێ، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەت ڕاست بوایە هێشتا خۆشت دەویست هەروەک ئێستاش ڕۆح و گیانی تۆیە. بڕۆ سەرینی خاترجەمی بنێ ژێرسەرت، هوما، هەرئەوەیە کە دەیتوتە و هیچی دیکە نییە. ئەگەر وابوایە هەتا ئێستا سەتجار عالەمی بە خۆی خۆشکردبوو، ئەم هەموو خۆلەگوڵدان و سافو لووسکردنە هەر بۆ تۆیە، لە دڵبەریدا زۆر جادوبازە ئەگەر ڕۆژ بۆوە چاو ڕادەخا، هەست و حەزی دەبزوێ وەک هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێ سەرنجی مێردی ڕادەکێشێ، ئەمەش بزانە جوانان هەموویان شیرین نین. سەیمیران وەک یارانی ساکاری ڕەسەنی پیامبەر گوتی:

مەگەر تۆ لە من خوشباوەڕتر بی. ئەو ژنە ئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکردووە، وەک منداڵ گڕو دەگرێ، هەرچییەک بە چاو ببینێ بە دڵ داوای دەکا، ناوێرم بەبەر فرۆشگە و دووکانی خشڵ و زەمبەرفرۆشاندا بڕۆم هەرشوێنێک کوتاڵفرۆشی لێبێ دەبێ خۆی لێنەدەم پەڵپم لێدەگرێ و دەبێ بۆی بکڕم. خوانەکا شتێکی جوان ببینێ دەبێ بۆیبێنم. هەستان و دانیشتی سەیرە و قسەو گوفتاری جێی سەرسووڕمانە. هەر دەڵێی ڕۆحی (مادموزاڵ)ێکی پاریسی خزاوەتە جەستەی کچی چۆخە سپییەوە. بەوحاڵەشەوە زۆر نزمفام و منداڵۆچکەیە، دەڵێ بۆیە بە جلوبەرگی جوان و

تازەمۆدەوە سواری فەیتوون دەبم و بە نێوشاردا دەگەڕێم تاکوو حاجی بەننا بمبینێ و لە داخان لێکببێتەوە. هێشتا باوەڕی‌وایە، ژنی ئێرانی ڕوخساری ئازادە بەڵام دەست و پێی سندمکراوە، نازانم، ئەگەر دەستو لاقی ئازاد بوایە ئیتر چ بەڵایەکمان بەسەر دەهات. هوما هاتەژووری و قسەکانی پی‌بڕین. ئاسکە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو هەستا و لە ژوورەکە چووە دەرێ. (لە هەرجێیەک خۆشەویستی هەبێ بەخیلی و دڵپیسیش هەیە). سەی‌میران سەراوی وەختێ ژنی تازەی وەک بوت دەپەرست، هەر ئەوەی مابوو لەسەر سەری ڕای‌بگرێ، نەیدەتوانی دڵپیسی لێ‌نەکا. ئەو پیرەمێرد بوو و هوماش، جوان و جحێڵ. لەمانەش بترازێ کەڵکەڵەباز و بیانووگر و بێ‌ئارامە. ئەمانە گشتی وەک تەنافی وەرزشی وایە لە ژیانیدا لە هەردوو سەرەوە دەیکێشن هەتاکوو لە نێوقەددا دەپچڕێ. ئەم‌جۆرەی هوما بۆی دەچووە سەرێ، بەبێ هیچ لەمپەر و پەرژینێک لەو ماڵەدا، هەر دەبوو ترس و دوودڵیش لەئارادا بێ. هەروەک پەڵە هەورێک چۆن بەری هەتاو دەگرێ، ئەویش ئاوا دڵی تاریک ببوو، ئەم حەقەی بە خۆی نەدەدا بە ئاشکرا شتێک بێژێ. لەبەرئەوەی تاکوو ئێستا هیچی پێوە نەدیبوو، دوای ئەوەی کە مەسەلەی وێنەکەی داریوش هاتەگۆڕێ، هەرچەندە دڵی لێی کرمێ بوو بەڵام ئەوانەی بە هەڵەیەکی منداڵانە دەبینی و دەیزانی مەبەستی خراپی نییە. سەی‌میران دایمە چاوێکی بە سەریەوە بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەگەر ئەو ژنە بەم‌جۆرە بێ کە من فکری لێدەکەمەوە، وابووایە و وەک ئەم و ئەو دەڵێن شەیتان دەرس دادەدا، لە شارێکی وەک کرماشاندا نەیدەتوانی لەژێر چاوی تیژبینی ئەو خەڵکە دەباز بێ، ئەو خەڵکە هەمیشە لە قسەیەکی ئاوا دەگەڕێن شتێکیان بۆ هەڵبکەوێ و زەنگی بزڕێنن. کارو پیشەیان ئەوەیە عەیبی ئەم‌وئەو ببینن و ئیراد لە خەڵکی بگرن. جاری‌واش هەیە ئەم مقۆمقۆیەی ئەوان وەڕاست دەگەڕێ. سەی‌میران سەراوی، بەم ئەزموونەوە کە لە ماوەی سێ بیست ساڵەدا وەسەریەکی نابوو، بڕوای بەم ڕاستییە هەبوو، بەڵام وای بیر دەکردەوە، ئەگەر شتێکی‌واش هەبێ کەس دەنگ ناکات و نەی‌بیستێتەوە ئاخۆم دەکرا، لەسەر قسەی ئاسکە حەساو بکا و یانی ئەم خەڵکە وەک ئەم ژنە بیر دەکەنەوە؟ ئایا بەڕاستی ئەو ژنە بەم سەرو سیمایەوە، بەم لارولەنجە و دڵئەستێنییەوە کە بە چاو شەڕ دەکا، چبگا بە پیاو، ژن ئاشقی دەبێ. ئافرەتێک بەم هەموو ناز و نەزمەوە لە ڕۆژدا دانێک وەماڵ ناکەوێ، دوور لە چاوی دەروجیران و بەتاقی تەنیا واهەیە بە سلامەت بێتەوە بۆ ماڵێ؟ ئاخۆم هەروەک خاڵۆ کەرەم دەیگوت مەعسوومی و نەرمونیانی ڕواڵەتی ئەو نیشانەی داوێن‌پاکی و حەیا و حورمەتی ئەوە؟ ئەگەرچی

مەبەستی کوێخا لەم قسەیە هەڵەو هەرزەیی و بێچاو و ڕووی ئەوبوو، نەک پاکی و ناپاکی ئاکاری. پێتوانییە ئەو ژنە مەکرباز و نازفرۆشە، لە حەوت ئاو دەدا و گوێزینگی لاقیشی تەڕ نابێ؟

گفتی ئاسکە قەت نەیدەتوانی سەرچاوەی دڵی سەیمیران بۆ هەتاهەتایە لە گومان و تاریکی ڕووناک بکاتەوە، ئەمەی لەدەست نەدەهات، بەڵام دەیتوانی وەک شیری هەڵچوو ئارامی بکاتەوە، ئەستووندەکی دوودڵی بپەڕێنێ و ڕەشماڵی دڕدۆنگی وەپێچێ و ڕووناکی بخاتە دڵییەوە. هەربۆیە بە ژنەوتنی ئەم قسانە لە دەمی خێزانی گەورەیەوە ئاو لە دڵی پڕژاو خونچەی ڕوخساری دەمی کردەوە. دوو ڕۆژ دوای ئەوەی سەیمیران بۆ وەرگرتنەوەی کراسەکە و پارەی دوورینی بدا بە وەستا، لەگەڵ هوما چوون بۆ بەرگدووری لە مەیدانەکە، بۆی دەرکەوت خێزانی لە هەڵبژاردنی کوتاڵ و پارچەی جسندا بەڕاستی سەلیقەی باشی هەیە و جوان شت دەناسێ، وەختێ زانی کراسەکە قۆڵکورتە لێوی خۆی کرۆشت و لە بنەوە مۆڕەیەکی لێکرد. هوما بە گوڵبزەیەک ئاوری تووڕەیی دامرکاند و بە خۆبادانێکەوە شانی لە شانیدا، سەیمیران کە زۆر لەمێژ بوو لە بەردەستی هومادا وەک مێووڕۆنی لێهاتبوو ڕقی خۆاردەوە و وەڕووی خۆی نەهێنا، زۆرجار بە هومای وتبوو، ئەگەر تەلیس لەبەر بکا، بۆ ئەو گرینگ نییە و بە هەمووبارێک لە بەرچاوی ئەو هەر جوانە. وتبووی ئەو لە زێڕ و زەمبەری ئەقڵ و ئاوەزی دەڕوانێ کە نیشانەی ڕەوشتپاکی و تاجیسەریەتی. نەک متوموور و سڵسڵە و پلپڵەی چاوخۆر و فریودەر. کراسەکە دوای ئەوەی دووڕا لەبەر کرا و تاقیکرایەوە، حازر و ئامادە لە بەردەستی خاوەنیدا بوو، وەختێ سەیمیران پارەی حەقدەستی دەدەستی وەستانا، لە دەرگای خەیات هاتنەدەرێ تۆزی تووڕەیی لە نێوچاوی نیشتبوو، بەیانی ڕۆژێکی مانگی خاکەلێوە بوو، شەقام خاوێن و ئاوپڕژێن کراو بێزووی بە ڕێبواران دەکرد تاکوتەرا کەسێک دەبینێ، هوما مانتۆ کەمەردارەکەی زستانی ڕابردوو کڕیبووی لە بەردیدا بوو، دەسماڵێکی شینی ناسکی دابوو بە سەریدا، کوڵمو هەنیەو بلووری ڕووتی گەردنی لە دوورەوە سەرنجی پەپوولەی چاوانی بۆلای خۆی ڕادەکێشا، دوای سێ ساڵ بەسەر تووڕ هەڵدانی پەچە و عابادا ڕابرد دەمارگرژی و زەخت و زاڵی لەو بنەماڵانەدا کەم بۆوە و وەک شیری هەڵچوو خاوبوونەوە کە لە ژێر سەیوانی ئاییندا تەعەسووبی زبریان بەکار دەهێنا بۆ سەرکوتی خاوو خێزانیان. ژنان ئیتر تەقیلەیان نەدەنا سەری خۆیان و لەچکە ببوو بە مۆد و هیواهەبوو دەیدا بە سەریدا. کەم یان زۆر ڕۆیشتن هیچیان لەبزیان لە لەبزی یەکدی نەگەڕا، ئاخری هوما گوتی:

خۆ تۆ ناچییە ژێر هەژگەڵ و چرپی و دار؟ هەر بەخاتری قۆڵی کورتی ئەم کراسەیە نێوچاوت تێکناوە؟ تۆ باش دەزانی هاوینان ژێر باغەڵم ئارەقە دەکا، پێم حەیفبوو ئەم پارچەیە خێرا خراپ ببێ، گفتت ئەدەمێ تەنیا لە زەماوەند و میوانداری ژناندا بیکەمە بەرم.

تیخی زمانی درک و چقڵی توورەیی سەی‌میرانی هەڵپەڕتاوت، سەید هێور بۆوە، تا گەیشتە جەم‌سەری کۆلانی خانەقا لەگەڵی چوو، لەوێوە گەڕایەوە و کەوتە شوێن کاروباری خۆی، لەپێشدا بە تەمابوو تاکوو مەیدانی فەردەوسی و دەروازەی باشووری شار بۆ کڕینی ئاوردوو، بچێ بۆلای دارو کۆلکەفرۆشان. بەڵام نزیک نیوەڕۆ بوو تاقەتی ئەوەی نەبوو چەند هەنگاو شور ببێتەوە و خۆی مەحتەل بکات. وای بەباش زانی بچێ لە چاخانەیەک پشوویەک بدا و تۆزێک وەحەسێ. هەرنەبێ یەکێک لەو هاوکارانەی کە زۆریان خۆش دەوێ ئەم زەحمەتەی بۆ بکێشێ و ئەرکەکە ڕاپەڕێنێ. بۆ جێبەجێکردنی کاری ئاوا هەتا بێژی قونگران و تەوەزل بوو.

هێشتا حەوتەیەک بەسەر ئەم ڕۆژانەدا تێنەپەڕیبوو، هوما لەگەڵ ئەکرەم قەول و قەراری دانابوو بە یەکەوە بچن بۆ بازاڕ چەند شتێک بکڕن. قسەکەی ئەکرەم وای‌نیشان دەدا، کڕینی جووتێک دەستکێشی سپی هاوینی، لەوەپێش بە یەکەوە قیمەتیان کردبوو، لەم ساڵی تازەیەدا هوما بەنیاز بوو بە شان‌و شکۆیەکی تەواوەوە بەرەوپیری هاوین بچێ، چەترێکی خۆش‌دەستی هاوینی کڕیبوو، ئیتر وەختێ ئەم چەترە بە دەستییەوە جوان بوو، کە دەستکێشی دەکردە دەستی ژن و کچی دراوسێ و بەتایبەت ئەکرەم چاوەڕێ دەبوون تاکوو بووکی ڕازاوە لە ماڵێ بێتەدەر، هاوڕێ لەگەڵ ئاسکە لە بەرهەیوانی ژوورەکە کۆمیلکەیان کردبوو، هەموویان لەوە ئاگادار بوون هوما کراسی قۆڵ‌کورتی کڕیوە، بەڵام جارێ کەس لە بەریدا نەیدیبوو، ئەورۆژەی لە خەیاتی وەری‌گرتبۆوە شیرینی کراسەکەی نوقڵی بیدموشکی کڕیبوو، پێیان‌دا هاتوو سەرو دەنکێ نوقڵی دانێ. هێشتا منداڵان لە قوتابخانە نەهاتبوونەوە. حەسارێکی بێدەنگ و هەرا، دەتگوت ئاشە و ئاوی کەوتووە. شنەی بەهاری لە سەربانەکانەوە بەرەوپێدی حەوشە دەخزی بەرامەی شینکە و گڵ و گوڵی دەکرد بە ژوورەکاندا، لە دیوەکەی ئاسکەڕا کاتژمێر لەسەر چوار زەنگی لێدەدا، هوما لە چەشنی نۆجوانان بە کراسی تازەوە، کەوشی لە پێستی مار، پاژنە سنناری، گۆرەوی ملکورت لە پێیدا، جانتا و چەتری دەست‌سەدەف بە دەستەوە وەک مانگ لە کەل وەسەرکەوێ هاتە بەرهەیوانەکە، قۆڵ و باسکی سپی و ناسکی لەگەڵ زەندوبازن و سەعاتی دەستی هەر لەخوی جوان بوو، ئیتر بینەرانی کۆشی حەسارەکە ناحەقیان نەبوو واقیان وڕ بمێنێ و دەمیان ببێ بە

تاقیچرا. هەروەک ئەکتەرێکی لەکار دەرهاتوو، کە خۆی نیشانی تەماشاچییانی چاوەڕوان بدا، هەڵوێستەیەکی شیرینی کرد و ئەوسا نەرمنەرم، بە لارو لەنجە بەسەر پلیکانەکاندا هاتەخوارێ. ئەو ڕەوت و هەنگاونانە، زیاتر بەهۆی پێڵاوی پاژنەبڵیند و داوێنی تەنگی کراسە قۆڵکورتەوە بوو، ژنان هیچ نەدیتوو کەللای چاویان تێگرت و دەمیان بوو بە هێلانە، ئەی ئەگەر ئەو ژنە، ئەمانە چین؟ ئەگەر ئەوانە ژنن، ئەو چیبوو؟ وەختێ هاتە بەرەوە و لە بەردەمیاندا ڕاوەستا، هەروەک زێڕی سوور بریقەی دەهات، سەرگۆنای سووری ئارەزووی پیاوەتی دەبزواند و چاوی بە شەرمی لەبەر هەڵنەدەهات. بەرامەی عەتر و عەبیری جەللابی هەنگی خەیاڵی نێرینە بوو. وەک تاووسی هێندووستان سووڕێکی بە دەوری خۆیدا لێدا، تاکوو لە پاش‌و پێش هەمووو ببیینن. ئەم کارەشی بۆ شکاندنی ئەوژمی ئەم شەرمە کرد، کە ژنەکان بە سەریاندا دابوو، یانی بەتەمابوو بەم دیمەنە ئاڵاو واڵایەوە بچێتە شەقام و بە نێو بازاڕدا بگەڕێ؟ بەڕاستی خاوەنی جەسارەتێکی گەورە و ڕۆحێکی نەترسە! ژنەکان نەیاندەزانی بۆ ئەم غیرەتە بڵێنچی نەک بۆ ئەم کراسەی بەری، پارچەکە هەورێشمین و تەختی گەنمڕەنگ گوڵی وردی هەر لە باڵی پەپوولە دەچوو، لەبەر سێبەردا ئاماڵ سوور دەینواند و کە تیشکی خۆر دەیئەنگاوت لەبەر جوانی وریشەی دەهات. ئەمەش نیشانەی چنین و ئەم تاروپۆیە بوو کە لەم پارچەیەدا بەکار هاتبوو، جوانی و دلڕفێنی پارچەکە لەلایەک، هونەری دەست و پەنجەی وەستای دوورمان لە لایەکیتر کە پڕ بە باڵای دەریهێنابوو، دەتگوت حۆری و پەرییە و لەو حەسارە گەورەدا میوانە، کەس گومانی نەدەکرد، خەیاتێک لەبەر خاتری پووڵ و پارە مقەست و دەرزی بە دەستەوە گرتبێ و ئەم دەستکردەی بە باڵای دووریبێ، ئەو کەسەی خاوەنی هونەر بێ چێژ لە کار و بەرهەمی دەبینێ نەک لەم پارەو پووڵەی کە وەریدەگرێ، ئیتر ژنان لە جوانی بەرگ و لیباسی فکریان تەزی و تێر نەدەبوون لە سەیری. ملیوانەی کراسی دووچین لەسەر یەک، بە ڕێزێک دووگمەی سەدەفی لەسەر بەرۆکی سلاوی مەمکانیان دەسەندەوە، قۆڵی کورتی زۆر وەستایانە تەقەڵ درابوو بەئاستەم ببوونە سەیوانی شانی. بێگومان سەیمیران سەراوی، هەنووکە ئەم کراسە گوڵ باڵە پەپوولەیەی لەبەردا نەدیبوو، خۆ ئەگەر لە بازاڕ و لە ڕاستەی خەیابانێ بیدیبایە هەنگی تامەزرۆی چاوی بەرامەی ئەم گوڵەی دەقۆزیەوە و هەلاڵەی سەرلێوی دەچنی، بۆ ماوەیەکیش ڕۆحی دەتاسا کە ئاخۆم ئەم قەدە ڕەعنایە کەژاوەنشینی حەرەمخانەی خۆیەتی؟ دەی بەم گفت و بەڵێنەی هوما بە میرانی دابوو کەس نەیدەزانی پێش‌بینی ئەوەبکا، ئالەم وەخت و سەعاتەدا مێردەکەی چۆنی لەگەڵ دەجووڵێتەوە؟ چی پێدەڵێ؟ شان‌وملی

ڕووتی سۆفی لە خەڵوەت دەهێنا دەرێ و وزەی هەوەس و کەڵکەڵەی لە مێرانی دڵمردوو وەگەڕ دەخست، ئیتر خۆ باسی کراسی پڕ بەبەر و سینگ و بەرۆک و کەلەکەی باریکی تەنیا چاوی هەستیاران دەیانتوانی پەسنی بدەن و لە تاریفی ڕاچن. پووز و بەلەک و پاشەڵ و ڕانی بە هەنگاوی نەرم و ڕەوتی کەوی دڵی لە دڵدار دەسەند و ئاوەزی لە ژیران دەرفان. بە بیچم و قەڵافەت و بەژن و باڵایەوە تەواو پەیکەرەیەک بوو لە بوتی جوانی و لە چوارچێوە و سەرو سیما و خانمێکی دڵ بەدنیادا. لە نازو دڵبەریدا، بە هەیکەلی یونانی پێدەکەنی و بینەرانی سەری کڕنۆشیان بۆ سانعی نەوی دەکرد. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە دەستی زانست چارشێو و پەچەی لادا و ئەو کاری کرێتی نەهێشت، هوما بە دەیان جۆر مۆدی جلوبەرگی گۆڕی و تاقی کردەوە، هەر مۆدێلێکی لە ئاڕایشت و جوانکاری تاقی کردبێتەوە پێوەی چۆتەدەرێ. بەڵام ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاتەکانیتر جیاوازی هەبوو، حورمەت مەسەلەیەکی گەورەیی و کەڕامەتە، ئیتر بەم جۆرەی کە دڵ حەزی لێبێ خەیاتی پەروانە کاری خۆی کردبوو لە ختو لارو قەڵافەتی ئەم نازەنینەی لە جوانیدا وەدەر خستبوو، بەتایبەت بە کراسی کوڵەباڵەوە.

جوانی سەرسووڕ هێنەری جلوبەرگ و خۆنواندنی بێشەرمانەی هوما وەختێ پێی دەنایە حەساری زمان و هەستی خەستی دەویست لە تاریفیڕا بچێ و بە باڵایدا هەڵبڵێ، زمانی ئەم پەسنە لە دەمی هەمواندا وشک هەڵاتبوو، ئەکرەم بیر بڵاو و پەرێشان و ئاڵۆز، هەروەک شانۆکارێک لە نێوەڕاستی بەرنامەدا ئەرک و نواندنی ڕۆڵی خۆی لە بیر چووبێتەوە، لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە هەستا سەرپێ، لە دەمی دەرنەهات بۆچی لەو وەختەوە ڕایگرتووە و ماتڵی کردوە، بە کەوش و گۆرەوی و لاق و لەتەری خۆیدا ڕوانی و ڕەقەڵی و وشک و باریک ئەو لەکوێ و بەلەک و پاووپووزی هوما لەکوێ؟! قاچو قولی هەروەک تەشیلەی خۆی بە چارشێوی سەری داپۆشی، وەکئەوەی پیاوێک چاوەڕوانی بێت. بە شەرمەوە گوتی:

بڕۆین، من ئامادەم.

دوودڵ بوونی ئەکرەم کاری لە هوما کرد:

وەرە سواری فەیتوون دەبین.

داوێنی کراسەکەی بە ئاستەم لە ئەژنۆی دەکەوت و لە شلکەی ڕانی توند دەبوو، هەر ئەو تەنگی تەنوورەیە ببووە هۆی ئەوەی بە شلو ملی هەنگاو بنێ و لە کاتی ڕۆیشتندا جووڵە و سوورێک بدا بە کەمەر و بەژن و باڵای، هەرچەندە ئەم دۆخە بەرپێوار بوو بەڵام بەبێ خۆشی و

جوانی جووڵەی ئەو توێکوڵی بێکاکڵ بوو، وەختێ پەریئاسا هەنگاوی دەنا پاوو پووز و شلکەی ڕانی پەردەی شەرمی دەدا بەسەر چاوی حەیابەخۆیاندا، لە ڕەوت و چووندا لانکەی پاشەڵی بە ڕاست و چەپدا هەر جوان بوو تەماشای بکەی، سینگ و کەمەری لە جوانیدا وەک مینیاتۆرەکانی ڕەزا عەباسی هەڵگری پەسن و پێداهەڵدان بوو؛ سروشت چما بە پەیرەوی کردن لە ئەرک و فەرمانی یەزدانی بە حەیفی زانیبوو عەولادی بداتێ و لەخت و لاری هەستبزوێنی بە هۆی منداڵبوونەوە شل و شێواو بێ. ئەوەندەی لە حەسارەکەدا ڕاوەستابوون، ئاسکە لە پشتەوە پێیدا دەڕوانی. لە جوانی هەوێکەیدا تاساو حەبەسابوو، بە دڵ دەیزانی دەروجیرانیش هەروەکوو ئەو بیریان دەکردەوە، بەڕاستی مێردەکەی ناحەقی نەبوو دەستڕابگرێ و وەک بووت بیپەرەستێ. هوما ژن نەبوو، نەخش و نیگار و دەستکردی ڕاستەقینەی یەزدان بوو، کە ئاوازی ڕۆحێکی ئاهورایی لە هەناوی گەڕابوو، جلوبەرگی تازە لە جوانی ئەودا ئەوەندە کاری کردبوو، وەک تیشکی فانووس بڕژێتە سەرئەڵماس، وەختێ ئەم دوو دەستە خوشکە لاقیان لەسەر پلیکانەکان دانا و لە دالانەکە چوونەدەرێ، خاتووخورشید بانگیکرد:

وەختێ سواری فەیتوون بوویی نەکەویە خوارێ هوماخانم، ئەم کراسە نەبێتە قاتڵی گیانت. ئەگەر بەستەنی یان هەرشتێکت خوارد، ئێمەت لە بیر نەچێ، بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێیەوە، ئەو ژنە گوێی بە قسەی کەس نابزوێ، ئەگەر ئەو کراسەی ئاوەژوو دەبەر کردبوایە جوانتر بوو، نازانم ئەو مێردەی بەم جلوبەرگەوە بینیویەتی یان نا؟ بریا بابی لە قەبران هاتبایەتەوە و ئەم هەموو مەکر و نازەی کچەکەی بدیبایە. قوربانتبم نێوچاوان!

ئەم وشانەی لە ئاخریدا لە بنلێوەوە گوت:

بیبی، خوشکی ئەو، ئەو ڕۆژە لەوێ میوان بوو گوتی:

ئینسان خۆی بمرێ و خۆشەویستی نەمرێ.

هوما بۆ ئەوەی بسک و کاکۆڵی هەنیەی ڕامووسن لەپڕ ئاوڕی دایەوە و گوتی:

نا، نا، دڵنیابە خاتووخورشید، هەرشتێ بکڕین بەبێ شیرینی نابێ.

سەرگۆنای بە وریشەی هوما لە کاتی ئەم قسانەدا هێشتا ئاگرپژێن بوون، ئەوەی ژن و کچ لە کۆشی حەسارەکەدابوون، تا دەرگای دەرێ وەدوویان کەوتن. دەیانویست بزانن ژنی تازەمۆد، یان باشتر بێژین، ئەو ژنەی کە بە بای کات و سەردەم دەشنێتەوە، هەرڕۆژەی بە مۆدێک دێتەدەرێ و بە عیشوەیەکەوە ناز دەفرۆشێ و بە خەندە دەردی میران دەدوێنێ، چۆن لاق لەسەر پشتی

کۆڵانەکە دادەنێ؟ زەڕی کچی خاتووخورشید، خوشکە بەرمەمکانەکەی بە باوەشەوە بوو، دڵی بە کراسەکەی هوماوە ببووە زەنگۆڵە و لەخۆڕا ئەو کراسەی بە کراسە پووڵەکەدارەکەی ئاسکە کە جاروبارە لە بەردیدا دیتبووی دەشوبهاند.

رووبابەش ئەوەندەی ئەمکراسە پێجوان بوو نەیدەزانی بڵێ وەک جلوبەرگی کێ دەچێ! ئەم کچە هەژدە ساڵەیە، هەرچەندە هێشتا ساڵێک بەسەر مردنی ناوەختی بابیدا تێنەپەڕیبوو، کەڵکەڵەی مێردکردن لە سەریدا بوو، پووریگیان هەر بە پێی ئاقڵی خۆبینی نەیویست یەکەم داواکاری لەسەر بەرەی هەستێنێ. ئەم قسانە لەگۆڕێدا نەبوو، حسێن کارێزکەن ئاورت تێبەردایە بۆسۆی لێ هەڵنەدەستا، سوێندت لێنەدەکەوت بتگوتبایە چڵەموویەک بە سەریەوە نییە، کەوابێ پارەی شانەکرینی بۆ دەگەڕایەوە، بیری لێدەدا و کارێزکەنی دەکرد و بە هێزی دەست و مەچەکی پاروە نانێکی پەیدا دەکرد. دەبوو شووکرانەبژێر بێ و مەتەق نەکا، هەروەک دەڵێن دەروێش هیچی نەبێ کەشکۆڵێک شک دەبا، لەو باشتر واهەبوو کەسێکیتر بۆ ئەم کچە بێدایکە پەیدا ببێ؟ بەڵام ئارەزووی دوور و چاوەڕوانی لە خۆڕایی بۆ کچی عازەب، هەمیشە بە دڵی ئەو نابێ، ڕوحمی یەزدان و ودمی عیسای دەوێ، دوای ئەمەش، خاتووخورشید بەپەلە بوو بە دوای ڕووبابەدا کچەکەی خۆی بە مێرد بدات، ڕووبابە کچێکی وریا بوو، هەرچەندە گوێی گران بوو، کەمتر بۆڵە و خورتەی پووری بێوەفای دەبیست، بەڵام لە وردبینیدا باز و هەڵۆ ئێرەییان پێدەبرد. ئەگەرچی بۆ ساتێکیش شیش و تەبەنەی کڵاشچنین لە دەستی نەدەکەوتە خوارێ، برا چکۆلەکەی کەمتر وابوو بە کاروبارەوە خەریک نەبێ. خۆی بە سەرباری پووری دەزانی، کەحێلی خەیاڵی دەئاژووت هیوای دەچاند و ئارەزووی ئەدوورییەوە تاکوو هەرچی زووتر پەنایەک وەدۆزێ لەگەڵ براکەی دەستەملانی ژیانێکی ئاسوودە و بێمنەت بن. مێردێک ئەگەر گورگی هاریش بێ هێشتا لەوەباشترە، ئاغاگیان مێردی پووری بە مۆڕەیەکەوە تەماشایان بکا. یەکەم داواکاری پێی ڕازی نەبوو، هەروەختێ دەچووە حەسارێ و دەهاتەوە ژوورێ، کەوش و گۆرەوی و سێ گەز پارچەی سوور کە لەسەر تاقەکە داندرابوو، لە جێی خۆی مەحتەلی دەکرد. دڵەڕاوکێ دەیهەژاند. فکر و خەیاڵ وەک پۆلێک پەڕەسێلکەی بە جریوە جریو لەسەر ئارانی مێشکی دەنیشتەوە:

«ئەگەر ماندوویی ڕاکشێ براگیان. ئەم سووچی ژوورە جێگای ئەتۆ بێ، کەڕەیبەیانی هەڵتدەستێنم، لەم کارە نوێیەت ڕازی؟»

هێشتا پێنج دەقیقە لە چوونە دەرێی ئەم دوو ژنە تەواو نەببوو، تەماشاچیان جارێ هەر خەیاڵی خۆیان دەرِست و دارو تەونیان هەڵدەبەست، گەڕانەوە بۆ حەوشەکە، تاکوو لەکاتی خۆیدا زیاتر قسە بکەن و لە تەونی خەیاڵ بچنن. ئەکرەم لە پێشەوە و هوما بە دوایدا، دەهاتنەوە بۆ ماڵێ، لە ئانیشکی کۆڵانەکە وەدەرکەوتن، ئەکرەم هەر دەتگوت ڕاوی دەنێن، دوو شەقاوی بە شەقاوێک دەبڕی، با چارشێوەکەی دەفڕاند و بە ئاستەم بەسەر سەرییەوە مابوو. بە کەنینێکی گوناحبارانەوە گوتی:

خودایە تۆبە، خەڵکی کووچە و کۆڵان هەر دەڵێی گورگیان دیتووە، چۆن سەیرمان دەکەن، خەریکن بە چاو قوتمان‌دەن!

خاتووخورشید گوتی:

خۆت ڕەگەڵ مەخە، ئەویان دەوێ، تۆ قوت نادەن! دڵی خۆشە، چبوو گەڕانەوە؟ هەر ئەوەندەبوو گەشتەکەی هوما؟ بریا هوما تۆش چارشێو چەرمگت‌دابایە بە سەردا.

شۆخی گوارە زێڕ، سەری داخست و پێلووی لە شەرمان چەمۆڵەی لە چاوی‌نا و سەرگۆنای بوون بە مێلاقە، دوودڵ بوو لەوەی ئەوڕۆ هەر نەچێتەدەرێ، بەڵام ئەو پرشنگەی بە وڵاتدا هاتبوو ترس و تاریکی پەڕاندبوو سۆڵەی خستە دڵیەوە، کیفەکەی‌دا بە شانیدا و چەتری لەسەر سەری خۆی هەڵدا و بێ‌ئەوەی ئاوڕ لە ئەکرەم بداتەوە وەڕێکەوت:

مەگەر چووم بۆ حیزی و دزی؟! ئەوەی پێی باش‌نییە چاو هەڵنەهێنێ، ئەو سات‌و سەردەمە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە ژنان کۆچکەیان لە سەر دەکرد و پەچەیان بە ڕوودا دەدا و لە ژێر چارشێودا خۆیان دەشاردەوە، لە پشت پەردەوە لەگەڵ پیاوان قسەیان دەکرد و وەختی نان و ئاو خواردن پشتیان هەڵدەکرد. سەڵا لە ئەقڵتان ئاوا سواری فەیتوون نابم و بە پێیان دەڕۆم با بزانم خەڵکی ئەم شارە قووتم دەدەن؟!

خورشید دەنگی هەڵێنا و غیرەتی وەبەرنا:

ئەم تیزو پلارەی ناوێ، بڕۆ خوشکێ‌گیان چوونە دەرێ و کووچە و کۆڵان ترسی بۆچییە؟ ئەکرەم با، هەر نەیات، ئەو ژنە ئەگەر خێری هەبوایە، ناویان دەنا قەدەمخێر، بۆ پێیان‌دەگوت ئەکرەم. ئەکرەم گوتی:

تۆ کە ئەوەندە ئەوت بۆ گرینگە، بۆچی خۆت لەگەڵی ناچی؟

دەچم لەگەڵی، شانازی پێوەدەکەم، هەر نەبێ سەت کەڕەت لەتەکیا چوومەتە دەرێ، من وەک تۆ ئیفادەم نییە، وەختێ ئەم قسانەی دەکرد تڵیشی کراسەکەی سەرزگی بە چارشێوەکە داپۆشی،

چوون لەوکاتەدا ئێران بووکە تازەکەی ساحەبخانم، جیرانەکەی ئەوشانیان بە دەنگی ژنەکان لەگەڵ دایکی هاتبووە دەرێ، لەگەڵ زەڕی قسەیان دەکرد. زەڕی دەستو پلی خۆی نیشان دەدا و دەیخوراند، گوتی:

ئاوم بە پشیلەدا کردووە تەواوی پشتی دەستم بۆتە بالووکە، نازانم چۆن چاک دەبێ؟

ژنە دەسماڵێکی گوڵجوقەی خۆشڕەنگی دابوو بە سەردا، لکەکانی لە ژێر چەنەی گرێدابوو، ئەو جلوبەرگەی بووکەخان دەبەریدا بوو وای نیشاندەدا، دایکی زۆری خوشدەوێ و ناهێڵێ دەست لە ڕەش و سپی بدا، هەر وەک ڕووی لە کۆمیلکەی ژنان بوو لە نێو کۆڵانەکەدا، گوتی:

دەبێ بە سافێک لە بنەوە توند بیانبەستی بۆخۆیان وشک دەبن و هەڵدەوەرێن. ئەوە باسی چیدەکەن خاتووخورشید؟ ئەو بە تەنیا دەچێ بۆ شار و بازاڕ، ئیتر کەسی ناوێ وەدووی بکەوێ. خۆ گورگ نەهاتوو کەس بخوات، بۆچی بترسێ؟ با خەڵک ئەوەندەی پێدا بڕوانن تاکوو ئاوی چاویان ڕۆ دەڕژێ، ئەمە چ قسەیەکە.

دایکی بووکێ، بۆئەوەی فکر و بیری نوێخوازی کچەکەی بدا بە چاوی مادام ئەرمەنیدا، لە بەردەرگای حەساری خۆیانەوە گوێی هەڵخستبوو، جوانی و خۆلەگوڵدانی کچەکەی لەلای ئەوان هەڵکێشێ گوتی:

هەڵبەت نابێ بترسێ، بۆ مەگەر ئەم گۆرانییە کوردییەتان نەبیستووە؟ (ئازادییە و دەور، دەوری ئێمە) بێجا دەکەن ئەوانەی بە مۆڕەوە تەنانەت سەیری پێڵاوەکانیشی دەکەن. حەدیان چییە، کچەکەم دوێنێ لە ڕۆژنامەدا خوێندیەوە، کە ئافرەتی ئێرانی بە فرێدانی چارشێو ڕێز و مەقامی شایانی لە نێو کۆمەڵگادا بە نسیب بووە. ئادەی، ئێران بۆ خاتوومادامی بگێڕەوە، چینووسیبوو.

مادام ئەرمەنی بە دڵێکی خاوێن وەک ئاوێنە زەردە هاتە سەرلێوی، بەڵام نەپەڕییە نێو قسەو باسی ئەوانەوە.

بیبی خوشکە چکۆلەی خورشید، ژنێکی کەمدۆ و خۆهەڵنەقوتێن لە کاروباری ئەم و ئەودا یارمەتی ڕووبابەی دەدا، تاکوو سەرەتای هەوداکە وەدۆزن، لەوکاتەدا دەستی گیرابوو بە خورشیدی گوت:

من پێمسەیرە تۆ بۆ دەبێ ئەوەندە پاپای ئەو ژنە بی و ببی بە سێبەر بە شوێنییەوە؟ وەختێ ئەو دەچێ لە نێو خەڵکی کووچە و بازاڕدا خۆی دەنوێنێ، ئیتر من و تۆ بۆ لەگەڵ خۆی دەبا؟ ئەگەر مێردەکەی حەزناکا بە تەنیا لە ماڵ بچێتەدەرێ، خۆ چاوی کوێر نییە، دەبا کڵفەت و قەرەواشی بۆ

بگریَ، بۆ کەمی هەیە؟ باران بباریَ ئاشی دەگەڕیَ، باران نەباریَ جووتی دەگەڕیَ. بۆ تەخشان و پەخشان خەرجی بۆ دەکا، ڕۆژیَ تمەنێک کرێی فەیتوون دەدا، بەڵام ناتوانیَ کچۆڵەیەکی بۆ بگریَ لە ماڵێدا لە بەردەستیدا بیَ؟ ئەم خەرجەش وەک ئەوانیتر. پیاو بۆ دەبیَ ئاوابیَ، ئەوەتانیَ چاوی لەحاند ئەو ژن و منداڵەی نووقاندووە، کڵفەت هەر نەگریَ، دەستوور بدا، هەروەختیَ بەتەمای دەریَ بوو هەوێکەی لەگەڵ خۆی بەرێت، تۆ بۆچی خۆت بە ژیانی خەڵکەوە هیلاک دەکەی؟!

بیبی، پشتی بە دەرگای حەوشەکەوە بوو، نەیزانی لە کەنگێوە ئاسکە هاتووە و لەویَ ڕاوەستاوە، بەبیَ ئەوەی قسەیەک بکا مەحتەل بوو بزانیَ باسی چیدەکەن. وەختیَ ئەیزانی، گوتی:

سی ساڵ! بۆ مەگەر من بێکارم، یان جیرەخۆری دەستی شاجوانم! ڕۆژ تاکی ئێواریَ بە شوێنیەوەبم، بۆ من نوشتەی چاوەزارم، یان عەلی دەڵەشێرم هەرجێیەک چوو بە دوویەوەبم ئەو کووچە و کۆڵان نەماوە نەیکا، شەقام و بازاڕ نەماوە پێیدا نەڕوات، خۆ هەرچەندە من، لە پێشچاوی ئەم پیاوە وەک قەرەواشێکوام، کارەکەرێکی بیَخەڵات و بەراتم.

بیبی، قسەکەی ئەوی تەواو کرد:

یاخوا خێر و خۆشی لە خۆی نەبینیَ! دوای هەژدە ساڵ ڕەنج و زەحمەت یەکێکیتر بێت مفت و مەرحەبا بیخوات، لە تەڕ بخوا و لە وشک بنویَ، دەرکی بە قوڕ گیریَ، جێنەما گۆشتی تێنەکا! دەڵێی دابەستەیە! بۆتە چوالوو چی پیَجوانە دەیکاتە بەری، بۆ خۆی ڕانادا و چۆن خۆنانوێنیَ، ئێمە لەخۆڕا سەری خۆمان دەهێشێنین! ئاش کاری خۆی دەکا چەقەنە سەروچاوی خۆی دەشکێنیَ! ئاخ گەردوونی دوون!

رووبابە هەر بە تێڕامانیدا دەیزانی باسی چیدەکەن. منداڵە بەرمەمکانەکەی پووری دەیزیڕاند، لە باوەشی زەڕی سەند و بە هەوڵ و هەیەجانەوە گوتی:

کەسێک نییە بێت و بەم خانمە بڵیَ،خوشکیَ چ زەرەدێکی لەتۆ دابوو، نەدیوو و نەناس، هاتیَ و چرای ماڵەکەت لیَکووژاندەوە؟!

رووبابە بە ئاسکەخاتوونی دەگوت خوشکیَ، ئاسکە بە دڵپڕی و بێتاقەتییەوە، بەڵام لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی.

ئەی بۆ ئەو پیاوە ناڵێن ڕەنجی چەند ساڵەی منی بەزایەدا؟! تەفرو توونای کردم؟! وەرن بچینەوە ژووریَ، بڕۆن، بەخودا ئیتر تاقەتی سکاڵا و هاواریشم نەماوە، نازانم ئەمە چ بەڵایەک بوو

ئاوقای من بوو ئەو وشترەی لە دەرگای من چۆکی داداوە، تۆخوا لێمگەڕێن با بە دەردی خۆم بتلێمەوە. دەینم بە ملت مەشەدی!

ئاسکە ڕاستیدەکرد. دەبوو ئەم هەموو تیروتانووتە ئاراستەی هوما بکرێ، هەموو گیاندارێک لەکاتی مەترسیدا جگەرگۆشەکەی بەجێ دەهێڵێ و کەم و زۆر لێی دوور دەکەوێتەوە، مروڤ نەبێ، بەتایبەت دایک، بەڵام ئەو ژنە ئەگەر ئینسان بوایە چۆن بۆ چێژ و لەزەتی دنیا منداڵەکانی لە هێلانەدا بەجێ دەهێشت!

بەدووای قسەکانی ئاسکەدا ژنان مات و بێدەنگ هەستانە سەرپێ و چوونەوە ژووری، ساحەبخانم و ئێران و مادامئەرمەنیش کۆڵانە کوێرەکەیان قەلپووچ کرد و چوونەوە ژووری و دەرگایان لەسەر خۆیان پێوەدا هەر نیو کاتژمێر دەبوو هەما چووبووە دەرێ، پێداویستی خۆی کڕیبوو بەرەوماڵ بۆوە، لێو بەبزە و سەرو ڕووخۆش. بەڵام چاوی ڕەشی کاڵبۆوە و کراسی تازەی پێوە نەهات، شەو ڕابرد و کەوتە بەیانی، هێشتا سەیمیران نەیزانیبوو هوما بە کراسی بێقۆڵەوە چۆتە نێو بازاڕ، لە دێوە هەواڵیان هێنا کە، عەزیز، کوڕی خاڵۆکەرەم مردووە! لە گوندەکان چەند نەخۆشییەک نەبێ کە بۆ خەڵک ناسراون وەک مالاریا (نۆبەتێ) و سەردڵ خڕبوون، ئیتر هەرکەسێک بە هەر دەردێک بمرێ، دەڵێن نەخۆش بوو، کوڕە گەورەکەی خاڵۆ کەرەمیش هەر بە نەخۆشی مردبوو، هەر ئەوەندەی ئەم هەواڵەیان بیست، هوما و سەیمیران، وەک لە قۆچەقانیان بنێی ڕانەوەستان. ئەوەی زۆر جێگای داخ بوو، ئەمەبوو خاڵۆکەرەم نیازی وابوو تاکوو ماوەیەکیتر ژن بۆ کوڕەکەی بهێنێ. وەختێ هوما بە یەکجاری چۆخە سپی بەجێهێشتبوو عەزیز حەوت ساڵی بوو. لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا، ئەوە یازدە ساڵی تەواوە لە ماوەی ئەم چەندساڵەدا تەنیا جارێک لەگەڵ بابی هاتبوو بۆ شار، ئیتر هوما نەیدیبوو، هەرچەندە هێشتا کرچو کاڵ بوو، بەڵام بە قەڵافەت وەک بابی خاوەنی شانو باهۆ بوو، ساکار و بێفڕو فێڵ، وریا و کارکەر حەوت بەهاری تەمەن بوو، وەک پیاوێکی تەواو یاریدەی بابی دەدا، خاڵۆ کەرەم بێجگە لە عەزیز دوو کوڕی چکۆلەتری هەبوو، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەم کۆسپە گرانە دەیتوانی ڕابێ، خۆدا دەیزانی. ئەو دوانیوەڕۆیەی سەیمیران و هوما، بە سواری فەیتوون وەڕێکەوتن، براخاس و خانبابا بە سواری ماین، خاڵۆکەرەم و ئەوکەسەی هەواڵەکەی لەلایەن (خبازباشی)یەوە لە گوندەیڕا ناردبووی بۆ میرزانەبی، بەپەلە خۆیان گەیاندە شار، بەپێی ڕاسپاردەکە، خۆی مەحتەل نەکرد و لە بەردەرگای کاروانسەرای عالەمشکەن داشقەی بەکرێ گرت، لە دووکانی سەیمیران و سی دووکانی دیکە دوو

خەروار و پەنجا مەنی نان سەنگەک، کولێرەی پەنجەکێشی، کڕی، لەگەڵ حەفتا تەمەن پووڵی نەغد دای بەو دوو برا ڕەشپۆشە. ئەوان بەم پارەیە، قەند و چایی و قاوە و چەند شتیدیکەیان کڕی، چەند حاجەتێکیتریان لەو ماڵە بە ئەمانەت وەرگرت و لەگەڵ داشقەچی هەروەک بەپەلە هاتبوون ئاوا بە خێرایی گەڕانەوە بۆ گوندی، دوای چوار ڕۆژ تەوابوونی پرسە و سەرەخۆشی، میران و هوما هاتنەوە بۆ شار، هوما تۆزێک تێکقوپابوو، ئەمە یەکەمجار بوو ڕەنگی لە دەمووچاوی نەدابوو، دەواو دەرمانی جوانکاری لەگەڵ خوی نەبردبوو، سەرکوڵمەی ترساوی بێتەوێ و نەتەوێ، شوێنی خۆڕنینی پێوە دیاربوو ئەمە لوتف و سەفایەکی تازە و نەجیمانەی لەخۆ گرتبوودەنگی نووساو و هەستانو جووڵەی وەک نەخۆشان دەچوو، دەروجیران چوونە دیوەکەی و سەرەخۆشییان لێکرد. مات و خەمبار بوو، بەڵام زۆرتر لە جاران مەکر و نازی دەکرد. لەچکەیەکی ڕەشی لە کاتی ڕۆیشتندا لە ماڵی زەنگییانەفرۆشان قەرز کردبوو، دابووی بە سەریدا، لەچکەی داوە بە خاوەنی و بۆ دوو ڕۆژ سەرتاپا ڕەشی پۆشی، دیاربوو نەوەکەی مامی زۆر خۆشدەویست و کەسیش نەیدەزانی. لە جلوبەرگی تازیەباریشدا سەلیقە و دڵخوازی خۆی نیشان دابوو، دەسماڵی ڕەشی هەورێشمینی ئەوەندە بە جوانی دابوو بە سەریدا، دەتگوت مانگەشەو ڕوخساری کەوتۆتە سەر ئاوی کانی. بە هەرشێوە و جلوبەرگێکەوە سەیرت دەکرد تێر تەماشای نەدەبووی، زێدەتر تیشکی حەز و خۆشەویستی لە دڵ کاری دەکرد. سەیمیران بۆ ئەم سەرەخۆشییە کە سێ ڕۆژی پێچوو پارەیەکی خەرج کردبوو، دەیزانی خالۆکەرەم لەو پیاوانە نییە ماڵی کەس بخوات، بەڵام فکر و خەیاڵ لێی نەدەگەڕا، تۆزێکیش لە دەستبڵاوی خۆی قەڵس بوو جارجارەش دڵخوشی خۆی دەدایەوە، بە مردنی عەزیزی جوانەمەرگ هوما کەمەکێک بایدابۆوە و خۆی قورس و سەنگین ڕاگرتبوو، تاڕادەیەکی باش وازیهێنابوو لە برۆ بیانووی پووچ و منداڵانە. تازە سێ ڕۆژ دەبێ لە سەرەخۆشی گەڕابوونەوە هەوای گەشت و گەڕانی خەیابان لە سەریدا، بە میرانی وت، وەڕەز و دڵتەنگە، حەزدەکا دووبەدوو بچن بۆ پیاسەکردن و سەردانێکی نێو دارو درەختی دەوروبەری ڕەفعەتییە بکەن، یان هەرجێیەکی دیکەبێ، جگە لەوە، بەپێچەوانەی دابو دەستووری بنەماڵە و حەوتەو چلە، یانئەوەی کەسێک پێیبڵێ بەرگی ماتەمینی داکەند و خۆی کردەوە بە نێو دۆخەکەی جاراندا، تاکوو لە چەشنی پەپوولەی شەیدا بچێتەوە سەیرانی گوڵجاڕی مانگی بانەمەڕ و هەڵمژینی هەوای سازگار و چاوەبرکێی ویستی دڵ و ئامێزی جوانییەکانەوە، ڕۆژێکی ئاخرو ئۆخری مانگی جۆزەردانی ئەوساڵە سەیمیران هەتا سەعات چواری دوانیوەڕۆ نەهاتەوە بۆ ماڵێ، نانی نیوەڕۆی

له بازاڕ خواردبوو، هەروەک هەمیشە یەکڕاست خۆیکرد بە ژوورە گەورەکەدا، دەرگا و پەنجەرە یەکسەر کرابوونەوە، هوما لە ماڵ نەبوو، چەرخ و مەکینەی بەرگدوورین پارچەیەکی نیوەکارەی لەسەر داندرابوو لە پەنا کوڵەکەکە، سەرە پارچە و مقەست و میتر و غەرغەرە پرژوو بڵاو لێرە و لەوێ کەوتبوون. ژوورەکە دەتگوت شەرە کەڵی تێدا کراوە، بەرگدروویی ماڵ ماندوو و بێتاقەت، یان گەرما و تەنیایی جاڕزی کردبوو، لە ماڵ چووبووە دەرێ. ئەو ڕۆژە گەرما تەواو هەڵچووبوو، ئاسمان ڕەهێڵەی ئاوری دەباراند! ژووری پێنجدەری کە هاوینان تاوگر بوو، بۆخۆی دۆزەخێک بوو لەو حەسارەدا، ئاسکە، کە گەرما نەیهێشتبوو سەرخەوێک بشکێنێ، بە تویێ کراسێک خۆی کردبوو بە دیوەکەی ئەکرەمدا، لە پشت حەسیرەکەوە چاوی لێبوو! میرانی مێردی تینوویەتی زۆری بۆ هێناوە وەک ئەوانەی هەنسکی مردن بەربینیان پێدەگرێ و چاویان بۆ قومێک ئاو سپی دەبێ، خۆی گەیاندە جەڕەی ئاوەکە، هەڵیگرت و چەندجارێک ڕایتڵەکاند. چۆڕێکی تێدا نەبوو، ئاسکە پێنج چرکە لەمەوبەر چاوی ڕاستی پەڕیبوو، ئەم هەواڵەی گەیاندبوو، ئەکرەم، وەختێ زانی سەیمیران بەپەلە، بە پێپلیکانەکاندا هاتەخوارێ و ڕووی کردە ژوورەکەی ئەو، لە خۆشیاندا نەیدەزانی چبکا، کەوتە دڵەکوتە، خێرا چارشێونوێژی دەستەخوشکیدا بە سەریدا چووە حەسارێ، نێوچاوانی نەیهێنا و هیچکام لە منداڵەکان لە هەوێڵدا نەبوون، نە مەهدی، نە حەمەحسێن، نە کچێکی جیرانەکان. بیاننێرێ بایی شاییەک سەهۆڵی بۆ بێنن. بە تاڵۆکە دیسان چوو بۆلای ئەکرەمی جیرانی بە قوربانو سەدەقەی بوو، هەرچۆنێکبێ ئەم داوایەی بۆ جێبەجێ بکا، با مەحتەل نەبێ، بەخت ڕووی تێکرد و ئەمجارە باز بەسەر شانییەوە نیشت، هەستی بە تەختو بەختی شاهانە دەکرد. ئەم هەلە بۆی بوو بە ئیلهامێکی یەزدانی و سەفایدا بە دڵ و گیانی. وەختێ خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی لایەکی ڕوخساری لە بن هەوری چارشێو دەرخست و بە شەرمەوە سەلامی لێکرد. میران کۆتەکەی دانا و لەسەر بالیفەکە دانیشت، هەروەک پادشای دابڕاو لەسەر تەختی مەملەکەت، گەڕایەوە سەر سەڵتەنەت و پاڵی لێداوە و لاقی ڕاکێشا، بێئەوەی پێیدا بڕوانێ گوتی:

چۆڕێک ئاوی ساردم بۆ بێنە، هوما لەکوێیە؟ کێی وەبیر هاتۆتەوە گفتی پێدابێ؟

ئاسکە، جاری دڵی وەک گونی هەلاج هەڵدەبەزی، لە ژێر چارشێوەکەوە گوتی:

ناردم سەهۆڵ بێنن، سەبرێک بگرە ئێستا ئاوی سارد ئامادە دەبێ، ئاگام لێنەبوو هوما بۆکوێ چووە، جیرانەکەی (ئاغابوزرگ) کراسێکی پێدابوو بۆی بدوورێ، ڕەنگە تەواوی کردبێ بۆی بردبێتەوە، یان بۆ جێیەک چووە گۆشتەکەی هێناو دای بە خورشید. سەرپێی کرد بە نووکی

لاقییەوە و چارشێو بەسەر چووە کۆلانەکە، خورشید و خوشکەکەی دە دەقیقە پێشتر هاتبوو بۆلای، چوونە دەرێ.

سەیمیران گوتی:

هاتبوو بۆکن من بچم بۆلای عەلی ئوتوویەکی بە قەرز بۆ بکرم. ئەو ژنە، ئەگەر بییەوێ ئوتووکێشی بکا بەیانی بڕوات و ئێواریێ بێتەوە، چون بە منداڵەکانی ڕادەگا؟ بۆ گچەکەی چیکرد؟ (سەیمیران ڕاستبۆوە و چوارمشقی دانیشت.)

منداڵەکانی، جەواد ئەوە پینەچییە، دەمێنێتەوە حەمەحسێن، دەخوا و دەخەوێ، دەنا دەسووڕێتەوە کچە بەرمەمکانەکەشی، وەختێ زەڕی بەمێرد بدات، ئەوە دەیسپێری بە بیبی خوشکی، ئەمە قسەی خۆیان بوو، وەک بزانم، کچەکەی داناوە بۆ کوڕی بەگلەربەگی، پێیان ناخۆشبوو براکەی حسێن (مەبەستی برای مێردی ڕووبابە بوو، ئەم کچەش تازە مێردی کردبوو.) داوای کچەکەیانی کردبوو، خەبەری بۆ ناردبوون، زەڕی وەک ڕووبابە نییە مێرد بکا بە کارێزکەن.

سەیمیران بەم وتەیە تێکچوو ڕووی گرژ کرد. ئاسکە درێژەی بە قسەکانیدا:

نە لەلای خواریێ دادەنیشێ و نە لە سەرێش جێگای دەکەن. دەبێ چاوەڕوانبێ بزانێ ئاخرو ئۆخری چی بەسەر دێت، کچە لەوکاتەوە ڕووبابە مێردی کردووە ئاراوقارای لێهەڵگیراوە، ئەو ماڵەی لێبۆتە زیندان. دایمە لە بەردەرگای حەساریێ چەقیوە هەوای مێردکردن لە سەری داوە، باشبوو وەبیرم هاتەوە بەیانی لەگەڵ هوما چووین لە بازاڕ جلوبەرگی سەرپۆلمان (پیشاهەنگی) بۆ کڕی، پیاوێک هاتبووە بەردەرگا کاری بە تۆ بوو، وتی بۆ نایات پارەی برنجەکەمان بداتێ، لە کێی وەربگرین؟ کامە برنج مەشەدی؟

سەیمیران بە ژنەوتنی ئەم قسەیە سوور هەڵگەڕا، لەپڕ گوڕاندی:

بە قەبری بابی برنجسێن و برنجفرۆش! برنجی بە کێ داوە بچێ لەوی وەربگرێ. شکایەت دەکا بابیکا، با خەڵکی گەڕەک وابزانن بەم ئاخری پیرییە خەریکی کڵاوبەرداریم، دەمەوێ پارەی برنجەکەیان بخۆم! بۆ مەگەر من بوومەتە حاجیمیرزا حەمەهادی، هەررۆژەی کەسێک بێت و بەرۆکم بگرێ؟! کەسێکی دیکە مردووە، سەگ لە گۆڕیڕی!... ئەوان عەزایان بۆ داناوە و من دەبێ دەست بکەم بە گیرفانمدا؟! خوێڕییەپیاو، دوو خەڵوار و پەنجا مەن نان و حەفتا تمەن پارەی وەرگرتووە، ئەوە دوو مانگە خۆی لێگێل دەکا، نازانم، پووڵمان دەداتێ، یان گەنم، باوەڕ ناکەم دەستمان لە قڕانێک گیربێ! هێشتا بە ئەمەش نەوەستاوە، چووە بە نێوی منەوە لە ڕەزازەکانی بازاڕ

چلمەن برنجی سەدری وەرگرتووە گوایە دەیانداتێ، ئێستاش کە خاوەنمەتڵەب دەستی لە هیچ گیر نابێ، هاتووە بەرۆکی من دەگرێ.

دەیجا دەست، دەست دەناسێ، بچێ لەوی وەربگرێ، زۆر سەیرە، مەگەر هەر ئەوان نەبوون، دەیانگوت ساڵی ئەوەندە برنج دادەچێنن ئەوەندە داهاتیان هەیە، خالیسە بەدووای ڕەشت و گێڵاندا دووەمە بۆ کێڵانی برنج لە ئێراندا؟! ئەی ئەوەچۆنە حەوەجێیان کەوتۆتە شاری؟ کاری ئەم دنیایە چۆنە؟ لە ڕۆژی پرسە و سەرەخۆشیدا خەریکی گوێیپڕوچقێنەن! لێرەش خەریکی چاوبەستی و کڵاوسازین، ئەو خەڵکە چەندە گوێبڕن،ماڵی خەڵک وەک گەزۆ و مازوو دەخۆن!!

سەیمیران گوتی:

دەوڵەت، ئەمساڵ داچاندنی برنجی قەدەغە کردووە، مەگەر لە شوێنە تایبەتەکان. بەڵام زیرەکی و تەڵەکەبازی ئەم تاقمو دەستەیە هەر کاری ئەمڕۆکەیان نییە، بەڵێ بەڵێ!!

ئاسکە بەدەم گوێگرتنەوە، بە ژوورەکەدا هات و وڵاتی هەڵوەژێرا، لە بەرهەیوانەکەوە سەهۆڵی وەرگرت و بە خۆشی خۆشییەکی زۆرەوە لە کاسەیەکی چینیدا سەهۆڵاوی گرتەوە و هێنای بۆ سەیمیران، چاو و لێوی پڕ بوو لە بزە و پەرێشانی، سەیمیران ئاوەکەی خواردەوە و ئۆخەیەک بە زاریدا هات و دەفرەکەیدایە دەست ئاسکە:

ئەوانە بوونەتە شەریک و برابەشم: بە لووڕ بدەی پیوازێ، دووان دووانت لێدەخوازێ.

هوما گوتی:

لەوە مەترسێ، بلێ خۆیان بە خاوەنماڵ دەزانن. ئەبەمە دەڵێن سەیر، دوای پێنج ساڵ تازە خەریکە خەبەرت دەبێتەوە؟ پێنج ساڵی ڕەبەقە ئەم ماڵە بۆتە کاروانسەرای خانبابا و ماڵە باپیرەی براخاس، حەوتەیەک حەوت ڕۆژە ئەوان هەشت ڕۆژی لێرە دەخۆن و دەخەون. هەر ئەوەندەی یەکێک لە چۆخە سپی تووکی سەری بوەرێ یان ددانی کیس بکا، یان هەوای شار لە سەریان بدا، وەکئەوەی ئێرە کاروانسەرای شاهەباس بێ، لەگەڵ تاوکەوتنی بەیانی لێرە حازرن. نەکا تۆ میوانخانەت بۆ داناون. خێرا دەڵێن بگرەو هاتم. خۆ ئەگەر هاتیشن، یەک و دووان نین، وەک مێرو خێزەرە دەبەستن. وەک بڵێی یەک و دووان شەرم دەیانگرێ، هەر دەڵێی عەرەبی دەشتەکین، یان خاستر بێژم دەڵێی کوللەن بە دەغڵ و دان وەربوون. تۆ قەت ئاگات لێیە، وەختێ ڕۆیشتن و دوایان بڕا، ڕۆژی خودا لەم ماڵە دەبڕن خۆڵی دەخەن و گەسکی لێدەدەن. یەکێ کووڕە پوورە، ئەویتر کچەپوورە، یەکێ ژن تەڵاق دەدا، دانەیەک مەشموولە، فڵانی نەخۆشە و فیسارەکەس پەرەستارە،

بۆتە ماڵی میرانپاشا، هەر یەک دێت و یەک دەڕوا، ئاخە بەسە، (کشە، کشە پۆپە ڕەشە، میوان ڕۆژێک و دووان خۆشە) تەنانەت ئاقڵیان بەوەندە ناشکێ دۆدانە دۆیەک، دوو سەلک پەنیر، دوو گونتک ترخێنە، بە دەستەوە بگرن و بیهێنن، خیگەرۆن و گەنم و ساوەریان، مامر و قەلیان بەشی خانە وگەندو گووشیان دێنن لێرە هەڵدەڕێژن. لە بیرم نەبوو، خوایە تۆبە، نازانم زستانی پار چۆنبوو من و هوما هاوخەرج بووین، براخاس خیگەیەکی ڕۆن لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەتا لێسی نەدا نەڕۆیشتەوە.

وەڵڵا تەواوم کرد! لە بێخەبەران کەشکەک سڵاوات، بابەتی ئەو ڕۆنە یازدە تمەن و نیوی پارە لێوەرگرتم. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ بابی هەردووکیان پێمقەرزدارن، قەول وابوو گەنمم بۆ بێنن. ئەوە هەر دەیهێنن. نازانم چۆن لە ڕووی هەڵات پارەی ڕۆنەکەی لە دەستم وەربگرێ.

ئاسکە بە سەرسووڕمانەوە پەنجەی خۆی گەزی:

مەشەدی! مەشەدی! بەڕاستی شتیوای کرد؟ پووڵی ڕۆنەکەی لێوەرگرتی، براخاس لە تۆی وەرگرت؟ پیاو هەر باوەڕ ناکا، ئەوان بە تۆ قەرزدارن؟ چەندوەختە؟ زۆرە؟ ئەم دوو برایە کڵاویان لە سەری تۆش نا؟ من هەر باوەڕ ناکەم!

نا، تۆ خوا باوەڕ بکە! ها، بە قەولی خۆیان ئەوە کاغەز و شاهید.

سەیمیران بە دڵپڕییەوە لە کاتێدا دەستی دەلەرزی، لە کیفەکەی باخەڵی، دوو کوت نووسراوەی هێنادەرێ، لە بەردەمی ڕایگرتن و بە دوو چاوی کەمسۆماوە تێیان ڕاما:

ئەوە دوو ساڵە ئەو دوو برایە، سەتو پەنجا تمەن پارەیان لە من قەرز کردووە، قەول وابوو وەختی خەرمان بمدەنەوە، ئەوەیان شوێنی قامکی پان بۆتەوە، ئەوە براخاسە، دەبێ دوو خەڵوار گەنمم بداتێ، ئەمەشیان هی کوێرەی برایەتی بڕیارە خەرواریکم بۆ بێنێ.

دەی دەڵێنچی، بۆ نایدەنەوە؟

چیدەڵێن، نیانە، دەوەرە لەم ژوورە چەوەندەرێک هەڵکەنە! نایخۆین، نایدەینەوە حاشاش ناکەین. ئەمە فەرمایشتی ئەوانە! (قەبزو کاغەزی نووشتاندەوە و نایە توێی کیفەکەی و خستییەوە باخەڵی) مەگەر خەونیان پێوەببینم، ئەو ڕۆژەی بە ئەستۆی شکاوم ئەم پارەیەم کردە مستیان نەمدەزانی ئەوانە ئەوەندە خوێڕی و دەستبڕن. گوتیان تۆومان نییە، خان. تەقاوی پێنەداوین، هەر نامانداتێ، زەوی و زاری لێسەندووین. لەم کڵاوسازی و خاپاندنانە. بریا وەک قەرزدارەکانیتر

خۆیان وەشاردایە و بەم دەرک و بانەدا نەهاتبایەن، هەموو ڕۆژێ نەبووبایەن بە سێبەری پێشچاوم.

ئاسکە، زۆری پێناخۆش بوو سەری ڕاوەشاند:

حەیحەی! جارێ لەکوێتە! ئەوانە تۆ نازانی چین، نانەکەشت دەخۆن و ناندێنیشت دەبڕن، هەتا تۆ ئەو گوڵەجەرگەیەت لە باخەڵدا بێ ئەوە حاڵتە و لەوە خراپتریشت بەسەر دێ! هەی ئافەرین بۆ ئەو مێردەی من کردەی تۆیە و بردەی خانبابا و براخاس. ئەوەبوو زیرەکی تۆ؟ پاساریت بە کۆتر دەگۆڕییەوە! ئاواتلێهات؟ ئێمە کە ڕەچەڵەک و بنەچەکمان کوردە و کوردیش بووە، قەت تەماحت لە ماڵی کەس نەکردووە، هەر ماڵی کورد بووە چووە بەتاڵان، نازانم ئەوانە بۆچی ئاوان؟ هۆی چییە؟

هۆیەکەی ڕوونە. ئەمە تەماحی بەشەرە، هەروەختێ زانی شوێنێک بۆسانەوە هەیە و کەس ناڵێ ئەمە خەتی ڕاست و ئەمەش چەپ، لاقی لێرادەکێشێ و ملدەنێ لە خواردنی.

ئەمنیش گفتت ئەدەمێ، تازە چاوت بەو حەفتا تمەنە پووڵە و دوو خەڵوارە نانەی خاڵۆکەرەم ناکەوێ! ئەگەر من تۆم ناسیبێ، پارەی ئەو برنجەشیان بۆ دەدی، خەمی بۆ مەخۆ، ئەم دنیایە بەشی خۆی شڕەخۆری هەیە. ئەوانە چاوبەستن خودا تۆیان بۆ ڕاوەستاوکا لە هیچیان کەم نییە! نان لە نێوچاوی خۆیان دەخۆن، لە هەرجێیەک ناوی تۆ بێنن بە قەتار شت دەبەنەوە، چییان دەستکەوێ بە خەزای دەزانن، ئەگەر ڕێگەی دەستییان هەبێ دزیش دەکەن. لێم مۆڕ مەبەوە، بەڵێ دزیش دەکەن. ئەگەر باوەڕم پێناکەی تاکوو بۆت ئاشکرا بکەم. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بزانە چیو چیمان دیارنییە؟ لە دەستاونگ و تەشتی مسەوە بگرە تا دەگا بە مقەست و کەوچک و شەنە. کەوشەکانی بارام شەوێ لە بەردەرگا بوو، بەیانی بە ئاوهات و بە نان خورا (ئاسکە فکری کردەوە سەیمیران بە ڕووخۆشییەوە لێیزیاد کرد.) فانیلەکەی هوماش هەروا.

بەڵێ تەنوورەکەی هوما بۆ لە بیرت نەماوە وەختێ جلەکانی خاتووسەفییە بەسەر تەنافەکەوە غەیب بوون. براخاس و نەفەرێکی گوندەکەیان ئەوشەوە لێرەبوون نانی بەیانیان نەخوارد بۆیدەرچوون؟ تەنوورەکەی هوما لەگەڵ جلەکانی بەسەر تەناقەکەوە بوو، کەسێک نیوەشەو هەستێ و ژەم بدا بە چاراواکانی ئیتر چ تۆفیر دەکا دەستێک بە ماڵەکەدا بێنێ و نەیهێنێ؟ ئەوەی وەبەر دەستیبێ هەڵیدەگرێ، ئەوجاریش، بۆ تۆ پێتوایە چونکە بە ماڵی خوشکیانی دەزانن دەست بۆ هیچ نابەن؟ مەگەر تۆ نەتوت، هەر ئەو بەهارەی چووی بۆ چۆخەسپی چوار ڕۆژ لەوێ مایەوە، گەزلکە ون بووەکەی خۆمانت بە دەست زەڕی ژنی براخاسەوە نەدیبوو؟ مەگەر تۆ نەتبیستەوە،

نەتزانی، پاییزی ڕابردوو بە وردو درشتەوە خاڵۆکەرەم دەستی ژن و منداڵی گرت و هاتن بۆ شار، هوما بۆچی لەگەڵ تاووس خێزانی خاڵۆکەرەم شەڕیان کرد؟ ئۆی، پیاوەکە ئاگات لەچییە، شار ئاو ببیا تۆ خەبەرت نابێتەوە. عەلی ماڵخۆر، کە باسی دەکەن ئەوە ئەوانن. ئیتر ئەوەندەی هاتوونەتە شار ئەمە کاریان بووە، ئەوەی بە ئەمانەتیش وەریانگرتووە خواردوویانە و نەیانداوەتەوە، جامی مس بە سەمەنووەوە بردیان و نەیانهێناوە، چەندجار بە براکەیم وت ئەوە هەر بۆمان دەهێنێتەوە، بالیفە و چارشێونوێن. لە نەخۆشیانەوە پێچا هەر نەیانهێناوە، هی خوشمان نەبوو، باخەوانەکانی سەراو لێرە جێیان هێشتبوو.

سەیمیران پەڕییە نێو قسەکانی:

قەپانە چکۆلەکەی دووکان، باش‌بوو، وەبیرم هاتەوە ئەی چەترە زستانییەکەی من لەکوێیە؟ ماوەیەکە نایبینم، لە هومام پرسی گوتی: نازانم، دەبێ لەو دەوروبەرە بێ.

ئاسکە، بەتەمابوو باسی نێرگەلە سەرزێوینەکە و قاوەجۆش و ئەو کەل‌وپەلانە بکا، کە بۆ سەرەخۆشی عەزیز بردبوویان بۆ دێ، تا هەنووکەش نەیانهێنابوونەوە، بزانێ مەشەدی خەبەری ئەوانەی هەیە، لە بیر چۆوە، بە ترس و نیگەرانییەوە گوتی:

چەتری زستانی؟ ئەو دایمە لە ژوورە چکۆلەکە بە گوڵمێخەکەدا کرابوو. وەک بزانم بەینێک بوو لە پشت سندووقەکەی هوما کەوتبوو، چەندجارێک چووم جلەکانی بۆ بشۆرم لەوێ چاوم پێیکەوت. ئیتر نازانم لەکوێیە و خەبەرم نییە. قەت کارم پێی‌نەبوو.

ئاسکە ئەمەی گوت و بە نۆعێک سەرشێتییەوە کە ترس و لەرزی پێوەدیار بوو، هەستا و خۆی گەیاندە ژووری پێنج‌دەری، سەرێکی کێشایە ژوورە چکۆلە ئاڵقەڕێزی هەڵپێکرابوو، ئەوێ پڕبوو لە کەل‌وپەلی وردو درشت، پرژوبڵاو، بەڵام چونکە مێزو کورسیلەکان مێردەکەی هەر ئەو حەوتەیە بە ئەمانەت دابووی بە قاوەچییەک بە چاوگێڕانێک زانی چەتر لەوێ نییە. ئاسکە، هەرچەندە هەمارەکە بە دەست خۆیەوە بوو، دڵنیابوو کە لەوێ نییە، دیسانیش سەرێکی لێ‌هەڵێنا، وادیاربوو چەترەکەش هەر بە دەدری ئەوانی‌دیکە چووە، مەگەر بەخێری خۆیان بیهێننەوە، وەختێ هاتەوە ژوورەکە، سەیمیران دیارنەبوو لەبەرچی نێوچاوانی تێکناوە، گوتی:

جارێ لێی‌بگەڕێ، ئاخری پەیدا دەبێ، لەوانەیە خۆم لە هەمباری گەنم و جۆی شارەداری یان جێیەکی دیکە دامنابێ و لە بیرم چووبێ، ڕەنگە چەور بووبێ و پشیلە نۆشی گیانی کردبێ! پیاڵەیەک

چاییم بدەرێ، سەرم ژان دەکا، ئەمڕۆ نانی نیوەڕۆم لە کەبابی، ماهیخان خواردووە، میوانی یەکێ لە نانەواکان بووم. نەختێک ترشیاتم خوارد حاڵم تێکچوو.

تۆکە ترشیاتت پێناکەوێ، بۆ پارێز ناکەی، میوانی کێبوویی؟

قولیخانی نانەوا، ئاشەوانەکان لەعنەتنامەیان دژ بەو واژۆ کردووە، لەمەولا باری بۆ نەبەن، حەساو ناخۆش و ڕەزیلە، حەقی ئەرک و زەحمەتیان ناداتێ، منیش لەبەرا پێم خۆشبوو تۆزێک زەحمەتی بدەن. ئەوەبوو هاتوو لێمپاڕایەوە و خۆیدا بەسەر دەست و پێمدا، قورئانی لە باخەڵی هێنادەرێ و سوێندیدام بە گیانی بارام و بیژەن. چووم پێکمهێنان و بارەکانیان بۆ بار کرد. ئەمڕۆ نیوەڕۆ بە تکاو پاڕانەوە من و میرزانەبی و ڕەزاخان کارشیرین، یەک دوو کەس لە ئاشەوانان و باربەرەکانیان میوانی ئەو بووین.

ئاسکە، دڵ و چاوی دارماڵ لە شادی و خوشی، خۆی گەیاندە سەماوەرەکە، لەبزو لەحنی مێردەکەی هەڵم و بەرامەی خۆشەویستی و دڵگەرمی پێوەبوو. سەماوەرە گەورەی بە مۆری قەفقازییەوە لە پشت پەردە هێنایەدەرێ، زریوە و وریشەی ئاوی لە چاو دەسەند لەبەر هەیوانێ پڕی کرد لە ئاو، ڕەژی بۆ گەشاندەوە، وەختێ هاتەوە ژووری گوتی:

منداڵەکانیش بەبێ چایی چوون بۆ قوتابخانە، ئیمتیحان و تاقیکاری خەریکە دەست پێدەکا، خەو و خۆراکیان لێهەڵگیراوە، گلارەی بەستەزمان بۆتە کلکەتەشی، قەولیداوە، ئەمساڵ قەبووڵ ببێ و سەرکەوتن بەدەست بێنێ حەوت مۆم لە سەقاخانە داگیرسێنێ. منیش نەزرم ئومولنەبیم کردووە بۆ قەبووڵ بوونەکەی مێوژ و گوێزی موشکلگوشا، (بەلابەدوور)ی بۆ ببەخشمەوە، منداڵەکان هۆش و گۆشێکی باشیان هەیە، بەڵام بەڕاستی تاقیکاری فرە زەحمەتە، ئێستا وردەوردە بەرەو ماڵ دەبنەوە، ئەو سەماوەرە مسوارەش کە دیتووتە حەوتەی ڕابردوو لەگەڵ هوما چووین لە بازاڕ بۆ گلارەمان کڕیوە، دەبێ لەلای تۆ دەنگی کردبێ، خاوەن دووکانی سمساری تۆی دەناسی، ڕاست یان درۆ تمەنێکی پێبەخشین. سەماوەری چاکە، کچەکەم خۆشیدەوێ. ڕەنگە خێرا نەیکوڵێنێ، بەڵام درەنگ سارد دەبێتەوە، دەزانی ئەمساڵ گلارە خوێندنی لە قوتابخانە تەواو دەبێ، گۆیا ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان قوتابخانەی ئەوان وەک دوا ناوەندی کوڕان دەکاتە دوازدە پۆلی، ئیتر ئەگەر بیکەن و نەیکەن ئەو نایەوێ لەوە زیاتر بخوێنێ ـ بەدەست خۆشی نییە نازانم با بزانین تۆ دەڵێیچی و چۆن دەبێ. مەبەست و قەستی دڵی ئاسکە، بە سەماوەرەکەدا ڕوون بوو بۆیە باسی کچەکەی هێنایەگۆڕێ بزانێ بابی چی دەڵێ، لە بەختی ئەوان ئەمڕۆ ڕێگەی هەڵە کردووە لەوەنەدەچوو

جارێکیتر ئەم هەلەی دەستبکەوێتەوە. ئێستا گلارە پێ دەنێتە حەڤدە سالییەوە بتەوێ و نەتەوێ کچۆڵەیەکی خوێنشیرین و شەرمێون، بەئەدەب و گوێڕادێر و ڕێکوپێک و ڕەوشتجوان و زەریف بوو، هەروەک دایمە دەرس و مەشق و قەڵەم و دەفتەری تەواو ئامادە و لە جێیخۆیدا بوو سەرو بسکی شانەکراو و نینۆخی خاوێن و لە بنەوە کرابوون. جلوبەرگی خاوێن. هەرچەندە ئەو لە منداڵەکانی دیکە گەورەتر بوو، بەڵام بەخیلی بە براکانی دەبرد. ئەگەر ئەم خووەشی، قەراروابوو هەر لەگەڵی بمێنێتەوە، لە بابەت ژنومێردایەتیدا بە قازانجی تەواو دەبوو، سەرەڕای ئەوەی لە گەڕەکدا بە کیژۆڵەیەکی ئاقڵدار و عاڵوسال ناوی دەرکردبوو، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کەس داوای نەکردبوو، ئاسکە،ش جارێ هیچ چاوەڕوان نەبوو، ئیتر وەک دەڵێن تازەباغیان وەبەر هاتبوو هەر لە کۆنەوە باو بووە، گوڵی جوان و بۆنخوش لە باخی بەنامییەوە دەستدەکەوێ، گوڵاوی باش لە گوڵی بۆنخۆش بەدەست دێ، کچیش کە وەختی مێردی هات ناکرێ لە ماڵێ زەوتی بکەی، ئێستا ئەوە تەمەنێکی باشی هەیە بۆ ماڵان، ئەگەر بیر و باوەڕی سەیمیران لە بەرچاو بگرین دەبوو کچ لە تەمەنی نۆ ساڵەدا بەمێرد بدرێ، ئێستا گلارە هەشت ساڵ بوو دەبوو لە ماڵی مێردبوایە و منداڵی پێرەوکەشی دەبوو! لەلایەکی دیکەشەوە کچە تاقانەی ئاسکە خوێندەوار، ژیر و چاوکراوە، لەگەڵ کچی دەروجیران هەرنەبێ کەمتاکورتێ فەرق و جیاوازی هەبوو، کەوابێ ڕێی دەکەوێ کوڕێکی خوێندەواری فامیدە داواکاری بێ، ئاسکە لە خودای دەویست چۆن شیاوە ئاوا بە مێردی بدات، هەرچەند لە دڵی خۆیدا دەیگوت، بەختی دایک جیازی کچە بەڵام داهاتوویەکی ڕوونی بۆ کچەکەی چاوەروان دەکرد. ئەگەرچی لە چەشنی ڕاهیبەکان تەرکی نەفس و ئارەزووی دنیایی کردبوو، بەڵام هیواداربوو عەولادەکەی لە ژیانی هاوسەریدا کەموکوڕی نەبینێ و پشتی چۆڵ نەبێ، هەروەختێ دەیزانی یان لە دەرگای ماڵێکەوە، یان دوورتر و لەوپەڕی شەقامەوە دەیبینی جیازی بووک دەبەن، هەروەک هەموو ژن و کچێک چارشێوی دەدا بە سەریدا، بە خۆشی خۆشییەوە دەچوو تەماشای دەکردن. بزانێ چەند تەبەق و خوانچەیان بەسەر سەرەوەیە و چیتێدایە! بەختی بووک خاسە یان خراو، ئەوکاتەی مێردی کرد، وەک جیازی تەنیا لێفە و دۆشەکێک و کاسەیەکی گەورە و کەمێک وردەشتی پێبوو، ئێستا لە دوای چەند ساڵ شارنشینی، بۆیدەرکەوتبوو ئەم شتانە بۆ کچ چەندە شیاوی پەسندە و تەنانەت لە ژیانی داهاتووی ئەودا گەلێک کارسازە، تا ئێستاش، ئەو دایکێکی هێڕو خەوڵی کەوتوو نەبووە، زانیویەتی لە بەینی دایک و فەرزەندیدا دەبێ چبکات و چنەکا، ئەوەندەی لە دەستی هاتبوو لە هەرشتەی شتێکی بۆ دانابوو، کە ئەمە هی گلارەیە، لەم شتگەلە، زۆریان لەلای

هوما پارێزرابوون. ئیتر چۆنی دەدانەوە ئەوە هەر بۆخۆی دەیزانی. جگە لەمانەش جاروبارە لە بازاڕ شتی بۆ کڕیبوو لە ماڵ دایبنابوو بەبێ ئەوەی «ئەو» پێبزانێ تەنانەت جلوبەرگ و حاجەتی حەمامیش بە ناوی گلارە و یەکەم منداڵی ئامادە کرابوو، بە گفتی نەنک و دایەگەورەکان ئەشێ کچ وەختێ دەچێتە ماڵی مێرد تا دەبێتە بیست ساڵ پێویستی بە هیچ کەل‌وپەلێک نەبێ، ئەویش بە خەیاڵی خۆی لە زۆر و لە کەم جیازی بۆ پێچابۆوە. بەڵام ئاخۆم ئەوانە دەکرا ناوی خوانچەیان لەسەر دانێن؟ گلارە شتی لەوە گرینگتری دەویست، سەی‌میران لەو سەری ئەم قسانەوە دەهاتەوە، وەختێ ئاسکە سەرێکی لە هەیوانەکە هەڵێنا، گوتی:

دەبێ زیاتر لە بیری ژیان و گوزەراندا بین. قەرارە خانبابا، لەبری قەرزەکەی بێت و لە دووکان کارمان بۆ بکا. بەڵام من دەڵێم دەستمایەی بەدەستەوە بێ و لەگەڵ براکەی لە ئاواییەکان و لە خالسە خەریکی وردەواڵە و ڕۆن و پەنیر و مووسێنی بێ. لە بەرەوە قەرزەکانیان بدەنەوە، ئاسکە هاتەوە ژووری:

چی، بەتەمای پارەیان پێبدەی، ئاڵوویری پێبکەن؟ تەواومان کرد! نانەکەیان جوان هێناوە نۆرەی ناندێنەکەیە، تۆ لەلایەک هاوار و سکاڵاتە لەدەست ئەم قەرزکوێرانە، لەلایەکی‌دیکەوە دەستمایەیان پێدەدەی؟ هەر بۆیە دەڵێن دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵەشێ، چاویان جوانە ئەم کارە دەکەی؟ دەستمایەکەشت دەخۆن و دەستێک بە سمێڵیاندا دەهێنن ئەوان سەگ هەڵدەبڕن ئیمانی لێدەستێنن، ئەوەی لەبەریشیاندایە هی خۆیان نییە! نا، نا، مەشەدی ئەگەر هوما ئەم فکرەی بۆکردوویی شتی‌وا نەکەی دەستم بە داوێنت، بەسە، زەرەد لە نیوەی بگەڕێتەوە هێشتا هەر باشە.

سەی‌میران قنچکەیەکی بۆ کرد. سیغارێکی داگیرساند و بە زەردەخەندەیەکی شیرینەوە، سیلەی چاوێکی ئاراستە کرد و گوتی:

نەقڵی من وەک نەقڵی مەلاجەعفەری کەڵەشیرباز، وایە، زۆرجار کەربەلایی هەباس خوابیبەخشێ، باسی دەکرد. تۆش لەبیرتە.

ئەی بۆ لە بیرم نییە، مجێوری مزگەوت بوو، بەڵام قومارباز و زیرەک و سەری لە هەموو کاران دەخورا، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە خەریکی ڕاخستنی بەرماڵی مەلا دەبێ وەرەق و پەڕی گنجفە لە گیرفانی بەردەبێتەوە، بەپەلەپرووزێ هەڵیان‌دەگرێتەوە، هەر ئەو وەختەی دەیان‌خاتەوە گیرفانی دەڵێ: خوا ئەو کەسە بەلەعنەت بکا ئەم شتانەی داوە بە دەست منەوە.

سەی‌میران ماباقی نەقڵەکەی تەواو کرد:

مەلا دەڵێ ئەی ئەگەر دەزانی خراپە بۆچی فڕێیان نادەی؟ بۆ دەیانخەیتەوە گیرفانت؟

دەڵێ: لەبەرئەوەی زێدەڕۆیی و ئیسراف حەرامە. ـ بەڵام ئافرەت، وانییە، تۆ تاڵێک موو دەبینی و من هۆرپەیەک. سورێک لەم کارەدایە، من حەزم نەکردووە بە کەس بێژم. بەڵام ئیتر ئەگەر لەپاش بیست ساڵ تاڵی و خۆشی ئەزموون و ئیمتیحان لە تۆ دڵنیا نەبم، باوەڕ بە کێ بکەم؟ قەت وانەبووە لە گۆترە کارێک بکەم. دەزانی چەند مانگە کاک ناجەعفەر پێی بە شاردا نەهاتووە؟ وەختێ لە قەسری‌شیرینەوە دەگەڕێتەوە یەکراست دەڕواتەوە بۆ لادێ، پۆلیس و نۆبەدارانی مەرزی و گومرک، لێی زەنین دەبن. هەر بۆیەشە لەراستیدا من دەبێ، بە شێوەیەکی‌تر دەست‌بەکار بم، دەست‌بەکار بوونێک کە ئەگەر خانبابا و براخاس پیاوانە بێنەپێشێ و دەستم لەگەڵ بدەنێ ئەوا نانیان دەکەوێتە ڕۆنەوە و ئێمەش بە گەنجییەوە دەنێین. چارەوێ و یەک سمی باشیان بۆ دەکڕم کەمەکێک قەند و چایی و دەرزی و دەزوو و بنێشت و عەتر و سابوون. لەوانەیە، چەند گەزێک چیتی دایدڕەمردم، لەگەڵ بڕێک ئەو وردەشتانەی کە دێوەڕەیەک دەبێ پێی بێ. با بیبەن و بۆخویانی خورد بکەنەوە، هەروەک کەریم‌خانی زەند گوتی: با بۆخۆیان کار بکەن و بشخۆن. قەرز و قۆڵەکەش گیانیان سلامەت. بەڵام، ئەوەندەی دێنەوە بۆ شار، دوو سێ تۆپ پارچە لەگەڵ خۆیان بێننەوە. (ئاسکە خۆی لێ‌نزیک کردەوە، وەک ڕازدارێک گوێچکەی ڕاگرت.) ئەم کارە بۆ ئەوان مەترسی نییە و زۆریش ساکارە، کەم و زۆر دەتوانن سێ تۆپ پارچە لە نێو کورتانی یەکسمەکاندا وەشارن. ئاواش لە براخاسی حەپۆلە مەڕوانە، وەک مشک وایە هەمبانە دەبڕێ، کلکی لە ڕێوی کەمترە، تاقیم‌کردۆتەوە دەزانم چۆن کوڕێکە (ئاسکە بۆ سەلماندنی وتەکەی بە نەرمی چاوی لەسەریەک دانا) بەڵێ تا بڵێی زۆرزانە و وەک هەلووک وایە، لادێکان پێدەزانێ و ناسیاوی لەتەک هەمووواندا هەیە، کارەکەش لەوان دەکاڵێتەوە و جێگای شک و گومان نییە! بۆئەوەی کارەکە بە ڕێکو لەباری بچێتە پێشێ، و خۆشەبن، پاسەوان و مەئمووری بەردەروازە شکیان تێنەکەن پێویستە چەن‌کەڕەتێک بە خاڵی و دەست‌بەتاڵ بگەڕێنەوە بۆ شار.

ئاسکە بە ترس و دوودڵییەوە چاوی تێبڕیبوو، مەسەلەیەک لەگۆڕێدا بوو، نەدەبوو باسی بکرێ، بەڵام بۆ میران هیوایەکی گەورە بوو، یەکێک لە پاسەوانەکانی نواقل، لە دەروازەی ڕۆژاوای شار، جاران لە ئیدارەی ئاردو نان کاری دەکرد. لەگەڵ سەی‌میران نێوانی خۆش بوو، سەی‌میران وەختێ دەیزانی ژنی پێ‌نادەن، نەشی‌دەزانی هۆی چییە، وەختێ داوایان‌کرد، بە بزەیەکەوە ئاماژەی کرد و قامکی شادەی بۆ سووڕدا:

فکرم بۆ کردووە، ئەمڕۆ و سبەی گێرەوکێشە دەستپێدەکا، خەڵکی لادێ سەری ناپەڕژێ هاموشۆی شار و بازاڕ بکات، بۆ ئەو دوو برا برسی و تینووە کار لەوە باشتر دەستناکەوێ، لەهەر سەفەرێکدا ئەگەر هیچیان دەستنەکەوێ لەوە باشترە خەریکی فرۆشتنی پێستە و ڕیخۆڵە بن لە جەردەیی هەر باشترە، لە جووتیاری و وەرزێڕی حەساوەتر و داهاتیان زۆرترە، خۆ لاپێژی و دەوەکاریان پێنادەن، پێتوایە جوتبەندەن کشتو کاڵیان لەبەر با بێ و فکر و خەیاڵ هەڵیانبگرێ. وەک هەڵۆوان لە هەرجێیەک دووکەڵ هات، دەزانن ئاوەدانییە و مامر و جووجەڵەشی لێیە، من دەزانم ئەوان بە بیستنی ئەم هەواڵە، لە خۆشیان کڵاو حەوا دەدەن و دەیگرنەوە، بەڵام ئەم باوەحیزانە، بەڕاستی تەڵەیان ناوەتەوە، ئەم بەیانییە بۆئەوەی بوار تاقی بکەمەوە چوومە قاوەخانەی سابوونیگەل، ڕووبەڕووی نواقل، ئاگام لێبوو ئەو مەئموورە ناڕەسەنانە لەگەڵ ئەم خەڵکە چیدەکەن، وەختێ ئەم کوردە هەژارە بارێک گەنم بۆ شار دەهێنێ بیدا بە خورما و چایی و کەوش و پێڵاوی منداڵی لە گەڕانەوەدا: پارە و عەواریزیان لێدەستێنن. شارەداری تەنیا عەواریزی بۆ کەلوپەلی هاتنەژوورەوەی داناوە، بەڵام کێبەکێیە، کورد ئاگای لە یاسا نییە، گریمان ئاگاشی لێبێ دەنگی بەکوێ دەگا، کێ دادی کوردی پرسیوە؟!

ئاسکە لە تەنگەژەی خەیاڵدا گیری کردبوو، قسەکانی سەیمیران بە دڵی نەبوون. لێیپرسیی:

ئەی هوما دەڵێچی؟ بەمکارە ڕازییە؟

جارێ لەکن ئەو دەنگم نەکردووە، ویستم لە پێشدا قسە لەگەڵ تۆ بکەم، بزانم تۆ چی دەڵێی، ئەگەر ڕاستت دەوێ لەمەڕ کاری خۆمەوە لەلای ئەو باسی هیچ ناکەم، لەبەر ئەوەی نە ئەو، ئەم شتانەی بەلاوە گرینگە و نە منیش پێمخۆشە بە کاروباری من بزانێ، من و ئەو گفتمان بە یەکترداوە هەتا بۆمان بکرێ هەتا هەین یەکدی فریو بدەین و کارمان بە ڕاستییەکانی ژیان نەبێ، وەک پەلەوەران هەست پێنەکردن و گوێنەدانیش بۆخۆی دنیایەکی تایبەتی هەیە! بەڵام بەومەرجەی ژن و مێرد لە ماڵدا مشکی هەمبانەبڕ و مارەکەی شێخئۆمەر نەبن.

ئاسکە گوتی:

من دایمە لە بابەت تۆوە دڵم قەبزە، لەوە دەترسم بەرلەوەی تۆ ئەو هەڵفریوێنی، ئەو کڵاوت بنێتەسەر، مەحتەڵماوم، چیبڵێم، (پیاو دەبێ هیچوەخت ئەسلو ڕەسەنی خۆی لە بیر نەکا، مرۆی ڕاستەقینە وەختێ پشت دەکاتە نیشتمان و ڕەسەنی خۆی کە شەماڵ بوەستێ و ڕووبار ڕوو لە زەریا وەرگێڕێ.) هەرکارێک دەکەی هیوات بە خودابێ و قەڵای ژیانت لەسەر خۆڵەمێش هەڵمەچنە.

تۆ کە کەسپ و داهاتی خۆت هەیە بۆ خۆت تووشی ئەم کارانە دەکەی؟ سەرت نایەشێ بۆ دەیپێچی؟ ڕۆژی بەرێ کە چاوم کەوت بە کاک ناجافر لێی زەنین بووم. دایمە خەمێک لە دڵمدایە، لەوە پەرێشانم تووشی بەڵایەک بین، لە بیرتە وتم شەوێک ئەکرەم چی بە من گوت. ئەو ژنەتیوە زۆرزانە، شەو و ڕۆژ لەقسە دەگەڕێ، دەزانی ئەم خەڵکە چیدەکەن و چیدەخۆن، بە سڕی هەمووکەس دەزانێ، ئەم گشتە خاوو خێزانە لەم حەسارەدا دەژین دیارە بە سڕوتڕی یەکدی دەزانن، بەڵام خۆ ئەگەر نەتوانێ گوڵبێنەخن بێ، دەبا کوڵەوەژ نەبێ؟! قەوڵت ئەدەمێ، ئەگەر من وریا نەبوایەم، ئەم ژنە وەک گێژەڵووکە ئەمماڵەی هەڵدەگرت و دەیدا بە یەکدا. تا ئێستا حەوتزەمان بوو داری بەسەر بەردەوە نەهێشتبوو. ئەوەندە حەکەداری تامەزرۆییە شەوانە خەو لە چاوی ناکەوێ، لەوە دەترسم لەلای ئەموئەو باسی ئەم قسەیەی کردبێ. هەر بۆیە لێتدەپاڕێمەوە ئەم خێرەت نەوێ و بەم لایەدا مەڕۆ، بەخاتری منداڵەکانیشتبێ تۆزێک ڕوحم و دڵت هەبێ و چاومان لێخافڵ مەکە و دڵمان لێدامەبڕە، ماڵی دنیا دەبێ بەڵام خۆت نابییەوە، تۆ پیاوێکی بەوەجی ئاگات لە شوێن و پێگەی خۆت هەبێ، هەر ئەوەندە کەوتی تازە کەس دۆستت نییە و هەڵتناگرنەوە و ئەوەی بۆشت دەسووتێ ژن و منداڵەکانتە. مەشەدی ئەمکارانە بۆ ئێمە نەهاتووە، هەرکەسە و بۆ کارێک سازکراوە، ئێمەش ئەگەر بە بەشی خۆمان ڕازی بین و بە نانەواو نانفرۆشی ڕابگەین، خۆش بەڕێدەچین و لە هیچمان کەم نابێ، (پەلهاویشتن بەملا و ئەولادا پەلقرتاندنی لەشوێنە،) فکر و خەیاڵت ئاسوودە بێ باشترین سەروەت و سامانی دنیایە، دەوڵەمەندی ناتحەسێنێتەوە، بگرە دەتچەوسێنێتەوە، ئێستا بەشی خۆت هەیە شەو تا بەیانی بێخەم لێیدەخەوی، بەڵام ئەگەر سامانت زۆر بوو شەو تا بەیانی خەو ناچێتە چاوت. (خۆت ماندوو مەکە بۆ سەرەوت و سامان، هەوڵ بدە دۆستت زۆر بن.) برۆ هەروەک جاران نان بۆ قۆشەن بکەن و تێرو پڕ دانیشە.

میران نێوچاوانی تێکنا و قسەکەی پێبڕی:

باسی ئەمەیان هەرمەکە، خواجە حەمەعەلی مەختەی کردووە، تەواو بوو، ئەمجاریش قەول و قەراریان لەگەڵ نووسیوە و ئاردەکەشی پێنادەن؟ ئەوانە کڵاوی ئەحمەد لەسەر مەحموود دەکەن و گورپەی پێدەرەخسێنن. تۆ دەڵێی ئەمکارە بۆ ئێمە نەهاتووە. زۆرم پێسەیرە ئاوا بیر دەکەیتەوە، لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، لەم حەیامەیدا، لەو شارە گەورەیەدا، تۆ کەسێک ببینەوە خەریکی ئەمکارانە نەبێ، یەکێک نیشانی من بدە تەنیا لەسەر سفرەی دووکانەکەی خۆی نان بخوات، شوغڵ تەنیا جۆگەلەیەکە بۆ چاوبەستن، دەمامکە و گزی و فزی دەشارێتەوە بۆ دەستەو تاقمێک.

من پێموایە قیناتکردن بەم جۆگەلەیە، باشترە لەوەی ئینسان تووشی گیروگرفت و ئابڕووچوون ببێ، پێمبڵێ تۆ لە چیت کەمە، چ ئاتاج و موحتاجییەکت هەیە؟!

ئاتاج و موحتاج نیم، تۆ خەبەرت نییە، منێک وائێستا ڕووبەڕووی تۆ دانیشتووم هەر ئەم سەعاتە، حەوسەت و پەنجا تمەن پارەی ڕایجی ئێران قەرزدارم، ئەگەرکوو تۆزێک وردی حیساب بکەم سەربە هەزارەوە دەنێ، ڕۆژێ شەش تمەن خەرجی ماڵمە، داهاتی دووکان لە ڕۆژدا خۆی بکووژێ ناگاتە پێنج تمەن.

بەم وتەیە ئاسکە هەڵبەزییەوە، زۆری بەلاوە سەیر بوو. بە سەرسووڕمانەوە زریکاندی و گوتی:

سەیمیران!

ژنە، بەم هەواڵە هەردووچاوی دەرپەڕین! دەمی کردەوە و وەک مردوو بەبێ جووڵە مەحتەل مابوو میران دیسان درێژەیدا بە قسەکانی:

ئەگەر سەرت نەهێشێنم حەوسەتو پەنجا تەمەن دەبێ لە لایەکیترەوە ئەم کەندەڵانە پڕ بێتەوە. ئەگینا، منیش دەزانم سەری نەهێشاو لە پرێسکە نابەستن. تۆش ئەوەندە خۆتی پێوە ماندوو مەکە، خودا هەر خۆی کەریم و کارسازە. قەولت ئەدەمێ تاکوو ئاخری ئەم هاوینە هەمووشت بە کەیفی خۆمان بێ. ئێتر لەمەولا پێویست ناکا گلارەش بچێ بۆ قوتابخانە. خوێندن بەکاری ئەو نایەت، ئافرەت نەخوێندەواربێ باشە! بە فکری ژیانی خۆی بێ چاکترە، هەرشتەی لە وەختی خۆی بترازێ دەترشێ. ئەو شتەی کە باسم کرد، قسەی تۆیە کاری ئێمە نییە، بەڵام تۆ پێمبڵێ چیمان لە خەڵک کەمترە! ئەو کابرایە.

خوایە تۆبە،! حاجی برارم نەگوتبێ.

مەگەر هەر ئەو شڕەپۆشە نەبوو لە نزیک نانساجی خۆمان دووکانی گاوکاری هەبوو؟

ئاسکە لێیزیاد کرد:

ئێستا گەیوەتە جێیەک مڵکی شەشدانگ دەکا بە ناوی کچی سەمسامدیوانەوە، خودا زۆرتری بەسەردا بڕێژێ.

خودا قڕ لە ماڵی بخا، قەت کەسی نەمێنێ، وەک قڕی خستە ماڵ و حاڵی ئەم خەڵکە، زۆرباشە دەمویست ئەمە بێژم، لە کوێوە بەم جێگایە گەیشت؟ هەڵبەت پێشتر دەڵێم نەک ئێستا کە چل گوندی هەیە.

مامەڵەی تریاک، هەمووکەس ئەمە دەزانێ.

رەحمەت لەو شیرەی تۆ خواردووتە! مامەڵەی تریاک یەک بە سەتە، وەک تۆ دەڵێی هەمووکەس دەزانێ ئەوەی وەسەریەکی ناوە، تەواوی لە ڕێگای قاچاخ و ساختەچییەوە بەدەست هێناوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دەوڵەمەندتر دەبێ، ئەو دزەی وەبەردەست نەهاتووە پاشایە. ئەتۆ بە من بڵێ، وڵاتێک بەردی بناخەی لەسەر درۆ و ستەم و فڕوفێڵ و دەستدرێژی و داگیرکەری دامەزرابێ، هیچ شتێکی لە جێی خۆیدا نییە، درۆ و گەندەڵی و چەوسانەوە دەچێنێ و پشتیوانی لە بێویژدانی دەکا. نە شەرع دەناسێ و نە قانوون، بەرتیلخۆری و ناحەقی و پیلان و خاپینۆکی وەک کەچەڵی گەیوەتە سەر چاوو برۆیان. ڕاستی و دروستی ئەفسانەیە و هیچ مانایەکی نییە، وەک عەزیزی عەلیقەساب لەبری گۆشتی پەز، گۆشتی بزن بە مشتەری دەفرۆشێ. قاوەچییە و پارە لە (تامینات) وەردەگرێ بەڕێوەبەری قوتابخانە یان زافت و ئەفسەری قۆشەن و سپایە. شاگرد و سەربازەکان دەنێتە بەرکار و زەحمەت، گوڵکاری شارەداریە و تووی گوڵ دەفرۆشێتەوە، بازرگانە و تاکوو ئەوجییەی دەستی دەڕوات دەدزێ و دەپچڕێ و دەرفێنێ وەختێ کلکی وەبەر تەڵە کەوت داماوانە دەناڵێنێ. تاکوو زیاتر خەڵک بکڕووسێنێتەوە هەمووکەس بۆتە، تەشوێ و بۆلای خۆی دادەتاشێ، ئیتر خودا کەیفی خۆیەتی، لەو نێوەدا ئەوەی گەرەکیبێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ قەت دەستبەتاڵ ناگەڕێتەوە، یەکێ پیاوی دادگایە و ئەویتر دەلالی کورسی نوێنەرایەتی، مقامات دەوڵەتی خراپتر لە زەمانی ڕابردوو هەر بێنە بۆ خۆم بێیە، ناڵێم دەستپاکی و بەوێژدانی و ڕەوشتپاکی بە تەواوی لە ناخی ئەم خەڵکەدا بۆتە ئیکسیری مەزن. ئیتر هەرچۆنێکی دادەنێی داینێ، ڕەشەبا و سەبوونی ملهوڕی گوڵی زەرد و سوور و بۆنخۆشی ئەم باخ و بێستانەی سیس و ژاکاندووە، یانی هەڵیوەراندوون، ئەم دەسەلاتە وەک ملەی بێستانوایە دایمە خەریکی کردتاندنی ڕەگ و ڕیشەی جوانییەکانە. ئەمن دەزانم ئەمە چییە، ئەو وەیشوومەیە، ئەو ویژدان تۆپیوەکەی بۆ خەڵک بووە؟ هەمیشە دژ بە مرۆڤی ژیر و زانااساوە و قەمچی لە کاردا بووە، کێ دز و درۆزن بێ خۆشیدەوێ ئەوە کوندەبەبووە، دایمە باڵی بەسەر وێرانەدا شۆڕ کردۆتەوە، بەردی بەستۆتەوە و سەگی لە گیانی ئەم خەڵکە بەرداوە، هەروەک کەربەلایی هەباس دەیگوت، هەر لە کۆنەوە وابووە ژیر و جومێران بەسەر بێخێراندا سەردەکەون، لە بانترن. بەڵام دەبێ بزانین خاسان بە دەست زاڵمانەوە داماون. ئەوانە نعوزباللە، هەروەک عەلی لە کاتی خانەنشینیدا، یان دەبێ لە داخی گەندەڵی و هەڵپاچدا پاچی داموەدەسگای حکوومەتی خۆت بخۆیەوە و دەنگ نەکەی یان ئەوەی تۆش وەک

ئەوان بی، دەنا، ڕێگایەکیتریش هەیە، نەترسان و چوونە مەیدان. تۆ پێتخۆشە مێردەکەت مێشکی سیاسەتی هەبێ؟ ئەگەر ناتەوێ، باشوایە لەسەر قسەی خۆمان بڕۆین. تۆ دەڵێی نەترسی لەگۆڕێدایە و گیران و زیندان با پێتبڵێم، لەم وڵاتەدا هەر ترسی خۆمانە دەستی بەستووین، لەچی دەبێ بترسین، بە کامە نرخ و قیمەت ویژدان و شەرافەتمان لەتای تەرازوو بنێن؟ ئەمڕۆ کێ نانی حەڵاڵ دەخوات ئەوەی هەیەتی تەواوی بە گزیوفزی وەدەستی دەکەوێ. لە بنەڕەتەوە ژیان قومارە و دەستبڕین. هەروەک وتم، ئاغابرار، بۆ دوور بڕۆیین ـ هەر ئەو میرزانەبی گێژۆکە و بێدەسەڵاتەی خۆمان، تۆ لەم شارەدا لەوە ترسەنۆکترت پێشک دێ؟ جارێک لە خۆتت پرسیوە لە ماوەی دوو ساڵدا لەکوێ هێنای باغ و ئاشی ژێرکەمەری سەراوی کڕیوە؟ جەوهەر، کڕین و فرۆشتن قاچاخی جەوهەر!

بەڵێ، دەزانم ئەو ژنە قوڕبەسەرەی، هاجەر ئەوەندە لە پاشخانە و ژێرزەمیندا شەو و نیوەشەو خەریکی هاڕینی ئەو قوزەڵقوڕتە بوو لە دەستاونگدا، هەتا کوێر و کوتر بوو. سیل و سەرەتانی هەڵێنا، هێندەی تۆزی جەوهەر هەڵمژی، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگو ڕووی زەرد دەبێ و بووە بە قالۆر، ئەم تەماحکارەی مێردی بۆی گرینگ نییە دەژی یان دەمرێ! ئەگەر، پیاوی چاکە و ڕاستدەکا، پێیناوێ ساڵی دووجار غار بدا بۆ زیارەتی کەربەلا و مەشەد. یان باغی سەرێ و ئاشی خوارێ بکڕێ. بچێ چارەی دەردی ژنەکەی بکا، ئەوا سبەینێ مرد و زاروزێچی بێدایک بوون چیدەکا؟ وەڵامی خودا چۆن ئەداتەوە؟

سەیمیران، چرکەیەک بە تویڵی داهات و لۆچی خستە نێوچاوانی. دیاربوو، پێویستی بە پشوودان و حەسانەوەیەکی باش هەبوو، دوانیوەڕۆی هاوینان دایمە سەرخەوێکی دەشکاند. ئیتر وردە وردە بە هێمنی درێژەیاندا بە قسەکانیان. لە قسەکانیڕا وادەرکەوت سەیمیران قەولی سێ میتر پارچەی ئەتڵەسی دابوو بە ئەکرەم، بۆئەوەی لەکن هیچکەسێک قسە نەکات و زمانی نەگەڕێ.

ئاسکە بەم هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەوە لە کاری تازەی مێردەکەی کە هەستی پێدەکرد، هیچ لەوەنەدەچوو ڕازی بێ، ئیتر هەروەک ئەو باسی دەکرد دوورنەبوو تا ماوەیەکی کورت، وەکوو زۆر کەسیدی ئەوانیش بە گەنجییەوە بنێن. مێردەکەی قەولی دابوو باربووی کچەکەی بکا. ئەوە هیوایەکی باش بوو، بەڵام بە داخەوە نەیدەتوانی فکر و خەمی ئەو مەسەلەی قەرزداری مێردەکەی عەزابی دەدا، لە بیری نەدەچۆوە، ئەم هەروا ناسۆری دەکولاندەوە ئاخۆم ئەم دەستو دڵئاواڵایی و پێدادانەی سەیمیران بۆ چاوی جوانی هوما لە بەرچاوی نەبوو، خزم و کەس و تایەفەی دەهاتن لەسەر زگی ئەو دەیانخوارد

و دەخەوتن هەر بەمهۆیەوە نییە؟ ئەم هەورگەریە، هەر خۆشی قوڕی بۆ دەشێلا، هەر ڕۆژەی کە تاووسی مەستی سەیمیران لە بازاڕ دەهاتەوە و بە ئاستەم پێی لەسەر زەوی دادەنا، بەستەیەکی لە ژێر هەنگڵی دەنا، وەکئەوە وابوو گۆشتی بەدەنی ئاسکە بە گاز بپچڕن، جەرگی ژانی دەکردوو وەڕووی خۆی نەدەهێنا، یان ئەوکاتەی زارکی خیگەڕۆنی دەکردەوە تاکوو هەر مێشک دروست بکا، وایدەزانی بنی لە ئاودایە! ئاسکە باسی ئەم پووڵەی کرد وا لە سندووقی داهاتی هۆردوو دایناببوو، سەیمیران بە نەرمی دەستێکی بەرز کردەوە و گوتی:

حەی حەی! تۆ باسی کەی دەکەی؟! لە دووای چووان مەچۆ ئەوە هەر بە حەواوە قوت درا! نەتوت بەچی ئەم زێڕ و زەمبەرەم بۆ کڕیوە؟

بۆئەوە دەبوو لێرەدا خەمەکان وشکاوی هاتبێ؟ تۆ بڵێی ڕۆژێک سەیمیران لە خەوی قورسی پەنجا ساڵە ڕاستەوە بێ؟ ئەگەر بۆئەوە نەبوو وەخەبەر بێت. بۆچی ئاوا لەپڕ خۆی بەم ژوورەدا کرد؟ بۆ ئەو ڕۆژە لەلایەکیترەوە خۆر هەڵاتبوو وا ڕێگەی هەڵە کردبوو؟ بێژی ئەم گشتە نزاو ناڵینە کاری خۆی نەکردبێ و وەخەبەر نەهاتبێ؟ هەروەک دەڵێن تەنگانان بەریان کورتە، بڵێی ڕۆژی بەختی ئەویش وەدەر کەوتبێ؟ ئیتر هەوێ و هەوێساری نەمێنێ. شکایەتی ئەو لە مێشکی بچووک و دڵی گەورەی هوما حەدو میزانی نەبوو، بەڵام دەبوو دەرفەتێکی باشتری وەدەست بکەوێ، دانە دانە لە دڵی دەربێنێ، دەیگوت:

چەرخی خەیاتی پێکڕیوم، هەشتاو هەشت تمەن پارەم لەدەست بۆتەوە، ئێستا مەکینە وەک قورئان لە ماڵی موسایدا کەوتووە و لایەکی داگیر کردووە، دانەیەکی گۆڕەییەوە، ئەمە کڕەو خڕەی زۆرە، ئەمەشیان بە قەولی ئەو بەکار نایەت، ساف دەپسێنێ و پارچە کۆ دەکاتەوە، بەتەمایە بیفرۆشێتەوە. ئێوە کە پێنج کەسن لە ماڵدا زۆر شتتان پێویستە، ڕۆژی پازدە قڕانتان بۆ دادەنێم. بەڵام ئەو کە بە تاقیتەنیایە دوو تمەن بەشی ناکا، زۆرجار نیوڕۆ دێمەوە یان دەبێ بچم لە بازاڕ شت بکڕم، یان ئەوەی هەردووکمان برسی و توونی دانیشین. بەمکارەی حیسابی مێشکی کۆڵیوم. تۆ بە منداڵەکانتەوە خەریکی و ئەویش هەوای کووچە و کوڵان لە سەری دەدا و ئەوە بکڕە و ئەمە بستێنە، دەرویش هوی ئەڵڵایەتی و ئەم ژنە خۆشسەلیقەیە حۆی پووڵیەتی، نازانم چبکەم، لە گۆشتی کەروێشک و لە بۆتسی تانجی؟! خۆیشم نازانم بە چ زمانێک نەسیحەتی بکەم و دەرزی دادەم؟

ئاسکە، ئەوە یەکەمجار بوو هاوار و سکاڵای سەراوی دەبیست لە دەست نازدارەکەی، نەرمونیان گوێی بۆ شل کرد. با تەواو سفرەی دڵی بکاتەوە و کوڵی دڵی هەڵبرێژێ، وەختێ دیسان باسی عەزیزی جوانەمەرگ هاتەگۆڕێ و چوونی ئەوان بۆ چۆخەسپی، بێئەوەی لە قسە بگەڕێ و بزۆزی لە خۆی نیشان بدات ـ لە ڕاستیدا پێیوانەبوو، مێردەکەی خەبەری هەمووشتی نەبێ. باسی کراسی بێقۆڵی ئارەزووبزوێنی هوما هاتەگۆڕێ، هەرچەندە دوو مانگ بەسەر ئەم گوناهە بچووکەی هومادا تێپەڕیبوو سەیمیران، دڵ پڕ لە قین هەر خۆی دەخواردەوە، بەبێ ئەوەی شتێک بە ئاسکە بڵێ، لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا، دەبێ نەختێک هەستی بداتەوە، ئاسکە بە چزەچزدا وریا بۆوە چێشتەکەی لە ئاشپەزخانە هەڵچووە، لە بنلێوەوە بۆڵەی هات و قسەی بە هوما وت. دەستیدا کەوگیر و کەفی چێشتەکەی گرت، ئاوی وەسەر کێشا و گڕی ئاگرەکەی خەفە کرد و گەڕایەوە بۆ ژوورەکە، میران چۆن پاڵی بە بالیفەکەوە دابوو ئاوا خەوی لێکەوتبوو، وەک گوڵێک ئاوی دەبن بکرێ ئاسکە بەم دیمەنە بزە کەوتە سەرلێوی، هەر لەوکاتەدا سەیری ڕوخساری مێردەکەی دەکرد لە نێوان خەم و هیوادا، لێی تووڕە بوو، بە نووکی سەرپەنجەی وەک سێبەری فریشتەیەک ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکەی کرد. بەسەر سندووقەکەوە پۆپەشمینێکی خاوێنی قەتکراوی هەڵگرت، لێی نزیک بۆوە و بە ئەسپایی دایپۆشی. بۆئەوەی مێش و مەگەز هەڵینەستێنن. ئەویش ژانەسەری بوو، حەزی کرد لەم کاتوساتە واجارێ کە منداڵەکان نەهاتوونەتەوە بۆ چەند دەقیقەیەک سەربنێتە عەرزی، هەر لەم وەخت و سەعاتەدا مەهدی بەپەلە لەڕێوە هاتەوە و بە خێرایی خۆی گەیاندە سەرگۆزەی ئاوەکە و سەری پێوەنا، گوپی پڕ کرد و ئاوی کردە بن ئەو چڵە خورمایەی لە بن خشتی هەیوانەکە هاتبووە دەرێ. دایکی لەوکاتەدا خەریکبوو دووگمەی کۆتی مێردەکەی بە دەرزی و دەزوو توند دەکردەوە، مەهدی لەبەر دەرگای ژوورەکە قوت بۆوە، بۆئەوەی میران خەبەری نەبێتەوە، بە نیشانەی وسکوت، ئەموستی لەبەر لووتی ڕاگرت:

وست، بابت نووستووە!

نانمدەوێ!

وەرە بچۆ لە پشت پەردەکە، هەڵبگرە، دەنگ و هەرا مەکە! تاوێک نابێ نانی نیوەڕۆت خواردووە، ئاو دەخۆیەوە، نان دەخۆی؟! داکەوە!

قەند و چام بدەرێ!

ئاسکە بە مۆنەیەکەوە تێیڕاما، ئاوی وەسەر چادانەکە کێشا، چوو بۆلای تاقەکە قەندی بۆ بێنێ مەهدی قەندانەکەی لە دەست دایکی ڕفاند:

من بۆخۆم قەند هەڵدەگرم، تۆ دەتەوێ خاکە و چی وردە بیدەی بە من!

چاوی بە قەندانەکەدا گێڕا و دوو کڵۆی گەورە کە لە ڕاستیدا لەوانیکە گەورەتر بوو هەڵیگرتن و دانەیەکی دیکەش. ئاسکە چاوی بە سەریەوە بوو گوتی:

ئۆی چاوبەست! کەس بەزەیی بە ماڵی ئەو سەیدە بێچارەیەدا نایات و خۆشی لە هەمووکەس خراپتر! هەردوو کڵۆی تێدایە و تەواو بوو، ئەو بەردە چییە لە نێو مستتدا؟ ها؟ ڕاوەستە بابزانم بۆ کوێ دەچی؟ لەگەڵ تۆمە بۆ وەڵامم نادەیەوە؟ دیسان شەڕت کردووە؟

مەهدی لە بەرهەیوانەکە ڕاوەستا، بەم قسەیە تێکچوو، لووتی هەڵقرچاند و بزەیەک گرتی:

ئەمە تاجی پاشایە.

تاجی پاشا؟!

بەڵێ حەعفەر پاشایە و منیش دزم. تاجەکەی سەریم ڕفاندووە. پاسەوانەکان ڕاویاننوام.

وریابە دۆخینەکەت نەپسێ، نەتگرن!

ئاسکە لە دڵی خۆیدا پێکەنی، مەهدی هەڵدەهات و ئەمیش بە چاو کەوتە شوێنی لەبەر خۆیەوە گوتی: ئاخوندەگولە، کێیان نەکردووە بە دز!

مەهدی بە هەڵاتن بۆیدەرچوو، دایکی هەتا گەرووی داڵانە وەدوای کەوت:

نەتگوت، لەکوێ کایە دەکەن؟

لە داڵانەکەی ماڵی وێسب و ئەوان.

پێموتی، شەڕ نەکەی ها! لە بیرت نەچێ وتت چایی ناخۆی، قەندەکەشت هەڵگرتووە، سەماوەر و ئیستیکان کۆ بکەمەوە، نەیێی بقیژێنی و داوای چایی بکەی، بۆت هەڵناگرم.

دەنگی مەهدی لەوسەری کۆڵانەوە دەهات:

نا، نا، نایەم.

ئاسکە بەبێ ڕاوەستان خۆی کردەوە بە وەتاغەکەدا پێشئەوەی بگاتەوە ژووری شتێکی وەبیر هاتەوە، تا ئەمڕۆ ئەم دەرفەتەی بۆ نەهاتبووەپێش، ئەمەش تەلەسمەکانی ماسیتەڵا بوو، دەبوو بۆ لەناوبردنی سێحر و جادووی خەنیم، ئاوەکەی دەرخواردی میران بدات، وەختێ لە پەنا تاقەکەوە تێدەپەڕی ئەم هەڵەی قۆزیەوە و ڕوخساری ئاوێنەکەی سڕی، وەختێ گلارە لە دەرگای حەساری

وەژوور کەوت باوەشێک کتێبی ئەستوور و تەنکی بە دەستەوە بوو سەیری کرد دایکی سەرو ڕووخۆش لە ژێر سێبەری بەرهەیوانێ سەماوەری مسواری تێخستووە و خەریکی چایی دەمکردنە، پێیوابوو میوانیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی شەکەتی ڕێگابوو، خۆی ئامادەکرد سەلامێکی ماقووڵانە ئاراستەی دایکی بکا، بەڵام ڕوانینی دایکی، سەفایەکی دابوو بە دەموو چاوی، لێوی سوور و چاوی ڕەش، خاڵی لالێوی ڕەشتر، مزگێنی شتێکی دیکەی پێبوو، وادیاربوو بابی ئەوانی وەبیر هاتبۆوە کچە پێڵاوەکانی بابی لە بەرهەیوانەکە دیبوو، بە خۆشحاڵییەوە لەگەڵ ئەوەی باوەڕی نەدەکرد، لەسەر پێپلیکانەکان ملی بەرز کردەوە، بەڵێ هەڵەی نەکردبوو، ئەو لەوێ بوو، لەوسەری ژوورەکە ڕاکشابوو پرخەی خەوی دەهات، هەناسەی بە ئارامی پۆپەشمینی سپی دەبزواند. ئاسکە بە دەستی حاڵیکرد نەکا با تێر بخەوێ، گلارە بە ئارامی خۆی گەیاندە لای ئەو تاقەیەی پەڕتووک و کەلوپەلی خۆی تێدابوو، بە گوڵی دەستکردی کاغەزی ڕازاندبوویەوە. کتاوی مێژووی هەڵگرت و بەبێ ئەوەی مانتۆی ئۆرمەک لەبەر داکەنێ هاتەوە دەرێ، تینو تاوی ئەم شادی و خۆشییە ترس و دڵەکوتەی تاقیکاری لە بیر بردەوە، پەپوولەی دڵی ئارام ببۆوە، لە بەرهەیوانەکە خۆی دەئامێزی دایکی هاویشت، تاکوو نیگەرانی خۆی لە ئیمتیحانات کەمتر بکاتەوە. ئاسکە توند بە خۆیەوە کوشی، بە ڕامووسانێک وردە ئەسرینی بۆ سڕی:

خەفەت مەخۆ کچەکەم بە سەرکەوتنەوە لە تاقیکاری دێیەدەرێ و تەواو دەبی. دڵنیام بە نمرەی باشەوە دێیتەوە بۆ ماڵێ. هەر بەیانییت ماوە؟

بەڵێ تەنیا سبەینێ، تاقیکاری زەینی تەنیا، مێژوومان ماوە.

دەبڕۆ قەزات لە دایکت، بچۆ خۆت حازر و ئامادە بکە کچە باشەکەم. با چایەکە دەمبێنێ هەرات لێدەکەم.

گلارە، لە دایکی هەڵبڕا، تاکوو بچێ لە بەرهەیوانە فێنکەکەی ژووری ئەکرەم لەسەر پێپلیکانە خشتە سوورەکان، جیگایەکی ئارام و بەلاوە بوو، بێدەنگ دانیشێ و خەریکی دەورکردنەوە بێ خۆی بۆ تاقیکردنەوەی ئاخرین ڕۆژی ساڵ ئامادە بکا. نیگای ئاسکە، هەتا لە چاو نەیدیبوو هەنگاو بە هەنگاو، وەدوویی کەوت. گلارە منداڵەکەی ساڵان نەبوو، گەورەکچێکی تەواو بەشەرم و حەیا، بەژن زراڤ، کەلەکە باریک، قەڵافەتی تەواو ژنانە بوو، وەختێ توونـد بە خۆیەوە کوشیبوو لە ژێر مانتۆکەشەوە هەستی بە نەرمی شەمامەکانی سەر سنگی کردبوو کە لە دوورەوە دیاربوو کراسیان هەڵدابوو. لەبەرخۆیەوە گوتی:

تۆبڵێی وەختی نەهاتبێ؟ تاکەی دەنگ نەکەم.

دیسان دێوی خەم سێبەری خۆی نیشاندا. نەیدەزانی سەیمیران چۆن جیازی بۆ دادەنێ و بەچی دەیکڕێ. ئاخۆم هەر لەو کەلوپەلەی ماڵی خۆی بەشیدەدا؟ یان ئەوەی ئەگەر بە زەحمەتی نازانێ دەچێ بۆ بازاڕ، بە حەوتسەت و پەنجا، یان بە گفتی خۆی هەزار تمەن قەرز؟! ئاسکە ئەنگوست لە بانلێو چووە ژووری دڵی لە نێو خۆشی و ناخۆشیدا دەکەوت هەڵدەستایەوە، میران لە خەوێکی خۆش و ئارامدا بوو. ڕوخساری لە بن پۆپەشمینە سپییەوە دیاربوو زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی لەسەر نیشتبوو، ئاسکە باوەشێنە دەستکارەکەی کەربەلایی هەڵگرت، مێش و مەگەزی بۆ لاساری لە هەوێکەی خراپتر بوون ڕایدان و لە دیوەکە دەری کردن. لە تەنیشتی دانیشت و بە ئارامی ملینا لە باوەشێن کردنی. چرکەچرکی کاتژمێرەکە لەمدیوەدا مۆسیقایەکی نەرمونیان بوو، بۆن و بەرامەی گوڵە وەنەوشەی باخچەکە بە دەم سروەی ئێوارەوە لە ئامێزی حەساری‌را خۆی دەکرد بە وەتاغەکەدا، پەردەی ژوورسەری میران بە هەناسەی شنۆ لە قوڵی سۆباکەوە سەرەتاتکێی دەکرد وەک باڵی پەرپەرۆک جووڵەی دەهات، سەهۆڵی نێو دەفرەکە توایەوە و دەنگی هات، سەیمیران پێڵووی هەڵێنا، ئاسکە وەک کچی بەیان و کیژی خۆرەتاو زەردە لەسەر لێو، خونچەی لێوی کردەوە پیاڵەی چاوی دارماڵ بوو لە نیگایەکی پڕ لە تاسە و حەز و خۆشەویستی، گوتی:

سەعاتی خەو، چایی ئامادەیە، بیهێنم؟

دوو چاوی وەسمەکێشی ئەم خانەخوێیە تەژی بوو لە بە پیرەوەچوون و دڵۆڤانی، دەستەونەزەر ئامادەی خزمەت بوو، بەڵام هەرچەندە لەم هەوارەدا خەمباری کردبوو، خەو خێوەتی لێهەڵدابوو، سەیمیران بە نیشانەی ڕەزامەندی نێوچاوانی کرایەوە، بە ڕووخۆشییەوە سەری بۆ لەقاند. ئەم سەرخەوە بۆی بوو بە هەناسەی فریشتان و مەرهەمی دەرد و ئازاری و ژانەسەری لە کۆڵ کردەوە، ئاسوودە خۆی کێشاوە و هەتا پەنا ڕانی ئاسکە لاقی ڕاکێشا، دەستی ڕاستی بۆ هەڵێنا و باوەشی کردەوە و بە دەم باوێشکەوە دەستی لە داوێنی کراسەکەی گیر کرد و بە زمانی دایکی گوتی:

خۆت وەرە چاومەست.

چ وشە و ڕستەیەک دەتوانێ لەو کاتوساتەدا پەرسیڤی دڵی ئەم خاتوونە ئازارچەشتووە بداتەوە؟ ئەمە کامە پێنووسە ئەو توانایەی هەبێ لەو کاتەدا هەست و خۆشی ئەم دڵەڕەنجاوە خەت

به خەت و خاڵ به بێنێته سەر ڕووپەری قاقەزان؟ ئەم ڕستەیە، سەلایەک بوو بۆ له خەوهەستانەوەی تەمەنێک بێدەنگی و (رەستاخیز) و زیندووبوونەوە، به واتای ئەوین و گەڕانەوەی پەپوولەی شادی بۆ سەرچلووکی گوڵی بەختەوەری. ئەمه زیندووبوونەوەیەک بوو بەسەر دارەمەیتی مەرگەوە، ئەمه هەناسەی مەسیح بوو به ودمێکی یەزدانییەوە، به گاژەڵاکی سەری ئاسکەدا، سەمای زۆربای به دڵی پڕ له حەز و تاسەی دەکرد. وەختێ تیرۆژی ئەوین له ئاسۆ بترازێ لەمپەری خۆبەزلزانی و چاونەزێری و سەروەت و سامان دەپەڕێنێ و لاولاوی ئەشق و ئارەزوو به داوێنی شۆڕەتۆدا هەڵدەگێڕێ. ئەمه گڕی ئەوینه، هاتووه تاکوو به تینی بەسامی هەروەک سێمێلەSemele ئەو بسووتێنێ و بیکا به خۆڵەمێش. ئاسکەش هەر ئەمەی گەرەکبوو، لەو کاتەدا که باوەشێنەکه له دەستی کەوته خوارێ، ئاگا لەخۆبڕاوانه خۆیدا بەسەر سنگه تووکنەکەی مەشەدی میراندا، سەیمیران هەستا و چوارمشقی دانیشت، له کەلێن دەرگاکەوه وەک بازی تەوار بزر بوو چاوی به هەمووولایەکدا گێڕا کیژی خۆرەتاو جارێ پرچی زێڕکفتی وەکۆ نەکردبوو چەمۆڵەی له تەوێڵی دیوی شەو دەنا، له چەشنی کوڕه لاوی تامەزرۆی مێوینه دەستی ئاسکەی کێشا و لەسەر کۆشی خۆی دانا؛ هەرچەنده لەچاو جاران کەمەکێک گۆشتی دانابوو، دیسانیش ئەو له هوما قورس و پتەوتر بوو، لەش‌و لاری بەدەم تاویاوی ئەشقەوه نەرمه لەرزەیەکی دەکرد و بەختەوەری سێبەری دەخسته سەر تاوڵی ئازار و پەژارە، پۆلووی ژێر خۆڵەمێشکەوتووی حەزی به بای وادە گەشابۆوە، دڵه به ڕەحمەکەی ئاگردانی بڵێسه کووژرابوو، که ئێستا به گڕکانەوه سەری هەڵدابۆوە. وەک ئەوە وابوو له ئاسۆیەکی ڕووناکەوه پەیامبەرێکی مەزن سەرهەڵێنێ، پەرده له سەر نهێنییەکان هەڵداتەوە، قولێک بسک و نەرمه کاکۆڵی به جوانی پەڕی تاووسی مەست وەک ڕیحانەی دەمکەردووان نیشتبووه سەرکەوانی ئەبرۆیی و ئەگریجەی به سەرگۆنای گوڵڕەنگەوه به هەناسەیمیران کەروێشکەی دەکرد. پەپوولەی چاوی باڵی لێکنا، سیمای بوو به سپێدەی بەیان و بەدەم شەرمێکی نازدارانەوه له باوەشی ئارامیدا سووکنایی هات، لێو گێلاسی به تاسەی ڕامووسانەوه ئارەزووبزوێن و تینی هەوەس و مێرخوازی میر و باوەلێی به چاوتروکانێک دەسووتاند و دەیکرده خەڵووز. سەیمیران، لەو کاتەدا که به دەستێک کەلەکەی دەگرت تاکوو پڕ بەدڵ به خۆیەوه بکوشێ، بەو دەستەی دیکەی شلکەی ڕانی سپی و سۆڵی که له ژێر داوێنی کراسەوه دەرکەوتبوو هەڵدەگلۆفی و به ئارامی به گوێیدا چرپاند:

ئەمشە....و

ئاسکە بەبێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکا، ئەو وەشە حەیاتەی بیستووە بە ناز و غەمزەوە سەری هەڵتەکاند تاکوو خەرمانی ئەگریجە و پەرچەمی بەسەر لایەکدا بکەوێ. بە ڕوخساریدا مەعلووم بوو لە ئەمرونیای ئەودایە و بە غروور و نازەوە، ئیتر تا ئەوکاتە کە مانگی بەختی پەنای گرتبوو، هەستی بە ڕەوینەوەی کەشە هەوران دەکرد. خەم و پەژارە و ڕابردووی لە بیر بردەوە و هەردوو دەستی لە ئەستۆی میران هەڵپێکا و بوو بە جەژنی ڕامووسان و بێنە ماچ، هەناوی تینی تێگەڕاو ڕۆحی خۆزگەی بە جەستەی دەخواست، ئارەقەی لەشی سەی‌میران بۆنی ماستی تازەی دەدا، ئەمەش وای‌کردبوو سست و داهێزراو بێ و ببووە هۆی دنەدانی هەست و چێژی. بێژی ئەمە خەون و خەیاڵ نەبووبێ ئەمڕۆ بە پیرییەوە هاتبوو، یان وشیارییە و ڕاستەقینەیە؟ پیاوە خۆشەویستەکەی، هەروەک کەسێک بە بۆنەی کارەساتێکەوە بیرەوەری ڕابردوو بیر و زەینی لەدەست دابێ و لەپڕ و مۆجزئاسا هەموو شتەکان بێتەوە بیری. لە دوای پێنج ساڵ، پێنج ساڵی ڕەبەق چارەڕەشی و گوڵەمەرگی و چاوەڕوانی، ئەمڕۆ خۆی دۆزیبۆوە. ئەمە بازێکی ماڵی بوو، وەک ڕۆحێکی پەڕەوازە بوو تازە گەڕابۆوە بۆ سەرهێلانەی تەواری نەخشینی، تاکوو سەفا و خۆشی بگێڕێتەوە بۆ ئامێزی گەرمی ژیان، ژیان چەندە لە خەو و خەیاڵ نزیکە، ئەمیش بۆ ئاسکە خەو بە زیندانی هەتاهەتایی دەبینێ، لە خۆشترین چرکەساتدا ئەشێ بەندیوانی زاڵم بگاتێ و یان شریخەی گوللە لە پشتەوە بژنەوێ. سەی‌میران چاوی لە ڕووناکایی دەرێ بڕیبوو ئاگای لێبوو خانمە چکۆلەی هەروەک مامزێکی وێڵ و سرک هاتە سەرپلیکانەی ئاخری هەیوانەکە و دیسان گەڕایەوە. دەبێ کەسێک خەبەری پێدابێ یان چاوی بە پێڵاوەکانی سەی‌میران کەوتبێ لە بەردەرگای ژوورەکە. ئەو لەوێیە. بەبێ ئەملاو ئەولا، لە کاتێکدا چاوی بە ئەوان کەوت کە دەم لە نێو دەم و کوڵمەڕامووسان بوو. لە نێوانیاندا. ئاسکە بە دەنگی پێی هوما لەو چێژ و خۆشییە ترازا، وەختێ سەری وەرگێڕا و سەرنجی‌دا هوما لە حەرسارێ بوو. دەستێکی بە چارشێونوێژی واڵی لێمۆییەوە بوو، کە لەوکاتەدا لە سەری خزیبوو، هاتبووە سەرسمتی ڕاوەستابوو، ئەو دەستەی دیکەی بێکار شۆڕ ببۆوە، بەبێ ئەوەی لە شوێنێک بڕوانێ هەنگاوەکانی بۆلای ژوورەکەی خۆیان دەبرد. لە پشتەوە بە شێوەیەکی جوان پرچی قوت کردبۆوە و شانەیەکی زێڕکفتی هاوڕەنگی لە پرچی دابوو. ئاسکە بە ترس و دڵەکوتەوە لە مێردەکەی ڕاما، لەسەر کۆشی هەستا و بەپەلە گوتی:

با بچم چاییت بۆ بێنم.

به دوای قسەکەدا زۆری پێنەچوو چایی لە بەردەم دانا، سەیمیران، چای کولاتووی دیشلەمەی بە بۆنی حێلەوە خێرا هەڵقوڕاند بێئەوەی دەست بداتە کۆت و کڵاوی هەستا سەرپێ، ئاسکە بە دڵێکی لە خۆشیدابڕاو و دەستتێکەڵهاتنەوە گوتی:

هەر ئەو چاییە؟ دەزانم چاییت پێخۆشە، چیت پێخۆشە، بۆ شێو ئامادەی بکەم؟

میران بەپەلەپڕووزێ و نیگەرانییەوە بێئەوەی تەماشای بکا، لە وەڵامدا گوتی:

دەگەڕێمەوە.

لەگەڵ ئەوەی میران گەیشتە دیوە گەورەکە، هوما چارشێوی لە بەردەرگا فڕێدابوو خۆی گەیاندە سەر یەخدانەکە، کەوش و گۆرەوی و کراسی زرشکی خۆی هێنایە دەرێ، سەرقۆڵ و سینە و بەرۆکی بە تۆڕی سپی ڕازابۆوە، کراسە چیتەکەی بەری داکەند و لەولاوە داینا، چووە بەرامبەر ئاوێنەی سەرتاقەکە. وایشاندا لێی تووڕەیە خۆی بە قژگیرەکانی بسک و ئەگریجەیەوە خەریک کرد. چەند جارێک شانەی بە پرچیدا هێنا، لە کلو دەرمانی چاو و سەرگۆنای وردبۆوە هەروەک پشتی لە میران بوو، لە ئاوێنەکەوە سەیری کرد و سارد و بێنەشە گوتی:

ئا، چیبوو؟ بۆ بە مۆنەوە سەیرم دەکەی؟ لەوەدەچێ نەمناسی! دەمەوێ لیباس بگۆڕم بچم بۆ دەرێ.

میران بەبێ ڕووگرژکردن لێیپرسی:

لە دەرێ چیدەکەی، لە نیوەڕۆوە تا ئێستا لەکوێ بووی؟

دەتەوێ بڵێیچی، وابزانە لە ماڵی جیرانێک یان ئاشنایەک بووم؟

کامە جیران، کێهە ئاشنا، دەبێ من بزانم.

هەر ئەوەی ئێستا چاوەڕوانمە، دەچین بۆ پیاسەکردن. ڕێت ناکەوێ بە سەرمەوە ببی بە گزیر و پێمبڵێی ئەوە بکە و ئەوە مەکە!

هەرچی من دەڵێم، دەبێ وابکەی.

نایکەم!

هەر ئەمەیە گوتم.

هەرجوابیشت نییە، ئیتر بێدەنگبە!

ژن و مێرد چوون بەگژ یەکدا، هەریەکە و هەوڵیدەدا بانتر بگوڕێنێ، وەک شەڕی کەڵەشێر خێرا تەواو بوو، لە پێشدا سەیمیران کشا دواوە و چوو لە سەر کورسیلەکە دانیشت، دوایە بە

فکرێکی تازەو کوتوپڕەوە چووە بەردەمی وکراسی زرشکی لە دەست هوما ڕفاند و بە ڕقەوە گلۆلەی کرد، تاکوو چرچو لۆچ بێ:

من ئیزنت پێنادەم ئێرەوهۆوێ بچی تێدەگەی؟!

کێ لە ئەمرونیای تۆدایە، بچۆ ئیزن بەو بدە. بێنە کراسەکەم بدەوە.

هوما بە ڕەنگ بزرکاوی هەوڵیدا کراسەکەی لە چنگ دەربێنێ، نەیتوانی، وازی لێهێنا و خۆی گەیاندە سەریەخدانەکە.

مەیدە، چیمزۆرە کراس، ئەوەنا، دانەیەکیتر، یەکیدیکە، زۆر باشتر، تازە وەبیرم هاتەوە کە دەبێ بچم بۆ ماڵی سووسەنی هاوڕێم. جلوبەرگی ماقوولتر دەبەر دەکەم، باشتر دەبێ، ڕەنگی زرشکی لە من ناکاڵێتەوە لە ڕەنگم نایەت. بەڵام پێشئەوەی دەرگای سندووقەکە بکاتەوە سەیمیران بە هەموو کێش و وەزنی خۆیەوە تەپ لە سەری دانیشت. برۆی پان و تێکچڕژاوی هەڵدەتەکاند، حەزی لە ئاشتی بوو، هوما بە هەوڵ و خۆماندووکردنێکی ژنانەوە قۆڵی دەکێشا لەسەر دەرگای یەخدانەکە لایبەرێ، ماندووبوو، لەوبەرەوە پاڵی بە دیوارەکەوەدا و بەبێ ئەوەی واز بێنێ ملینا لە گۆڕینی گۆرەوییەکانی، سەیمیران بۆ ئەوەی سەربخاتە سەری و بە گاڵتە و جەفەنگ تەواوی بکا، چوو لە تەنیشتی دانیشت، بە زەردە خەندەوە دەستی کردە ملی، هوم، لە حۆری و پەری جوانتر، بە ئارەقچنی پاتیسی گوڵدارەوە، هەرچەندە تووڕەیی و ڕووگرژی لێنەدەکالایەوە خۆی ڕاپسکاند و چووە ئەوسەری ژوورەکە. نازکێشەکەی بە هێند نەگرت و بێمەیلی نیشاندا، دیسان سەیمیران خۆی لێنزیک کردەوە. ئەمجارە ڕێگەی هەڵاتنی بۆ نەمابۆوە، لەپڕ دەرگای وەتاغەکە سەرنجی ڕاکێشان، ئاسکە بە لاشیپانی دەرگاکەوە ڕاوەستابوو. بەم دەنگو هەرایەدا، وایزانیبوو سەرو کڵاویان تێکچووە و لێدان و پێدادان لەگۆڕێدایە! بەڵام بۆ حاڵی ئەو خۆش یان ناخۆش هەر چەلەحانێ بوو. ڕووی کردە میران و بە دڵەکوتەوە گوتی:

پیاوەکەگیان چاییەکەت ساردبۆوە! دێی لەوێ بیخۆیەوە یان بیهێنم بۆ ئێرە؟

سەیمیران ویستی بڵێ ناخۆم. بەڵام لێیگۆڕا و گوتی:

بیهێنە بۆ ئێرە، بۆ هوماش بێنە.

ئاسکە لەگەڵئەوەی پەرێشان و دڵتەنگ بوو خۆی نەگرت، سەیمیران، کە دەستی بە شانو قۆڵی سپی و نەرم وەک لۆکەی هومادا دەهێنا، درێژەیدا بە قسەکانی خۆی:

ئەی لە هومای من، هەر خۆی دەبینێ و هیچکەسی‌تر نا، هومای ناسکتر لە گوڵ، خۆشم‌دەوێی پڕ بە دڵ. چاوکەژاڵەکەم!

هوما بە قەڵسی توند دەستی لابرد:

خۆشت‌دەوێم و خۆشم نازانم، بەڵێ بە گیانی «بازە»! بەسە، بەس، چیدی بەم وردە فەرمایشتانەت، فریوم مەدە، ئەمڕۆ هەمووشت بۆ من ڕوون بۆوە.

مەزنان دەبەخشن خەتای بچووکان؟ تۆش دەبێ بە گەورەیی خۆت لێبووردنت هەبێ.

من تاوانی ئاوا بکەم تۆ لێم خۆش‌دەبی؟سەر هەڵبینە و چاو لە چاوم ببڕە، دوێنێ‌شەو لە بن‌گوێچکەمدا چیت دەگوت؟ یانی ئەوەبوو مانای ڕووڕاستی بەڕێزت؟ ئەگەر تۆ لەو دنیایەدا تەنیا و تەنیا دڵت بە من‌داوە، ئەی ئەوە چۆنە هەتا دەرفەتێکت دەست‌دەکەوێ لە منی دەستێنییەوە و دەیدەی بەو پیرێژنە؟! هەتا ئەمڕۆ مرۆڤم نەدیوە بە دڵێک و دوو سەرەوە!

دەستم لەگەڵ تێکەڵ نەکردبوو.

وایە، بەم هاوینە سەرمای ببوو، کۆڵنجت بۆ دەشکاند. بەخوا ئەگەر تۆ ژن بوایەی دەمزانی جێگات لەکوێیە.

سەی‌میران بە دوو چاوی خومار و لێو بە بزە و دڵدۆڕاویەوە گوتی:

جێی من لەکوێ دەبوو؟ مەبەستت جندەخانە و مێخانەیە، ئەی ئافرەم ژنی ئاقڵدار، هەر ئەوە مابوو پێم‌بڵێی. وابڵێ، لەوە خراپتریش بڵێ، حەقی خۆمە، هێندەم سەر لەبەر دانەواندی، تا فڕت سوار بوو.

هوما، وەک‌ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ یان بیبیستێ و خۆی لێ‌گێل بکا، لەبەرخۆیەوە مینگەمینگی بوو:

تازە دەزانم چ هەڵەیەکم کردووە، و چۆن ژیانی خۆم تەفرو توونا کردووە، ئێستا بۆم دەرکەوت، مێشکی ژنێک لە مێشکی پاسارییەک بچووکترە، هەربۆیە دێت و دەبێتە ژنی کابرایەکی وەک تۆ، ئەبەمە دەڵێن ژنی ساویلکە و نزمفام، من بەم هەموو جوانی و لەنجەو لارەوە وەختێ لە ماڵ دەچمە دەرێ و بە شەقام و کوڵاندا تێدەپەڕم، هەر گەنج و لاوە خۆی بەقوربان و سەدەقەم دەکات و چاوی پڕ دەکا لە خۆشەویستی و جوانی من. هەر ئەو لاو و جحێڵانەی کە مەیتی خۆمیان پێ‌هەڵناگرم. ـ وامدەزانی قڕیان هاتووە و پیاو تەواو بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاڵفامی خۆم. سێ مانگ نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم و پەلە نەکەم، بە نان و پیوازێک ڕازی بم و سەبر بکەم

تاکوو مێردێک پەیدا بکەم هەر نەبێ کەسێکی دیکەی لە ژیانیدا خۆشنەوێ و ببێ بە هاوژینم و لەگەڵ ئەشق و ویستی دڵم ڕێک بکەوێ. سەری دنیا لە پێش چاوم وێکهاتبۆوە، وامدەزانی شەشدەری بەختم گیراوە، هاتم و بە ڕۆژی ڕووناک خۆم خستە چاڵێک بە هەرلایەکدا دەڕوانم مار و دووپشکە، پێنج ساڵی تەواوە کوێر و پەژیوان دەستەوئەژنۆ سەیری توانەوەی مۆمی تەمەنی خۆم دەکەم. هەناسە هەڵدەکێشم بۆ عومری لەکیسچووم، بۆ داهاتووی تاریک و دۆڕاوم.

سەیمیران لەووەختەوە کراسی زرشکی بە دەستەوە بوو، لەولاوە داینا، لەبەرخۆیەوە گوتی:

ئێستاش هیچ نەبووە، بۆ لە بیرت چۆتەوە ئەویش هاوژینی منە؟

منیش هەر ئەوە دەڵێم، قسەکەی تۆ تەواو ڕاستە، ئەو ژنی ڕاستەقینەی تۆیە، هاوژینی ئەوەڵ و ئاخرتە ئەوە منم لەو نێوەدا تێدادەچم، بە هیچ و خۆڕایی خۆم بۆ تۆ خەلاس کرد.

میران، هەمیەتی وێنەدا و درێژەیدا بە قسەکەی خۆی:

دوای ئەم چەند ساڵ و مانگە، پێمهەڵکەوت و تاوێک چوومە ژوورەکەی، بۆ ئەوەندە بەخیل و بەرچاو تەنگی بۆ ئەوەندە هیچو پووچی، چاوت بەرایی نادا مەرحەبایی بکەم، خەمت نەبێ کەس بەشی کەس ناخوات. تێرنەخۆرەی بەرچاوتەنگ، بەخیل، زۆربڵە!

ئەمە یەکەمجار بوو هوما ئەم وشانەی لە دەم مێردەکەی دەبیست و ئەویش قسەیوای کردبوو. بەڵام فکر و ڕۆحی لە لایەکیترەوە دەستەملانی خەیاڵات بوو. ئەو ڕۆژەی دەهێنا بەرچاوی کە دوور یان نزیک دەبێ دەست لەم خۆشبەختییە بێکاکڵە بەر بدا کە هەروەک قارچک بە تەنیشتی دیواری ئەشکەوتەکانەوە ڕەگ و ڕیشەی نەبوو. ئاخۆم چ هۆیەک تا ئەم حەلە هومای لە ماڵی ئەم پیاوە ڕاگرتبوو؟ ڕەنگە ئەو ئەقڵ و بیرەی ئەو شانازی پێوە دەکرد و تەنیا شێتی بوو و هیچی دیکە. ئەو پیاوە لە ئەشقی پیرانەی خۆی چەپکە گوڵێکی جوانی بەستبوو دابوویە دەست ئەو، لە کاتی هەڵمژینی بەرامەیدا بە هەڵمی هەوەسی سیس دەبوو هەڵدەوەری و دەکەوتە سەرزەوی، سات و سەودای سووتاوی جوانێک بەسەر هەڵدێری هەڵەمووتەوە، بە هیوای هەڵدانەوەی شینکەی ژیان و سووتاندنی تەمەن و ژیانی تازەلاوێک. بێجگە لەو ئەوینە ڕزیو و هەڵوەریوە کە هەروەک زارۆیەکی سەیر و سەمەرە تەنیا بۆ ئەمە ئەژیا کە لە شووشەی ئەلکۆڵدا هەڵیبگرێ. بێدڵدار و نازکێش هیوا و هومێدی بە چی هەبێ؟ حەزو ئارزووەکان، خۆویستی و کەللە ڕەقی و لە گشتیان بانتر، جەوهەر و هەوێنی ژیانی مەحتەل بۆ کوڕە لاوێک، لە دەروونی ئەودا هەروەک ڕمۆزنە و دێوگەلی زەبەلاح لە دەفرێکی بچووکدا زیندانی کرابوو. تەواوی ئەوانە بە زەردەخەندەی بێڕیای

کۆرپەیەک نەدەژیا. گومان لەوەدا نەبوو، ئەم پیاوە زۆرتر لە زۆر ویستی ئەوی بەجێ هێنابوو. بە تەواوی کەیف و گوزەران و ڕابواردنی گەشت و سەیران و بێنەو بەرەوە، کە فەقیر و دەوڵەمەند، لە خوار و لە ژوور ئێرەییان پێدەبرد و خۆزگەیان بەم بەخت و نێوچاوەی دەخواست، بەڵام ئاخری چی، هەر ئەو مرۆڤە بێکەس و داماوەی پەنجا ساڵ لەوەپێش بوو. بەڵام لە ڕاستیدا بە چاوخوردکردنەوە و بە خۆداچوونەوە وەک پرسو ڕا لەتەک دۆستانی گیانیگیانیدا نەیدەتوانی لە نێو ئەم هەموو عاشق و ئارەزوومەندەدا، یان لەولای ئەوانیشەوە کەسێک هەڵبژێرێ، بۆ ڕۆژی پیری سەیوانی سەری بێ؟ چیدەبوو ئەم پیاوە هەروەکوو گزیر و پێشکاری پیر و پەککەوتەی دارایی یان بە وێنەی ئەلبورز بە هیوای ڕۆژی پازدە قڕان بوایە؟ هەرچۆنێک بوایە دیسان دوارۆژێکی ڕوونی لە بەردەم بوو، نانو دۆ بێ، بەس بۆخۆ بێ. ئەو بەختەوەری لەگەڵ ئەو پیاوەدا بە کلۆڵی دەزانی، بەڵام خۆی لەو کوڕەش گێل دەکرد. ئاخۆم ئەلبورز، سەرەڕای ئەوەی ئەو خۆشینەدەویست، بەو شانو باهۆو قەڵافەتەوە بەم چاوە شین و بزەی زارۆکانەوە شیاوی ئەو بەخت و بەشە نەبوو ڕۆژێک لەم کومەڵگایەدا، بە جێیەک بگات و سەرێکبێ لە نێو سەراندا؟ هەتا ئەو جێیەی خەبەری هەبوو ئەم هەتیوە شۆفیرە، دوو ساڵ لەمەوبەر لە شەریکەیەکی مسافیر و گواستنەوەدا کاری دەکرد و لەو شارە مابۆوە، لە شەوێکی جەژن و چراخانیدا وەختێ لەگەڵ کچەکەی خورشید چووبوون بۆ سەیر و تەماشاکردن. لە کاتی گەڕانەوەدا، لە گوڕەپانی شارەداری بەملاوە سێبەری ئەوی دیبوو کە هەنگاو بە هەنگاو بە شێوێنیەوە بوو. دوای ئەو مەسەلەیەی کە لە ماڵی گورانیبێژەکان هاتەپێشێ و چەند ساڵ تێپەڕی ئەوە یەکەمجار بوو لە بازاڕ چاوی پێیدەکەوت. هوما هەمیەتی پێنەدا و هەروەک نەیدیتبێ وابوو، ئەوە بەم جووڵە و ئەدایەی کە هەیبوو چاو نەرم و زەردەخەندەی بەختەوەری لەسەر لێو تەژی لە ئەوین و خۆشەویستی، بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە هیچ ژن و پیاو و تەنانەت شتێکیش، درێژەی دابوو بە ڕابوونی خۆی، لەوسەری کۆڵانی عەلیخانیلوڕ، زەڕەی لێی جوێ ببۆوە، بۆئەوەی بچێ لە نانەوایەکە نان بکرێ ـ پێشئەوەی لە ماڵ بێتە دەرێ، دایکی ڕایسپاردبوو. ئەلبورز ئەم هەلەی بە باش زانیبوو، بەپەلە خۆی لێنزیک کردبۆوە و لە پشتەوە بانگی کردبوو:

مرۆڤ کەم واهەیە سەبارەت بە بێوەفایی و خراپی خۆی دەرحەق بە ئەموئەو بیر بکاتەوە، ئاخۆم تۆ پێتوانییە، دەرحەق بە من تاوانبار بی؟ ئەگەر ئەو ڕۆژە دەمزانی بە دڵەوە منت دەوێ ئاوا سووک و هاسان دەستم لێهەڵنەدەگرتی. گڕی ئەشقت هێندە بە تین بوو وازم لێهێنای، جگە

لەوەش خۆم بە کەمتر لەوە دەزانی شیاوی ژیان و هاوجووتی تۆ بم. بەڵام ئەم چاوەڕوانییەم لە تۆ نەبوو تا ئەو ئەندازەیە بێمەیل و ساردوسڕ بی، هەرچەندە تۆ پشتت کردە شەرت و بەڵێنت، بەڵام تا مردن لە بیرت ناکەم. هەر بەخاتری تۆیە و لەبەر تۆ لەم شارەدا قەتیس ماوم. ئیتر ئێمەش خودایەکمان هەیە.

بریسکەی ناهومێدی و ڕستەگەلی ئەم دڵدارە دڵشکاوە ئەوەندە لە ناخەوە بوو بە یەکجاری هێز و وزەی لە هوما بڕی و شانی داتەپاند. تا گەییەوە بەردەرگا هێزی پێی کەم بۆوە وەک ئەوەی تەواوی تاوان و ئاکاری دزێوی لە ئاوێنەی باڵانوێندا هاتبێتەوە بەرچاوی بێحاڵ و دۆش داماو خۆی خزاندە ژوورەکەیەوە.

ئەم کۆڕە، جگە لەو چەپکە گوڵەی لە گوڵدانێکی حەسیریدا، وەختێ بەسەر تەختی نەخۆشخانەی ئەمریکاییەوە بوو بۆی ناردبوو، هەر لەو بەهارەشدا دیاریەکی دیکەی دابوو بە خانجان تاکوو ئەکرەم وەک بیرەوەرییەک بیداتە دەستی. کەمەرەیەکی ئاڵتوونی زۆر جوان. ئەو ئەقڵی خۆی وای نەهێنابوو، نەک هەر لە دەستی ئەم ژنەتیوەی وەرنەگرێ، بەڵکوو هەڕەشەی لێکردبوو ئەم شتانە بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە تاکوو لە خانجان و کابرای تایین لەلای خاوەنڕایان شکایەت بکا.

ئەم فکر و بیرۆکەیە بە پڕتاو بە مێشکی هومادا تێپەڕی و لە ناخەوە ئازاریدا. نەیدەزانی لەبەرچی سەرەڕای حەزو مەیلی خۆی دایمە فکری بۆ ئەم گەنجە کە هەر بیست و پێنج ساڵ تەمەنیەتی لە تاریکیدایە. هەروەک لە جێی خۆی دانیشتبوو دەم و لێوی بە دەستە سڕێک پاککردەوە، گرژ و مۆن وەکئەوەی لە ژیانی ئەم ماڵەدا ماند و جاڕز بووبێ گوتی:

وایە، وایە، من بەخیل و بەرچاو تەنگم. زۆربڵە و دڵتەنگم، تۆ چیمپێدەڵێی بیڵێ، جارێکیتر هەر لەم ژوورەدا بە تۆم وتووە، چاوم بەرایی نادا ئەم شتانە ببینم. ئەو هاوسەری شەرعی تۆیە، بۆخۆی کەم بوو سێبەریشی زیاد کرد، منداڵی لە تۆ هەیە. ئینسانە و مافی بە سەرتەوە هەیە، هەرچی تۆ دەیڵێی و هەرشتێ ئەو دەیەوێ باوابێ، بەڵام لەمە زیاتر هیچ شتێ ناچێتە نێو مێشکی منەوە، من نامەوێ هاوسەری من دوو شەریکە ژیانی هەبێ. من چیم لە ئەو لەچکە بەسەرانە کەمترە بۆ دەبێ ئاوام بەسەر بێ، تۆ دەڵێیچی؟

بەدەم ئەم وردە قسانەوە کراسە چیتەکەی کردەوە بەری، هەستا و بۆ ئوتووکردنی کراسە زرشکییە لۆچەکەی، چوو ئوتووی چۆدەنی لە ژوورە چکۆڵەکە هینا، سەیمیران هەر بۆ تاقیکردنەوە گوتی:

ئەگەر دڵت نایەشێ ئەمشەو لەلای ئەو دەبم.

هوما لە نێو دەرگای وەتاغەکەدا خەریکبوو نەوتی دەکرد بەسەر خەڵووزی وتووەکەدا، دەستی ڕاگرت، گەڕاوە و چرکەیەکی تەواو تێیڕاما، لەوە دەچوو تەواو گوێی بۆ بگرێ بزانێ دەڵێچی. ئەمجار لەبەرخۆیەوە لێیپرسی:

قەولت پێداوە؟

وادیارە!

ئەمنیش قەولت ئەدەمێ، بەیانی کە لە خەو هەستای ئەوکاتەی بە کۆخە کۆخ و کووڕە کووڕ لە وەتاغەکەی ئەو دێیە دەرێ، ئیتر لەوماڵەدا چاوت بە چاوی هوما ناکەوێ.

بۆکوێ دەچی؟

وەی، پێتوایە لەم شارەدا تەنیا تۆ چوار خشتت وەسەر یەکناوە و چوار دیوارییەکت هەیە!

نا، زۆر کەسیتریش ماڵ و حاڵیان هەیە، شەرم بتگرێ، هوما!

تۆ دەبێ شەرم بتگرێ، جندەی ڕیشدار! دوو ڕوو! دووزمان! وادیارە لە من تێرت خواردووە، وادیارە قەول و قەراری من و تۆ هەر ئەوەندە بوو، بەڵام ئەوەندە بزانە من لەو ژنانە نیم بە سەدەقە سەری بەڕێ بچم. بە کوڵووە سووتاوی دەرگای تۆش بەڕێ ناچم. تێگەیشتی وتمچی، ها؟... ها!!!... وەی خۆزگە سەماکەرێک بوایەم!

ئەی بۆ نەبووی. خۆ زۆرت حەز لێبوو.

حەزم لێبوو، بەڵام ئەو پیر و پەککەوتەبووە پێی لەسەر لێوی گۆڕ بوو، ئەلەوە دەترسام.

بەسیەتی ئەم شۆخیانە لەگەڵ من مەکە هوما، وابزانە من مێردی ئەو ژنە نیم، بەڵام خۆ پشتم نەکردۆتە منداڵەکانم. خەڵک چی بە من دەڵێن؟

هوما لەبەر هەیوانەکە ڕەژی ئوتووی گەشاندەوە. لەبەرخۆیەوە فکری کردەوە بە چ ڕستەیەک وەڵامی بداتەوە، هوما و بەدوای ئەویشدا گلارە و مەهدی سەماوەر و کەشەف و قۆری و قەندان بەدەست بەدوای یەکدا بە پلێکانەکاندا هاتنە سەرێ. بە چاوێکی پڕ لە ڕق و قین یەک بەیەک تێیان ڕاما، وەک بڵێی حەوت برای بابی، ئەوانە کوشتوویانن. بە چاوی دوژمنانە سەرتاپا سەرنجی هەوێکەیدا بزەیەکی ژەهراوی بۆ توزکاڵە وەسمە و کلەی کرد و لووتی لێبادا، بە دیتنی سەماوەر و قەند و چایی چاوی چووە پشتیسەری.

ئیتر وادیاربوو ئاسکە لەمەودوا، هەر وەک منداڵەکانی وەدوای خۆیدا بوو، مێردەکەشی ئاوپرژێنێکی دڵی کردبوو، بەنیاز بوو چیدی لە هەمبەر هوما نەرمی نەنوێنێ و بە ورەیەکی بەرزەوە بێتە مەیدان. لەو زیندانەی کە گاندی ڕای‌دەسپارد و باشترین قوتابخانەی و پەروەدەیی ڕۆحی بوو. بە ئەشق و هیواوە بێتەدەرێ و لە ڕێگای بەختەوەری حەقی ئینسانیدا هەنگاو بنێ و نەترسێ. هەست و ئێحساسی هوما تەواو هەر ئەوەبوو کە ئاسکە بیری لێدەکردەوە، ژنی گەورە و کابانی ماڵ، مێردەکەی بابی هەر چوار منداڵە بوو، بە هەر هۆیەکەوە بوو سەرپێچی دەکرد لە خۆشەویستی و ئەوینی ئەو. بەڵام ئاخۆم هەروەک هەموو یاخیەکان بە هۆی زووخاو هەڵێنانەوە خوێن‌خۆر و دڵی ببوو بە بەرد؟ ئەو کە دڵێکی نەرم و ڕۆحێکی منداڵانەی هەیە دەکرێ بە ئارامی ئاوپرژێنی هەناوی بکەی و هەستی غەورگرتووی تیف تیفە بدەی، ئەم ئەزموونە نیو سەعات لەوەپێش دەری‌خستبوو، وەک ئەوە وابوو بە لقەشەمچەیەک تاریکی لە هەناوی ژووریدا بسڕییەوە، هەمووشت بۆ ئەو ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەوەیان نیشاندەری شتێ نەبوو، کاتێک هوما گەڕایەوە بۆ وەتاغەکە، سەی‌میران مات و بێدەنگ، مرو مۆچ خەریکی شێواندنی چایەکەی بوو. هوما زۆر بە ساردوسڕی بەڵام لە ناخەوە توورە و بوغزاوی نیشانی دەدا کە بۆی گرینگ نییە میران خەریکی چییە، لەگەڵ کۆنەژنەکەی، وا ئەمرۆ بەختەوەری ڕووی تێ‌کردووە بێ‌ئەوەی حورمەت و گەورە و بچووکی لە بەرچاو بگرێ و ئەوەندە بیر بکاتەوە ئەو ژنە لەگەڵ منداڵەکانی وەک میوان هاتوونەتە ژوورەکەی ئەو، زۆر نەفامانە خۆی بادا و بە تەنیشت ئاسکە و منداڵەکانیدا، لە پەنا سەماوەرەکەوە تێپەڕی. لەوسەری ژووری تۆڕی سەرسندووقەکەی ڕاستەو پاستە کرد، وا ماوەیەک لەمەوپێش تێکچووبوو بە بۆنەی دەمەقاڵە و بێنەو بەرەوە. سەی‌میران قومێکی لە چاییەکە هەڵقوڕاند. ئیستیکانە چای دانایە عەرزی و بە بزەیەکی کاڵەوە سەیری هومای کرد و لە ئەقڵ و ئاوەزی سەری ڕاوەشاند. هوما بەتەمای کارێک بوو بەڵام لە بیری چۆوە، هەر لە شوێنی خۆی کە لە پشت میرانەوە ڕاوەستابوو، دیسان بۆڵە بۆڵی دەست‌پێدەکردەوە:

ئەم ژیانەی من بۆخۆم ساز کردووە بەند و زیندان باشترە، دڵنیام دەبێ ڕۆژێک ـ سەراوی یانی تۆ بە دڵەوە پێت‌خۆشە دەستت لە دەستی من ببێتەوە؟ حەز دەکەی تەڵاقم بدەی؟

سەی‌میران ئیستیکانەکەی لەسەر فەڕشەکە جووڵاند و بە گرژییەوە گوتی:

ئەگەر تۆ پێت‌خۆشە، ئەی‌بۆنا.

بەڕاستی؟ کەوابێ تکات لێدەکەم مەحتەلی مەکە. دەی هەر ئێستا، (ئەو بەهۆی دڵتەنگی و عەزاب و پەرێشانی زۆرەوە خێراخێرا پەنجەی خۆی دەکرد بە نێو یەکدا و دەیتەقاندن) ژنێک ئەوەندە بە سووکی بێت، هەر دەبێ بە ئاسانیش بڕوات.

سەیمیران جگەرەیەکی پێچایەوە و کردی بە مۆدنەکەیدا، شقارتەی پێنەبوو، شاییەکی فڕێدا بەردەمی کوڕە چکۆلەکەی، مەهدی تاکوو بچێ لە بەقاڵی کۆڵانەکەی خۆیان شەمچەی بۆ بکڕێ. لێو و ڕوخساری وشک و بێڕەنگ بوو، مەحتەل مابوو نەیدەزانی چبڵێ بەم ژنە سرک و سڵەی، مەهدی لەوکاتە کپ و بێدەنگەدا، بە تاڵەدەزوویەک لەسەر گوڵی قاڵییەکە خەریکی یاری بوو، بە نیگاری لەچک تورنجی دەستکاری تەورێز، لە خەیاڵی خۆیدا گاراژی بۆ ترومبیلەکەی ساز کردبوو، پارەی هەڵگرت و بەبێ ئەوەی یەکو دووی لەگەڵ بکەن دەرپەڕی، ئاسکە ڕووی قسەکەی لە میران بوو، بە تیزوتانە گوتی:

پێیناوێ ئەو تەڵاق بدەی، مەیە بۆ ژوورەکەی من. ئەگەر پێیخۆشە بچێ بۆ گەڕان، بۆ ڕێی لێدەگری.

هوما ڕەنگی گەشاوە، ڕووی تێکرد و بە دەنگی بەرزەوە گوتی:

بەڵێ، دەمەوێ بچم بۆ گەشت و گەڕان، تۆش دێی بڕۆین؟

ئاسکە هەروەک خەریکبوو بە چارشێوەکەی شان و قۆڵ ولاقی دادەپۆشی، خەریک قەڵسەگێڕان بوو، ڕووی کرد بەملاوە و لە سەرەخۆ گوتی:

من نەوەک تۆ، بەرم بەرەڵڵایە و نە هەوای کووچە و بازاڕ لە سەرمدایە، هەر سەعاتێ بمەوێ بچم لەختو لارم نیشانی خەڵکبدەم. تەسبێحیش نیم هەرتاوەی بە دەست یەکێکەوە!

ئەگەروایە تکا دەکەم، خەمی منت نەبێ، دیارە خۆزگە بە سمتو ساتی من دەخۆی، نەگبەت، ئەگەر من تەڵاق وەربگرم، بزانە بەزەییم بە تۆی کلۆڵدا دێت!

ڕەحم و بەزەییت هەر زۆربێ! ئەی بۆ ناڵێی تێر نابم. ئەگەر زمانم بەسراوە خۆ چاوم دەبینێ، گلارە وادیارە براکەت هاتەوە. بانگی بکە با بێت چایی بخوات.

هوما بۆ خولەکێک بە ئارامی سەیری هەوێکەی کرد. دواتر وەڵامی داوە:

بەڵێ زمان درۆ ناکات، من تێر نابم، هەموو ڕۆژێ زەردەپەڕی ئێوارێ هەتیوە چکۆلەکەی فەرەجخان، لەسەر سەربان ئامادەیە تاکوو لە پشت گژوگیای پەنا پێپلیکانەکە ڕامکێشێ و ڕان و بەلەکم هەڵبگوشێ! حەز دەکەی؟ یان دیسان دەمم بکەمەوە؟! ئاسکە بەم درۆشاخدارە لە جێی خۆی

وشک بوو، نەیزانی بڵێچی، گلارەی کچیان چەند ڕۆژێک بوو بۆ ئامادەکردنی وانەکانی دوانیوەڕۆیان وەختێ لە قوتابخانە دەگەڕایەوە دەچووە سەرپلیکانەی سەربانەکە دادەنیشت. باش‌بوو ماوەیەک لەمەوبەر لە ژوورەکە چووبووە دەرێ. گوێی لەم قسانەی باوەژنی نەبوو، ئەو بوختان‌کردنەش بەم کچە پاک و بێگەردە، دەستی ئاسکەی لە پشتەوە گرێدا.

سەی‌میران خوێن بەرچاوی گرت و بەسەر هەدووکیاندا گوڕاندی:

هوما! ئاسکە، وەڵڵا مەگەر لە داخی ئێوە بەرۆکم دادڕم، ئاخ! لا اله الاالّله!

ژنان بێدەنگ بوون. هوما ماکینەی بەرگ‌دوورین و میز و پارچەی کۆکردەوە، ئوتووی هێناگۆڕێ و پارچەکەی‌دا بەسەر کەشەفێکدا و بۆ تاقی‌کردنەوە دەسماڵێکی ئوتووکێشا، مەهدی و بیژەن بەبێ گلارە کە خەریکی دەرس و دەور بوو، وەژوور کەوتن. ئاسکە چایی بۆ تێ‌کردن، لەو ژوورەدا تەنیا دەنگی پیاڵە و ئیستیکان دەبیسترا.

هوما بە چاوی فرمێسک‌تێزاو سەری لەسەر وتووەکە لابرد و بە پێچەوانەی ویستی کەللەڕەقی خۆی گوتی:

ئەگەر وابێ لەم سەعاتە بەملاوە، من لەو ماڵەدا نان‌خۆر و جێگرم. لە هەوەڵێشەوە هەر زیادی بووم بەڵام فریو دراوم. ڕۆژێک خانم و خاتوون بەسەر ئەم قاڵی کاشانەدا، دەهاتم و دەچووم وامدەزانی منیش لەم ماڵەدا ژنێکم و ڕێزی خۆم هەیە. بەڵام بێ‌خەبەر لەوەبووم، قەدر و حورمەتی ژنێکی ماڵان‌گەڕ، کە هەوا و ئارەزوو لە سەریدایە لە بڵقی سەر ئاو پووچ‌ترە. دەستت خۆش‌بێ سەراوی پێم‌بڵێ کەی بچین بۆ مەحزەر؟

قسەی هەڵیت‌و پەڵیت، هەرگیز! مەگەر جەندەکت لەم ماڵە بچێتە دەرێ.

ئەوەنییە ژنەکەت بووختانم پێدەکا.

ئاسکە چاوی لێدەرپەڕاند:

من بوختان دەکەم یان تۆ؟ وەی! وەی! لەو مەکربازە، خودایە تۆبە، خۆم بە تۆ دەسپێرم!

سەی‌میران: ئاسکە هار بوویی؟

هوما: هار نەبووە، نانی هاری بە دەمەوە گرتووە.

سەی‌میران، بە دوای قسەی ژنی بچووکدا، هەردوو چاوی لە ئاسکە دەرپەڕاند. لە نێو گەمارۆی سەماوەر و ئیستیکان و منداڵەکانیدا بوو، هێندە بە ڕقەوە سەیری دەکرد ئاور لە چاوی دەباری. چایەکەی بەردەمی ساردوسڕ مێشی تێکەوتبوو، لەوەدەچوو بچێتە دەرێ هەستا ئەگەر کۆتەکەی

بکاتەبەری، دووجار ئەمسەر و ئەوسەری وەتاغەکەی شەقاو کرد. وەبیری هاتەوە کۆت و کڵاوەکەی لە ژووری ئەولا بەجێ هێشتوون. قوتووی سیگار و شەمچەکەی هەڵگرت ئاسکە بە بۆڵەبۆڵ گوتی:

نازێ دەزێ و دەپچڕێ، ڕەزی دەگری و دەناڵێ مەهدی زووبە چایەکەت وەخۆ با بڕۆین. ئەگەر منیش خاڵو خەت و فێڵ و دەهۆی ئەوم هەبوایە، ئەگەر منیش فێربام بە مەستی بمخەواندبایە، ئێستا زۆر زۆر لەو خۆشەویستتر بووم.

سەیمیران لە دەمدەرگای دەرێ پێڵاوی لە پێ کرد، گوێی لە قسەکان بوو. هوما بە دووچاوی تامەزرۆ لە بنەوە سەیری میرانی دەکرد. لەوەدەچوو بێژێ ئەهانێ چیدەڵێ؟! منداڵەکان لەوە دەترسان لێدان و پێدادان بێتەئاراوە، نەیانزانی ئیتر ئاسکە چیدیکەی وت، تەنیا ئەوەندەی لێحاڵی بوون ناوی گۆرانیبێژی قەفقازی هێنا. بەم وشەیە گرکانی ڕقی سەیمیران تەقی، وەک دڕندەیەکی خوێنخۆر چاوی لە چاوی بڕی، ددانی ددانی نەدەگرت، ڕاست و چەپ لێو و چەنەی دەلەرزی، پێشئەوەی ئاسکە بە فکری خۆی بێ و لە کەلێنێکەوە دەرباز بێ وەک بەوری بەیان گەیشتە سەری، ژنی چارەڕەش فریا نەکەوت سەماوەری مسوار دانێتە عەرزی لەکاتێکدا قوڵتەقوڵت دەکولا، ئاسکە چەند چرکە لەوەپێش چادانەکەی داگرتبوو، میران بەبێ ئەوەی بزانێ لەگەڵ ئافرەتێک ڕووبەڕوو بووە سەماوەری لە دەستی سەند و لەسەر تۆقی سەری ڕایگرت! ئەو هەر لە بیری نەمابوو چەند ساڵ لەمەوبەر، لەسەر شتێکی وەک ئەمڕۆ سەیمیران لێیدا و سەری شکاند. ئەو ژنە وەختێ دەیزانی خوێن بەرچاوی میرانی گرتووە، دەبوو یان وسکوت بکا، یان ئەوەی زووتر بچێتە دەرێ؛ لەو نێوەدا مەهدی هەر وەک عادەتی گرتبوو، دایمە لە کاتی چاییخواردندا، لەسەر زگ ڕادەکشا و قاچی دەنا بە دیوارەوە سەری دەکردە پەنا لاقی دایکی و ئەو زەردواوەی لووش دەکرد. سەیمیران هێشتا دەستی بە حەواوە مەحتەل مابوو. هەر لەوکاتەدا هوما بەدەم زریکاندنەوە گەییە بەردەمی و بە چەپۆک دای بە تەختی سینگیدا، میران لەبەر کەللەرەقی خۆی کە هێشتا خاو نەببۆوە، دەتگوت دێوەکوولەکەی عومریان دزیوە ڕەنگی ڕەش داگەڕابوو، هەر ئاوا کە هەردوو دەستی بە حەواوە بوو چەند هەنگاو کشا دواوە و لەو پەنجەرەیەوە وا کرابۆوە سەماوەری جیازی گلارەی فڕێدا بۆ دیوی حەسارێ. ئاسکە و منداڵەکان تاساو و حەبەسابوون. ژنە نەیزانی چبوو چقەوما، هوما ترساو و ڕەنگپەڕیو، هەر لە شوێنی خۆی پاڵی بە دیوارەکەوەدا ملی بەلارەوەنا و زریکاندی:

وەی دڵم داکەوت!

دیسان ڕووی کردەوە سەی‌میران کە خەریک‌بوو لەولاوە هەڵتروشکێ، ئارام و مانادار گوتی:

گەرەکتە خوێنی دایکی ئەم منداڵانە بخەیە ئەستۆی من سەراوی؟ ئەوە بۆ جارجارە شێت دەبی؟!

ئاسکە تاساو و سەرلێشێواو ئیستیکان و قەندانی کۆ کردەوە و منداڵانی وەپێش خۆیدا:

وەرن با بڕۆین ئەوینی پیری ئەم پیاوەی مەسخ کردووە و گۆڕیویەتی، بەبێ گوێچکەدان بە هاوماڵەکان، گشتیان بەم قیژە و هەرایە ڕژابوونە حەسارەکە، بە دڵی پڕو چاوی بە فرمێسکەوە چوو سەماوەری بە لەت‌وکوتی هەڵگرتەوە، چەند ڕۆژ دەبوو بە ناوی جیازی کڕیبووی و ئەمڕۆ مەشەدی شێتانە لەت‌وکوتی کرد. حەمەحسێن باگری سەماوەرەکەی لە پەنا پێشۆرکەی حەوزەکە دیتەوە و هێنای و دایەدەستی، تاکوو ئەوێ خلۆر ببۆوە،

ئاسکە دەرفەتی نەهێنابوو تەلەسمە زەردەکان لە سەماوەرەکە دەرێنێ، میران چووبووە ژوورەکە کۆت و کڵاوی هەڵبگرێ، ئاسکەی چارەڕەش بە دڵنیایی و ساکاری خۆی، نەک ئەوەی تووڕەیی بکا، چووە بەردەمی:

تکات لێدەکەم. پێش‌ئەوەی بڕۆیە دەرێ فکرێک لە من و منداڵەکانت بکەوە و لایەکمان بە لایەکدا بخە!

سەی‌میران کۆتەکەی لەبەر کرد و دانیشت، بە دوو چاوی پڕ لە غەزەب تێی‌ڕاما، خوێن بەری‌چاوی و بوغز و ڕق بەربینی پێگرتبوو، بەڵام بە دەم لەرز و تووڕەییەوە وسکوتی کرد و نەیزانی چی‌بڵێ. ئاسکە بەدەم گریان و نیوەنووزە و تکا و ڕجاوە گوتی:

بەسیەتی پێم‌بڵێ تاکەی دەتەوێ زووخاوکوژم کەی؟ دەپێم‌بڵێ بۆ لە پێش‌چاوت بوومەتە دێوەژن، بۆ چاوی دوو سەرەت پێم‌هەڵنایات؟!

بمرە، تێگەیشتی ئاسکە، بمرە با چاوی دیتنی تۆم هەبێ!

بەدڵ پێم‌خۆشە بمرم سەی‌میران، بەڵام منداڵەکانم نازیان لی‌دەشێوێ.

خوای‌دەکرد چاویان دەردەهات حەزدەکەم سەریان پێوە نەبێ!

نا، سەی‌میران ئەم قسەیە مەکە، شتی‌وا مەڵێ، (ژنە گریانێک بەربینی گرتووە، بەڵام خۆی دەخواردەوە.) خودانەکا، حەیفە ئەوان بمرن. یانی تۆ لە دڵەوە ئەم قسەیە دەکەی؟ یانی ئەشق و هەوەس تاکوو ئەمڕادەیە بەرچاوی گرتووی؟

لە قووڵایی دڵمەوە؟ ئەمجار ئۆخەی لە دڵت کەوت؟ جاشێ لەم کەرە بێ، نەبوونی باشترە!

به تەنیا هی من نین، لە تۆشن.

لێیان دووشکم!

دووشکی؟ چاو لە چاوم ببڕە، تف لە ویژدانت، تف لە ڕووت! ناپیاو! هەستی باوکایەتی و ئینسانی لە تۆدا مردووە. ویژدان و شەڕافەتت چیبەسەر هات؟ ئەوەی ئەو چییە ئەوەندە تامەزرۆی بووی؟ جگەرگۆشەکانیشت بۆ فڕێدا؟!

سەیمیران، مستی لێڕاست کردەوە و جنێوی پێدا:

قەحبە! وامەکە، لە دەمت بسرەوێنم دەموو ددانت تێکبکەمەوە حاڵیبوویی؟!

دەستتداخە، قاحبە ئەو ژنەتە، کە بەرماوەی هەمووکەسە، جاران خەبەری هیچم نەبوو بۆیە قڕوقەپم کردبوو.

هەست و گریان لە ناخی ئاسکەدا وشکاوی هاتبوو. قسەکەی کۆتایی نەهاتبوو، میران بێئەوەی بزانێ خەمخۆری ڕۆژانی پیری و هاوژینی ڕاستەقیەیەتی، وەک گورپەپشیلە پێیهەڵپڕژا:

بێدەنگبە! لاچۆ لە بەرچاوم دێوەژن! دەڵەورچ هەستە دەربکەوە، لەم ماڵە بڕۆدەرێ، حەزناکەم بتبینم، نامەوێ!

بەبێ ئەوەی مۆڵەتی بداتێ زمانی بگەڕێ، وەپێش خۆیدا، دەیگوڕاند و دەینەڕاند، ئەو هەناسەسارده وەک کوێلەیەکی لێقەوماو، شانی بگرن و وەدەری بنێن سەری داخست هیچی نەگوت. جیرانەکان بە ورد و درشتەوە، سەیری ئەم دیمەنە دزێوەیان دەکرد. بۆلای داڵانەکە پاڵی پێوەدەنا، هەنگاوێکی لێکردبوو بە دووان. لاتراسکەی دەبەست. لە نێو حەوشەکەدا چارشێوی لە بەردێک گیر بوو لە سەری کەوتە خوارێ، لینگی لە گۆرەوییە ڕەش و ملدرێژەکانی کەوتە قولاپەی. درفەتی پێنەدا پێڵاو یان سۆلەکانی بکا بەسەر پێیەوە، مەشەدی بە قسەی تاڵ و بە پاڵپێوەنان لە دەرگای حەسارێ وەدەرینا! دەرگای لەسەر پێوەدا و گەڕایەوە منداڵان سەریان بە دیوارەکەوە نابوو دەگریان، بە قسەی ناخۆش هەموویانی کردەوە بە ژووریدا، خۆی هاتە بەرهەیوانەکە. دەنگی هەڵێنا و بە هەڕەشە و گوڕەشەوە، مەبەستی لە خاتووخورشید بوو ڕووی کردە جیرانەکان:

ئەرێ ژنەکان، ئەی جیرانەکان. لەگەڵ ئێوەمە، جوان گوێتان تێوەبێ، بزانن دەڵێمچی، ئەوەڵی بەیانی سێتەلاقە دەنیمە مستی ئەم ژنەتیوە قەحبەیە، هەرجێیەکی پێخۆشە با بچێ! هەر لەم سەعاتەوە بە هەمووتان دەڵێم، هیچکەس هەقی نییە بە هیچ شێوەیەک بەم دەرگایەیدا بهێنێتەوە. هیچی لەو ماڵەی مندا نییە بێت و لەگەڵ خۆی ببیا. ئەگەر ئەمشەو یان هەروەختێکیتر هەرکەسێک

لە ئێوە دەرگا لەسەر ئەم ژنە بکاتەوە، ئەوەی دەیبینێ لە چاوی خۆی دیتوویەتی، گوێتان لێبوو؟ تازە ئەم ماڵە جێگای ئاسکە نییە. نابێ پێی بێرەدا بێتەوە.

جیرانەکان یەکە یەکە لە شوێنی خۆیان کەوتنە جووڵە، ئەکرەم پشتی هەڵکردوو بە بێزارییەوە لە بنلێوەوە جنێوی پێدا و ڕۆیشتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. ساحەبخانم، ژنی جیرانەکەی بەردەرگای دەرێ، کچی کچەکەی هێنابوو بۆلای ئاسکە، دەرمانی چاوێشەی بداتێ لە ئەوەڵی شەڕو هەراکەوە ئاگای لێیان بوو. لەوکاتەدا، سەیمیران هۆشی لەلایەکی دیکە بوو خۆی کووزوو کرد و منداڵەی بە دووی خۆیدا کێشا و ڕۆیشتە دەرێ. میران کە هێشتا ئاوری غەزەبی دانەمرکابوو چوو لەسەر چرپا گەورەکەی حەسارێ دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند. هوما لە ژوورەکەی خۆیەوە بە ئەبرۆی تاوتاوە، کە لە ڕواڵەتدا هیچ بەم بەزمە ڕازی نەبوو، لە دوورەوە سەیری دەکرد. منداڵەکان لە ژوورەکەی خۆیان بۆ دایکیان دەگریان. وەختێ سەیمیران لەسەر تەختەکە ڕاست بۆوە و ڕووی کردە ژووری منداڵان، هوما بانگیکرد، لێیاننەدەی. بەڵام میران لە ژوورەکەدا کە کارێکیتری هەبوو، یەکڕاست خۆی گەیاندە سەر یەخدانەکەی ئاسکە. بەپەلەپڕووزێ و دەستتێکەڵ هاتنەوە ئەو کارەی کرد. ئەوەندە بە هەڵەشە بوو لە بیری نەمابوو هەمووجارێ ئاسکە، دوای ئەوەی قفڵی یەخدانەکەی قایم دەکرد، کلیلەکانی دەخستە ژێر قاڵییەکەوە، وازی لە گەڕان و پرسیاریش نەبوو، منداڵەکان بە چاوی تەڕ و ترس و لەرزەوە کپ و مۆن لەبەر خۆیانەوە تەماشایان دەکرد. سەیمیران دوو چەکووشی کێشا بە دوولایی سندووقەکەدا و هەڵیکەند. دەیزانی ئاڵتوون و زەمبەری ئاسکە هەمیشە لە مجرییە حەسیرییەکەدایە و لەسەر جلەکانی دایناوە. بۆ بەختی ڕەشی تەنیا ژێرچەنەیەک و دوو کلکەوانەی زێڕی تێدابوو. چلجار ناوی خودای لەسەر بێ ملوانەکە زێوەکەی مەهدی لەوێ بوو تووڕێک نەدەژیا، هەرچەندە لەم کێشە و هەڵلایەدا دەستی ڕووشا بوو، بەڵام زۆر مێشکی خۆی ماندوو کرد. نەیتوانی وەبیری بێتەوە ئاخۆم گوارەی پەرەنگداری لە گوێدا بوو یان نا. کەوابێ بازنە و دەستبەندەکانیشی لە دەستدا نەبوو خۆ دەکرێ بێژی ئەوەی لەبەر دڵی ئەو ژنە وەک سەروەت و سامانێک دەهاتە ئەژمار بە ئەمانەت لەلای کەسێک دایناوە.

لەبەر هەیوانەکە سێبەری دەستێک دەرکەوت، ئەکرەم بوو بە پڕتاو پێڵاوەکانی ئاسکەی هەڵگرت و بۆیدەرچوو، سەیمیران هەمیەتی وێنەدا، ژنان چارشێوەکەیان لە دەم دەرگاکە پێدا بۆیبەرێ.

تاکوو بیدەنێ و بیدا بە سەریدا، سەی‌میران، وەختێ زێڕ و زەمبەرەکەی لە دەست سڕێک پێچاو نایە گیرفانی، وەک‌ئەوەی منداڵەکانیش لەو تاوانە نەکردووەی دایکیاندا بەشداربن تێیانڕاخوڕی:

ئێوەش ئەگەر دەتانەوێ منداڵێکی عال‌وساڵ بن بەزەییم پێتاندا بێ و خۆشم‌بوێن، دەبێ لەمەبەولاوە ئەم نووکە نووکە و گریانە ولانێن، ئەمەش بزانن لەمڕۆ بەدوواوە ئیتر ئێوە دایکتان نییە! عەرز و ئاسمانیش بە یەکدا نادرێ، ئێوەش هەروەک منداڵەکانی غوەڵام نانەوا، یان هومایون و کەتایونی هوما، لەتەک باوەژن دەژین. بۆیان گرینگ نییە لە داوێنی ئەم ژنە کەوتوونەتە خوارێ. ئێوەش وەک ئەوان، هەر وابزانن دایکتان مردووە، وانییە، ناکرێ وا بیر بکەنەوە؟ بۆ نابێ، مرۆڤ بیهەوێ بە زۆرشت عادەت دەکا و لەگەڵی ڕادێ، دایک چییە! بۆ هەرکەس دایکی نەبێ دەمرێ؟ خەتا لە منە لە کەیەوە ئەم بزمارە ژەنگاوییەم لە دڵی خۆم دەرنەهێناوە و مێشکی خۆم ئاسوودە نەکردووە! ئێستاش با بڕوات خودای لەگەڵ بێ، سەری ئەو ئازاد و گیانی ئێوە سلامەت.

لە نێو منداڵەکاندا، بیژەن لە بنەوە سەیری بابی دەکرد، لە دڵەوە لێی توورە بوو، مەهدی دەمی نابوو بە پشتی دەستی خۆیەوە، قەڵافەت و ڕوخساری توورە و شەڕانی بابی وەک دڕندەیەکی زەبەلاح وابوو لە پێش‌چاوی، لەپڕ لە قوڵپەی گریانی‌دا، لە پەنا ئەویشەوە گلارە وەک منداڵێکی پێنج‌ساڵانە ملی‌نا لە گریان و بە لووزە و ڕۆندکی هەڵڕشت. سەی‌میران بەبێ گوێدان بەم شین و گریانە، کەمو زۆر ژیان و ئەرکی ئەو منداڵانەی بە بێ‌دایک هێنایە پێش‌چاوی خۆی، دەیزانی سەرپەرشتی کردن و ئاگالێبوونیان تەنیا بۆ ئەو زۆر دژوارە، سەری داخست و لە ژوورەکە چووە دەرێ، لەو کات‌وساتەدا بارام گەیشتەوە حەسارێ، لە دوای تەواوبوونی قوتابخانە و گەشت‌و پیاسەکردنێکی ئێوارانە لەگەڵ هاوڕێ و دۆستان لە دەوروبەری شەقامە خۆشەکانی شار. ئێستا خۆشحاڵ و بێ‌خەم لەو دەرفەت و پیلانەی کە بۆ پشووی ئەم سێ مانگە لە پێش‌چاوی گرتبوو ڕووی دەکردەوە ماڵێ. جل‌وبەرگ و تەقیلە و پێڵاوی تازە و پاک و خاوێن. جووڵە و ئاکاری پیاوانە بوو هەر لە بەرهەیوانەکە، وەختێ شپرێوی دەوروبەری چاو پێکەوت، دایکی دیار نەبوو، جیرانەکان سەریان داخست‌بوو هەموو مات و پەرێشان، خوشک و برا چاو بە فرمێسک سەریان لەبەر کۆشیان نابوو، تێگەیشت چباسە! بەڵام ئەویش هەروەک ئەوانی‌تر مات بوو خۆی خواردەوە و سەری بەرداوە و هیچ نەوت. وەختێ سەی‌میران خەریک‌بوو بەپەلە، لە دەرگاکە بچێتە دەرێ خاتوو خورشید لە گەرووی داڵانەکەدا، کەوتە شوێنی. لە ماوەی تەمەنیدا ئەوە یەکەم‌جار بوو لەلای ئەو

بەردەمی هەڵدەدا، وادیاربوو کارێکی پێبوو. لە بەردەرگای حەساریٚ بیٚئەوەی هەڵوێستەیەک بکەن لێیپرسی:

هەروا سووک و ئاسان، بەتەمای ئەم ژنە قوڕبەسەر لە ماڵەکەت وەدەر بنێی؟!

سەیمیران بەبیٚ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە و چاوێکی لیٚبکا، بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە:

بۆ سووک و ئاسان، ئەم وڵاتە، یاسای هەیە شەرع و مەحزەری هەیە.

بۆ، ئەم، لەم شارەدا کێی هەیە؟ بێکەس و بێدەر پەنا بۆ کیٚ بەرێت، بۆ کویٚ بچیٚ؟

با بچیٚ بۆ مێخانە و جندەخانە، ئەگەر هاتوو لەویٚ ڕێیان نەدا ئەوە گۆڕستان، خۆ ڕێگایەکی دوور نییە، من چارەنووسی ئەو دەستەبەر ناکەم، ئیتر لەمەولا ناوی نابیٚ بژنەوم. کەس کاری پێینەبیٚ، هەرجێیەکی پیٚخۆشە با بچیٚ، با بچیٚ کڵفەتی و قەرەواشی بکا، ببێتە لەلەی منداڵی خەڵک، چووزانم، لەوانەیە کەسێک هەڵکەویٚ و ڕایبگریٚ!

سەیمیران، لەسەر قسەکانیتری خورشید ڕانەوەستا. کۆڵانەکە چۆڵ، چۆلەکەکوژی تێدا نەبوو، دەتگوت هەروەک جاری پێشوو جەژن و کەرناڤاڵێک سازکراوە و ورد و درشتی ئەم خەڵکە بۆ سەیرکردن چوون. بێجگە لەم بیرو ڕا و خەمخۆریەی خاتووخورشید هەیبوو، لەملاشەوە سەیمیران قسەکانی بە هێند نەگرت، بەڵام ئەویش هەر ئەم قسە و کەلامەی بە دڵدا هات. ئاخۆم ئاسکە دوای ئەوەی لەو تەڵاقی وەرگرت کوێی هەیە ڕووی تێبکا؟ بەڵام ئەو زۆری خۆ بەم گرفتەوە هیلاک نەکرد. ئاسکە لە تایەفەی دایکی بۆرەقەومێکی هەبوو. مەیتەر و میراخوڕ بوو ژن و منداڵی هەبوو. لە کاروانسەرایەکدا کاری دەکرد. بە گوزەرانێکی هەژارانەوە ڕازی بە لەتیٚ نان و کەوچکیٚ دۆ بوو. مرۆیەکی ئەوەندە خاوەن عیزەتی نەفس بوو، بۆئەوەی سەیمیران بە چاوی سووک سەیری نەکا زۆر کەم خۆی نیشان دەدا، خەیروڵڵا مەیتەر، کابرایەک بوو ساڵەو ساڵ کەمتر وابوو لە کاروانسەراکە سەر بێنێتەدریٚ، بەڵیٚ، ئەگەر ئاسکە پێیخۆش بوایە دەیتوانی مەمرەمەژی بچیٚ لە پەنا ئەم خزمەیدا خۆی لە مەترسی حەیا و دێوەزمەی ڕۆژگار وەشاریٚ.

بەدەم ئەم وردە خەیاڵانەوە، وەختیٚ لە ئانیشکی کۆڵانی عەلیخانی لوڕەوە پێی نایە سەرپشتی شەقامەکە، تۆزێک ڕەنگی ڕوون بۆوە و فێنکایی گەیشت بە هەناوی. بە لاچوونی دانەیەک لە ژنەکان، بتەویٚ و نەتەویٚ باری گوزەران و ژیان نوێی کە بە دڵی هوما بوو ڕوی لە خۆشی کرد. بۆئەوەی بڕیاری یەکجاری دابیٚ و لە پاشان ناوی نەهێنیٚ، لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ ئەم ئاڵتوونانەی لەگەڵ خۆی بردوویەتی تازە لێی‌ناستێنمەوە، قەیدی ناکا ئەمەش بۆ ئەو. بەڵام نیمە مارەیی پێبدەم. مارەیی ئەو کەم و زۆر بیست تمەن پارەی زێوە. ئەگەر منداڵەکانی لەگەڵ خۆی بردبایە، بەومەرجەی خەیاڵی مێردکردنەوەی نەبێ، کەلوپەلی ماڵ چی پێویستە دەیدەمێ. لە جێیەک دیوێک بگرێ و تێی‌دا دانیشێ و ئاگای لە منداڵەکان بێ نان و نەفەقەی دەدەمێ و بێ‌خەم دابنیشێ لەگەڵ ئەو منداڵانە سەر بە سەری یەکەوە بنێن، هەر ئەوەندەی وەک کۆتەڵی ئەبوالهول، دایمە لە بەرچاوم نییە و بەیانی بە بەیانی کەفارە نادەم مێشکم ئاسوودەیە، ڕەنگە ڕازی‌بێ تەڵاق وەربگرێ. لەوەدەچێ بەیانی لە مەحزەر لێم‌بپرسێ منداڵەکان چی‌لێدەکەی.

بەم‌چەشنە، سەی‌میران سەراوی بەم خەیاڵ و بیرۆکانەوە، ئەوینێکی درۆزنانە ئاوقای ببوو ژین و ژیانی بکاتە خۆڵەمێش. بێ‌ئەوەی بەخۆی بزانێ کوشتەری لە ڕەگی حەیاتی ئاسکەدا بوو، خۆ ئەگەر بێتوو تەڵاقی نەدابایە، هەر ئەو تیروتانە و سەرکوت‌کردنە ژانی لە تەڵاقدانەکە کوشندەتر بوو. دەڵێن مردن جارێکە، ئەو سەت‌جار دەمرد و زیندوو دەبۆوە، لە شەقام و بازاڕ چشتێکی ئەوتۆ سەرنجی ڕانەکێشا، کەس تێی‌ڕانەما بزانێ خەمگینە یان دڵخۆش. هەرکەسە و بە ڕێچکەی ژیانی خۆیدا تێدەپەڕی. هەر دەنگی فەیتوون ئاژووت و شەقام‌ماڵ و میوەفرۆش بوو لە ڕاست و چەپەوە دەهاتە بەرگوێ.

کاکی برا ئاگاداربە! برام ڕێگا مەگرە، دادە لاچۆ! ئابرا تەڕ نەبی.

ژیان بە بەرچاوی میرانەوە هەروەک مۆمێک وابوو، لە کاتی کەوتنیشدا دەسووتا و دەگەیشت بە کۆتایی، هەرجۆرێک بچووبایەتە پێش لەسەر سیما و دەروونی کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

# بەشی سێزدەهەم

سەی‌میران سەراوی، وەختێ هاتەوە دوو سەعاتی شەو لایدابوو. وەک کوڕە جحێڵەیەک پاکو خاوێن ڕدێنی تاشیبوو، بە مۆدی تازە سمێڵی دانابوو. دەسرۆکەیەک سەوزەی هێنابۆوە بۆ خواردن، بە مڕومۆچی دایە دەست هوما. ژنە بەپێچەوانەی ڕۆژان کە هەموو دوانیوەڕۆیەک وەسمەی دەکێشا و سووراو و سپییاوی دەکرد، ئەمڕۆ سادە و ساکار بوو. ئەو کاکۆڵەی جاران هەڵیدابووەوە، ئێستا پەخش و پەرێشانی کردبوو. هەڵس‌وکەوت و ڕوانینی ساردوسڕو ناڕازی دەنواند. لە بەرچاوی میران تا بڵێی نازفرۆش و مەکرباز بوو. هوما بەبێ ئەوەی بە حورمەتەوە بەرەوپیری بچێ چارەکە کەوەر و پیازەکەی لە دەست وەرگرت. لە سەلەکەدا بەتاڵی کرد. دوای شۆردنەوە لەسەر کورسیلەکە داینا ئاوەچۆڕ بێ، لە وەڵامی میراندا، وەختێ کۆتەکەی دانا و پاڵی‌دایە، ئەحواڵی منداڵەکانی پرسیبوو، گوتی:

خورشیدم ناردووە چرای ژوورەکەی بۆ هەڵکردوون. شێوم بۆ ناردن، نەیان‌خوارد و فڕێیان‌دا دیوی‌دەرێ.

زۆر باشە، با وابکەن، برسیان نەبووە، ئەمجار لەتە خشتێک بنێ دەفرێکەوە و بۆیان بنێرە، هەروەختێ برسیان بوو دەیخۆن. کامەیان ئەو کارەی کردووە؟

کارت پێیان‌نەبێ، منداڵن، ناحەقیان مەگرە. قەڵس و تووڕەن، لە منیش تووڕەن مۆڕەم لێدەکەن قەڵسەم لێ‌دەگێڕن. بیژەن بەردێکی گرتە پەنجەرەکە و مێردەکەی شکاند. مەهدی دەی‌نەڕاند و جنێوی پێدام. لە ترسان دەرگام لەسەر خۆم پێوەدا، دوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتییەدەرێ تا ئێستا نەمتوانیوە پێ بنێمە حەسارێ. وردە شووشەکەشم کۆ نەکردۆتەوە، بەڵام هەروەک وتم کارت پێیان نەبێ، منداڵ و نەفامن. وردە وردە دادێن، دەبێ لەگەڵیان بەسەبر بی.

سەی‌میران ئارام و لەسەرەخۆ، چووە نزیک شووشە شکاوەکە و تەماشای کرد. تای ئەو دەرگایەی کردەوە و گوتی:

منداڵن؟ تۆ دەڵێی منداڵن؟ ئەوەیان خۆ گەورەیە، ئەگەر مێردی کردبایە ئێستا دوو توتکی بەرەوە بوو! لەوەدەچێ ئەو هانیدابێتن. دەبێ کوێرایی دابێنم، لە بەیانییەوە وەک کڵفەت و قەرەواش خزمەتی براکانی بکا، خواردنیان بداتێ و شیوو کوڵیان بۆ بکا. با فێری چێشتلێنان بێ، ئەوە باشترە، نەکوو بچێتە قوتابخانە و فێری فۆکلەهەڵدانەوە بێ، من تێناگەم ئەو خوێندەواریی بۆ چییە؟ ئەی بارام، ئەو هیچی نەگوت؟

نا، ئەو منداڵێکی بێدەنگە. لەگەڵ من نێوانی خۆشە، خۆشمدەوێ، ئەو نەیهێشت دەنا براکەی خەریکبوو بە داری گۆیەن بێت لە من بدات.

دەبێ ئەویش بنێرمە دووکان کار بکا. خۆ لە کوڕی مورشید نەجەف چکۆلەتر نییە. بەقەی ئەویش نازدار نەکراوە. ئەوەندەی خوێندووە تەواوە. لە بیرم دێ حەوت ساڵ دەبووم و نەدەبووم، دەستم نەدەگەییە ئاڵقەڕێز و دوولایی دەرگاکە، گوێنی و گۆگەمم لە کێو دەهێناوە بۆ ماڵێ. لەگەڵ بابمدا دەچووینە کانیچەرموو، کەتیرەم دەکرد و بە کۆڵ دەمهێناوە لەگەڵ شوانکارەکان دەچوومە هەوارێ و شەش مانگ جارێک چاوم بە دایکم نەدەکەوت. تەمەنم گەیشتە ئێرە نەمزانی کایە و یاریکردن چۆنە.

هەر بۆیە هێندە بێڕەحم و دڵی، تۆ نازانی دایک بۆ ئەو منداڵانە چ خۆشییەکی هەیە، ئێستاش کە ئێستایە بڕوا ناکەم بە دڵەوە ئەم کارەت کردبێ، تکات لێدەکەم پێشئەوەی شێو بخۆی بڕۆ لە هەرجێیەکە دەستی بگرە و بیهێنەوە. منیش لەو کارو ڕەفتارەی عەسر کردم پەشیمانم. خەتای من بوو، بە هۆی بەخیلی خۆمەوە ئەم شەڕەم لە نێوان ئێوەدا ساز کرد. قەت ئەوەندە ڕازی نەبووم و ناشبم. ئاسکە تەڵاق بدرێ هەمووکەس ئەم تاوانە دەخەنە ئەستۆی من. خەڵک تفو لەعنەتم دەکەن. ئەگەر بڕیار وایە لەم دوانەمان یەکمان تەڵاق بدرێین، ئەوە دەست لە من هەڵبگرە باشترە ئەو منداڵی هەیە، خودا پێی خۆشنییە، هەستە بڕۆ بزانە لە هەرجێیەکە بیهێنەوە. ئەمشەو هەروەک بەڵێنیت پێدابوو لەلایبە و دڵی بدەوە!

تازە لەوەی دەرچووە، خەڵک چی دەڵێن، کەیفی خۆیانە. پێنج ساڵی تەواوە ژنی من نییە. تازە ئەم ماڵە بۆ ئەو وەک جەهەندەم وایە، مەترسە نەکئەوەی لە برسان قڕی نایات، بگرە گوزەرانی خۆشتری دەستدەکەوێ.

هوما بە پێکەنینەوە گوتی:

ڕەنگە مێردێکی باشتری وەدەست بکەوێ، بەڵام شتێکی دیکەش هەیە، ئاخۆم میرزانەبی و باوەگەورە دەنگ ناکەن. ناکرێ لە تاوانی خۆش‌بی و بچی بە شوێنیدا؟ بێتو نەبێ لەو دووماڵە ڕووی لە یەکیان کردووە، پیاوان زوو لە ڕوو دادەمێنن.

ئەوە بۆخۆم دەزانم بیهێنمەوە یان تەڵاقی بدەم. هەرکەسە و قیبلەی ماڵی خۆی بۆخۆی دەزانێ. لەوەتەی وەبیرم دێت ئەم خەڵکە تەنیا هەر بە خەڵکدا هەڵدەشاخێن، ئەوان وەختێ قسە دەکەن ئەگەر من لەسەر بڕیاری خۆم خاو بم. ئەوان ناتوانن قسە لە کاروباری مندا بکەن. کەم‌لوتف و بێ‌دڵ و دەروون نیم، هەستە شێوەکەم بدەیە، بە کاری خۆم ڕادەگەم. جارێ ئەوەی بە کارمان دێت، خۆشەویستییە و ڕابواردن. بێ‌ڕوحم و دڵێش‌بم، خەمت نەبێ بەشی تۆم هەر هەیە، ڕۆژانی منداڵی و خۆشی لەدەست‌چووم سەروەت و سامانم، ژیان و ئەوەی بوومە و نەم‌بووە، ئێستا بە یەک شتەوە بەستراوە: تۆی تۆ، ئەوینی تۆ، ئەوەی بۆ من گرینگە ئێستایە، نەک سبەی، من بیر لە سبەی ناکەمەوە. بە بڕوای من جەوهەری ژیان مەبەست لە گوزەران، هەوڵ و تەقالا، تەماح و هەڵات‌هەڵات، هەر هەمووی لە ئەوین و خۆش‌ڕابواردندا دەگاتە کۆتایی، ئەوەی مرۆڤ لە ڕۆژی خۆناسینەوە حەزی لێیەتی و بە شوێنیدا وەیلانە و بۆ بەدەست‌هێنانی هەوڵ دەدا سەروەت وسەفایە، کەوابێ من ئەو ڕێگەیەم بڕیوە و پێی‌گەیشتووم. ئیتر خەمی چی بخۆم و چی‌ماوە هەناسەی بۆ هەڵبکێشم.

ئەم فکر و خەیاڵە دەروێش‌ئاسایە پێمل بوون و زەلیلی ئەو پیاوەی نیشان ئەدا کە ناوی ئەشقی لەسەر دانابوو، کەوابێ لێرەدا هوما ناحەقی نەبوو ئەگەر فڕی بە سەریدا سواربێ. بەپەلە نان و خوانی لە بەردەم سەراویدا دانا. بۆئەوەی قسە و باسەکەیان نیوەچڵ نەبێ، خۆی مەحتەل نەکرد، ژن و مێرد لە دنیای دڵ بە یەکدان و هۆگریدا، وادیاربوو بەتەمای دەست‌پێ‌کردنی ژیانێکی تازە بوون. هەروەکوو بووک و زاوا دەست لەنێو دەستا، دڵ و گیانیان بۆ یەکدی دەویست. بەعەینی دوو باڵندەی عاشق شەو لە هێلانەدا، لە دەست جەور و جەفای زریان و سەرما هەر جیکەو فیکەیان بوو. بە بێ‌هۆ پێدەکەنین و قاقایان دەکێشا و پاروویان دەکرد بە دەمی یەکترەوە، هوما لە سیمای پیاوانەی میراندا خەت‌و هێڵی تازەی دەبینی، فرەتر لە جاران تروسکەی ئەوین و دڵ‌دۆڕاوی پێوە دیاربوو، چڕو چاوی هەر لە جێگە پەنجەی مریشک دەچوو بەسەر قوڕی ماڵەسواخەوە. جگە لەوەی هێشتا سۆمای چاوی لە کەمی نەدابوو، بەڵکوو هێزی دیتنی باش بوو، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک لە هەرکەسێ ڕامایە بێگومان هیپنۆتیزمی دەکرد. تاقمێک ددانی دەست‌کردی لە دەمدا بوو،

بزە و پێکەنینی جوان لێدەکالاَیەوە و خۆشی لە دڵ دەنیشت. هەر ئەمە شایەدی دەدا بۆئەوەی لە دەروونی‌دایە، ئەمە ڕاستییەک بوو لە پاش پێنج ساڵ پێکەوە بوون و ژن‌و مێردایەتی گڕ و تینی ئەم خۆشەویستییە کەم‌هێز نەببوو سەرو بیچمی جوامێری هەڵکەوتبوو، ئاواش کە ڕدێنی تاشیبوو ئەوەندەی‌تر هەوەس‌بزوێن و بە دڵی یار خەزاڵی بوو، واتە هوما، حەوتەی جارێک سەری ڕەنگ دەکرد و بە قژێکی زەعفەرانی و ڕیشی تاس‌و لووسی زێدەتر دڵی لە هوما دەسەند. هەوڵی دەدا، لەو تەمەنەدا پیری بە ئەدگارییەوە دیاری نەدا، وەک گەنجێک توند و ماقوڵ خۆی وەدەر بخات. تەواوی ئەو فکر و تەقەلایەی بۆ ئەوە نەبوو لەگەڵ پیری بەربەرەکانێ بکا، یان خۆی وەک ڕۆستەمی زاڵ نیشان بدات، بەڵکوو حەزی ئەو ئەوینە ڕاوەستاوتری دەکرد، کە خۆی وەک باخەوانی گوڵستانێک دەبینی. لە وەرزی زستانی تەمەنیدا، تەنیا بۆئەوەی بتوانێ بۆ ڕۆژێک یان یەک ساعەتیش‌بێ هەست بکا کوڕە جحێڵەیە و لە بەرامبەر هومادا کەمی نەهێنێ. هەرچەندە هوما لە ڕابردوودا بەم گشتە ئەلاقە و خۆشەویستییەی کە میران سەبارەت بەو هەیبوو، هێشتا ڕیشەی لە دڵی دانەکوتابوو، واتە خۆی هەروەک میوانێک دەبینی، بەڵام ئێستا لەم‌لایەنەوە دڵنیابوو ئەمە بێجگە لەوەی ناچاری و بێدەرەتانی تووشی ئەم‌ڕۆژەی کردبوو، سەرەڕای ئەم جوانی و کەم‌تەمەنییەی بە پێنج ساڵ هاوژین و هاوسەرینی ئەم پیرەمێردەی کردبوو. لەپاش ئەمەش دەبوو پێ ڕابکێشێ و دەنگ نەکا. ئەو کە تازە لەلایەن حاجی بەنناوە هیوابڕاو بوو، مەیلی دوانەکەشی نابوو، خانەو لانەیەکی دیکەی شک نەدەبرد. ئیتر چارەیەکی نەبوو، هەر دەبوایە وەک دڵی لە سەراوی سەندبوو پشتی پێ‌ببەستێ و سەی‌میران هیچی بۆ گرینگ نەبوو کە لەو ژنەی گەرەک‌بێ، نە داهاتوو نە منداڵ، ئەمەش کە جارێ وشکاوی هاتبوو، بەڵکە ئەوی ببووە جەلابی هەست و دڵی ئەو، لە بەرچاوی جیلوەی جوانی و بێ‌وێنەیی ئەوبوو. ئەمەش دەبێ پشت‌گوێ نەخرێ کە هوما، نەک هەر لە سەی‌میران بەڵکوو تازە لە هیچ پیاوێکی دیکە منداڵی نەدەبوو کلاوسوور دەستی بە داوێنی نەدەگرت! ئیتر هەر بۆیە ئەوەندەی بۆی‌دەکرا تەندووری ئەشق و دڵداری نێڵ دەدا و ئەم پیاوەی پێ‌هەڵدەچۆقاند. ئەمەش باشترین کەرەسەیەک بوو ئەو ژنە کەڵکی لێ‌وەردەگرت. دیارە ئەمە نرخی ژیانی ڕاستەقینەی نەبوو. ئەو حەز و خۆشەویستییەی هەردووکیان دابوویان بە یەکدی. هەرچەندە جاروبارە بۆ خوێی چێشت دەنگ و هەرا و تاڵی و سوێری تێکەڵ دەبوو، ئیتر هەروەک لە ماکە سروشتییەکەی‌را دەردەکەوێ، دڵداری بە بێ‌ئازار و ناز مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێ. ئیدی لە ڕاستیدا ئەوانە هەر هەمووی خۆفریودان بوو، کە دیارە بەرەو هەڵەمووتی دەبردن. ئەوان خۆیان بە گیانێک

دەزانی لە دوو جەستەدا، ڕۆژ بەرۆژیش لاولاوی ئەم عەشقە گیانی بەگیانییە ئازاتر و ئارەزوومەندتر بە پەیژەی دڵداریدا سەردەکەوت، لەگەڵ چوونەسەری هەر پێپلیکانێکدا زووتر و زۆرتر بە ڕەمزو ڕاز و نێشو نۆشی ئەوین ئەگەیشتن. لە گەردوونەی ئەم کەونو مەکانەدا، هەروەک ئەمڕۆکە سروشتناسان لە تێکەڵبوونی دوو جۆر لە جۆرەکان نیشانە و جۆری سێیەم دەهێننە بەرهەم. ئەو دووانە لە کۆکردنەوەی ئاوا تاقیکارییەکدا بوو، کە موتوربەدرانی دووگیان، یان تێکهەڵکشانی یەکێک لەو دوانە بە نێو یەکدا ڕۆحێکی زاڵیان لێساخ ببێتەوە، ئەمەش بە بڕوای فکر و بۆچوونی سەیمیران، بۆی هەبوو لە جەستەی گیانداریکیتردا وەک گوڵێک، یان پەپوولەیەکی جواندا ژیانی هەرمانی درێژە پێبدات. ڕەفتار و خدەی سەیمیران کاردانەوەیەکی باشی کردبووە سەر هوما، ڕەفتاری دزێو و سەگئاسای کۆنە مێردەکەی هەر لە بیر مابوو، ئەو کوێرییەی لەوێ دیتبووی، ئەگەر ئافرەتێکی ژیر و بەئەزموون بوایە، دەبوو دابنیشێ و کاری بە کاری کەس نەبێ، ئەگەرکوو ئاسکە بە یەکجاری لەو ماڵەدا باری بکردایە و لە پێشچاوی ئەو بزر ببایە، بێگومان لە چەشنی گوڵ ئەم شیلە و بۆنەی نەدەما.

بەلام بە پێچەوانەی فکر و خەیاڵی هوما و سەیمیران و زۆر کەسی دیکەش. وایاندەزانی ئەوشەوە ئاسکە چۆتە ماڵی ئەو کەسانەی بە خەیاڵیاندا هاتووە، بەلام نا ئاسکە، نەچووبووە ماڵی میرزانەبی و باوەگەورە و نە خزمو ئەقرەبای خۆی، وەک دەروێش خەیروڵلا. خۆ ئەگەر ئەمشەوە جامی جەهاننەمایان بدابایەتە دەست سەیمیران بێگومان نەیدەتوانی لەم شاردەدا بیبینێتەوە، لەبەر ئەوەی ئاسکە بۆ هیچ جێگایەک نەچووبوو، تەنیا لەم ماڵەدا نەبێ، ئاسکە لە دڵی چەقیبوو دەبێ لەم ماڵەدا نەوە و نەتیژەی پێبگەیەنێ و هەر لەو ماڵەدا بژی و بمرێ. ئێوارەی ئەورۆژە دوای ئەوەی میرانی بێرەحم و دڵ، ئەم شەڕ و جەنجاڵییەی سازکرد و لە دەرگای حەسارێ بە پاڵپێوەنان کردییە دیویدەرێ، دەرگای لەسەر پێوەدا ئەو بەستەزمانە بە سەرو پێی پەتی لە نێوەڕاستی ئەم کۆلانەدا مایەوە، هەر ئەو کۆلانەی عومرێک گەورە و بچووکی ئەو گەڕەکە وەک کەیخاتووی گەروەماڵێک دەیانناسن و بە چاوی کەیخوداژنێک سەیری دەکەن. تۆ بڵێی غەدر و تاوان لەوە گەورەتریش هەبێ دەرحەق بە ئافرەتێک، کە دایکی جگەرگۆشەکانییەتی. چاکبوو لەوکاتەدا بەخت بە یەکجاری پشتی تێنەکردبوو، تایدەرگای حەساری ماڵی ساحەبخانم پێوەنەدرابوو، بەرلەوەی کەسێک بە شێواوی و ئاڵۆزی چاوی پێیبکەوێ خۆی بەو حەسارەدا کردبوو. دە دەقیقە دواتر ئەکرەم چارشێو و پێلاوی بۆ بردبوو. هەر ئەوەندەی تاریک داهات، سەرەڕای ئەم هەموو هەڕەشە

و ترس و تۆقاندنە، سەی‌میران وتبووی هەرکەس بیهێنێتەوە بەم ماڵەدا دەیکووژم و دەی‌برم. ژنە زۆر ژیرانە بەبێ ئەوەی هوما پێ‌بزانێ هێنابوویەوە ژووری، ئەگرەم بەبۆنەی کاروباری خەیاتی سەرقاڵی کردبوو. خاتووخورشید چارشێونوێژەکەی خۆی پێدابوو بردبوویە ژوورەکەی خۆی لە نزیک دالانەکە. ئەوشەوە، دوای ئەوەی سەی‌میران هاتەوە و شێوی خوارد و خەوت، لە خەڵوەتیەکەی ماڵی خورشید دەستەوئەژنۆ دانیشت و ئەسرینی هەڵوەراند. جارناجارێک بۆ چارەڕەشی خۆی پێکەنینی دەهات. منداڵەکان بە پەنامەکی خەبەردار بوون. ئەگەر وانەبوایە تاکوو ڕۆژ دەبۆوە هێندە دەگریان و دەنووزانەوە چۆقی ڕەشیان دەکرد و وەرهەمیان هەڵدەهێنا. بەبیانووی چوونە سەردەست بەئاو، هەرجارەی یەکیان دەچوو چاویان بە دایکیان دەکەوت و دەگەڕانەوە. ئەوانەی کەم‌تاقەت‌تر بوون لەلای دایە دەمانەوە. خاتووخورشید بەم‌کارەی کردبووی زۆر زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام نەیدەتوانی بێ‌خەم و دڵەڕاوکێی نەبێ. نەیدەزانی وەختێ سەی‌میران پێیان‌بزانێ چییان پێدەڵێ و چۆنیان لەگەڵ دەسازێ. ئەم پیاوە هەروەک زۆربەی خەڵکی کرماشان لە کاتی ئاساییدا نەرم و لەسەرەخۆو، ڕواڵەت‌بین و خۆش‌باوەڕ بوو لە وەختی تووڕەبووندا دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد و چاوی بەرپێی خۆی نەدەدیت. ئەم ژنە هەژارەش ئەمڕۆ بەختی وەرگەڕا و کردی کۆ نەبوو، بەنیاز بوو بۆ کاری ئوتووکێشی ببێ بە زامنی و بەرعۆدەی بێت. بەڵام ئەو ترسەی خاتوو خورشید هەیبوو لە سەی‌میران، ئاسکە نەیبوو. وەختێ بیستییەوە میران چی بە جیرانەکان گوتبوو، لە دوای دەرکردنەکەی، هیچی نەگوت. هەروەک ئەو کەسانەی زۆری لەو ئاوە دابێ و تووشی گونگەڵی ڕۆژگار هاتبێ شانی هەڵتەکاند و بەهێندی نەگرت. ئەم شەڕ و هەرایەی میران لەو ماڵەدا سازی کرد و لە پێش‌چاوی دەروجیران ئاوا بێ‌ڕێزی پێ‌کردبوو وەک ئەوەی مێشک و دڵی تەزیبێ، بیری لەوە نەدەکردەوە تەڵاق وەربگرێ یان نا. گلارە هەمووی بۆ گێڕایەوە کە بابی هاتۆتە ژوورەکەیان و دوولایی سندووقەکەی شکاندووە و ژێرچەنە و ئەنگوستیلە و زەمبەرەکانی بردووە، ئاسکە ئارام و لەسەرەخۆ بەڵام دڵشکاو وەڵامی دایەوە:

وادیارە بەتەمایە بە فرۆشتنی ئەم شتانە قەرز و قۆڵەی خانمەکەی بداتەوە، ئەگەر نەمرم بە چاوی خۆم دەیبینم لەو شارەدا توورەکەی سواڵی دەدا بە شانیدا!

زۆری نەمابوو بڵێ، میران هەزار تمەن بەمو بەو قەرزدارە، لە دڵی خۆیدا ڕای‌گرت و دەرخۆنەیەکی لەسەر دانا و کەوتە سەرکۆنەکردنی خۆی:

ژنەکە ئەمە چ قسەیەکە تۆ لەلای خورشید دەیکەی؟ تۆ نازانی ئەم ژنە قسە لە دەمیدا ڕاناوەستێ؟ تۆ دەتەوێ لەکن دەروجیران ئابڕوو حەیامان بچێ هەرەس‌هێنان و تێکڕووخانی من لەم شارەدا دەنگ‌بداتەوە؟ تۆ ئەوەت دەوێ؟ سەی‌میران تەنانەت باسی ئەم‌شتەی لەلای هوما نەکردبوو.

میردەکەی خاتووخورشید لە ژووری دانیشتبوو متەقی نەدەکرد. هەروەک لەم ماڵەدا هیچ شتێ نەبووبێ هەموویان لەوە دەترسان لەپڕ هوما خۆی بکا بە ژووریدا. زەڕی بەتەما بوو دەرگای ژوورەکە پێوەبدا، دایکی نەیهێشت. بەم‌کارە هوما شکی تێ‌کردن. هاوین و دەرگا و پەنجەرە پێوەدانیان نەگوتووە. بیژەن هەروەک دایمە لاساری و کەللەڕەقی دەنواند. بۆئەوەی تۆڵەی دایکی بکاتەوە دەستی دابووە قوڵەدارەکەی جەلال، گوتی:

ئەگەر بێت بۆ ئەم ژوورە، بەم دارە تەپڵی‌سەری دەشکێنم.

ئاسکە بە پێکەنینەوە پرسی:

ئەی ئەگەر بابت بێتە ژووری چی‌لێدەکەی؟

بیژەن مەحتەل مابوو نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، کەندوویەکی گەورە لە خەڵوەتیەکەی ژووی خاتووخورشید دابوو تەواو دوو خەڵوار ئاردی جێ دەبۆوە، پێشتر خاوەنماڵ بۆ کەل‌وپەل کەڵکی لێ‌وەردەگرت. ئیتر لایەکی دیوەکەی گرتبوو، لەوەتەی لەوێ داندرابوو قەت وانەبوو کاریان بە کاری بێ. هەر ئەوکاتەی ئاسکە ئەم قسەیەی کرد، سەی‌میران تەق‌تەق لە دەرگای‌دا و هاتە ژووری.

مەهدی لەباتی براکەی گوتی:

ئەگەر بابم هاتەژووری، دایکم لە کەندووەکەدا دەشارینەوە.

ئاسکە پێکەنی و بە چارشێوەکەی فرمێسکەکانی سڕییەوە.

خورشید گوتی:

ئەم کەندووەمان بۆ تۆ داناوە، هەروەختێ ویستمان گونەکەت خەتەنە بکەین. بۆئەوەی شەرم نەکەی لەو کەندووەدا داتدەنێین.

ئاسکە پڕ بە دەستی کوڵمەکانی گرت و ماچی کرد:

گون‌و منەکەشت بخۆم دایکی‌دایکم. ئەوەندە خەمی دایکی خۆتە؟!

گلارە لە پەنای دایکی دانیشتبوو بۆئەوەی دڵی بەخۆی نەمێنێ ئەویشی ماچ کرد. کچ لە ماڵی مێردیش بێ، هێشتا چاوی لە خۆشەویستی و موحیببەتی دایکییەتی. هەرچەندە گلارە لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا بوو، بەڵام بۆ دایکی هەر منداڵەکەی جاران بوو. بۆ ئاخرجار، سەیمیران وەختێ هاتە حەوشە و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، هوما شۆقی چراکەی کەم کردەوە، ئاسکە هەرچەندە تەواو دڵنیابوو لە حەشارگەی خەڵوەتی هاتەدەرێ و نیوسەعات دواتر خۆی خزاندە پەنا منداڵەکانی و تەخت لێیخەوت. بۆ بەیانیدا هوما زووتر لە ڕۆژان لە خەو هەستابوو، میران سەماوەرەکەی تێخستبوو ئەویش فلچە و سابوونی هەڵگرت و چووە خوارێ. بەڵام بەبێ ئەوەی ددانی بشۆرێ خێرا گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، جگە لەوەی هەواڵیدا بە مێردەکەی، کە ئاسکە لەلای منداڵەکانیەتی، بە نیگەرانییەوە گوتی:

ئەگەر ئەم ژنە بە دڵەوە ڕازی بوایە، هێشتا دەست لێهەڵگرتنی کارێکی باشنییە. ئەوە وەک تەون وایە هەڵوەشاندنی بیرێکی ژیرانە نییە. هەر وەکوو پێمگوتی، دیسان دەیڵێمەوە، ئەگەر دەتەوێ لەم دەردەسەری و دوو ژنییە زرگارت ببێ، دەست لە من هەڵبگرە و خۆت ئاسوودە بکە، بە شێتم مەزانە و ئەمە قسەی دڵمە سەراوی، تەڵاقم بدە و بڕۆ بەلای ژن و منداڵی خۆتەوە. دەستبەردان لە من هاسانترە تاکوو لە ئەو.

سەیمیران لە ژێر برۆ پانەکەیەوە وەک بازی ڕاوی تێیڕاما. بەڵام هوما لە ژێر تەوژمی نیگایدا نەیتوانی خۆیڕابگرێ و لە حەژمەتان سەرگۆنای سوور هەڵگەڕا. میران وازی لەم تێڕامانە ئاشقانەیە هێنا و گوتی:

بەسیەتی هوما، ئەم قسە بێتامانە چییە دەیکەی!

قسەی بێتامیچی، بەخودا بە دڵ و گیان وادەڵێم، باوەڕم پێناکەی؟

زۆرباشە، هەروەختێ چووم بۆ مەحزەر، هەردووکتان لەتەک خۆمدا دەبەم و تەڵاقتان دەدەم. هەروەک چۆن ئەو ڕۆژە چووم ددانێکم بکێشم و سیازدەیانم دەرهێنا و هاتمەوە بۆ ماڵێ، پێموابێ باشتروایە لەمەولا تەنیا و ڕەبەن دانیشم. هوما جوان گوێم لێبگرە، هەروەک پێشتر ئەم قسەیەم کردووە، هەتا مردن ملم بە ملتەوەیە، یان لە گڵم دەنێی، یا لەگڵت دەنێم. مەگەر ئەوەی وەک بەندییەکە بۆ ڕزگاربوونت خۆت بکەیتە مردوو، لەمە زیاتر ڕێگەیەکیتر نییە. بەڵام نا، ڕێگایەکی دیکەش هەیە،ئەمش ئەوەیە من بمرم.

هوما بە بیستنی ئەم قسەیە نێوچاوانی تێکنا و دەستی گرت بە دەمی سەیمیرانەوە و گوتی:

وەی تۆ خودا شتی وا مەڵێ، خوا ئەم ڕۆژە نەهێنێ! نەتەوەویستت بمرێ. یاخوا من پێش‌مەرگت بم! چۆن من دەتوانم لەپاش تۆ بمێنم و بە ڕەش‌پۆشی دانیشم. دوای تۆ بێوەژن بم. خودا بەم ڕۆژە نەکا. من کە ناتوانم وەک ئەو ژنە بەغیرەتە بم کە شەوانە لەگەڵ مارێک دەنووست، ناوەکەیم لە بیر نەماوە، خۆ دەتوانم دۆعا بکەم دوای مەرگی تۆ نەمێنم.

ئەی ئەوە هاتوو دۆعاکەت گیرا نەبوو؟

ئەوکاتی شەرت‌و پەیمان دەبەستم، لەپاش مردنی مێردەکەم، هەر وەکوو ئێستا باسم‌کرد، خۆم لە گوڵ دەدەم و لەگەڵ تۆدا دێمە نێو گۆڕەکەوە!

سەی‌میران بە دەنگی بەرز قاقایەکی کێشا، هوما لەووەختەدا کە خەریک بوو دابنیشێ و چایی تێبکا گوتی:

قسەکەی من پێکەنینی ناوێ، ئەوەنەبوو خۆت بۆت باس‌کردم، لە هێندووستان تایەفەیەک بوون یان هەنووکەش هەرماون. هەر بەم داب‌و دەستوورە هەستان و دانیشتنیان کردووە؟ ئەگەر ئەمە چیرۆک و ئەفسانەش بێ، هەر لەبەرئەوەی قەدر و حورمەتی ئەوین و خۆشەویستی بە باڵای حەوتەم ئاسمان بەرز ڕاگرتووە بڕوام پێی‌هەیە و بەراستەقینەی دەزانم. ئەگەر بێتوو خۆمان لە هەست و خەیاڵ دوور بگرین بە دڵەوە بەڵێنت پێدەدەم، هەروەکوو تا ئێستا بە دڵی من ڕەفتارت کردووە، منیش تاکوو ئەم تۆزە عومرەم ماوە لە عەمرو نیای تۆدا بم و بە دڵی تۆ هەستم و دانیشم. بەڵام بەومەرجەی هەر ئێستا بە دڵەوە پێم‌بڵێی تۆم خۆش‌دەوێ! تۆ ئاشقی کوێی من بوویی؟

سەرتاپای جەستە و گیانت. تەواو لەنجە و لارت، من جوانی تۆ دەپەرستم و ئەمەش بە داخەوە تەنیا شتێکە لەگەڵ چوونەسەرێی تەمەن سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ، بڕۆ ژیر و بەبیر بە و تاجی ئەقڵداری بنێ سەرت.

من زۆر بۆم گرینگ نییە، منت خۆش‌بوێ یان جوانییەکەم. تۆ پێم بڵێ، سەراوی ئەی ئەگەر هاتوو من بمرم، ئەوسا تۆ چیدەکەی؟

چما تۆ بمری، ئەگەر لە دەستم‌بێ منیش وەک شاهی جیهان ئارامگایەکت لە بەردی مەڕمەڕ بۆ ساز دەکەم. لە تابووتی بلووردا هەڵتدەگرم. لە دوای تۆ لەگەڵ هیچ ئافرەتێک سەرناکەمە سەرسەرین. وەسیەت دەکەم کاتێ مردم لە پەنا تۆ بمنێژن. هەتا بۆم‌بکرێ گومبەزیت بۆ دروست دەکەم.

ئابەمە دەڵێن قسەی پیاوانە، سەراوی، من دەمەوێ ئەوەی لە پاش مەرگم دەیکەی ئێستا بیکە و خۆی لێمەشارەوە، گومبەزییەکبێ مۆمێکی لە نێوەڕاستەکەیدا هەڵکرابێ، ئەمەش بزانە خێری زۆرترە لە سازکردنی مزگەوت و خانەقاگەل. بەڵام لەباری جەفەنگ دەرچێ، تەنیا تکایەکم هەیە، لەپاش مردنم خێرا ژن بهێنی، نەک بە ڕەبەنی دابنیشی، دەبێ زۆریش لە من جوانتر بێ. گوێم لێبگرە، ئاخۆم بەڕاستی ئەمڕۆ بەتەمای بچێ بۆ مەحزەر؟

هەرئێستا.

ئەویش لەگەڵ خۆت دەبەی؟

نا، پێویست ناکا ئەو لەگەڵ خۆم ببەم. هەر ئەو کەسەی حوکمی تەلاقەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە خەبەری تەلاقدرانیشی پێدەدات.

سەیمیران بەدوای ئەم وتەیەدا چایەکەی هەڵقوڕاند و تەق ئیستیکانەکەی لەسەر ژێرپیاڵەکە دانا. هەرچەندە بە چایەک و دووان دانەدەکەوت، بەڵام بە دوای ئەم چاییەدا خێرا هەستا سەرپێ، دەستیکرد بە لەبەرکردنی جلەکانی. هوما بە شڵەژاوییەوە تەماشایەکی کرد و گوتی:

ئۆی سەراوی، بەخودا تۆ لە حاجی بەننا دڵڕەقتری! لەوە دەترسم هەردووکمان خوداگیری ئاسکە بین. هەر نەبێ تۆ وەک ئەو کابرایە مەکە، منداڵەکانی لێمەستێنە. باشە؟ خودایە، چەندە ناخۆش دەبێ؟! خەڵک چی بە من دەڵێن؟! پەلەمەکە، نێفەکی پاتۆڵەکەت خوارە، نیوەڕۆ، ئەگەر هاتییەوە ئەم کراسەت دابنێ بۆت دەشۆرم. بۆ ئەوەندە ئارەقە دەکەی، دەڵێی دۆت پێداڕژاوە. تۆ دەبێ ڕۆژی جارێک کراس بگۆڕی.

هوما نێفەکی پاتۆڵەکەی بۆ ڕاست کرد. هەردووکیان بە دەنگێک داچڵەکین و گوێیان هەڵخست. گۆیا یەکێک لە دەرگای حەساریدا بوو. کچەکەی خورشید چوو دەرگای کردەوە، لە گەڕانەوەدا هاتە بەرپەنجەرەکەی سەیمیران و بە شەرمەوە گوتی:

هوماخاتوون، هوماخاتوون، پاسەوانێک لە بەردەرگایە و کاری بە مەشەدییە!

هوما بە سەرسووڕمانەوە چاوی لە چاوی میران بڕی، سەیمیران ڕەنگی تێکچوو، بەڵام خۆی شل نەکرد، بیستنی ناوی پۆلیس خۆشنییە، بەڵام ئەوکەسەی پاک و بێغەشە، هیچ ترسی نییە لە بای هەڕەشە. لەبەرخۆیەوە نەختێک تێڕاما و گوتی:

لەوەدەچێ لە ئیدارەی نیزامەشمولیڕا هاتبێتن تازە لەمەولا ئیتر تۆبە دەکەم دەستی کەوتوویەک بگرم و هەڵیبستێنمەوە، بەحاڵ وەبیرم دێتەوە، بیست ساڵ لەوەپێش بوو چووم شایەدیمدا بۆ کوڕی

موسا تیرفرۆش بۆئەوەی پێناسە وەربگرێ (سجیل) ئێستاش کاتی ئەوەهاتووە ببیەن بۆسەربازی، ئەوە هەژدە ساڵە بابی سەری خۆی هەڵگرتووە و کەس بە مەوتەنی نازانێ مەعلووم نییە ماوە یان مردووە، ئەوە لەونێوەدا من تووشی چەرمەسەری هاتووم!

هوما لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرێی کرد. لەو دەمودەستەدا سەیمیران بەپەلە کۆتەکەی لەبەر کرد. جگەرەیەکی بە دارسیگارەکەوە کرد. بە بێڵایەدا چووە خوارێ، پێش‌ئەوەی بگاتەدەرێ، لە حەسارەکە خۆی قیت کردەوە پێیان‌وتبوو پاسەوانەکە قەڵافەتی مام‌ناوەندی و تۆزێک زگی بەربۆتەوە، گووپەکانی بە قوڵدا چوون. هەروەک عەسکەرگەلی عوسمانی لەوکاتەدا پەلاماری ئێرانیان‌دا زۆر بێ‌شەرمانە هەتا بەردالانەکە هاتبوو، لەباتی چەکمە شەڕواڵی ڕاستەی لە پێدابوو. لاقێکی لە بان پلیکانی دالانەکە و ئەوی‌تری لە حەوشەکەدا بوو. سەیمیران وەختێ نزیک بۆوە، چاوی کەوت بە سێبەری چەند کەسێک، لە باوەشی دالانەکەدا، وەک دارمانی دیواری خشت و مۆرە دڵو دەرونی تێکڕووخا. دنیایەک ترس و نێگەرانی ئاوقای بوو، لە نێو ئەواندا قەڵافەتی سۆغرا «موفەتیش» پشکێنەر بە جل‌وبەرگی پیاوانەوە دەهات‌و دەچوو، ورد و درشتی ئەم خەڵکە بە ڕێزەوە لێیان دەڕوانی، وەک گورگ چاوی تێبڕیبوون، وەک‌ئەوەی هەر بە ڕێگاڕۆینیدا شتێکی وەدەست بکەوێ وابوو. بەرلەوەی وشەیەک بە زاریدا بێت و پرسیاری لێ‌بکا بۆچی بەم بەیانییە، بەردەرگای پێگرتووە، یەکێ لە پیاوەکان لە ڕواڵەتدا بەئەدەب و ئارام دیاربوو، هاتەپێشێ و بە هێمنی گوتی:

پێیان وتووین لەم ماڵەدا کەل‌وپەلی یاساخ هەیە، ڕێگە ئەدەن چەند خولەکێک کات و وەختی ئێوە بگرین؟

سەیمیران دڵنیابوو لە کارقایمی خۆی و شوێنی پارچەکان. بە دڵ دەیزانی دەبێ کەسێک ڕاپۆرتی لێدابێتن. گوتی:

بە هەڵە ئێوەیان ناردۆتە ئێرە، فەرموون کوێتان پێخۆشە بیپشکنن. (دەستی بۆ حەسارە گەورەکە ڕاداشت.)

پاسەوانە زگزلەکە، هەر لە جێی خۆی ڕاوەستا تاکوو لە حەسارەکەدا چاوی بەسەر هات‌وچۆی جیرانەکانەوە بێ، دواتریش زانییان پاسەوانێک لە بەردەرگای دەرێ کێشکچی بوو، پشکێنەران لەلایەن ئیدارەی گومرکەوە هاتبوون، لە خاوەن‌ماڵیان پرسی ئەو ژوورانەی بەدەست خۆیانەوەن کامانەن. سەیمیران دوو ژووری گەورە و بچووکی پێ‌نیشاندان. ئەم هاتن و گەڕانە بۆ

ئەو لە جنێو و بێحورمەتی خراپتر بوو. خۆیانکرد بە ژوورەکەی ئاسکەدا، ئاسکە لە ژووریٚ بوو، لە ماوەی پێنج دەقیقەدا سیٚ پیاو و ژنێک نێو یەخەدان و هەموو کەلوپەلی ئەو دیوەیان لێکدا. فەرش و مافوورەیان هەڵدایەوە و دۆشەک و لێفەیان سیخئاژین کرد. لێفەی سەرکورسییەکەیان لە نێو نوێنەکاندا هێنادەریٚ و ئەو دیوار و دیو و سەرتەقەڵ و بنتەقەڵیان دۆزی و دەستیان تیٚوەردا، دەم لە پووش بوون و هیچیان نەدۆزییەوە، چوونە ژوورەکەی هوما و لەوێش بە دەستی بەتاڵ هاتنەوە دەریٚ، لە ژوورەکەی هوما، وەختیٚ ئەم ڕەفتار و ئەتوارەی ئەویان بینی بەسەر سندووقەکەیەوە کەوتنە شکەوە، سوغرا موفەتیش هەر بۆ ئەم وەختو ساتانە هاتبوو لە ژوورە بچووکەکەدا، دەستیکرد بە پشکنینی هوما. قەوارەیەک ساتینی کرێمی گوڵداری لە بن کراسەکەیەوە بە دەرزی بەرۆک لە جلەکانی بەری قایم کردبوو، تاکوو پاسەوانەکان شکی تێنەکەن. ڕەنگی بزرکا و خۆی دۆڕاند. هەرچەندە لە هەرکات و وەختێکدا کەمتر پیاو دەیتوانی چاو لە بەرجوانی ڕابگریٚ و لەبەر بەژن و باڵای نەمریٚ، بەڵام لە بەختی ڕەشی میران نەیتوانی ڕاوی ئەو پاسەوانانە بکا و ئەوان ڕاوی ئەویان کرد. هوما تف لە دەمیدا وشک بوو گوتی:

ئەوە مێردەکەم لە سەفەری خۆراسان بە دیاری بۆی هێناوم، قاچاخی نییە.

پاسەوانان پارچەکەیان بە دەستەوە گرت و هاتنەوە حەساریٚ، سەیمیران بە تەنیشت هومادا تێپەڕی و بۆڵەیەکی لێوەهات:

هەر تۆ شت بشارییەوە، بۆ زووتر بە منت نەدەگوت، تاکوو لە جێگایەکی باش هەڵمگرتبایە؟

هوما هەروا تاساو و حەبەسابوو. بە ترس و پەشیمانییەوە گوتی:

بەتەما بووم ئەمڕۆ بیبەم لەلای خەیات بیدوورم.

گوێیمەدەریٚ، هەموو ژنێک سیٚ میتر قوماشی لە یەخدانەکەیدا هەیە. خۆت نیگەران نیشان مەدە، خوابکا هەر بەم دانەیە لەکۆڵ ببنەوە، ئەگەر لێیان پرسی، بۆ شاردبووتەوە، بێژە ترسابووم.

هوما دەمی کردەوە شتێک بڵیٚ، پاسەوانێک دوو هەنگاو لەولای ئەوانەو لەسەر سەیمیران مەحتەل بوو، چوو بۆ حەساریٚ و تێکەڵ بە هاوڕێکانی بوو، بەم ڕوانین و مڵۆومۆیەدا دیاربوو لە هەوڵی ئەوەدابوون دەرو ژووری ئەو ماڵە هەڵگێڕ وەرگێڕ بکەن. سوغرا موفەتیش ئەو ژنە بوو کە قەڵافەتی تەواو میرانە بوو، بەرلەوەی لەچکە و چارشێو کۆ بکرێتەوە ئەو جلوبەرگی پیاوانی دەکرد بەری و بە سەرو پرچی ڕووت و شانەکراو، باکی لە کەس نەبوو بۆ هەموولایەک دەچوو، تەنانەت لە شار و بازاڕیش هەرکەس دەیبینی لەو چاوە زیت و گورگییەی دەترسا و دەیانزانی مرۆیەکی

دڵڕەقە و خووی دڕندەی هەیە، وەختێ هات و لە پەنای سەی‌میران دەستی لە کەلەکەی‌نا، زۆر خۆمانە پرسیاری لێکرد:

هاوسەرەکەت ئەو قەوارە قوماشەی لەکوێ بوو؟

سەی‌میران بە دوودڵییەوە وەڵامی‌دایەوە:

ماوەیەک لەوەپێش دەچوو فێری خەیاتی ببێ، لە شوێنی کارەکەی هێناویەتی، من ئاگام لێنییە، ڕەنگە هەر لەمێژ بێ هەی‌بووبێ.

هەر ئەو پیاوەی لە پێشدا هاتبووە بەردەرگا، قسەی لەگەڵ میران دەکرد. کەڵەگەتێکی بێ‌داروبار بوو لە کاتی قسەکردندا چاوی هەڵنەدەهێنا، بە زمانێکی زبر و تووڕەوە پێی‌وت:

بێجگەلەوە، قەوارەیەک پارچەی قاچاخ لەمماڵەدا شاردراوەتەوە، ئێمە دڵنیان لێرەیە و دەیبینینەوە، ئەگەر بێتوو خۆت، جێگای شتەکەمان نیشان بدەی با لەوە زیاتر نەسووڕێینەوە و وەختی ئێوەش نەگرین. لەوانەیە لە جورم و تاوانەکەت کەم بکەینەوە، ئەم هاوکارییەت لەگەڵ ئێمە بە قازانجت تەواو دەبێ (سەی‌میران بەراست و چەپدا سەری بادەدا) زۆر باشە ئێوە دەفەرموون هیچ‌نییە، ئەگەروایە ئێمە دەست‌دەکەین بە گەڕان، هەر ئەلێرەوە، دەکرێ بڵێی ئەم ژێرزەمینە دەرگاکەی قفڵ‌دراوە هی‌کێیە؟

سەی‌میران نەختێک ترسی ڕێنیشت، بەڵام خێرا وەڵامی‌داوە:

ئەم ژێرخانە بەدەست ژن و پیاوێکەوە بوو، ئێستا نەماون. زۆر لەمێژ نییە مردوون. هەنووکە کەل‌وپەلەکەیان لەم دیوەدایە و کلیلەکەی بە،

ویستی بڵێ کلیلەکەی لەکن خوشکی مردووەکەیە، ئەمە ژوورەکەیەتی، ڕووی کردە خورشید لەبەر بێڵایە ڕراوەستابوو، بەڵام خێرا قسەکەی خۆی گۆڕی و گوتی:

بەڵێ کلیلەکەی لەکن کوڕەکەیانە.

کوڕەکەیان ئیش‌و کاری چییە و لەکوێ کار دەکا؟ مەعلووم نییە لەکوێ کار دەکا، هەر ڕۆژەی لە کۆڵانێکە. گۆیا چەند ڕۆژێکە بەرد دەکێشێ، ئیتر نازانم بۆ کێ کار دەکا.

نازانی لە چ کات‌وساتێکی ڕۆژدا دێتەوە بۆ ماڵێ؟

من تەواو نازانم، سێ ڕۆژ لەوەپێش بوو هاتەوە پێمەڕە ئەسپەردارەکەی بابی برد بیفرۆشێ تا ئێستا نەم‌دیوە بێتەوە، هەتیوەیەکی لات و بەڕەڵڵایە، ئەوەندەی دێتەوە لەگەڵ پووری لەسەر ئەم شتانە دەیکاتە گوڕە و هەرا، ناچارین بە زۆر وەدەری بنێین، هەر لەبەر ئەوەی دایک و بابی نەماوە

و بابی لەوەپێش کرێکاری خۆم بووە، حەزناکەم جوابی بکەم. جگەلەوەش ئەم ژێرزەوینە چ خێرێکی بۆ من هەیە تاکوو شڕەی بخەمە دەرێ.

کابرای پشکێنەر، لەوەزیاتر گوێی بۆ قسەکانی شل نەکرد. تەلێکی کرد بە قفڵەکەدا و هەڵی‌گرت، پشیلەیەک چەندجار میاواندی و لە دەلاقەی ژوورەکەوە دەرپەڕی و خۆی‌کرد بە ژێر پلیکانەکاندا. لەوێشەوە گەیشتە سەر حەوزەکە و ملی‌نا لە ئاوخواردنەوە. ژێرزەمین تاریک و شی‌دار بوو، قەت لەوە نەدەچوو کەس لێرەدا ژیابێ، بۆنی کاو دارو هەڵاشی ڕزیوی لێ‌دەهات. نە فەڕشێک نە کوتەبەڕەیەکی لێ‌دانەخرابوو. هەر ئەمانەش بووە هۆی دڵساردبوونەوەی پشکێنەران. بە دیوارە ماڵەسواخەکەوە کە هیچ تاقەیەکی تێدا نەبوو، چەند دانە کەو و بێژنگ و داشگیر هەڵواسرابوون. وەختێ تەواو چاویان لەگەڵ تاریکی ڕاهات، بۆیان دەرکەوت چی‌تێدایە و چی‌تێدا نییە. لە سووچێکی ژوورەکە، کەندوویەکی گەورەی لێبوو کورسییەک لە سەری نخوون کرابۆوە، لە کۆشی کورسییەکەشدا مەنقەڵییەکی لاشکاوی گڵین و بالیفەیەکی هەڵوەشاوی چڵکن و وەروەرەیەک و زەمبیلەیەکی پڕ لە لۆکەی کۆن سەریان کردبوو بە نێو یەکدا. لەلایەکی دیکەشەوە سوێنەیەکی پڕ لە قالۆنچەی مردوو دەبیندرا، لە پەنا ئەمەشدا تەڵەی مشک یەک‌دوو مست چەقاڵەی کۆخ بڵاو ببۆوە، ئەمەش ئاخرین یادگاری گوڵمحەممد بوو کە لە ماهی‌دەشتەوە هێنابوویەوە، جگە لەوشتانە پێستە و ڕیخۆڵەی لێبوو ئەمانەش بۆ سازکردنی کەو و بێژنگ داندرابوون. تەشی و خەڕەکی بێکارەی پووربەگم لەولاوە بێ‌خاوەن کەوتبوون. هەر ئەم کەل‌وپەلە تۆزلەسەر نیشتووە وای‌کردبوو پاسەوانەکان زێدەتر شکیان قایم بێت. یان لە خێروبێری بگوزەرێن. یەکیان بە وەکازەکەی دەستی چەند جارێک لە بن‌میچ و تەرکی ژوورەکەی کوتا و گوێ‌قوڵاخ بوو. لە قولینچکێکی ژوورەکە بەتالاییەک سەرنجی ڕاکێشا، سەی‌میران وتی، ئەمە جاران شوێنی کورسی بووە، گوێیان پێنەدا بە شیشەیەک ملیان‌نا لە هەڵکۆڵینی تەرکی ژێرزەمینەکە، گڵو خۆڵەکەیان لادا، وەک‌ئەوەی دڵنیابن لە هەوڵ و پشکنینی خۆیان، زۆر دڵخۆش بوون. بێ‌ئەوەی سەریان سووڕبمێنێ کیسەیەکی گەورەیان دیتەوە، ئیتر هەر لەم شوێنەدا گەڕان تەواوبوو، دە دەقیقە دواتر، بۆئەوەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکە بنووسنەوە، لەسەر چرپاکە دانیشتن. جیرانەکان بۆ ئەم پێشهاتە زۆر بەداخەوە بوون. پێیان ناخۆش بوو ئەم پیاوە باشە بۆ ئاوا تووشی نەدامەتی و ڕۆژەڕەشی هاتووە، ئەوەی دۆزییانەوە هەر هەموویان لەسەر تەختەکە هەڵڕشت، وەکوو قەوارەگەلی، ساتین و سلکا و ئەتڵەس و کریپدوشین و فایدوشین و زۆر شتی دیکەش. چەند تۆپێک بوون هەمووی پارچەی جوان و نایاب.

تەواویان سەریان سوورِ مابوو ئەو شتانە بە کوێدا خزاونەتە ئەو ماڵە، سەیمیران چۆناوچۆن ئەم شتانەی لە چاڵ ناوە، کەسیش نەیزانیوە، یەکەم فکرێک کە بە مێشکی کچ و ژنی دراوسێکاندا هاتبوو ئەوەبوو بۆ نەبوون بە خاوەنی ئەم قوماشە مفت و خۆڕاییانە. ئەمە خۆزگەی ئەوان بوو لەوکاتەدا، ئەوانیش بە مورادی خۆیان دەگەیشتن و خاوەن ماڵیش لە تاوانی کەم دەبۆوە. بەڵام مەخابن بۆ درەختی بریاکە وەبەر نەهات. ئەم زارۆڵانەی کە هێشتا نەهاتوونەتە ئەم جیهانە و حەزیای مەرگ هەڵیلووشین! پاسەوانە داڵگۆشتەکە، خەریکبوو کڵاو و شانوملی خۆی دەتەکاند. تۆز و خۆڵ و تەنافی جاڵجاڵووکەی پێوەبوو. ئەو ژنەی جلوبەرگی پیاوانی لەبەردا بوو بە دەوری باخچەکەدا دەهات و دەچوو، لەسەر هەردوو پەنجەی پێی هەڵتووتەکابوو دەستی بە گوڵ و چڵەکاندا دەهێنا. لەوەدەچوو هێشتا بەتەمای شتێک بێ، سەیمیران کڕوکپ، ڕۆح هاتبووە سەرکوتی لووتی. لەسەر چرپاکە دانیشتبوو هەردوو دەستی کردبووە هێلانە بۆ دەموو چاوی. چەقۆت لێدابایە خوێنی نەدەهات. ئاسکە مات و پەرێشان پاڵیدابوو بە دیواری ژوورەکەی خۆیەوە و داخ و دەردی خۆی لە بیر چووبۆوە، ئەمەی بە کۆسپێکی گەورە دەزانی و هەناسەی هەڵدەکێشا. خۆی دەلاواندەوە و بەدەم خۆڕاژاندنەوە لە سنگی خۆی دەدا، وەکئەوەی لەبەرخۆیەوە بڵێ: ماڵوێران بووم! قوڕ کرا بەسەرمدا! ـ منداڵانی بەم دیمەنە حەجمینیان لێهەڵگیرا بوو، لە پەنا دایکیان دەچوونە حەساریَ و لەوێشەوە دەهاتنەوە لە تەنیشت دایکیان دادەنیشتن. ئەوانیش بەم منداڵییەی خۆیان دەیانزانی بابیان تووشی بەڵایەکی خراپ هاتووە ژن و منداڵ هەر هەموویان هیوابڕاو دەستیان لە خۆیان بەردابوو، زۆر دوور نەبوو پشکێنەران بەزەییان بەم خاوو خێزانەدا بێت و وازیان لێبهێنن. ئەو لە ڕاستیدا خەتایەکی نەکردبوو، نە بە دیواری کەسدا سەرکەوتبوو نە ماڵی بەشەرێکی دزیبوو، هەر لە بنەماڵەوە نانبدە و میوانگر بوو، ماڵی ئەو دایمە قۆناخی غەریبان بوو. بەڵام زۆر حەیف و خەسار، ئەمڕۆ بەهۆی هەڵەیەکەوە تێدابچێ و ببێتە تۆزی بانان. ئەمە خەمخۆری و فکر و نیگەرانی ئەوکەسانە بوو ئاگایان لەو ڕووداو و کێشەیە بوو لەو ماڵەدا ڕووی دابوو، بەڵام ئەو چاخەی دیتیان سەیمیران هێڕهێڕ سووڕەت جەلەسەی بۆ ئیمزا کردن و پەنجەمۆری پێدانا، کیسەی پڕ لە قوماشیدا بە شانیدا و هاوڕێ لەگەڵ پاسەمانەکان لە ماڵ چووەدەرێ، هەموو زانییان تازە کار لەکار ترازاوە و ئەوەی نەدەبوو ببێ، بووە.

وەختێ ئاو ڕژا، تازە کۆ نابێتەوە، بەمحاڵەشەوە دەستی لە هەوڵ و تەقەلای خۆی هەڵنەگرت، ئەوشەوە بە یارمەتی میرزانەبی و دۆستێکی دیکە لە خاوەننانەوایان، بە ناوی چەلەبی، ناسراو بە

ئەکبەر قووش بوون بە بارمتە و گەڕایەوە بۆ ماڵێ. لەم ساتەوەختەدا ئەمە بە قازانجی سەی‌میران تەواو بوو. نەدەکرا ئەو پیاوە لەلایەک لە ئیدارەی سنفی‌دا کاری دەکرد و لە نێو شاردا بە پیاوێکی باش بەناوبانگ بوو لە بەند و زینداندا وەمێنێ. تەنیا ئەگەر بۆ یەک‌کاتژمێریش بێ، هەر ئەوشەوە بەبێ ئەوەی پاروە نانێک بخوات، خۆی گەیاندە کن کاربەدەستێکی دادپرسی، کۆنە هاوڕێ و دۆستی لەمێژینەی بوو. لەسەر پێشنیاری ئەو وەکیل و محامی گرت، بۆ بەیانیدا مەشوەرت بیر و ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ محامییەکەی کرد و بە ڕێنوێنی یەکێ لە پاسەوانەکان شکایەت‌نامەیەکی‌دا بە داداگا، لەسەرئەوەی کە ئەو شت‌ومەکە هی ئەو نەبووە و ئاگا و خەبەری لەم پارچە و قوماشە نییە. لەلایەکی‌دیکەشەوە پیاوێکی نەخوێندەوارە و ڕەش و سپی لێک‌ناکاتەوە و کاغەزی پەنجەمۆری پێداناوە بێ‌کەڵک و نرخی نییە. خاتووخورشید و دراوسێکانی دیکەی ئاگادار کردەوە، ئەو ژێرزەمینەی پاسەوان‌گەل پشکنیویانە بە دەست خاوەن‌ماڵەوە نییە و لەو ڕۆژەوە گوڵمحەممەد مردووە دەرگای داخراوە. پێویست نەبوو، لەو بەینەدا ناوێک لە جەلال بێنن. خاتووخورشیدیش لەگەڵ ئەم فکرە بوو، کەس لەوبارەیەوە شتێک بە زاریدا نەیات، ئەمە هی مردوەکە بووە، تازە دەوڵەت هیچی بۆناکرێ و واز دەهێنێ. کەوابێ یاسا و بڕیاری خراپ نادا، سەی‌میران ڕووناکی کەوتە دڵی و کەمەکێک هەوری خەمی ڕەوییەوە، لە یەکەم دادگادا قسەی بۆچووەسەر و بە قازانجی میران دادگا دەنگی‌دا، بەڵام لە دادگای دووەمدا، مەسەلەکە ئاوەژوو بۆوە، وایان بۆدەرکەوت کە سەی‌میران کەل‌وپەلی قاچاخی لە ماڵدا شاردۆتەوە و ئێستاش بەتەمایە خۆی بە خاوەنی نەکات، دادوەر حووکمی بۆ بڕییەوە و ئەو پووڵ و پارەیەی لەم ڕێگەیەدا سەرفی کرد بۆ محامی و بەرتیلی‌دا بە ئەم و ئەو، هیچی بۆ نەکرا پاکی ئەوانەش لە گولانەدا ڕۆیی. بڕیاریان‌دا مەسرەفی دادگا،ش ئەو دەبێ بیدا! دوای مانگو نیوێک هێنان و بردن، دەستیان لەکۆڵ کردەوە و لۆژەلۆژە بەڕێی ماڵیان کردەوە، داخی بۆ ئەوە دەخوارد، هەر دەبوو لە یەکەم ڕۆژدا جەریمەی خۆی بدابایە، وەک دەڵێن شاباشی خۆت بدە قنج هەڵپەڕە، وادیاربوو دام و دەزگای دادگا هەر لە مونشی و محامی و مەشوەرەت‌چی و بڕیاردەر و سکاڵانووسی بەردەرگا و هەرهەموویان دەستیان پان دەکردەوە، ئەوانە هەروەک دەست‌بڕ و چاوبەستەکانی چۆخەسوور، هەر بۆخۆیان دەیان‌بڕی و دەشیان‌دووری، کابرای نەزان و ساویلکەش بە هیوای ئەوەی جارێک شانس ڕووی تێبکا پێوەدەبوو، تەنیا ئامانجیان ئەوەبوو ئەم خەڵکە هەژارە بەقوڕدا بەرنەخوارێ. ئەوە خاڵی ڕەش، ئەوە خاڵی سپی، ئەو کەسەی خاڵی‌ڕەش هەڵبگرێ یەک تمەن دەباتەوە، سەت شکور بە پاسەوانە

مرومۆچەکەی گومرک، سوغراموفەتیش هەر نەیویرا جگەرەیەکی بۆ داگیرسێنێ. لەو ماوەیەدا ئەو شتەی سەیمیران بیری لێنەدەکردەوە، تەلاقدانی ئاسکە بوو، بەلام چ لەبارەی مالی و چ لەبارەی ڕۆحی و جەستەوە تەواو تێکڕووخابوو، سەبارەت بە کردار و ڕەفتاری ڕابردووی خۆی و جوولانەوەی دزێو و نادروستی لەگەل ئەم ژنە باشەی زۆر پەشیمان ببۆوە! لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئەوە خودای ئەم ژنە بێچارەیە بوو من ئاوام بەسەرهات، ئیتر سەیمیران هەتا تۆبی و دەست لە زایفەیەک هەلنەهێنییەوە! ـ ئەو ژنە وەفادارە دایمە لە خەم و خۆشی مێردەکەیدا شەریک و بەشدار بوو، نەک هەر باسێک لە ملوانکە و کلکەوانەی زێڕ نێوی هیچ شتێکی دیکە نەهاتەگۆڕێ. مانگو نیوێکی تەواو، هەموو ڕۆژێک ئەوەلی بەیانی پاسەوانێک بە جلوبەرگی جوان و قەدر و حورمەتەوە وەک نۆکەر و بەردەستی خان وبەگلەران بەبێ چەک دەهاتە شوێنی دەچوون بۆ دادگا و ئەملاوئەلایان دەکرد. بەهۆی ئەوەی هەستی کردبوو پیاوەکەی دەستکورتە و گیرفانی بەتالە، جارێک سی تمەن و جارێکیتر هەژدە تمەنی پارە پێدابوو. ئەو پاسەوانەی هەموو ڕۆژێ دەهاتە شوێنی، هەروەختێ بە پێیان چووبایەن، دە پازدە هەنگاو لە یەکدی دوور دەڕۆیشتن تاکوو کەس هەست نەکا جەلبکراوە، جارجارە دەهات خەبەری پێدەدا، کە بچێ وەدووی کارەکانی بکەوێ، ئیتر بەجێیدەهێشت و دەڕۆیشت تاکوو نیوەڕۆ لە چایخانە دادەنیشت. ئاسکە هەناسەی هەلدەکێشا و خۆی دەخواردەوە، هەر خەم بوو دەبووە سەرباری خەمان و وەرهەمی پێهەلدەهێنا، هەر چنگو پلی خۆی هەلدکوشی و لە ئەژنۆی خۆی دەدا:

پیاویباش ئەوە کار بوو کردت. زۆرم پێگوتی لە بەرەی خۆت پتر پێ ڕامەکێشە!

بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەینالاند:

زۆرباشە، گۆڕو گیانی بێ، یاری چاوڕەشی دەوێ!

جارێ بۆ کەس ڕوون نەبوو، چ مەرد و نامەردێک ڕاپۆرتی لێدابوون، لەو مالەدا جنسی قاچاخ هەیە. ئەکرەم لە زیرەکیدا نەزان و لە نەزانیدا، خۆ هەلقوتێن و گەوجۆکە و دوور لە متمانە بوو. بەمحالەشەوە ئەقل قەبوولی نەدەکرد کاری وای کردبێ، بەلام دەکرا بلێی ئەمە کاری مێردەکەی بێ، پیاوێکی بەڕەللا و بێکارە بوو، بەلام سەیمیران لە تاریکیدا شکی بۆ بیبیخانم، خوشکی خاتووخورشید دەچوو. لەگەل کچە گەورەکەی هاتوچۆی ئەوانیان دەکرد و تاکوو درەنگانێکی شەو لەوێ دەمانەوە، لەو کۆمەلگایەی ئێمەدا هاموشۆ و دۆستایەتی زۆرە و کەسگەلێکی ئاوا هەیە بۆئەوەی شادی و خۆشی خۆیان لەمو لەو بشارنەوە هەروەک کتکی زیانیخورۆ ئەو گۆشتەی

دەی‌ڕفێنن بە خێرایی قووتی دەدەن. بەڵام زۆر نین ئەو کەسانەی خەمی خۆیان و خەمی خەڵکیش لەکۆڵ دەنێن. ئەوانە هەروەک فیلی مارگەزیو وان بۆئەوەی کەس بە هاوار و ناڵەیان نەزانێ، تا ئەورۆژەی دەمرن یان چاک دەبنەوە پەنا دەبەنە بەر دوورترین پەنایەک و نهێنی خۆیان نادرکێنن بە تەنیا دەمێننەوە. وەک‌ئەوەی حەزنەکەن کەس بە ژان و ئازاری ئەوان بزانێ و بە کەسیش دەردیان چارسەر نابێ، بی‌بی‌خانمیش، خوشکی خاتووخورشید، یەکێک لەوجۆرە کەسانەبوو. ئەو دووەم ژنی سوڵتان‌قوڵی بوو، کەوکەبی کچیشی لە مێردەکەی پێشوویی بوو، کە ئێستا هەژدە بەهاریەتی. سوڵتان‌قوڵی بێجگە لەوەی پیرەمێردێکی نەخۆش و چەوساوە بوو، شەو و ڕۆژ دانەدەکەوت و خەریکی ئیش‌و کار بوو، بۆئەوەی ماڵ و منداڵی تێرو پڕ و لە خۆشیدا بژین. قەت وانەبوو ماندوو ببێ لە کارو هەوڵ و زەحمەتکێشانی خۆی، لەوپەڕی پاکی و ساکاریدا، هەرئەوەندە بۆ ئەو تەواو بوو بەو دەست‌کورتییەی خۆی وەک بابێک باوانی بۆ ئەو کچە سازکردبوو، جیازی و باوانییەک کە لەو نێوەدا بۆ ئەو کچە، هەر وەکوو ئیکسیر و کیمیا وابوو، هەموو کەسیش بەم‌شتەی دەزانی. کەوکەب کچێکی گەنمرەنگ و نازداری بی‌بی‌خانم بوو، هەتا پۆلی شەش لە فێرگە دەرسی خوێندبوو. ئێستاش کە لەخۆی ڕادەبینی، لە ماڵێدا دەرسی بە ئەوانی‌تر دەگوتەوە، ئاخۆم هەرچوونە قوتابخانەی ئەو ئافرەتە نەبوو، ئەو ماڵانەی‌تریش هان‌بدا کچیان بنێنە بەرخوێندن، هەروەکوو گلارەی کچی میران و ئاسکە؟ جگە لەوانەش سەی‌میران ئەو بنەماڵەی خۆش‌دەویست کە زەحمەت‌کێش و کارکەرن. بەڵام کە دەی‌دیت زۆر دەست‌کورت و هەژارن زگی پێیان دەسووتا. زۆریش لەو ژنە وەڕەز بوو بۆیان گرینگ نییە ئاوا مێردیان دەچەوسێتەوە و بە کۆڵەمەرگی نان پەیدا دەکەن. ئەو کە حەزی بە چارەی بی‌بی نەدەکرد، وایدەزانی ئەویش لە هەمبەر ئەودا هەروایە، هەر لەبەر ئەمەش بوو پێی‌خۆش نەبوو ئەو ژنە پێی بەم حەسارەدا بنێ. دەیگوت زمان ناسڵامەتە و قسە دێنێ و قسە دەبا. ئێستاش کە ئەم گرفتە هاتبووەگۆڕێ وایدەزانی بی‌بی لە زمان ئەکرەمەوە شتێکی بیستبێ و جا بە هەرهۆیەکەوە بێ خەبەری دەدا بە پاسەوان و کاربەدەستی دەوڵەت. ئەمە ڕاست بوو بی‌بی لە ماڵێکدا دادەنیشت ماڵی کارمەندی ئاسایش بوو. بەڵام ئەم گرفتە کارێکی بەسەر ئەم باسەوە نەبوو، ئاسکە بە هاسانی ئەم‌شتەی بۆ قەبووڵ نەدەکرا و باوەڕی نەدەکرد کاری ئەو بێ. ئەکرەمیش ئەوەندە لە کن سەی‌میران جێی خۆی کردبۆوە کەس گومانی ئەوەی لێنەدەکرد. بەڵام خۆ ئەگەر ئەم قسەیە لە زمانی ئەو ژنەوە هەڵخوشابێ ئەوە سەرچاوەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆلای هوماخانم. ئەگەر ئەو حەیتەیە بەم‌گشتە نازو نووزەوە و ئەو قەرز و قوڵەیەی بە کۆڵی ئەم

پیرەمێردەدا نەدابایە بێگومان ئەو بازی ئاوای نەدەدا ملی خۆی بشکێنێ و کاری قاچاخی بکا. ئەو ژنە زەحمەتکێشە لە داخی ئەوە خۆی دەخواردەوە، لەپاش ئەم هەموو پەندەی بەسەر میرانی هێناوە هێشتاکە لەلای قەدری هەیە و لەلای سەرێ دایدەنێ. بەڵام حەیف و مەخابن ئەو پیاوە وەهای خەو لێکەوتبوو مەحاڵ بوو بەم زووانە خەبەری ببێتەوە، ئیتر حاشاولیللا لەمجۆرە پیاوانە! دەبوو میران لە بەر خۆیەوە بڵێ: بە چاوی چەشنی بادام ڕەگی حەیاتی بادام!

ئاخرین ڕۆژێک کە لە دادگا گەڕایەوە، نزیک نیوەڕۆ بوو، کاڵەکێکی گەورەی لە بنپیلی نابوو. بەو خەتانەیدا دیاربوو ترش و شیرین و پڕ لە ئاوە! شەکری دەردابوو، هەر بەو دەستەیەوە کولێرەناسکە و بەودەستەیتری پاکەتێکی زەیتوون هەڵگرتبوو، ئەوەیان لە ڕوودبارەوە هێنابووی. وادیاربوو پێی ئیراد بوو بەمشتانەوە بچێتە ژوورەکەی هوما، بزەی خستە سەرلێوی و ڕووی کردە وتاخەکەی ئاسکە، بە عالەمی ئاشکرا ڕەنگ و ڕووی کرابۆوە، ئاسکە بەمدیمەنە لە جێی خۆی حەبەسا، ئێسقانی لاجانگی دەرکەوتبوو، ڕیبۆقی چاوی وشک ببۆوە، تووکی سپی ڕوومەتی نەتاشراوی قوت ببوونەوە و دیمەنێکی نازەنینی پێبەخشیبوو، قژە خەنەییەکەی سەری سوورییەکی تۆخی دەنواند. ئەمەش چیرۆکی هەناسەساردی ئەوی دەگەیاند. مژۆڵی شێواو و ڕوانینی پەرێشان دیاربوو، بەڵام بەمهەموو حیکایەتەشەوە ڕوخساری نوورانی و ڕووراستی و پیاوەتی لێدەباری، ئەمەش دەبووە هۆی دڵگەرمی ئەو کە سەی ڕووبەڕووی دەبۆوە، وەکئەوە وابوو لە کارەساتێک ڕزگاری بووبێ. منداڵەکان سەلامیان لێکرد و ڕووبەڕووی دانیشتن. بە دەستەسڕێک ئارەقی نێوچاوانی سڕی، پرسیاری کرد بۆ نەهاری نیوەڕۆ چییان لێناوە، مەهدی نارد بەشوێن هومادا، ئەو خەمە گشتییە هەردوو هەوێکەی بە یەکەوە ئاشت کردەوە، هەروەک لە کارەساتەکاندا دۆست و دوژمن دەبنە برا و بە هاوکاری یەکدییەوە دەچن. ئەوانیش بوون بە یار و خەمخۆری یەکتر و ڕق و کینەیان وەلانا، ئیتر سەیمیران بە ئیشارەت داوای کاڵەکەکەی کرد و هەواڵی نەجاتبوونی خۆی لەو خەمەدا بە ژن و منداڵەکانی ڕاگەیاند. بە ڕووی خۆشەوە دڵداریدانەوە:

پیاو هەر لەشی ساخبێ بۆخۆی ماڵی دنیای هەر دەبێ.

بە دڵی پڕ لە موحیبەت و چاوی باوکانەوە لە منداڵەکانی ڕوانی. بیژەن لە تەنیشتی دانیشتبوو، دەستی بەسەریدا هێنا. دوای چرکەیەک تێڕامان، وەکئەوەی ویژدانی نووستووی وەخەبەر هاتبێ گوتی:

ئەو منداڵانەش ڕەنگ بە ڕوویانەوە نەماوە، دیارە زۆریان خەم خواردووە، بەینێکە نابینم بچنە نێو منداڵانی گەڕەک بۆ یاری و کایەکردن. هەموو سیس و ژاکاون.

هوما، هەر بەم لارولەنجەوە کە هەمیشە هەیبوو هاتە ژووریٚ، بەڵام هاتنەژوورێکی بیٚغەل و غەش. سەلامی کرد، سەیمیران بۆئەوەی لەخۆی دەرنەچیٚ، وەڵامی سڵاوی نەدایەوە، ئاسکە لەبەرخۆیەوە گوتی:

ئەو بەزمەی بۆ ئێمە هاتەپێشیٚ، تەحتیلات و کاتی پشوودانی ئەو منداڵانەشی کردە ژەقنەمووت.

سەیمیران: خەبەرم هەیە بارام ئەمساڵ دەرنەچووە؟

بارام هەر ئەوەندەی ئەم ڕستەیەی بیست سەری داخست و خۆی کۆ کردەوە، بیژەن بیٚئەوەی ترسی لە براکەی هەبیٚ، گوتی:

کاڵەبەی ئەمساڵ چاوی ڕەشی کاڵ بۆوە. (قامکی بۆلای خوشکی ڕاداشت.) گلارە لە پشتەوە سیخورمەیەکی تیٚسرەواند. سەیمیران بە پێکەنینەوە گوتی:

ئەگەر وابیٚ ئەوەی دەرچووە، تەنیا تۆیی؟ تۆ لە هەموویان تەوەزلتر بووی؟ من پێموایە ئەگەر مەهدی بچێتە قوتابخانە لە تەواوتان زیرەکتر دەبیٚ، قەت وانابیٚ وەمێنیٚ و لە دەرسەکانی بکەویٚ. هۆش‌و گۆشی باشە و بەزینە.

ئاسکەخاتوون: ئەوەندە زیرەک و وریایە دەترسم بەچاوەوە ببیٚ، هەر لە ئێستاوە نیوەی دەرسەکانی بیژەنی لەبەرە، خوابکەم چاو نەیبا، زۆرجار پرسیاریوا لە من دەکا بۆخۆم سەرم سووڕ دەمێنیٚ و ئەگەر مەلای دوازدە عیلم لێیببیستیٚ ئەوەڵ پێکەنینی دێت و دواتر واقی وڕدەمێنیٚ. بۆوێنە دەڵیٚ لە شەودا هەتاو بۆکویٚ دەچیٚ؟ نەدەکرا خودا چاوێکی دیکەی لە پشتسەری مرۆڤەکان دانابایە تاکوو پاش‌و پێش ببینیٚ؟ بۆچی کۆتر لەسەر دارو درەخت هێلانە نەکا؟

سەیمیران: گیاندارانی سەرزەوی تەنیا دەتوانن ڕووبەرووی خۆیان ببینن، قسەی ئەوەم نییە دەڵێن میروولە هەزارو دووسەت چاوی هەیە! پەپووسلێمانە کە هەواڵی بۆ حەزرەتی سولێمان دەهێنا لە گشت گیانداران باشتر دەبینیٚ.

گلارە: مەهدی ئەمساڵ حەوت بەهاریەتی وەختی هاتووە لە قوتابخانە ناوی بنووسین.

ئاسکەخاتوون: ئەوە سیٚچوار مانگە ددانی حەوتساڵی کەوتووە، بەڵام ئەوەی دەیبینیٚ، هەروا دەزانیٚ چوار ساڵیەتی، دەبوو پارەکە ناونووسمان کردبایە، ئەوە خەتای من بوو، نا، زۆریش خەتام

نەبوو، خەتای ئەوان بوو گوتیان درەنگتان هێناوە و جێگەمان نەماوە، بارامیش بە دوو نمرەی کەمەوە ڕەتبۆوە، چووین بۆلای بەڕێوەبەرەکەی ـ هوماخان لەتەکماندا بوو. گوتی ئەگەر زووتر هاتبوون کارێکمان بۆ دەکرا، بەڵام تازە هیچمان بۆ جێبەجێ نابێ.

بارام، زیاتر شەرم دایگرت، قامکی لە گوڵی قاڵییەکە دەژەنی. مەهدی بەدەم تریقانەوە گوتی:

من ناچمە قوتابخانەی کاکەم.

سەی‌میران بۆ سڕینەوەی خەمەکانی قاقایەکی کێشا:

گەوجە، دیارە تۆ نازانی، هەر ئەو مەدرەسەیەی بیژەن باشە، ئەوجێیە خۆشە کچانی لێیە! دەبزانە هەڵەت کرد!

هوما لە بنەوە تەماشایەکی میرانی کرد. بە نەرمە نازێکەوە ئەبرۆی هەڵتەکاند. ئیتر ئاسکە و سەی‌میران تا ئەوکاتەی سفرەکە ڕاخرا هەر باسی منداڵەکانیان کرد، چ ساڵێک لەدایک بوون و هەریەکە و چەند ساڵیەتی. هەر لەوکاتەدا شاگردی دووکانەکەیان، هەمزە، لاوێکی جوانکیلە و بەخۆدا هاتوو، تازە خەتی دابوو. بەبێ ئەوەی بێتەپێشێ، لە بەرهەیوانەکەوە بانگی بیژەنی کرد. نانی نیوەڕۆی بۆ هێنابوونەوە. وەختێ هات بڕوات، سەی‌میران قاوی کرد:

هەمزە، مەڕۆ کارم پێتە، بۆ درەنگ هاتی؟ کاروباری دووکان چۆن بەڕێوە دەچێ؟ ڕەحمان ئاردی هێناوە؟

هەمزە هاتە بەربێڵایە، چاوی بە ژنەکان کەوت و سەری داخست. وەک تاوانبارێک وەڵامی‌دایەوە:

سێ بار و تایەکی هێناوە، گوتی، ئەوی‌تری دوایە دەهێنێ. بەڵام لەبەرئەوەی جێ‌نەبوو تێی‌کا دەبێ دوانیوەڕۆ هەروا بە خاڵی بگەڕێتەوە بە حەبیبی وتبوو دوکانداری ئاوانابێ، ئەگەر ئێوە بتان‌هەوێ هەموو ڕۆژێ هەروا بە بەتاڵی بگەڕێمەوە ئەوە ناچارم بارکە بخەم.

سەی‌میران: جابۆ گەنم نییە، خۆ تۆش هەتا دەڵێی ترێ قۆرە پێدەگا، نەختێک جوان قسە بکە با بزانم دەڵێی‌چی. باراشمان نییە، نەکا کەندووەکە هیچی تێدا نەبێ؟

ئەوەی ڕاست‌بێ کەندووەکە بەتاڵە، عەلافەکە چەند جەواڵی بارمتە گێڕابۆوە، دوایە ناردییەوە وتوویەتی دەبێ مەشەدی میران بێت پارەی دوو مانگی ڕابردوومان بداتێ، تەنانەت لەگەڵ حەبیب

سەی‌میران بە تووڕەییەوە چووە نێو قسەکانی:

شتیوا دەبیستی سەرت سوور دەمێنێ، مەگەر ئەو پیاوە ڕۆژێ شەست تمەن لەو دووکانە وەرناگرێ؟! مەگەر هەموو ئێوارەیەک من کەدێم بۆ دووکان، ئەویش نایات بۆ وەرگرتنی پووڵ و پارەی خۆی؟ قەت ناهێڵێ پارەی ئەمڕۆی بکەوێتە بەیانی، ئەگەر حەقی لامە بۆ نایات بە خۆم بڵێ، بۆ بە شاگردەکەم دەڵێ، ئەویش ئاوا بێشەرمانە، دەبێ دایمە دۆعامان ئەوەبێ، گەنمەکە لەدەست بازرگانیدا بێ، وتت چکارێکی بە حەبیب داوە؟

لەگەڵ حەبیب قسەیان لە یەکدی هەڵبەزیوەتەوە.

دەی زۆر باشە، بۆخۆم بە حیسابیان دەگەم، کاری چالاوەکە بەکوێ گەیشتووە؟

دەڵێن گەیوەتە ئاو، کارێزکەنەکان دوێنێ دەستییان هەڵگرتبوو، دەیانگوت دەبێ خاوەنەکەی گاووگەردوونی بۆ بکا. لێواری تەندوورەکە تێکرووخاوە، شاترەکە بە قوڕە سوورە چاکی کردۆتەوە، حاجی هەویرشێل ئەمڕۆ ئەحواڵی باش نەبوو، برازاکەی هێنا لەجیاتی خۆی داینا و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ.

باشە تۆ بڕۆوە من لای ئێوارێ دێم بۆ دووکان. دەتانەوێ مەڕێکتان بۆ بکووژمەوە و دوایئەوەی تێرتان خوارد تێروپڕ قسەشم پێبڵێن. ئەو خەڵکە ئەگەر دەستت تا ئانیشک هەنگوین بێ بیکەی بە زاریاندا هەر هێناتەوەدەرێ پەنجەت دەگەزن.

سەیمیران چووە فکرەوە و خۆڵی جگەرەکەی تەکاندە نێو تەپڵەکەکەوە، ئاسکە لێیپرسی:

حاجی هەویرشێل برازای نەبوو!

سەیمیران هەروا لە فکردا بوو، کەمەکێک پەرێشانی پێوە دیاربوو، گوتی: کابرایەکە تازە لە تویسرکانەوە هاتووە لێرە کار بکا، شەوانە جێیەک شکنابا، لە دووکانی خۆمان دەخەوێ.

ئاسکە بە تۆزێک ترس و دوودڵییەوە: جارێ سێبەری ئەم بەڵایەمان لەسەر لاچووە، بچۆ بە کاروباری دووکانەکەت ڕابگە. ئەم دووکانە خێرو بەرەکەتی ئەم ماڵەیە، خۆ هەر ناکرێ دەرگا بکەیتەوە و بەهیوای خودا کارەکەت بەجێ بهێڵی. کەس بۆ کەس ناسووتێ، دەبێ خۆت مشوری خۆت بخۆی.

سەیمیران گوتی:

من لە کاری دووکان ڕازیم، ئاشەوان و عەللافەکانم دەغەڵن. کرێکارەکانم لە سایەی ڕوحمی خواوە لە کاروباری خۆیان سەرخۆشن. ئەگەر یەکێک لە نێو ئەواندا هەڵکەوتبێ و لاساری کردبێ نەیوێراوە لەلای من زمانی بگەڕێ، نانەواخانەیەک بەو مەرجەی تەرازووداری سەرڕاستی لەسەر

بێ چوار ماڵ بەخێو دەکا. من پیاوێکی پێنەزان و ساردوسڕم. بەڵام وەختێ فکری لێدەکەمەوە دەزانم حەبیب بۆ من دنیایەک دەهێنێ. ئەو وادەزانێ من هەست بەوە ناکەم حەقدەستەکەی کەمە، لەلای باربەرەکەی پاشاخان گلەیی کردبوو، چاک و خراپ بۆ ئەو وەکوو یەکوایە ـ لە ترسی ئەوانیتر ناوێرم دووقرانی بۆ زیاد بکەم. داخی غولامڕەزای عەللاف لە هەمووکەس زیاترە. وادەزانێ منیش تای کوڕەکەی قولیم، بە یارمەتی ئاشەوان لە بەشی دانەوێڵەوە فێری بێنەوبەرە بم. یان هەرچۆنێک پێمخۆشبێ لە گەنمی دەوڵەت بار دابگرم. نانەواکان ئەو کەسانەیان دەمەچەشتە کردووە.

هوما، هەروەک گوێی لەو قسانە بوو، ئاسکەخاتوونیش بەڵێی بۆ دەگوت، ئەویش وەقسە هات:

ئەو خەڵکە چیدەکەن تۆش هەروا بکە، چیت لەوان کەمترە، ئەمە ژیانە هەوراز و نەویی زۆرە.

من شتیوام بۆ ناکرێ، هەرچی خەڵک کردیان منیش بیکەم. هەرکەسە و بۆخۆی قیبلەی ماڵی خۆی دەزانێ، ئەوانە ئەگەر ڕۆژێک گیر بکەن و پێوەبن، خەمیان نییە، بەڵام من بەڕێوەبەری سنفم شتێک لێم ڕووبدا ئابرو حەیام دەچێ.

لەو قسانەدا، فاکتۆری گەنمەکەی وەبیر هاتەوە ئاردەکەیان لە ئاشەوە بۆ شار گێڕابۆوە، لەبەرئەوەی لە دایرەوە مۆری تەواوبوونی کاتی پێوەنەبوو، ئیدارەی خۆراک جاران گەنمی دەدا بە نانەواخانەکان. بەهۆی ئەوەی دەغڵودان زۆر بوو لە بازاڕدا هەڵیاندەگرت. ئەو مەسەلەیە قرمەو قاڵێکی تەواوی خستبووە نێو ئاشەوان و نانەواکانەوە، میرانیش هەواڵێکی ئەوتۆی نەبوو، دەستەو تاقمێک لەو چاوبەست و مفتەخۆرانە، کە بە یارمەتی پاسەوانی دەمشڕ ڕێگەیان بۆ خۆش کرابوو، دەست لە گشت کارەکان وەربدەن. بەپەلە فکریان لەوە کردبۆوە، نەک هەر حەوزەکە، تەنانەت چاڵاوی ماڵەکەی خۆشیان چۆڕەی لێببڕن و لیپاولیپ گەنمی تێبکەن، سەیمیران دەستی بە باخەڵیدا کرد و لە کیفەکەیدا چەند بیچەک و فاکتۆرێکی هێنادەرێ. دایەدەست گلارە تاکوو ڕێکەوت و کەمو زۆرییەکەی پێبڵێ و بۆی وەخوێنێ. دەنکێ لەوانی جوێ کردەوە، بە ڕەنگ و ڕەقەمەکەیدا دەیناسی. لە دڵی خۆیدا گوتی:

تۆ کڵۆڵی ئەوەی کەچە سەوادێکت نییە، ئەگینا تا ئێستا دەبووی بە ملوێنێر، چما تۆ لە چاو ئەو خەڵکە پیاونی؟

مەهدی و بیژەن، بە یەکەوە سرتە سرتیان بوو، بیژەن بە هێمنی بە براکەی وت، بەتەمای دوانیوەڕۆ بچی بۆ بەردووکانی خۆیان ولەوێ سواری گوێرێژێکبێ وا لەوێ چاوڕێن باریان بکەن،

بۆ ئاشی. ئەویش دەیگوت لەگەڵت دێم و ئەگەر ڕێگەم نەدەی بە باوکم دەڵێم. با دارکاریت بکا. یان نەهێڵێ. دایکیان جگە لەوەی گوێی لە قسەکانی میران بوو بە تەشەرەوە تاکوو ئەویش بژنەوێ گوتی:

بێجاتان کرد، چۆن دەچن سورای کەری ئاشەوان دەبن. شتیوا چۆن دەبێ! مندالّی بیّدایک و باب شتیوا دەکا، خۆ ئێوە لاتو بەڕەڵلا نین؟ دوور لە گیانی بابتان دەتانەوێ جێی جەلال بگرنەوە و ببنە حەمباڵ و کۆڵبەر و بارکێش. ئەوکەسەی بیهەوێ بچێتە قوتابخانە، مەهدی کاریوا ناکات. بیژەن ئەوەتا بابت لێرەیە پێیبێژم چەندە لاساری؟!

بیژەن لە پشت بابییەوە دانیشتبوو، دوور لە نیگای بابی، چاوی لە چاوی دایکی بڕی و مۆڕ بۆوە، سەیمیران لە گلارە و مەهدی ڕاما، بەدەم وردەخەیاڵەوە گوتی:

ئەگەر ئەمڕۆ ئێوارێ بڕیاربێ باربەرەکان وەگەڕێن دەیاننێرمە بەردەرگا، فەرش و کەلوپەلیان بۆ بپێچنەوە تاکوو لە وڵاخەکانیان باربکەن، بەیانی هەینی دەتانبەم بۆ باخی.

منداڵان هەر ئەوەندە ئەم هەواڵەیان بیست کردیانە خۆشیخۆشی و دەچوونە حەواو دەهاتنەوە خوارێ! بیژەن بە سۆز و دڵێکی منداڵانەوە پرسی:

کامە باخ، باخەکەی خۆمان؟

نا، ئەوێ دوورە، جێیەکی باشترم پیشک دێ، باخی تەپەچاڵ، باوکتان بە ئاوو هەوای ئەوێ گەورە بووە! سبەینێ دەفتەری بیرەوەری بیست ساڵ تەمەنم لەوێ بۆتان دەخوێنمەوە، هەر دارو بەرد و بنچکێک شتێکی منی تێدا نووسراوە.

ئەو بڕیارە هێشتاکەش نرخی گەورەیی و حورمەتی گەورەی بنەماڵەی دەگەیاند و ڕەوشتبەرزی خۆی سەبارەت بە ژنەکان نیشان ئەدا، دیاربوو ئەوانیش حەزیان لە چوونە سەیران و هەوایەکی سازگار بوو، هوما کڕوکپ زەردە گرتی و ئاسکە گوتی:

ئەگەروایە، منیش لیفەی کورسییەکە و یەکدوو دانە لەو فەرش و قاڵیانە دەنێرم لە باخی دەیشۆرین. ئەو باربەرەی کە دێت ـ

ئەوەندەی قسەکەی مابووی بە ئاماژەی ڕوانینێک تەواوی کرد. سەیمیران لە وەڵامدا گوتی:

ئەوەی بار دەبا بۆ ئاشی، ناوی ڕەحمانە. کابرایەکی بێدەغەڵەیە، ئەوە دوو ساڵە لەلای پاشاخان کار دەکا، چی دەنێری بەوی بسپێرە، دڵنیابە و فکری باشت کردووە، بەڵام پێمخۆش بوو،

لەوێ خەریکی سەیاحەت و سەیرانبن نەک ئیش‌و کار. بارام بە زمانێکی خۆشیرین کارییەوە هەروەک چەند ساڵ لەمەوبەر، بە باوکی گوت:

باوکەگیان، ئەگەر دەکرێ هەر وەک جاران، لەو دووکان و چایی‌خانە گرامافۆن، بەکرێ بگرە، دوو سێ شەو گوێی لێدەگرین.

ئەمەش فکرێکی خراپ نییە، دووسێ شەو چییە دەتوانین دوو سێ حەوتە گلی بدەینەوە، وانییە هوماخانم، ئەی تۆ بۆ هیچ ناڵێی. پێت‌خۆشە بەیانی بچین بۆ باخی؟

هوما بە زمانێکی تەڕو پاراو بەڵام نەختێک نامۆ و لەسەرەخۆ گوتی:

هەڵبەت پێم‌خۆشە، بەتایبەت ئەم پێش‌نیارەی شابارام، ئەگەرچی بۆخۆی گەرامافوونێکە تەواو. لەوڕۆژەوە شەڕەکە ساز ببوو، بارام بە حورمەتەوە چەند جارێک بە گوێی باوەژنی کردبوو، بەڵام هەنووکە لە کاتی قسەکردندا چاوی لە چاوی نەکردبوو، شەڕو ئاشتی لە نێوانیاندا هەبوو، زۆریش لە دۆستایەتی درۆزنانە باشتر بوو، هوما ئەو کوڕە گەورەی هەوێکەی بۆیە زۆر خوش‌دەویست دەنگێکی ناسک و زووڵاڵی هەبوو، بارامیش بە نۆرەی خۆی شێت و شەیدای شێوە دڵئەستێنی و نیوەنیگا و ڕاوێژ و هەڵس‌وکەوتی ئەو ببوو، ئاسکە گوتی:

ئەگەر حەزی لە بەزم و گۆرانی نەبوایە وانەکانی بە جوانی دەخوێند. خوا ئەگەر غەزەب لە مێرووله بگرێ، باڵی دەداتێ. دەترسم ئاخری تەپڵێک هەڵبگرێ و ببێ بە شایەر.

بارام لە بنەوە خێسەیەکی لە دایکی کرد. سەی‌میران قاشێکی لە کاڵەکەکە کردەوە و قەپێکی لێگرت و گوتی:

کاڵەکی چاکە، ئەوە لە خرچە و فاتەبۆر باشترە. مەگەر ئەو کاولاشەی، قوتابخانەی ئەو دەچێ مامۆستا و بەڕێوەبەری نییە، پێی‌بڵێن چی باشە و چی خراپە؟! ئەوە هەر لە ئێستاوە بکەوێتە شوێن دیمبڵی دیمبڵی، سبەی کە بوو بە پیاو دەبێتەچی؟ من دایمە وام بیر دەکردەوە لە نێو منداڵەکاندا، گلارە نەبێ، چونکە کچە! بارام لە هەموو منداڵەکانم ژیر و ئاقڵدارتر دەبێ، بەڵام تازە دەزانم بەهەڵەدا چووم.

گلارە لە پشت پەردەکەوە چنگاڵێکی بۆ هێنابوو بە نووکی ئەو شەنەیە، لە ژنەکانەوە پێداهات و هەریەکە و قاشێکی پێدان. هوما گوتی:

مامۆستا و بەڕێوەبەر لەکوێوە بزانن قوتابی ئەگەر دەچێتەوە بۆ ماڵێ خەریکی چییە، ئەمە ئەرکی دایک و بابە تەربییەتی عەولادی خۆی بدات. ئەشێ تۆ بزانی چۆن دەیعاملێنی، منداڵ پێویستی بە لەخۆگەورەتر هەیە.

ئاسکە بەخێرایی گوتی:

ئەم شتانە لەلای مامۆستاوە سەرهەڵدەدا، ئەو ڕۆژەی چووبووین بۆ تاقەوسان نەمام بچەقێنین منداڵانیان بە جلوبەرگی پێشاهەنگییەوە بردبوو. بەڕێوەبەر دەستووری دابوو کێ گۆرانی دەزانێ با بێت بۆمان بڵێ. وەختێ لە پاسەکەدا بوون لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەدا، ئەو گۆرانی بۆ قوتابیان دەڵێ و ئەوانیش چەپڵە و چەقەنەی بۆ لێدەدەن. دەنگی دەرنەدەهات. زۆر بۆی بە پەرۆش بووم فکرم کردەوە خوانەخواستە تووشی بەڵایەک نەهاتبێ، یاخود لێیان‌نەدابێ، بۆ بەیانیدا پێنج دەقیقە درەنگ چووبووە سەرکلاس، بە شووڵکی داربەڵاڵووک شووخاڵیان خستبووە سەربەری دەستی، ئێستاش لەسەر دوو نمرە ڕەتیان کردووە و ساڵێک دواکەوت، دایکی بمرێ!

بارام لێی ڕووش بۆوە و گوتی:

ئەو لە منی نەدا، نازمەکە لێیدام.

هەروەک یەکوایە، سەگی ڕەش و سپی فەرقیان چییە.

هوما گوتی:

منیش پێموایە، دەبوو سەراوی چووبایە بۆ قوتابخانە و لەوێ لێیپرسیبایە. قەت نەبووە بچێتە مەدرەسە و بزانێ وانەی منداڵەکانی چۆنە، مامۆستا لێیان ڕازییە، باشن، خراپن. هەر ئەوەندە دەزانێ دەچن و دێنەوە هەر ئەوکاتی پێموت، بەڵام لە شانسی بارام لە گێرەوکێشەی دادگا و محاکمەدا بوو، ئێستاش ئەمە تەواو بوو، با ئەم ساڵە تێپەڕێنێ بۆ ساڵێکیتری باشتر دەبێ، هەروەک ئێرانی ساحەبخانم وتی، لە ساڵی داهاتوودا زۆر زیرەکتر و سەرکەوتوو دەبێ.

سەی‌میران: هەمووی ئەوانە بەجێگای خۆی من لێیقەبووڵ ناکەم قوتابییەکی خراپبێ، دەبێ خۆی ئەمە بزانێ بەڕەڵڵایی و سووڕانەوەی کووچە و کۆڵان و بە گۆرانی گوتن کەس بە جێگایەک نەگەیشتووە، میرزانەبی دەستنووسەکەی پێباشە و لە شانامە خوێندنەوەشدا زۆر شارەزایە. من دەزانم زۆریش خەتابار نییە لەم ڕەتبوونەوەیەدا، بەڵام ئەگەر بێتوو وریا نەبێ و خۆی ماندوو نەکا، هەموو ساڵێک وایی‌لێدێ.

بارام لەسەرەخۆ وتی:

ئەوانەی ئێوە دەیڵێن هیچی وانییە، مامۆستای هەندەسە، منی خۆشناویێ و ڕقی لێمە!

ئەو ڕۆژە، لە عەسرێکی فێنکدا، باربەری ئاشەوان بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی ماڵی سەیمیران چووە بەردەرگا، پێشئەوەی تاووبان گەرم بێ، ڕۆژی دوایی، سەیمیران خاوو خێزانی کە نەنە بیبییان پێزیاد ببوو تاکوو سەرخیابانەکە بەڕێیکردن. لەوێشەوە فەیتوونی بۆ گرتن. لەبەرئەوەی کاری بەپەلەی هەبوو ئەوانی بەڕێکرد و لە نێوشار مایەوە. وەختێ فەیتوونەکە وەڕێکەوت ژن و منداڵ هەستیان بە خۆشییەکی تەواو دەکرد. سرەوەی بەیانی چێژ و خۆشی پێدەبەخشین و ختۆکەی دەدان. ئەوەی بەم بەیانییە لە ماڵ هاتبووەدەرێ سەرو سیمایەکی شادی پێوە دیاربوو، دەتگوت هەر هەموویان بەتەمان لەم بەیانی هەینییەدا بۆ پشوودانێکی یەکرۆژە ڕوو لە دەشتو دەر دەکەن. لە نزیک کۆڵانی پارێزگا، کێژۆڵەیەکی نازدار لەسەر بانیژەی عەمارەتێکەوە لنگو لەتەری ڕووت و سپی و لووسی نیشان ڕێبواران دەدا، بۆ چەند خولەکێک چاوی لە دروشکەسواران بڕی. دواتر لچی لێهەڵقورتاندن و خۆیکردەوە بە ژووریدا. فەیتوونێکیی تازە و جوانی بۆ گرتبوون. ڕەنگی ڕەش و تەگەری سوور، چرا و باسکێشی جوان و بریقەدار، ئەوەی چاوی پێیدەکەوت سەیری دەکرد. بیژەن شان بەشانی فەیتوونچی قیت دانیشتبوو وەک بڵێی ئەمە ملکی بابیەتی، بە دڵ حەزی دەکرد لەم ساتە وەختەدا هاوپۆلێک، ناسیاوێک لە پەنا ئەم فەیتوونچییە بیبینێ و ئێرەیی پێببات. ئەو بە پێچەوانەی براکەی زۆروێژ و بزۆز بوو. هەروەختێ کەیفی بیهێنابا، بەبێ ترس خۆی بە پاشکۆی فەیتوونەکەوە هەڵدەواسی، ئەو دارو درەخت و تەلار و ماڵەبەرزانەی بە بەرچاوییەوە وەک نیزامی عەسکەری ڕێژە دەڕۆیشتن شۆق و زۆقێکی فرە شیرینی لە دڵ دەچەند. نەنە بیبی و بارام لەسەر کورسیلەکان ڕۆنیشتبوون. پیرەژن پڕ بوخچەیەک کولکە و مەرەزی هێنابوو لەوێ بیرێسێ. بەو دەستەی دیکەشی توند سەماوەرەکەی گرتبوو. بارام زۆر بە وریایی گەرامافوونەکەی لە باوەشیدا بوو، پیاوانە لاقێکی نابوو بە گلگیری فەیتوونەکەوە، وردە وردە لە شار دەچوونە دەرێ و بیری لەوە دەکردەوە، داخۆم بابی چ قەوانێکی بۆ وەرگرتبێ، لە نێو ئەو قامبێژ و خۆشوێژانەدا کە تا ئەوکاتی دەنگیان لەسەر قەوان هەبوو لە ژن و لە پیاو، ئەو زۆر حەزی لە دەنگ و چریکەی سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی بوو «هەرکەسێ هات و گوتی من ئاشقم بڕوا مەکە. ئاشقی ڕووتم بەقوربان تیرەبارانم مەکە....»

ئاسکە و هوما و گلارە، هەرسێکیان خانم و خاتوون لە نشیمەنی فەیتوونەکەدا پاڵیان دابۆوە، مەهدی وەک مشکی سەرخەزێنە خۆی دابوو بەسەر کەلوپەلەکاندا و دەستی لە نێو دەستی دایکیدا

بوو لە شەقامی ڕەفعەتییە، کوڕە جحێڵەیەکی بەژن زراف قیافەی گرتبوو، کۆتەکەی دابوو بەسەر شانیدا و کڵاوە گەڕگەڕیەکەی هێنابووە نێو چاوانی. دەستی لە فەیتوونەکە بەرز کردەوە، فەیتوونچی لە شوێنی تایبەت بۆیڕاگرت. دیاربوو کە ئەمە خاوەن فەیتوون یان کوڕی فەیتوونچییە بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بزانێ موسافیرەکان کێن لە دوواوە، بە گرژییەوە ڕووی کردە فەیتوون ئاژووت و گوتی: مەگەر پێمنەگوتی، موسافیری دەرەوەی شار سوار مەکە، یان گوێت گرانە و نابیستێ؟! فەیتوونچی بە پێکەنینەوە جوابیدایەوە:

خانزادەگیان تەنیا جارێکە، قەیدیناکا.

چۆن قەیدی ناکا، گوو دەخۆی قسەیوا دەکەی؟! دوانیوەڕۆ بە حیسابت دەگەم وایناخۆی! ئێستا ئەوانە بۆکوێ دەبەی؟

سەراو قەنبەر، کووچە باخەکەی پێشەوە. بەڵام خانزادە، ئەوەندەی من دروشکەم پێبووبێ، لە تازە و لە کۆن، لە سەرەوژووری گۆڕەپانی فەردەوسی، ئیتر دامبەزاندوون و گەڕاومەتەوە، ڕێگەم نەداوە یەکسمەکان زۆریان بۆبێت. تۆ خەمی ئەوەت نەبێ بە کاروباری خۆم شارەزام!

هوما ئەم قسەیەی بەکەیف نەبوو، بە ملبادانێک بسک و زولفی بەلادا خست و بە فەیتوونچیدا هەڵشاخا:

ئەرێ، دڵی خۆت خۆشکردووە، تاکوو نەگەینە جێ دانابەزین و شەقاوێک بە پێیان ناڕۆین. وەڵڵا تەواومان کرد، جا ئەگەر بە پێی خۆمان چووباین فەیتوونمان بۆچیبوو؟!

ئاسکە هەڵیدایە:

ئێ، ئێمە تاکوو ئاشەباڵدار، یانی تاکوو بەردەرگای دووەم باخ قسەمان کردووە، نەک باخەکەی پێشەوە.

کوڕە جحێڵە لە فەیتوونەکە نزیک بۆوە، لەوکاتەوە تازە سەرنجی موسافیرەکانی دابوو. نەختۆکەیەک سپیلکەو کاڵ، سمێڵقیت، چاوزیت، و قەڵافەتی وەرزشکار و توندوتۆڵ، چاو و برۆی ڕەش و گەورە گەورە، چاڵی چەنەی هەر لە خۆی جوانبوو، ئەمەش هاوکات لەگەڵ چاوی تەواو ئارەزوومەندی هەواو هەوەس بوو، هەرچەندە ڕێگر و بەرهەڵستی لە بەردەم بوو، لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و تامەزرۆیانە لە گلارە بۆ هوما و لە هوماوە بۆ گلارە چاوی پێداگێڕان. وەکئەوەی یەخەی کراسەکەی بۆ ملی تەنگبێ گەردنی هەڵێنا و بە پەشیمانییەوە، قسەکەی خۆی وەرگرتەوە:

هەرجێیەک دەچن، بیانگەیەنە، ئێستا کە سوارت کردوون هەتا شوێنی مەبەست دایانمەبەزێنە، لە سەرەوژووریش دایاننەگری، دەبێ ئەمەشت لە بیر نەچێ، بێتوو فەنەری فەیتوونەکە بشکێ، سەری مانگ پارەت لێدەگێڕمەوە. هوما دەمی خونچە کرد و بە عیشوە و نازێکەوە گوتی:

فەنەرێک بە شەش کەس بشکێ هەر بۆ شکاندن چاکە، خانزادە، ئەویش نیوەی مندالە. ئەم فەیتوونە جیگەی دوو کەسی دیکەی دەبێ، فەرموون، حەزدەکەی تۆش وەرە لە پەنای ئێمە سواربە.

لە تەنیشت خۆی و گلارەوە جێگەی کردەوە و پێشئەوەی فەیتوون وەڕێ بکەوێ نیونیگایەکی دڵئەستێنی تێبڕی کە دەکرا ڕۆمانێکی لەسەر بنووسی، کوڕە لاو لە جێی خۆی واقی وڕما وەختێ فەیتوونەکە بە وێرغەی ئەسپەکان دوور دەکەوتەوە، فەیتوونچی بێئەوەی قسەی خانزادە کاری تێکردبێ، گوتی:

ئاخ، ڕۆژگار کێ هەڕەشە لە من دەکا! خودایە کەس لە کاری تۆ سەر دەرناهێنێ، یەکێ قڕ دەکەی، یەکێ پڕ دەکەی، نانی عەبد بەدەست عەبدی بوایە، هەمووکەس لە برسان دەمرد. هەرکەسێ لە ڕۆژی هەینیدا سواری درۆشکە ببێ لە شار دەردەچێ و ڕوو لە باخ و بێستان دەکا. ئەو کوڕەی سێ بەشی فەیتوونی ئەم شارە هی باوکییەتی فکرێکی خراپی نەکردۆتەوە، منیش موسافیری دەرەوەی شار سوار نەکەم. یەکێکیتر سواری دەکا. ئەویش فەیتوونی ئەوانە. بەڵام شەوێ دەستی دنێتە کەلەکەی، دێتە تەویلە، بەبێ ئەوەی چاو لە چاوم ببڕێ، ئاخر قڕان لە گیرفانم دەردێنێ و دەباخەڵی خۆی دەخا، لەو قەرارەی بۆی داناوم کەمتر ببەمەوە لە حەقەکەی خۆم دەگێڕێتەوە، هەر وەکوو ئاگاتان لێبوو سەرو خولکیشی ئاوا لەگەڵم خۆشە!

هوما لێیپرسی:

بۆ دەڵێ موسافیری دەرەوەی شار سوارمەکە؟

فەیتوونەکە نوێیە، حەزناکەن بە دارو بەردیدا بدەین و تۆز و خۆڵی لێبنیشێ، جیری تەگەرەکانی خراپ دەبن.

ڕۆژێ چەندە وەردەگری؟

دوو تمەن.

ژنت هەیە؟

فەیتوون ئاژووت ئاوڕێکیدایەوە:

ژنەکەم ساڵێکە تۆراوە، سێ منداڵی بەسەردا بەجێ هێشتووم! بەبێ ئەوەی تەڵاقی وەرگرتبێ لێیداوە و ڕۆیشتووە، نێوچاوم نەیهێنا و خوا ژنی باشی نەدامێ.

ئەی بە بێدایک چۆن بەڕێ دەچن، چۆن دەحاوێنەوە؟ خێزانەکەت لەکوێیە؟ بچی بە شوێنیدا نایەتەوە؟

فەیتوونچی وەکئەوەی لە گێژی خەیاڵاتی خۆیدا کاس و وڕ بووبێ، وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدایەوە. هوما چاوێکی لە ئاسکە داگرت و بە دەنگێکی بەرز لێیپرسی:

پێتخۆشە داوای من بکەی مامە؟ وەرگەڕێ و جوان تەماشام بکە، ئەگەر بەردڵ دەکەوم پێمخۆشە هاوسەری فەیتوونچییەک بم. بە کەیفی خۆی بۆ ئەملاوئەولام دەبا و پارەشم لێناستێنێ.

فەیتوونچی پیرەمێردێکی لەڕو و لاواز و تێکقووپاو بوو، سمێڵی شۆڕ وەک ئۆزبەکیان، چاوەکانی نیشانەی هێمنی و بێئازاری ئەوی لەخۆی گرتبوو، بە نەرمی خەرەزەنێکی لە کەپەڵی ئەسپەکان سرەواند و بە لەسەرەخۆیی وەڵامیدایەوە:

چ لەوەباشتر ئێوە لە مەشەدی میرانی نانەوا تەڵاق وەربگرن، من ئامادەم!

هوما قاقایەکی کێشا. هەر لەوکاتەدا زگی پێیسووتا، وەبیری هاتەوە جارێکی دیکە لەگەڵ سەیمیران سواری ئەم فەیتوونە بووە، بەدەم شۆخی و جەفەنگەوە چوونە شوێنی مەبەست.

باخی تەپەچاڵ لە ئیجارەی ئاشەوانی سەیمیراندا بوو، کە دەربەست باراشی بۆ ئەو لێدەکرد. لەو نێو باخەدا چارداخ و هاوینەهەواری خۆشیان هەبوو، بەسەر تەمباسکەکەوە. تەواو بەسەر نیوەی باخەکانی دەوروبەری سەراودا، دەیڕوانی. شوێنێکی سازگار و دڵفەریح بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی مێرگ و چیمەنەکە سەرەڕێگا بوو باخەوانان بەوێدا دەهاتن و دەچوون، ژنەکان بە باشیانزانی پەنا بگرن و فەرش و قاڵی خۆیان لە جێیەکی نەدیو دابخەن. زۆری پێنەچوو سەیمیران هات بۆلایان. هوما لەگەڵ منداڵان چوونە ژێر شاتووەکە، دارە توو بەمهەموو بەرە سوورەوە سەیوانی بۆ سەرەوخوارییەکە کردبوو، ورد و درشت نیشتنە سەر سوورەتوو و ملیاننا لە خواردن ئاسکە نەنە بیبی، دەستیاندایە دەستی یەکدی ئەو لێفەی کورسی و فەرش و مافوورەی ڕۆژێک پێشتر ناردبووی بۆ باخی، لە خوڕێنەکەدا لە خوسیان گرتن. ڕووبارێکی باش لە باشووری باخەکە نزیک بوو. بارام دەستیکرد بە قورمیشکردنی گەرامافوونە خۆشەویستەکەی، تاکوو یەکەم قەوانی وەسەر بخا، وردە وردە سەماوەر وەگیزە گیز کەوت، ئەوە هەر ئەو باخە بوو سەیمیران سەراوی پێشئەوەی ئاسکە بهێنێ ئیشو کاری تێدا کردبوو، ئەوە هەر ئەو دارتووە بوو، وەختێ

خۆی ناسر لە سەری بەربۆوە و لە پاش دوو ساڵ مەرگ بوو بە میوانی. ئەم درختەش وەک مرۆڤی تاس، بەرگ و گەڵای هەڵدەوەری و ڕووت ببۆوە، سێ ساڵ لەوەپێش هەر لەو باخەدا، ئاشەوانەکان لەسەر چەمەن، نیوەڕۆ خوانێکی جوانیان ڕازاندبۆوە. ئەویش لەو میوانداریيەدا بەشدار بوو، بەڵام درەنگ هات و زوو ڕۆیشت. ئەوکاتی، سەی‌میران، لە شارەوە بە پێی پیادە هاتبوو بۆ سەراو، بۆئەوەی لەو ماوەیەدا، بەسەر باڵی خەیاڵەوە گەشتێک بکا بە ئاسمانی بیرەوەرییەکانی‌دا، بەرلەوەی دابنیشێ و پشوویەک بدات، چووە نزیک هوما، لکی دارەتووی گرت و دای‌هێنا تاکوو خانمە نازدارەکەی لەسەر چڵی دارەکە بخوات چەند دەنکی ڕەش و گەیشتووی بە ئارامی لێکردەوە و لەسەر گەڵایەک داینان و بە عەشقی پیرۆزەوە، کە یارەکەی دەیزانی لە دڵەوەیە، دایەدەستی. مەهدی نایە سەر بەری‌دەستی و بەرزی کردەوە تاکوو تووەکان بە دەم بگرێ و بیانخوات. پێی‌وت وریابێ، شۆڕابەی تووی سوور بکەوێتە سەر هەر جلوبەرگێ بە شۆردن لێ‌نابێتەوە، کەناری ئەو باخە، شوێنێکی تەواو لاپەڕ و چۆڵ بوو، کەس بەوێدا نەدەهات. تەنانەت قەل‌و مەل توخنی نەدەکەوتن! بگرە کەس گوێی لە دەنگی گەرامافۆنەکەش نەدەبوو، وەختێ خاوو خێزان لە ژێر سێبەرەکە بە دەوری یەکدا کۆ بوونەوە، چایی سەماوەر بە ڕەنگی بەلاڵووکییەوە خۆی دەنواند. باخەوان بەرکۆشێک میوەی بۆ هێنان. زۆریان هەوڵدا چایی نەخواردەوە، گوتی چاخۆر نییە. سەی‌میران منداڵانی ڕاسپارد بە کەیفی خۆیان لە نێو باخەکەدا بسووڕێنەوە، بەڵام دەست بۆ میوەکان نەبەن و لقی دارەکان نەشکێننەوە، قەوانەکان بیست دانە دەبوون، دەستی برد و یەک‌دانەی بە باری ئاوەژوودا وەسەر خست. لەگەڵ منداڵان ملیان‌نا لە گاڵتە و گەپ و شۆخی و جەفەنگ، زۆریشی شۆخی لەگەڵ نەنە بی‌بی کرد. جگەرەیەکی داگیرساند و بە نێو باخەکەدا کەوتە پیاسەکردن. منداڵان، بارام نەبێ لای گەرامافوونەکەی چۆڵ نەکرد، گلارەش بە دڵ لە فکری وانە و ئەزموونی داهاتوودا بوو، هەستان و چوون بۆلای ئاشەوان، کەندر و گوریسی لێ‌وەر بگرن و جۆلانێ دروست بکەم. پیرێژن بۆ نان و خوان سازکردن، لەلای گلارە مایەوە، هەردوو هەوێکەش ئازاد و سەرو قۆڵ ڕووت، هەستیان‌دەکرد بە دە ساڵ جحێڵ بوونەتەوە، چوون بەلای شووشتنی لێفە و مافوورەوە، بۆئەوەی زوو وشک ببنەوە بەپەلەبوون. ئارامی و سەفای سەیرانی ئەو باخە هەرکەسێ بۆ کاتژمێرێک دەبوو بە میوانی، غەوری لە دڵ دەسرِی و دڵ و مێشکی دەحەساندەوە و سێبەری هەناسەچنی شەقام و شاری لەسەر دەپەڕاند، هەروەک لە کۆنەوە وتوویانە چوونە سەیرانی باخ و سەر ئاوان دەرمانی هەزاران دەردە و هەتوانی نەخۆشینە. لە ژوور خوڕێنەکەوە،

دوور له ژنەکان، که خەریکی قاڵیشۆردن بوون، تاڤگەیەکی بچووک دەڕژایە خوڕێنەکەوە، هاژەی ئارامی ئاوی هەڵدێر بێدەنگی ئەم ناوەی شکاندبوو، ئەوبەری خوڕێنەکە سەروەخواری و باخ و سەوزەزار بوو، لکو پەلی درەختەکان میوەی زۆری گرتبوو کۆڵەکە و ئەستووندەکیان وەبەر دابوون. سروە دەستی بە سەردا دەهێنان و تیشکی خۆر ختۆکەی دەدان و کۆخ و هەڵوو مزر و مەیخۆش نازیان بەسەر ترێ و قۆرەدا دەکرد و بە خوڕەی تاڤگە و جۆبارکە دەگەشانەوە، ژنەکان بەبێ یەکدی بوغزاندن و کینە و دووبەرەکی، دڵخۆش بە موحیبەت و خولکخۆشی سەیمیران چارشێویان توور هەڵدابوو، ئاسکە بە گۆرەوی و شەڕواڵەوە و هوما بە قاچی ڕووتەوە چوونە نێو جۆگەکەوە، بە تێڵاو بەرجیخ دەستیانکرد بە لیفەشووشتن. سەیمیران کۆت و شرواڵی داکەندبوو کردبووی بە لقی دارێکەوە، جگەرەی نابوو بەلای لێویەوە و شاد و دڵخۆش لە بڵندیرا لە جووتە خانمەکەی دەڕوانی، قەلێک لە نزیک ژنەکان بەسەر دارگوێزەکەوە چەند جارێک قڕاندی و قاوی کرد لە هاوڕێکانی. کلک هەڵتەکێنەیەک لە قەراخ ئاوەکە بەسەر بەردێکەوە نیشتەوە و کلکی هەڵتەکاند. سوورێکی بە دەوری خۆیدا لێدا و چەند جارێک جریواندی و بە قنە کردن دوور کەوتەوە، سەیرەیەک بە نێو درک و شیلانەکاندا جووکە و جریوەی دەهات. بۆن و بەرامە و سرتەو گڤە و هاژە و هاڕە و هاشەی سروشت هەست و دڵی دڵداری دەگەشاندەوە و ئیلهامی دەڕژاند بەسەر هەستیار و ئەویندارانداا. هوما بەم هەوا سازگارو سەفا و سەیرانە سەرگۆنای لە چەشنی پەنگر گەشابۆوە و هەوای ئاوێتە بە بێنو بەرامەی خۆشی هەڵدەمژی. تەنوورەی هەڵکێشا بۆ ئەوەی بچێتە قووڵایی ئاوەکە، هەرچەندە خوڕێنکەکە گۆم نەبوو ئەویش مەلەی نەدەکرد، بەڵام بەرینان وتوویانە گۆم هەتا قوڵ بێ مەلەی خۆشترە، گەڵایەکی وەریو خۆی کێشا بە پووزیدا و زریکاندی، گەڕایەوە بۆ تەنکایی ئاوەکە، سەیمیران بەم زریکەیە گوڵی کرد و زەردەخەندەیەکی ئاراستەی شیرینهەلامەی خۆی کرد. ئەو زەمبەقە سپییەی لە گوڵخانەی ژیانی ئەودا بوو، بە دڵنیاییەوە لە هیچ شوێنێک وەدەستی نەدەکەوت. هەرچەندە هێشتا، لەو عەزابی ڕۆحی و بێنەوبەرەی جنس و قاچاخی خڵاسی نەهاتبوو، بەڵام وەختێ بە قووڵی بیری لێدەکردەوە ئەوەنەبوو خەفەتی بۆ بخوات، مرۆڤ هەرکاتێ ماڵی دنیای لەدەست دەبێتەوە، ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە لەلای بەنرخ و خۆشەویستە. دوای ئەوەی ئەو زەرەدەی کرد، کە هەرچەندە وازوو کەلەبەرەکەی پڕ نەدەبۆوە، بەڵام هوما بۆ ئەو وەک دۆزینەوەی خەزێنەیەک وابوو. چما سەرەوت هەیە بەقەی ئەو بۆ دڵی میران خۆشی بێنێ و ژەنگی خەمی بسڕێ؟ ئەوە فریشتە بوو لە چنگ خێڵی زاڵمان دەرباز ببوو لە

پەنا ئەو پیرەمێردە گیرسابۆوە، ڕوخساری مانگی شەوی چاردە و سەعاتێک لەلای پەژارەی سەت ساڵی بەبادا دەدا، بزەی زارۆئاسای خەمی لادەبرد و ڕۆحی سەفا دەدا و هەتوانی دەنا سەر کۆنە برینان. ئەوەندەی فکری لێدەکردەوە تێکەڵی ژیان لەگەڵ ئەو پەری سیمایە خۆشتر لە تاج و تەختی خەسرەو و موڵکی چین‌و ماچین بوو، ئەوە هەناسەی عیسا و شابەیتی غەزەلی حافز و نالی بوو، هەر چرکەیەک لە پەنا ئەودا لەدایک بوونەوەیەکی‌تر بوو، ئەو دڵبەرەی وەدەستی ئەو کەوتبوو، بەرامبەری دەکرد لەگەڵ خدرو ئاوی ژیان؛ بەڵێ ئەوە دەوڵەتێک بوو بۆ ئەو بە سەروەت و سەفاوە کە هیچکات تاجی نەدەکەوت و تەختی وەرنەدەگەڕا، ئەوە ئارەزوویەک بوو لە ماوەی دە سەدەی ڕەشدا لە چەشنی ڕۆندکی چۆقاوی شەم لە چاوگەی شێعری شاعیرانی ئێرانەوە هەڵقووڵابوو، هەر ئەو دڵۆپانە لەنێو پێڵووی سەدەفی زەماندا ببوون بە یاقووت. ئەگەرکوو تەواوی ئەو سۆز و ئاخ و حەزی ئاشقانە لە شێعردا دەگونجا و پەسنی ئافرەتی دەدا و لە تاریفی ڕادەچوو، تاقگەئاسا خۆی هەڵدەدێرا و لەو چەشنە ڕووبارێکی لێدروست دەبوو. هەروەکوو ئێستا بە بەرپێی‌دا دەخوشی. ئاخۆم دەیتوانی تۆزقاڵێک بە حاڵی سووتاوانی خۆی بزانێ کە سەدان ساڵە ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوامە و سووتان و برژان و دووری کۆتایی نایات؟ تۆ بڵێی سەی‌میران بیست ساڵ لەمەبەر هەر لەو باخەدا، بە ڕۆخی ئەم خوڕێنەدا تێپەڕیوە بیری لەوە کردبێتەوە ڕۆژێک ببێ بە خاوەنی ئاواها نازدارێک و لە دنیای جوانی ئەودا بتووێتەوە؟ دەست لە باڵای وەرێنێ و بە ئاواتی دڵی تینووی بگات؟ جێی سەرسووڕمانە کارەکانی گەردوون، ئەمەش ئەو و ئەوەش ئەو پەری‌ڕوخسارەی بە خەون و خەیاڵ ئاواتەخوازی بوو! ئاخۆم سەیرو سەرمەرەکانی ژیان کە لە خەون و خەیاڵەوە دێنە ژوانگەی ڕاستەقینە و ماڵی دڵ ئاوەدان دەکەنەوە، ئەشێ بە ماندووبوون وەدەست بکەون؟ یان ئەوەی کە هاتنە جێ پەشیمانی لەدوو بێ؟ ئەگەر وەختێ جارێک بیری لەوە کردبێتەوە کە حەز و خۆشەویستی هوما هێلانەی کردووە لە دڵیدا، بۆ ئەوەبووە کە لە دڵەوە خۆشی‌ویستووە، وەک ڕۆحێک وابوون لە دوو جەستەدا. عەیب و ئەتواری گەورەی ئەوی بەلاوە بچووک و بە بەرپێوار زانیوە، ناحەزی ئەوی بە حەز دەگۆڕییەوە و هەموو شتی لە چاوی هوما جوان دەبینی. ئیتر لەو ڕۆژەوە خێڵی بەخیلان چاویان بەرایی نەدا ماڵی میران وەکوو میران ببینن، سێبەری نامۆیان وەسەر کشا، مافوورە و قاڵیچەیان بە بارمتە دانا، هوما بیری کردەوە و تەکی‌دا بەلای ژێرییەوە، لە قاقای بڵحانەی کەم کردەوە و ئەوەندەش پەڵپ و بیانووی نەدەگرت، لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا کە ڕابرد سەرەژن‌ئاسا هەروەک سەلارێک پاڵی دایەوە. لەوبەینەدا تەنیا

باوەشێنێکی دەسک سەدەف کە بایی سێ‌تمەن بوو، جووتێک سۆل و گۆرەوی و شووشەیەک عەتری یاس نەبێ، ئیتر پارەی بە میران خەرج نەکرد. میران ئەوەندەی هەواڵی هەبوو، تەنانەت نەچووبوو بۆلای دەستەخوشکەکەی خۆی، خاتوومەرزییەی خەیات، ئەمەش گەورەترین ئارەزووی سەی‌میران بوو، هوما ئەوەندە لە شەقام و بازاڕ خۆی نەنوێنێ و نەبێتە ویترین و تابلۆ بۆ بینەران. ئەوەندە توشی پارە خەرج‌کردنی نەکا، خەریکی کاروباری نێو ماڵ بێت. ژن دەبێ کابان‌بێ و لە ماڵ دەرنەکەوێ! شەرت ئەوەیە لە کاتی بووندا دەستپێوە بگرێ، ئەو زەمان، ئەوەندەی هەبوو نەیدەزانی چیلێبکا، دەبا ئێستا بێنێ بۆ هوماخانمی خەرج بکا؟ دڵی لە زۆرشت دەچوو، کە دەبوو لە ماڵدا هەبێ، ساڵی جارێک دەچوو بۆ زیارەت، سفرەو خوانی دەڕازاندەوە و میوانداری دەکرد. ئەمەش خەرجی گەورەی دەدا بە کۆڵیدا، قەت گوێی لە بوون و نەبوون نەبوو، بەڵام ئێستا ئەوا پێنج ساڵە ئەم ژنە تازەی هێناوە، لەچاو هاوماڵ و خەڵکی گەڕەگ بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، خەرجی زۆر لە ژوور داهاتەکەیەتی، زۆری هەوڵدا کون و کەلەبەران پڕ بکاتەوە بەڵام قازانج سەری مایەی دەخوارد! وەک دەڵێن بەڕە هەر لەلای تەنکی دەدڕێ، ئەودەبوو لە جحێڵیدا دێوی نەزانی سندم بکا، تازە بە پیری هیچی بۆ ناکرێ، وەختێ خۆی دەیتوانی لە پەنا دووکانەکەیدا خەریک ئیش‌و کارێکی پاک و پڕداهات بێ هەروەک چۆن میرزا نەبی هاوڕێی نانەواو و ئاشی هەبوو، مزەی هاڕین و باراش بۆخۆی دەگەڕایەوە، ژیانێکی ئاسوودە و بێ‌دەنگ و هەرای هەبوو، بەڵێ بە جێگەی ئەوەی بچێ کات‌و وەختی بێکاری خۆی لە چایی‌خانە بەسەر بەرێ و بە هیچ و خۆڕایی وەسووڕێ لەو تەمەنەی بە دەستییەوە بوو کەڵکی شیاوی وەرگرتبا، (تەمەن بۆ مرۆڤ هەر وەکوو گوڵ وایە. مرۆی ژیر بەو کەسە دەڵێن گوڵاوی لێ‌بگرێ)، بەدەم ئەم فکر و خەیاڵاتەوە، وای بە مێشکدا هات، بە ویستی خودا ساڵی داهاتوو خۆی‌بێ یان لەتەک کەسێکی‌تردا باخێک لەو باخە پڕداهاتانەی سەراو بە ئیجارە بگرێ. لەو کات‌و وەختەدا چی لەوە باشتری لە دەست نەدەهات. سووڕێکی بە نێو دارهوڵووەکاندا لێدا، دوای نیوکاتژمێر، گەڕایەوە شوێنی خۆی، خانمگەل لیفەکەیان شووشتبوو دایاننابوو ئاوەچۆڕ بێ، چاوەڕێی سەی‌میران بوون بێت و بۆیان بدا بەسەر دارێک، بەردێکدا، تاکوو زوو وشک ببێتەوە، سەی‌میران بەسەر بەردە بازەکەدا پەڕییەوە، دەستێکی لە کەلەکەی نابوو، ڕوخساری پڕ بوو لە جەفەنگ و دڵخۆشی. هەرکە لە ژنەکان نزیک بۆوە گوتی:

هەرکامێک لە ئێوە پێم‌بڵێن چ میوەیەکم بە دەستەوەیە، لە کۆڵی دەکەم و لەم ئاوە دەیپەڕێنمەوە.

ئاسکە گوتی:

ئەی ئەگەر هەڵمان‌نەهێنا؟

ئەووەختی ئێوە دەبێ من لە کۆڵ بکەن.

هوما گوتی: سێو.

ئاسکە گوتی: قەیسی.

میران بە خێرایی دەستی لە چاوی هوما نزیک کردەوە، میوەکەی نێو مستی بەچکە قرژاڵێکی سوورەزرپە بوو، بەقەی دووگمەی باڵتۆیەک، دەست و قاچی بچووکی دەجووڵاندەوە هوما، هەر ئەوەندەی ئەو جووڵەجووڵەی دیت زریکاندی و خۆی خستە پشت ئاسکە، ئاسکە هەر لە جێی خۆی ڕاوەستابوو و سەی‌میران قاقا پێکەنی:

ئەی هاوار بەماڵم! نەت‌خوا، خەڵکی خاریجە هەر بە زیندوویی ئەم شتانە دەخۆن. جۆرێکی‌ترن نەک ئەوانە، هی زۆر گەورەتر، چاوت لێیە ئاسکە لێی‌ناترسێ، ئەمەیە ژنی ئازا.

ئاسکە گوتی: ئەویش ناترسێ، ئەوە هەمووی نازو مەکرە.

سەی‌میران بەچکە قرژاڵی، لە سنگ و بەرۆکی ئاسکە نزیک کردەوە، هەرچەندە ژنە موچڕکی بە لەشدا هات بەڵام جووڵەی نەکرد. بەدەم قاقاوە مەچەکی میرانی گرت تاکوو لێی‌بستێنێ و بیخاتە ئاوەکەوە، میران ئەمجاریش بانگی هومای کرد:

وەرە، ئەگەر نەیەی، خۆم دێم دەتگرم!

هومای شۆخ و شەپاڵ، وەک منداڵی بزۆز، چەندجارێک ئەداو ئەتواری نیشاندا، نێوانی دوو دار ڕای‌کرد. سەی‌میران لە هەوڵی ئەوەدا بوو قرژاڵەکە لە سەرزەوی هەڵبگرێتەوە، ئاسکە بەرۆکی گرتبوو، بە قاقای دایک و باب و باوەژن، گلارەش کتێب بەدەست لێیان نزێک بۆوە، هوما هەردوو مستی پڕکرد لە ئاو، بە پێ‌دزە لە پشتەوە خۆی گەیاندە سەی‌میران. ئاوەکەی کردە پشت‌ملی، میران دەستی ئاسکەی بەردا و کەوتە شوێن هوما، بەڵام هەروەک ئاسکی سڵۆک خۆی ڕاپسکاند و دوور کەوتەوە، ئاسکە تیشکی شەرم تەنگاوتی و سەرکوڵمەی سوور هەڵگەڕا، چاوێکی لە کچەکەی کرد و گوتی:

دایکەگیان، لێرە ئاگات لە قاڵییەکە بێت، کەسێک نەیرفێنێ، ئێمە ئێستا دەگەڕێینەوە. وەختێ سەی‌میران گەیشتە سەرهوما، خونچەی حەزی پشکوتبوو، بەپەلە بەملاوئەولای‌دا ڕوانی و گورگە ئاوڕی‌دایەوە، جگە لە نەنەبی‌بی، بێگانە و ئەغیارێک لەوێ دیارنەبوو. پیرێژن لە ژێرسێبەری دارو درەختان نوقمی نێو دێراوان ببوو، خەریکی کۆکردنەوەی چیلکەو چاڵ بوو، سەری خۆی داخستبوو

بۆ هیچ لایەکی نەدەڕوانی، تۆمەز ئاگادار بوو سەی‌میران لەگەڵ یارخەزاڵی خەریکی یاری دەستبازی بوو، تۆ بڵێی بە بیرەوەریەکانیدا نەچووبێتەوە و لە کەژاوەی خەیاڵدا نەگەڕابێتەوە بۆ دنیای لاوەتی؟ نەنە بی‌بی ئافرەتێکی هێور و لەسەرەخۆ بوو، سەرو ڕووخۆش و زمان پاراو و نەرمونیان، هەروەک نەدیمە و هاودەمی شایان. زۆریش دڵنەرم و بەحورمەت. ڕەوشت‌پاک و سادە و ساکار و بێ‌ڕیا و دەلەسە، سەرو پرچی سپی و تاڵی ڕەشی تێدا نەمابوو، پیرێکی چەماوە و چکۆلە بوو. سەروسیمای جوان و پاک و نەجیم دیار بوو، هێجگار قسەخۆش و نوکتەزان و پەندو مەتەڵی ڕەسەنی لەبەر بوو، شۆخی و جەفەنگەکانی زیاتر لە بارەی ژن و مێردەوە بوون، هەوێکان قسەی دڵیان لەلا دەکرد و شەرم و شکۆیان نەبوو، ئەویش بۆ ئەوەی تەوسیان پێدا بدات، یان ئەوەی لە خەفەتی ڕۆژگار دوور بن ڕووی تێدەکردن و دەیگوت:

«خودا بیبڕێ کۆپانە کۆپێ

شەوێ لێ‌دادێ وەک کەر دەتۆپێ!»

ئەوانیش قاقا پێدەکەنین، ئاواتیان بۆ ڕۆژانی لاوی دەخواست، سەی‌میران وەختێ زانی نەنە بی‌بی، دێراوەکە قوتی داوە باوەشی بە نێوقەدی خێزانی‌دا کردو دەستی برد ڕانی کوشی، لە باوەشی کرد و بردییە سەرفەڕشەکە داینا، ڕان و بەلەکی تەواو ئاوە ساردەکە تەزاندبووی، هەر لەوکاتەدا ئاسکە گەیشتە سەریان، سەرو خولکی خۆش و بزە لەسەر لێوی خەرمانەی دابوو، میران دەستی ئەویشی کێشا و خۆی بە سەردا تلاندەوە، یەک پیاو و دوو ژن حەلاڵ و هاوسەر، دڵی خۆش و شەقەی ماچ و ڕامووسان. سەیاحەت و سەفا و سەیران. (مرۆڤ ئەوەندەی بیر لە سەروەت و سامان دەکاتەوە، نیو ئەوەندە لە فکری ژیان و بەختەوەری‌دا بوایە بێگومان نوشوستی نەدەهێنا، سەروەت لە چەشنی تیژاوە، درەختی هەست و خۆشەویستی لە ڕەگەوە وشک دەکا، خۆ ئەگەر مرۆگەل هەموویان قەساب بوایەن ئەوا دنیا تەنیا شاعیرێکی بە خۆیەوە نەدەبینی؛) ئەی دڵە هەلاهەلابی! تۆ کە ساتەوەختێک خۆشی لە خۆت ناگری، چۆن بەرگەی ئەو گشتە مەراق و کینە و سەربزێوی و لاسارییە دەگری؟ بە ماوەی پێنج دەقیقە هەڵی‌سووڕاند و بەسەر هەردووکیاندا زاڵ بوو. ئەمە یاسای سروشتە مێوینە دایمە مەیلی لە ئارامی و خۆ نەرم نیشان‌دانە، جارجارە میرانیان وەبن دەدا ئەوان دەکەوتنە سەرەوە، دەیان‌شێلا و دەیان‌کوتاوە، گازیان لێدەگرت و هەڵدەستان و دەکەوتنەوە، شەکەت و شەلاڵی ئارەقە وازیان لە کایە و جەفەنگ و هەڵگلۆفین هێنا، ئاسکە پەنجەی خۆی کردە شانە و بسک و پەرچەمی لادا، پیاڵەی چایی بە ڕەسمێکی پەری ڕوخسارەوە لە ژێر

پێیاندا شکابوو، کۆی کردەوە و تووڕی هەڵدا، فەرەشەکەی ژێریان کۆ ببۆوە، هوما وەک ئەوەڵجار ساف ڕایخست. بۆنی سەوزە و گیاشینەی ژێر پێیان دەورو بەریانی پڕکردبوو، لە نێو دارو درەختی ئەم باخە خۆشەوە دەنگ و چریکەی هەستبزوێن بەدەم نەرمە بای شەماڵەوە بەرگوێچکەیان کەوت. هەرسێکیان بێ ئەوەی سرتەیان لێوەبێ، گوێی دڵیان پێسپارد، دەنگەکە شەپۆلی مقامێکی ڕەسەن بوو، لە نزمیرا بۆ بەرزی دەیچریکاند، وەک شنەی بەرەبەیان گوڵ و خونچە و چرۆی دڵی دەکردەوە لەگەڵ هەر بەرز و نزمبوونەوەیەکدا، ئایئای و ئامان ئامانێک بوو! چاوە پڕ لە هەوەس و تاسەبارەکانی هوما، بوون بە دوو پەیتووکەی بزۆز و هەراسان،هومای دڵتەڕ و کەلەکە باریک، ئازای ئەندامی کەوتە سەما و جووڵە و ختۆکە، دووجار سەری بە کاکۆڵ و پەرچەمی زێڕینەوە هەڵتەکاند. گوڵبزەی پەریانەی نیشتە سەرلێو کە وەبیر هێنانەوەی ئاوات و تامەزرۆیی پێوە دیاربوو، سەیمیران، کە لەمێژ بوو نیگای ئارەزوومەندانەی بەسەر هومادا دووریبوو، گواستییەوە و پەپوولەئاسا لەسەر ڕوخساری ئاسکە دایمەزراند. هەرواکە ئەم نەرمە مەقامات و چریکە داوودیە سەرنجی ڕاکێشابوو کەوتە پرسیارکردن:

ئەمە دەنگ و ئاوازی بارامە؟ بەڕاستی باوەڕم نەدەکرد، ئاوا دەنگی خۆشبێ!

قیژە و هەرای بیژەن و مەهدی بەرز بۆوە، کەندڕ و گوریسیان دەست نەکەوتبوو جۆلانەی پێساز بکەن. زەردەخەندەیەی خەماوی بە داخ و کەسەرەوە خونچەی سووری لێوی هومای کردەوە، سەیمیران بە درێژەدانی قسەکەی لە پەسنی ڕاچوو:

هەناسەی باشی هەیە، تۆنی دەنگی تەواوە و ئاوازەکەی بە لەحنەوە دەردەبڕێ، ئەگەر لە کاتی باڵغبووندا دەنگی نەکەوێ، ناو دەردەکا، ئەی بە حەیرانتبم کوڕە، لە بیرمە منیش وەختێ لەو تەمەنەدا بووم، دەنگ و چریکەم باز و شالوور بوو، بەناوبانگ بووم لە ئاوایی سەراودا. لەوسەری لێڕ و باخەکەوە بە زووڵاڵی گوێیان لە دەنگم دەبوو. زۆر لەوە دەچێ ئەم چریکە و ئاوازە لە ماڵی ئێمەدا بە میرات بۆمان مابێتەوە، بەڵام وەختێ خەتمدا و دەنگم بۆڕ بوو، نە چریکەمما و نە ئاوازی خۆش، زۆرکەس وەختێ تەمەنی دەچێتە سەرێ دەنگی نامێنێ، هیواش هەیە خۆشوێژ و دڵئەستێن دەنگی باقی دەبێ. دەورەی منداڵی و نۆجوانی کە لەدەست بۆوە چت بۆ نامێنێتەوە، هەڵبەت ئەوە بۆ هەمووکەس وانییە، دەنگی من سەرنجڕاکێش و لەسەر دڵ کاری دەکرد. باڵغبوون بۆ من وەک هاوڵە و مێکووتە وابوو چاڵ و چۆڵی لەسەر دەنگم دانا و ئەو بەهرە خۆشەی لێسەندم. ئیتر لە بیرم چۆوە منیش زەمانێک دەنگم خۆشبوو.

هوما بە پەنجەی جوانی ئاماژەی پێدا هەست ڕابگرێ، هەر بەمەش ڕازی نەبوو هەستا سەرپێ، بەپەلە سەرپێیەکانی لە پێ کرد و بە تەنیشتی دارەکاندا بۆ ئەو شانی خۆڕێنەکە تێهەڵبوو، دەنگەکە نزیکتر بوو، لە پشت پنچک و شیلانەکانەوە دەهات و لەودیوی توودڕکەکانەوە. ئەو ژنە خۆشسەلیقە و بەهەستە کە جوان پەرست بوو دایمە حەزی لە دەنگی خۆش و دیمەنی زەردەپەڕ و هەوای پاش وردەباران بوو نەک هەر شێت و شەیدا بەڵکە سووتاو و برژاوی دەنگ و ئاوازی هەوێزادەکەی خۆی بوو. وەک فڕندەی تیژباڵ بە چەند شەقاو لە دێراوەکان پەڕییەوە و بە نێو دارو درەختاندا بۆی دەرچوو، هێند بە تاڵوکە بوو جارێک تایەک لە دەمپێیەکانی لەدوو بەجێما، چەند هەنگاو دوور کەوتبۆوە، گەڕایەوە سەری دەپێی کردەوە، بە نێو ئەو مێرگ و چیمەنەدا تێپەڕی کە ئاوی لێئاژین کرابوو. بە سەرەوژوورییەکی بچووکدا وەسەر کەوت، دەرو دەشتێکی خێزەڵانی، پڕ لە دار و توودڕک، ئیتر لێرە لەو بنەوپاڵەوە گوێی لە چریکەی بولبوولی شەیدا بوو زیرەکانە خۆی لە پەنا پۆڕە دارێک حەشاردا، بارام بەرچیخێلی بەدەستەوە بوو، بە نووکی ئەو دارە لقوچڵی پنچکێکی بۆلای خۆی نەوی کرد. نزمتری کردەوە و ڕایگرت، بۆ چەند چرکە هەناسەی لە ڕکەی سینگیدا قەتیسما، ڕووی وەرگێڕا و لە بەژن و باڵای گوندی سەراوی ڕوانی لەو دەشتە ڕووتەنەدا ئاوایی سەراو بە بێپەردە و چارشێو خۆی دەنواند. هەر هەمووی جوان بوو لە بەرز و نزمیدا، دڵ و چاو پڕ لە حەز و تاسە وەک فەرهادی لە شیرین هەڵبڕاو لە ئاوایی ڕاما و چریکاندی:

«وەفدای باڵاتبم عەزیزم، سەوزە چەمەنی، ئاخ سەوزە چەمەنی.»

وەدڵ موسڵمان باوا، زاهیر ئەرمەنی، ئاخ زاهیر ئەرمەنی»

«چاوانی مەستت عەزیزم، هاوردی بردی، ئاخ هاوردی بردی

تەرکی دڵداری خانم، تۆ لە من کردی، ئاخ تۆ لە من کردی.»

ڕوانینی بۆ دوور پڕ لە پەژارە بە نیگایەوە دیاربوو، لە کاتی گۆرانییەکەدا وەک دڵدار و دڵبەرێک سەری بۆلای دەنگەکە هەڵدەسووڕاند. لەحن و دەربڕینی جوامێرانە و پڕ لە دڵۆڤانی بوو، هەر بۆیە گوێگر و بیسەری هەزار هێندە ئاشق بە سۆزی دەنگی خۆی دەکرد، بەدوای ئەو گۆرانییە کوردییەدا چووەسەر مقامێکی هەستبزوێن، هەر ئەو ئاوازەی بەیانی چەندجارێک قەوانەکە بۆی دووبارە و چەند بارە کردبۆوە، هەرچەندە لاسایی کردنەوە بوو بەڵام نەک دڵێک و سەت دڵ شێت و شەیدای دەبوو، دەنگ و سەدایەکی ئاسکەرایی، بەتایبەت وەختێ تەکانێکی بە سەری دەدا، شاعیر گوتەنی، ئەوەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵا بێگومان لەسەر بستۆی دڵ دەنیشتەوە، ئەوکاتەی بە نێو

ئاوازەکەیدا کەوتە نەرمە شەپۆلی لۆرانەوە و نزمبوونەوەی چریکە و هەناسە و تەوژمی کێش و جەزبە و ڕۆچوون بە بوتخانە دڵداریدا باوەشێنی پەنگری نووستووی دەکرد لەژێر خۆڵەمیش و باڵە وەریوەکانی پەپوولەدا، بۆیە دەڵێن: «دەستەی عاشقان لە دوور دیارن/ ڕەنگیان زەردە لێو بەبارن.»

مەهدی لە پشتپنچکەکانەوە واوەهات، چاوی کەوت بە قۆڵی کراسە ئاڵەکەی زڕدایکی، کردییە گوڕە و هەرا، ئاشکرای کرد کە لەوێ خۆی گرتووە، هوما چارەی نەما و چوو بۆلایان. بارام گۆرانییەکەی نیوەچڵ کرد و بەو دارەی بە دەستییەوە بوو بە نەرمی لە پەلک و گەڵای پنچکەکانی سرەواند. نەرمە تۆزێک هەستا و بەرز بۆوە، خڕکە بەردێکی چووکەی هەڵگرت و هەر لەو دارگوێزەی سێبەری بۆ کردبوو گوێزێکی کردە نیشانە، بەڵام لێی‌نەکەوت، بەردەکە شڵپ کەوتە کۆشی ئاوەکەوە و گەڵایەک بە شوێن ئەودا هەڵوەری، هوما گەیشتە بەردەمی، تووەدڕکێکی هەڵپساندو بە نازەوە گازێکی لێگرت، بە دابی مەی‌گێڕان لەنجەیەکی بۆ کرد و گوتی:

بۆ گۆرانییەکەت تەواو نەکرد، لە من شەرم دەکەی؟ ئەی کوا ئەو گوریسەی هێنات جۆلانەی پێ‌ساز بکەی؟

بارام، چەندجارێک نووکی داردەستەکەی لەو کوچک و بەردانە ژەنی کە لەبەر پێی‌دا کەوتبوون و شەقی زەمانە لووس و لەباری کردبوون:

نەمان‌هێنا، وەدەستمان نەکەوت، نازانم ئەگەر هەش‌بووبێ، ئاشەوان پێی‌نەداین.

ئەو باربەرەی هات بۆ ماڵی خۆمان و ئێمە دەمان‌ناسی لەوێ نەبوو، هوما گوتی: قەیدی ناکا، هەر ئێستا بابت دەنێرم کەندرو گوریستان بۆ بێنێ، هۆی بیژەن، مەهدی ئێوە بچن هەریەکەو مستێک تووەدڕکم بۆ بێنن با بزانم کێ زۆرم بۆ دەهێنێ، ئەو هەرمەنیە کێیە دڵی لێ سەندوویی؟ ڕاستم پێ‌بڵێ، ساتیکە یاخود، جنی، کامەیان؟

بارام بە دووچاوی شەرمنەوە تێی‌ڕاما لە چرکەیەکدا ڕوومەتەکانی بوون بە شیلان و بەبێ ئەوەی پەڕەی لێوی بکاتەوە و ڕازی دڵی بدرکێنێ، سەری داخست. دەمو لێوی بارگرتووی کە چووبۆوە سەردایکی ناسک هەروەک لێوی کیژۆڵان. هوما بە وێنەی ژنی دووگیان، لە بەرامبەریدا دانیشت، قۆڵی ئەم کوڕە شەرمنەی گرت و بە ورياييەوە گوتی:

ناحەقت ناگرم، من دەزانم ئەو سانە می‌چینە، کچەکەی مادام هەرمەنی دڵی لێ‌سەندوویی ئەو ڕۆژە ئێوەم لەسەر سەربان دیت بە ڕەمزو ئیشارەت یەکدیتان ئەدواند. ڕۆژی هەرشتەبڕینەوەکە،

کوڕی باش لە منی مەشارەوە، بولبوول تاکوو ئەویندار نەبێ چۆن دەچریکێنێ. ئەرێ! بەڵام لێم بەدڵ مەگرە، لە قسەی من عاجز نەبی، پێمخۆشنەبوو شۆخیت لەگەڵ بکەم. تۆ کوڕێکی ژیر و ئاقڵی و ساتیک جارێ منداڵە، خۆ ئەگەر نەک هەر ئەو هەر کەسێکی دیکەت خۆشبوێ هیچ تاوان نییە و هەمووکەس ئاشق دەبێ. ئەوانە هاوتەمەنی تۆن، ئەوانیش دڵیان هەیە و خاوەن دڵدارن. ئەمە یاسای سروشت و مرۆڤ پێشئەوەی شەیتانی پێ، پێبکەنێ فرەتر حەز بە خۆشەویستی دەکا، ژیانی بەبێ ئەشقی و دڵداری وەکوو زەوی شۆرەکات و ڕووباری وەشکارۆ وایە، یان هەر وەکوو ئێرە (قامکی بۆ بەردەمی خۆیان ڕاداشت) جێیەکی خیزەڵانی و پڕ لە لمو چەو، منیش وەختێ لە دێ دەژیام، هەرچەندە لە دوازدە ساڵ بەرەوژوور نەبووم، هەر ئەو منداڵەی یاری لەگەڵ دەکردم. خۆشیدەویستم. ئەو لە تەمەنی ئێستای تۆدا بوو، ڕۆژێک گۆزەڵە بەدەست چووبووم بۆ کانی ئاو بێنم، لە بن گابەردێک دەرپەڕی و هاتە بەردەمم، ویستی بە زۆر ماچم بکا. ملم نەدا گازم لە گوێچکەی گرت و پچڕیم. لە جێی خۆی دانیشت و ملینا لە قیژاندن و گریان، بەرلەوەی دایکی بگاتێ و تۆڵە بکاتەوە، ڕام کرد و لە کادێنەکەدا خۆم شاردەوە، ئۆی، چەند بزۆز و نەحاواوە بووم، دێیەک لەبەرم بەزیبوو، بەڵام هەمووکەس خۆشیدەویستم، ئیتر شەش ڕۆژ دوای ئەو گوێپچڕینە بە مێردیاندام.

بارام لە ژێر تەوژمی ئەو شەرمەدا بەبێ ئەوەی مەبەستێکی تایبەتی هەبێ، دەستی کردە لەمپەر بۆ نێو چاوانی، بە دەنگێکی کوڕانەوە کە تەواو شڵەژاوی پێوە دیاربوو، بەڵام دڵۆڤان و لەسەرەخۆ گوتی:

بەڵام سەرەڕای ئەم شتانەش من خۆشەویستم نییە.

یانی تۆ نازانی خۆشەویستی چییە و ساتێکت نەدیوە و نایناسی؟!

بۆچینا، ساتیک دەناسم، جارێک لە سەربان دیتوومە، قسەکەی تۆ ڕاستە، بەڵام من لە سەربان خەریکی دەرس و دەوری خۆم بووم. نەک لەبەر ئەو پەڕیبێتمە ئەو بانە، لە حەوشەکە هەرشتەیان دەبرییەوە و دەنگ و هەرا فرەبوو، دایکم وتی، ئەگەر دەتەوێ جێیەکی کپ و بێدەنگ وەدۆزی بچۆرە سەربان، لەوبەر بەرۆچکەیە دانیشە و دەوری خۆت بکەوە، ئەگەر تۆ لەوێ بی، قەلو قالاویش لێمان نابن بە ملۆزم، ڕۆ نایەنە هەریشتەی سەر تەنافەکە، یان ئەوانەی هەڵمانخستوون. هەر لەو دەمەدا من سەرقاڵی موتاڵای وانەکانم بووم لەپڕ دەرگای هەورەبانەکە زاری داپچڕی کچکەی مادام ئەرمەنی و کێژۆڵەیەکی قژکاڵ هاتنە بەردەمم، ئەغڵەب ئەو کچە هامۆشۆی ماڵی مادامی دەکرد.

دە میتر لە ژوور ئەوانەوە، بۆڵێک تریڕەشە بە نەرمە لەنجەوە ئاوەکەی دەیهێنا، بارام بۆ ئەوەی خۆی لەم قسەو باسە دەرباز بکا، بەسەر پەنجەی پێ چووە ڕۆخی ئاوەکە و چاوەڕێ‌ما. بە دارەکەی دەستی ئاوەکەی بەردەمی شلوێ کرد هوما، خۆی خزاندە پەنای، ڕازدارانە گوتی:

ئەو کچە چاوشینە دەڵێی؟ تۆی زیت و وریا، ناوی نازانی؟ «جنی».

نە بە گیانی بابم، ئەمە ئێستا ناوی دەبیستم. بەڵێ، جنی هاتە سەرێ و ساتێک بە دوویدا، تەماشایەکی منیان کرد و بەبێ ئەوەی قسەیەک بکەن، بە یەکەوە چوونە سەر گوێسوانەکە. (بارام لە بیری چوو بۆڵی تریڕەشەکە بگرێتەوە) لە پشت دیوارەکەوە سەیرێکی کۆڵانەکەیان کرد و نەختێک سرتە سرتیان کرد، یەک دووجار لە من ڕامان و قاقایان کێشا، ساتێک ئەموستی بۆلای من ڕاداشت و گوتی: ئەوە برای گلارەیە لەگەڵ شوورا هاوپۆلە، وادیارە ئەمڕۆ خۆی دزیوەتەوە و دایکی نەیزانیوە، من وتم کچەتیوە درۆزنە، دەتەوێ بچم بە براکەت بێژم هاتوویە سەربان. تاکوو بە شەقێک بتکووژێ؟ چاوی لێداپچڕیم و زمانی لێدەرهێنام، هەڵات بۆ بەردەم هەورەبانەکە، لەوێ ڕاوەستا. هەر لەوکاتەدا بوو بۆ هەرشتەهەڵخستن، تۆ هاتییە سەربان. ئەوانت لەوێ بینی.

دەی‌باشە، ئەی وەختێ من ڕۆیشتم بووبەچی؟ زۆرزان خەریکی کڵاوم دەنێیەسەر.

دواتر، هیچ، جنی هات و هەروەک تۆ دانیشتبووی، ڕووبەڕووی من هەڵتووتەکا، بە گاڵتە پێ‌کردن چاوی لە چاوم بڕی، ویستم کتێبەکەم پێکەوە بنێم و بیمەوە بۆ حەسارێ کتێبەکەی لە دەست سەندم، سەرەوخوار لاپەڕەکەی هەڵدایەوە، چەند شتێکی بە زمانی ئەرمەنی گوت، واتە قامکی لەسەر پەڕتووکەکە دانا و خوێندییەوە، دیسان قاقایان کێشا و تیزیان پێدادام.

نا، هەر ئەوە نەبوو، من شتی دیکەشم چاوپێکەوت.

ئاخریکەی هەر ئەو جنیە کە قاقاکەی تەواو بوو، چنگێک گژوگیای سەربانەکەی ڕنی و دای بە سەروچاومدا، هەڵات و خۆی خستە پشت هەورەبانەکەوە، ئەگەر ئەزموون و ئیمتیحانی بەیانی نەبوایە دەکەوتمە سەری و لە حەوشەی خۆشیاندا بوایە شەپلاخەیەکم تێ‌دەسرەواند، با ئەوەندە ڕووهەڵماڵاو نەبێ.

پەککوو، وادیارە زۆریان قەڵس کردوویی! چەتیوە بزۆزانە! وتت ئەوە یەکەمجار بوو ئاوا دیتبووتن؟ بتەوێ و نەتەوێ ئەوانە جوان و جحێڵن، شتی‌واش پێش‌دێت، تاقی‌کاری دوارۆژت هەندەسە بوو؟ نمرەی کەمت گرتبوو؟ بەڵام ئەگەر من‌بایەم لەباتی تۆ، دەمتوانی باشتر وەڵامی بدەمەوە، بارام، تۆ چۆن دڵتدێ، لەو کوڵمە ناسکەی جنی ڕاکێشی؟ (سەرگۆنای نەرم وەک لۆکە و ناسکتر لە پەڕەی گوڵ، خۆ ئەگەر ئەو

زللەیەی لە تۆ بدایە، تۆ حەقت بوو گوڵبارانی بکەی، مەگەر نەتبیستووە کە وتوویانە، نازەنین و ڕووخۆشان ئازار مەدەن. مەگەر بە چڵێک گوڵ یان بەلکی سۆرانی. ئەگەر تەنیا جارێک پڕ بە دڵ سەیری ئەو چاوە شینانەت بکردایە و لە زەریای جوانی ئەودا ببوایەی بە غەواس، کە دڵئەستێن و خوازیاری ئەشق و دڵداریە، بێگومان ئێستا ئەم وتەیەت بە زاردا نەدەهات، هەرچەندە ڕقو کینە لەلای جوانان و بەتایبەت منداڵ و هەرزەکاران خاوێنترین هەوێنی حەز و خۆشەویستییە.

بارام لە وەختی ژنەڤتنی ئەم ڕستانەدا کە نیشانەی پاکی و بێدرۆیی نێوان خۆی و باوەژنی دەردەخست، بۆئەوەی لەو دڵەکوتەیە ڕزگاری بێت، مستێک ورکە بەردی لەبەردەم خۆی قەڵا کرد و یەک بەدوای یەکدا دەئاوەکەی هاویشتن. بۆڵێ ترێ ڕەشە تۆزێک لە خوارئەوانەوە، بە لقێک گزیچارەوە قەتیس مابوو، چەند بەردی تێگرت و دای بەدەم ئاوەکەدا، ئاو بە لەنجەی پەریانەوە بە بێدەنگی دەخوشی و تونیەتی سەوزەو دار و درەختی دەشکاند و تێکەڵ بە چۆم و ڕووباران بەرەو زەریای نادیار دەخزی، سروە باڵی بزواند ماوەیەک بوو نەرمە هاژەی تاڤگە تۆرابوو، بێدەنگی پێشکاند، وەختێ هەردووکیان هەستانە سەرپێ هوما بە واتای ئامۆژگاری گوتی:

من پێمخۆش بوو شۆخیت لەگەڵ بەکەم جارێ ئەم شتانە بۆ تۆ زووە، تۆ دەبێ لە هەوڵی خوێندنەکەتدا بی، زۆری ماوە بیر لەو شتانە بکەیتەوە، بەڵام بەبێ هیچ مەبەستێک لەگەڵ ئەوان هاوڕێ بی کارێکی خراپ نییە، هەرمەنیگەل، مرۆڤێکی ڕووراست و بێغەل و غەشن، پاکرەوشت و بێئازارن. لە کاتی خۆیدا تۆش دەبێ لەوێ بی، ئەوان بانگدەکەم، بێن بۆ ماڵی خۆمان. پێدەکەنی، دەزانم پێتخۆشە، ئەرێ، ڕۆژێک ئەو کارە دەکەم. بەڵام بەو مەرجەی گۆرانیم بۆ بڵێی، ئەگەر تۆ ئەوانت خۆشناوێ ئەوا من سووتاوی دەنگ و چریکەی تۆم. بارام ڕەنگە تۆ بەخۆت نەزانی، بەڵام دەنگت سەرتۆپی دەنگانە، حەزدەکەم گۆرانی «لیمۆ گوڵباخیم» بۆ بڵێی، نەبوو ئەورۆژە تەنیا دانیشتبووی لەبەرخۆتەوە دەتگوت، ئەوامنیش دەچم بۆ بندارەکان با تۆ شەرم نەکەی تێیچریکێنە، هۆی بیژەن، مەهدی، وەرن بزانم چەندەتان توودرک بۆ کۆ کردوومەتەوە!

هوما خاوێر خاوێر، بە تەنیشت پنچکەکاندا ڕابرد و دارو درەختەکان حەشاریداندا، بارام شاییبەخۆ، سەرو دڵخۆش نهێنی خۆی پاراست، دەستینا بناگوێی و بە کەیفی دڵ تێیچریکاند.

## بەشی چواردەهەم

لە نێوان سەیمیران و ئاسکەدا، وەختێ هوما بەجێی هێشتن بۆ چەند خولەکێک قسەیەک نەهاتەگۆڕێ، ئاسکە لە پێشدا سەرێکی چێشتەکەیدا لەسەر ئاورەکە، دواتر لە پەنا سەماوەرەکە لەسەر قولینچکی فەڕشەکە دانیشت، دەستیکرد بە چنینی کڵاش و گیوەی کرماشانی لەو گۆشەی دیکەی فەڕشەکە سەیمیران ڕاکشا و سەری کردە سەرباسکی خۆی، هەردووکیان ڕازی بە پەردەلادان، لەسەر قسەو باس و ڕازو نهێنی خۆیان بوون، ئەوان کە ڕۆژگارێک هاودڵ و هاوبیری یەکدی بوون و چ شتیان لە یەکتر نەدەشاردەوە، بەڵام ئێستا دەبێ ئەم دیوارە بڕووخێ و بە گفتولفتی شیرین هەردوو بێنە ئاخاوتن. بەڵام پەردەیەکی ئەستوور کەوتبووە نێوانیانەوە، کە هیچکام لەوان غروریان ژێر پێ نەدەخست سەری قسەیەک دابمەزرێنن، هەروەک ئاسکە نەیدەزانی چۆناوچۆن و لەکوێوە، دەستپێبکا، ترس و دوودڵی ناخی دەکۆڵی و زۆریش حەزی لە قسە و باس بوو، سەیمیران هەستی بە پەرێشانی و شەرمەزاری دەکرد، چاوی لە چاوی نەدەبڕی. فکر و خەیاڵی بڵاو و نیگەرانی و خەمێک دڵی دەکوشی، هەروەها سێبەری خەم و ئازارێک دڵ و مێشکی ئاسکەی داگیر کردبوو، ئەمەش بیرو زەینی میرانی لە مەنگەنە نابوو، پەژیوانی و عەزاب بە ڕوخسارییەوە خۆی دەنواند. ناچار ئاسکە بە نەرمونیانی بەبێ ئەوەی سەری لەسەر کارەکەی بەرز بکاتەوە گوتی:

خوا بکا خۆت بێبەڵا بی، ئەم کەوتن و هەستانەوەیەش بۆت بوو بە دەرسێک؟

کڕە و خشەی فرێتەکە بەم تەبەنەی دەستیدا کە ئەمدیو و ئەودیوی کڵاشەکەی دەکرد کەم بۆوە، سەیمیران، وەک بە دڵ بزانێ باسی ئەم بێنەو بەرەیە دەکا، وەک بە زریانی ڕێبەندان تەزیبێ وەڵامیدایەوە:

کەلوپەلی قاچاخی دەڵێی؟ تازە کای کۆن بە با مەکە و ناوی مەهێنە. هەرکەس بە بەشی خۆی ناڕازی بێ، خودا ئەمەشی لێدەستێنێتەوە، لەو دوو مانگەدا ئەو شیرەی لەبەر دایکم خواردبووم پێیان هێنامەوە، هەتا دوێنێ دەنگی دادگا بە قازانجی من تەواو بوو ڕۆح گەیشتە سەرکەپۆم. یاخوا

کافری دووجەیلیش ڕێی نەکەوێتە دەرکو دالانی ئیدارەکانی ئەم حکوومەتە، ئەگەر حەیامبێ بۆ حەوت پشتم بەسمە.

دەزانم، دەزانم، ئەو کارەساتانە کێو لە بن دێنێ، پێتوایە من نازانم لەم بەینەدا چەندەت عەزاب کێشاوە، ئەکرەم پێیدەگوتم، لەبەر خەفەت و نیگەرانی سەرە سپییەکەی ڕەنگ بە خۆیەوە ناگرێ، ئێستا دەزانم لەخۆڕا وایدەگوت. دەزانم وەختێ ئێمە دەبینی خۆت شاد و ڕووخۆش نیشان دەدەی، گەرەکتە بە شەپلاغە ڕووی خۆت سوور ڕابگری. ئێمەت هێناوە بۆ ئەم باخە، تاکوو پێمان بێژی ئەوەی ڕوویدا هیچ نەبوو، ئەوە دوور نییە کار لە ڕۆحی منداڵەکانیش نەکا. چونکە ئەوەی ئەوان شاد و خەفەتبار دەکا، نە ڕاستییەکانە و نە کاکڵی شتەکان. بەڵکە ڕواڵەتی ئەوانە، گفتولفتی تۆ و ئەدگاری ماتت، دایک و باب و گەورەیان وتووە، من تێناگەم، بۆچی هەر ئەوەندەی من دەبینی شەقڵی دەمت ناشکێنی، لەگەڵ هوماش هەر بەمجۆرەی، وەختێ دەرد و ئازار ڕێک لە دڵدا کۆ ببێتەوە ئێسقانت دەسووتێنێ، چیت لە دڵدایە لە منی مەشارەوە؟! میران، وەرە لە تاوانی بێتاوانیم خۆشبە و بە خاتری منداڵاکانیش بێ، ڕوومان لێ وەرمەگێڕە. دەزانم دڵت پڕە لە نهێنی.

ئاسکە، ڕستەکەی بە منجە منج ناتەواو کرد. سەیمیران بە شڵەژاوی دووچاوی هەراسانی لە سەر وشکەڵە دارێک گیرسایەوە، بە سەرسەرییەوە لەبەرخۆیەوە خەیاڵ بردییەوە: چەندە ژیان مرۆڤ و گژوگیا لە یەکدی دەچن. چ زوو گەڵاڕێزانی ناوەخت هەر وەک تەمەنی ئەو سەرو پرچی دارو دەوەنی زەرد کردبوو، هەروەک دەستی بە ڕیش و سمێڵی خۆیدا دەهێنا قسەکانی خێزانی تەواو کرد:

بۆچی ناتەوێ ئەوەی لە دڵتدایە لەلای من بیدرکێنی؟

خۆی قیت کردەوە و چوارمشقی دانیشت، بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی، کە هەڵقوڵاوی عەزابێکی دەروونی و خۆڕاگری مێرانەی نیشانئەدا:

ئەمە هەر ئەو پرسیارەیە، بە ڕاست و چەپدا هەوڵی بۆ دەدەم، بگەم بە وەڵامەکەی، بەڵام هێشتا ئەم دەروازەیەم بۆ نەکراوەتەوە، بە واتایەکیتر هەنووکە غیرەتم نەبووە ئەو پرسیارە لە خۆم بکەم. وەک ئەوەوایە، بەسەر هەڵدێرێکەوە وەستابێتم و نەشوێرم بۆ قووڵایی بڕوانم. بەڵام لەمەڕ هوماوە؛ دەست مەدە لە زامم دەردم کارییە ـ ئێستا پێتبڵێم چیرۆکی من و ئەو، وەکووچی وایە.

سەیمیران بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی. پیرێژن لەلای مەنجەڵە چێشتەکە دانیشتبوو، پشتی کردبووە ئەوان و بیرەوەرییەکانی خۆی هەڵدەوێژنی و تەشی دەڕست:

پاسەوانانی حکوومەتی، پیاوێکیان لە ماڵی خۆی قۆڵبەست کرد، بیبەن لە داری بدەن ژنەکەی بە شوێنیدا هەڵدەهات و دەیگوت، لە بیرت نەچێ ئەو کەوشە سوورانەی داوام کردن بۆم بکری! ـ دوای ئەوەی کەوشە وێرنی دارەکانی بە قەرز پێکڕیم، ئێستا گڕووی لێگرتووم، جانتایەکی لە ڕەنگی پێڵاوەکانی لێمدەوێ، دوێنێشەو بە هۆی ئەم پەڵپو بەهانەیە بوو لەسەر قەرەوێڵەکە هەستاو خۆیکرد بە ژوورەکەدا، بۆ بڵێی نەزانێ بەخاتری قاچاخی و بێنەوبەرەوە، چەندە تووشی خەرج و زەرەر بووم؟ دەزانم ئەو باش ئاگاداری هەمووشتێکە، بەڵام کاری بەم کارانە چییە، ئەو بۆی گرینگ نییە، مێردەکەی دووای ئەوەی باخ و زەوی فرۆشت و دای لە تۆڵەی قەرز و قۆڵەدا، چاوی ئەو خۆشبێ خەمی چییەتی بەڵام بێهەواڵ لەوەیە، ئەم باخ و زەوییە ئاڵتوونی پاشەکەوتی دوارۆژی ئەو بوو، لە دەستمان بۆوە.

ئاسکە، وەکئەوەی دنیای لێتاریک داهاتبێ، چاوی لە چاوی میران بڕی، هێشتا باوەڕی نەدەکرد، ئاخۆم ئەوەی مێردەکەی باسیکرد بەراستی بوو یان شۆخی دەکا، بە دەنگێکی زارو نزارەوە کە هەر ئەو بیستی لێیپرسی:

مەگەر باخ و بێستانەکەت فرۆشتووە، ئەی بۆ لەلای من دەنگت نەکردووە؟!

سەیمیران، دڵ پڕ لە مەراق، مژێکی لە جگەرەکەیدا، نێوچاوانی تێکنا:

جائەوە زانیشت، دەردێکە سەرباری دەردان، قازانجی چییە؟

ئاسکە، وازی هێنابوو لە دەستچنەکەی، ئانیشکی لەسەر ئەژنۆی دانابوو، سەری کردبووە سەرقوڵی، بە لەفزێکی نیان و ژنانەوە، کە ئەوپەڕی دڵۆڤانی و ڕووراستی پێوەدیاربوو بۆڵاندی:

یانیچی پیاوەکە، ئەمە چ قسەیەکە؟ من ئەو چاوەڕوانییەم لە تۆ نەبوو، قەتم ئاوا لێڕانەدەدیتی، بۆ دەبێ شت لە من وەشێری؟ بۆ مەگەر من شەریک و هاوبەشی ژیانت نیم؟ تۆ ئاگات لە خۆت نییە خەریکی بە تەواوی دەتاوێیەوە، خەریکی بە دەستی خۆت، خۆت خڵاس دەکەی. ئەگەر بەزەییت بە خۆتدا نایە ـ بێبەڵا بی پیاوەکە، خەریکی قوڕ دەکەی بە سەری ئێمەدا!

خەمخۆری یەکلایەنە و سیمای ساکاری ئەو ژنە دڵۆڤانە وەکوو نەخشی مانگ وابوو لە گۆلاوێکی لیخندا، وشەی پیاوەکە و بێبەڵابی، ئەوەندە لە دڵەوە و لە زاری خۆشبوو وەکوو بوومەلەرزە دڵی تاریکی سەیمیرانی ڕاچڵەکاند. ئاخۆم ئەوە هەتوان و ئارامکەرەوە نەبوو لە ڕاستیدا؟ ئاخۆم ئەو ژنە جارێک بە ناشیرینترین شێوەتێک نەڕووخا و تاکوو هەڵدێری جودایی نەڕۆیشت، هەمدیسان هەر خۆی نەگەڕایەوە سەر خانەو لانەی خۆی، خەمخۆر و بەمشوور و

سووتاوی ئەوەڵ و ئاخری ئەو پیاوە نەبوو؟! ئافرەتێکی ژیر و ساردی و گەرمی ڕۆژگارچەشتوو، کە ژنێکی وەکوو خۆی زۆرزان و مەکرباز، بە سەدان گزیو فزی داو و تەڵەوە لە ڕێگای ئەوینداریدا هێلانەی پێچۆڵ کرد و ژیانی پێلێژ کردبوو، سەیمیران دەستیکردەوە بە قسەکانی و دەردیدڵ هەڵڕشتن:

بۆ ئەو ژنە، تاکوو ئەوکاتەی مجری ئاڕایشت و کۆمێدی پڕ لە جلوبەرگی تازەمۆد و حەزو ویستی بە دەستەوە بێ و لە هەمەجۆرە عەتر و ڕەنگ و دەرمان و شەراوی قەڵەوی و هەیتو هووتی لەبەر دەستیدابێ، خەم وخەفەت لەسەر دڵم کۆیە و دەرد و ئازار لە دڵ و مێشکیدا تریتانە دەکا، گەوج و نەزان منم کە هێشتا نامەوێ بزانم یان نامەوێ چاوی ئەقڵ و ئاوەزم بکەمەوە، ئاخ کە ناتوانم چاوچنۆکیم قەمتەرە بکەم.

هەر بەو سیگارەی بە دەستییەوە بوو جگەرەیەکیتری داگیرساند. دووکەڵی ژوورسەری وەک مژ وەستابوو، بە دەستی دووکەڵەکەی ڕادا و دەستیکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی کورت:

چەرچییەکی گێلۆکە لە گوندێکەوە بەرەو شار دەگەڕایەوە، لە نێو ڕێگادا، گوێرێژە ماندووەکەی کەوت بە عەرزیدا و تۆپی ـ گەوجێیەتی شتێکی سەیر نییە شاخ و کلکی هەبێ گەمژەپیاو بەلای کەرە تۆپیوەوە دانیشت و ملینا لە شین و گریان. دوای ماوەیەک زانی ئەم زاری و قوڕپێوانە، بێفایدەیە، یەکسمی تۆپیوی کەوڵ کرد و چەرمەکەیدا بە شانیدا، درێژەیدا بە ڕێگای خۆی، ئەو چیرۆکە هەمووی ئامۆژگارییە بۆ ئێمە لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە، بەڵام ئێمە هەروەک خۆمان واین. چەرخی شەکەت و ماندوو ملی ڕێگای گرتبووەبەر لە ڕێگادا بە هەرکەسێک دەگەیشت گەوجانە لێیدەپرسیی:

تۆخودا پێمبێژن، خەڵکی شار زانیویانە کەرەکەم تۆپیوە؟

لە وەڵامدا دەیانووت:

نا بەسەری تۆ کەس نەیزانیوە، دەیگوت:

سپاس بۆ خوا کەس نەیزانیوە.

بۆ شوکری خودا؟

دەڵێم نەکا درۆبێ!

وەختێ دەگاتەوە ماڵێ و ژنەکەی دەرگای لێدەکاتەوە، دەڵێ:

ژنەکە مێردەکەت نەهاتۆتەوە، کە هاتەوە باس و خەبەر بزانێ، ئاخۆم گوێرێژەکەمان تۆپیوە؟

ژنەکەی دەڵێ:

ئۆی، دوژمنت بمرێ (دەمت بشکێ، شتیوا قەت نابێ، کەری ئێمە ناتۆپێ، ئەوەنییە ڕەشمەکەی ساخو سەلیم کراوە بە گوڵمێخەکەدا؟

دەی دەی، کەری ئێمە نەتۆپیوە، پێستەکەی فڕێداوەو ڕایکردەوە، دیسان دەگەڕێتەوە.

ئاسکە گوێی بۆ چیرۆکەکەی شل کردبوو، بەڵام هیچی لێتێنەدەگەیشت. گوێچکەی لەلای ئەو و دڵی لە جێیەکی دیکە بوو، مات و پەشێوحاڵ کزو بێتاقەت ملی بە لارەوە نابوو و ڕوخساری لە هەوری بسک و پەرچەمیدا پەنای گرتبوو، میران چاوە پڕ لە خەمەکانی نەدەبینی، لەوکاتەدا گلارێک ئەسرین بەسەر مژۆڵیدا گلۆر بۆوە، کەوتە سەر بنیکلاشەکە و بە نووکی تەبەنەکەی دەستی چەند خەتێکی بە سەردا هێنا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لە قسەکانی سەیمیراندا ئەوەبوو، بە زمانی خۆی دانی بە ڕاستییەکاندا دەنا. پەردەی لەسەر شتە بەرپێوارەکاندا لادەدا، کە ئەو ژنە چاوبەست و دەهۆبازە کوێتەی تامەزرۆی هەوا و هەوەسی چوارناڵە ڕوو بە هەڵدێر دەئاژوێ. لەحاندی چاوی ئەقڵی نووسابوو، هەروەک کەسێک پڕ بە دەستی سیمی ڕووتی کارەبا بگرێ، بۆئەوەی بیسووتێنێ و بیکا بە قەقنەس، ئاخۆم سەیمیران دڵخۆشی خۆی بەم قسانە دەدایەوە، دەیویست دڵی ئەو چاک بکاتەوە بۆیە ئەم شتانەی بە دەمدا دەهات؟

یەکێ لە منداڵەکان، واتە مەهدی بەبێ ئەوەی تەنانەت کەس گوێی لە دەنگی پێی ببێ، شەرمێون و ئارام، بە پشت بابیدا هات و چووە پەنا دایکی، هەردوو دەستی پڕکردبوو لە تووڕدک، تای کلاشەکەی لە ئاودا خووسابوو، نازدارانە خۆی خستە باوەشی دایکییەوە، دەمی بردە بنگوێچکەی، بە سرتەوە گوتی:

دایە، تووڕدک، ئەوەم بۆ هوما چنیبوو، هانێ، بیدەم بە تۆ، ئەو لەوێ خەریکی خواردنە.

ئاسکە بەبێ ئەوەی ڕووی بەلای مەهدیدا وەربگێڕێ، بە هەست و گەرموگوڕییەکی دایکانەوە بە زمانێکی ڕوونتر لە ئاوی کانی کۆساران، بەڵام لێڵایی خەمێکی لە پشتەوە بوو، گوتی:

بچۆ بیدە بە گلارەی خوشکت، لە قەراخ ئاوەکە ئاگای لە فەڕشەکەیە، گوریست هێناوە؟

مەهدی بە سەر وەڵامی نەدایەوە، بە زەینی خۆی و بە دڵ حاڵیبوو لە لایان ڕانەوەستێ و لێیان بگەڕێ دووبە دوو بن، چاوەرەشەکانی زۆر شتی پێبوو، بەو قسەیەی دایکی سەری داخست و چووە ئەولاوە، شانە ڕەق و وشکەکانی هەڵتەکاند. خەم و مەراقێکی کاڵ لە دڵی منداڵەنەیدا هێلانەی کردبوو، سەیمیران بە خێسەیەکەوە سەیری دەکرد. وەکئەوەی قاتلێک لە هەرکاتێکدا چاوی لە

ڕۆحی کوژراوەکەی بێت، لە ناخەوە دەهەژا، ئەو دیمەنە ترسێکی خستە دڵییەوە، لە بەرایدا ترس و خۆفێک دڵ و مێشکی میرانی سەنگاو بەردنا، وتم سەنگاو بەردی‌نا، مەلی خەیاڵی ئەو لە جێیەکی‌تر بەسەر زەلکاوی خنکێنەردا دەسووڕایەوە، بەڵام لەپڕ وەک ئەو دەنگەی لە زەنگی کلیسا هەڵدەستێ، لە ناخی خۆیدا هەستی بە دەنگێک کرد. ئەمە هاواری ویژدان بوو، بە ترس و سەرسووڕمانێکەوە، کە یەکێک هەر لە بەرایدا هەست بە جووڵە و ڕاژاندن بوو لەرزە بکا، چاوی لە چاوی ئاسکە بڕی، بە نیگەرانییەوە لێی‌پرسی:

ئەو منداڵە بۆئاوا تێک‌چووە، ئاخۆد لێیان‌داوە؟!

بەڵام ئەو پرسیارەی کە زەین و بیری ئەوەی داگیر کردبوو، ئاسکە زۆر ژیرانە، لە چاویدا هەستی پێ‌کرد. ئەو کوڕە چاوی کەوت بە گریانی تۆ بۆیە دڵی پڕبوو، یانی بەراستی ژیانی تۆ دایمە هەر بەم‌چەشنەیە؟! من دەزانم مەهدی لەوە ئارام‌ترە، وەزمان بێت. گۆیا لە ڕۆحی لاواز و منداڵانەی ئەودا، تەواوی ئازارە ژیان پڕووکێنەکانی دایکی ڕەنگی دەدایەوە، پەژارە و ئازارەکانی دایکی لە لوولاکەکانیدا گەرای سیلی دانابوو. وەک دەنکە قەیسی ڕەش و تاڵی بەسەر هاتبوو کە تەواوی بەرگ و گەڵای دارەکەی کوللە خواردبێتی، نەتانەت بۆ سووتانیش نەدەبوو لە بری گۆشت و پێشە، تەنیا هۆشی بۆ مابۆوە، وەک چرایەک وابوو، شۆقەکەی زۆر هەڵدرابێ. ئەگەر باوەڕمان هەبێ کەوا لە دانش و حیکەمەتی بەدیهێنەردا جگە لە هەست و ئارەزووی شەهوانی و حەیوانی، کە بۆ لە قڕان نەهاتنی بوونەوەرانە، خۆشەویستی و موحیبەتی باوک و فەرزەندی خۆی لە خۆیدا بەلای مرۆڤەوە لە چاو گیاندارانی دیکە زۆرتر لەبانە، ئەوسا بە ساکاری بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو خۆشەویستیە پاکە بەڵام لە بیر کراوە، هەروەک گڕکانێک ساڵیانی ساڵ کپ بووە چۆن دەکرێ لە ناخی مرۆیەکی وەک سەی‌میراندا خەمبار و بزەی پڕ لە پەژارەی ئەو ژنە دڵۆڤانەدا، بە دوای ئەو پرسیارەدا کە لەوی کردبوو، تەنیا دان‌پێدانان و درکاندنی ڕاستییە تاڵەکان بوو، کەوا لە قۆزاخەی هەناوێکی پڕ لە وەرهەمی دایکانەدا جێی خۆی کردبۆوە، هەر وەک‌ئەوەی بڵێ:

تەواوی ئەو شتانە بێجگە لە تۆ ئەی خەتای کێیە پیاوەکەگیان؟!

تەواو، وەک‌ئەوە وابوو کە سەی‌میران ئەو دەنگە بە گوێی خۆی بژنەوێ، هەر ئەوەبووە هۆ کە ڕووناکی بکەوێتە دڵییەوە، بە دڵێکی پڕ لە هەست و سۆزی باوکانەوە، بانگی مەهدی کرد، خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و هەستا و چوو بۆلای:

مەهدی وەرە بۆلای بابی خۆت!

منداڵە مەحتەل مابوو، بڕوات یان ڕاوەستێ. بابی ڕووبەرووی مەهدی لەسەر پەنجەی پێی هەڵترووشکا، قۆڵی گرت و بە دووچاوی لە ژێر تارمایی لێڵی دڵۆڤانیدا پێیدا ڕوانی. ڕستەیەک بۆنی وەفا و خۆشەویستی باوکانەی لێدەهات بە زەینیدا تێپەڕی و بە زمان بۆی نەدرکا. دەستی بە جۆرێک بەرز کردەوە، وەکئەوەی لەگەڵ ڕەبولجەلیل ڕاز و نیاز بکات و خەریکی گازە و پاڕانەوە بێت. وەک پیرەمێردێکی تێکرووخاو و هیوابڕاو لەو دنیایەدا سەری هەڵتەکاند و بە زمانی بێزمانی تێیڕاما. ئینجا بە لەفزێکی دڵ پڕ لە خەم و کۆڤانی کە واتە کاری کردەسەر ناخی ئەو منداڵە کرچو کاڵە گوتی:

وەرە بۆلای باوکی خۆت، وەرە پێمبڵێ بزانم ئەو توودڕکانەت لەکوێت هێناوە؟

وادیاربوو نەیدەتوانی چاو لە چاوی منداڵەکەی ببڕێ، سەیری لاق و لەتەری کزو لاوازی کرد و بۆ ئەوەی بەسەر دڵ و دەروونی خۆیدا زاڵ بێت، بە جەفەنگەوە سەری قسەی دامەزراند کە ئەویش بەرامەی وەفای باوکانەی پێوە دیاربوو، لینگێ لە پێڵاوەکانی تەڕ ببوو. گوێزینگی لاقی دارو بەرد ڕووشاندبووی و لە باوەشی کرد و هێنای لەسەر فەڕشەکە لە تەنیشت خۆی داینا، بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێبێ، ئاسکە ملی بە لارەوە نابوو دەستێکی کردبووە ئەستوونی توێڵی، ئەو دەستەیتری لەسەر ڕانی بوو، لە دنیای خۆیدا لە دیمەنی ئەو باب و کوڕەی دەڕوانی، سەیمیران بە قامکە زبر و ئەستوورەکەی کە نینۆخێکی ڕەق و چەماوە سەرپەنجەی پۆشیبوو، مژۆڵی مەهدی هەڵدایەوە و سەرگۆنای بۆ سڕییەوە، نێوچاوانی ماچ کرد و پرسیارەکەی خۆی دووبارە کردەوە:

پێتنەگوتم ئەو توودڕکانەت لەکوێ هێناوە؟

مەهدی کە نامۆیی دەکرد، لەسەر ڕانی بابی دانیشتبوو، وردە وردە بوولێڵەی سەر ڕوخساری دەڕەوی و سیمای دەگەشایەوە، بەڵام ڕوانینی هێشتا سرک و سڵ بوو، پەنجەی بۆ ئەو شوێنە ڕاداشت، دەنگ و نارەناری کاکی لەوێوە شێبا دەیهێنا، سەیمیران دەنکێ توو دڕکی لەسەر دەستە چکۆلەکەی هەڵگرت و نایەدەمی، بە ددانەکانی پێشەوەی وردی کرد و بە ڕاست و چەپدا ئاوڕیدایەوە:

ـ بەە، بەە، بەراستی تامی خۆشە! بەڵام ئەوە لە کافوور ساردترە، زۆر خواردنی باش نییە، بەشی دایکتدا بیخوات؟

چاو و برۆی کاڵی مەهدی بەرزو نزمییەکی کەوتە سەر، سەیمیران بەبێ ئەوەی زانیبێتی مەهدی چ وەڵامێکی پێداوەتەوە دیسان لێیپرسی:

ـ دایکت زۆر خۆشدەوێ؟

ـ مەهدی هیچی نەگوت، ئاسکە لەبەرخۆیەوە سەیری دەکردن. بە خەتی دەموو لێوو نیگایدا تێڕامانەکەی ئەوی خوێندەوە، ئەو منداڵە حەوت ساڵانەیە، زەین و هۆشی هەست و ئاکاری فرە لە پێش ئەو تەمەنەیەوە بوو، ئەم شێوە پرسیارکردنە بەمجۆرەی باوکی لەوی دەکرد، لەهەمبەر خۆیدا زۆر بە کرچو کاڵی دەزانی. هەر لەوکاتەدا بە ژارخەندەیەکەوە سەیری دەکرد. سەیمیران هەر بە چاوێکی سێساڵ تەمەن تەماشای دەکرد. خەتایەکی لە بەرامبەر خۆیدا هەست پێنەدەکرد، هەروەک ئەسحابی کەهف، نزیکەی دووسەت ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا خەویان لێکەوت، ماوەیەکی دوور و درێژ، لە نێوان ژیان و تەمەنی یەک منداڵدا کەمتر نەبوو لە خول و دەورێکی مێژوویی، ئەو پشتی کردبووە تەواوی ڕاستییەکان، خۆشاردنەوە لە ڕاستەقینە و گوێپێنەدان، چیرۆکی کۆشک و قەڵای جادووگەران و مرۆڤە تەلەسمکراوەکان وەبیر دەهێنێتەوە، پێنج ساڵو شتێکیش زیاتر بوو، ئەو ژنە، واتە ئاسکە بە دەم ئەم گشتە ئازارەوە ددانی بە جەرگی خۆیدا دەگرت و هەوڵ و تەقەلای بوو بۆ ڕزگاری مێردەکەی بە دەوری ئەو قەڵایەدا دەهات و دەچوو، ئەی بەڵکوو ڕێگای چوونە ژووریێ وەدۆزێ و نەیدەدیتەوە، زۆرجار وەکوو ئەوانەی دەست و پێیان لە زنجیردایە، بە خەونی زەجر و عەزابەوە ڕادەپەڕین، هاوار و دەنگدانەوەی هاوارێکی دەبیست و سەرلەنوێ، بێدەنگی و لە هۆشچوون بەسەر هەموو جێیەکدا مژو سێبەری دەخست. وەک بڵێی مردویەکە و تازە دەستی هیوا و هومێدی لێبەربووە، ئەو منداڵە لە باوەشیدا وەک بێدایک و باب دەهاتە بەرچاو، سەیمیران بە گوێیدا چرپاند:

ئەی من؟! یانی منیشت خۆش ناوێ.؟

مەهدی بە نیشانەی بەڵێ، سەری داخست بابی بۆ ماوەیەک بە پەنجە زبرەکانی کاکۆڵی بۆ داهێنا، ڕۆحی لە چەشنی کۆترێکی باڵکراو بە چنگ هەڵۆوە، هەڵدەبەزی، ئەندێشە و هزری بۆ ئەو وەک محاکەمەیەکی دەروونی وابوو، لەپڕ ڕووناکی کەوتە سەرو ڕوخساری و ڕووی کردە ئاسکە:

ـ لەبیرتە جاران نەنە بیبی، چیرۆکی دایە مەمدە بە گورگەی بۆ منداڵەکان دەگێڕایەوە؟ من وەک مام گورگم لێهاتووە، جگە لەوەی دەرد و ئازاری تۆم داوە، قاپ و قاچاخی منداڵانیشم پڕ کردووە لە خاکو خۆڵ.

سەیمیران نەختێک مات بوو، بیر و هزری خۆی لە کەودا، ئاسکە بە زەردەخەندەیەکی کاڵەوە چووە پاڵ قسەکانی:

ـ ئەوە نەک تۆ، ئەوە هومایە لە منداڵەکانی من بۆتە گورگ، (لە دڵی خۆیدا گوتی: ددان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێ، بۆئەوەی داوای گەردنئازایی لە من بکا. ئەوە وامدانا منیش بەخشیم کوا خودا لە تاوانی خۆش دەبێ؟)

سەیمیران قسەکەی ئەوی بەرپەرچدایەوە:

نانا، شتیوا مەڵێ، ئەو ئەگەر خەتایەکی هەبێ، بەوەنابێ من بووم با باعیسی، دەزانم تۆ بە تەواوی مانا، دڵت لە من ڕەنجاوە و باوەڕت پێمنییە، ئەگەر تۆبەی نەسووحیش بکەم دڵت لێمناحەسێتەوە و چاوت ئاو ناخواتەوە، بەڵام ئەوەندەش بزانە کە من بە دەستی خۆم خۆمم مەحکووم کردووە، تەنانەت خۆم لە خۆم بێزار و نەفرەتم هەیە، بە بڕوای تۆ و هەرکەسێکیتر کە لە نزیکەوە ئێستاکەی من دەبینن پێیانوایە سەیمیران سەراوی پیاوێکی بێموبالات و هەوەسبازە، بە باوەڕی خۆشم شێت و چارەڕەشم. هەر ئەو دانپێدانانە بەسە بۆ تاوانبارێک، تاکوو تۆ لە دڵەوە بێزاری نیشان بدەی و بزانی چەندە لە ڕۆحەوە تووشی گۆڕان هاتووم، ئەو ژنە هەتا پەرپەڕۆکی هەڵەمووت منی ڕفاندووە!

ئاسکە هەڵیدایە:

دەزانم، دەزانم، تۆ بڵێیو نەڵێی، من دەزانم. خەڵکیش ئەمە دەزانن، ئەم کردارەی تۆ بۆ هەمووان هیچ کە بۆتە جێگای گاڵتەو گەپ، بگرە هەموو سەریان سووڕماوە، پیاوەکەگیان، تا ئێستاش کەس شتیوا سەیر و سەرمەرەی نەدیتووە.

سەیمیران بە پێکەنینێکی زۆرەملییەوە کە تەواو چارەڕەشی خۆی پێوە دیاربوو، گوتی:

بۆ ئەوان پێکەنین دەهێنی و بۆ منیش قوڕپێوان، بەو حاڵەشەوە پێمخۆشە بزانم ئەو خەڵکە سەبارەت بە من چی دەڵێن؟ ئاخۆم بەڕاستی ئەوان وادەزانن من کابرایەکی هێڕوگێلۆکە و سەرلێشێواوم.

ـ دەتەوێ بۆ تۆ چۆن بیر بکەنەوە، هەروەک خۆت هەموو شتت بۆ ئاشکرایە. پنچکەگوڵێک هەر وەکوو پەنچەی مریەمەی پیرۆز بەم گشتە بەرامەوە بە دەستی زۆر هەڵتکەند و لە خۆتت دوور خستەوە، بەتەمایچی لە جێدا بچێنی، درک و چاڵووکی بێخێرو بێر، دەڵێی هێستر لەقەی لێداوە و بۆ هەمیشە نەزۆک بووە. پیاوەکەگیان، هزر و ئاوزەمان بەجارێک تەزیوە، بۆچی تۆ لە هەمبەر ئەو ژنەدا هۆش و ئیختیارت لەدەس بۆتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژێ بە حەیرانی دەبی. ئەو خەڵکە ئیتر

ئەوە خۆت باش دەزانی، کە دەڵێن میران چ غەدرێکی دەرحەق بەو ژن و منداڵانەی کردووە، بەدەستی خۆی ژیانی لە خۆی کردۆتە دۆزەخ.

کاری تۆ وەک چیرۆکی ئەو پیاوەی لێهاتووە بەسەر لقی درەختەکەوە ڕاوەستابوو و خەریکبوو لقە دارەکەی ژێر پێی خۆی دەبڕییەوە، تۆ تەواو هێزو ورەی خۆت لەدەست داوە کە کێ بووی، لە بەرامبەر ویستی خۆتدا بە چۆکدا هاتووی، نا، چاوی تۆ جوانی دەبینێ، نەک ئەقڵ و ژیری، هوما هەروەکوو تەواوی ژنی ئەم دنیایە ئەویش ژنە، ئەگەر لە ئێمەومانان جوانترە ئەوەش بزانە نزمفامە و ڕێی ناکەوێ هاوژینی تۆ بێ. بە باوەڕی تۆ جەوهەر و هەوێنی ژیان کە تەنیا ئەوینە هوما بۆ ئەوەدەبێ پشتی پێببەستی لە هەمبەر ئەو ژیانەی تێیدای، یان لە نێو ئەم کۆمەڵگاو دەورو زەمانەدا، ئەوینی تۆ لە چاوگەیەکی پاک و زووڵاڵەوە هەڵدەقووڵێ، هەروەک زنەوکانیاوەکانی کوردستان، بەڵام خەریکە ئێمە بەرەو هەڵەمووتی تێداچوون پاڵدەنێ، بەرەو ڕووخاندن و ڕیسواییبوون. پیاوەکەگیان، خەڵک تانە لە من دەدەن، پێمدەڵێن مێردەکەت مۆدە و نەریتی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بە جۆرێکیتر لەگەڵ موحیبەت و خۆشەویستی بەرەورووە، بە سەری پیری لە هەڵومەرجێکی ئاوادا لەباتی ئەوەی لە بیری منداڵەکانی خۆیدا بێ و کچەکەی بەمێرد بدا، وەک کوڕە جحێڵان بان و بەردەرگا دەگرێ و لەگەڵ خانمەکەی دڵداری دەکا، ئەوەی ئەو دەیکا، تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نە کەس دیتوویەتی و نە کەسیش بیستوویەتی. هەمووکەس دەڵێ ئەقڵی گۆڕاوە و ڕاست و چەپی خۆی لە بیر چۆتەوە ئەو ژنە کوردەی ئەو مارەی کردووە، ئەقڵ و هۆشی لێسەندووە و شەش ساڵە وەک بووت دەیپەرستێ. ئەویش خۆزگە هێندەی جەماڵی، کەماڵیشی ببوایە، تاکوو شەو و ڕۆژ سوژدەی بۆ ببردایە و لەبەر پێی بنووشتابایەوە، بەڵام بەراستی وەختێ مرۆڤ خۆی سوژدەبەرە ئیتر سەرسووڕمانی بۆچییە؟! ئەمە چیرۆکی ئەو پادشایەیە کە بۆت دەگێڕامەوە، بەڵێ، بەڵێ، خۆسرەوپەرویز، هەرچەندە لە کۆشک و تەلاریدا چووزانم ئەو هەموو ژنەی هەبووە بەڵام ئەو لە دڵەوە ئەویتداری شەنگەژنێک بووە بە ناوی ئیرێن، واتە بە زمانی ئێمەی ئێرانی (شیرین) کچی قەیسەری ڕۆم، ئاخۆم مەشەدی تۆ وا هەست دەکەی لەو دنیایەدا جوانتر لە هوما پەیدا نابێ، بۆی بووی بە قەیسی کێوان و جگە لەو هەموو شتت لە بیر خۆت بردۆتەوە، یانی بەڕاستی تۆ ئاشق و ئەویتداری ئەوی؟

سەیمیران چەند جارێک پەیتا پەیتا بە ڕاست و چەپدا سەری هەڵسووڕاند، دواتر ووتی:

ـ وەکوو ئەو ئەگەر لەسەر ئەم گوێزەوییە پەیدا ببێ، بۆ من دەستنادا، ئەوجاریش، تۆ پێتوایە ژن هەر دەبێ جوانی هەبێ تاکوو پیاو خۆشی بوێ؟ هەر ئەو مەجنوونەی کە ناوت هێنا، شێت و سەرگەردانی ژنێک بوو، وەختێ چاویان پێیکەوت، واقیان وڕما، ئافرەتێکی قوڵەڕەش و لەڕو لاواز، تا ڕادەیەکیش ناقۆڵا، بەڵام ئەو ژنە، ڕاست یان ئەفسانە، بوو بە هەوێنی ئەشقێک، هەتا دنیا هەبێ و مرۆڤ بە ڕۆح زیندوو بێ، ناویان هەر دەمێنێ، لە شوێنێک تووشی مەجنوون هاتن بێژنگ بەدەست، خاکو خۆڵی دادەبێژا، وتیان شێتە خەریکیچی؟ وتی: خەریکم لەیلم دەدۆزمەوە. وتیان جا بۆ لێرە ونبووە؟ گوتی: هەموو جێگایەکی بە دوودا دەگەڕێم لە هەر شوێنێک بێ دەیبینمەوە.

ـ بەڵێ پیاوەکەگیان. قسەکەی تۆ قەبووڵ دەکەم، ئەو هەر لە پێشچاوی تۆ شیرینە، دەبێ بێژم ژنت نییە بۆ تۆ وەک بووکەشووشە وایە، وادیارە مەجنوونئاسا تۆش ئەوینداری هومای.

ئاسکە خۆی بە دەستچنەکەیەوە خەریک کرد و سەیمیران دەستی کردەوە بە قسەکردن:

ـ بەم حەساوە، بۆ کابرایەکی وەک من کەوا عومرێکە ڕەنجی ڕۆژگار دەکێشم و دنیام قونەکەو کردووە، تاکوو لە نێو خەڵکدا، قەدر و حورمەتێکم هەبێ، پێمشک نایات کاری لەوە دزێوترم کردبێ، نازانم چبکەم، ئەم زۆنگاوە خۆم بە دەستی خۆم سازم کرد و ئێستاش تێیدا کەوتوومەتە پەلەقاژێ، ئاسکە من قسەکەی تۆم پێخراپ نییە، ئەمە خۆرەیە کەوتۆتە گیانم ـ کاس و بێدەسەڵاتم، لە هەمبەر ڕاستییەکاندا سڵۆک، داماو و مردووی بەردەستی ژن، دۆڕاو و ڕووخاو، لە ناوەوە سڕ و تەزیوم. ئەمەیە حاڵ و ڕۆژی منی وێرانەماڵ، ئەو پێمدەڵێ هێندە خەمی بوون و نەبوون مەخۆ، لە گوڵ بدوێ، بەڵکوو لە نێوانماندا گوڵ بڕوێ. ئەمە سوێراوە تاکوو زیاتر بخۆیەوە زۆرترت تینوو دەبێ، ئەشقی ئەو لەباتی ئەوەی تێرم بکا، زێدەتر ئەویندار دەبم، بۆی بووم بە پیری چلەکێش، گۆشت و پێستم داناوە، خەریکە هەست و نەستم لەدەست دەبێتەوە. بەڵام چێژی لێوەردەگرم!

ـ هەمووشتێکم دۆڕاوە، مرۆڤایەتیم، خۆشەویستیم، وەفا و موحیبەتم، تەنانەت لەخۆ پەرستی و سەروەت و سامانیش دابڕاوم. هەرچی هەمبوو لە خۆم دوور خستەوە و چواردەورەی خۆم چۆڵ کرد، هەر وەکوو شەمشەمەکوێرە، بۆ خەوێکی زستانی بە لاقێک خۆی هەڵدەواسێ، منیش تەنیا و تەنیا دەستم بە داوێنی ئەوەوە گرتووە، سەبارەت بە تۆ غەدرم کردووە، بەڵێ بە ویژدانەوە دەبێ دان بەمەدا بنێم، دەبێ هاوار بکەم، ئەی خەڵکینە من دەرحەق بەو ژنەم بە دایکی منداڵەکانم زاڵم بووم، لەباتی ئەوەی چاکەی بدەمەوە لە پێناوی ئەم گشتە فداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازارەی

چەشتی، چاو بەگریانم کرد، ژیانم لێکردە قوزەڵقورت بۆم گرینگ نەبوو منداڵم هەیە، ماڵم هەیە، لە نێو عیلو عاشیرەتدا پیاوماقووڵم، ئەو منداڵانەی کە دەبێ لە پیریدا وەکازی دەستم بن، پشتیوانی ڕۆژی تەنگانەمبن، من دەرحەق بە تۆ زاڵم بووم، بۆ جگەرگۆشەکانیشم هەروا، زاڵم تەنیا بەسەر بێدەسەڵاتدا دەستی دەڕوا، من خەرمانی هیوا و ئارەزووی تۆم سووتاند، عیزەتی نەفست، دڵۆڤانی و کەرامەتی تۆم ژێرپێ نا، لە بەرامبەر تۆ و خۆم و خودادا مەحکووم و داماوم، من بەراستی تاوانبارم، بەڵام... بەڵام... چۆنت پێبڵێم، بە تەواوی ئەوانەشەوە من خەتایەکم نییە.

ئاسکە، وەک بڵێی تازە کڵی دڵی نێڵ درابوو بە ژارخەندەیەکەوە گوتی:

ـ کەوابێ خۆت ئیختیاری خۆت نەبووە.

ـ ئەرێ، بەگیانی هەموو خۆشەویستەکانم هەروایە ئەرێ! زۆرجار کە هاتوومەتەوە ماڵێ، هەر لە دەرگاوە ویستوومە یەکسەر بێم بۆ ژوورەکەی تۆ و بۆلای منداڵەکانم. ئیتر بۆ هەمیشە ئەو پەردەیە دابدڕم و کۆتایی بەم جەور و جەفایە بێنم، بەڵام هەر ئەوەندەی لەسەر ئاخرین پلیکانەوە پێمناوەتە حەسارەکە و بە داڵانێدا تێپەڕیوم، وەکئەوەی هێزێک بۆ ئەولا پاڵم پێوەبنێ ڕێگام گۆڕیوە و خۆم بە ژوورەکەی ئەودا کردووە، بەڵکوو بە ڕاکردن. زۆرجار وابوو، لە دەرێ، بە کارێکەوە سەرقاڵ بووم، خەریکی وەرگرتنی ئارد و سیاییگرتنی کارو حیسابات بووم، یان لە شارەداری و ئیدارەی ئاردو نان بووم. دەنا لە ماڵی یەکێ لە هاوکاران کۆبوونەوەی سنفیمان هەبووە، لەپڕ ئەوم وەبیر هاتۆتەوە، ئەگەر کاری زێڕینم بە دەستەوە بووبێ، دەستم لێهەڵگرتووە هەروەکوو ئەوەی مووم هەڵپڕووزێنن، نازانم ئەوە سێحرە، جادووە، چییە، وەک مێشێک بۆی مێوینەکەی کردبێ، بە تاڵۆکە بەرەوماڵ بوومەتەوە، هەر دوێنێ لە کاتی کاروباری دادگادا، ئەوەندەی قسەیان لەگەڵ دەکردم، خۆشم نەمدەزانی چۆن وەڵامیان ئەدەمەوە، وەک منداڵم لێهاتبوو، کە لە کاتی میوانیدا دەکەوێتەوە بیری بووکەڵەکەی، جەستەم لەوێ بوو ڕۆحم لە ماڵێ لە باوەشی ئەودا، وەک بڵێی بەدەم خەوەوە دەڕاوێنم، لە قسەکانی خۆم دووشک بووم. هەر نەمدەزانی چ وەڵامێک بە ئەوان دەدەمەوە جارێک دەمگوت، بەڵێ، جارێک دەمگوت نەخێر، وەکیلەکەم تەواو بە دەست منەوە گێژ ببوو، وایدەزانی تاوانبارەکەی ماندوو، یان نەخۆشە، هەربۆیە داوای دەکرد، کۆبوونەوەی دادگا هەڵبگرن بۆ ڕۆژێکیتر، هەر خێرا لە دەممدا و گوتم: با ئەمڕۆ حوکمم بدەن باشترە نەک سبەی، جەنابی قازی، ئەگەر ڕاستتدەوێ جاڕزو ماندوو بووم، بە قسەی ئەویان نەکرد، ئەوکاتەی هاتمەوە بۆ ماڵێ، سەرم کردە سەرڕانی دڵی شێت و هەراسانم تەواو ئۆقرەی گرت. چییان لێپرسیبووم، بە

چاکو خراپ چیم جواب دابوونەوە تەواوی هاتەوە بەرزەینم. بەڵام ئەوە کاتێک بوو کە جەریمە و شاباشی خۆم دابوو، دەوسییە و پەروەندەکەم بەسترابوو، کار لەکار ترازابوو، ئەمە هەرکەس ببیستێ بە زۆربڵەیی دەزانێ، هەروەکوو ئێستا خۆم لەگەڵ خۆم ئەدوێم، نەکا سەیمیران کاردانەوەی خەونەکەی خۆت باسبکەی نەک ڕاستییەکان؟! بەڵام بەڕاستی دەبێ بێژم ئەوەی وتم درۆیی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی دەربڕینی هەستێک ناتوانێ بەرامبەری بکا لەگەڵ خۆی، چاوپێکەوتنی ئەو بۆ من وەکئەوە وایە ئاوی سارد بکەن بەسەر کەسێکی فێگرتوودا، لەکاتی پەلەقاژێکردندا. بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەبێ بڵێم من تازە ئەو سەیمیرانەی جاران نیم کە خەڵک دەیانناسی، زۆرجار ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم. تۆ بڵێی من شێت نەبووبم؟ بڵێی دەواو دەرمانیان دەرخوارد نەدابێتم؟ ئەوە وەکئەوە وایە، بەنگییەک لە خۆی بپرسێ: تۆ بڵێی بە دەستی ئەنقەست تووشیان نەکردبێتم؟ ئاخۆم کەس لە پشتپەردەوە دۆعا و نزام لێناکا؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە ئیتر بۆ من لە نرخ و بایەخی کاڵ بۆتەوە، کەوابێ بەو ئاکامە گەیشتووم کە خۆشەویستی هەروەکوو (ئێستێرکنین) کەمی ئەو دەرمانە و زۆریشی وەک ژەهروایە، خۆشم دەزانم ئاشقبوون ڕسوایی بەدواوەیە، بەڵام نەک هەموو عەشقێک، چبکەم ئەو ژنە لەسەر ترۆپکی دڵم ڕاوەستاوە و لە پێشچاوم ون نابێ، بە دەستی خۆم نییە ئەوینی ئەو وەک پەڵەهەورێکی سپی بۆتە سەیوانی سەرم. من لە جێیەکی دیکەوە دەردم کارییە، دەبێ بە دەیان چیرۆکت بۆ بگێڕمەوە، ئەوسا بزانی کە شیاوی بەزەیی و بەخشینم، هاوکارەکانم هەستیان بە کوڵ و کەسەری من کردووە، ئەوانیش دەزانن لە دنیایەکیتردا دەژیم، هەروەک ئەوان دەڵێن، من خۆم نیم بەڵکە سێبەری مرۆڤێکم. بەبێ ئەوەی پێمبڵێن، یان پرسم پێبکەن کەسێکیتریان لەباتی من کردۆتە بەڕێوەبەری سنفەکە.

ـ ئاسکە دەستی بە تەبەنەکەوە وشک بوو:

ـ ئەمە یەکەمجارە ئەو قسەیە دەبیستم، کێیان لە شوێنی تۆ داناوە؟

ـ میرزانەبی!

ـ ئەی لەو ڕێوییە! ئاخری بە ئارەزووی دڵی خۆی گەیشت؟ هەر بۆیە ماوەیەکە تەرکی ماڵی خۆمانی کردووە، دەشزانێ خەجاڵەتی یانیچی؟!

ـ چووە بۆ هەرسین ، خەریکی خەرمانهەڵگرتنە، وەک خەبەرم هەیە ماڵو منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆی بردووە.

ـ ئەگەر وابێ بەم دەمو دەستە ناگەڕێتەوە. ئەوە بۆ تۆ چ فەرقێکی هەیە؟ سەرۆکایەتی سنفی پیشەیی جگە لە هەڵاتهەڵات و خۆماندووکردن بەهرەیەکی بۆ تۆ نەبوو؟ شەوانەش لە ماڵی خۆتدا نەدەحەسایەوە، چ باشتر کە ئەم ئەرکەیان لەسەر شانی تۆ لابرد.

ـ سەیمیران جگەرەکەی دەستی بەبێ مژلێدان، کووژابۆوە، دیسان دایگیرساندەوە و پاڵیدا بە درەختەکەی پشتخۆیەوە. مەهدی کە لە باوەشیدا بوو، ناردی تاکوو توو دڕکەکانی نێو مستی بەرێ بۆ خوشکی، مات بوو، بۆئەوەی بە نێو هەوری دووکەڵی سیگارەکەیدا کە بەسەر سەرییەوە ڕاوەستابوو لاپەڕەیەکیتر لە کۆپەڕی تەمەن هەڵداتەوە، ئەو تەمەنەی دووبارە بوونەوەی بۆنییە، جارێکیتر بە دیمەن و بیرەوەرییەکانیدا بچێتەوە، خۆی قیت کردەوە و چوارمشقی دانیشت، لەوەدەچوو کەمەکێک ئۆقرەی گرتبێ، پەپوولەیەک لەبەر دەمی نیشتەوە، وایزانی گەڵایەک بوو وەری. لەوکاتەدا کە سەیری باڵە جوانەکانی پەرپەرۆکی دەکرد، ئارام و لەسەرەخۆ، درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ زۆرجار هێندە دڵپڕم، پێمخۆشە بگریم، نازانم لە خۆشی هەبوونی ئەوە یان لە خەمی ئەو، هەتاکوو بەخەبەر بێ، خەو لە چاوم ناکەوێ، وەک ئەو منداڵەی دایمە لە کۆشی دایکیدایە و سنگی بەرنادات، حەزدەکەم بۆ ساتێکیش لێی دوور نەکەومەوە، تەنانەت ئەمانەش ئارامم ناکاتەوە و نەبۆتە هەتوانی سەربرینی بەژانم. حەزدەکەم لە باوەشیدا بمرم. ئێستا بۆم ڕوون بۆتەوە، خۆڕاگری هەست و ئارەزوو چەندە لە ژیانی بەشداردا کارسازە، وەک ئەو نەخۆشەوام، دایمە دەڕاوێنێ و وادەزانێ دنیا بەسەر سەرییەوە دەسووڕێتەوە. هەر هەمووی ئەو کەشف و کەراماتە بۆم بووە بە ڕۆمانێکی پڕکارەسات. لێمبۆتە خۆرەیەکی شیرین دەروو ژووری جەستەم دەخواتەوە، خۆرەیەک تەنانەت گیانیشم دەکرێنێ بە لەرزویاوی خۆم دەزانم، بۆئەوەی هەتوان بنێمە سەرزامی دڵم بوومەتە بەنگی، هەرئەمانەش فرەتر دەردەداری کردووم. بیر و باوەڕ و هەمووشتی لەدەست کردمەوە، لەو دووانەش گرینگتر، ئەقڵ و ئاوەزم، وەختێ لە خودا شاراوە نییە بۆ لە تۆی وەشارم، ئاسکە، مێردەکەت .

ئاسکە بە تاڵۆکە پەڕییە نێو قسەکانی:

ـ من دەزانم، من دەزانم عەمرو چاوەکەم، ئەوشتە ئەوەندەش گەورە نییە، تۆ سەری دنیات لێوێک هاتۆتەوە، خودا بەخشەندەیە و لێبووردنی هەیە. ئەم تاوانانەی تۆش دەبەخشێ، تیوەگڵان تێوەگلانە، ئینسان هەر دڵی ڕەش نەبووبێ.

ـ بەڵێ، هەر ئەوەیە تۆ ئاماژەت پێکرد، من دڵم تاریکی تێکەوتووە و ڕەشداگیراوە، ئەوە حاشای لێ ناکرێ، ئەمە ژیانی کەسێکە، ڕۆژگارێک جگە لە خۆشی و بەختەوەری ماڵ و منداڵی دەنا بیری لە هیچ نەدەکردەوە، مەگەر لە خودا، هەر ئەوەندەم ئەو خۆشدەوێ، حەزناکەم لەلای وی، باسی ئاریشەکانم بکەم، دەڵێم نەکا غەور لە دڵی بنیشێ، کەچی هەمووی دەرد و ژانی ئەوە سێبەری خستۆتە سەرسەرم و خەریکە وەک بەفری پار دەمکا بە ئاو، دڵم ڕێگە نادات تەوژمی خەیاڵ و خەمی من تاریکی بخاتە سەرسیمای جوانی و دڵتەنگی بکا، پێمخۆشە وەک مەلی خۆشخوان دایمە گوێم لە دەنگ و چاوم لە پەڕو باڵی ڕەنگاوڕەنگی بێت. نامەوێ درکوداڵی پەژارە ببێ بە تەیمان بە دەوریدا و ڕوخساری گوڵێنی لە پێشچاوم بزر بکا. هەرچی ئەو گەرەکیبێ من ناڵێم نا، ئارەزووی لە هەرشتێ بێت ئەگەر لە پشت کێوی قاف بێ بۆی دەهێنم. لەمانەش گرینگتر، ئێستا کە دەزانم کێچ لە گیرفانمدا سەما دەکا، پێمخۆشە پەلپم لێبگرێ و داوای شتێکم لێبکا، بە ئەندێشە و خەیاڵی ئەوە هەستان و خەوتنم، ئەگەرچی پڕبەدڵ خۆشمدەوێ، بەڵام پەردەیەکی ڕەشیداوە بەسەر دڵمدا و بۆتە مایەی بێزاربوونم. بەڵێ، ئێرەیی و دوودڵیەکی خەیاڵاوی هەمیشە ناخم دەکوڵێ، خوانەکا ڕۆژێک بێمەوە بۆ ماڵێ و ئەو لە ماڵ نەبێ دەزانی هەلومەرجەکە زۆر ناسک و هەستیارە. ئەوشەوەی شتە قاچاخەکانیان لە ماڵێ بردە دەرێ، پێیدەگوتم، ئەگەر ڕوخسەت بدەی، هەر ئێستا خۆم دەکەم بە ماڵی دەمڕاستەکەی ئیدارەی داراییدا، بەشکم لە ڕێگای ئەوەوە، کارێکمان بۆ بکرێ و ماڵەکەمان تێدانەچێ، هەڵبەت من لەو کاتو وەختەدا قەت نەمدەتوانی ئیزنی بدەمێ، ئەو بەتەما بوو بەبۆنەی کچەکەیانەوە، سووسەن، وەختێ بە یەکەوە لە کاروباری خەیاتیدا هاوکار بوون یارمەتی وەربگرێ ئەگەرچی هەر ئەو حەلە پەژیوان بۆوە لە پێشنیارەکەی خۆی، بەڵام ئەگەر ڕاستت لە من دەوێ، نەمدەزانی دەروونی ئەو چیتێدایە، هەر بۆیە دڵم لێی کرمێ بوو ئێستاش کە ئێستایە دڵم لەو ژنە ئاو ناخواتەوە.

ـ مەهدی بچکۆلەی ئاسکە توودڕکەکانی دابوو بە خوشکی و گەڕایەوە، دەستو دەموچاوی شوشتبوو بە چارشێوی سەری دایکی وشکی کردەوە، بە ڕۆحێکی ساکار و منداڵانەوە چوو لەسەر ڕانی بابی دانیشت، ئاسکە، لە هەوڵی ئەوەدابوو هێڵە تاریک و تەماوییەکانی تەوێڵی بسڕێتەوە گوتی:

بێژە، بێژە، ئەوەی تۆ دەیڵێی من دەیسەلمێنم، تۆ زۆر گۆڕدراوی، دەڵێی ئەو مرۆڤەی جاراننی، کە هەبوویی، گۆیا لەسەر گوێی زەوی کە شوێنی ژیانی تۆرەمەی بابادەمە جێگایەک بۆ تۆ قاتە. ئەو نیوە خودایە، یان ئەم مەسیحادەمە، هەروەک پەپوولەیەک بەرلەقۆزاخە کرمێکی دزیوو

پێخوست بووە، لە باشی خۆیەوە باڵی بە تۆ بەخشیوە، تاکوو بە ئاسمانێدا بفڕی، لەسەر بەرۆکی گوڵ بنیشی و ئەوپەڕی ژیان و هیواکانت ڕووناکی و جوانی بێت. بەتۆش وانییە؟ بەڵام نا، گیانەکەم، چاوەکەم، بزانە لەبری باڵ چی‌دەبینی؟ شەیتانی تووکلێکراو، هەروەک چۆن شانی زوحاکی ماچ کرد و دوو مار سەریان لێ‌وەدەرنا، دڵی تۆشی ماچ کردووە، تاکوو کرمی تێکەوێ و وردە وردە ببێ بە حەزیا، هەروەک دەزانم تۆ حاشا لەوە ناکەی، حەزیایەک کرێت و دۆزەخی، وابێ تەخت و بەختت هەڵتەکێنێ، هەژدیهایەک، کە بە مێشکی سەری جگەرگۆشەکانم بەڕێ‌دەچێ، ئاخۆم هەناسەی ڕەش و ژەهراوی ئەو بێفەڕە نییە تۆ پێت‌وایە ئەشقێکی پیرۆزە؟! بەم هات‌و نەهاتەوە، بەم قسە و باسەوە بەو سووتانی و تێکرووخانە کە زووخاوی کردۆتە دڵم، هیچ ڕێگایەکی ڕوونی بۆ من نەهێشتۆتەوە، وادیارە پەردەیەکی ڕەشی ئەستوور ئاسۆی بەختی ئێمەی داپۆشیوە، ئەم پەردەیەش تەنیا بە دەستی تۆ لادەچێ، چەندە باش‌دەبوو زووتر ئەم پەردەیەت لادایە، من نازانم شەنگە جحێڵی تۆ بە چ نووشتە و جادوویەک ئاوا دەردی‌کاری کردوویی بە باقوبریقی مەکر و جادوو کە تۆ پێت‌وایە مێهرەبانی و سەفا و وەفایە دەوری تەنیوی، بۆئەوەی لەپڕ گڕ بەرداتە گیانت. تۆ پێت‌وایە ئەو بە دەرد و ئازاری نەهانت نازانێ، ئاگاداری ئەو بوورکانە نییە ژیانت دەسووتێنێ؟ باریکەڵڵا، ئەوەیە هەڵەی گەوجانەی ئەویندارانǃ چۆن دەکری ئەو نەزانێ دەست‌بردن بۆ کاری قاچاخ و گێرەوکێشەی پڕ لە مەترسی و ئابڕووچوون، تەنیا و تەنیا بەخاتری ئەوەی هەواو هەوەسی ئەو بەجێ بێنێ؟ ئەو کە بۆی گرینگ نییە، پەردەی شەرم و حەیای دڕاوە، ویژدانیش بەلایەوە گێزەر و توور بە نرخترە، با لەمەودوا بتبینم، لەپاش ئەم گشتە هەڵەکاری و ئەزموونە تاڵ و کەوتن و هەستانەوەیە، لە دوای ئەو گفت‌و دان‌پێدانانەت کە بە دڵەوە پەردەی لەسەر لادەدەی، بزانین ژیانمان بەرەو کوێ گلۆر دەبێ، من لەگەڵ تۆدا لەمەوپاش، پیاوەکەگیان هیچ قسەیەکم نییە، بەڵام تۆ دەبێ بزانی خاوەنی چ ماڵ‌وحاڵێکی؟ لە کۆنەوە وتوویانە، ئەگەر خودا دای هێلێک بەسە، کەچی تۆ نە قەدری هێڵت زانی و نە ئەمەی خودا پێی‌دابوویی.

ئاسکە نەگریا، ڕووی وەرگێڕا، پەپوولەی چاوی بە بەینی دارو درەختەکاندا تێپەڕی و دوور کەوتەوە، هەوارگەی ڕۆحی چپەی ژوانی ئەندێشەو خەیاڵی پێدا نەهات، مێردەکەی هەروەک کچۆڵەیەکی دۆڕاو ڕازی شەرمی خۆی لەلای ئەو ئەدرکاند. تاکوو لە چەشنی جادووگەران چارەی دەردی بکات، بەڵام ئەوەی ئەو لەو ئاوێنەیەدا دەیبینی ڕوخساری چرژاوی خۆی بوو، ئێستا لە دوای شەش ساڵ، مێردەکەی بە زمانی بێ‌زمانی وەزاڵە هاتبوو سفرەی دڵی خۆی بۆ ئەو کردبۆوە،

ئەمە کات‌وساتێکی باش بوو بۆ ئەو، تاکوو پەڕتووکی ژیانی پڕ لە کەندوکڵۆی هەڵداتەوە، ئەو ڕازە بدرکێنێ، چۆن‌بوو ڕۆژی بەرێ لەگەڵ هوما سەری دۆستایەتی دامەزراند. ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەو، کەوا هەوێکەی هەروەک هەنگ تامەزرۆی ڕەنگ و بەرامەی گوڵە، ئەویش هۆگری دەنگی بارام بووە، باش دەیزانی چەندە سەی‌میران ئەسیری تەڵە و داوی ئەشقی ئەوە، ئەویش ئەوەندە دڵدۆڕاوی چریکەی کوڕە پازدە ساڵەکەیەتی، ڕەنگە دەنگدانەوەی هیوا ون‌بووەکانی خۆی لەو دەنگەدا دۆزیبێتەوە، یان لەوانەیە لە نیشتمانی تەنیایی خۆیدا خەریکە دڵبەرێکی دیکە دەستخەرۆ بکا، وەختێ ئاسکە هەمووشتێکی بە گوێی خۆی بیست، گوتی:

ئێستاش پرسیارێکی‌تر، ئەوەندەی تۆ ئەوت دەوێ و بۆ ئەو دەمری، ئەویش بە نیوەی نیوەی ئەوە بۆ تۆ وایە؟ ئەمە چیرۆکی ئەو پیاوە یەکچاوە نییە، لە دوای حەوت ساڵ ژیانی حەڵاڵ و هاوسەری وەختێ بە دەستی بەتاڵ وەژوور کەوت، ژنەکەی سەیری چاوی کرد. ئەوسا زانی چاوی قەل‌پووچە! لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا قەت سەرنجی چاوی نەدابوو تەنیا سەیری دەستی کردبوو، بەڵام ئەم پرسیارەی من لەخۆڕا بوو، تۆ چەند خولەک لەمەوبەر حەقایەتێکت بۆ گێڕامەوە، وەڵامی پرسیارەکەی من بوو ئەوەی عاشقە لە عەیب و ئیراد ناپرسێ، دڵدار و دڵبەر زەین ناداتە کەم‌و کوڕی یەکدی پیاوان دایمە سەرنج دەدەنە ناحەزیەکانی هاوسەرانیان، کەچێ تۆ لەو بەس جوانی دەبینی، ئەی کە بە لەز خۆت کرد بەم زەلکاوەدا، ئاشقی ڕاستەقینە هیچ چاوەڕوانییەکی لە دڵدارەکەی نییە، ئەگەر ئەو بە قارو قینەوە ئاگرت تێبەربدات و بێ‌ڕەحمانە بتسووتێنێ و خۆڵەمێشەکەت بدا بەدەم بادا، هێشتا بەورەنگ و تۆزەکەت دەگەڕێتەوە و لە داوێنی دەنیشێ تۆ نازانی، ئەمە ئەشقی پیرییە لە سەری داوی، بەڵام ئەگە من‌بایەم لەباتی تۆی دڵدۆڕاو جارێک ئەم ماشووقەیەم تاقی دەکردەوە، کە چۆن ئەو دڵەی کردوویی بە تۆپی پێ، چەند ڕۆژێک بە بێ‌دەنگی خۆم لێ‌بزر دەکرد، وانییە، پێت‌چۆنە مەشەدی؟ هەروەک شەش ساڵە لە منت نەپرسیوە، شەش ڕۆژ، تەنیا شەش ڕۆژ، زیاتر نا، بەجێی‌بێڵە و بێدەنگ برۆ، حەوتوویەک خۆتی لێ‌بشارەوە بزانە ئەو چۆنە بۆ تۆ، ئەوەنییە بە زمانی خۆت دەڵێی، لیی دڕدۆنگی، چەند ڕۆژێک بەپێچەوانەی ویستی دڵت بجووڵێوە، حەوتوویەک ئەوەندە زۆر نییە تەواو نەبێ، بەڵام ئەوە تاقی‌کردنەوەیەکە لەو ژنە وەفادارەت، لە ویست و ئیرادەی خۆت، منیش پێم‌وایە، وەختێ خۆشەویستی و پێکەوەژیانی هەردوولا وەکوویەک نییە، دەست لێک‌بەردانی فرە زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک تۆ بتەوێ لە چنگ مەکر و جادووی ئەو ژنە ڕزگاریت بێ بە بڕوای من چارەیەکی‌ترت نییە، ناشڵێم وەرە بۆلای من،

نا، بۆ ماوەیەک سەری خۆت هەڵبگرە و لەم شارە برۆ، بچۆ بۆ قووم و هەرسین، یان گەڕاوەکەی قەزوێن، بۆ سەلامەتی جەستە و ڕۆحیشتبێ ئەم ئاوو هەواگۆڕینە خراپ نییە، بەخۆتی بسەلمێنە کە بەبێ هوما دەتوانی بژی، با بزانم چ دەرگایەک بە ڕووتدا دەکرێتەوە، ئەمڕۆ خەڵک دەتوانن خراوترین ئاکار و خدەی دزێوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە خۆیان دوور بخەنەوە، تەنانەت حەزیش دەکەم، لەو ماوەیەدا کە دەچی بۆ قوم، ئافرەتێکی شەنگە جحێڵ سیغە بکەی، ئەوەندەی دڵت تاقەتی هێنا لەوێ وەمێنی، ئەمەیە زیارەت و توجارەت، ئەگەر پارە و پووڵت نییە، خۆم بۆتی جێبەجێ دەکەم، لەمبابەتەوە دڵنیابە.

سەیمیران، سەری هەڵێنا و تێیڕاما، سوور هەڵگەڕا و تاوانبارانە پێکەنی، بۆ چرکەیەک مات بوو، ئەوجار بە مۆنێکی کاڵەوە کەوتە قسە:

ـ کەی پێویستە لەم هەلومەرجە ناسکەدا ئاوا خەرجێک بدەم بە کۆڵی خۆمدا، پارەی من و تۆ هەریەکە، چ فەرقێک دەکا؟ ئەو دەنێرم بۆ چۆخە سپی بۆ ماڵە خزمان، با یەکدوو حەوتوو لەوێندەرێ بێ، هەروەک تۆ وتت ئەمە تاقیکرنەوەیەکە لە نەفسی سەرەڕۆ، ئەگەر زانیم لەو تاقیکارییە باش یان نیوەباش هاتمەدەرێ، ئەوا بۆ هەمیشە دەبمە غوەلامی، بەڵێ پێتسەیر نەبێ، چارەی ئەو ئەوینەی کەوا وێککەوتنی ئاگرەکە بەهێز دەکا، بە بڕوای من تەنیا دوورکەوتنەوەیە، تەنیا عیلاجێک بۆ دڵی شێتی ئاشقان داغکردنە، دەستی پێوەدەنێم، من کە بە زەحمەت و کوێرەوەی ماڵم کۆ کردەوە، بە ئاسانی ژیانم دۆڕاندووە.

ئاسکە لەبەر تەوژمی ئەو هەست و ئێحساسەی وا سەرتاپای دەروون و بێروونی داگیر کردبوو دەلەرزی، دەستی لەگەڵ تەبەنەی کڵاشچنەکەی کەوتە جووڵە و لە بنلێوەوە هەڵیدایە:

ـ سست، ئەوا خەریکە دێت بۆلامان، ئەگەر تۆ هێز و ئیرادەت هەبێ، پیاوەکەگیان خۆت و ماڵو منداڵت لەو دۆزەخەی بۆت سازکردووین، ڕزگار دەکەی.

تەماشایەکی چینولۆچی نێوچاوانی بەسامی کرد. میران دەستی بە سەری کوڕە نازدارەکەیدا هێنا و یاری لەگەڵ کرد، ئەوجۆرەی بیریان لێدەکردەوە مێردەکەی پیاوێکی ئەوەندە ویژداندۆڕاو و بێکیفایەت نەبوو:، ئاسکە هەروەک جاران متمانەی بە میران هەبوو، ئێستاش هەر بە پیاوێکی بەوەجی دەزانی، گەورەییەک وائێستا هەر خۆی بێزاری لە دیداری پەیکەرەی ئەبولهەول نیشان دەدات.

هوما گوڵێکی بە دەستەوە بوو، بێبایەخانە پەڕەی ناسکی دەمژی و ماچی دەکرد، بە بێوازی خاوێر خاوێر لێیان نزیک دەبۆوە، زۆر بە ساردوسڕی و بە دوودڵییەوە سەیری میران و ئاسکە و جگەرگۆشەکەی ئەوانی دەکرد، مەهدی تەمەن سێساڵ دەستی دەملی بابی کردبوو، گوڵەکەی فڕێدا سەرقاڵییەکە و زۆر خۆمانە ڕووی کردە سەیمیران و گوتی:

ـ بۆ ناچی گوریسێک بۆ ئەو منداڵانە بهێنی؟ لە کەیەوە لێرە دانیشتووی دەڵێیچی؟ من وەڕەز بووم، ئەوان خەریکی سەیران و ڕابواردنی خۆیانن.

ئاسکە، لە سەرەخۆ و زمانلووسانە قسەکەی ئەوی بەرپەرچدایەوە:

ـ تازە درەنگە، وەختی نانخواردنی نیوەڕۆیە، پەلەمەکە، بۆ دوای نیوەڕۆ، وەختێ بچین بۆ ماڵی ماەتەڵا، لێیوەردەگرین. گفتمانداوە سەردانێکی ئەو ژنە بکەین.

ـ تازە ئەوکاتی بێفایدەیە، منیش بەتەمای جۆلانێم، تۆش ئەگەر پێتخۆشە بچۆ بۆ ئەوێ من نایەم، تۆ لەگەڵ مەشەدی بچۆ، (وتی مەشەدی، نەیگوت سەراوی.)

ـ حەزناکەی بێی؟ با بە دڵی تۆبێ، بە تەنیا دەچم.

ئاسکە ئەمەی وت و پیرێژنەی بانگکرد، سفرە و خوانی نیوەڕۆ بڕازێنێتەوە، هوما زێدە لە هەموویان زۆری برسی بوو، بەپەلە چوون بەشوێن منداڵەکاندا، ئیتر دارو درەختەکە قووتیانگدا، ئاسکە لەووەختەدا خەریکی ڕاخستنی کەوڵی نانەکە بوو بەسەر قاڵییەکەدا، لەپڕ هەڵوێستەیەکی کرد و بە هێمنی بە گوێی میرانیدا چرپاندی:

ـ مەشەدی! بەڕاستی ئەو ڕۆژە دێت، تۆ لەبەر من و منداڵەکانت ئەو ژنە ڕەوانە بکەی بڕوات جارێکی دیکە ئەوەی وتت بیڵێوە، بزانم گوێم قورس نییە؟

ـ وتم تاقیدەکەمەوە، کێ دەڵێ جێبەجێ نابێ؟ لە بیرت چۆوە چیمپێوتی، نەمگوت؟ من لە ئاوێنەی ویژدانمدا ئەدگاری ڕەش و دزێوی خۆم دەبینم؟! لە نێوان ئەو و منداڵەکانمدا، عەقڵ و ئینسانییەت حوکم دەکا، ئێوە هەڵبژێرم، بەم حەق و حەساوە ئاخۆم ئاسکە گەردنم ئازاد دەکەی؟ وەک جاران لەگەڵم ئاشت دەبییەوە؟

سەیمیران سکەیەکی لە باخەڵی هێنابووە دەرێ، بۆئەوەی هۆشی بە لایەکدا نەڕوات یان بۆ سەرقاڵی خۆی، شێرو خەتی پێدەکرد. دەکرا بێژین سەرەڕای ئەم هەموو دەرد و ئازارە ڕەگ و ڕیشەی موحیبەت و خۆشەویستی باوکانە، هەروەکوو ئاسکە هیوایی پێیبوو لە دڵی مێردەکەیدا بە قەول و گفتی ئەمڕۆژی نەببوو بە (فوسیل) بەردەپێشە، هەڵبەت ئەم بابەتە، واتە بادانەوە و

گەڕانەوەی سەید، بە هۆی ترس لە هوما و ئەوزاعی ژیان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە عەزابی ویژدان و متمانە، بوو نەک لەبەر چاوی ڕەشی ئاسکە، ئیتر ئەم کابانی ماڵە، ئەگەرچی باش بۆ شتەکان دەچوو، چاو و برۆ و تەواوی سیمای بە داواو و تەمەنناوە دەلەرزی، بەبێ ئەوەی قسەیەکی دیکەی بە زاریدا بێت، دوو هەنگاو بەسەر سفرەکەدا هات و سەرکزد و داماو، وەک ئەو دایکەی وا کەوتە بەرغەزەبی کوڕەکەی (نێروون) تەوێڵی ڕامووسی و دەستی لەسەر دەستی دانا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

ـ تۆ ئەو تەڵاق بدە و ئەوەش بزانە ئاسکە خۆی لە دەورت دەگێڕێ، ئاخ پیاوەکەگیان، من ئەمڕۆ بە جۆرێکیتر تۆ دەبینم! ئەم ڕۆژگارە بەبێ چەرمەسەرێ نابێ، شریتی ژیان لە هەرکوێدا پچڕا، لەوێدا گرێی بدەوە.

لەپاش خواردنی فراوێن، دەسماڵێکیدا بە سەروچاویدا و لە ژێر سێبەری فێنکی دارەکەدا تەخت ڕاکشا، هوما،ش لەولای میرانەوە، چارشێوی بەسەر خۆی هەڵکێشا و خەوت، بەڵام هیچکامیان خەویان لێنەکەوت؟ شنەبا، بەسەر نەرمە تووکی دەستو مەچەکی میراندا تێدەپەڕی و ختۆتەکەی دەدا، هەرچەندە ماندوو بوو، بەڵام بە هەوای سازگاری نێو باخەکە شەکەتی لە جەستە دەچووەدەرێ، هەستی بۆ هەناسەی زەوی ڕاگرتبوو، کەوا بەهرەی لە ئاسمان و خۆر، وەردەگرت، ئاسکە و پیرێژن قاپ و قاچاخی نیوەڕۆیان دەشووشت.

ئاسکە بە پارێزەوە سەیرێکی میران و هەوێکەی کرد و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ بەرلە نانخواردن ئاگات لێبوو چیدەگوت؟ ژنەوتبوومان، کە بەشەر ئەگەر بەقەدەر داروبەرد و گەڵای داران سەروەت و سامانی هەبێ، دیسان بۆ دینارێک گیانی دەردەچێ، بەڵام نەمانبیستبوو لە چەشنی ماسی هەرچەندێک لە گەنداو بخواتەوە دیسان تینووترە.

پیرێژنی دنیادیتوو بەوپەڕی ساکارییەوە لەولای نەوتراوەکانەوە دەهاتەوە و بە هەموو شتێکی دەزانی، بە جەفەنگەوە تەوسێکی تێسرەواند، تەنانەت ئەمە بۆ ئاسکە کە ئافرەتێکی کەمئەزموون نەبوو، گڵمتپێدادانێک بوو.

بەڵام تاریفی حاڵو ئەحواڵی ئەو ئاشقەو ماشقەیە چی لەمەزیاتر نەبوو، ئاسکە لێیپرسی:

ـ تۆ پێتوایە ئەو ژنە تەڵاق بدات، تۆ ئەوشتە لەسەر توێڵی ئەو پیاوە دەخوێنییەوە؟

ـ ئەرێ، ئەرێ، نەک لە نێوچاوانی ئەودا، بەڵکوو لە بەختی تۆدا ئەوە دەبینم، چشتێک نییە لەو دنیایەدا نەبێ و نەکرێ، ڕۆحی مرۆڤ پڕە لە بەرز و نزمی، (وەک سرووشت زمانی پەپوولەی بڕیوە،

لەو وڵاتەی ئێمەشدا پیاو ئافرەتی دەمکوت کردووە!) بەڵام ئەوەندەش بزانە ئەگەر ئافرەت خۆی پێمل نەبێ پیاو ناتوانێ یەک بکا بە دووان؟!

ئاسکە دەیزانی دەمەوئێوارێ دەرفەت نامێنێ، سەردانێکی ماەتەڵا بکا، وای بەباش زانی، لەو ماوەیەدا میران و هەوێکەی ڕاکشاون بەبێ منداڵە چکۆلەکەی، لەگەڵ بارام بچێ چاوێکی بە ئەو ژنە بکەوێ، لە دوای دوو ساڵ ئەمڕۆ توانیبووی لە سەراو نزیک ببێتەوە، حەیف نەبوو لەو بستە ڕێگایەوە هەواڵێکی نەپرسێ و تۆزێک دەردیدڵی لەلا نەکا؟ دەردی دڵی ئەو لە ناخیدا ببوو بە سندان، باسو خواس و نهێنییەکانی ڕێکار و کرانەوەی گرێکوێرەی گرفتی ئەو پیاوە ڕواڵەتخوازەی ئەو، کە هەروەکوو ڕۆحی بابی هاملێت ئەو ڕۆژە پەردەی لەسەر ڕاز و نهێنی کووژرانی خۆی لە لایەنی ئەولادا بوو. ئەمە خاڵێکی گرینگ بوو، بێگومان دەبوو، پرسو مەسڵەحەتێک لە کەسێکی دنیادیدەی وەک ماەتەڵا وەربگرێ، سەیمیرانێک وەختێ گرفتێکی بۆ دەهاتەپێشێ هەروەکوو ئەقرەبەی قوتبنەما تەنیا هێڵێکی نیشاندەدا، چۆن دەکرا هەروا سادە و ساکار دەست لە باڵای دڵبەری جادووگەری هەڵبگرێ؟ ئەو هێشتا هەستی بەوە نەکردبوو چۆن بە تیشکی چاوی ئەفسوونگەری بە سەرو ماڵەوە تێدادەچێ، ئەمە حەزیایە، دەڵەدێوە، بە سەرو بەر تێر نابێ، بە قوڕە ڕەشەکەدا دەیباتەخوارێ، ڕۆژێک زەوی و زاری باخ و بێستانی شینخۆر دەکرد ئێستا، هەموویی لەدەست کردۆتەوە، لەسەر ساجی عەلی داناوە. قسەکانی بەبێ مەبەستی ئەو، بە تەواوی هیوا و هومێدی بێهومێدییەوە، بەڵام تۆزێک دڵخۆشی بەوژنە هەناسەسارده بەخشیبوو، هەرچەندە ئەو ، ئەمەی بە مەتەڵۆکەیەک دەبینی، هەروەک بایەزید لە وەختی لە حاڵچوون و بێخەبەریدا کفری دەکرد و کاتێک هۆشی دەهاتەوە بەرخۆی داوای دەکرد داری حەددی لێبدەن، ئاخۆم خۆشەویستی ئەم شتانەشی بەشوێنەوەیە؟ دەڵێن ڕقێک ماڵ وێران دەکا و ڕقێکیش ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە، کەچی ئەو هیچ ڕقێک بەرۆکی نەگرتبوو، ئەو ئاشق بوو، ئاشق، ئەگەر وابێ ئاشقبوونیش هەیە ماڵوێرانی بە دواوە بێ! ئەدی ئەقڵ و ئاوەزیان بۆداوە بە مرۆڤ، بەرلەوەی تاوێری ئەویندارى بیهاڕیبایە دەبوو ئاگای لە حاڵو ئەحواڵ و ژیان و ماڵو منداڵی خۆی بوایە، دەبوو شانو شکۆی خۆی بپارێزێ! لە ڕێبازی ژیاندا ئەمە پردە، مرۆی ژێر ناشێ بە دووای خۆیدا پردی پەڕینەوە برووخێنێ، کەچی ئەو تەمەنی خۆی لە ژیاندا بە بێهوودە لەدەست بۆوە، واتە بۆخۆی لە دەستی خۆی کردەوە تازە ئەگەر زانیبێتی چ غەدرێکی لەو ژن و منداڵانەی کردووە، ئەمە یاسای سروشتە ئاشقبوون و خۆشەویستی حاشای لێناکردرێ، بەڵام میران تەنیا یەک هێڵ

دەبینێ، ئەویش ئەو هێڵەی کە لە بەرامبەر چاوی‌دایە، شەنگە هومای خۆی، ئاشقی لەنجەولار و پاوو پێڵاوی ئەو بووە هەربۆیە شەو و ڕۆژ حەیرانیەتی، ژنان دەڵێن خۆزگە پیاو قەت نانێکی بە دووان نەبێ!

ئاسکە بە نیازی ئاوایی سەراو، هەروەک شەوی جومعانە دەچوو بۆ سەرگڵکۆی ئازیزانی لە خاکدا نووستووی خۆی لە دەسکنا، بە ئارامی بارامی ئاگادار کرد و پیرێژنی ڕاسپارد هەتاکوو دەگەڕێتەوە چاوی بەسەر منداڵەکانەوە بێ، لە خۆی دوور نەکەونەوە، بە یارمەتی بارام لێفە و فەرشەکەی هێنا و لە نزیک ئەوان بڵاوی کردنەوە، دەترسا بیان‌دزن، ڕووی کردە نەنە بی‌بی و گوتی:

- هەوڵ‌ئەدەم زوو بگەڕێمەوە، ئەگەر منداڵان پرسیان لەکوێیە، بڵێ لەو نزیکانە خەریکە گەڵامێو دەچنێ، ئەرێ، باش‌بوو لە بیرم نەچوو، ئەگەر هاتوو وەدرەنگی کەوتم هوما لەتەک خۆتدا بەرە و چارەکەیەک گەڵا دۆڵمە بکەنەوە، دەوروبەری ئەم خورێنکە هەمووی ڕەزە، نەنە بی‌بی‌گیان قەزات لە چاوم وریای منداڵەکان‌بە نەچنە گوێی ئاوەکە؟ لە بیرت نەچێ حەتمەن گەڵا بکەوە. ئێمە هەموو ڕۆژێ ناگەینە ئەم ڕەز و باخە.

لە دەرەوەی باغی سەبوون بێ‌بەزەییانە سەرکوڵمەی بارام و ئاسکەی گەزی، خاک و خۆڵ و کڵۆ و بەرد لە ژێر تەوژمی گەرمادا مت ببوون، زەوی دەهەژا، سروە شنەی لێبڕابوو، وەک چۆن پەژارە گوڵی ڕووی دایکی بارامی زەرد و سیس کردبوو، گوڵە خاش‌خاشی سەردیواری باغەکەش گەرمای دوانیوەڕۆ هەناسەی لێ‌چنیبوو، بەسەر شان‌وملی شاقار شەقاری دیوارە قوڕینەکەدا ملی بەردابۆوە، سێبەری شوورە و دیواری وشکەچنی کوچەباغ ئەوەندە زراڤ نەبوو، ڕێبواران لەبەر تیریژی خۆر بپارێزێ، بەڵام ئاسکە تەنیا بیری لە هەستی پڕ لە داخ و کوڵی دەروونی دەکردەوە، وەختێ پێیان لەسەر ئانیشکی دووڕێیانەکە دانا، ئاسکە وازی لە ئاوایی سەراو هێنا و ڕێگایەکی‌تری گرتەبەر، ڕووی کردە بارام و گوتی:

- جارێ ناچین بۆ ماڵی ماەتەڵا، لە گەڕانەوەدا دەچین، کارێکی گرینگم هەیە، وەرە با بڕۆین!

بە دەراوی دەمیدا ئەو کاتانەی وەبیر دەهاتەوە کە تەنگی نوێژی شێوان لەچکە گەورەکەی دەهێنا نێوچاوانی و ژێرچەنەیەکی لێدەدا، بە سیمایەکی ئاسمانییەوە زەینی خۆی دەدایە ڕووگەو بە ئەدەبەوە لە هەمبەر یەزدانی تاقانەدا ڕادەوەستا، بە ئیما و ئیشارە منداڵانی هان‌دەدا، هێدی و ئارام دانیشن. ئەوانیش وەک لە پەرییەکی ئاسمانی ڕامێنن وسکووتیان دەکرد و تێی‌ڕادەمان، بارام

لەوکاتەدا نەیزانی مەبەستی لەم کارەی چییە، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بوو لەگەڵ سێبەرەکەی دایکی، وەختێ لە ئانیشک و پێچی کووچەباغەکانەوە تێپەڕین، بارام زانی دایکی بەتەمایە سەرێک لە باغەکەی خۆیان هەڵبێنێ، کەوتۆتە ژوور ئاشەکەی حاجیهەباسەوە، هەڵبەت دەبێ ئەمەش لە بیر نەکەین ئاسکە ئاگادار نەبوو سەیمیران ئەم باغەی فرۆشتووە، لەبەر سێبەری وشکەچنەکە، کەوا پەرژین و دیواری باغی بوو، لق و پۆپی دار و درەخت، مارێک خەریکی سەما کردن بوو، مارێک هەنگاوێک ئەولاتر پاپۆکەی خواردبۆوە، بەبێ جووڵە چاوە بریقەدارەکانی لە بەژنی ڕێگاکە بڕیبوو، دایک و کوڕ سەیری یەکدیان کرد و لە جێی خۆیان وشک بوون، کەڕەمار ڕێگای لێگرتبوون. ئاسکە لە دڵی خۆیدا ئەمەی بە چاک نەزانی، ئەو مارەی بە هەوێکەی شووبهاند، کەوا لێیبۆتە ملۆزم، ترس و نیگەرانی دڵی ڕێکدەکوشی، نەیدەزانی چبکا، ئەو بیستبووی ئەگەر کارت بە مار نەبێ ئەوە گیاندارێکی بێئازە، بەڵام وەک مێوژوکە دەلەرزی، نەکا هەڵمەت بێنێ و پێوەیان بدات، وای بەباش زانی چش بکا لە ئامانج و نیازی بە ڕەقەی ڕێیەدا وەگەڕێ، گوێی لە دەنگی وێرغەی یەکسمی سوارێک بوو، کوردێکی هەوری بەسەر بە سواری کەحێلێک و جووانوویەک لە پێشەوە، بە تەپوتۆز بە بەردەمیاندا تێپەڕین، مار خۆی کرد بە گونجەی ئاوەکەدا و خوشی لە باوەشی باخەکەدا بزر بوو، ئاسکە پشووی ئارامی وەبەر هاتەوە، لە نزیک ئاشەکە، لەو شوێنەی وا لایەدا بۆ باخەکەی جارانی خۆیان لە هەورازی ئەو بەندەی پنچک و چاڵووک و گوێنی وەک بە بالووکە دەردابوو، دارێکی نزمی دیت هەر لە کوودەڵە دەچوو، ئەمە دارگوێز بوو سەرتاپای بە کوتەپەڕۆ و شاڵ و قفڵە شکاو داپۆشرابوو، تۆز لێنیشتوو سیاسووت، گەڵا و میوەی بە ئاستەم بە دەرەوە بوو، ئاسکە ئەم گشتە ڕێگایەی بەم هیوایە پێوابوو بە نێو تۆز و خۆڵ و دڕک و ماردا، هەروەک هاتبێتە سەرگڵکۆی ئازیزی بە حورمەتەوە لێینزیک بۆوە، دەستی دۆعا و گازەکردنی بەرز کردەوە و کڵی دڵی نێڵدا، لەو دەسماڵەی لەتەک خۆیدا هێنابووی کوتێکی دادڕی و لە لقی دارەکەی گرێدا، کورێژگە لەمێژ بوو زەینی خۆی دابووە دۆعا و پاڕانەوەی دایکی دڵ بەخەمی، لە ژێر سێبەری دارێک ڕۆنیشتبوو بە تەڵەزمە بەردێک یاری دەکرد. لەو ماوەیەدا تەنیا لە گەڕانەوەدا کە نزیک بوونەوە لە چارداخی باخەکان، ئاسکە دەروازەی بێدەنگی خستە سەرپشت:

ـ ئەمە شەشساڵ تەمەنم لە ژێر سێبەری ئەم شەوەیەدا تێپەڕی، با بزانم دەرگای ڕووناکیم بە ڕوودا دەکرێتەوە؟

بارام لێیپرسی:

ـ بۆ شتێکبووە؟

ـ وادیارە شتێک دەبێ، ئەمڕۆ بابت لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕیوە، تازە ددانی ئەقڵی سەری هەڵداوە، ئەشێ دانوولەی بۆ بکووڵێنم، ئەو چەپکە گوڵەی بابت لە باخی دۆزەخەوە هێناویەتی و لە گوڵدانیماڵێدا دایناوە بەرامەی بۆ ئێمە تۆزی کەکرە و تاڵوویە و لێمان بۆتە چقڵ و چاڵووک و کیفار، ئەو بابە بەستەزمانەی تۆشی کردۆتە مەیتەر و کۆیلەی بەردەستی، بێئەوەی ئێمە پێبزانین دەرگای ماڵی بە سێ چەپی قوڕ گرتووە، ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە، هاوار، دایکی امالبنی، مەڕێک و سێ ڕۆژ ڕۆژوو، نەزرت بێ، لەگەڵ سفرەی بەربانگ، نەگاتە سەری مانگ، ئەو ڕەشمارە ماڵی ئێمە بەجێ بهێڵێ و وازمان لێبێنێ. منداڵەکانیشم چاوەڕوانی تۆزێک خۆشی و ڕووناکین. وەهای هەڵدێری کەس بە مەسکەنی نەزانێ!

ئاسکە کە ئافرەتێکی ژیر و کەیخوداژن بوو دەیزانی هەرشتەی دەبێ لە جێی خۆیدا بگوترێ هەر بۆیە لەکن کوڕە پازدە ساڵەکەی باسی فرۆشی مووچە و باخەکەی نەکرد. دەیزانی ئەو منداڵە بەمشتە بزانێ و نەزانێ تۆفیر ناکا. پەپووسلێمانەیەک لەسەر ڕێگاکە دەهاتوو دەچوو، بارام زیپکە بەردێکی بۆ فڕێدا، پەلەوەری باڵزێڕین لە شەقەی باڵیدا و هەڵفڕی. ئاسکە لە شێوەی ئەو کەسانەی بە مەرامی دڵی خۆیان گەیشتبێتن گوتی:

ـ پەپووسلێمانی، ماڵم ڕمانی، ماڵ بابت بڕمێ لێرە نەمێنی.

زەردەی لەسەر لێو بە دڵخۆشییەوە باڵی ڕادەوەشاند و نووکی پەنجەی لە وردە بەردەکانی سەرڕێگا دەسرەواند. کووچەباغ چۆڵ و بەتاڵ بوو، بارام بێباوەڕانە و بە گاڵتەوە لە دایکی پرسی:

ـ تا ئێستا چەند بزن و مەڕت نەزری ڕۆیشتنی ئەو کردووە؟

وەڵامیدایەوە:

ـ ئەگەر بیژمێری زۆر، بەڵام ئەوە یەکەمجارە بە دڵو گیان ناوم لێهێناوە، بۆ تۆ نەتبیستووە دەڵێن: ئاە و نزوولەی دەردەدار کار لە بەردیش دەکا؟ بەڵام ئەمجارە وەک جاران نییە، من بۆ ڕزگاری و ژیانی ئێوە دەپاڕێمەوە، ئێوە بەسەر پردێکەوە ڕاوەستاون دارو پەردووی هەرئان لەوەدایە تێکبتەپێ، ئەمە بۆ دڵی خۆم نییە، ئەمەش خودا لە دڵی منی ناوە، چما ئێوە عەولادی من نیین؟ جاران تەنیا بۆخۆم دەپاڕامەوە، هەڵبەت ئێوەم هەر لە بیر بووە، بەڵام زۆرتر خەمی خۆم دەخوارد. لە داخی ئەو ژنە چاوم بەرپێی خۆمی نەدەدیت. ئەگەر دۆعان گیرا نەدەبوو، بۆ دەبوو خودا نەیارەکەم لەبەر چاوی ئەو شیرین بکا؟

بارام هات بڵێ: ئەگەر وابێ، وەکوو تۆ دەڵێی ئەوەی خراپترە دەبوو خودا قەت باشی وەڕێ نەهێنێ. بەڵام پێش‌ئەوەی لە وشەی یەکەمەوە بچێ بۆ دووەم، دایکی بە مەسڵەحەتی زانی باری قسەکە بگۆڕێ:

- بابی‌دایە، کاری خوا بێ‌ئیرادە، دوودڵ مەبە، دەبی بە بەرد، ئەوانەی ئەو وتەیان بە دەمدا هاتووە لە ئێمەمانان دانا و زاناتر بوون.

دوو خولەک دواتر، بەم‌جۆرە قسەکانی درێژ کردەوە:

- تۆ لە بیرت نییە، وەختێ مەهدی بەرمەمکانە بوو، نەخۆش کەوت، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، وای‌لێهات هەموومان هیوابڕاو بووین، بریا بتزانیبایە من چم بەسەر هات، هەر ئەوەندەی مابوو گیانم دەربچێ، وەک ئەوەی خودا لە دڵی نابێتم، هەستام دەستنوێژم گرت و دوو ڕەکعەت نوێژی حاجەتم خوێند. نەزرم کرد ئەگەر کوڕەکەم چاک بێتەوە، بەقەی کێشی تووکی‌سەری تاکوو تەمەنی حەوت‌ساڵی زێو بکرم و هەدیەی بارەگای ئیمامی بکەم، ئیتر براکەت شفای وەرگرت و منیش گفتی خۆم بەجێ هێنا.

ئاسکە لە پشت پەرژینی باخێکی پڕ لە میوە و ئاوەدانییەوە تەماشای کرد ڕەزەکان بۆڵیان بەرداوەتەوە و قۆرەی باشیان پێوەیە، خێرا وەبیری هاتەوە، ئەوساڵە، هەر وەک میران وتبووی بە هۆی ئەوەی باخەکەیان فرۆشتووە، بۆ پاییزێ قۆرە وەدەست ناکەوێ ئەوانیش پێویستیان بە ئاوی قۆرە هەیە.

بارام گوتی:

- ئەگەروابێ هەر بە حیسابەکەی خۆت، ئەوا حەوت ساڵە کە تەواو بووە و شتێکیش زیاتر خەریکە لە هەشتی نزیک دەبێتەوە و تۆش نەزرەکەت بەجێ نەهێناوە، چەندجارێک بردم سەرم بۆ تاشی، لە بیرم چوو تووکەکەی بێنمەوە، ئەوانەی وا لە هەمبارەکەدا کردووتە سەبەتەیەکەوە زۆری لێ‌وەریوە و کەم بۆتەوە، قەل و مامرەکان دەچن بڵاوی دەکەنەوە، یانی گوناح نییە؟

- چۆن گوناح نییە، دەبێ خێرا فکرێکی بۆ بکەین، منیش لە بیرم نییە ئەوکاتی وتم تاکوو حەوت ساڵ یان تاکوو دەبێتە حەوت‌ساڵانە، ئەگەر حەوت ساڵ بێت ئەوا دەبێ جارێ پەلە نەکەم، ئەی بەشکوو خودا بۆم ڕێکبخات بتوانم پەنجەیەکی ئەبول‌فەزل بکرم و بیبەم بۆ مەشەد. ئەی ئیمام ڕەزا، ئەی پەنای ئاسکان، داخۆم وەختی ئەوە نەهاتووە، ئەم ئاسکەی بەستەزمانە بێتە پەنات؟ کەی

دەبێ منیش هەروەکوو تەواوی ژنانی بەختەوەری ئەم دنیایە خانم و خاتوون و کابانی ماڵوحاڵی خۆم بم؟ ئاخۆم دیسانیش هیوابڕاوم دەکەی؟!

هوما لەو وەختەدا خاولی حەمام و لفکە و سابوون و تاسی بە دەستەوە بوو، ڕووی کردە گلارە و بە دەنگێکی نیوەبەرزەوە گوتی:

ـ منداڵەکانم ناردۆتە سەرجۆگەکە مەلە بکەن، ڕۆژێکیتر ئەو ئاوەمان دەستناکەوێتەوە، تۆش نایەییت خۆت بدەی بەدەم ئاودا؟!

کچە سەری بە سەر کتێبەکەدا گرتبوو، هێشتا وشەی مەبەستی لەسەر لێو بوو، زەینی خۆیدایە بابی، لەوکاتەدا بە قسەکەی هوما پرخ و هۆڕی ڕاوەستابوو، بزەیەکی شەرمن دەم و ڕوخساری تەنی:

ـ گەرەکتە سبەی ئیمتیحان و ئەزموونەکەم ببێ بە هیچ؟ من وامدانابوو ئەمڕۆ لە باغی بە کەیفی خۆم دەتوانم خەریکی دەرس و دەورم بم، بەڵام هەڵەیەکی مەزنم کرد. لە بەیانییەوە تاکوو ئەلحان توانیومە دوو لاپەڕە موتالا بکەم. پێموانییە هەشتێ لە مەشتێ حاڵی بووبێتم. بریا هەر لە ماڵێ جێتان هێشتبام! نا، تکاو ڕجات لێدەکەم، ئەمڕۆ وازم لێبێنە، کارم پێدا مەدە، لێتدەپاڕێمەوە، بانگم مەکە، با هۆشم لەلای وانەکەم بێ، ئەوجاریش من پێموایە ئێرە باش نییە بۆ مەلەکردن، ئەگەر پیاوێک بێرەدا بێت حەیامان دەچێ. نەنە بیبی لە خوار قاڵییەکەوە چوار مشقی دانیشتبوو خەریکی تەشیڕستنی خۆی بوو. شەرمێونانە بە نیشانەی لۆمە و سەرسووڕمان ڕووی کردە هوما، قامکی ئیشارەتی گەزیی، نێوچاوانی تێکنا و دواتر تەماشایەکی سەیمیرانی کرد، بزانێ بەخەبەرە و گوێی لە دەنگی ئەوان هەیە، هوما پوختایی وتەی کچەی بۆگرینگ نەبوو، بە لەبز و نیگای بڵحانەوە بەرپەرچی قسەکانی گلارەیدا و گوتی:

برۆ گێژەگیان! من لەو باغەدا پیاوێک بە سەت تمەن دەکڕم، لەم چۆڵ و بیاوانەدا کە ساڵی جارێک بەشەری پێدا نایات پیاو کاری بەم لاپەڕە چییە؟ ئەی من ئەو خاولی و سابوون و هێلکەیەکم بۆچی هێناوە؟ گوتم هەموو ڕۆژێ ئەم ئاوە وەدەستی ئێمە ناکەوێ، ناشێ هەلی ئاوا لە قیس خۆمان بدەین. وەختێ سەرو مێشکت فێنک بۆوە، وانەکانیشت باش بۆ دەخوێندرێ، هەرچەندە ئاوەکەش ساردە و خاوێن نابمەوە، سەرم ناشۆرم، تەنیا لفکەیەک لە خۆم دەدەم، حەیفە بە ئاوی سەراو خۆت نەشۆری، ئەوا من چووم، ئەوەی نەیەت پەژیوانە!

هوما به خشپه خشپی دەمپاییەکانی دوور کەوتەوە، لە دوورەوە بە دەنگی بەرز قاوی کرد: نەنکە بیبی، تۆش بۆئەوەی بە تەنیا نەبم، تەشییەکەت بێنە و وەرە لەکن من دانیشە، هەرکەسێ ئەورۆ لێرە مەلە نەکا، نیوەی عومری بەزایە دەچێ، هەستە خێرا وەرە!!

ئەو بە ئەنقەست دەنگی هەڵێنابوو، بۆئەوەی سەیمیران وەخەبەر بێت. میران چەند دەقیقەیەک لەمەوبەر خەبەری ببۆوە و ئاگای لە مشتومڕی نێوانیان بوو. وەختێ خانمەکەی بە نێو دار بەهێکاندا شۆڕ بۆوە و لە چاو نەدیو بوو، دەسماڵەکەی لەسەر چاوی لابرد. تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. هوما بەبێ چارشێو ڕۆیشتبوو، پیرێژن بە کۆمە کۆمە بووخچەکەی بە دەستەوە بوو دەچوو بۆلای هوما. میران بە تووڕەیی گوتی:

- پێیبڵێ مەلە نەکا!

ویستی پێیانبێژێ باغەوانەکان بە قەراغی ئەم ئاوەدا هاتوچۆ دەکەن. بەڵام تەنیا بەم ڕستەیە تەواوی کرد.

وەختێ هوما لە خوڕێنکەکە نزیک بۆوە! منداڵەکان بە توونکە و دەرپێوە لە نێو ئاوەکەدا بوون. بیژەن لەلای مەهدی برای وتبووی وەکوو مەلەوانان مەلە دەزانێ، لە کوڕە پوورەکەیەوە فێر بووە، ئێستاش لە تەنکایی ئاوەکەدا شلپو کوت خۆی بە ئاوەکەدا دەدا، مەهدی دەیزانی قسەکەی ڕاست نییە، لە قوڵایی ئاوەکە دەترسا و سەیری براکەی دەکرد. ناحەقی نەبوو. ئەو ئاوە هێز و تاقەتی دەویست، ئەویش نەیبوو. سەیمیران هەرچەندە ئەم دەستوورەی دابوو بەڵام خۆی بۆڕاگیر نەکرا و بە بۆڵە بۆڵ هەستا سەرپێ:

- ئەمرۆ هەتاکوو دەگەینەوە ماڵێ شەو دادێ و ئەو ژنە وەرهەمم پێهەڵدێنێ، ئەگەر بێتوو لە ئاوەکەدا خۆی ڕووت کردبێتەوە بە گەورەیی خودا لە ماڵێ ئەوەندەی لێدەدەم ئازایگیانی ببێ بە خمخانە!

لە نزیک جۆگەی ئاوەکە دار و درەخت و پنجک و گژوگیایەکی زۆر ئەوی شاردەوە، ئەو منداڵەکانی دەبینی و ئەوان چاویان لەو نەبوو، هوما لە قەراخ جۆگە ئاوەکە لە شوێنێکی باش دانیشتبوو، قۆڵی هەڵماڵیبوو، بە گاڵتە و جەفەنگ بیژەنی لە نێو ئاوەکەدا ڕاگرتبوو، لە شێوەی کچۆڵەیەکی دەستو پێ سپیلکە خەریکبوو سەری بۆ دەشووشت و کەفی سابوونی لێدەدا، لەوکاتەدا بەتەما بوو کراسەکەی بەری کەفاوی و تەڕ نەبێ، ڕانو کەپەڵ و پاوپووزی لە تەنوورەی تەنگە بەردا بەدەم جووڵە جووڵەوە بەرز و نزم دەبۆوە و لە چەشنی گوڵەباخی بەهاری بە بەرامە

و دیمەنی جوانەوە سەرنجی بینەری بۆلای خۆی ڕادەکێشا، سەی‌میران لە بۆسەدا بە دووچاوی تامەزرۆوە تێی‌ڕامابوو. دیاربوو ژنە حەزی لە چوونە نێوئاو و مەلەکردن نەبوو، زەردەخەندەیەکی شاراوە بە نیشانەی ڕازی‌بوون گوڵی خستە سەرلێوی، لچ و لێوی خۆی گەزی و بە شێوەیەکی پڕماناوە سەری هەڵسووڕاند. وەک کەسێکی خۆبەزل‌زان لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ هەرچۆنێک بێ ئەتۆ ژنی، هەروەکوو هەموو ژنەکان لە ژێر ئەمرو فەرمانی پیاودا، ژن با شێر بێ هەر دەبێ لە ژێربێ!

بەوە خۆشحاڵ بوو قسەکەی سەرکەوتووە، بەتەما بوو بانگی بکا، سەماوەری عەسر ئامادە بکات، وای‌بەباش زانی جارێ تا لە شووشتنی کوڕەکە دەبێتەوە سوورێک بە نێو باخە سێوەکەدا لێبدات، نەختێک لەولاترەوە، بیست ساڵ لەمەوبەر ئالێرەدا دارو درەختی چەقاندبوو، پەیوەندی کردبوو، قەڵەمەی لێدابوو، پێش‌ئەوەی نان‌کەری بکا بە پیشە لە کاروباری تەکمیش و نەمامناشتن و پەیوەندا ناوی دەرکردبوو. دایمە دەیگوت دەتوانێ هەڵوو لە هەڵووچە پەیوەند بکات و بەر بێنێ، لەگەڵ کرۆسکە ژێر خاک کراوەکاندا بۆ زەرد بوونیان لە تەواوی ئەو بن دارسێوانەدا بیرەوەری خۆی هەبوو، ئێستاش بە بۆنی ئەم باخە سێوە هەمووی ئەو شتانەی وەبیر دەهاتەوە، بیرەوەرییەکانی ڕابردوویی ژیانی مرۆڤ وەکوو ئاواز و مەقامە کۆنەکان‌وایە تا کۆنتر دەبێ نرخی دەچێتە سەر، شیرین‌تر دەبێ لە ئاواتەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ڕابردوودا ڕوخساری خۆی دەبینێتەوە و لە داهاتوودا سێبەر و مەرگ و نەمان، بەڵام تاکوو ڕەشماڵی لەشی تێکنەتەپێ ناتوانێ دەستبەرداری ئەو خاتوونە بێت، ئەو بۆخۆشی دەزانێ هۆش و بیر و دارونەداری لە نەردی دڵداریدا دۆڕاندووە تازە چۆن دەتوانێ بگەڕێتەوە؟ یان لە شێوەی سی‌مەلی ناو ئەفسانان، واز لە هەمووشت بێنێ تەنانەت خەفەتی مێوینە و گەنجی و خەمی پیری، بەسەر ترۆپکی زەمان و مەکانەوە بنیشێ و خواوەندانە لە جیهان و جیهانیان ڕامێنێ، بەڵام ئاخۆم، سەی‌میران سەراوی بەم‌چەشنەی لە ڕابردوویی خۆی دەڕوانی دەیبینی؟ ئەو سیمورخە نەبوو کەوا هیوای بوو ببێ بە بولبوول و بە ئارەزووی خۆی گەیشت؟ ئیتر بۆ دەبێ خەم بخوا و لە چی کەم بێ؟ باخە سێوی تەپەچاڵ لەپڕ خستییەسەر شاباڵی خەیاڵ و بردبوویی بۆ دنیای سەربوهردەی ڕابردوویی، لەو بیرەوەریانەدا، بەم‌دەمودەستە دەلاقەیەک بە ڕوویدا کرابۆوە، ئەگەر چەخماخە و برووسکەیەک لە ڕابردوودا بە نێوچاوانی ئاسمانی هەورگرتووی ئەوەوە بووە، ئەوا ڕەهێڵە و شەستە بارنیشی بە دواوە بووە لەگەڵ قرمەو گرمەی هەوراندا، ئەگەر پیری و زورهانی لە داهاتوودا، بوونی هۆی

ئەوەی تروسکەی ئەوین بدا لە دڵی و لەگەڵ هوما ڕای‌بوێرێ، دیسان هەر ئەو پیرییەش بوو بە خەزانی ئەو ئەشقە و گەڵای خۆشەویستی پێخوست کرد.

دارێکی پەیوەندکراو، بە بنێکی کورت و سەرو بژێکی سەیوانی لە نێوەڕاستی دارسێوەکاندا لە هەموویان زۆرتر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، هەروەک ئەو باغە شەش‌دانگ بە ناوی خۆیەوە بێ، لە پەسنی ڕاچوو، سوورێکی باشی بە دەوریدا لێدا و سەیری میوەی درشت و سوور و سپی درەختەکەی کرد. دەنکێ بەرببۆوە، داهاتەوە و هەڵی‌گرتەوە. بە ئاتەکێ کراسەکەی تۆزو خۆڵی سڕی و گازێکی لێگرت، شیرین و پڕئاو بوو، بە بۆنێکی خۆشەوە، لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ئەبەوە دەڵێن پەیوەندی باش، ئەوەیە بەهرەی زەحمەت و پێڕاگەیشتن، ژیانیش بەم‌چەشنەیە، هەرشتە و لە شوێنی خۆیدا، کۆمەڵگاش هەروەک سروشت،: زەوی باش و خراپی هەیە، من و ئاسکە ئەو پەیوەندە بووین تەنیا سەرشێتی لایەنێکمان، واتە من دەیتوانی ڕەگ و ڕیشەی بسووتێنێ، سەت بریا قەت ژنم نەهێنابایە!

بەدەم ئەم فکر و خەیالاتەوە ئەم ئیزنەی‌دا بە خۆی دەست‌بەرێت، سێ دەنک، نە زیاتر سێوی باش لێبکاتەوە و بە نیشانەی کار و ڕەنجی شان و ئاگالێبوونی خۆی پیشان هومای بدات، ئەو باوەڕی وابوو لە ژیاندا هەرکەسە و پاڵەی ئەو داچەندنەیە کە خۆی وەشاندوویەتی، خودا قەت وانییە خراپی عەبدی خۆی بوێ، ئەوە مرۆڤە چواردیواری ژیانی خۆی چۆن هەڵدەچنێ، بەم‌پێیە ئەو ڕێچکەی بیر و ئەندیشەی فردەوسی زانا بوو، بە گوێرەی دەستووراتی ئیسلام هەڵس‌وکەوتی دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا فکری زانستی ئاوێتە کردبوو، وەک چۆن سروشت‌ناسێکی لێزان، لە کاتی گەڕانێکی عیلمی‌دا بۆ جوان‌حاڵی‌کردنی شاگردەکانی خۆی باشترین شێوە و نموونەی عیلمی-مێژوویی دۆزیوەتەوە، بەم سێوانەوە، وای بە بیردا هات هەرچۆنێک بێ ئەمرۆکە وافکر و زەینی ئاڵۆز بووە، نەختۆکەیەک کار لەسەر مێشکی ئەو ژنە بێ‌مێشکەی بکات! هەرنەبێ تۆزێک ڕوونی بکاتەوە و لە تاریکی دەریبێنێ. بەم‌شێوازەی ژیانی ئەوان چووبووە بەرەوە، لەمەودوا ئیتر ئەم ڕەوتە بۆ درێژەدان نەدەبوو، نە ئەو کوڕی شاقوڵ‌پاشا بوو نە ئەمیش کچی ماقووڵ‌پاشا، کۆمەڵگا بۆ هەرکەسێک مەرز و کەوشەنی خۆی داناوە، ئیتر تێپەڕبوون لەم هێڵە سوورەش ملشکانی بە دواوەیە، (مرۆڤ هەژاری پشتی ناشکێنێ، بەڵکوو خەفەت و نەزانی دڵ و مێشک و ڕوخساری دەگەزێ؛ ئاشق تا ئەو حەلە دەتوانێ پاڵەوانی ئەشقی خۆی بێت، کەوا خەزێنەی لە بڕان‌نەهاتووی لە بن‌دەست‌دا بێ، هێز و وزەی لاوەتی و سامانی قوڵ و بێ بن بێت!) ئاخۆم ئەو بەتەمای پێکەوە

ژیانی تا مردن نەبوو، ئاوا بەمچەشنە بەرەو هەڵدێری نەمان دەیئاژووت؟ ئەگەر تاکوو ئێستاش لەلای دڵبەرەکەی شتێکی بە دەمدا نەهاتووە لەبەرئەوە نەبووە بۆ هەتاهەتایە وستەی لێوەنەیات. ئەو هەردەبوو ئەوەی بە ئاسکەی وتبوو، لەلای هوما، بیدرکێنێ، دەبوو بە هوما بڵێ، نە باخ ماوە نە زەمین گشتی بوو بە فیدای چاوی شیرین. خۆی هەڵتەکاند، سەڵتو قوڵت، ئیتر ئاو بێنە و دەستان بشۆرە! پوختەی مەبەست ئەوەیە ـ ئەی لەمەودوا؟ هەر ئەو شتە دەبوو پێشتر لە زەینی خۆیدا پوختەی بکا، ئەو چۆن شتیوای بە دڵدا دەهات؟ قەت لەوە پێشتر لە بەردەمی ئەو پەریروخسارە نەیتوانیوە ڕازی خۆی بدرکێنێ و ئاوا بۆنەیەکی بۆ هەڵنەکەوتووە، بۆنەیەکیوا هێشتاکەش نەیدەتوانی هەست بە بۆنی ناخۆشی بکا، بۆنێک هیچوەخت لەگەڵ ویستی ئاشقان ڕێکنەکەوتووە، ئەوە گریمان توانی تێیبگەیەنێ چواردیواری ژیانی هەرەسی هێناوە، ئاخری دەبێ بەچێ؟ لەمێژ بوو وشکارۆی هەناوی بێزووی بە لافاوێک دەکرد، بێتوو شیوی دەروونی خاوێن بکاتەوە،

بیژەن و مەهدی سەرمای ئاوەکە تەزاندبوونی، بە سەرو شەڕواڵی تەڕەوە چۆڕە چۆڕ، لە سەرەوخواری جۆگەکەدا میوەیان لێدەکردەوە و دەیانخوارد. نەنە بیبی کوڵکە و خورییەکەی بە منداڵان سپاردبوو، ئەوانیش لەسەر چیمەنەکە فڕێیان دابوو، وادیاربوو هوما و داپیرە، دوور نەکەوتبوونەوە، هەروەک منداڵان وتیان خەریکی کردنەوەی گەڵا دۆڵمە بوون، سەیمیران لەو سێوانەی لە دارەکەی کردبۆوە دوو دەنکیدا بە منداڵەکان وگوتی:

ـ ئێوە بڕۆن کراسەکانتان بکەنەوە بەرتان و ژێرشڕواڵی تەڕتان وشک بکەنەوە، بچن بۆلای گلارە با بە تەنیا نەبێ، سەرماتان دەبێ و نەخۆش دەکەون. بە دڵنەواییەکی ساردوسڕەوە، وەکوو ئەو باوکەی جگەرگۆشەی ونبووی دۆزیبێتەوە زۆر بە وردی تێیانڕاما، لەوەدەچوو بڵێ: ڕۆڵەکانم ئیتر من ماوەم تەواو بوو، لەمڕۆ بەدوواوە لە پەنا ئێوە دوور ناکەومەوە، لە جاران باشتر پێتانڕادەگەم.

بە شوێن شەپۆلە وردەکانی جۆگەئاوەکەدا هەنگاوی هەڵگرت و کەوتە پیاسەکردن تاکوو بزانێ ژنەکان ڕوویان لەکوێ کردووە، هەر لەوکاتەدا بە داڵانی بیرەوەرییەکانیدا شۆڕ بۆوە. لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا هەورێکی چڵکن ئاسمانی ژیانی تەنیبوو، دەیزانی وەختی ئەوە هاتووە، ئەم ڕێگەیەی بۆ دەستنیشان بکا:

ـ ئەگەر بۆت جێبەجێ دەبێ، لەمەولا شەوانە واز بێنە لە شەراوخۆری!

بە دڵنیاییەوە ژنە بەم ڕستەیە وەڵامیدەدایەوە:

ـ بەقسەت دەکەم، شەڕابی شەوانە تانوپۆی ژیانی لەبەریەک هەڵوەشاندووین. بەڵام بۆچی ئەمە بە من دەڵێی؟ هەروەختێ تۆ نەتکڕی و نەتخواردەوە، ئەوا منیش بە دڵی تۆ دەکەم، ئاخۆم ئەوە تۆ نەبووی، هەموو ڕۆژێ پیاڵەیەکت فڕ دەکرد و دیسان بەتەمای دانەیەکیتر بووی من نەمدەهێشت؟

ـ باشە، وایدابنێ، ئەمەش بەشێکە لە خەرجی ئێمە، وەرە با تۆزێک ئەم خەرج و بەرجە کەم بکەینەوە، دەزانی چۆنە هوما، تۆ دەبێ.

ـ من، من چی؟ دەڵێی جلوبەرگ نەکەمە بەرم؟ گەرەکتە بە پێی پەتی بچمە کووچە و کۆڵان، یان ئەوەی هەروەکوو پیرەژنان لە کونی ژوورێدا دانیشم و دەرگا لەسەر خۆم پێوەبدەم؟ من لەو ماڵەی تۆدا هیوام بە چ دڵخۆشییەک هەبێ؟ لەوەدەچێ ڕووناکاییم لێبگرییەوە؟!

ـ وانییە. جلوبەرگ بکە بەرت، بەڵام هەرنەبێ تۆزێک چاو خورد بکەوە و چاوێک بکە لە ئەو ژنە ماقووڵانەش! تۆش وەکوو ژنی ئاشنا و دۆستەکانی من ڕەفتار بکە وا نانەوایان هەیە، بۆ تۆ فەرقێکی نییە لەباتی گۆرەوی کایزێر ئەوانی سادە و ساکاری بکەیتە پێت. هەر بە دوو ڕۆژ جارێک ملەکەی هەڵناوەشێ، پێویست ناکا بە سواری فەیتوون بچی بییانبەیتە سەروەستا و چاکیان بکەیتەوە. هەر لە ماوەی ئەم حەوتەیەدا قوربانی چاوت بێ، دوو تمەنت پارە لێوەرگرتووم بۆ کرێی ئەمسەرو ئەوسەرت، پێتوایە پووڵێکی کەمە؟ تۆ پێتوایە مێردەکەت لەسەر خەزێنە دانیشتووە؟ وانییە؟ کابرایەکی نانکەر، بەڕێوەبەر و دەمڕاستی نانەواخانەگەل، ناوی گەورە و شاریوێران، لە دەرەوە چاوی خەڵک و لە ناوەوە، چاوی خۆم کوێر دەکا، با قسەیەکیش بۆ خۆمان بکەین، تۆ وادەزانی دووکانێکی کولێرەی پەنجەکێشی چەندەی داهاتە، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە بەیانی تا ئێوارێ پتر لە شەش تمەنی داهات نییە، کە ئەمەش بە سەرو بەرمان ڕاناگات، کەسێکی وەک من بەم گشتە خەرج و خاووخێزانەوە، دەبێ کارێکی وابکەم قازانج سەری مایە نەخوات، من نامەوێ خۆم بکووژم!

ـ مەبەستت لەمقسانە چییە، بۆ ڕوونتر ئەوەی لە دڵتدایە نایدرکێنێ؟ من چت لێبکەم خاووخێزانێکی زۆرت بە ڕیشەوە بووە! مەبەستت ئەوەیە براکانم، کەسوکارم پێییان بەم ماڵەدا نەیەت؟ ئەی دەستخۆش، ئەوە لە حاجی بەننا و ئەمەش لە تۆ، چاو و دڵم ڕوون، نا، سەیمیران پیاو کە تێر بوو چەمۆڵە دەنێ، ئەمانە هەمووی قسەی پڕوپووچە، بڕوبیانوویە و پەڵپگرتنە. دەنگ و ئاوازی هوما، شەشساڵی تەواو بۆ ئەو شنەی باڵی فریشتەی ڕەحمەت بوو، هەنووکەش مچوڕکە بە لەشیدا دەهێنێ و ختوکەی گوێیی دەدا، تا دەهات ئاوی هەڵدێرەکە دەنگی نزم دەبوو.

نەرمە ئاوازی ئەویش وەسەر خوڕەی ئاوەکە کەوت، لەحن و ئاوازەکە ئازاد و جێیسەرنج و لە چاو بەرپێوار بوو بە سۆزێکی کوردی دەیچڕی، سەیمیران وەک بەریدەستی ئەم شیوو و دۆڵەی دەناسی، ئەم خڕو دۆڵە کە لە سێ مانگەی بەهاردا بە خوڕ ئەسرینی باران و فرمێسکی چاوی ڕنوی خوڕ هەڵدەدا لە سەراوەوە بەرەو باوەشی ڕووبارەکان بەڕێی دەکرد. سروشت، دیمەنێکی بەرچاوی بەهاری چاو و دڵی تامەزرۆ دەکرد و تێکەڵ بە چریکەی مەلان و سۆزێکی ژنانە ڕۆحی مرۆڤی سەیقەڵ دەدا و ئۆخژنی بە دڵی تاسەباران دەبەخشی. لەم کاتە تایبەتەدا سەیمیران لە ناخی خۆیەوە بە نێو ئەم حاڵەتەدا شۆڕ بۆوە، لەگەڵ ئەندێشە و ئاوات و هەوڵی بێئاکامی خۆی نەحاواوە بوو، ئەگەر بیتوانیبایە پشتی ئەو دەڵەدێوە خوێنمژە بە زەویدا بکێشێ وا لە تۆرەی دنیای کەونارادا بە «میدۆز» ناوی هاتووە، مێرانە چۆک لەسەر دڵی داکوتێ و گۆشاوگۆش سەری ببڕێ، تەواوی ئەو نەهامەتی و گرفتانە بە لایەکدا دەکەوت و ئاو بە ئاوردا دەکرا، بەڵام ئێستاکە یەزدان ئەم هێز و پێزەی نەداوەتێ چی لەدەست دێت؟ ئەو چۆناوچۆن دەیتوانی ئەم پەنجەرەیەی بە ڕوودا بکاتەوە و ئەو ژنە سادە و کاڵفامە حاڵی بکا، ئەوەی ئەو لێیدەگەڕێ ئەوە هەو نییە و ئەوەی بەتەمایەتی بۆ ئەو دەستەبەر نابێ، ئەو چۆن لە دنیا حاڵییە؟ خۆ ئەگەر ناوی مێدۆزی نەبیستووە، چیرۆکی ڕۆستەمی بەرگوێ کەوتووە، وەختێ خۆی دێوی سپی کوشت و جەرگی دەرهێنا و خواردی، دێوی چەرمگ کاووس و سپاکەی لە مازەندەران خستە بۆسەوە و کوێری کردن، ئەم چیرۆکانە بەشێک بوون لە ئەو لە ماڵەکەدا.

سەیمیران لەم مشتومڕە دەروونییە کە هەروەک تەرجیحبەندێکی بێهێز و پێز خێرا خێرا بەسەر پەردەی مێشکدا دەهات و دەچوو تەواو بیر و زەینی لێڵ کردبوو. بە شەرمەسارییەوە سەری بەردابۆوە، ئەو لە فەلسەفەی ئەوینی عارفانەی خۆیدا، بڕوای بە لادان لە ژیانی مادی، بە مەیخۆری و فڕکردن بوو، ئێستا دارو نەداری لە گای تۆڕ نابوو، بیری دەکردەوە ئەم ماڵە ڕۆژێک قەڵای مێرو کۆشکی شادی بوو، کەچی ئێستا بۆتە کاولاشی خەفەت، ئەوینی ئەو هەروەکوو گوزەرانی پڕ بوو لە کۆسپ و ئازار، بەڵام بەبێ ئەو ئازارە نەیدەتوانی بژی، لەگەڵ ئەم زەلکاوە داهاتبوو، کە هەر خۆی بۆ خۆی سازکردبوو. بە شانی جۆبارەکەوە هەردوویان دیاربوون، پیرێژن خاولی و تاسەکەی بە دەستەوە بوو، بە بن پنچک و مێوەکاندا دەهات و دەچوو. لە هەرجێیەک گەڵای ناسک و جوانی دەبینی گورجێک هەڵیدەکوتا سەری و لێیدەکردەوە، شوێنی لاپێ و خزو لاشیو لەگەڵ تەمباسک و بەرز و نزمی، لەگەڵ ڕەوتی ئەو ڕێک نەدەکەوت، هوما وردە وردە

دەچووە پێشێ و نارەناری دهات، جاری‌وابوو ئاوڕێکی ئەدایەوە و چەند گەڵایەکی لە بەرۆکی مێوەکە دەڕنی و لە کاسەکەی دەخست. تارمایی خەمێک لە ڕوخساری نیشتبوو، ڕەنگدانەوەی بیر و فکری شاراوەی دڵ و مێشکی سەی‌میرانی پێوە دیاربوو، هەروەکوو ماشووقەیەک خەفەت و ئازارەکانی دڵداری تەنگی پێ‌هەڵچنیبێ، زۆر بە ساردی لەو گشتە جوانییەی دەڕوانی، وەک بڵێی لە تەواوی ئەو شادی و خۆشیانەی ژیانی دڵی بێزار بێ و لێی دوور کەوتبێتەوە، دەنگێکی ناسک و بەسۆز، ئارام و لە بن‌لێوەوە، نەبیستنی باشتر بوو لە بیستنی، هەست و ئێحساس وای بە سەی‌میران نیشان دەدا، ئەگەر لەپڕ خۆی پیشان هوما دابایە، بۆ ئەو ناخۆش دەبوو. بڵێی دڵە پاکەکان ئەو پەردە زەریفە نەبن، کە لە کاتی کەیف‌خۆشیدا ئەنگوستی لەسەر دادەنێ؟ چشتێک ڕوویی‌دابوو، ئاوا پەرێشان و زەرد و سیس هومای دەبینی؟ هەردوو ژنەکەی لەوێ دوور کەوتنەوە، هوما بۆ چرکەیەک مات بوو، تاکوو گوێی لەو دەنگە خۆشە بگرێ وا لە دوورەوە بەرگوێ دەکەوت، ئەم چریکەیە لە قەوانی ئەم گرامافوونەوە هەڵدەستا و پرچی ئاڵۆزی ڕۆحی مرۆیی شانە دەکرد و ئارامی بە هەناو دەبەخشی، گۆیا کەش‌و هەوا لەگەڵ ئەم چریکە و ئاوازە لە مەسڵەحەت‌دا بوو، بۆئەوەی دەی‌بیستێ چێژ وەردەگرێ، سەی‌میران بە ناخی ئەم شتانەدا ڕۆچووبوو، هوما بە ئاماژەی دەست دایەپیرەی حاڵی کرد ورتەورت نەکا، گوێی دڵی بۆ ئەم دەنگە بەسۆزە هەڵخستبوو، کۆنسیرتێک بوو بەدەم شنەی بلاوێنەوە ژیانی بە جەستە و ڕۆح پێش‌کەش دەکرد. خاوێر خاوێر ڕووی کردە دەنگەکە، دەقیقەیەک لەوەپێش تۆزی خەفەت بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، بەڵام ئێستا سەرو ڕووخۆش، هەروەکوو تۆپە گوڵێک، ئەمە نوێنەری

گیانی ئەو کەسانەیە، کەوا خەم و شادی و خۆشی و ناخۆشییان بەقەی یەکە، سێبەری تەم‌بارستایی لەسەر توێڵی سەی‌میران دانابوو، نێوچاوان گرژ و مۆن هەروەکوو ئەووەختەی ئەم شۆڕەژنەی هێنابووە ماڵێ، لە گێژاوی بیر و خەیاڵاتدا دەخولایەوە، بەم‌حاڵەشەوە نەیتوانی بەر بە گوڵبزەی سەرلێوی بگرێ. شەپۆلێکی گەورە لە قوڵایی دڵییەوە سەرچاوەی گرتبوو مژی ناڕەزایەتی لەسەر سیمای سڕییەوە، جوانی و ئاواز لە چەشنی سروەی بەیانی پەژارە و خەفەتی ڕۆحی و ڕوخساری ڕاماڵێ، پێی لەسەر بەردەبازەکە دانا و بازیدا بۆ ئەوبەری ئاوەکە، ئاوەکە لێرەوە بەخوڕ تێدەپەڕی، بەدەم ناڵە و خوڕەیەکی دڵپڕەوە، ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەکە، دارو پنچک و توودڕک و گۆێژ و کرۆسک دەوری دابوو لەگەڵ شیلان و گوڵەباخ. شوێنێکی بژوێن و پاوەنکراوە، کە تاکوو ئێستاش هیچ باغەوانێک بەوێدا نەهاتبوو، سەی‌میران هەرچەندی بیری کردەوە و دڵ و مێشکی

خۆی هەڵشێلا ئەم شوێنە نامۆیەی لەوەپێش نەدیبوو، لەم نزیکانە مەگەر بولبوولان لەم قەراخ ئاوە بەسەر شیلان و پنچکەکانەوە هێلانەیان هەبوو، ئەگینا پەلەوەری دیکەی لێنەبوو قەناری ئەوەندە بە ئارامی لەسەر گوڵ دەفڕی تەنانەت گوڵ و گەڵای نەدەلەراندەوە، وەکئەوە وابوو ئەم باڵدارە بچووکەش دەیزانی نابێ نەرمی و ئارامی ئەم شوێنە بشێوێ. گەڵایەک نەدەوەری و خشپەیەک نەدەهات لە ڕووبەرێکی کەمەوە، ورتە و زمزمەی جۆگە و ڕووباریش بە ئیشارە و ئاماژەوە بۆ ژوانگەی خۆی دەخزی، ئەمە وەک بوخچەیەکی نەکراوە وابوو، لە شێوەی ڕازێکی سەربەمۆر، ئەم شوێنە تایبەتە هەناسەی خەمی لێنەکەوتبوو:، لەموەختەدا کەوا جەنگەی گەرما بوو، تۆ واتهەست دەکرد فێنکی ئێوارەیە، شۆڕەبی بە شانەی سروە بسکی دادەهێنا و سەری دەبەرخۆی نابوو، گوڵ بەدەم شنەوە زەردە دەهاتە سەرلێوی و خوڕێنک و جۆگاوردە گۆرانیان بۆ بەژنی دارو درەخت و مێرگ و چیمەن دەگوت، گەڵا دەبوونە پەرژینی گوڵی زەرد و سوور و پەپوولە بە زیزی لەسای سێبەری داران دەخزان. ئاو، ئەو مایەی ژیانە، ئەو خوێنەی بە شاڕەگی سروشتدا دێت و دەچێ، خونچەگوڵ دەکاتە خەو، دەخزێتە بن دارو درەخت و مێرگ و گوڵجاڕان پاراو دەکا و بە دارانددا هەڵدەچێ، ئاخۆم ئەوجێیە پەرسیفێک نەبوو بۆ ئاوات و ئارەزووی پەژیوانی و تێکڕووخاوی گیانی ئەو، بۆ قوژبنێکی چۆڵو هۆڵ؟ ئەگەر وانەبێ بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەم شوێنە پاکەیە بۆ دڵدار و دڵبەر. کە دەبێ ببنە پەپوولە و گوڵ و ئاوێتەی ژینی هەتاهەتایی ببن، بەبێ ئەوەی هوما لە پەردەی گوڵ و سەوزە بێتەدەرێ بە دەنگێکی فریشتەئاسا بانگی لە پیرێژن کرد:

- دەی پێیوتی نابێ مەلە بکەم، ئای چەندەم پێخۆش بوو، لێرەبایە و بیزانیبایە بە قسەی ناکەم، کارێکی باشمان کرد ڕێگەمان نەدا منداڵەکان وەدوومان بکەون. وەی ئەم گشتە تۆڕیی جاڵجاڵوکەیە! ئەشا ئەو بەلاڵوک و هەڵووچە و گێلاسە! سوور و سپی سەریان لێکداوە، تۆ بڵێی دەستێک نەبێ ئەمانە بوەرێنێ؟ ئەشا، ئەمە کۆترەباریکەیەک! ئەی لەو جووجەڵەیە خەریکی خۆشارۆکێیە،کۆترەباریکەی دەنووک زێڕینە! دەمەوێ هەر ئێستا خۆم ڕووت بکەمەوە و ئەم بەدەنە زێوینەم لەو ئاوەدا بشۆرم. تۆخوا ئەگەر نێرەی ڕوو بکە بەولاوە و ئێرە بەجێ بێڵە، مێردەکەم لە کەڵەباب شەڕانیترە، دڵپیستر لە لەکلەک و ئاشقتر لە بولبوول، ئەگەر لێرە بتبینێ، ئەوا دەبێ بە باز و شاهین، دنیات لێدەکا بە چەرمەچۆلەکە، کونە مشکت لێدەکا بە قەیسەری، ئێ، هەر لێرە دەمێنییەوە، ئەگەروابێ تۆش هەروەک خۆم خانم و خاتوونی، وایە، تۆش مێوینەی بۆیە تێیناچریکێنی؟

دەنگ و ئاوازی قەوانەکە بۆ ماوەیەکی کورت تەواو ببوو، هەمدیسان بە مقاماتێکی تازەوە تێی‌چریکاند. ئەمجارە منداڵەکان خەریکی گرامافوونەکە بوون. هوما دڵشاد و سەرخۆش، هەروەک خانمێک کە بۆ جەژن و سووروساتێک خۆی ئامادە بکا، سەرکراس و بنکراسی لەبەر خۆی داکەند. خاولی و تاسی لە دەست پیرێژن وەرگرت. گوێی بۆ شەپۆلی هەستبزوێنی ئەم ئاواز و مۆسیقایە شل کرد تێکەڵ بە بێن‌و بەرامەی گوڵی زەرد و سوور و پرچی سەوزی داران بە سەماکردن بە شانی سەماوە دەڕژایە کۆشی ئاوەکەوە، ئەویش نەیکردە نامەردی بە دڵێکی شاعیرانەوە خاوێر خاوێر لەنجەی کرد و کەوتە سەماکردن، بێ‌خەبەر لەوەی هەر لەم چرکە ساتەدا دوو چاوی تاسەبار و چاونەزێر لیپاولیپ لە حەسرەت و گڕ، لە بۆسەی‌دایە، هەروەکوو وێنس، بە تۆڵەی ئەوەی نەهەنگ قوتی دابوو، بۆ تۆڵەکردنەوە تەمای بوو ماسی لووش بکا، بەڵام نا، هەر ئەو جووڵە و سووڕ و پێچ‌دانە ئەوی لووش دابوو، هەروەک پەری ئەفسانان لە کەناری جۆگە و کانی پەڕو باڵی کۆتر دادەنێن، هوما بەبێ بەرگ و پۆشین لە نێو ئاوەکەدا دانیشتبوو، نە ترسی میری بوو نە خۆفی پیری! هەوڵی ئەدا ڕۆحی خۆی لەو ئاوەدا بە ئاواز مۆسیقایی بلاوێنێ. ناسکەبزەیەک پەنگری سووری بە کوڵمەکانی بەخشی و پەژارەی لە سیمای لادا، هێزێکی نیهانی ئاوێتە بە ڕەمزو ڕازەوە کەوتە نێوان دڵبەر و دڵدارەوە؛ ئیتر ئەوە هەرچۆنێک بوو لە دڵەوە یەکدییان ئاگادار دەکردەوە، بێجگە لە وریایی و ئەم شوێن و کاتە تایبەتە کە ژنان هەڵی‌دەسەنگێنن، بە تایبەت جوانی جوانان، کەمتر وایە لێی بێ‌بەش بن. ئەمە چ هێز و ڕازێک بوو کەوا هومای ئاگادار دەکردەوە پیاوەکەی لە نزیکیەتی؟ بڵێی بۆنی ئەوی کردبێ؟ پێی‌وابێ چاوی لێ‌خافڵ ناکا و بە دوویدا هاتووە یان ئەوەی بە دڵ بانگی دەکا، ئیتر هەرچۆنێک‌بێ هوما بە دڵ دەیزانی ئەگەر مێردەکەی تا ئێستا دیار نەبووە، زۆری پێناچێ دەگاتە پەنای! ئاوی ئەم جۆگە مەزنە کە بۆخۆی چێژ و سەفایەکی تایبەتی هەبوو، ئەم لەش‌و لارە زێوینەشی لە ئامێزدا بوو، وەک کانی و ئاوی جەننەت حۆری لە باوەشدابێ وابوو، یان وەکوو تەنکە بەفری سەربستۆی لاپاڵ تریفەی مانگەشەو بدا لە ڕوخساری، جوانی و جلوەی خەیاڵی پێدابوو. کێڵگەردن و بەڵەکچاو، شان‌وملی گۆشتن و سنگی مەڕمەڕین و دوو شەمامەی سەرسنگی، ئیتر لە هەمبەر نەخش و دەستکردی، یەزدانیدا نە زمان و نە خامە هێزی تەوسیف و پەسن و پێداهەڵدانی نییە، هەرچەندە دارو درەخت و ئاو سەوزە و گوڵ و پەلکی داران نوقمی تەماشای بوون و هەریەکە و لەبەرخۆیەوە ملوانکەی غەزەلێکی دەکردە ئەستۆیی و کراسی مەسنەوییەکی بە باڵا دەبڕی، ئەوە گیاندار بوو بە خزۆک و خشۆکەوە بە زمانی بێ‌زمانی نیگای

دەنارده پێشوازی ئەم تاووسی مەسته و خوای میوەی باغی یەزدانییه، بۆ بەخێرهێنانی ئەو ژنه ئەگەر نعوزبالله پەیامبەری خوا نەبوو ـ هەرچەنده ژنان ناتوانن پەیامبەر بن بێگومان هەرخۆی پەیامێک بوو، هەروەک چۆن (ئەگەر لەم دنیایەدا مرۆگەل تەواویان قەساو بوایەن ئەوا شاعیر و هونەرمەندێک لەسەر زەوی پەیدا نەدەبوو؛) ئەگەر پەیامی ئاسمانی نەبووایه له تەرەف یەزدانەوە، بێشک ئایەتی قودرەت و توانایی ئەو بو، جوانییەکی خوداپێداوی و تیشکی ڕۆحێکی ئاسمان بوو، کەوا بەو هێزەوە کاری له دڵ دەکرد. ئەو دڵەی که هێلانەی ئەشقی یەزدانی بوو، جوانی لەبەر بیر و زەینی سەیمیران، گیانێک بوو به هەموو توانایی خۆیەوە له ژێر پەردەدا نەمابوو، ئەو ئەدگار و بیچمی هومای. له پێشچاو هیچوەختێ بەرپێوار نەبوو ئەو گەوهەره بەنرخەی له ئەنتیکەخانەی گیانیدا هەڵگرتبوو، له دنیای تەنیایی خۆیدا زۆرجار فکر و خەیاڵ لەگەڵ خۆی بردبووی:

ئەگەر خوداوەند ئەم دەستکرده جوانەی نیشان نەدابایه، واته ژنی به سروشت نەبەخشیبایه لایەکی تەرازووی دنیا له حەوا دەبوو، گەردوونێکی وشک و برینگ و هەڵسووڕ داسووڕێکی خۆڕایی بایی، ئاخۆم هەر وەکوو شانو شکۆی هەسارەگەل و گەورەیی ئاسمان مرۆڤ دەخاتەوە بیری یەزدان جوانیش هەر ئەو شته نییه که له ناخەوە هەست به زاتی واجبالوجود بکەی؟ لەو ڕۆژەوە ئەم نیشانەی جلوەی جوانییه له دڵمدا هێلانەی کردووه، تۆ بڵێی له پاکیدا وەک هەڵمی دڵۆپێک ئاو به تیشکی یەزانیدا هەڵنەزنابێتم؟ من پێم به دەرگای بەهەشتا ناچێته ژووری دڵنیام و گومانی تێدا نییه، لەبەر ئەوەی شەرابم خواردۆتەوە! نوێژەکانم چوواندووه، هەروەکوو ئێستا گەورەیی و دەهەندەیی یەزدانم بچووک به دڵداهات، زمانم تاڵ بوو، بەڵام من ناچمه جەهەندەم. من دڵنیام پەیامبەرەکەم محەممەد شفاعەتم بۆ دەکا و بۆمدەپاڕێتەوە، وەحیم بۆ هاتووه، کەوا خودای خۆم زۆرتر و باشتر له خەڵکی ئاسایی و ڕەمەکی ناسیوه، له خەونمدا پێیانوتم: سەیمیران کوڕی سەی نەسروڵلا، شوێنی تۆ له ئێعرافه! ـ بەڵێ جوانی ئاوازێکی ئاسمانییه، ئەگەر شتێکی جەستەییبایه نەیدەتوانی بزوێنەری ڕۆح و گیان بێت.

سەیمیران بۆئەوەی پڕ به دڵی خۆی لەشو لاری ئەم زێڕ و گەنجه ببینێ، سەرەڕای ژان و ئازاری نەخۆشی ڕۆماتیسم که زۆر لەمێژ بوو پێوەی دەتلایەوە به ناچاری لێبڕا بچێته ئاوەکەوە، له پەنجەی پێیەوە هەتا سەرئەژنۆی به شێوەیەک تەزیبوو هەستی به سەرما و گەرما نەدەکرد. ئەشقێکی ئەزەلی وەها دەمی له خوێنی ژەنیبوو، ئەگەر باڵێکت ببڕیبایه بەخۆی نەدەزانی. هەروەکوو لەمێژ بوو ئەو خووەی هەڵگرتبوو له نێوان خەو و بەخەبەری ئاسمانیدا گەشت و گەڕانی دەکرد.

لەو خەوو بێدارییەدا، بە هەرباریێک، شتێکی وەکوو هۆشبەری لە ئارادا بوو، بە شێوەی گوڵ و سەوزە و گڵ بۆنی بەهار و شنە و هەواری سازگاری دەگەڵ خۆی هێنابوو، گەرمی و دڵبەری لە دەروونیدا شەپۆلی دەدا، باری ئاسایی چاوەکانی گۆڕیبوو، ڕوانینی سووتێنەر و تاوانبار دیاربوو، وەکئەوەی بە کۆڵێک ترس و هومێدی گیانهەژێن و تاقەتهێنان لە ژێر باری هەزاران ئازار و چەرمەسەریی ژیاندا بە گونجەی ئاوەکەدا خۆی گەیاندبووە کۆشکی خەلیفە! زۆر ڕۆژ و شەوان قیناتی کردووە بە برسێتی و لە حەشارگەی خۆیدا چاوەڕوان ماوەتەوە، تاکوو بلوورگەلی خەروارینی بێوێنەی بەژنی زبێدە، ئەو شاژنی دەورانە، لەوکاتەدا کە حەزی بە چوونە نێو ئاوی حەوزەکە دەکرد، تێیڕابمێنێ و ئاوێتە بە ئەندامی خۆیەوە ماچبارانی بکا، بەڵێ ئەو سەبارەت بە هاوژینی خۆی وەها هەست و خۆشەویستییەکی هەبوو، لەوپەڕی تاقانەییدا لەگەڵی نامۆ بوو، دایمە وابوو. هەرچەندە شەو و ڕۆژ لە هوما دوور نەدەکەوتەوە ئەوی لە خۆی و خۆی لەو بە دوور دەزانی، هەموو ڕۆژێ، گوڵێکی لە باغی ئاوات و ئارەزوودا دەپشکووت و بارەگای هەمووانی بۆنخۆش دەکرد، بەڵام ئەوەی وا سەیمیران لە هەمووان فرەتر خزمەتی دەکرد و ئاوی لە بن دەکرد و تایبەت بە خۆی بوو، بەمجۆرەی ویستی گوڵی نەدابوو ڕوونتر بێژین، بەهێزتر لە ورە و تاقەتی لاوان جەستەی خاکی ئەوی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام گیانی ئاڵۆز و بەرز و نزمی ئەو هەروەک بەرزترین ترۆپکی چیای هیمالایا هێشتا دەستلێنەدراو مابۆوە، دوودڵ بوو لەوەی ئاخۆم پەنجەی وێکەوتبووە یاننا، ئەمەش بۆ دڵدارێکی پیرانەی وەکوو ئەو بە چێژی جەستەیی لە گۆشەنیگای تەنگ و بەتاڵی هەرزەیی گەنجان پێیدا نەدەڕوانی، ئەوە بابەتێکی فرە گرینگ و بنەڕەتی بوو، بابەتێکیوا کە دەبوو ڕازی ئەوینێکی بێتەسەلی و پاراوی لەودا وەدۆزێ، پێگە و مەقامی ئەشق کە خۆی بەدیهێنەری هەستی و بوونە مەزنتر لەوەیە کەوا بنووس لە بەردەرگای چۆڵی خۆی ببینێ. ئەگەر بێتە سەرتاریف و شیکردنەوەی تێکەڵاوی ژیانی ئەو خەڵکە ڕەنگە دوور بی لە حورمەتی ئێنسانی. ئەوەندەی سەیمیران لە بیری بێ، هەمووجارێک هوما لەسەر ڕانی دادەنیشت و بۆ لاواندنەوە یان بۆ کاتڕابواردن چڵە چڵەی مووی ڕدێنە سپییەکەی هەڵدەکەند. قەت بە زاریدا نەدەهات بڵێ تۆ پیری و منیش خۆشمناوێی، بەڵام ئەوەندەی پێوتبوو لە کاتی خواردنەوەمدا، هەر دەڵێی پەردەیەک لەسەر چاوم لادەبرێ، جوانتر ئەتبینم و زۆرتر هەست بە خۆشەویستی دەکەم ـ ئەگەر بەهەر بارێکدا لەم ڕستەیە ورد ببینەوە ئەمە لە دڵێکی سادە و بێدرۆوە سەرچاوە دەگرێ، هەر بۆیە لە کاتی ئاساییدا ڕوونتر قەڵافەتی ئەوی نەدەبینی و

خۆشی‌نەدەویست. ئیتر ڕازێک لە دەروونی ئەو ژنەدا بوو، نەک ئەوەی خۆی بە دەستەوە نەدابوو، بەڵکە سرک و سڵ خەریکی ڕاکردن بوو. ئەو بە تەواوی مانا قەبووڵی دەکرد پیر بووە، ئەمە شتێک نەبوو حاشای لێبکرێ، بەڵام گەرەکی بوو لە ئاوێنەی دڵی دڵبەرەکەیدا خۆی بە لاوی ببینێ، دڵی ژنێک کە سەرتۆپی تەواوی باشییەکانی ئافرەت بوو، هەروەک کانی و چاوگەی زووڵاڵی و سەفا، سیمای ئەوی بە بارێکی‌تر دەبینی، بەم‌پێیە، بیری بە تەواوی لەکن دڵدارێکی‌تر بوو، ئەو بە ڕۆح لەسەر زەوی نەدەژیا! ئەوکاتەی لە نێوان دوو لێوی تامەزرۆی ڕامووسانێک ئاراوقارای لێ‌هەڵدەگرت بە تەوژمێکی ئاگرینەوە بە نێو نیگای پڕ لە ڕاز و نازی ئەبرۆی کەوانی و چاوی خومار و خەواڵوویی‌دا دەستەک و دارەڕای بن‌میچەکەی دەژمارد؛ دەسووڕاوە تاکوو گەوهەری مەبەستی لە قوڵایی ڕۆحیدا وەدۆزێ، بەڵام هەیاران! بەم‌هەموو ئەقڵ و ئاوەزەوە، لەمەڕ ئەم بابەتەوە هێشتا خۆی تازەکار و کرچ و کاڵ دەهاتە بەرچاو، بەم خۆش‌ڕابواردنە، ماچ لەسەر ماچ و بۆن‌کردن و گوڵ‌چنینە، لەسەر سنگی مەڕمەڕینی پڕ لە خەت‌و خاڵی خۆی فریو دەدا، بەڵێ لە ئەنتیکەخانەی دڵی ئەو ژنەدا خەزێنەیەکی خودایی نووستبوو، ئەو چوارقوڕنەی ئەم ملکەی پشکنی بوو، بێجگە لە غورفە و دووکانی پڕ لە ڕەمز و نهێنی، کە ئەمیش بە شەو و بە ڕۆژ دەرگای بە ئالقەڕێز و دوولایی قفڵ درابوو، ئاخۆم بۆ ئەو کەوا بە ئاوی ئەوین ڕۆحی خۆی مۆمیایی کردبوو، ئێرە ئارامگە و مەزارگەیەکی هەرمان نەبوو؟ بۆ دەبوو هوما، ڕازی دڵی خۆی بەم‌جۆرەی کە هەبوو لەو بشاریەوە؟ ئەو لە ساتەوەختی جم‌وجۆڵی ژیاندا بوو، ئاخر گەڵای شەختەبردووی وجوودی ڕوو بە زەردی لوول دەبوو، ئیتر زستانی مرووموچی مات و کپی ژیانی دەستی‌پێدەکرد. بەهۆی کەم‌ساڵی لە ڕادەبەدەر هوما سەبارەت بە ئەو، بە بۆنەی بیرۆکەیەکی کرچ و کاڵەوە، ئەو خۆی دایمە لەوەی کە هەبوو پیرتر دەهاتە بەرچاو، بەم‌پێیە کە شۆق و زۆقێکی تایبەتی لە خۆی نیشان دەدا و ناوی ئەشق و دڵداری لەسەر دانابوو، ئەم هێز و پێزەی تێدا هەبوو، لە تین‌و تاوی جەستە و بوونی خۆی، ئاگرێک داگیرسێنێ تێک‌ڕووخاوی پێشەی پیری پێ‌گاو بکاتەوە لەو دەمەشدا هوما پێی دەنایە بیست و شەشەمین بەهاری ژیانەوە، لەش‌ساخی و گەرم‌وگوڕی بەقەت ئەشق و ژیری بە قەڵافەتییەوە دیاربوو. ئەوکە شێوەگوڵ بوو هەروەکوو گوڵ بە تەواوی لە پەردەی خونچە هاتبووە دەرێ و بە ڕامەی ڕوخساری ئاوی حەیاتی پێبوو، هەر بۆیە ئەوینداران وتوویانە؛ وەکوو گوڵ بە بۆنی خوشت، بە ڕوخساری جوانت دڵ و مێشکی ڕێبوارێک وەحەسێنە. سینە و بەرۆکی بە تەواوی جێی خۆی کردبۆوە، وادیاربوو باشتر هەناسەی دەردەدا، هەربۆیە سەی‌میران، شەوانە

وەکوو دایکێک ئەوەندە پڕ بە دڵ و بە موحیبەتەوە دەچووە ژوورسەری کە ئینسان دەکەوتە گومان و دوودڵییەوە، وەکئەوەی ئاگاداری لە نەخۆشێک بکا، بزانێ نووستووە یان بەخەبەرە، لە پشتسەری چراکەی ڕادەگرت، گوێی شل دەکرد بۆ ترپەی دڵ و هەناسەکێشانی. لەسەر سنگی جوانی ڕادەما، کە بەرز و نزم دەبۆوە، ئەگەر بە وشەیەک کۆتایی پێبێنین، لە بۆتەی ئەوینی دڵبەریدا توابۆوە، ئاخۆم دەکرا لەم ڕاستییەدا بە هەڵەدا چووبێ؟ هەروەک گەردوون دەنگی پەپوولەی کپ کردبوو، ئەویش زمانی چریکە و ئاوازی ئەم تەوارەی لە بنا بڕیبوو! هوما لەو سەردەمەدا بە جۆش و خرۆشێکی گەنجانەوە خولیای ژیان و چێژ و سەفای ئەوبوو، هەر بۆیە باشتر لە هەموو کاتو وەختێک چێژ و خۆشی دەبەخشی. ڕووهەڵمالاوی خۆی لەگەڵ قورس و سەنگینیدا گۆڕیبۆوە، بەڵام بەغیرەت و شانو شکۆوە، ڕەوتی زەمان، بە وێنەی بارانی بانەمەڕ باخچەی ژیانی پاراو کردبوو، هەتاوی ئەوین خونچەگوڵی ئاڵو واڵا کردبوو، ئیتر ئەو ژنەی شەش ساڵ لەوەپێش نەبوو کە لە ژوورێکی کۆڵانی سەنعەتیدا بوو، ئاورینگ و پڕیشکەی ئەوین بە نیشانەی بیرەوەری تەمەن، هەروەکوو گیانی ئەو دووکەڵی شەرمەزاری لەسەر هەستاندبوو. لە جاران قەڵەوتر و بەژن زرافتر بوو، لە کاتی ڕەوتڕۆیندا لەرەی ڕانی دەهات، ئەو هێشتا بەرەو بوغربوون و بەخۆداهاتن دەچوو، مێردەکەی هەرچەندە زۆری مابوو بیر لە مردن بکاتەوە، بەڵام لە بارودۆخێکدا بوو، دەبوایە بە خێرایی تەنانەت پێشئەوەی خانمە شۆخ و شەنگەکەی بگاتە تەمەن سیساڵە بێجگە لە حەز و ئارەزووی خۆڕایی چێشتێ شک نەبا، جوانی و هەوەس و لاوەتی و ویستی چاونەزێری هوما هەروەکوو بروسکە و با بە چۆکیدا دەهێنا و دەیکرد بە ئاو. ئاخۆم بۆ ئەوینێکی لەمچەشنە ئەم مەسەلەیە زۆر گرینگ نەبوو، کە ترس و دڵەڕاوکێی لەدوو نەبێ؟ چکەردەنی، لە قامووسی زەماندا گیربوون و ڕاوەستان، نەگونجاو بوو، بادانەوە عەیب نەبوو، وادیاربوو ڕازی ئەو جوێبوونەوەیە کە بە ڕەزامەندی مسۆگەر ببوو، هاتبووە سەر بیر و مێشکی سەیمیران، تاکوو بە ئاوی دووری ئاوری تاسە و حەز وەکووژێنێ. دەبوو بەر لە گوشاری ئابووری یان شتێکیتر لەسەر ئەو باسو مەسەلەیە گەڕان و بە دواداچوونی هەبوایە، لەوکاتەدا کە بەبێ پەردە لە سەراوپەردەی گوڵ ڕامابوو، لە نێوان لقو پۆپی دار و درەختاندا، تەنیا پێنج میتر نێوانیان هەبوو، لەگەڵ ئەم پەیکەرە زێوینە کەوا و کراسی لە تیشکی هەتاو بەبەر خۆیدا کردبوو چاوی نیگای بە مۆلەق ڕاوەستابوو، ئەگەر ژاراوی خەم و زریان هەناسە گەلای تەمەنی ڕاپێچەک نەدابایە، ئەوە نەدەبوو قەت بیری لە پیری و مردن کردبایەتەوە، هەستی بە لەخۆبایی بوون و

چێژی لاوەتی دەکرد، لەبەرئەوەی بەم گشتە هەوای نەفسانی و تاسەو ئارەزووی دەروونییەوە، کە ئەمەش سەرچاوەی لە چاوچنۆکی و تامەزرۆییڕایە، وازی لە هەمووشت هێنابا، نەیدەتوانی لەو بەرەکەتی یەزدانییە واز بێنێ، چاوی پڕ لە تاسە و حەزی نەیدەتوانی بۆ چرکەیەک نیگای خۆی لیٚوەربگێڕێ، وەک بێژی لە پشت هەڵماتێکی بلوورئاساوە بە بەژن و بالایدا دەڕوانی و جوانترین جل و بەرگی خەیاڵی دەبەر کردبوو، بۆئەوەی لەو ماوەیەدا پڕ بەدڵ توانیبووی نیگای چاوی لێوڕێژ بکا لە دیداری پەری پەیکەرێک وایدەزانی خەنیان کردووە، تۆمەز لە دڵی چەقیبوو ژیانی لەمەودوا بە شێوەی ڕابردوو لەگەڵ ئەو گوڵپەرییە، ڕاوەستاو نابێ، لە دڵی خۆیدا هەستی بەوە دەکرد، لە دوای ئەو دڵبەرە ئیتر ژیانی بلّقی سەرئاوە و جێگای دۆزەخە و پێ بەسەر پشتی پشکۆ و پەنگردا دەنێ! ئیتر فتیلەی عومری نەوتی لێبڕاوە و بە پتەیەک دەکووژێتەوە، ئەوسا وەک ڕۆژی ڕوون لێی مەعلووم بوو، هوما بە دوای ئەودا هەرکە تەلاقی وەرگرت، تەرکی دنیا ناکات و شەختەی خەم و خەفەت گوڵی ڕۆح و ڕوخساری ناژاکێنێ و تەنانەت لەگەڵ مێرێکیتر تێکەڵ دەبێ و بە دە بست لەو جوان و جحێڵتر، لەسەرڕا ژیانێکی تەڕو تازە دەستپێدەکاتەوە، ئەم لەشولارە ئارەزوو بزوێنەی ئەو، ئەو پەیکەرە گۆشتینە دەبوو مۆدێل و نموونە بێ بۆ شێوەکارانی سەدەی هەژدەی ئورووپا، بە تەنیا جەوهەری دلۆڤانی و ژیری بوو، ئەگەر پیاوێکی دزێو و سەربزێو، بیگرێتە ئامێز ئەوا بۆی دەبێتە حەزیای ژەهراوی!

هوما لە ئاوەکەدا خۆی شۆرد، ئەگەر ئەو پیرێژنە لە نزیک هوما خەریکی چنینی گەلامێو نەبوایە سەیمیران بۆ بە دزییەوە سەیری ئەو لەشناسک و پەریروخسارەی دەکرد. ژیری و جوانی وەختێک تینوویەتی دڵ دەشکێنێ کە هۆش و بیری ئاشق لەلای ماشووقەکەی بێ، دەم لە نێو دەم و دەست لەبان مەم بێ و هەست و سۆزی پیرانە پشووی لاوەتی بێتەوەبەر، جگە لەم تینو تاوی بەهاری ئەشق و دڵبەرییە، ئەو دەستووری دابوو هوما نەچێتە نێو ئاوەکەوە، نەیدەویست بە بەرچاوی میمکە بێبێیەوە قسەکەی بە زەویدا بدرێ و قسەی بشکێنێ، نە دەیتوانی هەنگاو بنێ و بچێتە پێش، نە ئەوەبوو دەستی لە دڵی ببێتەوە و بێتە دواوە، خۆ ئەگەر لەبەر پێی خورێنەکەدا بوایە، ئاوا کە ڕاوەستابوو، لەو ڕووباری شیری کەوسەرە وا بۆنی بەهەشتی لێدەهات و گەرمی لەشی دڵدارەکەی پێوە بوو، هەروەک پیاوچاکان لە ئاوی خەزێنە فڕ دەکەن، لاوێچ لاوێچ دەیخواردەوە بۆئەوەی لە خێرو بەرەکەتی بێبەش نەبێ، بۆ دڵخۆشی و جموجۆڵی جەستە و ڕۆح، بە خەیالاتی دەروونییەوە، بەژنی چەند لق گوڵی هەڵپساند. پەلک و پەڕی هەڵوەراند و دای بەدەم

ئاوەکەدا، وەختێ دەچووە سەری چەند گوڵێکی‌تر هەڵقەنێ و دەئاوی هاوێ، لەپڕ لاقی خزی و ئەم کپی و بێدەنگییەی تێکدا و لێڵایی ئەدگاری ئاوەکەی شێواند. هوما خەریکبوو تەواو دەبوو، بە جامە مسەکە چوار پێنج تاسی ئاو کرد بە شان‌وملی ناسکتر لە گوڵیدا بۆ چەند چرکەیەک بە دوودڵییەوە سەری بەرز کردەوە و بۆ دووری ڕوانی، گوێی لە چەند فیکەی سووک و نیوە نیوە بوو، بە سەرسووڕمانەوە خۆی گەیاندە جلەکانی بەسەر لقی دارەکەوە، لەو شوێنەی ئاوەکە بای دەدایەوە چاوی بە مێردەکەی کەوت، هەر لەو کاتەدا کە خاولییەکەی دابوو بە سینگ و بەرۆک و ڕانیدا بە دڵەکوتەوە دەستی لەسەر سینگی‌دانا نێوچاوانی تێکنا و سەری لێ‌هەڵتەکاند ڕەنگی سوور و ئەرخەوانی، سپی هەڵگەڕا، لە گوێن پەری زەردیایی خۆی کرد بە ژێر شۆڕەبییەکەدا، ئەگەر ئەو پیاوە، نە وەک ئەوە حەڵاڵ و هاوسەری خۆی، ئەگەر لە شێوەی بەور و پڵینگ لەو سروشتەدا ئاوا مامزێکی لە بەردەمدا بوایە ئاخۆم چشتێ ڕووی دەدا؟ شتێکی‌وا لەو باخەدا دوور لە ڕاستی نەبوو شەختەی ترس بە چەشنێک جەستەی گەزیبوو دڵی وەک چۆلەکەی سەربڕاو هەڵدەبەزی، بەڵام زۆر زوو، لەوە دڵنیابۆوە مێردەکەی هاتووە بە شوێنیدا، دوور نییە لەکەیەوە کێشکی دێرابێ و ئاگای لێی‌بووبێ، تاکوو بە ئاسوودەیی خۆی بشۆرێ، بە زەردەیەکی بێشەرمانەوە کە تەواو ڕووت بوون و تاسەی چێژ و هەوەسی پێوە دیاربوو، ئاماژەی پێدەکرد نەچێتە پێشێ و لەوێ دوور بکەوێتەوە، هەرچەندە پیرێژن لەوان نەدیو بوو، بەڵام هەرئان لەوانەبوو بگەڕێتەوە بۆلای هوما، سەی‌میران، وەکئەوەی بڵێی کەوشەنی بەزاندووە و خۆی کردووە بە حەمامی ژناندا، پەشیمانی بە سیمایەوە دیاربوو، ئەو شەکرەسێوەیی بە دەستییەوە بوو بە نیشانەی کوڵمی دڵبەر ڕای‌مووسی و بۆی هاویشت، هوما کە هۆشی لەکن میران و لە ناخەوە ڕاوی دڵی دڵداری دەکرد، زۆری خۆ بۆ گرتنەوە ماندوو نەکرد، سێوەکە کەوتە سەرعەرزی، خلۆر بۆوە و ئاوەکە ڕفاندی، وەختێ ئەم دیمەنەی دیت پێی‌خۆش بوو نەیگرتەوە، بەوە دڵخۆش بوو نێوچاوانی لە مێردەکەی تێکناوە، بەڵام نا ئەگەر حەز دەکەی خۆتت خۆش‌بوێ، ئەوا هەمووکەست خۆش‌بوێ. ئەم دانیشتن و سەرپێکەوەنانەی ئاسکە و سەی‌میران لە پێش‌نیوەڕۆدا، بێگومان کای کۆن بەباکردن و باسی هێنانەگۆڕێی ڕابردوو بوو، هەربۆیە بە تەواوی دڵی ئەوی کرمێ کردبوو، بەتایبەت ئەو دیمەنەی لە کۆتاییدا سەرنجی ڕاکێشابوو، کە بە بیانووی قاوکردنی منداڵەکان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بۆ ماوەیەک لێیان دوور کەوتەوە و لە پشت دارو پۆلە شیلانەکانەوە خۆی لێگرتبوون. نەیدەتوانی چاوی بەخیلی بنووقێنێ و ئەوەی دەیبینێ بە لایەوە گرینگ نەبێ، ئەرێ هەرچۆنێک‌بێ بۆئەوە نەدەبوو، چاو لە سەی‌میران

خافڵ بکا، ئەم پیاوە شاڵسەوزە لەو نێوانەدا وەک گۆشتی لێهاتبوو، تاکوو لێی دوور دەکەوتنەوە پشیلە دەیڕفاند. هەر ئەووەختەی ئاسکە خەریکی نان‌دانان بوو، وەکئەوەی زەرگەتە پێوەی‌بدا، لەپڕ گەڕایەوە و بە هەستێکی ژنانەوە دەستی بە شان‌وملی‌دا هێنا و ماچی کرد. بە داخەوە هەروەک بە تەسەلی ئەوانی دەبینی، گوێی لە ورتە و چپە و سرتەیان نەدەبوو تاکوو بزانێ لە چی ئەدوێن و باسی چی‌دەکەن. چنەخشە و پلانێکیان لە ژێر سەردایە! ئیتر هەرچۆنێک بیری لێدەکردەوە نەیدەتوانی هەروا بە ساکاری خۆی لێ‌ببوێرێ، هوما ئەوەندەی بیری دەکردەوە نەیدەزانی سەی‌میران بۆچی ئێشتیای ئەم باخەی کردووە و بە چ مەبەستێک گەیوەتە ئێرە! ئەوکاتەی ئاسکە ئاوا بە پرتاو گەڕاوە بۆلای میران و دەستی بە شان‌وملیدا هێنا، دەبێ تکاو ڕجایەکی لێکردبێ، لێی‌پاڕابێتەوە ئیتر بەسیەتی واز بێنێ لە بێ‌وەفایی و بگەڕێتەوە سەر دۆخەکەی جاران. هەر نەبێ تەک بدا بە تەکی منداڵەکانییەوە و واز لەو ژنە بێنێ، هەرنەبێ ئەو منداڵە سیس و لاوازەی خۆی لە بیربێ، مەهدی، بەڵێ، ئەها، ئەوڕۆ زانی بابی دڵگەرمی و مێهرەبانی نیشان‌داوە چۆن خۆی خستە ئامێزی و دەستەکانی لە ئەستۆی هەڵپێکا؟ ئاخۆم واهەبوو، گفت و بەڵێنێکی تازەی بە سەی‌میران دابێ؟ لەوەدەچوو لەمەودوا ڕووی خۆش لەگەڵ ئاسکە نیشان بدات و لەگەڵ ئەم جێگر و نان‌خۆرە سارد و سڕی بنوێنێ؟ هەر ئەو بێدەنگی و خەیاڵبردنەوەیە، کە لە ماوەی نان‌خواردن و پاڵکەوتنی‌دا، ئەم هەموو باوێشک و بێتاقەتییە لەخۆڕا نەبوو، ئاوا لە پاش نەهارخواردن، دەسماڵی‌دا بەسەر چاویدا و لەوسەری قاڵییەکەوە تخێڵ بوو. تەواوی ئەمانە یەک بەدوای یەکدا دەکرێ وەڵام و نیشانەیەکبێ بۆ ئەو باس‌و خواسانە. دوای ئەوەی میمکە و ئاسکە چووبوونە سەرئاوەکە و خەریکی شووشتنی حاجەتەکان بوون، بە نیازی خەو لە چاوی مێردەکەی بزڕێنێ، چەندجار پێی بە قاچ و قولیدا نا، بەڵام سەی‌میران، کڕوکپ وستەی لێوەنەهاتبوو. هەر ئەمەش ببووە هۆی تووڕەیی و پێش‌خواردنەوەی، هوما زۆر چاک دەیزانی مێردەکەی لە دڵەوە خۆشی‌دەوێ. هەروەک (کاردیووگراف) بە میزانی ترپە و لێدانی دڵی ئەوی هەڵدەسەنگاند و ئەندازەی دەگرت، گۆیا لەجاتی خوێن ئاگر لە ڕەگەکانیدا دەهات و دەچوو، ئەو بە سەر پیر و بە دڵ هێشتا جوان و جحێڵ بوو، جووڵە و هەڵکزانی دڵدارانەی ئەو پیاوە، بە تەواوی ئاکاری سەیر و سەمەرەیە و شیرین و لەبەردڵان بوو، ئەو لە سەدەفی سینگی سەی‌میراندا بە هۆی ئەوینی خۆیەوە مراوارییەکی دەبینی، هەتا زەمان تێدەپەڕی ئەو گەورەتر و بەقیمەت‌تر دەبوو. گەوهەرێک کە لە ماوەی چوارساڵ پێکەوەبوون لەگەڵ حاجی‌بەننا لە جگێک هیچی‌تر نەبوو، هەروەک کەس نییە شتی باشی لەلا بەنرخ

نەبێ ئەویش شانازی بەم گەنجەوە دەکرد و ناحەقیشی نەبوو لەخۆبایی نەبێ. ئێستا بۆی ڕوون ببۆوە کەوا ئینسانەکان وەک پەنجەی دەستەوان هیچیان لە هیچیان ناچن. حاجی‌بەننا، ئەم پیرەگەماڵە:، ئەگەرچی پابەندی هیچ یاسا و قانوونێک نەبوو، بەڵام تەواوی کۆت‌و بەندو پاوانەکانی لە ژیاندا بۆ ژن و منداڵی بەکار دەهێنا و حەزی پێدەکرد. ئەرەستوو کوێلە و غولامانی وەک کەرەسته و کەل‌وپەل و یان زیندەوارێک دەزانی، تەنیا نەدەبوو بە حوکمی ڕەفتاری ئازار ببینن. حاجی بەنناش گەرەکی‌بوو ژن بچووکترین نیشانەی لە هێز و بڕیار نەبێ و سەرکوت بکرێ، بەڵام سەی‌میران سەراوی، ئایا دەکرا لە گەورەیی و بەرچاورووونی ئەو پیاوە و بەوەجی و ماندوونەناسی ئەو لە هەمبەر ئەوینی خۆی‌دا بچووکترین گومان و دوودڵی بێتە ئاراوە؟ بە تەواوی جوانی و کەرامەتی ژیرانەوە، وەختێ مێرانە بە کۆڵانەکەدا ڕادەبرد، وەک‌ئەوە وابوو ئیسرافیل فوویی کردبێ بە نەفخی سووردا، ئیتر لەوەنەدەچوو پاش ئەو جارێکی‌دی ئەم مەزنایەتی و بەختەوەرییە بۆخۆی دەستەبەر بکاتن. لەمەڕ ئەم بابەتەوە فرە لەسەر مێشکی خۆی موتاڵای کردبوو. ئەو بەبێ ئەوەی سەی‌میران لە تەمەندا بە هاوشانی خۆی بزانێ خۆشی‌دەویست، بەڵام بە ئەندازەی سەی‌میران، خۆشەویستی ئەو لە ڕاستیدا ئیلهام وەرگرتنێک بوو لە سەی‌میرانی مێردی، هەورێک بوو لە زەریای دڵی میرانەوە بەرز دەبۆوە و بارانی دەڕژاند. دەشت‌و دەرو بەرزو نزمی ئەم پیاوەی دەکردە جارەگوڵ و سەوزەڵانی و سەرلەنوێ بەرەو دەریا شۆڕ دەبۆوە، میرانیش ئالێرەدا لە چەشنی هەتاو گەرامایی دەبەخشی و گەورەیی دەنواند. لە ڕاستیدا ئەو ژنە وەها خۆی لە سەی‌میران نزیک کردبۆوە وەک هەست و سۆزی نێوان دایک و فرزەند، دانی بەوەدا دەنا، بەشی کەسێکی دیکەی بۆخۆی پچڕیوە و بووە بە خاوەنی، لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا کە بۆ سەی‌میران هەروەک شەش کاتژمێر وابوو، چرکەساتی‌واش هەبووە فکر لە ئاکار و ڕەفتاری ناشیرینی خۆی کردبێتەوە، لە زۆر کات‌وساتدا، ئەودەمانەی ئاسکە لە ژێر پێڵەقەی زەماندا ئەسرینی هەڵدەوەراند. بەرداشی عەزابی ویژدان دەیهاڕی و بە ئاگای دەهێنایەوە، ئیتر میران هەر ئەم نەبینێ و دڵداری ئاسکەش بداتەوە، شەوێکیش لەلای ئەم ژنەی بخەوێ، داوای لێخۆش‌بوون بکات و ئەگەر ئەو ڕازی بوو ئەوا هەروەکوو جاران نۆرەیان بۆ دابنێ، خەیاڵ و بێ‌ئارامی وەک قەنگەلاشک دەیهێناو دەیبرد، هەرچی دەیرست لێی‌دەبۆوە بە خوری، لە نێو ئەم گێژاوەدا هەرئەوەندە تەواو بوو غیرەت بنوێنێ و فکر و خەیاڵی سەی‌میران وەخوێنێ، پەردەش لەسەر ڕازی دەروونی خۆی لابەرێ، شەوێک دوای‌ئەوەی کەل‌وپەلە قاچاخەکەیان لە ماڵ بردەدەرێ، هەردوو هەوێکە ئاشت ببوونەوە و نێوانیان

زۆر خۆش بوو، بەڵام پێشئەوەی سەی‌میران، بکەوێتە بیری ئەو مەسەلەیە و تاووتوێی بکا، ئەو لەم پێشنیارەی خۆی پەژیوان ببۆوە، بە گەرموگوڕی و حەز و تاسەوە باوەشی بە میرندا کردبوو لە دوای ماچکردن و بەخۆوە کوشینێکی زۆر لەوپەڕی سادەیی و ساکاریدا وتبووی:

ـ ئۆی، نا، نا، نەچی خۆشەویستی من لە دڵ بتارێنی، بەخوا ئیزنی ئەوەت نادەمێ بۆ ساتێک لە من دوور بی.

ئیتر بۆ شەوێدا بێئەوەی چاوی لێبتروکێنێ بە دڵنیاییەوە پێی‌وتبوو:

ـ ئەوانەی دوێنێ‌شەو باسمان کردن، لە بیری خۆتی بەرەوە، ویستم تۆ تاقی بکەمەوە. لە کاری عەشق و دڵداریدا، ئەو هەروەکوو فەرماندەیەکی بەبڕشت و باوەڕبەخۆ، ئەوەندە ڕەزیل و بەرچاوتەنگ بوو، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو، تەنیا بستێک لە گۆڕەپانی حەز و دڵبەری بۆ نەیاری چۆڵ بکاو ئەویش نەیار هیچوەختێ بەیار نابێ، بە چۆکداهاتن و ڕەزامەندی دەبووە هۆی لەناوچاوونی خۆی، ئەگەر خۆشەویستی مێردەکەی درۆو دەلەسە و دەمامک بوو، ئاواها دەستوورێک نەک هەر سادە و ساکار تەنانەت شیاوی حورمەت و هەمییەت نەبوو، سەی‌میرانیش وەختێ دەیزانی شۆڕەژنی قژکاڵی چاوی تەماحی لە شەش‌خانی ئومێدی بڕیوە، نەیدەتوانی مەغروور و لەخۆبایی نەبێ سەرمەستی و مێرایەتی خۆی نەنوێنێ، لەبەرئەوەی کردگاری ئەزەل، لە زەینی ئەودا، نیگاری ئەو پەری‌شێوەیەی ئەوەندە خەیاڵاوی کێشابۆوە، کە بە پەسن و تاریفات تەواو نابێ. سەرەڕای جوانی و جحێڵی سی‌ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەبوو، هەربۆیە دایمە هەوڵی دەدا زێدە لە زۆر خۆی شیرین بکا، لە پێش‌چاوی ئەم ڕەفتار و ئەتوارە، ئەوی تووشی ترس و دوودڵی کردبوو، لەم ئاخری پیرییەدا خۆشی‌نەوێ و بێزاری خۆی نیشان بدات، هوما لەو ماوەیەدا منداڵەکانی خۆی، ئەوانەی لە مێردەکەی پێشووی بوون لە بیری خۆی بردبۆوە، ئەو ڕۆژەی سەی‌میران، وێنەی جگەرگۆشەکانی لە دەست سەند و لە مجرییەکەی خۆیدا خستییە پاڵ سەنەدەکان و لەبەر چاوی لای‌بردن، نەک هەر لە دژی هەڵنەستا، بەڵکوو لە ناخەوە بەمکارەی میران کە نیشانەی خۆشەویستی و ئیرەیی بوو کەیفی سازبوو، زۆر ساویلکانە بە دەمیەوە پێکەنی، ژنێکی دەستو پەنجە نەخشین و زۆر بە ماڵدرای نەبوو، ئەو شەمدانییەی بە گوڵدانەوە لەسەر مێزەکە بوون، هەموو ڕۆژێ ئاوی لە بن دەکردن و کاتژمێرەک لەبەر تاو دایدەنان، هەروەکوو منداڵێک پێیان‌ڕادەگەیشت، دەیگوت گوڵی شەمدانی زۆر خۆش‌دەوێ، تۆ بڵێی بەڕاستی بووبێ؟ ئاخۆم ناچاری و بێئامانجی نەبوو، لە ژیانیدا وای‌لێکردبوو، لەگەڵ پیرەپیاوێک پێڕابکێشێ؟ ئەگەر

وانەبوایە، بۆچی ئەوەندە سەری بۆیدادەنەواند و نازی دەكێشا؟ بۆچی لەو باخەدا دیاری ئەوینی ئەو کە پاکترین نیشانەی موحیبەت و دلۆڤانی بوو ئاوا ساردوسڕ دای بەدەم ئاودا؟ ئەو بیٚوەفاییە ئاخۆم نیشانەیەکی لە جوانی پێوەبوو؟ بۆ مەگەر باوکی بەشەر سێوەکەی حەوای فڕێدا و نەیخوارد، یان ئەوەی لەسەر ئەمرو فەرمانی یەزدان، وەریگرت و لەسەر چاوی دانا؟ ئاخۆم وەختیٚ مەهدی بە باوەشییەوە بینی، دڵی لێیڕەنجا؟ کەوابیٚ ئەو بەبۆنەی وەلانانی ئەو منداڵە نازدارانەوە بوو ئەو خۆشەویستییە کاڵەی بۆ خۆی بەدەست هێنابوو.

بەدەم ئەم فکر و خەیاڵاتەوە، سەیمیران هەروەک منداڵێک کرداری باشی کەوتبێتە بەرترس و توانجی گەورەکەی خۆی، دڵی لە دڵبەرەکەی سارد بۆوە، باڵزاک نووسەری ناوداری فەڕانسەوی، ئەم وتەیەی چەندە شیرینە: لە ئەشق و دڵداریدا، هەرشتەی مانای خۆی هەیە، هەرشتێک نیشانەی چارەرەشی یان خەبەری بەختەوەری پێیە. وەختیٚ سەیمیران بەبیٚ لاکردنەوەیەکی ڕواڵەتی دەستووری گەڕانەوە و بەرەوماڵ بوونەوەیدا، گوێی لە دەنگی هوما بوو، بانگی دەکرد بچیٚ بۆلای دڵبەرەکەی سێوە سوورەی لە ئاوەکەدا گرتبۆوە و شوێنی ماچەکەی گەزی و بە برینداری هەڵیدا بۆ سەیمیران، لەپاش شەش ساڵ سەیمیران ئەوە یەکەمجار بوو خۆشی نەویستبوو، لەوکاتەدا خەریکی گوڵەبزوێن بوو، لە دڵی خۆیدا وتی:

- ئەمە شەش ساڵە کاسو وڕم، ئەوا دامنا شەش ڕۆژی دیکەشی هاتەسەر، دەک ئەم دڵەم مارەنگاز بیٚ، وەک مارەنگازی کردم. چیبکەم دڵە و هیچی لەگەڵ ناکریٚ، شەش ساڵە دەروونم پڕە لە ژار و ژەنگ، ئەگەر ئەم جیهانە هەوێنی دەردو خەم نەبوایە بۆ مرۆڤی ژیر وەرهەمی هەڵنەدەهێنا، کەمیٚ چاوی خۆت خورد بکەوە، بەسیەتی لە خەو هەستە، ئەو ژنە، لای تۆ کەوی ملبەخاڵە، بەڵام ئەقڵی نزمە کرچو کاڵە، هێشتا ماویەتی فریوم بدەی، ئیتر بە چییەوە تۆم خۆشبویٚ، من بە چی چاوی تۆ ببەستم؟ ئەوەی ماوەمە خانوویەکی ڕەقو ڕوقە، ئەگەر ئەوەشم لە دەست ببێتەوە، منداڵەکانم لە کووچەو کۆڵان هەڵبڕێژم، پێتچۆنە؟ تۆ پێتوایە ئەم گشتە گزی و درۆو دەهۆیە، هەتاکەی درێژەی دەبیٚ؟ بڵێی تۆش وەک منداڵەکانی خۆم بە بوون و نەبوونی ڕازی بی؟ بە دڵ دەزانم وانییە، تازە تێدەگەم شەرت و پەیمانی من و تۆ لێرەدا کۆتایی دێت، ئاواتم ئەوەیە ئەم قومەی ئاخر، تا ئەوجێیەی بۆم جێبەجیٚ دەبیٚ دڵۆپە دڵۆپە بخۆمەوە، بەڵام هێز و دەسەڵاتم بەسەر هیچدا نەماوە، نازدارەکەم قامبێژی ڕۆژگار ئاوازی جودایی من و تۆ دەچڕیٚ.

لە ژێر کارتێکەری ئەم دەڤەرەکە خەم و پەژارە چەپۆکی بەسەردا دابوو، بەم دەمەوئێوارەیە خاووخێزانی سەیمیرانی بەرەوماڵ ڕەوانە دەکردەوە، لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا خێزانە چکۆلەی خانەخوێ تاقەت و حەوسەلەی نەمابوو، هەربۆیە زۆر زوو بارگەو بنەیان تێکنا، ئەوەندە بەپەلە بوون تەنانەت لە ڕێگادا وچانێکیان نەگرت و پشوویەکیان نەدا، لە کافە تریا و قاوەخانەیەک لایان‌نەدا ساردەمەنییەک بخۆنەوە. وەختێ گەیشتنەوە بەردەرگای ماڵێ، تیشکی زەردەپەڕ بەسەر گوێسوانەی ماڵەکانەوە مابوو. هوما، وەختێ بەبێ هەوێ و منداڵەکان دوو بەدوو لە ژووری دانیشتن، وەک گوڵی ئاوپرژێن‌کراو گەشایەوە، بسک و پەرچەمی پەخش و پەرێشان کرد و جلوبەرگی گۆڕی، بۆئەوەی میران بۆ شەوێ لەلای خۆی ڕابگرێ خۆی بە کار و خواردن سازکردنەوە خەریک‌کرد.

سەیمیران پاڵیدابوو بە تای یەکێ لە پەنجەرەکانەوە و لە دەرەوە ڕامابوو، وەک بێژی بەم بانگیشێوانە، بیری لەوە دەکردەوە تاریکی و دڵتەنگی جێی بە ڕووناکی لێژ کردووە بۆیە ڕەشی لە توێڵی شار هەڵسوو، ئاخۆم ئەوە یەکێ لەو غەزەلانە بوو کەوا گەردوون بە بالای سروشتی بڕیبوو لە کێش و سەروایەکدا، بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ مانەوەی خۆیدا کۆن نەدەبوو؟ تۆ بڵێی ئێستاکە سەیمیران گەلاڵەی جوێبوونەوەی لەگەڵ هومادا لەسەر مێشک بوو، نەختۆکەیەک لێی بێزار بووبێ و یان دڵی لێی‌ڕەنجابێ؟ وەلامی ئەم پرسیارەی بە ئەم هێزو ورەیە دایەوە کە، هەر لەوکاتەدا بەبێ ئەوەی میران ئاگای لە خۆی بێ بەرەو ژووری ژوورەکە هەڵکشا بۆلای خانمە نازدارەکەی وەک‌ئەوەی بۆنی باخ و هەوای سازگاری چەم‌و ڕووباران هانی‌دابوو دەست‌بکا بە کاری باغەوانی، گڵو خۆڵی باخەکەی کردبووە دەسماڵێکەوە و دابووی بە میمکە بی‌بی، لە گوندی سەرابەوە بۆیهەڵبگرێ، لەسەر مێزەکە کردییە گوڵدانێکی بەتاڵەوە، گوێزان و مقەستی هەڵگرت و چووە دەستەی گوڵەشەمدانییەکە، چەند لقێکی هەڵبڕی و لە خاکی تازەدا چەقاندی، سەیمیران شان بەشانی ڕاوەستا بێ‌ئەوەی قسەیەک بکا، کڕوکپ تێی‌ڕامابوو، ئانیشکی لەسەر مێزەکە دادا، پۆشینێکی سەوز مێزەکەی وەشاردبوو، دەفرێکی بلوور لەسەر مێزەکە بوو، دوو ماسی ڕەنگینی وردیلەی تێدا دەهاتن و دەچوون، یەکێ نێر و یەکی مێ، یەکیان سوورێکی تۆخ و بەڵەک، ئەوی‌تر زەردێکی بریقەدار، بە خەت‌و خاڵی زێوینەوە، لەوکاتەدا سەیمیران پاک تێیان ڕامابوو، ئەوانیش بەبێ جووڵە، زەرد لە سەرەوە و سوور لە خوارێ ڕاوەستابوون. وەک‌ئەوەی خەویان لێ‌کەوتبێ، ڕەنگو ڕووی هەردووکیان لە قژە کاڵەکەی هوماخانم دەچوو. چڵەتیشکێکی زێڕین کە پاشماوەی

زەردەپەڕ بوو لە شووشەی یەکێ لە پەنجەرەکانەوە هاتبووە ژوورێ و لەگەڵ دەفرە بلوورینەکەدا لە گەرمە ژوان‌دا بوون، ئەویش هەرئان لە خۆرنشیندا تەواو دەبوو. سەی‌میران لە بنەوە سەیری هومای دەکرد، هوما خانمانە بە شل‌و ملی سەرقاڵی کاری خۆی بوو. قەسرییەکی ئاودامێنی دەبەردا بوو، دەتگوت کۆتەڵی زێوکفتە، ئەمەش دیاری حوسێن‌خان بوو وەختێ خۆی پێشکەشی کردبوو، سەی‌میران بە خەیاڵاتێکی دەروونییەوە دەستی لەبەر ئەو تیشکە ڕاگرت کەوا خۆی کردبوو بەو زیندانە بلوورینەدا، بەمەش دانەکەوت، نەختێک گڵ و خۆڵی گوڵدانەکەی هەڵگرت تۆزە تۆزە کردییە نێو ئاوەکەوە، ئاوەکە لێڵ بوو، ماسییە چکۆلەکەکان بە پڕتاو دەهاتن و دەچوون، هوما نەیدەزانی سەی‌میران مەبەستی لەوکارە چییە، لەو باخداری و قەڵەمەلێدانەی دەستی‌پێ‌کردبوو ڕازی و خۆشحاڵ بوو. وەک کابانێکی دەستڕەنگین کە تازە لە کار بووبێتەوە گوتی:

ـ بۆ خەریکی ئەم ناسک و نازدارانەی من زەحمەت ئەدەی، هەروەختێ ئاوەکە ڕووناک بۆوە ئەم دوانە دەچنەوە لای یەکدی و پاڵ بە یەکەوە ئەدەن. ناچارن هەردەبێ وابن، شەو و ڕۆژ لە یەکتر دوور ناکەونەوە.

سەری بەرز کردەوە و لە ڕوخساری مێردەکەی ڕاما، چەند دلۆپ ئەسرین لە چاوی سەی‌میراندا قەتیس مابوو.

## بەشی پازدەهەم

ڕۆژی دوایی کە لە باخی گەڕابوونەوە، دەمەوعەسر بوو، سەی‌میران لە دووکانەوە بەرەوماڵ دەگەڕایەوە، تینی خۆرەتاو هێشتا هێز و وزەی خۆی مابوو، سێبەری دارو درەخت لە بەرامبەریدا بەزیبوون، کۆڵان ماڵەکان خەریکی ئاوپڕژێن و پاکردنەوەی شەقام و کووچە و کۆڵان بوون. هەڵم و بوغێکی ناخۆش ڕووبەرووی بۆوە، جارێ مابووی بگاتە کۆڵانە بەرینەکەی تەنیشت کووچەی عەلی‌خانی لوڕ، چەند دووکانێکی وردەفرۆش کەل‌وپەلی ماڵ بە دەوری یەکەوە بوون. ژنێکی بەژن زراف نێوقەد باریک، خانم و خەرامان بە کراسێکی گوڵداری بێ‌قۆڵەوە، چەترێکی هاوینی و جانتایەک بە دەستەوە، بەرەو ڕووی دەهات. پۆشتەو پەرداخ هەروەک بووکی یەکشەوە بە شل‌وملی هەنگاوی دەنا لە چەشنی تاووسی مەست، جل‌وبەرگ و ئاڕایشت و خۆ جوان‌کردنی لەڕادەبەدەر لەوەیکە هەبوو، ڕازاوەتری کردبوو، بەجۆرێک کە باوەڵی بۆ چەند دەقیقە نەیناسییەوە کە ئەو خانمە نیوەرووتە بەم داب‌و مۆدەی فەرەنگییەوە دڵبەرەکەی ماڵی خۆیەتی، واتە هومای شۆخ‌وشەنگ، وەختێ بەم بەرگ و باق‌و بریقەوە ناسییەوە، کە بۆنی عەتر و گوڵاوی ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیی ئەوەندە پێی‌تێک‌چوو، کە لە دڵی گران هات لەگەڵی ڕابوەستێ و بیدوێنێ، یان لێی‌بپرسێ بەم جل‌وبەرگ و سەرو سیمایەوە بۆکوێ ئۆغر بێ، لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ ماڵێ، خاڵ‌و مل‌و گەردنی کەوئاسای ئەوەندە ئارەزووبزوێن بوو تەنانەت جوانی ڤینووسی لە بیر دەبردەوە، کەوش و قونەرەی پاژنەبڵندی پێست‌ماری بەو پاوپووزە شلکەوە دیمەنێکی دڵبەرانەی پێ‌بەخشیبوو، لەوەنەدەچوو گۆرەوی لە پێدابێ، خۆ ئەگەر لە پێشیدا بووبێ هەروەک ڕووت‌بێ وابوو، گوڵی ئەو باخەوانە ئەو ڕۆژە بەم گشتە جوانی و بەرامەوە گوڵاوی لە بەرۆکی شەقام دەپژاند. پیرەمێردێکی ڕیشنەی چەماوەی سەهۆڵفرۆش لەسەری کۆڵانەکە لە دووکانۆکەی خۆیەوە، هەر ئەوەندەی شای جوانانی دیت، دڵی لە خۆی بۆوە و نەیزانی سەی‌میران لەبەر دەمییەتی، پۆلووی حەزی ژێر

خۆڵەمێشی تەمەنی گەشایەوە و چەند هەنگاو کەوتە شوێنی، وەکوو پیری مەیخانە سەرو شانی هەڵتەکاند. بە دەنگێکی نیوەبەرزەوە بۆئەوەی جیران دوکانەکان گوێیان تێوەبێ گوتی:

ـ باڵانەونەمام بۆکوێ ئۆغر بێ

هەرلایە دەچی ئوغرت خێربێ؟!

وەختێ گەڕایەوە بە زمانێکی پڕ لە بۆڵە و ناکامییەوە بەبێ شەرمی وناڵینەوە گوتی:

ـ وەرە سەیری جام و بلوورمکە!

دیاربوو مەبەستی ئەو پیرە خەرەفاوە لە قۆڵ و باسکی ناسکەهوما بوو، کە بە عەینی گڵۆپی کارەبا، بە بەرچاوی هەمواندا ئەدرەوشایەوە، ئەو بێشەرمی و حەیا تکاوییە، هەر وەکوو تەنافی دزان ئەستۆی کێشکچی جەڕەبابە دەدا، ئەوکی ڕێککوشی، سەرسووڕمان و واقوڕمان ڕەنگی ڕەش داگێرا، حەزی دەکرد هەر لەم حاستە زەوی زار داپچڕێ و لە ئانێکدا قوتی بدات، کاتێک بەوێدا تێپەڕی، هەستیکرد شاگرد و بەردەستی قەسابەکە، سەهۆڵفرۆشی حەنەکبازی بە ئیما و ئیشارە ئاگادار کردەوە. سەیمیران لە هەڵچوون و تووڕەییدا بەرچاوی خۆی نەدەبینی، بەداخەوە پێشتر خەبەری لە هیچ نەبوو، ئێستا دەیتوانی هەست بە زۆر شت بکا. خانمە تەڕپۆشەکەی ئەوەندەی بەم کۆڵان و گەڕەکەدا تێدەپەڕی، دەبووە گەپجاڕ و گاڵتەجاڕی ئاواها کەسانێک، ئیتر لێرەدا هەمووشتێکی بۆ ڕوون بۆوە، ژنێک کە بەتەمای شار و بازاڕ، بە بەردەمی ئەم دووکاندارانەدا دەهاتوو دەچوو هەر خۆی دەیزانی چ تیرو توانجێکیان حەواڵە دەکرد، ئەم خانمە شەش ساڵی عەلەنتەواو بە سەری ڕووت و بە چارشێوەوە ئێرە ڕێگای هەمیشەیی ئەو بوو، قەت نەبوو جارێک لێیان بگەڕێتەوە و چاوی ڕەشیان کاڵ بکاتەوە و لە دەمیان بسرەوێنێ، ئەو نەیدەزانی ئەوانە وەکوو مێش لە شیلەی ڕوخساری هاڵاون. وەختێ لە ماڵ دەهاتە دەرێ و لەنجەی دەکرد، وایندەزانی لەم دەڤەرەدا کەس سەری پێوەیە، وەکوو کەو بە نێو چیمەندا خەرامان تێدەپەڕی. هەر لەوکاتەشدا هەریەکەو لەبەرخۆیەوە بە پەیکانە تیری نیگای دەیئەنگاوت، ئەو توانیبووی حورمەتی ژنانەی خۆی بە مۆدەی ڕۆژ لە پێشچاوی چاک و خراپ بپارێزێ، بەڵام حەیف و مخابن! نەک ئاوا بێشەرمانە ئەو ژنە بە چەشنێک پەردەی شەرمی دادڕیبوو، نە حورمەتی خۆی بەلاوە بەقیمەت بوو نە، ئابڕووی مێردەکەی، سەیمیران تازە زانیبوویی بۆچی ئەو شەوە هوماخانم، مەسەلەی ئەم کراسە گوڵدارەی هێنابووەگۆڕێ ویستبووی دەراوی دەمی ئەو تاقی بکاتەوەو «خۆزگە ئەو ڕۆژە لەگەڵ خۆم بمبردبایە و لەو باخە چۆڵە بمکردبایەتە بەرم، ئەوا سێ

مانگەی هاوین بەسەرچوو، بە ئاواتەوە بووم ئەو کراسەی شەو نەبوو خەونی پێوە نەبینم جارێک بێکەمە بەرم. دەمەوێ قۆڵی درێژی لێبنێم.»

سەی‌میران، بە زۆرزانی خۆی بێدەنگی بەباش زانی و هیچی نەگوت و تریقی نەکردەوە، بۆچی بەبێ ئەوەی ئەو ڕازی‌بێ لەبەری کردووە و لە ماڵ هاتۆتە دەرێ، چما قەولی نەدابوو نەیکاتە بەری؟ ئیتر لەسەر ئەم بابەتە مشتومڕ بێ‌فایدە بوو، ناچار قسەکانیان گۆڕیبوو.

زۆری پێنەچوو هوما پەشیمان بۆوە و گەڕایەوە. لەوەدەچوو تێگەیبێ، سکڵی تووڕەیی سەی‌میران گەشابێتەوە، ئیتر وازی هێنابوو لە گەشتو گەڕانی شەقام و بازاڕ، یان ڕەنگە پێی‌خۆش‌بووبێ ئەم پیری خەراباتەی لەگەڵ خۆی هاوڕێ بکا، وەختێ خۆی کردەوە بە ژوورەکەیدا و چاوی لە چاوی میراندا قەتیس‌ما، سەرەڕای ئەم گشتە عزەت و نەفس‌بەرزییەی کە هەیبوو لەگەڵ ئەم قەڵافەتە ڕووبەڕوو بۆوە و سەلامی لە بیر چۆوە، سەی‌میران، گرێی نێوچاوانی تێکنا و ددانی خۆی کرۆشت، لەلای سەروویی ژوورەکە ئەوەندە بە هەیبەتەوە لەسەر یەخدانەکە دانیشتبوو، جێی لێ‌نەبێ، دەتگوت حەیدەری کەڕاڕە، لەسەر دیواری گۆڕخانان دانیشتووە، هەر ئەوەندەی خۆش بوو گوێی لە ترپەی پێی‌بوو بە کەوشی پاژنەبڵێندەوە تا گەیشتە بەردەرگای ژوورەکە. بورکانی دەروونی تەقی و دەمی کردەوە:

ـ مەگەر پێتم نەگوتبوو ئەم کراسە بڵحانەیە مەکە بەرت؟!

بە چاوێکی پڕ لە غەزەبەوە سەیری بەژن و باڵا و شان‌وملی و پاووپووزی ڕووتی کرد. هەر ئێستا لەوەدابوو کراسەکەی بەری بە گۆشت و پێستەوە لە بەری دابڕنێ، بە توێژە تفێکەوە لێو و چەنەی دەلەرزی و ڕەنگی ڕەش داگەڕابوو، هوما، ئارام و لەسەرەخۆ دڵ پڕ لە ترس، چەتر و جانتای لەسەر تاقەی بەردەرگاکە دانا، لە وەڵامدا گوتی:

ـ تۆ بەتەمای سی تمەنم داوە بە کراس فڕێی بدەم و نەیکەمە بەرم؟! جحەندەم سی تمەنی تێچووە خودای دەکرد ملت دەشکا!

هوما بە ترس و ناهومێدییەوە لەو دڵگەرمی و حورمەتەی لەلای ئەو هەیبوو، ڕووی کرد بەولاوە و گوتی:

ـ ئەیەڕۆ! شەیتان بە لەعنەت بکە پیاوەکە بۆ خوێن بەرچاوی گرتوویی؟!

سەی‌میران بە ددانەچیرە و نێوچاوانی پڕ لە ئاوری تووڕەیی، وەکئەوەی لەگەڵ نەیارێک بەرەورووبووبێ، پەلامارێکی بۆ برد، بە ئەسپایی سووکە زللەیەکی لەلا ڕوومەتی سرەواند:

ـ باوەحیزی بێشەرم، بۆ خەریکی ئابڕووی من دەبەی؟!

هوما کشادواوە، دەستی بە ڕوومەتییەوە گرت و دڵپڕ و چاو بە فرمێسک تێیڕاما، وادیابوو هێشتا نەیزانیبێ چقەوماوە، بڵێی میران بەڕاستی بووبێ؟ ئەمە یەکەمجار بوو بەم ڕوخسارەوە سەیمیرانی دەبینی، لەو دنیا ڕەنگینەی ئەو بە ئەشق و ئەوینی خۆی لە دڵی میراندا دایمەزراندبوو کەلەبەرێکی سەیر و نامۆی تێدا دەبینی، نەک هەر کەلەبەر و کەندەڵان، بگرە کاولاش و وێرانەیەک، کە تەواوی حەزەکانی لەوێدا زیندەبەچاڵ کرابوو، ئیتر هەموو خۆشی و هیوایەکی بوو بە نەفرەت و بێزاری، وەکئەوەی لەپڕ بیرۆکەیەک بە مێشکیدا تێبپەڕێ، بەبێ ترس و خۆف هەڵیکوتا سەر سندووقی جلەکانی، هەر لەو وەختەدا گوتی:

ـ بەڵێ هەروایە قەڵای ژیانت من ڕووخاندوومە، ئێستاش دەمەوێ بەدناوت بکەم، منێکی ساویلکە و نەفام شەش ساڵ تەواوی تەمەنی گەنجی و جوانیم بە تۆ بەخشی و خۆم کردە قوربانی. بۆ بە پانەوە ناڵێی: «تێرم خواردووە و هێقم هاتەوە، بێژن بە دایکی بێ بیباتەوە؟!» پیاوی خودا، وا خەیاڵ نەکەی زیرەک و زۆرزانی، شەرت ئەوەیە وەکوو خۆرەتاو چاک و خراپ لە تیشکی خۆت بێبەش نەکەی، ئەگەروایە پێویست ناکا دەست لەسەر من بەرز بکەیتەوە، من و تۆ لە دنیایەکی دۆستایەتیدا پەیمانی ئەشق و پێکەوەژیانمان هەڵچنی و سەدان گفت و بەڵێنمان بە یەکدیدا، تەنیا ئەوەنەبێ، کە ئێستا تۆ لە من بسرەوێنی، دوێنێ قەولت بە ئاسکەداوە کە من تەڵاق بدەیی و گەرمی و گوڕیەکەی جاران بۆ خاوخێزانت وەگێڕی، ئەو ڕووناکییەی لێتگرتبوونەوە پێیانبدەیتەوە، چەندەم بڕوا بە چاوی خۆمە، ئەوەندەش تۆ دەناسم، بۆ من مێشکی کەرم خواردووە تێنەگەم تۆ چیت لە بنسەردایە و بە هەردووکتان خەریکی چ شەن و کەوێکن. بەڵام دڵنیابە من لەمماڵەدا زۆر شت فێر بووم. پێشئەوەی تۆ بە زەلیلی وەدەرم بنێی و باوەش بۆ خانمە کۆنەکەت بکەیتەوە، ئەمن ڕۆیشتووم و ئاوڕیش نادەمەوە!

ـ لەم ماڵە دەڕۆیی، بە جارو جەهەندەم! هەر ئێستا هەستە دەرکەوە، بەرچاوم چۆڵ بکە، خودایدەکرد خێرا ملی خۆت دەشکاند! ژنێک ڕووت و قووت خۆی بە بەرچاوی خەڵکەوە بکاتە بیبی جان، هەر بۆئەوە باشە لە کووچە و کۆڵان ببێ بە تابلۆ بە بەرچاوی خەڵکی ئەم شارەوە، من سنگ شێری پشت ماکەر نیم گێلگێل سەرم بەربدەمەوە، ئەو شەرمەزارییە بە من قەبووڵ ناکرێ. ـ ئاخ هوما، ئەوە تۆ چۆن ئینسانێکی ئاوا لەڕووت هەڵدێ لە ماڵ بێیەدەرێ، تازە من چۆن دەتوانم

بەم کولانەدا بێم و بچم؟- تازە لە نێو ئەم خەڵکەدا بووم بە گای قەشان، یانی ئەوەیە دڵخۆشی تۆ لە ژیانی مندا؟! بەچی مەعلووم ئەم خەڵکە من بە پیاوێکی بێویژدان و بێشەرەف نەزانن؟

- ئیتر بەسیەتی بیبڕەوە! لەوە زیاتر کونەجەرگم مەکە، وەختێ من لەم ماڵەدا نەمێنم تۆ دەتوانی سەربەرزانە بەم کۆڵانەدا بێی و بچی! ئەمن هەڵەم کرد، هەڵەیەکی فرە مەزن، ئەشێ تف و لەعنەتم بۆ بنێرن، بەردەبارانم بکەن، هەرچۆنێک تۆ و ئەو خەڵکە دەڵێن هەروام، ئیتر بەسیەتی و بەشی من لێرەدا تەواو بوو.

هوما بەدەم قوڵپی گریانەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، بوخچەکەی لەسەر یەخدانەکە کردەوە، خەریکبوو کراسە زرشکییەکەی قەد دەکرد، ئەسرینەکانی پێوشک کردەوە، بە دڵشکاوییەوە فرمێسکی سڕی و بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، سندووقەکەی هەڵڕشت.

سەیمیران هەر خێرا هێور بۆوە و بەزەیی پێیدا هات، ئاوی دەمی قوتدا و لەبەرخۆیەوە بە هێمنی گوتی:

- پێویست ناکا، ئەوەندە خۆت سەخڵەت بکەی، ئەوەی لەو سندووقەدایە تەواوی بۆ تۆ قفڵێکی لێبدە و پێمبڵێ بۆکوێ دەچی، تاکوو بە حەمباڵێکدا بۆتبنێرم.

ئەم قسەیە گاڵتە و ئاشتبوونەوەی پێوە دیاربوو، بەڵام هوما ئەوەندە دەردی کاری بوو، دەیزانی ئەمڕۆش نەبێ سبەی ئەم دەرکردنە هەر ڕوو دەدا، لیزگە لیزگە ڕۆندکی هەڵدەوەراند. ئەو وردە شتانەی لەسەر تاقەکە بوون، وەکوو مجری ئاڕایشت و کلو کلدان، زۆر شتیتریش کە هەر فڕی بەسەریەوە نەبوو، بەڵام لە ژیانی بێتروسکەی ئەودا، وەکوو حەزیایەک بۆ قووتدانی زاری داپچڕیبوو، هەڵیگرتن و لە کۆشی مجرییەکەی خستن، نەوتی لامپاکەی بەتاڵ کرد:

- سپاسی چاکەکانت دەکەم، هەر ئەو گلەقاڵییەم بەسە، بەو مەرجەی ئاسکە پێمڕەوا ببینێ. ئەمەندەش ڕازیم لەو ماڵەی تۆدا بە سەربەرزییەوە، دەڕۆمە دەرێ، ئیتر بەسمە لێمبگەڕێ با بڕۆم و کلیلی بەختەوەری بدەمەوە بە دایکی منداڵەکانت، شەش ساڵە ئەو لە ژێر دەواری خەمدا دەژی و منیش لە بن سێبەری ترس و لەرزدا، ژیان بە ترس و خۆفەوە نیوەی مەرگە وەک ڕۆژ لێمڕوون بوو، ڕۆژێک بەردی جودایی جامی ژیانم دەشکێنێ، بە خەمەوە ژیان لەکوێ و بە ترسەوە لەکوێ، ئاخۆم ناشێ مافی ئەمەت بدەمێ، کەوا من بوونی مرۆڤایەتی خۆم بزر کردووە، تەنانەت گەرەکمنییە بۆ دۆزینەوەشی هەنگاو بنێم، هەرنەبێ ئەوکاتەی خۆم لە باوەشی کۆلانێدا بینی زانیم کێم و چم و دەبێ چبکەم.

ـ برۆ بەخودام ئەسپاردی! منیش ئەگەر حەیام‌بێ بەسمە، دەستم لەکۆڵ بکەوە با چەند ڕۆژێک بە ئاسوودەیی دانیشم، بەهەشتی خۆشەویستی بە هەموو گەورەیی ئاسمانییەوە ئەگەر ئەرکی ژیانی بە سەرەوە نەبێ لە دۆژە دزێوو خراپ‌ترە، ئەشقی ڕاستەقینە زێڕ و زەمبەرە کۆن‌بوونی بۆنییە بەڵام ئەگەر نەی‌پارێزی غەور دەگرێ و بریقەی نامێنێ، من و تۆ ڕۆژی بەرێ، بۆ یەکدی دروست نەکرابووین. بەڵام ئەوەی کردمان ویستی دڵ بوو نەک خواستی حەزو ئەقڵ و ژیری؛ برۆ ئۆغرت خێربێ، شەرت و بەڵێنی نێوان من و تۆ لێرەدا کۆتایی هات و ئەم هەودای ئەشقە ئەم بەندی دڵە پچڕا!

هوما قفڵێکی لە دەرگای یەخدانەکەدا، بوخچە و پرێسکەی چەند کراس و قەسرییەکی تێدابوو لەگەڵ مجری ئاڕایشت و متو موور و زێرو زەمبەر، نایە بن‌پیلی، قورئانێکی یەک‌جزمی چکۆلە لەسەر تاقەکەی پشت‌سەری مێردەکەی بوو دەستی‌دایە و هەر بەو کراسە بێ‌قۆڵەوە چارشێو نوێژی‌دا بە سەریدا لە ژوورەکە چووەدەرێ. وەختێ بە پێپلیکانەکاندا دەچووە خو ارێ هێزی پێی نەبوو هەنگاو بنێ، لە زیندانی حەسارەکەدا لە بنەوە هیوابڕاوانە چاوی بۆ خورشید گێڕاو نەی‌بینی، خۆ ئەگەر ئەو ژنە لە هەوێڵدابایە وەک کەیخوداژنێک پێشی پێدەگرت نەیدەهێشت بڕوات و دەیگێڕاوە، بەڵام مخابن! ئەو ماوەیەک بوو لەگەڵ تاوکەوتنی بەیانی لە ماڵ دەچووە دەرێ بۆ کاری ئوتولێدان، وەختێکیش دەگەڕایەوە شەودرەنگانێک بوو. تەنیا لەو حەوشەیەدا ئەکەرەم لەسەر لێواری حەوزەکە خەریکی شۆردنی قاپو کەوچکی شەوێ بوو، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێ و دەم‌ساردی لە خۆی نیشان نەدات، گوتی:

ـ هوماخانم، ئەیەڕۆ کچێ، ئەوە شەرم ناتگرێ؟! چما کابە کەچ بووە لەسەر قسەیەکی هیچ ژیانی شەش ساڵت دەشێوێنی؟ ئەم پیاوە بەجێ دەهێڵی، ئەوەندەش ناسک و نازدار مەبە؟! بەراستی نمەک بەحەرامی ژنەکە!

هوما بەدەم ڕێگاوە گوتی:

ـ ئەم قسانە بەو بڵێ خاتووئەکرەم، نەک بە من، گەرەک بە سەرزەنشت و دڵنوایی ناکا، ژن لە جندەخانە بێ باشترە نەک منەتی پیاوێکی ئاوا زمان‌شڕ و قسەڕەق بکێشێ، ئەو بەعزە پیاوانە هەرئەوەندە تێر بوون ئیتر خۆیان نەبێ کەس نابینن.

خان‌جان لە ژوورێ خەوتبوو بەم دەنگە دەنگە وەخەبەر هاتوو، هاتە بەردەرگای ژوورەکە، لە ژنەکەی مۆڕ بۆوە و حاڵی کرد بچێتەوە ژووری خۆی. هوما، وەک‌ئەوە وابوو بەسەر مار و

دووپشکدا هەنگاو بنێ، بە حەسارەکەدا تێپەڕی و لە پێچی دالانەکەدا ونبوو. هەر لەوکاتەدا سەی‌میران خەریکی بەستنەوەی قۆپچەی کراسەکەی بوو، لەبەر شووشەبەندی پێنج‌دەریەکە قوت بۆوە! لە جێی خۆی چوارمشقی دانیشت، دەمی کردەوە و ڕووی قسەکەی لە ئەکرەم و مێردەکەی بوو:

ـ قەدر و حورمەتی لەڕادەبەدەر مرۆڤ بچووک دەکاتەوە، نەت‌بیستووە دەڵێن: ئەوەی بە ژن و منداڵی کە زۆری ڕوودا، ڕیشی لە پیری دەچێ بە گوودا؟! زۆری بە دەوردا مەیە لێی‌گەڕێ کوێ دەچێ با بچێ.

چەند خولەک دواتر بە بیانووی چوونەدەرێ لە ماڵ و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، سەی‌میران هاتە حەسارێ، لەسەر پلیکانەکە، دەرەلینگی پاتۆڵەکەی هەڵگێڕایەوە و تەکاندی، کاو کۆت و چەند دەنک گەنم بەربۆوە خوارێ، تۆزی کڵاوەکەی تەکاند و فووی لێکرد، بەومانایەی بۆی گرینگ نییە هوما ڕۆیشتە دەرێ، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و گەڕایەوە، ئاخرین مژی لە جگەرەکەی‌دا و بە بەری‌دەستی مۆدنەکەی پاک کردەوە و یەک‌دوو جار فوویی پێداکرد. وەختێ هات وەڕێ‌بکەوێ، لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ئەگەر بمەوێ تەلاقی بدەم ئاوا نابێ، سبەینێ خەبەر دەنێرم بۆ خاڵۆکەرەم بە بیانووی کارێک بێت بۆ شار، دەستی دەدەم بە دەستییەوە با، لەگەڵ خۆی بیباتەوە؟

بۆ ئەوە نەهاتبووە دەرێ نەهێڵێ هوما بڕوات، دەیزانی ئەو چۆن چۆتەدەرێ، پێش‌ئەوەی خۆرئاوابێ و ڕەشماڵی شەو شار وەشارێ دەگەڕێتەوە، بەڵام حەزی‌دەکرد، دوور و نزیک وەدوویی بکەوێ بزانێ بەم تیپو قەوارەیەوە بۆ کوێ دەچێ، ئەو لەو شارەدا تەنیا یەک‌دوو دەستەخوشک نەبێ کەسی شک نەدەبرد، کێی هەبوو هات‌وچۆی بکا، ئەوانیش بۆئەوە نەدەبوون تەنیا شەوێک بە تۆراوی پەنایان بۆ بەرێ، هوما ئەوەندەی سەبر نەکردبوو لە ژوورەکەدا قەسرییەکەی بکاتەبەری. بەم جل‌وبەرگە تەنگ و نیوەڕووتەوە نەیدەتوانی شەو تا بەیانی لە هیچ‌لایەک پشوو بدات.

نزیک ڕۆژاوا، خاتووخورشید دووسێ کولێرەی پەنجەکێشی بە دەستەوە بوو، پەتاتەی کوڵاوی نابووە ژێر چارشێوەکەی بەرەوماڵ دەبۆوە، لە سەری کۆڵانەکە لەگەڵ خاوەن‌ماڵەکەیدا لووتیان بە لووتی یەکدا تەقییەوە، میران مرووموچ و بێ‌تاقەت دیاربوو، شان بەشانی یەکدی لەگەڵ ئەو جیرانە قەدیمەی کە هەمیشە بارراستی کاران بوو چەند هەنگاوێکیان‌نا، بە نهێنی تێی‌گەیاند کە:

ـ لە هومامداوە و دەرمکردووە، ئێستاش نازانم ڕووی کردۆتە کوێ، چاوەڕێم بزانم دەگەڕێتەوە یان نا؟

ئەو ژنە زەحمەتکێشە وەکئەوەی گاڵتە بکا بە بێخەبەری میران لە مەکری ژنان بەتایبەت هوما گوتی:

ـ ئای بەتەمابە، ئەگەر تۆرابێ چۆن ئاوا دەگەڕێتەوە، ڕەنگە چووبێتەماڵی ئاغابزورگ. هەرئێستا دەگەڕێمەوە و دەچم بزانم لەوێنییە. تۆش لێرە مەوەستە جوان نییە، لە هەرلایەکبێ بۆت دەبینمەوە.

خورشید ئەمەی گوت و بەلەز خۆی کرد بە ژووریدا، نان و خواردنەکەی دایەدەست کچەکەی، خێرا گەڕایەوە، چارەکێ بیست دەقیقەی پێچوو، سەیمیران ڕۆیشتەوە ژوورێ و لامپاکەی هەڵکرد گوێی لە دەنگ و زریکەی منداڵان بوو، لەسەر سێفە بنعەرزیلە پێکهەڵپڕژابوون، خورشید گەڕابۆوە، بەرلەوەی بگاتەوە ژوورێ و بە دەوری یەکەوە کۆ ببنەوە و وەکئەوەی قاتییان بە دەمەوە بێ، هێرەڵماسی کولاویان خواردبوو، خورشید لە داخان دەنگی نەکرد، بەبێ مەحتەلبوون، خۆیکرد بە ژوورە گەورەکەدا، بە ئاماژەوە حاڵیکرد لەوێ نەبوو، بەلام دڵنیای کردەوە:

ـ خۆت سەخڵەت مەکە، من دەزانم لەکوێیە! جارێ با پاروەە نانێک بخەمە بەردڵم ئەوسا لە کونی جندۆکەشدا بێ دەیبینمەوە. ژنەتیوە نەفامە، منداڵ بۆتەوە، بەمشەوە، ئەوە کارە ئەو کردوویەتی؟ یانی ئەو نازانێ شەوی تاریک بۆ ئافرەت وەکوو چاڵاو وایە لە بەردەم کوێردا؟ لە هەرلایەک بێ ئەو ئیتر دەبێ بتوانێ بە تەنیای بگەڕێتەوە، دەی، مەشەدی، لەسەرچی شەڕتان بوو وا لێتداوە؟

ژنی هاوساماڵ لەسەر ئاخرین قاڵی دانیشتبوو پاڵی بە دیوارەکەوەدا، لاقی ڕاکێشا و لەبەر هیلاکی و ژانی قاچ و پشتی دەستیکرد بە ئاخو ئۆف. ئاسکە بەسەر پێیەکەوە هاتبوو بۆلایان ڕاوەستا و گوتی:

ـ لێدانیچی، بە ئاستەم بەسەر پەنجەی لە ڕوومەتی سرەواندووە، ئەم عەسرە بە کراسی بێقۆڵ و تەنگ و ترشەوە لە ماڵ چۆتەدەرێ، باشە ئێستاکە تۆراوە، نەدەکرا ئەو کراسە تەڕەماشەی بگۆڕێ؟ بۆ ئەوەی سنگ و بەرۆ و ساتوسمتی بەموو بەو نیشان بدات پێیخۆشنەبووە کراسەکەی دابکەنێ و چیدیکەی لە ژێرەوە لەبەر نەکردبوو، شەرمی دەکرد، یان لە سەیمیران دەترسا ئەوە دابنێ و ئەو ژنە بێشەرمە ئابڕوو و حەیای بۆ موهیم نییە؟!

سەی‌میران هەمدیسان سکڵی تووڕەیی گەشابۆوە، قامکی شادەی لێ ڕاساند و گوتی:

ـ خورشید، هەرئەوەندە بزانم لەکوێیە، خودا یەکەو نابێ بە دوو، لەگەڵ تاوکەوتنی بەیانی تەڵاقی دەدەم با بڕوات! وەختێ لەکن من نەما، خوای‌دەکرد شڕواڵەکەی دەدا بە شانیدا، چۆنی پێخۆشە ئاوا ڕای‌بوێرێ، ئیتر هەوساری بە دەست خۆیەتی. یاڵڵای دەکرد سەر بە سەت ماڵەوە دەنێ.

ئاسکە بەسەر پێوە پاڵی بە دیوارەکەوەدا، خۆی لە هیچ نەگەیاند. نەختێک مۆڕ بۆوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ من قەت باوەڕ ناکەم، هوما، بەم جلانەوە وەک‌ئەوەی هیچی لەبەردا نەبێ وایە، ئەمشەو لە ماڵی مێردی خۆی نەبێ لە هیچ لایەک شەو ڕۆژ بکاتەوە، ئەو لەکوێیە، با ماڵی دۆست و هاوڕێش پیاویان لە ماڵ نەبێ! بەڕاستی زۆر عەیبە، وەختێ بیری لێدەکەیتەوە عوزرت پێدادێت. ئەو ئەگەر بشزانێ بەیانی تەڵاق دەدرێ، نابێ بەم‌جۆرە ڕەفتار بکا، بەڵام موجزە و دیارەدەی ئەم ئیمامزادەیە خەریکە کاری خۆی دەکا.

خورشید ووتی:

ـ ئەگەر ڕووی لە ماڵی ئاشنا و ڕۆشنا کردبایە، تاکوو ئێستا خەبەریان بە تۆ ئەدا و کەسێکیان بە شوێن تۆدا دەنارد. خێرا ئاگاداریان دەکردییەوە، لە هەرجێیەک بێ زۆری پێناچێ دێتەوە، خۆ ئەگەر نەگەڕێتەوە، نا، نا، باوەڕ ناکەم چووبێتە ماڵی بێگانە، ئەگەر هوما لەو ژنانەبایە تا ئێستا لێرە گیر نەدەبوو. ئینسان بە ویژدانەوە قسە بکا، ئەو ژنێکی هێندەش سووک و چرووک نییە، وەکوو کەو وایە دایمە حەز بە ئازادی و خۆدەرخستن دەکا، ئافرەتێکی داوێن‌تەڕ و هەڵەو هەرزە نییە. ئەمانە ئارەزووی گەنجی و جوانییە، مەشەدی، ئەمەش بزانە ئەگەر تا ئێستا زگێکی بکردایە و کۆرپەیەکی هەبا، نە ئەوەندە وەڕەز دەبوو نە تۆشی عەزاب دەدا، ئەو زۆری تۆ خۆش‌دەوێ، ئەوەی من دەیڵێم خیلافی تێدا نییە. ئەوەی دەیڵێم لە زمانی خۆیەوە بیتسوومە، بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەمانە، ئێوە دەبێ لە یەکتر جوێ ببنەوە، ئەوەڵ و ئاخر ئەوە قسەی من بووە، تۆ ئەمرۆکە ئەو ژنە تەڵاق نەدەی دەزانم سبەی ئەوکارە دەکەی، ژنێک بە داوی عەشقی خۆی ئاوا مێردەکەی ڕابکێشێ هەردەبێ بەو داوەش بخنکێ.

ئاسکە شایی لە دڵی دەگەڕا، گوڵی بزەی سەرلێوی کرایەوە و گوتی:

ـ تازە لەپاش ئەوەی ئێمەی لەسەر ساجی عەلی دانا، لە پاش باران کەپەنک! هەرکەسێکی‌تر بێ لەباتی من هەر ئاوا بیر دەکاتەوە.

فڵچەی دەستی گەردوون عەرد و عاسمانی لە بۆیەی ڕەش هەڵکێشابوو، حەزیای ڕەشی شەو بە دارو دیوارەوە بە حەوشوو بانەوە ڕیچەی دەکرد و زاری داپچڕیبوو، دەتگوت مەیتی خۆی لە کۆڵ ناوە و بەرەو شاری خامۆشان دەچێ. هوما جێگاکەی دیاربوو، ئەوە یەکەمجار بوو ئافرەتێکی ئاوا جوان و جحێڵ بەم کاتیشەوە بە تەنیابێ و نەهاتبێتەوە، ئەمە بۆ هاوساگەلیش نەهاتبووە پێشێ، ئاسکە لەگەڵ خاتووخورشید بە دەستووری سەیمیران چارشێویان‌دا بە سەر خۆیاندا و ڕۆیشتن کە سەرو سۆراخی ئەم ژنە دڵناسکە بکەن. تۆ بڵێی دیتنەوەی هوما زۆر دشوار بێ؟ بە دڵنیاییەوە وانییە. یانی دەکرا لێی‌نەپرسی بۆکوێ چووە؟ ئەمەش کارێکی ئاقڵانە نەبوو. سەیمیران تاکوو بەردالانەکە وەدووی ژنەکان کەوت و لەوێ قاویکردن:

- بزانن دەڵێمچی، لە پێشدا دەچنە ماڵی ڕازیەی بەرگدروو، نەچن بڵێن لە هوما دەگەڕێن. (لەباتی مەرزیە، بە هەڵە وتی ڕازیە).

خاتووخورشید: ئەیەڕۆ، سەیمیران، جابۆ پێت‌وایە ئەوەندە شلپێچراومەتەوە، دوور لە ئاسکە، خۆ گیامان بە کێوەوە نەخواردووە، نەزانین چیبکەین. وەختێ چووم بۆ ماڵی باوەگەورە وتم حەمەحسێن ونبووە، نەهاتۆتە ئێرە؟ هەرماڵێک چووم هەر ئەو قسەیە دەکەم. ئەگەر هوما لەوێ بێ، ئەوا دەزانن بە دوای ئەودا چووین. ڕەنگە تۆ قەمەری وەزیرت پێ‌هەو نەبێ، بەتایبەت شەمسی وەزیری لەگەڵدا بێ، سەیمیران بە زەردەخەندەیەکی کاڵەوە گەڕایەوە و لە تاریکایی حەسارەکەدا ملی‌نا لە پیاسەکردن. ئەم عینوان و نازناوە هەر خۆی دابووی بە ژنە جیران. تاڕادەیەکیش ئەمەی لێدەکالایەوە. ئەگەر هومایان پەیدا بکردایە و لەگەڵ خۆیان بییان‌هێنابایەتەوە حەق نەبوو ئەوشەوە هیچی پێبڵێن، ئەگەر یەکەم شەو میران ئەم زللەیەی لێدابایە، ئەوا ئەمڕۆ لە پاش شەش ساڵ بەمشەوە دەرنەدەپەڕی، دەبوو هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەوە چاوترسێنی بکات، ئیتر کار نەدەگەیشتە ئەمڕۆکە، ڕۆژی بەری هەوساری بۆ شل کردووە، تازە چارەی ناکات، پێت‌وایە تازە دەروەستی بێت؟ نا، هەرگیز چەنەنەری نایات! خۆ ئەگەر کەیفی لێبایە پێی لەگەڵ ڕابکێشێ لەوانەبوو پێکەوە حاواوە بن. بەڵام هەروەک خاتووخورشید گوتی، هەر ئەمڕۆ دەستی لێ‌هەڵبگری باشترە تاکوو بەیانی.

چرکەسات بە ڕەوتی کیسەڵ تێدەپەڕی، ئەوەندەی چرکەژمێر سووڕێکی تەواوی لێدەدا سەیمیران دووجار کاتژمێرەکەی لە باخەڵی دەهێنا دەرێ و تەماشای دەکرد. کاتژمێر چواری شەو هەردوو ژنەکە، بەبێ ئەوەی مامزی سڵۆک و ڕەمکردوویی خاوەن‌ماڵیان لەگەڵدا بێ گەڕانەوە،

تاکوو ئەوکاتە چەندجار لە دەرگایان‌دا ئاشنا و دۆست پرسیاریان دەکرد. ئاخۆم منداڵەکەی خاتووخورشید دۆزراوەتەوە؟

پشکێنەران بیریان لەم شتە نەکردبۆوە، هەرجێیەکیان پێ‌شک هاتبوو، ڕۆژێک هوما سەعاتێک لەوێ لای‌دابێ چوون و پرسیاریان کرد. کۆنە هاوڕێکەی هوما، سووسەن، لەگەڵ بابی لە ماڵ نەبوون، کارەکەرەکەیان بە دەنگیانەوە هاتبوو، خاتوو مەرزیە بەرگ‌دروو، ئەو ژنە بێ‌مێردە، لە هەمووان زۆرتر کەوتبووە فکر و خەیاڵەوە، ماڵی میمکە بی‌بی، خۆی و زاواکەی کەوتنە گەڕان و پرسیارکردن، لە ماوەی دوو کاتژمێر و نیودا ئەو دوو ژنە چرابەدەست نیوەی گەڕەکەکانی ئەو شارە گەورەیە گەڕابوون. زۆرجار هێندە بەلەز تێپەڕیبوون چراکەیان لێ‌کووژابۆوە. جاری‌وابوو بە هۆی ماندوویی و هەناسەبڕکێی خورشیدی نیوساخ و نیوە نەخۆش لە جێیەک وچانیان گرتبوو تاکوو پشوویەکیان بێتەوەبەر، ترس و خۆفیان لێ‌نیشتبوو، بۆیە زۆر وەخت ڕایان‌کردبوو. شتی سەیریان وتبوو وتەی خۆرایی‌باییان ژنەوتبوو. بە کۆڵێک قسەو باسەوە گەڕابوونەوە، گەرەک‌نییە چییان بیستبوو لە ماڵێ وەی‌گێڕن، پەرێشان و هیوابڕاو، بەبێ ئەوەی هەواڵێک لە هوما بزانن، هاتبوونەوە، ئیتر بە پێچەوانەی ویستی خۆیان هەموو زانیبوویان ژنە چکۆلەی سەی‌میران، لەسەر قسەیەکی هیچ چارشێوی‌داوە بە سەریدا و لە ماڵ وەدەر کەوتووە. سپێدەی بەیان وەسەر شار کشاو چارشێوی ڕەشی لەسەر لادا، ئەوشەوە سەی‌میران وەک مار گینگڵی‌دا و جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند و دەم‌و لێوی خۆی کرۆشت، لەسەر کورسیلەکە دانیشتبوو خەم و خەیاڵ لێی ببوون بە چنگی ڕمۆزنە و تاوتاو ناخیان دەکۆڵی و جارجارەش تین‌تینۆکەیان ڕێک‌دەکوشی، وەک بەوری بریندار لە ڕکەی ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، لە خەیاڵیدا دەنگی دەرگا دەهات، دەچووە بەردەرگای حەسارەکە و دەگەڕایەوە، ئەو ڕۆژە بەیانییە هەرماڵێکیان پێ‌شک دەهات سەریان لێدا و هەواڵیان گرت، ئیتر شەکەت و هیوابڕاو بوون. زۆربەری دەروجیران بە باریکی‌دیکە قسەیان لەم ڕۆیشتنەی هوما دەکرد. بە تەوس و توانجەوە دەمیان دەکردەوە و گەپیان دەخست و چاویان لە یەکدی دەقرتاند. بەڵێ، خێزانە ناسک و نازدارەکەی سەی‌میران ڕەدوو کەوتووە، ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە نەک لە خووخدەی ئەم خەڵکە دوور نەبوو، زیاتر بۆ ئەمە وایان‌دەکرد تاکوو لە نرخی جوانی هوما کەم بکەنەوە: «ئافرەت نانی بێ‌شەرمی و جندەیی بخوات باشترە نەک لەگەڵ ئاواها پیاوێکدا بژی!». تۆ بێژی وەختێ هوما بە دڵپڕی لە ماڵ چووەدەرێ و ئەم ڕستەیەی بە دەمدا هات و لە ماوەی ئەم‌شەو و ڕۆژەدا هەمووکەس پێی‌زانیبوو، هەروەک جامی‌جیهانی نوێن نەیتوانی

حاشای بیژەن بکا لە چاڵاوی ئەفراسیاودا، دەشی‌توانی شوێنی حاوانەوەی هوما لەم شارەدا، نیشان بدات؟!

نزیک نیوەڕۆ، سەی‌میران شەکەت و ماندوو لە ڕاستەی خەیابان، تووشی مێردەکەی ئەکرەم‌خانم هات. ئەو کابرایە چەند ڕۆژێک دەبوو بێ‌کاروبار دەسووڕایەوە، ڕەنگە هەر خۆی بێ‌کار کردبێ، ئەمەش جێی شک و گومان بوو، خەڵک لێی دوودڵ بوون، دەیانگوت، پۆلیسی نهێنی بەشی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە و لەلایەکی دیکەشەوە شەوانە لەگەڵ دزەکان دەستی هەیە، لە ڕاستیدا خان‌جان بەبێ ئەوەی کارێک بۆ ئەم داموو دەسگایە جێبەجێ بکا، یان تەنانەت بە فەرمی وەرگێڕابێ بەشی خۆی دەپچڕی و مووچەیەکی باشی وەردەگرت، لە کاروباری نهێنیدا هەر خۆی دەیزانی خەریکی چییە. وەکوو ماری ئاوی گازی دەگرت و ژەهری نەدەچەند. هەرچەندە ئاجان هەروەک ئەوانی‌تر جیران بوو بەڵام سەی‌میران پەشیمان بوو بۆ ژووری دەربەستی پێداوە، کەچی سەرەڕای ئەمانەش هەستێکی باشی دەرحەق بەو هەبوو، ئاخۆم بێجگە لەوەی زۆر شتیان لەمەڕ ئەم پیاوەوە دەگوت، هەر ئەوەنەبوو، ڕۆژێک پێی‌وتبو جافری قەومی هوما لە ژێر چاوەدێری پۆلیسی نهێنی و ئاگاییدایە. ڕێگەی هات‌وچۆی ماڵی خۆتی مەدەرێ؟! چما لە بیری چۆوە، مانگێک بەر لە تەفتیش و پشکنینی ماڵەکە هەواڵی پێدابوو، ئەگەر کەل‌وپەلی قاچاخ لەو ماڵەدا هەیە، ڕای‌پەڕێنێ؟ وامان‌دانا، ئەم کابرایە پیاوێکی باش نەبوو، خۆ چاکەی بۆ ئەو هەبووە. باوەکوو ڕەفتار و ئاکاری دزێو و ناپەسند بووبێ لە ماڵدا، لە دەرەوە پیاوێکی باش بوو، هەرچەندە هیچکەسێک سەری لە کاری ئەو دەرنەدەهێنا، وەختێ لە ماڵ بوو دەخەوت و کەس لە حەوشەدا نەیدەدیت. ویرەویری نەدەهات و گۆرانی نەدەگوت، بە پێچەوانەی خێزانی تەنانەت ناوی جیرانەکانیشی نەدەزانی، یان وەکوو بەعزە کەسێک ئەوەندە لەخۆبایی نەبوو وابزانێ گەردوون بە هەناسە و بە فوویی ئەو دەخولێتەوە، ئەگەرچی ئەکرەم خۆشی نەدەویست، بەڵام کەس نەیدەزانی بە چ هۆیەکەوە ئەو ژنە قەت نەیدەوێرا بۆڵە و خوتەی لێوەبێت. ئێستاش خان‌جان لە شەقامەکە، بە سەر پردی حاجی‌ئاخووندەوە لە ژێر کۆڵانی بەناوبانگی پیشەیی پاڵی‌دابوو بە دارتەلەکەوە، بە تیزو گورمزێکی شەیتانی مێفیستووفێلێس لە چیرۆکی گووتەدا سەیری ئەو تەلار و چەند نهۆمەی ئەوبەری شەقامەکەی دەکرد. ئەم زەردەخەندەیە زۆر لەوەپێش بۆ سەی‌میران ناسراو بوو، هەر بۆیە بە بینینی بێزار بوو، ئەوەندەی ئەوی لەتەک هومادا لە دەرێ دەبینی شان بەشانی یەکدی پیاسەیان دەکرد. بە چەشنێک سەلامی

لێدەکرد وەک بڵێی بە هەموو سەرو سووڕێکی ئەوی دەزانی، خان‌جان هەرئەوەندەی چاوی پێی‌کەوت، گوتی:

ـ ئەی بەخێر بێی، لە کاتێکی باشدا هاتی. جوان بڕوانە، ئەو ژنە شان‌وملی ڕووتە!

ئاماژەی کردە ئەو پەنجەرە نیوەکراوەیەی بانیژەکە، لە سیلەی شەقامەکەدا، لەودیوی پەردە تەنک و تۆڕییەکەوە، لەودیوی پشت‌دەرییە مەلمەلە گوڵدارەکەوە، بیچم و قەڵافەتی خاتوونێکی نیوەڕووت، زەرین‌بسک و شان‌وملی وەک ورەی لۆکە و لە چەشنی گوڵی یاس، بە جووتێک گوارەی پڕپەرەنگ و شۆڕابە دارەوە، وەک مانگ لە پشت هەورانەوە پەنای دەگرت و جارجار وەدەر دەکەوتەوە، ژنێکی دیکە بە دەمو لێوی شیلانی و قاشی چاو و برۆیی جوانەوە، تەواوی ڕوخساری تیف‌تیفە دابوو، پەنجەرەکەی کردەوە، لە باکوور و باشووری شەقامەکەدا لە تەماشاچیانی ڕوانی بە شانی داری کارەباکەوە، لچێکی لێ‌هەڵقورتاند و بە نیشانەی جوێن پەنجەرەکەی پێوەدا، سەی‌میران هێشتا لە مەبەستی خان‌جان تێ‌نەگەیشتبوو، بەڵام باش دەیزانی ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کرابوون چۆن ئافرەتێکن، ئێرە، ماڵ یان شوێن کاری عیسمەتە کورد، خاتوونی بەڕێوەبەری ناودار و دەسەڵاتداری شار و شاگردەکانی هەمەجۆرەی ئەوبوو. خان‌جان بە تێڕامانێکی خوێڕیانە وەکئەوەی هاودەستی کەسێکی گەورە بێ لە ڕوخساری دڕدۆنگی ئەو ڕاما و بە دوودڵییەوە ووتی:

ـ پێت‌وانییە ئەوبێ؟

ئەو ژنەی کە ئەو مەبەستی بوو، هەر ئەوکاتە دەورێکی لێدا و هاتەوە بەرپەنجەرەکە، ئەم ئەدگار و چڕوچاوە ئەوەندە مڕومۆچ بوو لەگەڵ ئەو تەختی سنگ و شان و باسکە نەدەکالاوە، بگرە زۆریش قیزەون بوو، سەی‌میران ئاور لە چاوی دەردەپەڕی و ئەوەی خوێن لە قالبی‌دا بوو لە دەموچاویدا کۆ ببۆوە، وەک شێری ئەنگاوتە لە ئەم مرۆڤە گەمژەیەی دەڕوانی، خۆ ئەگەر پاڵی بەم کۆڵەکە برقەوە نەدابایە ئەژنۆی دەشکا و بە پشتدا دەکەوت و لەسەر پردەکەوە بەردەبۆوە، ددانەچیرەی کرد، بەبێ ئەوەی لەگەڵی باخێوێ، تورە و تۆسن بەجێی هێشت، ماوەیەکی باشی دەویست بتوانێ بەرپێی خۆی ببنێ، تەوژمی ڕق و غەزەب هەر ئەوەندەی مابوو کەللە و مێشکی‌سەری هەڵتەکێنێ، بە دەنگێکی بەرز جنێوی دەدا و تف و لەعنەتی ڕەوانە دەکرد:

ـ نەفامی هیچو پووچ، قسەڕەق، لەبەر ئابڕووی خۆم نەبایە، بە مستێک دەمو ددانم دەشکاندی! خوێڕی بێ‌غیرەت، بۆ پەناباتێک دایکی دەفرۆشێ، ئەوە ژنە قەحبەکەی تۆیە بۆ قەوارەیەک ساتین

ئامادەیە دەرپێکەی دابکەنێ، خۆی بە من نیشان بدات، ژنەکەی ئەو، تاکوو من لە دەرگای حەسارێ دەدەم بە پێی پەتی و بە سەری ڕووت دەردەپەڕێ، مەگەر ڕۆژێک نەگەڕێتەوە ماڵێ، بەڕەڵڵای بێشەرم هەر ئەمڕۆ و سبەی شڕەت ئەدەم بە کۆڵتدا و وەدەرت ئەنێم.

لەوکاتەدا ئەوەندە تووڕە و بێزار بوو، تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو بەبێ ڕاوەستان هوما تەڵاق بدات، هەرچەندە وەختی فراوێن بوو، لەباتی ئەوەی بچێتەوە بۆ ماڵێ، بەلەز ڕووی کردە دەفتەرخانە، نیوەی ڕێگاکە بە سواری فەیتوون گەڕایەوە، چووە دووکان و بڕێک پارە و ئەسکیناسی تازەی وەرگرت، کاتێک گەیشتە دەفتەرخانە، بە پێچەوانەی ویستی ئەو شێخولئیسلام ڕۆیشتبۆوە نانی نیوەڕۆ بخوات، ئاخۆم دەکرا ئەویش چووبایە نانی نیوەڕۆی خواردبایە و سەعاتێکیتر یان ڕۆژێکی دیکە هاتبایەتەوە؟ بەم هەموو ئابڕووچوونەوە، بەم گشتە ڕق و عەزابەوە کە هەروەک کڵپەی ئاگر هەناوی دەسووتاند بەبێ تەڵاقدانی هوما، چۆنی دەتوانی لەلای دۆست و ناسیاو سەرهەڵبێنێ، ئالێرەدابوو گفت و بەڵێنی خۆی نیشاندەدا، ئیتر کاتێک گەیشتەوە ماڵی خۆیان کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ بوو بە دەمو لێوی وشکیدا جوان دیاربوو زەوادی نەبڕیوە.

ئاسکە چاوەڕێی بوو لە ژێر سێبەری بەرهەیوانەکە لەگەڵ ئەکرەمدا بەدەم قسەکردنەوە خەریکی کراسچنین بوون، حەمەحسێن کوڕی خاتووخورشید، سەری پێچابوو، لەگەڵ مەهدی دەستی یەکدیان گرتبوو خەریکی یاری و دیلانێ بوون، چەند خولەک پێشتر لەسەر چەقالەی هوڵوو ئەو دوو منداڵە شەڕیان بوو، مەهدی سەری حەمەحسێنی شکاندبوو، ئاسکە بە منداڵەکانی خۆی وتبوو ئەو کوڕە کەچەڵە و شتی دەستی ئەو مەخۆن، بەڵام ڕێگەی یاریکردنی لێنەگرتبوون. بێجگە لەوان ژنێکی دیکە لە کۆڵانێک سەرترەوە هاتبوو تاکوو گوێچکەی منداڵەکەی بقرنجێنێ بەشکەم ئازاری چاوێشەکەی چاک ببێتەوە، کچەکەی خورشید، بە دەستووری ئاسکەخانم، بەبێ کەوش و کڵاش بە حەسارەکەدا دەسووڕاوە بە دیوارە ماڵەسواخ کراوەکانەوە لە بەردی چەخماخ دەگەڕا، سەیمیران ئەو ڕێگایەی گۆڕی هەمیشە پێیدا دەهات و دەچوو لە ئاخرین پلیکانی دالانەکەوە بەرەو ژووری ساباتەکە دەهات، لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە ڕۆنیشت، نێوچاوان ترشو تاڵ، شەکەت و داهێزراو، بەڵام تروسکەی شادی لە چاویدا دەبیندرا، لە ژێر ساباتی برۆکانییەوە چاوێکی بۆ دایکی منداڵەکانی گێڕا، کڵاوەکەی بردە دوواوە و بە دەستە سڕەکەی ئارەقەی تەوێڵ و ڕوومەت و بەرگەردنی سڕییەوە، بە خۆشحاڵییەوە هەناسەیەکی دەردا:

ـ ئیتر هەرلایەک دەچێ با بچێ! نامەوێ نە ئەو ببینمەوە و نە ساڵی گرانییەکەش!

دەستی بۆ شوێنێک ڕاداشت بزە لەسەر لێو و خۆشی لە نیگای دەباری گوتی:

ـ تەڵاقمدا.

ئەکرەم بە سەرسووڕمانێکەوە لێیپرسیی:

ـ شتیچاک بڵێ، یانی تۆ هومات تەڵاقدا؟

ـ زۆر سەیر نییە، ژنێک لەلای من نەمێنێ یاڵڵای دەکرد سەری بە سەت ماڵەوە دەنا، لە نیوەڕۆوە هەتا ئێستا لە دەفتەرخانە بەسەر پێوە ڕاوەستاوم، بڕوام نەدەکرد ئاوا بە خێرایی ڕزگارم بێ، لەبەر ئەوەی ئەم سەردەفتەرانە بۆ کاروباری تەڵاق و جوێبوونەوە دەستی دەستی بە پیاو دەکەن و خێرا ئیشەکە ڕاناپەڕێنن. وەختێ شێخولئیسلام چاوی بە من کەوت لێمپرسی، چارەی ددانی ڕزیو چییە؟ وتی، لە ڕاستیدا ئەگەڕ ڕزیبێ چارەی کێشانە، گوتم، کێ دەتوانێ مەعلوومی بکا ڕزیوە و لە کەڵکو کەرەم کەوتووە؟ وتی، لە بەردەمی قازیدا خاوەنی ددانەکە، گوتم، کەوابێ، ئەوە سەت تمەن پووڵ و پارە، مارەیی ژنەکەم، ئەوەش دە تمەن دەمشیرینی بۆ شاگردەکەت، ئەمڕۆکە بە کاروباری منەوە زۆر ماندوو بووە، لێیڕامەوەستە و لە ژانی ئەم ددانە ڕزگارم بکە، ئیتر بەبێ مەحتەلبوون و لەبەرچی و بۆچی لە تەکدا نەکردم و مارەییەکەی هەڵوەشاندەوە، تەڵاقنامەکەی نووسی و سبەی بەیانی پەنجەی پێوە دەنێم، نان و نەفەقەی سێ مانگم بۆ داناوە، زیاتر لەوەی حەقی خۆیەتی بۆمداناوە.

ئاسکە بۆ چرکەیەک کاسو وڕ، نەیزانی مێردەکەی باسی چیدەکا، لەبەرخۆیەوە ناڵاندی و کوشمەی کرد، بەهۆیی خۆشحاڵی لەڕادەبەدەر هەستیکرد دەمو دەستی گۆ ناکا، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ڕوانینەکەی لە میرانەوە گوێستەوە بۆسەر ئەکرەم و جیرانە نیوەناسیاوەکەی، ددانی، ددانی نەدەگرت و کەوتە لێوەلەرە، ئەکرەم وەک شێتان هەڵدەبەزی و دادەبەزی باوەشی پێداکرد و کەوش و کڵاشی لە دەست فڕێدا و نەک جارێک و سەتجار ماچی کرد و ڕایمووسی:

ـ خوشکێگیان، ئەوا من چارەکەیەک بە تۆ قەرزدارم، هەر دوێنێ مامرەکە لە حەسارێ خوێندی، زانیم تازە ئەم ماڵە جێی ئەو نییە! هەستنەدەی ئەمشەو لەم ماڵەدا بیکەن بە جەژن و شادی، با کەس لەم خۆشییەدا بێبەش نەبێ، ئۆی ژنەکە چەندە ساردوسڕی، دە ڕاپەڕە و دەستی ماچکە!

ژنەکان کردیانە قریوە و خۆشیخۆشی، هەریەکەو لەبەرخۆیەوە داوای دەمشیرینی و مزگێنی لە ئاسکە دەکرد. ئەویش گۆنای گوڵی کردبوو، زەردەی سەرلێوی پێکەنینی بە بزەی گوڵخونچە دەهات. وەک دەڵێن دارگێوژەکەی ژێر باخی «بەرزەدەماخ» ئاخری دەستی خۆی وەشاند و کاری

خۆی کرد. «خودا کاران هەروا دەکا، خونچەی لە خاک پەیدا دەکا،» کچەکەی خورشید، هەرچەندە دەیانگوت وڕو کاس و نەفامە و بە چاک و خراپی ژیانی خۆی نازانێ، بە نەرمی چووە بنگوێی ئاسکە، سرتەیەکی کرد، ئاسکە پێکەنی و تاقشاییەکیدا دەستی ناردییە سەربان دیزە شکاوێک بە دوای ژنەدا فڕێداتە خوارێ، سەیمیران، لەوکاتەدا خەریکبوو ڕوو بکاتە ژوورەکە، بە دڵنیاییەوە گوتی:

ـ ئەگەر وەکوو هەموو ژنێک بەقەدر و حورمەتەوە ئابڕوویی خۆی نەبردبایە و لەم ماڵە ڕۆیشتبا، ئەوا دەستم وەڕێی نەدەهێنا و کەلوپەلی ماڵ چی پێویستی ژیانە هەمووم پێدەدا، بەڵام چونکە ئاوای کرد، بەردی سەرەشکێنەی نادەمێ، چەندەی نەفەقە کەوت داومەتێ، ژنەتیوەیەکی ئەوەندە بێشەرم، نابێ بەزەییت پێیدا بێ، ئاسکە وەرە ژوورێ بیستو چوار کاتژمێرە نە نانم خواردووە نە ئاو. وەختێ ئاسکە چوو لە مدبەخەکە چێشتەکەی سەیمیران گەرم بکاتەوە، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو وایدەزانی پەپوولەیە بەسەر گوڵاندا دەفڕێ، بەمحاڵەشەوە ڕواڵەتی خۆی نەدۆڕاندبوو. لە خۆشی ئەم کارە ژنەکانیتر چەقەنەیان لێدەدا و سەمایان دەکرد. جارێکیتر بەهاری ژیانی گەڕابۆوە و بەختەوەری ڕووی تێکردبوو، خەم و کۆڤانێکی زۆر وەکوو وردە ئەڵماس لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا جەرگی هەلاهەلا کردبوو، بە وێنەی کافوور کە لەبەر تاوی دابنێن توابۆوە، دەبوو لێیبگەڕێن زۆری پێبچێ بۆ ئەوەی ئەم ژەنگ و ژارە دڵ و دەروونی بەجێ بێڵێ و هەناوی سارێژ ببێتەوە، ئەم شریخ و هۆڕ و گرمە و چەخماخەیەی دایمە وەک دەنگدانەوەی شاخ و کێو گوێچکەی ئازار دەدا، هێشتا زوو بوو لێی دوور بکەوێتەوە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خەون و خەیاڵ نەبوو، ئەوە دارو درەختی حەز و ئاواتی ئاسکە بوو لە چلەی زستاندا گوڵی دابوو، تۆ بێژی ئەم شەش ساڵ چارەڕەش و هەڕگ بەسەریە بۆ ئەو خەوێکی پڕ لە دێو و درنج و حەزیا نەبووبێ و ئێستا خەبەری بووبێتەوە؟ ـ مێردەکەی هەر وەکوو ڕابردوو، ڕابردوویەک لە چەشنی تیرێژ دڵی تاریکی سمی بوو، بەبێ ئەوەی شەریک و خەنیمێکی هەبێ لەمەبەدواوە شەشدانگ بەشی ئەوبوو. ئەوە هەر ئەو پیاوە بوو لە وەختی خۆیدا کە دەهاتەوە بۆ ماڵێ بە بزە و پێکەنینەوە بەرەوپیری دەچوو، لەبەر بێڵایە و کاتێکیش لە ماڵ دەچووە دەرێ، بە بیانوویی ماهوتکێشان وەدوویی دەکەوت و تۆزێ سەرشانی بۆ دەتەکاند و بە دەوریدا دەهات، وەختێک لە ژوورێدا بە ئاسوودەیی خەریکی نانخواردنەکەی بوو حەزی دەکرد، هەر وەک ئەکرەم وتبووی بە جێگای سپاس و پێزانین بچێ دەستەکانی، ئەو دەست و پەنجە مێرانەیەی کە ڕەگ و

دەمارەکانی بە ئەستووری قامکە تیتۆلە هەستابوون ماچیان بکات و بە ئەسرینی خۆشحاڵی تەڕیان بکا و بە سنگو بەرۆیی خۆیەوە بنێ. بۆ ئەم کارەش کات و وەختی باش زۆر بوو، تەواوی ئەو ئازار و مەینەتی و دڵشکاندنە بە شنەبای بەختەوەری و بە لاچوونی هەوری خەفەت ڕەوییەوە و تیشکی ڕەحمەتی ویکەوت. میران بە ماوەی سەعاتێک هەر لەوێ خەوت و دواتر هەستا و ڕۆیشت بەلای ئیش و کاری خۆیەوە. ئاسکە تاکوو ئێوارە داهات دووسێ کەڕەت چوو سەری ژوورە گەورەکەیدا، کلیلەکەی بە دەست خۆیەوە بوو، هەموو جارێک بۆ ماوەیەک سەیری فەرش و قاڵی و دارو دیواری قەدیمی ژووری میوانی دەکرد و بە وێنەی تاجر و توجاران لە پاشماوەی کەلوپەلی سووتاو یان ئاوبردوویی خۆی دەڕوانی. لەچکە تۆڕییەکەی هوما، وادیاربوو لە بیری چووبێ، کەوتبووە پشت کورسیلەکەوە، هێشتا بۆنی گوڵاوی یاسی لە ژوورەکەدا مابوو، سندووقی جلەکانی پڕ بوو لە وردەشتی ئارەزووبزوێن و بووکپەسند، هوما زێڕ و زەمبەری خۆی تەواو بردبوو، ئاخۆم دەکرا ئەو سندووقە یان شتومەکی نێو ئەو لەگەڵ خۆیدا نەبا؟ دەیجا بە توون، بە سەقەر، خوایدەکرد ئەم سندووقەشی دەبرد و چشتێکی بۆ بیرەوەری لەپاش بەجێ نەدەما، زۆریش باش دەبوو، بەڵام چەندە باشبوو مێردەکەی پەژیوان بۆوە و فەرش و قاڵی پێنەدا، کاری باشی کرد، گەرەکوابوو ڕۆژێک ئەو فەرش و مافوورەگەلە بەرێتەدەرێ و بیانتەکێنێ و تۆز و نەگبەتی ئەم چەند ساڵەی بە بادا بدات زۆر لەوە دەچوو زۆربەی ئەم شتانەی لەو ژوورەدایە جرو جانەوەری هەڵێنابێ و مۆریانە لێیدابێ بۆ جاری دوایە، کە چووەوە ژوورێ چرالامپاکەی هەڵکرد و شۆقەکەی تۆزێک داکێشا، دەرگاو پەنجەرەی کپ کرد، هەروەک کەسێک مردوویی لە قەبران گەڕابێتەوە دڵخۆش و ڕووخۆش گەڕایەوە بۆ باوەشی ژوورەکەی خۆی. وەک نەخۆشێک وەرهەمەکەیان لە زگ دەرهێنابێ، هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. ناحەقی نەبوو، ئەمڕۆکە ئاسۆیەکی ڕووناکی لە بەردەمدا بوو، ترسی لەم حەزیایە ڕەویبۆوە کە بە شەو و بە ڕۆژ زاری لێداپچڕیبوو، دەبوو هەستێ و دانیشێ سپاسی یەزدان بکا، بەزەییپێداهاتن و دەرووی بەخێر بۆکرانەوە هەرئاوا دەبێ. ژنێکی سیغەیی و کاتی، کە دەبوو ئەمڕۆ و سبەی بڕوات، شەش ساڵی تەواو، بوو بە دۆڵپا لەسەر شانوملی گیرسایەوە و دوولینگانەی خستە سەر ئەستۆی ژیانی، ئەو نەکبەتی و هەناسەساردییەی بەدەست ئەو ژنەوە دیتی هەر بۆ باسکردن نابێ، ئیتر بێجگە لەوەی ببوو بە دڕویی مەمو زینان، هەروەک پەڵە هەورێک خۆری بەختەوەری داپۆشیبوو، لەسەر ئایەکیش بەند بوو، شەوێ منداڵان وەختێ زانیان بابیان هومای تەڵاق داوە و گەڕاوەتەوە ژوورەکەی ئەوان لە خۆشیان نەیاندەزانی

چبکەن، هەرچەندە لە وەرزی هاویندا بوون بەڵام ئەوشەوە خەویان نەدەهات و زۆر دانیشتن. سەی‌میران، هەروەکوو بازرگانانی هەورێشم و فەرش و مافوورەی قەدیم، کە لە سەفەری پڕ لە مەترسی و خۆف و دز و جەردە و دەریا و تۆفان بە سلامەتی گەڕابێتەوە باوەشی ژن و منداڵی، پەرێشان و چاوەڕێ، بە لەبزی شیرین ئەیدواندن، لەو خاوو خێزانەدا ئاسکە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، بەڵام بەو هەستە بچووکەوە کەوا لە هەناویدا بوو، خۆی لە هەموویان بە چووکەتر دەزانی، چاوەکانی تەژی بوون لە شۆقی خۆشی و ترووسکەی بەختەوەری بە گفتی شیرین زارۆڵەکانی ئەدواند و زۆر نهێنی لێ دەشاردنەوە، گفت و جووڵەی سەی‌میران، شەکەت و بڕێکیش نامۆیی دەکرد، لەوەدەچوو لە هەمبەر ئەم هەموو زەجر و عەزابەی بەم ژن و منداڵەی داوە جارێ نەتوانێ بۆیانی قەرەبوو بکاتەوە و ئاسکە جێوبانەکەی سەی‌میرانی لە ژوورە گەورەکەوە هێنا بۆ دیوەکەی خۆیان و بە جودا بۆی ڕاخست. دوای شەش ساڵ دووری لەو پیاوە باشەی تازە خەریکبوو دەستی دەیگەیشتێ و لێی‌نزیک دەبۆوە، وەکوو نارەوەنێکی شلک کە لە وشکەساڵیدا ئاخرین دڵۆپە ئاوی خۆی لەدەست دابێ، توونیەتی بەربینی گرتبوو، مێشکی پڕ لە ئەندێشەی ماندوو، دڵی تەژی لە قسەو باسی پڕ لە خوێن. ئاواش هێتشا ئارام و لەسەرەخۆ بوو، خۆڕاگری و دان‌بەخۆدا گرتنی ژنانەی وەکوو چارشێوێکی سپی ئەوی لە میران و میرانی لە ئەو هاوێردە کرد. ئاخۆم بەرەی ئادەمی چۆن لە ئەشق و ئەوین حاڵین؟ (خۆ ئافرەت کانی نییە هەرکەس بیگاتێ بینی پێوەبنێ!) یان سێبەری دارتوو نییە کە خۆر ئاوا بوو پشتی تێبکەیت و بەجێی‌بێڵی. بۆ مەگەر هەر ئەو مێردە نەبوو لە ڕابردوودا چ بەڵایەکی بەسەر هێناو ئەو دڵە پاکەی ئەو کە مەکۆی ئەشق و خۆشەویستی و هیوابوو، بە بەرداشی جەفا و غەدر و تاوان نەی‌هاڕی؟ کەوابێ ئەم مرۆڤە ئەمڕۆکە ڕێچکەی ڕاستەقینەی گرتۆتەبەر و لە کردە و ئاکاری خۆی پەشیمان بۆتەوە دەبێ غەوری ئاوێنەی دڵی بسڕێ و دڵنەوایی بداتەوەو دەروونی کۆڵەواری تیشکاوێژ بکات و مەرهەم بنێتە سەرزامی بەسۆیی. بێجگە لەوەی سەی‌میران شەش‌دانگ لە بەرامبەر بێ‌خەوی و هیلاکیدا بە چۆکدا هاتبوو پەروانەئاسا بەسەر شاباڵی بیرەوەری و هیواوە بەسەر درەختی تووبای ئاسکەدا لە باخی بەرین دەسووڕایەوە، ئەگەرچی جاران خەم و خەفەت خەوی لە چاوی زڕاندبوو، ئەم‌شەو لە چراخانی شادی و دڵخۆشیدا دەبڵووقایەوە و کۆتری خەو لە هێلانەی چاوی تەرە ببوو. ئیتر ڕابردوو ڕابرد! ئێستاش با بێت و بڕوات، گرینگ ئەوەیە بۆ دوور بڕوانی، کات و زەمان بۆ ئەو گەڕابۆوە و وەک‌ئەوە وابوو تازە لەدایک بووبێ، وەک دەڵێن ئەوە بولبوولە نرخی گوڵ و سەوزە دەزانێ. ئەگەر

منداڵەکان بەخەبەر نەبوایەن و بە دوودڵییەوە جارجارە سەرو سۆراخی بابیان نەگرتبایە و سەریان لەسەر سەرینەکان هەڵنەبڕیبایە، ئاسکە وەک کەسێک گەوهەرێکی بەقیمەتی دۆزیبێتەوە چاوی لێخافڵ نەدەکرد و هەرچی زووتر خۆی دەخستە ئامێزی، بۆ سبەی بەیانیدا، بۆ خواردنی بەرقلیانی، سەیمیران بە تێرامانێکی شاهانەوە مەلەکەی بەختەوەری نایەوە سەرتەخت و بەختی فەرمانڕەوایی. لەپاش شەش ساڵ بۆ یەکەمجار تروسکەی شادی گەڕایەوە نێو بنەماڵە و خۆشی کەوتە نێو خاوو خێزان و باوک و فەرزەند بە دەوری یەکدییەوە کۆ بوونەوە، ئەوانیش وەک گوڵێک ئاوی لە بن بکرێ تێکڕا گەشابوونەوە و چیوایان شادی و خۆشی لە دایکیان کەمتر پێنەبڕابوو. گلارە و بیژەن خەریکبوون خۆیان ئامادە دەکرد بەرەو قوتابخانە وەڕێ بکەون. خۆیان دەخلافاند، تۆمەز ئەوانیش کەوتبوونە شکەوە، بەڵام ئاسکە حەزی نەدەکرد جێژوان هەروا وشک و برینگبێ، هەربۆیە لە حەولی ئەوەدابوو هەریەکەو بە بیانووی کارێک ڕەوانەی پەسیوو پەنایەکیان بکاتن. ئەو ژنە هەناسەساردە زۆر لەمێژ بوو بە تاسەی ڕامووسانێکەوە دەسووتا و هەڵدەچۆقا، بۆیە بە زمانی ڕەمزاوی میرانی تێدەگەیاند سەرێک لە ژووری میوان هەڵبێنێ، بەڵکوو بە ئاواتی دڵی بگات و لێوی بارگرتوویی پاراو ببێتەوە. ماچێک مۆری بەختەوەری و کلیلی دەروازەی دڵ بوو. بۆ دامەزرانی هەموو ڕاستییەکان، لەو هەلومەرجە ناسک و ئەستەمەدا بوو کە تەقتەق لە دەرگای حەوشەیاندا، دەقیقەیەکی پێنەچوو لە نێوان سەرسووڕمانی تەواویاندا، میرزانەبی بەدوای ئەویشدا هوما، هاتنە حەوشە، میرزا نەبی ئەوەندەی بە هەڵکەوت، دەهات بۆ ئەو ماڵە ـ سەیمیران لە ماڵبا و لە ماڵ نەبا هەروەک هەمیشە پیشەی خۆی بوو یەکسەر خۆی دەکرد بە نێو ژن و منداڵەکاندا و دەچووە ژوورێ. لەوێ ئاسوودەتر بوو تاکوو لە ژوورەکەی هوما، ئیتر ئاسکە بە دیتنی ئەم دیمەنە، وەک دەڵێن لەجێی خۆی وشک بوو، کە هوما بە شەرمەوە بە پلیکانەکاندا دەهاتە سەرێ، وەکئەوە وابوو مەلەکەالموت لە چەقی دەرگا بەرەوروویی ڕاوەستابێ تەزێکی سارد سەرتاپا جەستەی بڕی تەواو ڕەنگی بوو بە جاوی سپی و هەستیکرد هەناوی داکەوت. تەماشایەکی میرانی کرد. ئەویش ڕەنگی بزرکابوو.

سەیمیران بە حورمەتی برادەرەکەی بە ئاستەم لە شوێنی خۆی جووڵەیەکی کرد و دانیشتەوە، هەرچەند ڕووی کردبوو بەولاوە بەڵام زۆر بە کاڵی و ساردوسڕی ئەحواڵپرسی لەگەڵ کرد. کاتێ بەرەوژوور هەڵکشا و پاڵی بە دیوارەکەوەدا، ئەدگاری بڵێسەی لێبەرز بۆوە، ئاسکە ئەگەرچی لەووەختەدا وایدەزانی دنیای بەسەردا ڕووخاوە، ئیستیکانە چاییەکەی لە بەردەم دانا و گوتی:

ـ لەوەدەچێ مەشەدی بەرقلیانیت نەخواردبێ؟

میرزا نەبی زەردەیەک گرتی و تەواو خۆمانە و نەختێکیش شەکەت و ماندوو گوتی:

ـ جا کەسێک بەم بەیانییە ڕاست بووبێتەوە سەرو دڵی خەڵکی گرتبێ لەکوێ بەرقلیانی خواردووە، هوما،ش هەروەک من، هوماخانم ئەی تۆ بۆچی لە بێڵایە ڕاوەستاوی؟ وەرە ژووری کچێ خۆم، خۆ نامۆیان لە نێودا نییە، شەرم لە مێردەکەت دەکەی؟!

هوما شەرم و پەشیمانی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. هاتە ژووری، لە بنەوە تەماشایەکی میرانی کرد و لەلای خواردەوە ڕۆنیشت. میرزا نەبی، شەکری چاییەکەی شێواند و بە زمانێکی باوکانە پرسی:

ـ لەبەرچی ئەم ئافرەتە تۆراوە؟

سەیمیران چاوی دەرپەڕاند و میوانەکەی لە تەنیشت خۆی بوو ڕووی تێکرد. سەرکوڵمەکانی لە حەژمەتان ببوون بە سکڵی سوور، ئاسکە وشک و بێواز، بە ترسو لەرزەوە هەوڵیدەدا، حورمەتی میوان بەجێ بێنێ پەڕییە نێو قسەکانییەوە:

ـ ئێمە باوەڕمان نەدەکرد ئاوا زوو لە هەرسین بگەڕێیەوە؟

ـ منداڵانم نەهێناوەتەوە، تەنیا هاجەر نەبێ ئەویش نەخۆشە و ناچار هاتینەوە بۆ شاری، پێرێعەسر هاتینەوە نێوشار، (لێرەدا ئاماژەی بۆ هوما کرد) نازانم بۆچی ڕۆستەم دیارنییە، هەربۆیە بۆی بە پەرۆشم، بەو ترومبیلەی بەیانی، ئێمەی هێنا، لەبەر ئەوەی جێنەبوو، بەجێما. مەحتەلە لەگەڵ خێزانی بە ماشینێکیتر بێ، ئەگەر هەرنەبوو بە وڵاغە بەرزە دێن، خۆزگە پیاو بۆخۆی نەخۆش بێ بەڵام نەخۆشی نەبێ! ئەمیش نەخۆشێک بە بای ساردو گەرم لەخۆ دەبێتەوە، هەنووکەش بۆم ڕوون نییە بەم هەموو خەرج و مەرارەتییەوە دەژی یان دەمرێ، نە ئەوەیە چاک ببێتەوە بێژم خاسە، نە دەشمرێ، بڵێم مردو تەواو بوو. دوای ئەمەش لە ماڵێ هاتمە دەرێ، بەڵکوو دوکتۆر بەرم بۆلای، ئەگەر کرا کەسێکیش بنێرم بە شوێن ئێوەدا، هەرچەندە دەشبێتە عەزیەت یەکدوو شەو لەگەڵ منداڵەکان لەوێ بمێننەوە، لەپڕ ئەوەم دیت چارشێو بەسەر لە کۆڵانەکەدا، دەبێ بێژم ئەو منی دیت، منی بێچارە لە کاتی ئاساییدا کەس ناناسم چبگا بەوەی کۆڵێک ژان و قوڕبەسەریم بە تووشەوە بێ، وتم بۆکوێ دەچێ، وتی دەهاتم بۆ ماڵی ئێوە، لە من وایە ئێوە زانیوتانە خێزانم ناساخە، دێن بۆ ئەحواڵپرسی هەرئێستا مەشەدی دەگاتە لای هوما، بێئەوەی زۆری لەسەر بڕۆم ـ هەڵبەت، گەورەیی خۆم بەجێ نەهێناوە هەتا ماڵێی لەگەڵ هاتمەوە، بەڵام

بێخەبەر لەوەی هوماخاتوون قەڵس و تووڕە و تۆراوە، هەرئەوەندە گەیشتینە بەردەرگا، خانم ملینا لە گریان، منیش واقم وڕما و نەمزانی چیبکەم، تەنیا بە دەوروبەری خۆمدا دەڕوانی تائەوەی بە پێی خۆی هاتووە، ئێستاش دەیهەوێ بگەڕێتەوە، بەڵام نازانێ بۆکوێ. دەیباشە، دایکتچاک، بابتچاک، چیبووە؟ چیقەوماوە؟ قورئانێکی بەرباخەڵی هێنادەرێ و گوتی: ئەگەر دەتەوێ داڵدەم بدەی تاکوو حەوتەیەک مەهێڵە مەشەدی بزانێ، نەکەی بمبەیتەوە بۆلای، ئەگەر ئەو پیاوە منی دەوێ دەبا سەروبنی ئەم شارە لەدووم بگەڕێ، ئەمەش تۆڵە لێکردنەوەیەکە، ئیتر چ لەوە باشتر بەبێ ڕوودەربایستی لە ئەموئەو تەڵاقم بدات و وازم لێبێنێ. ئابەمە دەڵێن فکری منداڵانە، وتم من لەجێی باوکی تۆم بەڵام وەختێ ژن ڕقی لە مێردی هەڵدەستێ مافی ئەوەی نییە بە تۆراوی بچێتەوە ماڵی بابی، دەڵێ لێیداوم، گوتم، خۆ جەستەی تۆ شووشە بلوور نییە لە لێدانی مێردەکەت بترسێ! ویستم هەر ئەوشەوە لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە، وەک منداڵێک هەواڵی مردنی دایکی بدەنێ دیسان دەستیکردەوە بە گریان و نووکە نووک. دەڵێ ئەگەر کەسێک لەو دەرگایەوە بمباتەدەرێ من لە سەربانەوە ڕادەکەم! زۆر بە هەڕەشە و گوڕەشەیە، بیرم کردەوە خوانەخواستە نەکا شتێک لەگۆڕێدا بێ و پێیخۆشنەبێ لەلای ئێمە دەنگ بکا، لە بەخت و ئیقباڵی من، سات لە دوای سات حاڵی هاجەر خرابتر دەبوو، بێسەرو زمان لەولاوە کەوتبوو، دەبوو کەسێک هەمیشەی خودا لە ژوورسەری بێ.

ئەوەی ڕاستیبێ هوما یەکەم شەو لە ماڵی گۆرانیبێژەکان مابۆوە، ئەمەش با لەم چیرۆکەدا دیزە بە دەرخۆنە بکرێ، ئیتر بۆ شەوی دوایی خۆی دەگەیەنێتە ماڵی ئاشنای مێردەکەی، بەڵام هەر ئەوشەوە بەخت یاری دەبێ و نە شەوێکیتر لە هەرسینەوە دەگەڕێتەوە، کەچی ئەو خانمە کاڵ و گەنجە بۆی گرینگ بوو کەس نەزانێ ئەوشەوە لەکوێ بووە، بە میرزا نەبی وتبوو هەرئێستا لە ماڵی میرانەوە دێت، ئەو پیاوە ئەوەندە شل نەپێچرابۆوە، بە سەرو بنی ئەم کارە نەزانێ، بەڵام لێرە لە نێو ئەم خاوو خێزانەدا مەبەستی بوو عەیب و ناحەزییەکان وەشارێ و قاو بڵاو نەبێتەوە، دەنا ئابڕووی سەیمیران دەچێ، ئەو میرانی بۆ گرینگ بوو نەک هوما، کەچی ئەم کارە بووە هۆی دڵپیسی و زەنینی میران سەبارەت بە خۆی.

میرزا نەبی جگەرەیەکی داگیرساند و دوای بێدەنگییەکی کورت زۆر باوەر بەخۆیانە درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ هەر ئەو ڕۆژە بەیانی، ویستم خەبەرت لێبنێرم، بێی بۆ ئەوێ، کەسم وەدەست نەکەوت، منداڵەکانیش لە هەوێڵدا نەبوون. ماقووڵی نارەسەنیش وەختێ ویستمان بێین دیار نەبوو هەروا دەرگای پێوەدابوو نازانم لەکوێ ملی خۆی شکاندبوو، تازە کاتێک کە هاتەوە دەستێکی شکابوو، ئەمیش بۆم بوو بە سەرباری دەردان، ئەوەندە عاجزی دەکرد و دەینالاند، تەنانەت دەرد و مەرگی خۆمم لە بیر چۆوە، بەبێ ئەوەی کارێکم لە دەست بێ بێدەسەلات دەهاتم و دەچووم، بەلام چیدەکرێ قەزاو قەدەر وایە! ئیتر سپاس بۆخوا، ئەگەر هوماخانم لەوێ نەبوایە هیچمان لەدەست نەدەهات و ئەویش دەمرد.

سەیمیران وەک ئەوە وابوو بەسەر ئاگرەوە دانیشتبێ، زوو زوو دەست و پلی خۆی هەڵدەگوشی لە پەنای دیوارەکە هەستابووە سەرچۆک، لە ژێر لێوەوە پرسی:

ـ ئەگەر وابێ ئێستا باش بووە؟!

بوغز و قین چنگیان لە هەناو و ئەوکی توند کردبوو بە زەحمەت ڕێگەیان پێدا ئەم ڕستەیە تەواو بکا، هەردوو ژنەکە حاڵی بوون ئەم قسەیەی تەشەر و ناخوونەک بوو، میرزا نەبی لەو ساتەدا لەگەڵ ئاسکە قسەی دەکرد، وتەکەی میران بە بنگوێیدا تێپەڕی، ئاسکە، لە ئەحواڵی خاتووهاجەری دەپرسی، دیاربوو، ئەو ژنە نەخۆشە هەر ئەوشەوە منداڵی چوارمانگانەی لەبار چووە. سەیمیران بەبێ ئەوەی گوێ بداتە خەم و پەرێشانی هاورێکەی، ئاوا درێژەیدا بە وتەکانی:

ـ بەلام خۆشبەختی بێ، یان بەوبەختی، ئیتر کار لەکار ترازاوە، ئەوەی نەدەبوو ببێ بوو! هەروەکوو چۆن ویستی خۆی بوو، ئاوام کردووە، تازە نە ئەو خێزانی منە و نە منیش مێردی ئەوم. ژنێک ـ ددانە تاقمەکەی خوارەوەی لەقی و خەریکبوو دەرپەڕێ، کەچی خێرا چوونەوە سەرجێگای خۆیان، ئەوەندە بە قینقارەوە سەیری هومای کرد، هەموو وایانزانی هەر ئێستا تێیدەسرەوێنێ، بەلام هەروەک خۆی وتی تازە کە ئەو مافێکی بە سەریەوە نەماوە و تەلاق داروە چۆن دەتوانێ دەستی لێبەرز بکاتەوە؟ـ میرزا نەبی بە ژنەوتنی ئەم وشەیە لەپڕ داچڵەکا، باوەڕی نەدەکرد شتیوا بووبێ. نیگای لەسەر هوماوە گواستەوە بۆ سەیمیران و ئاسکە، بێئەوەی ڕووی قسەکەی لە کەسێک بێ گوتی:

ـ چۆن شتیوا دەڵێی، ئەمەش بوو بە قسە کردت؟ بیژەن تۆ بێژە بابت هومای تەلاق داوە؟!

بیژەن نێوچاوانی تێکنابوو، هەرچەندە لێینەدەکالاوە، سەرێکی بۆ لەقاند.ئاسکە بۆئەوەی قسەکە بگۆڕێ لێیپرسی:

ـ ئەرێ مەشەدی، نەبی، جارێ پێمان‌بڵێ هاجەرەخاتوون چۆنە، ژن حەفتا زگ بکا، بەڵام دەنکێکی لەبار نەچێ، دایمە پەرێشانی ئەو منداڵە بەستەزمانە بووم، چبکا نەخۆشە، زگەکەی بۆ هەڵناگیرێ، کاروباری قورسیش لەوێ ڕاوەستێ، دەبێ بڵێم، میرزا نەبی، خەتای تۆ بووە، بیرێک لە وەزع و ژیانی ئەو ژنە ناکەیتەوە، هەر نەبێ قەرەواشێکی بۆ بگرە، ماقووڵی لەوەی زیاتر زەحمەتی زۆری بۆی هەبێ چ دەردێکی لەسەر سووک دەکا؟

ـ ئەرێ من قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆمدا، دایکی بارام؟ ئەوم بردبووە ماڵی باوانی چەند مانگێک لەوێ بحاوێتەوە و دەست لە ڕەش و سپی نەدا، هەتا ئاوای لێهات، خۆ هەرسینی کاولبووش ئینسان لەوێ گیانی دەربچێ حەکیمێکی لێ دەستناکەوێ، هەڵمگرت و هێنام بۆ شار، لە ڕێگا حاڵی خراپ بوو، ئێستاش بێ‌سەرو زمان لە جێگادا کەوتووە، ئەوەی دەیخوات خێرا دەی‌هێنێتەوە، مەحتەل ماوم نازانم چی لێبکەم؟!

قسەو باس هەمووی هات و لە دەوری نەخۆشی هاجەر کۆ بۆوە، ئاسکە گوتی، هەر ئێستا سفرەی بەیانی کۆ بکەمەوە دەچم دیدەنی دەکەم، گلەیی کرد، بۆچی یەکەم ڕۆژ دەنگی نەکردووە، وەختێک کەسیان لە ماڵ نەبووە ڕۆستەم و ژنەکەی لە هەرسین مابووەنەوە، وەختێ نەخۆشەکەی هێنابوو بۆ شار، دەبوو بیهێنابایە بۆ ماڵی ئەوان، مرۆڤ لە وەختی ئاوادا بۆ یەکدی نەبێ، ئەی بەکاری چی‌دێ، خزموکەس، دۆست و ئاشنا بۆ ڕۆژێکی‌وا نەبێ بۆ کەی دەبێ؟ سەی‌میران لەو ماوەیەدا کڕوکپ ملی بە لارەوە نابوو سیگاری دەکێشا. تیخت لێدابا، خوێنی نەدەهات، هوما بە بیستنی ناوی تەڵاق وەک ژیشک وێک هاتبوو، دنیا بەسەر سەرییەوە دەسووڕاوە. هەر لەو عادوسەدەدا، ماقوڵی، نۆکەرەکەی میرزانەبی و لەلەی زارۆکەیان، بە هەناسەبڕکێ وەژوور کەوت، ئەو کۆسەیەی مناڵۆچکە دیاری‌دەدا، لە ڕاستیدا هەر بۆ خواجەیی حەرەم‌سەرای پادشایان دروست کرابوو، دەستی شکاوی چووبووە ئەستۆی، میرزا نەبی بە دیتنی دیمەنی ڕوخساری تێکچوو لێی‌پرسی:

ـ ها، ماقوڵی چیبووە؟

ـ خان، زوو بەفریا کەوە، خانمەکەت حاڵی باش نییە.

میرزا نەبی، ڕەنگی ڕوخساری بوو بە جاوی سپی، بە واقوڕمانەوە سەیری سەی‌میرانی کرد، دواین مژی لە جگەرەکەی‌دا، سووتووی جگەرەکەی کەوتبووە سەر قاڵییەکە، بە قوتووی شەمچەکە کۆیی کردەوە و هەستا سەرپێ، ئاسکە بەپەلە پیاڵە و ئیستیکان و سەماوەری لەگۆڕێ لابرد خێرا

چوو چارشێوە ڕەشەکەی دەستدایە، سەیمیران حەقی بوو ئەگەر ساردوسڕ بێ، وەختێ میران و نەبی لەگەڵ ئاسکە لە دەرگای وەتاغێ هاتنەدەرێ، میرزا نەبی گەڕایەوە و بە چاو پرووشەدارەکانی لە هوما ڕاما و گوتی:

ـ کچی خۆم، جارێ تۆ لێرەبە، بڕێکێش ئەم ئەداو ئەتوارەت وەلانێ، ئەگەر دەتەوەێ وەک کەیخوداژنێک بژی، بەمجۆرەی تۆ دەیکەی وانابێ، ئەم عادەتەت تەرککەی چاکە.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ نیوەڕۆ، سەیمیران و ئاسکە هاتنەوە ماڵێ، هاجەر بە ئانوساتی مابوو گیان بە ڕاسپاردەی یەزدان بسپێرێ، هەرچەندە مێردەکەی دوکتۆری بۆ هێنابوو بێجگە لەویش یای سۆغرا، مامانی گەڕەک بە ئەزموونی بیست ساڵەیەوە، ئەوەی لە دەستی هات درێخی نەکرد. ئەو ژنە نەخۆشە، دوای ئەوەی پێنج منداڵی سەرو پێچکەی خستەوە و بێئەوەی بزانێ چۆن گەورە دەبن، دنیای بێوەفای بەجێ هێشت. دەڵێن مەرگی ژن هەرەس بە کۆشکی شادی مێرد دەهێنێ، بۆیە میرزا نەبی، وایدەزانی دنیای بەسەردا ڕووخاوە، بەڵام بابێین بزانین ئاسکە کە ژنێکی بێگانە بوو چ دەورێکی هەبوو لەو کارەساتەدا! میران و ئاهو سێ ڕۆژی تەواو لە ماڵی میرزا نەبی دانیشتن، براکەی میرزا نەبی و باوکی هاجەر لەگەڵ خەڵکێکی زۆری هەرسین بەم هەواڵەیان زانی و لەم پرسە و سەرەخۆشییەدا بەشدارییان کرد. لە ماوەی ئەم سێ شەو ڕۆژەدا، ئاسکە بیژەن و مەهدی کە لەوانیتر چکۆلەتر بوون، لەگەڵ خۆی بردبوویی شەوانەش لە ماڵێ، هوما بۆ نوستن دەچووە ژوورەکەی خاتووخورشید، لە ژۆرێشدا بە نان و خواردنی منداڵەکان ڕادەگەیشت ـ ئەوشتەی ئاسکە لە وەختی گرفتەکاندا بە دڕدۆنگی و نیگەرانییەوە بۆی دەڕوانی.

سێیەم ڕۆژ لە کاتی فراوێندا، میران و خێزانی هاتنەوە بۆ ماڵێ و خاڵۆ کەرەم لە چۆغە سپییەوە هاتبوو بۆ شار. هەواڵی تۆران و هەڵاتنی ئامۆزاهومای پێگەیشتبوو، هاتبوو بزانێ هاتۆتەوە یان نا، سەیمیران لەگەڵی لالووت بوو. پێشئەوەی هیلاکی ڕێگەی دەربچێ و ئارەقەی نێوچاوانی وشک ببێتەوە، وەختێ زانی هوما لە دیوەکەی خورشید هاتەدەرێ، ئەم تۆرانەی بە شەرمێکی مەزن دەزانی، هەڵمەتی بۆ برد تاکوو بە دڵی خۆی بێزاری بکا، ژنگەلی دەروجیران زوو فریا کەوتن نەیانهێشت تۆزێک بیڕفێنێتەوە، کاتێک زانی مەشەدی تەڵاقی داوە گوتی:

ـ لەبەردەستی مەشەدی بمرم، ئەو ژنە ڕێیی ناکەوێ لەم ماڵەدا بێ، حەیفە نانی گەنم بیدەم بەم ئافرەتە بیخوات، ئەوە بۆ پیاوی پیاو نابێ شتیوا ئەبێ نان و شەقی بدرێتێ، هەر بۆ حاجیبەننا باشبوو، یان دەبوو ماڵانگەڕی کووچە و کۆڵان بێ، سوێند بەم تیشکی خۆرە ئیتر لەمەولا بشمرێ

کارم بە کاری نییە، لێیگەڕێن هەرچی بەسەری دێت گۆڕ و گیانی بێ، بەڵام تەنیا دەمەوێ بزانم ئەو دوو شەوە لەکوێ بووە. کەسێک قەدرو حورمەتی خۆی نەزانێ و هێندە بێکیفایەت بێ، هەر بۆ مێخانە باشە!

هوما، لە ترسی ئامۆزا کرەم، لە خەڵوتییەکەی ماڵی خورشید، خۆی حەشار دابوو، لەو نێوەدا تەنیا خاتووخورشید نێوبژی دەکرد و لە چەقی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو ڕێگەی بە خاڵۆکەرەم نەدەدا، خورشید بە هۆیی ئەوەی ڕۆژی هەینی بوو دەستی لە کار کێشابۆوە، ئاغاجانی مێردی حەوتوویەک بوو لە ئاشی کاری دەکرد و شەوانە نەدەهاتەوە بۆ ماڵێ، خورشید وتی:

ـ ئەو دوو شەوە، هوما چووبووە ماڵی میرزا نەبی ئاشنای مەشەدی میران.

ئەکرەم بە بزەیەکی تاڵەوە، لەگەڵ خۆبادانێک خۆی خستە پشت خورشیدەوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ چووبوو ئەو ژنە چارەڕەشە بدا بەدەم گورگەوە، هەناسەساردە وایدەزانی مێردەکەی دڵدۆڕاویەتی و...

ئەم دەنگۆیە دوای مردنی هاجەر کەوتە دەمی ژنانەوە، ماقوڵی نۆکەری میرزا نەبی ئەوەی هەبوو نەبوو لەکن ئاسکە باسی کردبوو:

ـ خان، وەختێ چاوی بە هوما کەوت لە بیری چوو بچێ بە شوێن دوکتۆردا.

ئەو پیاوە بە چل ساڵ تەمەنەوە هێشتا ڕەبەن بوو، خووخدەی کچۆڵانی هەبوو ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ شەرمێونی ئەو. پێڵووی لەسەر یەک، داناو بە شەرم و ڕەنگتێکچوونێکەوە ڕووی وەرگێڕاو درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ دایکی مەشەدی بارام، پێتخۆشە باوەڕ بە قسەکەم بکە، پێت خۆشنییە مەیکە، خانم لە هەرسینەوە کە هات بۆ ئێرە حەلەمی نەبوو، هەرچاوی بەو ژنە کەوت ڕۆحی ڕۆیی.

ئەمەش بۆخۆی دەستکەوتێکە وەک ئیلهام لە تەرەف ژنانەوە، وەک دەڵێن قەل خەبەری بۆ هێنابوو، ئەمە ئیتر ڕازێک بوو لە ژێر پەردەدا مایەوە، ڕەنگە هەرئاوا بەرپێوار وەمێنێ، دەیانگوت، میرزا نەبی، لە مدبەخەکەدا باسکی ڕووتی هومای گرتووە بە گوێدا چرپاندووە: تەڵاقی خۆت وەربگرە، منەتت دەبم تۆ بۆ من چاکی.

درۆ و ڕاستی بەوەدا مەعلووم بوو، وەختێ هوما دەچێتە ماڵی میرزا نەبی کراسە بێقۆڵەکەی لەبەردا نابێ، بەڵکە قەسرییەکەی لە بووخچەدا پێدەبێ و دەیکاتە بەری، دوای ئەوەی لە ماڵی

تارژەن و گۆرانیبێژەکان، دێتەدەرێ، بەتەمای ماڵی میمکە بیبی دەبێ، ئەو کە زاواکەی پیاوێکی ساکار و ئیماندار بوو، هەرچەندە وێنەدەچوو قەت سەری بە فەڕزی خودا دابێ، لە چاکی و بێغەشی ئەودا کەس دوودڵ نەبوو، بەڵام وەختێ لەگەڵ میرزا نەبی لووتیان بە لووتی یەکدیدا تەقییەوە، ئەوکاتەی لە هەرسینەوە گەڕایەوە، فکرێکیتر هاتە سەرمێشکی، ئەم فکرەش لە بوونی هوماوە سەرچاوەی دەگرت، کە دەبووە هۆیی چاوچنۆکی مێردەکەی، هەموو بیریان لەوە دەکردەوە بزانن ئەم دەنگۆیە چەندی ڕاست و چەندی درۆیە، ئەگەرچی میرزا نەبی پیاوێکی بە بڕشت نەبوو، وەک پێشینە دەڵێن، هەر قسەی هەبوو، بۆخۆی لە ئەشق و ئەویندا دەریایەک بوو کە تەنیا خودا بە قوڵایی ئەوی دەزانی، هیچوەختێ دەرگای دڵی بۆ کەس نەدەخستە سەرپشت، هەروەک ئاسکە دەیگوت، هەمیشە لەوانە بترسە مات و بێدەنگن. ئەو پیاوە سەری چووبا، نوێژی نەدەچوو، هەروەک بە ئەدگاریدا مەعلووم بوو، گورگ بوو لە کەوڵی مەڕدا، سەیمیران لە پێشدا و هاجەریش دوای ئەو بەر لە مردنی دەیانزانی چەندە بە ئاواتی ئافرەتێکی شلک و ناسک و جوان و جحێڵەوەیە، هەڵبەت ئەو دوور بوو لەو باسەی تارتووفی هەڵخەڵەتێن وچاوبەست مولێر لە چیرۆکەکەیدا، ناوی هێنابوو، بە ڕواڵەت خۆی لە جبەی سۆفیگەری پێچابوو، بە بەرچاوی عامەوە تەنافی یەزدانی توند گرتبوو بۆ خەڵکیش ببووە جێی بڕوا، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا دڵی گوڵی بکردایە کۆپلە شێعرێکی لە قائانی، هەجوو حەنەکێک لە زاکانی یان ئیرەج میرزای دەزانی دەیدا بە تەنگەی دۆستاندا و چاوی دەنووقاند و لەبەرخۆیەوە پێدەکەنی، زۆرجاریش گازەی دەکرد و لە پەسن و پێداهەڵدانی ئیمامان و پیاوخاسان ڕادەچوو، بەتایبەت لە دە ڕۆژەکانی عاشووڕادا، بێدڵی کەسی نەدەکرد و گوێدێرانی دەلاواندەوە، زۆرجار لەلای سەیمیران و هاجەر بازاڕی جەفەنگی خۆش کردبوو:

- کابانە پیرەم ناتوانێ بە کاروباری نێوماڵ ڕابگا نەخۆشە و پێویستە خەریکی پشوودان و حەسانەوە بێ، بەتەمام لەمەبەولاوە بەردەستێکی بۆ بێنم. «هەر بەم دەمودەستە.» هەڵبەت تاکوو هاجەر مابوو، قەت ئەم شتە نەدەهاتە پێشێ، چونکە میرزا نەبی قسەو کرداری کێویان نێوانبوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمان بوو، ئەم ژنە نەخۆشە، هەمیشە بەمڕستەیە وەڵامی ئەدایەوە:

- ئۆی پیاوەکە، ناحەقت ناگرم، تۆش نانێکت لەگەڵ سەیمیران خواردووە، بەڵام هاجەر نامێنێ ئەم ڕۆژە بە چاو ببینێ.

ئیتر وەختێ خاڵۆ کەرەم لەبەر بێڵایە واوەهات و بەرۆکی خاتووخورشیدی بەردا، هاتەوە بۆلای سەیمیران، بە دوای ئەودا دەنگی گریانی هوما بەرز بۆوە، سەیمیران، میرانە جگەرەکەینا بەلای لێوییەوە، میوانەکەی شقارتەی بۆ لێدا، هاوکات لەگەڵ ئەو سەبیلەی داگیرساند و گوتی:

ـ موقرایی دابێت! ئەو نازانێ ژن تەنیا بۆ سەفەری حەج مافی ئەوەی هەیە بەبێ ئیزنی مێرد سەفەر بکا و لە ماڵ بچێتەدەرێ ئێستاش لێیگەڕێ گۆڕی گیانی بێت! دەبا لە برسان بمرێ، بیستوومە دەڵێن بێئیزنی مێرد هەنگاوێک بۆ ژن دەرگایەکی دۆزەخ بە ڕوویدا دەکرێتەوە، دەنا وانییە مەشەدی، تۆ باشتر ئەمە دەزانی؟

ئاسکە بە بیانووی کارەوە لە ژوورەکە چووە دەرێ، لە ژێر لێوەوە بۆڵەیەکی لێوەهات:

ـ واشمەزانە، بە دڵنیاییەوە لە برسان قڕی نایەت، ئەگەر کەیفی بێنێ، تۆ و برا برسییەکانیشی بەخێو دەکا، ئەم گریانە درۆ و دەهۆیە، تۆ وەک منی ناناسی، ئەوە کونە مەکرە، نەک قوڕبەسەری!

نانی نیوەڕۆیان خوارد و چاییش بە دوایدا کەس باسی تەڵاقی هومای نەکرد. خاڵۆکەرەم باسی خەلەو خەرمانی ئاواییگەلی خالیسەی هێناگۆڕێ، مەڕو ماڵاتی ئەوان لە زۆزانەوە گەڕابۆوە، بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو ئەوان شوانکارەیان گرتبوو، ئەم ئێرەیی و بەرچاوتەنگییە بێوێنەیەش لەلایەن خاوەن ئارانەکانەوە لەم دەڤەرە هەواڵێکی خۆش نەبوو لەم ساڵەدا، بڕیار وابوو ئاوبەند و سەددی ڕوانسەر دروست بکرێ، ئەمەش بۆ کاری کشتوکاڵ لە بەرژەوەندی ئەم گوندانەدا بوو، کوێخا وتی بەتەمابووم نۆکت بۆ بێنم، بەڵام ئەم هەواڵەی هوما لە بیری بردمەوە، دامناوە بۆ جارێکیتر. بەڵام کیسەیەک توتنی داتەقاوم بۆ هێناوی. خێرا هەستا و لە توربێنەکەیدا هێنایە دەرێ و دایەدەستی، سەیمیران تەکیدا بەلای شەڕو شۆرەوە و گوتی: دەوڵەتی ئاڵمان هێرشی کردۆتە سەر لهێستان، نرخی گەنم و جۆ و زۆر شتیتر زۆر بەرز بۆتەوە، بازاڕی ڕەش جزەی لە خەڵکی هەستاندووە، پیران نیگەران و گەنجان چاوەڕێی ڕووداوی تازەن. بۆنی باڕووت و هەرای جەنگ لە هەموولایەکەوە هەست پێدەکرێ، سەیمیران شتێکی لە شەڕی یەکەمی نێودەوڵەتان لە بیر بوو. قاتیو قڕی، تاڵان و بڕۆ، کوشتو کوشتاری گیانلەبەران بە خۆڕایی لە نێوشاردا بە چاوی خۆی دیتبووی گوتی:

ـ یاخوا شەڕو شۆڕ نەکەوێتە نێودەوڵەتانەوە، ئەم خەڵکە هەژارە بە دارو نەدارەوە تێدادەچێ، بەرلەوەی خەڵکی لاوە بێن و بمانخۆن، خۆمان لە یەکدی دەبینە خەڵکی خۆخۆر، خەڵک ناڕازی

وەرزێڕ قەڵس و تووڕە، کەس بەکەس و بڕفێن بڕفێن پەیدا دەبێ، کەس وەرزێری ئێمەی نییە، بەڵام لەگەڵ حکومەت سازگار نین. (ماڵ بە ژنی باشەوە ئاوەدانە و مەملەکەت بە حاکمی ژیر و عادڵەوە.)

لەسەر ئەم بابەتە قسەو باس درێژەی کێشا، سێبەری دوانیوەڕۆ بە گاکۆڵکە کردن گەیشتە پێشۆرکەی حەوزەکە، منداڵان هەر ئەو ڕۆژە ناونووسیان کردبوو چوون بۆ فێرگە. حەسارەکە دەتگوت ئاشە و ئاوی کەوتووە، لەوکاتەدا کە ئاسکە چووبووە مدبەخەکە بۆ شێو سازکردن، نەشیدەتوانی نەچێت، خاڵۆکەرەم، دوای ماوەیەک بێدەنگی ڕووی کردە میران و لێیپرسی:

ـ مەشەدی، بەراستی هومات تەڵاق داوە؟

سەیمیران قوتووی جگەرەکەی هەڵگرت و لە وێنەی پشتەکەی ڕاما، وەکئەوەی ئەوە یەکەمجار بێ دەیبینێ، دیسان گرێی نێوچاوانی چوونەوە پاڵیەک، بە شەرمەوە جواوی داوە:

ـ کەیخودا، بەو کارە دزێوانەی مەجبووری کردم.

ـ من ناچمە نێو ڕیشەی کێشەکەوە، بەڵام دەزانی چۆنە مەشەدی، ئەوکارەی تۆ لە نێو خەڵکدا خەتای ئەو ژنە گەورە دەکاتەوە، هەر ئێستا لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە، خەڵک بە چاوێکیتر سەیری شتەکە دەکەن، ئەمەش بۆ ئێوە جوان نییە، ئەوانەی تۆیان خۆشناوێ دەمیان دەکەنە دەهۆڵ: ئەرێ، دەبێ ئەو ژنە شتێکی لێ ڕوودابێ، سەیمیران پێیقەبووڵ نەکرا و خێرا تەڵاقیدا، ئێستاش من و تۆ زۆر باش دەزانین، هوما هەرچییەکە حیز نییە، هەر خۆت ڕایەک قسەیەکی زۆر جوانت کرد، ئەو ژنە ساویلکەیە دەبێ وەک مناڵ ئاگاداری بکەی، هۆشت پێیەوە بێ، مەشەدی، ئەگەر تۆ ئەو ژنەت بکوشتایە، لەسەر خەیایەکی کە کردوویەتی و لەبەر هەڵەو هەرزەیی و نزمفامی، من کە ئێستا لە جێی باوکی ئەوم، پیاوێکی وانیم وستەم لێوەهاتبایە، بگرە چەقۆکەی دەستی تۆم لە گیرفانی خۆمدا دەشاردەوە، بەڵام ئەو تەڵاقدانەی تۆ جۆرێکیترە، من ناتوانم دەستی بگرم و بیبەمەوە بۆ ئاوایی، ئەم کارە نێوو ناتۆرەی خراپی لێدەکەوێتەوە، مەشەدی تۆ ئەمە لە من باشتر دەزانی، ئەگەر دەزانی هوما خەتایەکی کردووە، گۆشاوگۆش سەری ببڕە بەڵام تەڵاقی مەدە!

سەیمیران بێدەنگ و مات بوو، لە ڕاستیدا ئەویش فکری لەم شتانە کردبۆوە، ئەو بە وردی چووبووە بنجو بناوانی کارەکەی، خۆ ئەگەر بەم فکر و زکرەی خۆی نەکردایە بۆچی هەر ئەو ڕۆژە بە هۆیی تووڕەبوونەوە دەچێتە دەفتەرخانە و ژنەکەی سێتەڵاقە دەکا، وەختێکیش دێتەوە بۆ ماڵێ لەلای گشت خاوو خێزان زۆر بە ساکاری دەڵێ تەڵاقمداوە؟ چەند دەقیقەیەک دواتر بە بیانووی

کاری ئاودەست چووە حەسارێ و لە گەڕانەوەدا خۆی گەیاندە بەردەرگای ژوورەکەی خورشید، لە دەمدەرگای دالانەکە، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

ـ پێی‌بڵێ ئەم گریان و نووکە نووکە بەکار نایەت، ئامۆزاکەی هەر ئەمشەو لێرەیە، خۆی کۆ بکاتەوە و لەگەڵی بڕواتەوە بۆ چۆخەسپی.

چووەسەر پێشۆرکەی حەوزەکە و دەستنوێژی شۆرد و هەمدیسان گەڕایەوە، نزیک بەرهەیوانی ژنی جیرانەکەی:

ـ منیش ئەوانەی وتبووم هیچشتێکی پێنادەم، پەشیمان بوومەتەوە، هەرکە لە نوێژەکەم بوومەوە، با بێتە ژووره گەورەکە و چیگەرەکە بیبا بۆخۆی.

دەنگی تێکەڵ بە گریانی هوما لە ژوورەکەوە هاتەگوێ، دەیگوت:

ـ کوڕەمام مرد و چۆخەسپی ئاو بردی، بەسەر سەری هەموویاندا وێران بوو، من ئیتر نە ئامۆزام هەیە و نە دەشزانم چۆخەسپی لەکوێیە!

سەی‌میران نەیتوانی لە دڵی خۆیدا پێی‌پێنەکەنی، بە پلیکانەکاندا چووە سەرێ، حەزی‌دەکرد لە وەختی ئەم قسانەدا چاوێکی لە هوما بێ، مەسحی لاقی کێشا و پێڵاوەکانی کردەوە پێی، ئاوەچۆڕەی دەستی بە ئانیشکیدا هاتەخوارێ، بە لەبزێکی زبرەوە گوتی:

ـ جارانیش نەتبوو، یان هەر ئێستا نیتە؟

ـ هەر قەتم نەبوو، یاڵلا، بێنە کلیلی ژوورەکەم بدەرێ، ها، ها، ها!...

سەی‌میران گەیشتە بەردەرگای ژوورەکە، هوما دەستی لە ئەژنۆی هەڵپێکابوو، سێ‌کوچکەیی سەری لەسەر کەشکەئەژنۆی بوو، لە بنەوە تەماشایەکی کرد، ڕوخسارێکی نازدار و چاو پڕ لە ئەسرین، هەر لەوکاتی گریانەدا بەسەر جووڵاندنەوە گوتی:

ـ ئاخری کاری خۆت کرد، بەڵام ئەو مەستە و ئاگای لە خۆی نییە، ئەوە من نیم دەستی لەکۆڵ بکەمەوە، ها، ها، ها!...

خاتووخورشید کەمێ لەولاترەوە تەنیا خەریکی چایی‌خواردنەوە بوو، قاقایەکی کێشا هەڵبەت بەو نووکە نووکەی هوما پێدەکەنی نەک بە قسە مندالانەکەی، درۆ نییە ئەگەر دەڵێن قەت هەوێ دانوویان پێکەوە ناکولێ. بە تەوسەوە بە هومای گوت:

ـ هەتا ماوم، مەشەدی، ملم بە ملتەوەیە، ئێستاش کە گوویی پێخوراوە بیبەخشە و لە تاوانی خۆشبە، ئیتر من لەمەولا ئەم پرچە سپییەم لەکن تۆ بارمتە بێ، لە قسەت دەرناچێ و بەبێ ئیزنی تۆ قامک لە ئاو نەنێ، چبگا بەوەی بە سەروپرچی ڕووت و بە کراسی بێقۆڵ بچێتە دەرێ.

هوما لە بەینی گریانەکەیدا پێکەنی و سەری بچووکی بە نازو خەمزەوە کرد بە نێو کۆشیدا، خولەکێک دواتر سەیمیران و خاڵۆ کەرەم لە دیوەکەی خاتووخورشید پاڵیان دابۆوە، ژنی هاوساماڵ، لە سەرڕا سەماوەری خستەوەکار، سەیمیران مڕومۆچ، بەڵام لووتبەرز و سەرکەوتوو، لە پاش شەش ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ هوما، بۆ یەکەمجار دەرگای گلەیی و گازندەی کردەوە، لە دەست هاوسەری جوان و منداڵی، گلەیی و بناشتێک کە کۆتایی بە شەڕو قڕەی نێوانیان بێنێ، لەولاشەوە ئاسکە زۆر نیگەران بوو، ئەم بارە بە چ‌لایەکدا بکەوێ، وەک دانەی سەرساج هەڵدەبەزی، دەروژووری بە خۆیەوە نەدەگرت، لە ژوورێ دەچووە حەسارێ و لە حەساریێوە خۆی دەکردەوە بە ژووریدا، دەیزانی دەستی خورشیدیان پێدەگات و وێکدەکەونەوە، ئیتر ئەوەبوو خۆی بۆڕاگیر نەکراو نەیتوانی بانگی نەکاتە دەرێ بزانێ مێردەکەی لەتەک خاڵۆکەرەمدا لەو ژوورە خەریکی چ نەخشە و پیلانێکن. بۆچی خۆیان کردووە بەو دیوەدا، مەهدی و حەمەحسێن لە حەسارێ خەریکی یاری هەڵماتێن بوون، ئاسکە، چاوێکی لێمۆڕ کردەوە و بانگیکرد بۆلای خۆی، بە قەڵسی پێیگوت:

ـ پێمنەگوتی لەگەڵ ئەم هەتیوە یاری مەکە؟! ئەگەر تۆش سەرت بوو بە برین ئەوسا ناچار دەبی کڵاوی زیفت بکەیتە سەرت، ئیتر پێمنەڵێی خەتای تۆیە، باشە، وەرە کارێکم پێتە، ئەم دەمو لووتەت خاوێن بکەوە، بەسی هەڵقوڕێنە، بزانە دەڵێمچی، بابە و خاڵۆکەرەم چوونەتە ژوورەکەی خاتووخورشید، بۆلای هوما، من دەبێ بزانم ئەوان خەریکی چین، بە بیانوویی چاییخواردن بچۆ ژوورێ و لەوێ دانیشە، جوان گوێیان لێبگرە، بزانە باسی چیدەکەن، دوایە وەرەوە بۆمبگێڕەوە، زانیت چمپێگوتی؟ ئەوا من لێرە چاوڕێت دەکەم، لەم بەرهەیوانە، دانیشتووم، جوان گوێ ڕابگرە، بزانە بابت باسی چیدەکا، ئەوسا وەرەوە بە منی بڵێ.

ئیتر هەر لە شوێنی خۆیەوە کە دانیشتبوو گازی کردە هاوساماڵ:

ـ خاتووخورشید، مەهدی گیان چای نیوەڕۆیی نەخواردووە، ئەگەر چایەکەت ئامادەیە، پیاڵەیەک چایی بۆ تێکە ـ دەبرۆ دایکت بە قوربانت بێ لە بیرت نەچێ ئەوەی پێموتی!.

مەهدی دوای ئەوەی کە چووەژووریێ نیوسەعات، چارەکێک دواتر هاتەوە بۆلای دایکی، چاوەڕەش و گەشەی وەک ئەوە وابوو بە شەوارە کەوتبێ، هەر بۆیە ئاسکە هەستی بە زۆر نهێنی کرد، خێرا دەستی گرت و لە بەردەمی خۆی دانا و دەستی خستە سەرشانی و چاوی لە دەمی بڕی:

ـ قەزات لە دایکت زانیت باسی چییان دەکرد؟

مەهدی تۆزێک میگەمینگی کرد:

ـ بابە جارێک وتی ددانی دێشێ، خاڵۆکەرم وتی، چارەی کێشانە، جارێکیش پەنجەی بەسەر بەڕەکەدا هێناو سوێندی بە گیانی من و کاکەم خوارد.

ـ سوێند بۆچی؟

ـ سوێندی خوارد، سوێندی خوارد نازانم چبوو لە بیرم چۆتەوە.

ـ ئەی بۆ شەوە تۆی نەبردەوە! سەعاتێکە لەوێ مەحتەل ماوی نازانی باسی چییان کردووە، بابە وتی ددانم دێشێ، خاڵۆ کەرم وتی بیکێشە! ئەوەنییە ددانەکانی بابت تاقم و دەستکردن، ددانیچی بکێشێ؟!

مەهدی چاوی پڕبوو لە ئاو.

ـ قەیدیناکا، گوێیمەدەرێ، ویستم بزانم بابەگیانت دیسان هوما دەهێنێتەوە سەر پەتوسینگەکەی، یان نا، ئاخری نەتزانی ئەوان چییان دەگوت؟ جوان بیر بکەوە، خۆ تۆ زیرەکی؟ بۆچی سوێندی بە گیانی تۆ و کاکت خوارد؟

ـ هێڵێکی بەسەر بەڕەکەدا کێشا و بە خاڵۆکەرەمی وت، نابێ لەم خەتەوە قاچت بێنییە ئەوبەر. بەرد لە شوێنی خۆی قورس و سەنگینە.

ـ ئەمجار دەزانم، لەگەڵ خاڵۆکەرەمی نەبووە، هوما لەکوێ دانیشتبوو؟

ـ هوما لە پشت خاڵۆ کەرەمەوە بوو، وەختێ بابە قسەی دەکرد، ئەو ڕووی دەکرد بەولاوە و لە ژێر چادرەکەیەوە چاوی لە ئاوێنە دەکرد. جارێکیش ماتیکی بە لێویدا هێنا، ڕایەتر دەستی بە چاو و برۆییدا هێنا، منیش لەملاوە تەماشام دەکرد. نقورچکی لە ڕوومەتی خۆی دگرت تاکوو ڕوومەتی سوور بێ وەکوو گوڵ!

وەکئەوە وابوو خاکەنازێک پشکۆ کەوتبێتە ناخی ئاسکەوە، چزە لە هەناوی هەستا و جەرگی چزا بە سکڵەوە، دیسان تاوێری چارەڕەشی بەسەر دڵی خەمباریدا گلا و بایەقووش لەسەر گوێسوانەی ئاواتی خوێندی، لە چەشنی داڵ چرنووکی لە دەروونی گرت و پڕزۆڵ پڕزۆڵ دڵ و

جەرگی دەردەهێنا و دەیخوارد! وەختێ دەفرو پیاڵەیەک دەشکێ ڕۆژی شووشەگەر و هەورگە نوێ دەبێتەوە، دەبێ بشکێ، لێرەشدا ناچارین دەبێ بە ئازارەکانی ئاسکەدا ڕۆبچین، ئەمیش ڕۆژی خەمە و ناکرێ نەبێ، لەبەرئەوەی هەر ئەو ژنە بوو دەیتوانی لە بەرامبەر ئەم کردارە گورچووبڕانەی میراندا خۆڕاگر بێ بەڵام ئەمە چارەنووسی ئەو ژنەیە، هەردەبوو دەست لە ئەژنۆ هەڵپێکێ و بەختی خۆی بلاوێنێ. سروشت ئەو و مێردەکەی و باری یاسا و بڕیار و ئاکاری کۆمەڵگا، هەر هەموویان دەستیان دابووە دەستی یەکدی و لە دژی ئەم ژنە داماوە ڕاسابوون، تاکوو ماشەری ژینی ئاڵۆزاوی بۆ هەمیشە لە خوم هەڵکێشن، بەڵێ ئاسکە دیسان بەتەمابوو منداڵەکەی بۆ سیخوڕی ڕەوانەی ژوورەکەی خورشید بکاتەوە، هەر لەوکاتەدا هەردوو پیاوەکە بە ناوەختی هاتنە دەرێ، سەیمیران چووە ژوورە گەورەکە نوێژەکەی بخوێنێ، خاڵۆکەرەم چەند ساتێک بە بێهۆ لە حەسارەکەدا چەقی، ئیتر بەبێ ئەوەی دەنگ بکا بۆکوێ دەچێ لە گەرووی دالانەکەدا ون بوو، وەختێ ئەو نەدیوو بوو، هوما وەکئەوەی نە ـ با ـ ی دیبێ و نە باران، بە ئەنقەست وەکئەوەی داخبنێتە سەردڵی کەسێک بە شلو ملی سوورێکی بە حەسارەکەدا لێدا و خۆی کرد بە ژوورە گەورەکەدا، لەوێ سەیمیران، بەرماڵە یەزدییە کۆنەکەی ڕاخستبوو ڕووی لە ڕووگە و تازە قامەتی دابەستبوو، هوما تۆزێک بە لەخۆبایی بوونەوە، وەک بێگانەیەک، بەڵام وازی وازی پاڵیدا بە تای دەرگاکەوە و گوتی:

ـ ئۆهۆی، ئەم پیاوە لەکەیەوە بۆتە مامسۆفی؟

سەیمیران ماوەیەک دەبوو، بە هیچ و خۆڕایی، یان بەهۆی لەشقورسی و قوونگرانی لە نوێژان سارد ببۆوە، لەو ڕۆژەوە چووبووە پرسەو سەرەخۆشی ماڵی میرزا نەبی مەرگی هاجەر لەو چەند شەوەدا ترسی دۆزەخی خستبووە دڵەوە و بە هیوای ژوورێکی بەهەشتی کردبوو، ئەو نوێژە لە پاش تەڵاقدانی هوما، لە ڕاستیدا پیرۆزبایی کردنێک لە خۆیبوو. چونکە دەیزانی لەو دوودڵییەی کە دەبێتە هۆی ژار و ژەنگی ڕۆح ڕزگاری ببوو، ئیتر لەمەودوا دەیتوانی بە بێکێشە و ئاریشە لەگەڵ منداڵەکانی دابنیشێ و ڕووی خۆشیان نیشان بدات، وەختێ تەحیاتی تەواو کرد، لەسەر چۆک ڕۆنیشتبوو چەند دۆعایەکی خوێند و ئەنگوستەکانی هەژمارد سەری وەرسووڕاند بۆلای زەواڵی گیانی! هوما بە پێڵاوەوە هاتبووە ژوورێ و بە ئاستەم لەسەر کورسیلەکە دانیشتبوو، تێرامانی میران بوو بە پەپوولە و بە پاوو پووزیدا وەسەرکەوت، لە قەد و بەژن و باڵای زراڤی سەرکەوت و لە سەر بەرۆکی کەوتە موتاڵا کردن و بە مینای بێگەردیدا گەیشتە سەرگۆنای گوڵینی

و هەنگی خەیاڵی گەردی لێوی مژی و لە دڵی خۆیدا سپاسی یەزدانی کرد بۆ کردگاری ئەفسووناوی، وەختێ تێرتەماشای بوو گوتی:

ـ من تاریکەسەلات نەبووم، تۆ تاریکەسەلاتت کردم! خۆشەویستی قەڵای دڵدارییە، هەر بۆیە شەو تا بەیانی خەو ناچێتە چاوی ئەوینداران.

پێڵوویی قورس بوون، وادیاربوو مانگی چاوی خەریکی پەناگرتن بوو. چاوە خومارەکانی پەردەیەکی ئەستوور لە هەوەس و ئارەزوو دایپۆشیبوو، تەنانەت بەرلەوەی بچێتە ژوورەکەی خورشید ئەمە بە نیگایەوە دیاربوو، هوما تاکوو بە ئیشتیا ڕانەکانی دەرکەوێ و چاوی باوەڵێ بخاپێنێ، بۆ هاندانی زێدەتری دەمی لێخوار دەکردەوە:

ـ هێ هێ هێ هێ!

باوەلێی دڵدۆڕاو، هەر لە شوێنی خۆیەوە باشووئاسا هەڵیکوتایە سەری و توند هەردوو زەندی گرت، گوتی:

ـ بابانوێران، داخەکەم بریا خۆشمنەویستبایەی!

ـ هێ هێ هێ هێ!

گڕی هەوەس و ئەویندارى تێکەڵ بە ئارەزووی ڕق و کینە کە هێشتا لە هەناوی میراندا نەکووژابۆوە، وەهای تین خستە سەرو ڕوخساری کە تەمای لێومژین و ڕاموسانی کرد، هوما هەوڵیدا بۆ خۆدەرباز کردنی لە دەستی.

ـ خۆ تازە من ژنی تۆ نیم، لێم مەیەپێشێ؟!

ـ بە ڕاموسانێکی هەوەسبازانەوە مۆری بێدەنگی لە دەرگای دەمیدا، هوما بۆڵەیەکی لێوەهات و دەموو لێوی خۆی سڕییەوە:

ـ وەی! ... دەڵێم دوورکەوە، تۆ هەنووکە بەرماڵەکەت لەوێ کەوتووە، تۆیەک کە دەڵێی من تاریکەسەلاتم کردوویی، ئەوەنییە منت تەڵاق داوە، وانییە؟ مەگەر من ئێستا بۆ تۆ نامەحرەم نیم؟

ـ بەڵێ تۆم تەڵاق داوە، بەڵام ئێستا بامداوەتەوە.

ـ لەخۆڕا باتداوەوەتەوە، من ڕازی نیم، وەی چەندە قسەیەکی بێتامە!

میرانی دڵدۆڕاو لەپاش چەند شەو دووری و جودایی و ئازارێکی هەناوبرژێن تازە دەهات شنەی ئارامی وێکەوێ، هەرچەندە هومای تەڵاق دابوو لەلای دەفتەردار، خۆشی نەیدەزانی چۆن وەگەڕێ و مارەی بکاتەوە، وەختێ بیری لە دڵی خۆی دەکردەوە نەیدەتوانی دەستبەرداری بتی

دڵداری و ڤینووسی جوانی بێت. نەک هەرئەوەی حەز بە دیداری بکات و خۆشی بوێ بەڵکە بۆی ڕوون بوو بەبێ ئەو ناتوانێ بژی، هەر بۆیە هەمیشە وایدەزانی خاوەنی سەرباشقەی هەموو جوانانە! بەڵام نەیدەزانی ئەگەر دڵی دۆڕاوە کەماڵ و جەماڵیشی لەدەست بۆتەوە. تازە چی بۆدەکرا خوویی بەو ژنە گرتبوو، ئەم لە چاڵێک کەوتبوو پێیخۆشبوو بێتەوە دەرێ بەڵام خۆشاوێکی ئەفسووناوی لەوێدا دەبینی حەزی بە مانەوەی خۆی دەکرد لەم بەندو زیندانەدا، هەربۆیە ئەمڕۆ ئەمڕۆی دەکرد لەتەک خۆیدا هەروەک خاڵۆکەرەم وتی، بۆ دەبێ بە دەستی خۆی ئاڵای ئابڕووچوون هەڵدا؟! ئاخۆم دەکرا لەگەڵ ئەم شای شیرینشێوەیە بە دزێوی وەجووڵێ؟ کەی ئەو جارێک گوڵی بە مرچومۆنی دیتبوو تاکوو دڵی لە هوما بڕەنجێ؟ میران کە بە تیری خۆشەویستەکەی سینەی دابێژدابێژ ببوو تەنیا ببووە کاروانەڕێی شینەیی و ئەوینداری، ئەوان کۆشک و قەڵایەکیان بە دارو پەردوویی دڵداری هەڵچنیبوو لەوسەرەوە تەنیا ئاسۆی ڕوون و پەپوولەی سەربەرۆکی گوڵیان دەبینی.

دەبا دنیا کاول بێ بەوانچی کە دەم لە ناو دەم و دەست لەبانی مەمن. ئەم شەوە خۆشەی کە بووک و زاوا دەچنە پەردە و بە تاج و تەختی کەی ناگۆڕنەوە، ئەوا ئێستا بۆ ئەو مەیگێڕ و پیری خەراباتە شیرینتر لە هەمیشە دووبارە ببۆوە، ئەوان لە خەڵوەتخانەی خۆیاندا دوور لە چاوی نەیار و ئەغیار بەڕاستی خۆیان تەنیا و دووبەدوو دەبینی، هەربۆیە کەنین ببووە مەزەی ماچو چپە و سرتەو بەیگوشین و ڕامووسان و هەڵمژین، پەیتووکەئاسا حەجمینی لێهەڵگیرابوو. بەڵام بێخەبەر لەوەی هەر دوابەدوای هاتنەژوورەوەی هوما بزۆزێکیتر وەکوو داپیرۆک گوێی ناوە بە درزی دەرگاوە و هەستی ڕاگرتووە، ئاسکە کە بە گوێی خۆی تەواوی سرتو خورتی ئەوانی گوێ لێبوو، لە قەڵەشت و درزی دەرگاکەشەوە جووڵە و مووڵەی ئەم ئاشقەو ماشقەی بە تەواوی دەبینی. هەرچەندە ئەم خۆداگرتنە بە قازانجی ئاسکە تەواو نەدەبوو، گەلێک حەزی دەکرد بزانێ پیری بەرماڵ بەکۆڵ وەک دەڵێ هومای تەڵاق داوە لەم ژوورەدا چۆن ڕایدەبوێرێ، ئیتر کار گەیی بە جێیەک کە بۆی نەبوو لەوە زیاتر شاهید و ئاگاداری ئەم دیمەنە بێت. ئاخۆم دیمەنێکیتر مابوو لە پاش ئەمەی کە دیتی؟ بەبێ ئەوەی بزانێ پێیدەزانن ئاگا لەخۆبڕاوانە هاتە ئەولاوە لەوکاتەدا لە بەرهەیوانەکە دوور دەکەوتەوە بە دەنگێک کە ئەوان بژنەون هەڵیدایە:

ـ دوێکە سۆفی خانەقا بوو، ئێستە پیری مەیخانەس، بەم چاوە بچووکانەم چیسەیر و سەمەرەم نەبینی!

## بەشی شازدەهەم

ئاسکە سەرەڕای ئەوەی ئەسپەک[1] لە سەری دابوو تەواو ژاکاوی پێوە دیاربوو، وەکئەوەی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ خەم و پەژارەدا بەستبێ، بەبێ ئەوە نەدەژیا، ئیتر وای بڕیاردا، تازە لەوەبەولاوە کاری بە کاری میران و هوما نەبێ، هەمیەتیان وێنەدا چیدەکەن با بیکەن، ئەو ئیتر بە هەرشێوەیەک هێز و توانای ئۆمفاڵی نەبوو وەکوو هێرکۆل سەیمیران بۆڕ بدات، ئەگەر ئەم ورە و توانایەی هەبا، ئەوا لە نسیب بێبەش و بەختەکەی نەیدەکرد. بۆ دەبوو بە دەست ئەم هیوا و بێهیواییەوە کە تەنیا تۆزی خەمو پەژارەی لەسەر هەڵدەستا گوڵی گیان و تەمەنی بکاتە دەستەچیلەی سوتمانێکی بێهووە؟ ئاخۆم هەر بەراستی هەر ئەو خەم و خەفەتە نەبوو بە شەو و ڕۆژ ورووژابووە گیانی و دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو، ئەقڵ و بیری سڕ و دەستو پێی لە سندمدا بوو؟ ئەو ئەگەر هێندە بیر و مێشکی خۆی بە هوماوە گرێدابا شانی بۆ ئەم هەموو خەمە شل بکردایە، بێگومان ئەمە دەبوو بە خۆرە سەر لەبەر هەناوی لە بەریەک هەڵدەتەکاند. تۆ بڵێی حەز بە مانەوەی خۆی نەکات و بەختەوەری عەولادەکانی بە چاو ببینێ؟

وەسبەینێڕا گلارە کە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە نەینووکی ڕوخساری وەک جاران ساماڵ نەبوو، سیس و چرژاو لە سووچی ژوورەکەدا خۆی خستە باوەشی دایکی و سەری بە سینگییەوە نا:

- وەی دایەگیان!

ئاسکە مات و خەمبار لێیپرسی:

- چبووە کچە نازدارەکەم؟ تاقیکارییەکەت باش نەبوو؟

گلارە بە کەزی سیمای شێواوی حەشاردا و نیگەرانی خۆی شاردەوە، بە نیوەگریان و نیوەپێکەنینەوە گوتی:

---

٢٢- نەخۆشیی مێشک، مالیخولیایی.

ـ نا، تاقیکارییەکەم خراپ نەبوو، ئەمڕۆ ئەزموونەکەیان پێدامەوە، قەبووڵ بووم و سەرکەوتنم بەدەست هێنا. ئۆی دایەگیان، چۆنت پێبڵێم، کوڕێک بە شوێنمەوە بوو، هەر ئەوەبوو ڕۆژی هەینی کە دەچووین بۆ سەراو، پێشی بە فەیتوونەکە گرت و بە ڕووی فەیتوونئاژووەکەدا هەڵشاخا، جلەکانی ئەو ڕۆژەی لە بەردا نەبوو، بەڵام ناسیمەوە، بەڕەڵڵای هیچو پووچ! وەختێ نەتیجە و ئاکامی تاقیکارییەکەمان وەرگرتەوە لەگەڵ مێهرشادییان بە یەکەوە لە قوتابخانە هاتینە دەرێ، هاوڕێکەم ویستی کاغەزی گوڵدار بگرێ، ئەویش لەوبەری شەقامەکەوە ڕووبەڕووی فرۆشگەی پێنووس و پەڕاو ڕاوەستابوو وەختێ لە دووکانەکە هاتینەدەرێ، هەستم کرد وەدوومان کەوتووە، نازانم چ ئەتوارێکی بە ئێمەوە دیتبوو یان دۆستی هاوڕێکەی من بوو، چیدەویست نازانم؟ لە کۆڵانی خانەقاوە لە هاوڕێکەم هەڵبڕام ئاوڕم نەدایەوە بزانم چی بەسەر هات، وامدەزانی ئەگەر وەدوویی هاوڕێکەی من نەکەوتبێ ڕۆیشتووە بەلای کاروباری خۆیەوە، بەڵام هێندە ترسابووم پێموابوو هەر ئێستا پڕم دەداتێ، تا ئاوڕمداوە و سەیرم کرد بە لەز بە شوێنمەوەیە، هەر ئەوەندەم پێکرا تا نێو داڵانەکەی خۆمان ڕابکەم دزێو! بریا ئەوەندەم زات هەبوایە بەردێکم تێگرتایە و لایەکی سەریم سوور بکردایە! تاکوو نەوێرێ ڕایەتر بکەوێتە شوێن ناموسی خەڵک!

ئاسکە دایکانە گوێی بۆئەم چیرۆکە خۆشەی کیژۆڵەکەی شل کردبوو، لەبەر زۆرزانی خۆی زەردەخەندەیەک کەوتە سەرلێوی و گوتی:

ـ هەمیەتی وێمەدە قەزات لە دایە، ئەگەر ئەمجارە تووشت هات تەماشای مەکە، هەمیشە خۆت سەنگین ڕابگرە، سەرداخە و بە ڕێگای خۆتدا برۆ و بگەڕێوە، وای دابنێ کەس بابینی و کەسیش تۆ نابینێ، وریای خۆتبە، زۆربەی ئەم گەنج و لاوانە منداڵی خەڵک تووشی قوڕبەسەری و ڕۆژەڕەشی دەکەن و ئابڕو و حەیای عێل و تایەفەشیان دەبەن. چاوە ڕەشەکانی گلارەی ماچ کرد و دەستی بەسەر سەریدا هێنا، لەوکاتەدا وەک کاهێنی مەزنی ئۆرشەلیم دەچوو، دەستی لەسەر سەری سولێمان دانا و کردی بە پادشای سەرزەوی، ئەوەندەش جوان و شیرینجەماڵ نەبوو، گەنجان لەبەری بمرن، بەڵام مەخابن کێ دەزانێ دڵی ئەم مەردمە چیتێدایە؟! کێ دەروون و بێروونی چوون یەکە؟ کەس نەبوو قانوون و یاسایەکی بێغەل و غەش بۆ ئافرەتان ڕەچاو بکات، زەماوەندکردن یارییەک بوو زۆرجار بە گزی و چاوبەستی دەستپێدەکات و بە پەیمانشکێنی کۆتایی پێدێت، ئەمەش هەر ئەم شتە بوو کوتومت بەسەر ئاسکە هاتبوو.

بۆ سبەینیّدا، هەر ئەو کوڕەی باسمان کرد، ڕاست لەو وەختەدا کە کیژۆڵانی قوتابی لە فێرگەوە مەرەخەس دەکران و بەرەوماڵ دەبوونەوە بۆ نانی نیوەڕۆ، بە ڕێکەوت یان بە پیلانێکی لەوەپێش گەڵاڵەکراو هاتەوە سەرڕێگای کچەکەی ئاسکە، گلارە هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە کچانی قوتابخانەی شادۆخت، ئەوانیش ڕووپۆش و سەرکراسی خۆڵەمێشیان دەبەردا بوو، هەموو شاد و لێو بەکەنین بە شەقامەکەدا تێدەپەڕین، ئەوان لە پاش دوو مانگ تەحتیلات و پشووی هاوین ئێستا یەکدیان دیتبۆوە و قسە و باسێکی زۆریان هەبوو پێکەوە. باس، باسی مامۆستایانی تازە و ئەو هاوپۆلانەی پار، کە ئەمساڵ نەهاتوونەوە، تا دوایی، بەرنامە و پڕۆژەی ساڵی نوێی خوێندن. کە تازە ڕایانگەیاندبوو، ئەو پەڕتووکانەی کە دەبوو وەریبگرن، باسی پۆل و گۆڕەپانی یاری و دەرگا و پەنجەرە و تەواوی ئەو شتانەی بە دڵ ئاوێتەی ببوون لە نێو ئەو پۆلە کچەدا هەرچەندە کیژۆڵەی نازدار و چاوکەژاڵ کەم نەبوون، ڕوخساری شیرینی گلارە لە گشتیان دڵڕفێن‌تر بوو، شۆخەکچ و بەژن و باڵاجوان و خاوەن لەنجە و لار بوو، کەپۆی قەڵەمی و چاو و برۆڕەش و ئەنگوستی شووش و باریک بوون، کەزیّ شۆڕو بەژن زراف، هەروەک دایکی ئامۆژگاری کردبوو، تاکوو زانی کوڕە لە نزیکیەتی خۆی لیّگێل کرد و ئەنەهوو نەیدیوە و نەیناسیوە بەم خۆبواردنەشەوە هێشتا ڕەنگی پەمەیی سیمای بوو بە ئەرخەوانی و خۆی ئاشکرا کرد. ئیتر نەک هەر هاوڕێکانی ئەم ڕازەیان لە چاویدا موتاڵا کرد، تەنانەت کوڕەحەیرانیش لاوێکی بەرزەباڵا و گەنمڕەنگ بوو بە ڕەوتێکی چالاکانەوە، تێگەیشت سوور هەڵگەڕانی گوڵ لەبەر شەرمی خۆرەتاوە، ئەوە وەڵامدانەوەیەکە عەشق و دڵداری، بە دنیایەک دڵۆڤانی و جوانییەوە هەر بۆیە ئەمیش گوڵبزەیەکی پێشکەش کرد. وردە وردە شۆخەکچان لە یەکدی هەڵبڕان، یان دووان دووان یەکیان گرت و هەرکەسەو بەرەو ماڵی خۆی هەنگاویّنا. گلارە تەنیا مایەوە و لەبەر شەرم و حەیای خۆی کەوتە پەلەکردن، خێرا خێرا قاچی هەڵدەهێنایەوە، ئەویش بە ترس و دوودڵییەوە خۆی لیّنزیک دەکردەوە و هەوڵیدەدا، بیدوێنیّ، بۆی جێبەجیّ نەدەبوو، تۆمەز لە دڵی خۆیدا قسەی دەگەڵ دەکرد و ورامی وەردەگرتەوە، ئەمەش خەیاڵپلاوە، گلارە ئەمڕۆ باشتر بوو لە دوێنیّ، کەمتر شڵەژابوو، فرە هاسانە، هەوڵی ئەوەیبوو بەسەر حاڵەتی دەروونیدا زاڵبیّ. ئەم ترسان و شڵەژاوییە لە خۆی دوور بخاتەوە کە دەبێتە هۆی خێرا خۆبەدەستەوەدان، بەتەمابوو خۆی قورس و سەنگین نیشان بدات، تاکوو گەیشتەوە ماڵیّ دایکی لە چەقی دەرگای حەسارێدا ڕاوەستابوو، هەستیکرد دیسان کەسێک وەشوێنی کەوتووە، یان هەر ئەو کوڕە جحێڵەی ڕۆژی ڕابردوو، تۆ بێژی ئیتر لەمەودوا ئەمەش خەمێکی‌تر نەبیّ هاتبووە سەرباری خەمەکانی ئەو؟! ئاسکە لە ناخەوە هەستی

بە دڵەڕاوکێ و مەترسی دەکرد. ئەم مێمڵ و ڕێگرانە، بەو مەرجەی هەس نەدرێنەوە زێدەرۆیی دەکەن و دەبنە موویی بەرلووت، ئەویش لە شارێکی وەک کرماشاندا شتیوا بۆ کیژۆڵەی عازەب خراپ تەواو دەبوو. لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا هەر ئەوەندەی تەقە لە دەرگای کەسێک هەستا، تازە ئەوکەسە دەبێتە مارۆ گای قەشان و لە هەموو جێیەک دیارە، تەنیا ئەو کچانەی کەس‌وکاری پەست و بێموبالاتیان هەبوو جلْفانە بەدەست هەرزەکارانەوە یارییان پێدەکرا و سبەی لە ماڵی باوان زگ دەگاتە بەرچاویان! ئاسکە بیری لێکردەوە بە وریایی سەی‌میران ئاگادار بکاتەوە، هەرچەندە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی، ئەو گەڕانەوەی کچەکەی لە فێرگە، ئیتر هەموو ڕۆژێک دووراودوور دەکەوتە شوێن جگەرگۆشەکەی، وریایی دەکرد تاکوو پاک بەدەم پیسەوە نەچێ، ئەم هەتیمگەلە حەیا و حورمەتی خەڵکیان بەلاوە بێقیمەتە، ئەم منداڵانەش ناشی و نادانن، ئەشێ فرەتر ئاگاداریان‌بن. ئەگەر هاتوو تەکی‌نەدا دوواوە ئەوا دەبێ بە شێوەیەکی‌تر لەگەڵی ڕووبەڕوو ببی. بەڵام ئەو بەم هەموو نەرم‌ونیانییەوە کە هەیبوو، شەش ساڵی تەواو لە چەشنی پۆڵا لە بۆتەی ئازار و عەزییەتدا گڕدراو بە چۆکدا نەهاتو و نەچەمایەوە لە هەمبەر جەور و جەفای مێردی، خۆی ڕاگرت و سەبری کرد، بڵێی ئێستا چۆن بتوانێ پشتیوانی کچۆڵەکەی بێت و لەدەم ئەم چەقەڵ و سەگانە بیپارێزێ؟ ئایا دەکرا ئەگەر خۆی مرۆڤێکی بەختەوەر نەبوو جگەرگۆشەکەشی هەروابێ؟ ئەمە چ ناڕەسەنێک بوو داوی بۆ ناسکەکچێکی پاک و بێگەرد دانابوو؟ هەرچەندە لەم ڕاگوزارەدا هێشتا ڕووداوێکی وەها نەهاتبووە پێشێ کە ببێتە هۆی ئازاری دەروونی ئەو، بەڵام ئەو ژنە دنیادیدەیە هەردەبوو وریای منداڵی پاکتر لە گوڵی خۆی بێ، ئەوانە لات و بەڕەڵڵای کوچە و شەقامن، ئاسکە ئەوەندە بە خەمەوە بوو نەیزانی بە کوێدا گۆشتکوتەکەی‌دا بە سەری گورپەسووردا. پشیلە بە میاومیاو چەند لەترێکی بەست و دوور کەوتەوە، چابوو لە بەختی ئەو پشی نەتۆپی و خۆی کرد بە ژێرزەمینەکەدا. لەم کارەی پەژیوان بۆوە، زۆر بەلایەوە شتێکی سەیر بوو، بۆ دەبێ هەرجارەی خەمێکی تازەتر بە باڵایدا هەڵزنێ؟ ئەو کە ڕۆژێک خۆی بە بەختەوەرترین ئافرەتی سەرگوێی زەوی دەزانی و ئامادە نەبوو خۆشیەکانی لەتەک بەختەوەری شاژنی کامەرانیدا بگۆڕێتەوە، ئێستا ئەی بۆچی هەوری خەفت دەوری تەنیوە، ئەو کەی بیری دەکردەوە ڕۆژێک بەردی نەهامەتی جامی بەختەوەری بچڕژێنێ؟ چەندە بێهوودەیە، قەفەزێک لە ئاڵتوون! ئاوا لێرەدا مەکۆی ژیان نامۆیی تێخزاوە و خەنیم دەستی بەسەر هەناسەی ژیندا گرتووە، لەم‌لاشەوە درەختی وەبەرهاتووی کەوتۆتە بەرپلاری ناحەزان، لەم ژیانەی تێی‌دابوو پێی بە هەرشوێنێکدا دەنا پشکۆ و پۆلوو بوو چزەی لە ژێر پێی هەڵدەستاند و مەرگی بە چاوی خۆی دەبینی،

مرۆگەل لەباتی ئەوەی هاودڵ و هاوبیری یەکدی‌بن چاڵ بۆ یەکتر دەکۆڵن! هەرکەسە و لە ڕوخساری نەینووکی خۆیدا کرداری پەست و چاوچنۆکی خۆی دەبینێ، ئەو خەیاڵانەش وردە وردە ببوون بە مۆریانە و درەختی بەختی ئاسکەیان دەسمی، ئەم ژنە بیرو بڕوایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەمە ڕووداوێک بوو نەدەبوو بێتە پێشێ، ئەگەر هاتباش دەکرا پێشی پێ‌بگیرێ، جودا لەمانەش، چۆن دەکرا بە خۆشحاڵییەوە لە بڕیارەکەی پەشیمان نەبێتەوە، بێزاری و پەرێشانییەکەی بە دڵۆڤانی و بەوەجی دانەپۆشێ؟! سێ ڕۆژ دواتر وەختێ لە فێنکی دوانیوەڕۆدا، دوو ژنی نەناس تەق‌تەق لە ڕدگای ڕزیوی ماڵی ئەوانیان‌دا ئەو مەحتەل مابوو، ئەوانە کێن و بۆچی هاتوون، ئەوانە کەس‌وکاری نزیکی ئەو کوڕە بوون، وەک میوانێکی نەخوازراو هاتبوون بۆ پشوودانێکی کورت لەوێ تۆقرە بگرن. ئەو دوو ژنە یەکیان سەلارو خاوەن قەڵافەت و تێکسمڕاو، ناحەقی نەبوو ئەگەر ماندوو و هیلاک نەبێ، هەرئەوەندەی دانیشت داوای باوەشێنی کرد، وتی ڕێگەیان زۆر دوور بووە و لە «ساحەب‌جەمعەوە» هاتبوون. ئەوە مێهرخاتووی پووری کوڕە بوو، ئەوەی لەگەڵی بوو ئافرەتێکی شیرین‌گرۆێ کە ڕوخساری بە پۆتروسیاو تەنکە سوراخ کردبوو، کۆت و تەنوورەی لە بەردا بوو جانتایەک بە دەستەوە، ئەوەندەی سەیرت دەکرد زۆر لەگەڵ داب‌و مۆدەی ئەم سەردەمە نەبوو، بێ‌ئەوەی چاوەروانیان لە ژنی خانەخوێ هەبێ گوتی:

ـ میمکەگیان هەرچەندە ڕێگە دوورە بەڵام درۆشکە دێتە سەرکۆڵانەکەیان، ئەگەر قسەی ڕاست لە دەمی من دەبیستی، ئیتر من نە جێیەکی دیکەم پێ‌شک دێت نەچووبێتین و نە حەزیش دەکەم لەوە زیاتر ئەموئەو بخەمە زەحمەتەوە، خۆ کەسێک نییە بێژێ گەڕەکی ساحەب‌جەمع لەکوێ و ئێرە لەکوێ؟ ئەوەی بە بێزوبۆیە ئاخری بەشی هەر دۆیە! یەکێ شەلە و یەکێ کوێر، یەکێ ڕەشە و یەکیش بۆر، ئەمە نەخوێندەوارە و ئەوەیان دەمی گەورەیە، ئیتر ئەوە کاری خودایە بەندە بێ‌عەیب نییە، تەنیا خودایە بێ‌عەیب و نەقسە، دەبێ دانەیەکی لە مل توند بکەین و خاتیمە بەکارەکە بدەین.

مێهرخاتوو بە ئارامی و زۆر بە بێ‌وازی گوتی:

ـ ئادەی با بزانین ئەمەیان کە پەسندی خۆیەتی و ئەم هەموو ڕێگایەی پێ‌بڕیوین چۆن کچێکە، کێیە، وەک‌بزانم من ئەو خاتوونە شۆخ و شەپاڵەم لە شوێنێک دیتووە، لەوەدەچێ بیناسم، با جوان پێی‌دا بڕوانم، خانم، ئێوە لە جەژنی وەلانانی چارشێودا شەش ساڵ لەوەپێش لەگەڵ شووەکەت تەشریفتان هێنابوو بۆ هۆڵی شارەداری؟

میوانەکان لەسەر داوای هوما چوونە ژوورەکەی ئەو، لە ژوورەکانی‌تر خۆش و دڵگیرتر بوو، ئاسکە بۆ میوەکڕین بەپەلە خۆی گەیاندە بازاڕ، هوما دەرگای سندووقەکەی هەڵدابۆوە، لە باوەشێن دەگەڕا. بە قسەی ژنە گوڵی ڕوخساری کرایەوە، لێوی خونچە کردبوو بە لەبزێکی مۆسیقایی گوتی:

ـ خاوەن‌تەشریف بن، بەڵام من لە بیرم نییە ئێوەم لەکوێ دیتووە، زۆرم پێ‌سەیرە.

ـ من لەگەڵ براکەم نوێنەری سونفی فەیتوون‌داران و هەروەها بنکەداران بوو، لەوێ بووین. ڕووبەڕووی تۆ دانیشتبووم، زۆریشمان قسە کرد و پێکەوە پێکەنیوین. لە بیرت نییە خزمەتکارەکە، کەشەفێکی چایی لەبەر دەمی کازم بەقاڵ ڕاگرت ئیستیکانێکی بەبێ ژێرپیاڵەی هەڵگرت، ژنەکەی سیخورمەیەکی تێ‌سرەواند، ئیستیکانەکەی دانایەوە و ژێرپیاڵەیەکی هەڵگرت، هەمووومان دامان لە قاقای پێکەنین.

هوما پێکەنی و شیرین‌خانم، ئافرەتە جحێڵەکە خوشکی کوڕەکە بوو، گوتی:

ـ هەردەبێ نەیناسنەوە، ئەوسا پوورم ماشەڵڵا وەکوو ئێستا نەببوو بە چووالوو.

پووری چاوی ببوو بە پەروانە و لە ژوورە خۆشەکەی هومادا دەهات و دەچوو، جارجار لەسەر بلووریات و پەیکەرە و دەفروئامانی پڕ لە نەخش و نیگار دەنیشتەوە، لەبەرخۆیەوە ووتی:

ـ بۆ نافەرموون وەک ئەمڕۆ ئەم هەمموو گۆشتەی نەگرتبوو، قەڵەوی بوو بەشت خوا بە منی‌داوە، بریا لە جیاتی ئەم هەمموو گۆشتەی لە من بووە بە بار چارەکەیەکی پووڵ و پارە پێدابام.

هوما گوتی:

ـ بۆ ئەمە دەفەرموون، قەڵەوی هەر لە ئێوە جوانە، بەژن و باڵا ڕێکوپێک، مێردەکەم بەتەمایە لەباتی ئەم قاڵییانە فەرشی یەک‌تەختە بسێنێ، بەڵام جارێ پەلەمان نییە، تاکوو قوڕەکارییەکەمان نەکەین، لەبەر ئەوەی نامانەوێ لێرە وەمێنین، ئەم خانووە زۆر کۆنە، لەگەڵ نێرگەلەیەک چۆنی؟

زۆری پێنەچوو ئاسکە خۆی گەیاندەوە نێو ژنەکان، ئەوانیش وەختێ زانیان ژنانی خانەخوێ هەوێی یەکدین کردیانە بازاڕی جەفەنگ و گاڵتەی خۆیان، میوانگەل، چاویان بە گلارە کەوت، بە شەرمەوە نێرگەلە بەدەست وەژوور کەوت، بە چاوی مشتەری تێر سەیریان کرد، لەپاش کاتژمێرێک قسەو باسی ژنانە و دەرەکی و فڕکردنی چایی و شەربەت و میوە و شیرینی، هەستان و ڕۆیشتن، ئەم دیدار و میوانارییە بۆ چەندجارێکی دیکە دووبارە و چەندبارە بۆوە، زۆر بە گەرموگوڕی، تەواو ئاشکرا بوو بەخت بە پیریانەوە هاتووە، ئەوە خۆش‌ترین کات و دەرفەت بوو کە بۆ دایکان دێتەپێش، هەروەک ئێستا بۆ ئاسکە هاتبووە پێشێ، ئەو گوڵەی کە زاوا هەڵی‌بژاردبوو کەس‌وکارەکەی پەسندیان

کرد. بەڵام جاریّ نە قسەی لیّکرابوو نە خوازبێنی، هەرچەندە ئاسکە بازی بەختی تەنیا شەوێک بەسەر درەختی تاسەیەوە مابۆوە، ئاوێنە شێتەی بێخەوش‌تر لە جاران لە هەمبەر خۆیدا دەبینی، تروسکایەکی لە دەلاقەی بەختییەوە دەبینی، مێردەکەی جارجار ڕۆژانە سەردانێکی ژوورەکەی ئەوی دەکرد، پێیوتبوو هۆی چییە بۆ ماوەیەک کاری بە کاری هوما نەدابێ، بە دژی بۆچوونی دراوسێکان مارەی نەکردبۆوە، ئەم هیوایەشی لەسەردا نەبوو، سەی‌میران بە پانەوە وتبوویی:

ـ جاریّ با بەینێک ئاوابێ و ئاو بە ئاگردا بکرێ، دەستلێبەردانی ئەوەندە زەحمەت نییە. نان و نەفەقشیم بێکەمو زیاد پێداوە، تەنیا دەمێنێتەوە پارەی دەفتەرخانە، ئەمیش بە شێوەیەک جێبەجێ دەکەم، ژنەکە ماوەیەکە تەواو گیرفانم بەتاڵە، هەروەک خالۆکەرەم باسی کرد وادیارە حاسڵی ئەوساڵی لادێ خراپ نەبێ، لەوەدەچێ بتوانم قەرزەکانی لێبستێنمەوە، تۆش دڵنیابە قسەی پیاو یەکە، ئەو ڕۆژەی مێردەکەی ئەکرەم ئەو بەردەیدا بە گورچوومدا سوێندم خوارد ئیتر مارەو تەڵاقی بەسەر منەوە نەمێنێ، ئەم ژنە بۆ من پێی ڕەشە ڕەش، هەردەبێ دەستی لێهەڵبگرم. ئەی نەتبیستووە کە دەڵێن مرۆیی چاوچنۆک وەک ماسی زوو بە تۆڕەوە دەبێ؟

ئاسکە لێی‌پرسی:

ـ چما تەڵاقت نەداوە، نەتگوت هەمووشت تەواو بووە؟

ـ هیچی نەماوە، بەڵام تاکوو ئەوکاتەی حەقی دەفتەرخانە نەدرێ و دەفتەر ئیمزا و پەنجەمۆری پێدا نێی کاری تەڵاق تەواو نابێ، یانی وەکئەوە وایە هیچ نەبووبێ، بە مەرگی عەولاودەکانم نەبێ ئاسکە بە گیانی خۆم هەر ئەوەندەی قەرزەکە لەو کابرایە وەربگرمەوە دەقیقەیەک لەو ماڵەدا ڕای‌ناگرم، تۆ نازانی من ئەوا شەش ساڵە دەمەوێ تەڵاقی بدەم.

سەی‌میران درۆ و دهۆیەکی نەبوو لە خێزانی وەشارێ، نەیدەویست نە ئەو هەڵفریوێنێ و خۆشی فریو بدات. زۆر لەمێژ بوو دەیویست هوما لەو ماڵەدا نەمێنێ و دەستی پێوەبنێ، ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بوونی هوما لەو ماڵەدا بە پێی شەرع و یاسا حەرام بوو، بۆ خۆی ئابڕووچوون بوو، نەیدەویست سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ ژنە گەورەکەی زۆری لەسەر بڕوات، ئەو کە شارەزایەکی لەو یاسا و ڕێسایە نەبوو، یان بە پانەوە بڵێ ئیتر هوما بە شەرع و قانوون حەڵاڵ و هاوسەری ئەو نییە، ئەم گفتانەی ئەو یەکبان دووهەوا بوون، ئاسکە لەو نێوەدا مەحتەل مابوو، خۆ ئەگەر هاتوو مێردەکەی قەرزو قۆڵەکەی خۆی لە خالۆکەرەم دەسەندەوە خەرج و زەحمەتی دەفتەرخانەی دابایە بە ئەو چ خەمێکی دەما؟ بینا بەخاتری ئەوەی مێردەکەی دەست لەو ژنە هەڵبگرێ

و بگەڕێتەوە نێو منداڵەکانی ئامادەبوو پڕزۆڵ پڕزۆڵ گۆشتی بەدەنی لێبکەنەوە، ئاسکە پەسمەندەیەکی وەلا نابوو بۆ ڕۆژی موبادا، ئەویش لە حەقدەستی کڵاش و گۆرەویچنین و دەستپێوەگرتنی خەرجی ماڵ، لە هەرشتێ شتێکی گێڕابۆوە، ئەو بە پانەوە ئاگاداربوو سەروەت و سامانی مێردەکەی بەبادا دەچێ هەروەختێ دەیبینی سەیمیران خەریکی پێدادان و پارە خەرجکردنە و بۆ بارەقەڵڵایەک خەریکی ملشکاندنی خۆیەتی، زێدەتر بیری دەیڕفاند و خەیاڵ دەیبردەوە، لە خەرجی ماڵ و منداڵی دەگرتەوە، بەتایبەت بەرگ و پێڵاوی منداڵان! کاری پینەو پەڕۆی دەکرد لە کڵاشچنیندا زۆرتر هەوڵیدەدا و خۆی ماندوو دەکرد. ئەو پووڵەی وەکۆی کردبوو کەم و زۆریەکەی دووسەت تمەن دەبوو نیوەی ئەم پارەیەی دابوو بە مێردی دەستەخوشکەکەی، واتە مێردەکەی جەواهێرخاتوون، ئەویش بەم پووڵەوە خەریکی ئاڵو وێر بوو، مانگانەش شتێکی دەکردە دەستی ئەوەوە، ماباقی لێرەو لەوێ لە بارمتەدا دانابوو، لەو ڕۆژەوە خوازبێنی کچەکەی پەیدا بوو، ئاسکە کەوتبووە پەلەپەل پووڵ و پارەکەی کۆ بکاتەوە سەریەک، جیازی و باوانی بۆ گلارە دابین بکا، خۆ ئەگەر هاتوو خوداکردی و سێبەری هەوێ لەم ماڵە بڕا ئیتر چ لەوە باشتر لە بنەوپاڵەوە ماکینەی بەرگدروونەکەی هوما بدات بە کچەکەی، لەگەڵ زۆر شتی دیکەش، کە ئەو پێویستی پێیدەبێ، بەتایبەت ئەو چەرخی بەرگدوورینە، ئاسکە زۆری خۆشدەویست. ئەو ڕۆژەی میران بە بیانووی هەسانەکەوە هاتبووە دیوەکەی ئاسکە هەمدیسان باسی هوما و کاروباری دەفتەرخانە هاتەگۆڕێ، ئاسکە گوتی:

ـ ئاخۆم دیسانیش هەردەبێ لە ترس و دڵەڕاوکێدا بی؟ ئەگەر تۆ پێتوایە دەتوانی گەنم و پووڵ لە کەرەم وەربگرییەوە، ئەوە بزانە هەڵەیەکی مەزنە و چ شتێکت وەدەست ناکەوێتەوە، بەلای خۆی تۆ پیاوێکی فامیدەی، وەرە واز بێنە و ئەمەش بە کڵاوی چڵکنی باپیرەیان ببەخشە و لە خێری خۆشبە و خۆشت و ئێمەش نەجات بدە.

سەیمیران پاڵی بە دیواری ژوورەکەوە دابوو بێحاڵ و حەوسەلە هەڵترووشکابوو، گوتی:

ـ خەبەری ناردووە، هەر لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ خێزانی دێن بۆ شار. گوایە دیسان تاووس نەخۆشە، من بە هومام وتووە بە پانەوە شتەکەی پێبڵێ، ڕوودەربایستی زەرەد دێنێ، خۆ ئەگەر نەیبێ، ئەوە شتێکیتر، ئەو لەگەڵ خانبابا و براخاس کە حەشیای خودا شک نابەن فەرقی هەیە، بەلای ناخێری کوێخا و دەمڕاستی ئاوەدانییە، دوو پارچە مووچە و زەویوزاری هەیە، وەک خۆی دەڵێ ڕۆژی چوار مەن نان دەکەن لە ماڵێدا، چۆن ماڵی من دەخوات، تەنانەت هەر لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ هوما قسەمان لێکهەڵبەزییەوە.

ـ بەڵێ، دوێنێشەوێ ئاگام لێبوو، ئەگەر کەمێ خۆت شل بکەی هێشتا قەرزداریشت دەکەن. هەروەک ئەوان کردوویانە.

ئاسکە بەدەم تەواوکردنی ئەم ڕستەگەلەوە چوو سەری سندووقەکەی هەڵداوە و کۆڵێک پارەی ئەسکیناسی لەسەر جلەکانی هەڵگرت و هێنای بۆ میران:

ـ وەختێک، تاووس لەگەڵ هوما نێوانیان نییە چکاری بە ئێرەداوە؟ ئەگەر بەتەمای منە، ئەوە منیش دەرگای لێناکەمەوە، هەروەک قەتم نەدیتبێ و نەشیناسم، ئەم پووڵەشم لە کەسێک بۆ تۆ قەرز کردووە، بەوە کارت جێبەجێ دەبێ؟ خەمی ئەمەشت نەبێ خۆم لە بەرەوە کار دەکەم و دیدەمەوە.

میران بە زەردەخەندەیەک مرومۆچییەکەی خۆی داپۆشی، لەوکاتەدا پووڵەکەی لێوەرگرت و لە مستیدا لوولەی کرد لێیپرسی:

ـ چەندە دەبێ؟

ـ ئەگەر ئەمەش بەشی نەکردی دیسان هەوڵی خۆمت بۆ دەدەم.

سەیمیران سەری داخستبوو، وادیاربوو لە هەمبەر خێزانیدا هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. تاڵە دەزوویەکی لەسەر قاڵییەکە هەڵگرت و بەدەم خەیاڵەوە تێیڕاما، دوای نەختێک متبوون، بە گومانەوە گوتی:

ـ بۆ کاورباری هوما پارەیەکی وامناوێ، بەڵام بۆخۆم پێویستم بە پارەیە، خۆ ئەگەر بزانم تاکوو دوو سێ ڕۆژیتر ئەو پارەیەی ماومە وەدەستم دەکەوێ، هەر ئەم دوانیوەڕۆیە کۆیایی بە کارەکە دەهێنم. ئەم هەموو ترس و خۆفەی پێناوێ، تا لەگەڵ مرۆڤی کاڵفام نەرم و نیان بی ئەو بە چاوی سووک سەیرت دەکا، کاتێک کەسوکارەکەی ئاگاداری هەمووشت هەن، بینا بەخاتری حەیای خۆشیانبێ دەکەونە بیری چارەیەک، جارێ تاکوو کوێخا و تاووس سێبەری ڕەشیان نەگەیوەتە ئێرە با من بچم ئەو بەڵایە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە!

ـ منیش پێموایە، جارێ تۆ هیچ ڕێگەیەک بۆ پەشیمانی و گەڕانەوە مەهێڵەوە، دەرگای تەمەنا و پاڕانەوە هەڵپێکە، دەزانم تۆ زۆر زوو شەرم دەتگرێ و قسەی ئەم و ئەوت بە گوێدا دەچێ ئەوەندە بەستەزمانی بە لۆکە سەرت دەبڕن، ئەگەر دەتەوێ لە ڕووی ئەموئەو دانەمێنی، تۆش وەک مێردەکەی پێشووی خێرا لەکۆڵ خۆتی بکەوە، سێتەڵاقە بنێ مشتی، ئەوا کاری خێرمان بە دەستەوەیە، دەبێ قۆڵی لێهەڵبماڵین هەر بۆیە من پەلە پەلمە. ئەوەی کە دەبێ بیر و مێشکی خۆمانی پێوە ماندوو بکەین

کاروباری کچەکەی خۆمانە نەوەکوو هوما و تەڵاقدانی ئەو، ئیتر ئەم ژنە بەشی لەم ماڵە بڕا، تەواو بوو، دەی خۆ خەبەرت هەیە داوای کچەکەشمان دەکەن؟

سەیمیران هێشتا سەری بەرز نەکردبۆوە گوتی:

ـ دەزانم، هوما هەواڵی هەمووشتێکی پێداوم، من گەنجیخانی بنەکەداری، بابی دەناسم، (پێی عەیب بوو ناوی کوڕە بێنێ.) سەرو سڵاوم لەگەڵی هەیە پیاوێکی خراپ نییە. ڕۆژی خۆی پیاوی دەویست لە بەرامبەریدا بکۆخێ. لەم ناوەدا نێوبانگی هەبوو، لە پشێونییەکەی مەشرووتەدا، زەمانی کەس بە کەسەکە، برایەکی بە دەستی حاجی ناڵبەند کوژرا، مرۆیەکی بەوەج و گەروەماڵە، لە مانگی محەڕەمدا سێ ڕۆژ لەسەر یەک، هەر ڕۆژەی هەزار کەس نان لە ماڵی دەخوات، دارا و دەوڵەمەندە، جگە لەوەی خورد و خۆراکی ئەم شارە هەموویی لەبەر دەستی ئەودایە، پێستە و کەشک و ڕۆن و خوری لادێکان تەواوی ڕوودەکاتە عەمبارەکانی ئەو، خاوەنی چەند عارەبانە و فەیتوونیشە، کە لەم شارەدا کار دەکەن، بەڵام خۆ هێشتا نەهاتوون خوازبێنی بکەن.

ـ جارێ نەهاتوون، بەڵام دڵنیام دێن بۆ خوازبێنی، جارێک لەوەپێش ئەو کوڕەم دیتووە، پرسیارم کردووە ئاکارو ئەتواری خراپ نییە، گەنجان بێعەیب و ئیراد نین. خزمەتی سەربازی تەواو کردووە، تەنیا کوڕەی بابی خۆیەتی. کەسێکیش بەتەمابێ سبەی جێی بابی بگرێتەوە و نەهێڵێ وەجاخکوێربێ دەبێ لە نێو خەڵکدا ڕێز و حورمەتی خۆی ڕابگرێ، وەک دەڵێن لە کارو کەسپی بابیدا زۆر بەبڕشت و وردبینە، ویستم بزانم بیرو ڕای تۆ چۆنە، ئەوان مەحتەلن زۆر زوو خەبەریان پێبدەینەوە، زۆر لەوەدەچێ ئەم دوانیوەڕۆیە بێن بۆ خوازبێنی، سەیمیران ئارام و لەسەرەخۆ بە لەفزێکی باوکانەوە گوتی:

ـ دەتەوێ ڕای من چۆن بێ؟ دەڵێن هەروەختێ کوڕ کاتی ژنهێنانی هات ژنی بۆ بێنە و کچیش لەکاتی خۆیدا بیدە بە مێرد. کچ وکوڕ وەک شووتی و کاڵەکوان کەس نازانێ چاک یان خراپن، ئەگەر داوایانکرد لەگەڵ قورئان تەگبیر و ڕاوێژ بکە، دەتخاتە سەر ڕێگەی ڕاست.

ئاسکە پێشبینی خۆی کردبوو، دڵنیابوو میرانی مێردی بۆ ئەم خوازبێنییەی پێخۆشە، ئەمەش وەڵامێکی جوان بوو، فاڵگرتنەوە بە قورئان! وەختێ سەیمیران لە ژوورەکە دەچووە دەرێ، ئاسکە لەسەر سۆباکە کاتژمێرەکەی ماوەیەک بوو لەکار کەوتبوو دایەدەستی تاکوو بیدا بە سەعاتسازێک چاکی بکاتەوە، پێشی گوت زوو بیهێنەوە، چەند دەقیقە دواتر وەختێ خەریکی پاکو خاوێنی و ڕاستەو پاستەی تاقەی ژوورەکان بوو، لەبەرخۆیەوە ملینا لە ویرەویر:

«بەجێتهێشتم نەما شەرت و بەڵێنی

مەخابن یار، چەنێ پەیمانشکێنی»

ئەوت خۆشبێ، لە بیرت بێ منیش هەم

منم مەرهەم دەوای ئازار و ماتەم»

هەر لەو دەمودەستەدا بیژەن لە مەدرەسە دەگەڕایەوە، لەسەر پلیکانەکان هەواڵی هاتنی خاڵۆکەرەم و ژنەکەیدا بە دایکی، پێشئەوەی هوما ئاگادار بێت، دەنگی سمی ماین لە دالانەکەوە هاتە بەرگوێی، کوێخا ماندو و تۆزاوی پیلی خێزانە زەردەڵ و نەخۆشەکەی گرت و لە نێوەڕاستی حەسارەکە دایبەزاند. چەند دەقیقە دوای ئەوان ژنێکی دیکە بە جلوبەرگی کوردییەوە وادیاربوو هاوڕێ و پەرەستاری تاووسخانم بوو، ئەویش تووشی چاوێشە هاتبوو. دەستێکی لەسەر چاوی دانابوو. ئاسکە لەبەر بێڵایە بە سەرسووڕمانەوە تەماشای دەکردن. لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ (بسم‌الله الرحمن الرحیم). ئەی لە خۆم ڕۆژەڕەشێ، بۆ بەخت و نێوچاوانم! ئەمجار لەسەر دابو ڕەوشتی میوانداری و بە یاسای مرۆڤایەتی بەرەوپیریان چوو بەخێرهاتنی کردن. وەختێ ئینسان، ورەو توانای ئەوەی نییە دەست بۆ کارێک بەرێت و لە خۆی ڕانابینێ، بیانوویەکی بچووک لە کارەکەی دڵساردی دەکاتەوە، سەیمیران و هوماش لەم قۆناغە دوور نەبوون. هاتنی ئەو میوانانە بوون بە لەمپەر بۆ کارەکەی، دەبوو پەلەپەل نەکات، هەرشتە لە شوێنی خۆیدا و حورمەت و میوانداری ئاسکەش لەجێی خۆیدا شیرین بوو. بێجگە لەمانەش چەند ڕۆژێک بوو خانمە نازدارەکەی میران ئاکارو ڕەفتاری باش ببوو، هەربۆیە ئەویش زگی پێیدەسووتا. ڕۆژێک سەیمیران لەگەڵ گەنجیخان بە ڕێکەوت تووشی یەکدی دەبن و دەچنە چاییخانەیەک دادەنیشن هەروەک دوو هاوڕێی لەمێژینە، دەستدەکەن بە باس و بیرەوەرییەکانی خۆیان. لە ماڵێدا، خوشکەکەی ئەو، واتە خانمە قەڵەو و ڕووخۆشەکە، بە ژنەکانی وتبوو تاکوو گوڵ و سەوزە لەگۆڕێیە تێگرا بچن بۆ گەشت و سەیران. ئەو فاڵەی ئاسکە لەلای پیرەمێردەکەی گەڕەک گرتبوویەوە، لەکن، ئاغامەزن، بە بۆنەی کاری خێرەوە باشی بۆ هاتبوو، بەیانییەک لەگەڵ خۆرکەوتن، هەردوو بنەماڵە بە سواری سێ فەیتوون، کە باشترین ئەسپ ڕایاندەکێشان بەرەو زەریاچەی خەیاڵاوی نیلوفەر وەڕێکەوتن، ئاسکە گلارە و مێهرخاتوو، کە لە ڕاستیدا ئافرەتێکی شۆخ و خانومان بوو، جارجارەش بەقسەی خۆش شەکری قاقای دەڕژاندە دەمی ژنانەوە، ئەوان بە سواری فەیتوونێکی تازەتر وەڕێ کەوتبوون، خەون و خەیاڵی شەوی بووکێنی هەر بەم پێشەکییەوە بۆ هەمووان و بەتایبەت بۆ گلارە بوو بە پەردەی سینەما بە

بەرچاوییەوە، لە هەر چرکەیەکدا لەبەرخۆیەوە فکری دەکردەوە ئەم هەموو قەتار و سەرقەتارە بینا بەخاتری گلارەخانە، شەربەتی شادی و شەرمی کچێنی قورسایییان لەسەر چاوی کردەبار، بەڵام لە نێو ئەم مژە پەمەییەدا، داهاتوویەکی ڕووناکی لە بەرامبەر خۆیدا دەبینی، ئەو خانمە جوانە فانیلەیەکی سەرچین دەبەردا و پرچی پەرێشان دەوری مانگی ڕوخساری دابوو، لە جووڵە و ساکاری ورد و هێوریدا حورمەت و پاکی کچۆڵان دەبیندرا ئەگەر ئیما و جەفەنگی کتوپڕی هوما وەلانێین جارێ کەس پێی‌نەوتبوو ئەم هاتن و چوونە بۆچییە و لەبەرچی دێن و دەچن. تەنیا دایکی وریای کردبۆوە، کە ژیرانە بێت و بچێ و ئاگای لە گفت و کرداری خۆ بێت. تۆ بڵێی ئەو کچە ئارەزووی شووکردنی وەک ئەوینێکی قاڵبوو لە دڵی خۆیدا هەست پێ‌کردبێ؟ جارێ بە ڕوخساری ئاسایی ئەودا چشتێکی ئەوتۆ دەرنەکەوتبوو، تەنیا ئەوەنەبێ هوما بە شۆخی و گاڵتە پێی‌دەگوت، کە گلارە شەوانە ڕووبەڕووی ماڵی زاوا خەوی لێدەکەوێ، جارێ ئەم کچە وەک داری گوڵ تازە چرۆ دەکا، (ئەوین‌داریش هەورازێکی ئاشقبەزێنە، هەموو دڵدارێک ناگاتە لووتکەی،) هوما و شیرین و خێزانی باوکی زاوا، لە فەیتوونی نێوەڕاستدا بوون، گەنجی‌خان و سەی‌میران و زاوای داهاتوو، واتە ئەڵماس، بە سواری فەیتوونی ئاخر لە دوووپی ئەوان دەهاتن، کوڕو کاڵیش بەسەر ئەو سێ درۆشکەیە دابەش کرابوون. بە هەموویان حەوت منداڵ دەبوون، ئێستاش بەم‌بۆنەیەوە خەریک‌بوون دەرگای خزمایەتی بە ڕووی یەکدیدا بکەنەوە، سەی‌میران لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە کە بەراستی ژین و ژیان گاڵتەو گەپ نییە و ئەشێ گرینگی پێبدرێ، ئەگەر لە دڵەوە بەتەمابوو هوما لە کوڵ خۆی بکاتەوە دەبوو لە دڵەڕاوکێ و وازی وازی‌بوون خۆ بپارێزێ و میرانە هەنگاو بنێ، کەسانێکی وەک گەنجی‌خان فکر و بیرێکی خاوێن و داتەقاویان هەیە بۆیە وا لە نێو کۆمەڵگادا جێی خۆیان بە جوانی کردۆتەوە، نەک وەکوو ئەو خێرا خۆی دۆڕاند، دەتگوت ئەم سەروەت و سامانەی بە مفتە وەدەست کەوتووە ئاوا بەخۆڕایی لە دەستی بۆوە. لەو شارە بچووکەدا کە خەڵکەکەی هەموویان بە باشی یەکدی دەناسن، دەشزانن بەرز و نزم‌بوونەوەیان هۆی چی بووە، هەندێ تازەپێگەیشتوو هەبوو بە سەروەتی قارون گاڵتەیان دەهات و بە شوانیان نەدەگرت. بەم‌حاڵەشەوە مەگەر چاوی تەماحیان گڵ پڕی کردبایە، ئاخۆم ئەو ترس و خەمەی لە دڵی ئەو مرۆگەلەدا کۆ بۆتەوە، هەروەک بە گاڵتەگرتنی ئەو نییە لە ژیاندا؟ تۆ بڵێی ئەو دوو دەستەیە کامیان خاستر لە ژیان حاڵی و شارەزان؟

وەختێ «باوەجان»نیان بەجێ هێشت فەیتوونەکان ڕاوەستان، تاکوو یەکسمەکان پشوویەک بدەن و وەحەسێن، هێشتا پتر لە کاتژمێرێک ڕێگایان مابوو. هەتاو بە ئیشتیا بە بەژنی ئاسماندا هەڵزنابوو،

تۆزی ڕێگا لەسەر ئارەقەی هەنیە دەنیشت. سورچی و گاری ئاژوت بە دەستووری کوڕەخان کەپر و سەیوانی فەیتوونگەلیان دادایەوە بۆئەوەی تاو لەو ژن و منداڵ و میوانانە نەدا و عەزییەت نەبن، ئەسپە چەرمگی فەیتوونەکەی پێشەوە، لەتەک ئەوەی پەنای لە بێدەنگ و لاوازبوونەوە دەحاواوە، لەگەڵ جوانووەکەی دواوە جێگۆڕکێیان پێکردن، مسافیرەکان لەو گۆلاوەی بنسێبەری دارو درەختەکە بوو وچانێکیان گرت و دەست و دەموچاویان تەڕ کرد. منداڵان ڕەقە و کیسەڵی نێو ئاوەکەیان بەردباران کرد، پۆلێک مراوی کێوی بە نیازی دەریاچەی نیلووفەر گەرەکیانبوو لەسەر ئەم گۆلاوە وچان بگرن، تاکوو چاویان بەو خەڵکە کەوت، سووڕێکیان لێدا و بەدەم قاڕە قاڕەوە دوور کەوتنەوە، ئەوکاتەی مسافیرەکان چوونەوە لەسەر جێگای خۆیان دانیشتن، کوڕەخان یەکبەیەک سەردانی گارییەکانی کرد، بۆئەوەی بزانێ جێگاو ڕێگایان خۆشە! هوما کە بە ئاستەم چارشێونوێژەکەی دابوو بە سەریدا لۆیەکی کردە پەرژین بە ڕوخساری، بەدەم شۆخی و گاڵتەوە ڕووی تێکرد و گوتی:

ـ ئەرێ ئەڵماسخان حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ یانیچی ئەمڕۆ مسافیری دەرەوەی شاری پێیە؟ بڵێی فەنەری فەیتوونەکان نەشکێن؟

بەدەم وتنی ئەم ڕستانەوە، هوما چارشێوی سەری لاداو دایەوە بە سەریدا، بۆئەوەی ملوانکەی مرواری و سەعاتبەندی ئاڵتوونی خۆی بەو نیشان بدات، لە دڵەوە ئاخێکی هەڵکێشا، بۆچی کراسە یەخەئاوالاکەی نەکردۆتە بەری تاکوو تەختی سنگی مەڕمەڕینی نیشان بدات و سەنعانئاسا لە دینی وەربگێڕێ. ئەو کە شنۆی شەماڵ و بێنو بەرامەی دەشت و کەژو کۆ لە چەشنی هەنگ دەمیان لە تۆپەگوڵی گۆنا و خونچەی لێوی نابوو، بێئەوەی مێشێکی میوان بێ، لاقی لەسەر نشیمەنی گارییەکە دانابوو پاوو پووزی سپی و تورتی وەک بلووری بەرجامخانان بە بەرچاوی کڕیارەوە تریفەی دەهات. چارشێوی سەری بە ئەنقەست شل کرد بۆئەوەی لەسەری بکەوێتە خوارێ. سیمای شیرینشێوەی کە شیلەی شەهدی یەزدانی دەدەلاند بە عالەمیئاشکرا هاواری دەکرد، وەرن دەم بنێن بەم حەوزی کەوسەرەوە! بۆ جارێکیتر کوڕەحەیران لە بەرامبەریدا بەبێ وەڵام مەحتەل مابوو کەوتەوە بەر تیریژی نیگای. چاوو برۆی پڕ لە سێحر و جادوویی هەڵتەکاند و بە نیوەنازێکەوە گوتی:

ـ دەی، خۆ من مەتەڵۆکەم لێدانەهێنای بۆ وا مات و بێدەنگی. ئەگەر پێتوایە فەنەری فەیتوونەکە دەشکێ، ئەوا هەموومان ئامادەین لە هەرجێیەک تۆ پێتخۆشبێ دادەبەزین.

کوڕە جحێڵە، لەبەر شەرم سوور هەڵگەڕابوو، لەگەڵ ئەوەی چۆکی دەلەرزی بە پسکە پسک گوتی:

- لەوەدەچێ بشکێ، بەڵام ژیان هەمووی سیایی لەسەر نییە هوماخانم.

- بەڵێ منیش لەگەڵ قسەکەتم، سەیران و سەرگەرمی بەشێکە لە ژیان.

پیاڵەی چاوی مەستی جادووبازی لە شێوەیەکی بەختەوەرانە کوڕەی غوسڵدا، وەکئەوەی پێیوتبێ: لاوەگیان، باش لە مەبەستی تۆ تێدەگەم، ڕۆژگاری داهاتوو لەدەست ئێمەدایە. هەر بەم زمانە لووس و هەڵخەڵەتێنەی درێژەیدا بە قسەکانی:

- بە دڵ حەزمدەکرد، سواری فەیتوونەکەی ئەو ڕۆژە بوایەم، گاری ئاژووتەکە قەراروایە ببێ بە مێردم. قسە لە نێوانماندا تەواو بووە، تەنیا بەڵێنێک ماوە لە نێوانماندا مسۆگەر بێت، ئەگەر لە نزیک یەکسەمەکانی دەمخەوێنێ با بمخەوێنێ، لەسەر کاو و وێنجە، بەڵام نابێ قەت باسی خەرەزەن و قەمچی دەستی بکا لەلای من، چونکە من زۆر دەترسم، من ئەگەر لێمبدەن دەبێ بە پەلکی گوڵ و بە سۆرانی دارکاریم بکەن.

هوما مەبەستی ئەوەبوو، بەم گاڵتەو جەفەنگە دەرگای شۆخی و سوحبەت بخاتە سەرپشت، تاکوو ژنگەلی هاوڕێی وەڕەز نەبن و تۆزێک پێبکەنن، ئەمەش ئاسایی بوو، لەو ئیشارەو ئاماژەیەی دەیکرد هیچ مەبەستێکی کرێتی لە دڵدا نەبوو، وەختێ فەیتوونەکە وەڕێ کەوت قسەی کوڕەی بۆ شی کردنەوە:

- ژیان هەمووی هەر حیساب و داهات نییە و بەشی ئەوینداری جوێیە؟، با بگەینە سەرئاوی نیلوفەر، بە گەنجیخان دەڵێم کاری خێر دەبێ پەلەی لێبکەی، چ لەوە باشتر ئەم گەنجانە بگەن بە ئارەزووی خۆیان.

بەڵام لەلایەکیترەوە ئەڵماس لە مەبەستی هوما حاڵی نەبوو، دواتر ئەوجۆرەی دڵ گەرەکیبوو بە قازانجی خۆی لێکیدایەوە، تێرامانی سەرنجڕاکێشی مەکربازانەی ئەو ژنە ڕەنگ و شەکراوی لە ڕوو دەتکا، چبگا بە گەنج و لاوان پیری چلەکێشی سەردەبڕی، وەختێ بەرەو فەیتوونەکە چالاکانە هەنگاوینا، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- بەجێی ئەوەی من سەری قسە دابمەزرێنم ئەو دەستی پێکرد. ژنان زۆر زوو بە شتەکان دەزانن. بابانوێران دەڵێی مینای بێگەردە، وودکای ڕووسە، قومێک بەسە تاکوو بە دنیای خەیاڵدا بترفێنێ و لەو خەڵکەت دوور بخاتەوە، ئەو شیرینجەماڵە هەسارە نییە دەست پێیڕانەگا، خۆ ئەگەر

تۆزێک سۆز و سەودای ئەویندارى لە دڵی ئەودابایە هەرگیز ترس و گومانم لە دڵی خۆمدا ڕانەدەگرت، تاکوو لە یەکەم دەرفەتدا لە بەرپێی ئەودا کڕنۆش بەرم، ئەمە شەش ساڵە ڕۆژنییە نەیبینم و جارێکیش چاوێکی لێنەکردووم.

دەستو مستی خۆی هەڵگوشی، فکر و بیرێک کە لەمێژ بوو ناخی هەژاندبوو، ئێستا لە ماڵی خەیاڵ هاتبۆوە دەرێ و تێکەڵ بە ڕاستەقینە دەبوو.

وەختێ گەیشتنە شوێنی مەبەست و تەواویان لە فەیتوونەکان دابەزین، هوما هەر لە منداڵییەوە ئەم دەوروبەرەی بەدڵ بوو بە هەموویانی گوت، کەس لەم ئاوە نەخواتەوە، قورسە و بۆ خواردنەوە نابێ، لەجیاتی ئاو ئەگەر تینوویان بوو ئەوا دەبێ چایی بخۆنەوە، ئاوی ئەم زەریاچە بچووکە، وەکوو ئاوێنە تەواوی ئەم کێو و بەندەن و شاخانەی دەوروبەری خۆی کە دڵێک و هەزار دڵ شەیدای دەبوو، لەوێدا دیاربوون، لەوێدا دیمەنی ڕابردوویی کەونی دەهێنایەو بەردیدەی تێڕامان، باسی بەزمی خەسرەوان و ئازایەتی جوامێران و بێوەفایی دنیای دەکرد، بەناوبانگ بوو جامی جیهاننوێنی جەم و تەلای دەستەوشاری پەرویز کەوتۆتە ئەم دەریاچەیەوە، هەردوو خێزانەکە، فەیتوونەکانیان لە پەنا قاوەخانەیەک لە شانی باشووری گۆلاوەکە لەگەڵ لێخوڕەکاندا بەجێهێشت و خۆشیان لەلای باکووری ئاوەکە، لە کەناری ئاوەهەڵدێران و لە ژێر سێبەری داران مەنزڵیان خست و گوێی دڵیان سپارد بە خوڕە و قەڵبەزەی خورێنک و ڕووباران، ڕۆژێکی خۆش و سازگار بوو، بە دڵنیاییەوە بۆ یەکبەیەکی پیر و لاوی ئەو دوو بنەماڵەیە خۆش و شیرین بوو. بۆ جارێکیتر ئەم هەل و دەرفەتە هاتەوە بەردەستی بارام تاکوو بولبوولئاسا تێیبچریکێنێ و زاخاوی دڵ و مێشک بدات، زاوا هەوڵی دەدا، تا دەتوانێ لەکن گلارە و تەواوی بێگانە و خۆیی، خۆی سەنگین و ڕەنگین ڕابگرێ و بچێتە دڵەوە، لە ڕواڵەتی ئەودا، عەیب و ئیرادێک بەرچاو نەبوو، ئەوەندە نەبێ جارجارێک وەکئەوەی ملیوانی کراسەکەی تەنگ بێ سەری بە لایەکدا هەڵدەتەکاند. ئاسکە بۆ یەکەمجار بۆی گرینگ نەبوو بەڵام وەختێ لە بنەوە لێیخورد بۆوە پێیناخۆش بوو، کە ئەم سەرهەڵتەکاندنە وادیارە وەک خوویەک لەگەڵیدایە. گلارە هەروەک شیاوی کیژۆڵانی خوێندەوار و نەرمونیان قورس و سەنگین بوو. مەند و ماقووڵ و خۆڕاگری ئەو لە تاریف نەدەهات ئەگەر هوما نەیدواندبایە و بزەی نەخستبایەتە سەرلێوی، بێگومان تاکوو ئێوارێ لە شوێنی خۆی نەدەجوولا و تەنیا لە دەمی ئەوان ڕادەما هەرچییەکبێ کچی ئاسکەە و ئەو دایکە لە کڵی دەرهێناوە، هەرنەبێ لە ڕەفتار و ئاکاردا، لە وردو و ژێریدا شتێکی لە دایکی هەڵگرتووە، دوانیوەڕۆ، گەنجیخان و سەیمیران هەردوو میرمەزنانی بنەماڵە بە بیانووی دیتنی

ئاشەکانی خوارووی گۆلاوەکەوە چوونە نێو باسی خوازبێنی و داواکاری بە ماوەی سەعاتێک خاوخێزانیان بەجێهێشت. کوڕو کچە لەسەر پێشنیاری هوما، بە دنەدانی مێهرخاتوو، لەسەر ئیزنی ئاسکەخانم لە جێی خۆیان هەستان و تۆزوخۆڵی جلەکانیان تەکاند. تاکوو بە یەکەوە بچن سواری لۆتکە ببن. ئەو دەورانەی ژنان لە حەسار و قەڵای چارشێودا بوون، دەیانگوت ئەو پیاوەی بەتەمای ئافرەتێکە بۆ جارێک چاولێکردنی حەڵاڵە، ژن زێوێک بوو تەنیا ڕەنگی ڕوخساری دەنگو گوفتاری عەیاری ئەو دەنوێنێ، ئەو مەحەک و هەڵسەنگاندنە بە تەواوی کەموکوڕی بنەڕەتی کە هەیەتی، هەر لە کۆنەوە کۆمەڵگا پەسندی کردبوو، چونکە کچێک وەک ئەرک لە سەری واجب بوو ڕاز و نهێنی پیاو ڕابگرێ، وەکوو کۆیلەیەکی زێڕخەرید و بە زێڕ کڕاو وا بوو، هەر خێرا لەگەڵ خاس و خراوی چوارچێوەی ماڵی مێردی ڕادەهات و خویی پێدەگرت، بەڵام ئەی ئێستا ـ ئاخۆم بەرینایی تۆتۆی نێوان کۆمەڵگا ئەو هەلەی نەرەخساندبوو پیاوان چکێک لە قورسایی ئەرک و پێسپێراوی خۆیان بخەنە سەرشان و ئەستۆی ژنان؟ تۆ بڵێی هەروەکو پیاوێک دەتوانێ ئەرکێک ڕاپەڕێنێ ئافرەتانیش لێهاتوویی و دەستڕەنگینی خۆیان نەبووە و نییە؟ ئەگەروایە ئەم نیسکۆکە ئازادی و ئەم هەمووکە ڕێنوێنیە بە دڵداران هیچ کە بێزیان بوو تەنانەت پێویست بوو ئەو فکر و بیر و بۆچوونە لەسەر تەوەرەیەکی نوێخوازی و پاکرەوشتی خولی دەخوارد و لە مێشکی ژنگەلی هەردوو بنەماڵەوە سەرچاوەی دەگرت، بەبێ دانپێدانان چاویان ئەیدرکاند، لەم سەیران و گەشتەدا هومایان ڕەگەڵ کەوت، بە ویستی خۆی، گەمیەکە لە پێش ئەوانیشدا هەر لە بەیانییەوە، دووجار منداڵانی گێڕابوو، لەباتی سەوڵلێدان، بە کەندر بەسەر ئاوەکەدا ڕایاندەکێشا، لە ڕاستیدا مەبەست ئەوەبوو ئەو گوڵە نیلوفەرانە بچنن کە بەرینایی ئاوەکەی داپۆشیبوو، بە گەڵای سەوز و پانەوە، بێجگە لەمەش بۆ دەواو دەرمان سوود و بەهرەی زۆری هەبوو، ئەوکەسەی گوڵەکانی بە ئیجارە هەڵگرتبوو، خۆی لە چاخانەکەی ئەوبەرەوە دادەنیشت، هەرکەسە و دە شایی ئەدا بەوانەی سواری لۆتکە دەبن و بە ئاوەکەدا دەگەڕێن. بەومەرجەی گوڵی بۆ بچنن. ئەمەش بۆ ئەوکەسانەی لە شارەوە سەفەریان دەکرد وەک بیرەوەرییەک دەمایەوە، ئەم سەیرو سەیاحەتە بەسەر گۆلاوی پڕ لە گوڵی نیلووفەرەوە کۆتایی پێهات، هەروەک ژنان لە دوورەوە چاویان لێبوو هەردوو لەگەڵ یەکدی زۆر بێگانە و ساردوسڕ بوون، بە هۆی ئەوەی گەمیەکە پتر لە دوو کەسی جێنەبوو، لە بەرا ئەڵماس و گلارە سوار بوون، سووڕێکیان لێدا و گەڕانەوە، بەبێ ئەوەی تەماشای یەکدی بکەن و ڕەمزو ئیشارەتێکیان هەبێ، ئاخۆم گەنجان لە کچ و کوڕ کە بەشی یەکدین، خۆشییەکانی ئەویندارى بۆ ڕۆژی باشتر ڕادەگرن. یان ئەوەی ئەمە شەرمێکی

سەرەتاییە کەوا هەردوولا دەباتە بیر و ئەندێشەوە؟ بە دوای گلارەدا، نۆرە گەیشتە هوما، ئەو بەپێچەوانەی ئەو کچە شەرمێونە، کە سوار ببوو، هەر لە کاتی چوونە نێو گەمیەکەدا، هەزاران عەتر و گوڵی عیشوە و ئەدای لە خۆی نیشاندا، بە ترسەوە زریکاندی و لە خۆشیاندا قاقاپێکەنی، دەستی درێژ کرد کوڕە یارمەتی بدا، بەڵام کێشایەدواوە، ئیتر ئەم کارەی بە ئەنقەست بوو یان بەهەڵە کردی ژنەکانی خۆیان لەم شانو پیاوانی غەریبە لە قاوەخانەکەی ئەوبەرەوە سەیریان دەکرد، چووە گەمیەکەوە و دانیشت، بەڵام ئەوژنەی تا ئەو حەلە وەک کەو دەیقاسپاند و شادو سەرخۆش دەتریقایەوە، بەبێ ئەوەی لەمپەر و بەرهەڵستێک بۆئازادی ئەو هەبێ، پێدەکەنی و کەیف کەیفی ئەو بوو، تەنانەت ئەوانی لە دەوریشی بوون لەو خۆشییەی ئەو بێبەش نەبوون، وەختێ گەڕایەوە و لە گەمییەکە دابەزی بە تەواوی ڕەنگی گۆڕابوو، ئەو گوڵانەی ئەڵماس لەسەر سنگی ئاوەکە بۆی چنیبوو بە دەستییەوە نەمابوون، چارشێوە تەنک و گوڵ وردەکەی وەختێ سوار بوون لێیببووەبار، ئێستا بە تەواوی لە خۆیەوە پێچابوو، ڕوخساری پێداپۆشیبوو، وەک ئەو کچۆڵانەی لە کاتی خۆشی و شادیدا، لەگەڵ هاوڕێ و هاواڵاندا خەریکی یاری و هەڵبەز دابەزن لەپڕ هەست دەکەن گەوهەری بە نرخی کچێنییان دۆڕاندووە، ئەمیش پەرێشانی بە ڕوخسارییەوە ئاشکرا بوو، وەک بڵێی هەر ئێستا لە قوڵپەی گریان بدات، دەنگی نووساو و ڕووانینی لێڵ و تۆراو دیاربوو، ئاواش بە درۆ تەمای بوو بە زۆر پێبکەنێ و لە ڕواڵەتدا ڕووخۆشی خۆی نیشان بدات، مێهرخاتوو لەگەڵ شیرین وایاندانا دەبێ ترسابێ و دڵەڕاوکێیەکی جەستەیی و دەروونییە لە ئافرەتاندا، پەیدا دەبێ و وەک هەوری بەهاران زوو دەڕەوێ، بۆ بیر لێکردنەوە و خەفەتخواردن نابێ، ئاسکە زۆر زوو زانی، کوڕە بۆی دەرکەوتووە، پێتوایە ژنێکی ئاوا چاوحیز و ڕووهەڵماڵاو کە بە داخەوە تەنیا بە جوانییەکەی دەنازێ، دەیتوانی سەرنجی مرۆیەکی ژیر بۆلای ئەو ماڵباتە و بەتایبەت بۆلای کچەکەی خۆی ڕابکێشێ؟ داخۆم کچۆڵانی سادە و ساکار کە خاوەنی دڵێکی فرە ساکارن، هەرگیز دەتوانن حەریفی مەیدانی سوودابەکان بن کە بە ئیماو ئیشارەی چاو و برۆیەک سیاوەشگەل لەبەر پێی خۆیاندا خپ دەکەن؟ مەبەستی هوما لەو کارانە چیبوو؟ ئەم ڕۆژە ڕەشییەی بەسەر دایکەکەی هێنابوو، ئێستا نۆرەی کچەکەی بوو؟! درۆ نییە کە بێژی، (ئەو باخەی ڕەشەبا دەیگرێتەوە زەحمەتە خونچەکانی ببن بە گوڵ.)

ئەو ڕۆژە بە خۆشی دەستیپێکرد و هەر بە شادی و خۆشیش کۆتایی هات، مسافیر و سەیرانچییان لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێران گەیشتنەوە شار. فەیتوونچی خاووخێزانی ئاغای سەراوی لەسەر کۆڵانی عەلیخانی لوڕ دابەزاند. ئاسکە چووە وەتاغەگەورەکە بۆلای میرانی مێردی، تاکوو

بزانێ خەبەر و باس چییە، سەی‌میران بۆ چەند ساتێک کرۆکپ تێی‌ڕاما، دواتر بە ئاماژە و پەرێشانییەوە کە چاوی دەی‌درکاند، تێی‌گەیاند دەبێ کچەکەی ئامادەی ڕۆیشتن بکا، ئاسکە ترس و خۆشییەکەی ئاوێتەی یەکدی بوون. بەڵام بەهۆی ئەوەی هوما لەوێ بوو نەیویست زێدەتر پرسیار بکات، بۆ ئەو کارە دەرفەت و فرسەتی باشتر پێویست بوو، ئەوەی کە ئەوان لە دیداری ئەو بنەماڵەیەدا دیتییان ڕێکوپێکی و تەبایی بوو، نەک داراو و دەوڵەمەندی، لە نێو خۆیاندا هەموو خزمو وەچەی یەکدی بوون، ئیتر لێرەدا بەتەمای گۆڕانکارییەک بوون بە گشتی، هەربۆیە بەم بووکهێنانە لە بنەماڵەیەکی‌دی لە هەوڵی هەنگاونانێکی تازەتردا بوون، دوور نەبوو بووکی داهاتووی ئەوان، چونکە کچێکی خوێندەوار و لە هەربابەتێکەوە شایانی کەی‌خاتوویی بوو، ئەو مافەی هەبوو گۆڕانێکی ڕێکوپێک بەسەر ژیان و نەریتی ئەوڕۆیی ئەواندا بێنێ و بە سەلیقە و ویستی خۆی بیڕازێنێتەوە، هوما، وەختێ زانی سەی‌میران لە کەژاوەی بیربڵاوی و خەیاڵدا ئارامی گرتووە، تاکوو کاتی خەوتن بێدەنگی پاراست و متەقی نەکرد، ئیتر ئەووەختەی بەتەما بوون لە پێخەفی شەو بخزن بە زمانی پەشیمانی شەقڵی لێوی شکاند:

ـ حەزدەکەم قسەیەکت لەگەڵدا بکەم: ئەگەر پێت‌خۆشە کچەکەت داهاتوویەکی باشی هەبێ مەیدە بەم‌ماڵە!

میران بە سەرسووڕمانەوە تێی‌ڕاما:

ـ تێناگەم، مەبەستت لەم گفتە چییە، ئاسکە بەقەی تۆ بەم‌خزمایەتییە خۆشحاڵ نەبوو، ئەی بۆ خێرا فکرت گۆڕی و پەشیمان بوویەوە؟! نەت‌بینی چەندە بە جوانی هاتبوونە پێشێ؟ بەم زەحمەت و تەدارەک و مەبارەکەی ئەوان کێشابوویان هیچ نەبێ سەت‌تمەنیان دابوو بەکۆڵی خۆیاندا، گەنجی‌خان قسەی لەتەک مندا کردووە و وادیارە زۆریش بەپەلەن، دەیگوت، ئەو ڕۆژەی بە یاریی خودا ڕێکەوتی مارەبڕین دیاری دەکەین، بەرلەوە مامەڵەیەکی‌تری بە دەستەوەیە، دەبێ جێبەجێی بکا، ئەمیش سەندنی کاروانسەرای «عالەم‌شکێنە» تەنیا کاری مەحزەر و دەفتەرخانەی ماوە، من بە تەواوی سەرم لەوە سووڕماوە، نە جارێک و نە دووجار، گۆیا بەتەمایە شەش‌دانگی ئەو مڵکە تازەی کە کڕیویەتی بیکاتە قەباڵەی گلاراوە.

ـ ئەگەر ئاوابێ، دەبێ تۆش بیست هەزار تمەن باوانی لەتەک کچەکەت بخەی، مارەیی کە نەدراوە، بەڵام جیازی هەربووە، ئەم کوڕە بۆ کچی ئاسکە مێردێکی باش نابێ.

ـ لەبەرچی نابێ؟ بەڵگەی تۆ چییە بۆ سەلماندنی قسەکەت؟

ـ خۆ ناکرێ هەمووشت بێژی، دەتەوێ ناچارم بکەی هەموو شتێکت پێبڵێم؟ ئەمڕۆ وەختێ ئێوە دوور کەوتنەوە، من و گلارەی سواری بەلەم کرد. من نەمدەزانی ئەم کوڕە ئەوەندە چەنو مل و بێشەرمە، تاکوو بتوانێ هەر لە یەکەم تێکەڵبوونماندا ـ ئۆی خودایە ئینسان تەزی پێدا دێت! نا سەراوی، هەر لێیبگەڕێ با لەمە زیاتر زار نەکەمەوە، دەزانم تۆ زۆر زوو بەمشتانە قەڵس دەبی، تەنیا ئەوەندە بزانە ئەم گەنجە کوڕێک نییە بتوانێ خاوخێزانی خۆی ڕابگرێ، پێتسەیر نەبێ کە مەیتەرزادەیەکی بەبێ دایک گەورەبوو زۆر لەوە باشترە. کچەکەت بە قەدر و حورمەت دەبەن و دوای ماوەیەک بە زەلیلی و پیسی بۆت دەنێرنەوە، ئەمەش کەسێکە وەک حاجیبەنناى کۆنە مێردم، کە منداڵەکانم بەسەردا بەجێهێشت و هاتمە دەرێ، ئەو بێشەرمە چاوی تینووی منە نەک کچەکەی تۆ. لەو ڕۆژەوە چووین بۆ باخی تەپەچاڵ من لە نییەتی ئەو مارزبابە گەیشتووم، بۆ یەکەمجار لە خیابان دیتم، بێزم لە خۆم بۆوە، بەڵێ هەر ئەوەندەی لە فەیتوونەکەدا چاوی بە چاوی من کەوت، بە بیانووی قسەکردن بۆ چەند دەقیقە فەیتوون ئاژووتی لەو شەقامە ڕاگرت، ئەمڕۆ تۆ ئاگادار نەبووی بۆ هەرلایەک دەچووم، وەشوێنم دەکەوت! تۆ نازانی چەندە چاوحیز و مێوبەزێنە! نامەوێ بێژم حەزی لێنییە و کچەکەی تۆی خۆشناوێ، یان بەخاتری من پێیخۆشە لەم بنەماڵە نزیک ببێتەوە، ئەوەندەی من لە دنیا حاڵیم ئەوەی ئەشق و ئەوینبێ لە دڵ و گیانی ئەو کوڕەدا نییە و هەزار فرسەخ لە پێکهێنانی خاوخێزان و هاوسەرداری دوورە. تەنیا ئەوەی ئەو هەیەتی هەواو و هەوەسێکی یەکشەوەیە، ئەوانە بەورنگی سەر پۆلوانن، خۆ ئەگەر لەگەڵی دابنیشێ ئەو پیاوە ببێتە سەیوانی سەری ماڵ و منداڵی، ئەمەش بزانە سۆزی ئەو هەناسەساردە هەموو ڕۆژێ چاو بە گریان بۆت دەنێرنەوە، دەبێ لەگەڵ ئەو دایکە گێل و ساکارەی هەر بناڵێنن بۆ کارێکی کردووتانە. ئەمەی بۆ من گرینگە دەبێ بێژم دەتوانم بە خۆمدا بچمەوە و پێیبڵێم پووتێک چەند کیلۆیە! بەڵام ناتوانم خۆشەویستی کچەکەی تۆ بە ناخیدا ببەمەخوارێ، ئەوە گەنجێکی چاوچنۆک و هەوەسبازە، تەواو و بڕایەوە. ئەوە بۆم لە بنی کوولەکەیدای، ئەم زەماوەندە هەتا سەر نابێ.

سەیمیران خەیاڵ بردییەوە و هوما دوای چەند چرکەیەک ووتی:

ـ دیسان قسەکەی خۆم دووباە دەکەمەوە، تۆ وانەزانی من لە خۆم دەترسم، دایکم ئەوەندە شلی نەپێچاومەتەوە ببمە متو موور، هەر هەڵەو هەرزەیەک ڕاست ببێتەوە یاریم پێبکا و هەوەسی داوێنتەڕان دامرکێنم. ئەمڕۆش ئەگەر هیچم نەگوت و دەنگم نەکرد بۆ ئەوەبوو سەفەرەکەمان لێتێک نەچێ، ئەینا چەپۆکێکم ئەدا بە تەپڵی سەریدا و نوقمی گۆلاوەکەم دەکرد. واملێدەکرد دەرگای ماڵی

خۆیان نەناسێتەوە، ئەوکەسەی لە خۆی خاترجەمە، لەو حیزەپیاوانە هیچ ترسی نییە. بەڵام ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە داهاتووی ئەم کچە بەستەزمانەیە، کەچی (تۆ پێتوایە ئەوەی شەکەرفرۆشە خوێنی شیرینە!) ڕاستە دەرحەق بە ئاسکە خراپەم بووە، بەڵام خراپەی ئەو و کچەکەیم ناوێ، زۆریشت لێناکەم کەیفی خۆتە حەزدەکەی جوابیان مەکە. کێ دەزانێ دڵی ئەم خەڵکە چیتێدایە، سەیر نییە سۆزی زارۆرێچ دەوری بگرن، کوڕە کەللەی بکەوێتە کارو پیاوێکی باشی لێدەربچێت بۆ ژن و منداڵی خۆی، بە دوای تەواوی ئەم قسانەدا ئەگەر ڕازی بە خوازبێنی کچەکەتبی یان نا، ئەم داوایەم لە تۆ هەیە، ئەم قسانەی ئەمشەومان با هەر لە بەینی خۆم و خۆتدا بمێنێ، وەک دەڵێن مەگەر گڵ لێمان ببیستێ، پێمخۆشنییە ئاسکە بە هۆی ئەم قسانەوە، وەک باعیسکارێک سەیرم بکات و بمداتە بەر تووک و دۆعا و نزا.

سەیمیران لەوکاتەدا لێوی خۆی بە ددان گەزی، ناچار وەقسە هات:

ـ نا، حەزناکەم ئەو شتێک بزانێ، من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە چاوم پێیکەوت خۆشم نەویستووە، ئارەقخۆرە و ئاکاری لۆتیانەی هەیە. لەگەڵ لاتو بەرەڵلای ئەم شارە دەگەڕێ. براکەی میرزا نەبی لە هەمووکەس باشتری دەناسێ، پووڵ و پارە بەرچاوی گرتووە ئەوە لەوجۆرە کەسانەیە ئەگەر تەمەنی بگاتە پەنجا ساڵ هێشتا ناگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاستەقینە، سبەی هەواڵ دەدەم بە بابی، نە کچم هەیە بە مێردی بدەم، نە کوڕی ئەویش بۆ ژن دەبێ. ئیتر تەواو بوو بڕایەوە.

سێ ڕۆژ دواتر کاتێک ئاسکە زانی سەیمیران، ئەو ماڵەی جواب کردووە هێندەی پێسەیر بوو واقیوڕما، مێردەکەی لەمەڕ ئەم خزمایەتییە تا ئەوحەلە لە ئەلف نەهاتبووە بێ، ئەگەر قسەیەکی هەبوایە، بێگومان میوانداری ئەوانی بۆ سەراوی نیلوفەڕ قەبووڵ نەدەکرد. ئەمە هیچ ڕێی تێنەدەچوو بەو بۆنەوە دەعوەتی ئەوان ڕەت نەکاتەوە، بەڵام زۆر خۆی بەم مەسەلەیەوە ماندوو نەکرد. بەتایبەت لەو ماوەیەدا گلارە زۆر بیری بۆ ئەم لایەنە تیژ نەبوو، تەنیا ئەوەی بۆی گرینگ بوو درێژەدان بە خوێند بوو. ئەم کچە ئافرەتێک نەبوو لە ماڵی بابی بترشێ و کەس لێینەپرسێ. دووریش نەبوو، ئەوە بەختێکی باشبێ کە بەروپیری هاتبوو، ئەو فاڵەی باوەگەورەی بۆ ئەوی گرتبۆوە لەباتی ئەوەی زۆر چاک یان باشبێ نیوەباش بوو، خۆ ئەگەر ڕای ئەویشیان وەرگرتبایە حەزی لە کوڕێکی خوێندەوار و ئەمڕۆیی بوو، کە ببێ بە زاوای. کەسێکی کارمەند و ڕێکوپێک و خانەدان و پاکو خاوێن، نەک خۆبەزلزان و کەس نەبین. ئیتر چ لەوە باشتر خەڵکی ئەم دەڤەرە بێت و کچە نازدارەکەی پەڕیوەی شارەو شار نەکا.

# بەشی حەڤدەهەم

«یاران گوێ بگرن لە سۆزی دەنگم
جەفا و جەوری یار شێواندی ڕەنگم»
«فۆلکلۆر»

هەر لەو ڕۆژەوە سەیمیران سەراوی بوو بە نوێنەری دەستەی نانەوایان، میرزا نەبی نانتیری ناڕاستەوخۆ سەرۆکایەتی بەدەست هێنابوو، ئەو کە دۆستی سەیمیران بوو، بێجگە لەوەش خوێندەواری هەبوو، کاری لەدەست دەهات، لە کۆبوونەوەی دەستەی نانەوایان و وتوویژ و نێوبژی کێشەی نێوان دوو پیشەییدا میرزا و مونشی بوو، داخوازی نامەی هەمووان و بەڵێننامە و کاروباری ئەوانی دەنووسی و نامەی هاوردەی دەخوێندەوە، لە زۆر کاروباری بێنەوبەرەدا، وەختێ پێی ڕانەدەگەیشت یارمەتی لە میرزا وەردەگرت، ئیتر هەر ئەو پیاوە چلو هەشت ساڵ کەڵەگەتە نیوەچەماوە، قەڵافەتی ئیدارەجاتی و کارمەندانی بە خۆیەوە دەگرت و بە ئەدەب و نزاکەت لە کووچە و کۆڵان بە هەرکەس دەگەیشت سڵاوی دەکرد؛ لە ئیدارەی نان و دانەوێڵە شارەوانی و بازرگانی ناسراو و بەناوبانگ بوو. بەڵام زۆرکەس بە فەرمی ئیمزای ئەویان قەبووڵ نەبوو، لەم دواییانەدا بەهۆی مەسەلەی قاچاخ و گیروگرفتی زۆرەوە، سەیمیران ئەوەندە نەدەهاتە نێو دەستەی نانکەرانەوە، هەر بۆیە ئەم گومانە هاتبووە ئاراوە کە سەرۆکی پیشەییەکان تەنیا هەڵات هەڵات و ماندووبوونە و هیچیتر. بێزار و جاڕز بووە لەم کارە، ئیتر زۆر قەرەی نەدەکەوتن و بۆ لابردنی کێشە و ناتەبایی نێوانیان دەچوونە لای میرزا نەبی و ئەویان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. چونکە میرزا نەبی سەری لەم کارانە دەخورا، کوتومت بە دەست هەموانەوە ئامادە بوو، ئەوەی بەو کرابا جێبەجێی دەکرد. خاستر لە سەیمیران هەنگاوی دەنا، بەڵام وەک ئەو بە بڕشت نەبوو، ئەو کارامەتر و پوخت بوو، خاوەخاو کاری دەکرد، گرێیەک کە دەبوو بە دەست بیکاتەوە ئەو بە ددانی

دەیکردەوە، ئەگەرکوو کاری ئەوان لە ئیدارەیەک مەحتەڵمابا و گیری کردبایە، ئەوا شل دەبۆوە و بێدەسەڵات دادەنیشت، هەر ئەوەندە بەس بوو ناوی پۆلیس بەرن، شەقەشەقی ددانی حەوت گەڕەک دەچوو! جارێک نەبوو بە غیرەتەوە بڵێ، من نوێنەری دەستەی نانەوایانم. کەس نەیدەزانی بۆچی کاربەدەستانی باڵای دایرەکان ناوی ئەو فێر نەدەبوون، دایمە دەیانپرسی بەڕێوەبەرەکەیدی لەکوێیە، نەبوونی سەی میرن بە تاڵایی خستبووە نێو ئەم سینفەوە، هەمووکەس ئەوەی دەزانی.

دەستەی بەڕێوەبەرانی پیشەیی ئەوانە نەبێ خەنیم بوون و ئێرەییان پێدەبرد، ئەوانیتر بە گشتی حەزیان نەدەکرد بە وازهێنان و کشانەوەی سەیمیران. میران پیاوێکی بەوەج و میرێکی بەدەست و دڵ و سەرو ڕووخۆش بوو، قەت نەیدەهێشت نە شیش بسووتێ و نە کەباب، ناحەقی قەبووڵ نەدەکرد. دەغەڵی نەدەزانی و بە دڵو گیان هەوڵی دەدا، لەسەر قسەی خۆی سوور و نەختۆکەیەکیش بزۆز بوو، بەڵام لە کاری ئەموئەودا کەمتر گلەیی دەهاتەوە سەر، تەنیا بەوە دڵخۆش بوو ئەم و ئەو بە دەوریدا دەهاتن و بە ناوی بەڕێوەبەر بانگیان دەکرد، ڕۆژێ سێچوار جار دەچوو لە قاوەخانەکان دادەنیشت، ئەگەر هاوکارێکی پارەی چایەکەی حیسابکردایە پێیناخۆش دەبوو، مەگەر ئەوەی هاوڕێیەکی زۆر نزیکیبایە، ئەو بێجگە لە هاوکارەکانی خۆی، لە نێو خەڵکی گەڕەکدا، ڕێز و حورمەتی تایبەتی هەبوو ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ هاوکاری و هاودڵی و خێرومەندی هەموولایەک، ئەو گەڕەکەی ماڵی ئەوی لێبوو، دەستەو تاقمێک هەبوون کاریان لە پێش بوو، بەڵام لە وەختی گیرو گرفتدا بەتایبەت نۆرەئاوی گەڕەک، تەنیا ئەوبوو نێوبژیوان و چارەسەری دەردانی دەکرد. تەنانەت لەوساڵانەشدا کەمئاوی سیوشکەی بە خەڵک هەڵێنابوو، هاوار و بانگەوازی تینوویەتی خەڵکی شار دەگەیشتە تەشقی ئاسمان، کەمتر ماڵ هەبوو لەو گەڕەکەدا تووشی بێئاوی نەبووبێ، ئەگەر هاتوو ئەو هامووشۆی شارەداری نەکردایە بە شەقام ماڵەکانیان نەدەگوت، بۆ ئاوپرژێن کردن کۆڵانەکان نەچنە بەردەرگای ماڵەکانی کۆڵانی عەلیخانی لۆر. ئەگەر هەوڵ و خۆماندووکردنی ئەو نەبایە، لە دوای شەوی بەردبارانەکەوە هەمووشەوێ پاسەوانێک لەو کۆڵانە کێشکی نەدەدا، بۆ کۆڵانەکە دارتەلیان دانەدەنا، ئەگەر باسی خدەو ڕەفتاری لە ماڵدا و چاوچنۆکی لەمەڕ ژنانەوە وەلابنێین، تەنانەت ئەوکاتەی ڕووی خۆشنەبوو، ئەگەر کەسێک دەهات و داوای یارمەتی لێکردبایە، بێگانە بوایە یان قەوم و خوێشی، خۆی لێدەبوارد، بۆ ئەم و ئەو لە دەفتەرخانە و دایرەگەلی سەبت و پێناسە، دەبوو بە «شاهید». دەبووە زامن و کەفیلی مەشموول و سەربازی، لێرەو لەوێ بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک دەبوو بە بارمتە و زەمانەتی ئەموئەوی دەکرد و

کاری خەڵکی ڕێکدەخست. بۆ زائیرانی کەربەلا و نەجەف تەزکەرەی وەدەگرت. بۆ ئەم ئەرک و خۆماندووکردنەش زۆرجار لە گیرفانی خۆی زەرەدی دەکێشا. سەنەد و قەباڵەی ماڵەکەی لە گرەودا دادەنا، بۆخۆی زەرەدی دەکێشا تاکوو کاروباری خەڵک ڕانەوەستێ، هەمیشە هەوڵی ئەوەبوو دڕوویەک لە قالبی خەڵک دەربێنێ و گرێکوێرەیەک بکاتەوە، مرۆیەکی خەڵکخۆشەویست بوو، سەرو سڵاوی لەتەک خەڵکدا خۆشبوو، هەر ئەمەش زۆرجار ژیانی لێتاڵ دەکرد. ڕۆژێک تازە لە دەرەوە چووبۆوە بۆ ماڵێ، جلەکانی دانابوو لە ژووره گەورەکە چاوەڕێی نانی نیوەڕۆ بوو، چەند ڕۆژ بەسەر جوابکردنی خوازبێنی گلارەدا تێپەڕیبوو یەکێک لە دەرگای حەساریێدا، کوڕی ئەمیر سەدهی خەرەکدار بوو، دە ڕۆژ لەوەپێش لە پشت سەربازخانە بابی وەبن گڵەجان کەوتبوو، سەیمیران بۆ دەرهێنانەوەی یاریدەی دابوون، بۆ یەکەم شەوی هەینی لە ماڵی ئەوانەوە کەلوپەلی قاوەخۆری و نێرگەلەیان بردبوو، هەر ئەو ڕۆژە بۆیان هێنابوونەوە، کوڕێژگە هەروەکوو بابی لەڕ و لاواز بوو، تەنانەت لە کاتی خەویشدا دەلینگی پاتۆڵەکەی هەڵدرابۆوە و یەکیانیش لە خوارێ بوو، بەو زنجیرەی دەستی و تەقیلەی سەریدا واینیشان دەدا، بارێکی خۆڵ بۆ ماڵێ هێناوە، ئەوەی ڕاستیبێ خاوەنماڵ فەرمانی پێدابوو گڵی بۆ بێنێ، بەتەمابوو پاییز سەربانەکانی سوواخ بدات، تۆمەز هەر بەمبۆنەوە ئەمیر سەدهی وەبن گڵەجان کەوتبوو، سەیمیران لە پەنجەرەکەی ئەوبەرەوە، کە لە دالانەکەدا ڕاوەستابوو بانگیکرد:

ـ ئێ کاکیبرا، ئەگەر گڵت هێناوە بۆچی مەحتەلی؟ بیهێنە لە حەسارێ بەتاڵی بکە!

کوڕە بە زاراوەی تێکەڵی سەدهی ـ کرماشانی وەڵامی دایەوە:

ـ نا مەشەدی، گوڕێژەکان ئێستا لە بەرامبەر کۆنسولخانە بە بارەوە ڕاوەستاون نوێنەری دادستان لەگەڵ دوکتۆری یاسا، چوون گۆڕی باوکم بدەنەوە، زەحتیان خستۆتە سەر من، بۆچی بەبێ ئیزنی دەوڵەت ناشتووتانە؟ دەبێ ئێمە بزانین چۆن مردووە؟ ئەوە هاتوو کەسێک ئەوی کوشتبێ.

ـ مەگەر تۆ کاغەزت نەگرتبۆوە و پیشانت نەدان؟

ـ چۆن نیشانم نداون، ئەویان بە فەرمی وەرنەگرت.

ـ بە قسەی ئەوان دەبوو ئەو کەلاکە لەو دەشتە هەروا بکەوێ بە شپرزەیی؟ ئەووەختی بۆمان نەدەخرایە تابووتەوە لەبەر ئەم تاوە لێمانگەڕابا؟! ئەوان ئەگەر بە دەستووری یاسا دەجووڵێنەوە، دەبوو ئەو سێشەو و ڕۆژەی ئێمە جێیەک نەمابوو پەنای بۆ نەبەین ئیشو کاری خۆیان

ڕاپەڕاندبایە، کێ دەستی گرتبوون؟ چونکە شوێنی ڕووداوەکە کیلۆمەترێک لە سەربازخانەوە دوور بوو شارەوانی دەیگوت جەندرمە، جەندرمە دەیگوت شارەوانی بەرپرسە، هیچکام یارمەتیان نەکردین، نەیانویست بیکەن، ئێمەش لەسەر ئیزنی مەلای مزگەوت کە ناوی ناهێنم کاغەزێکمان گرتەوە و ئەسپەردەمان کرد. ئێستاش کە دە ڕۆژی بەسەردا تێدەپەڕێ بۆ وازمان لێناهێنن چییانگەرەکە؟ تۆ برۆ ئەوا منیش هاتم.

سەی‌میران بە تووڕەیی دەستێکی هێنا بە نێوچاوانیدا، بەپەلە چوو بۆلای جلەکانی، هوما لە بەردەمی قوت بۆوە و تکای لێکرد چەند دەقیقەیەک سەبر بگرێ، نانی نیوەڕۆیی بخوات ئەوسا هەستێ بڕوات، ڕازی نەبوو، لەوکاتەدا، کە مندالە بابمردووەکە، دە هەنگاو لە دوویی بوو، بەپەلە چووە سەر گۆڕی باوکی، تاکوو پێش‌ئەوەی لە ڕووی شەرعەوە گۆڕەکە بدەنەوە، ڕێگەیان لێبگرێ، لەوێ نوێنەری دادستان، پیاوێک چاویلکەی ڕەش لە چاودا، دەستی لە پاشکوی خۆی هەڵپێکابوو لە ژێر سێبەری دارتووە گەورەکەی مردووشۆرخانە پیاسەی دەکرد. بەسەر یەکهێڵدا دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە، تەواو دیاربوو مەحتەل بوو قەبر هەڵکەن بێت و گۆڕەکە بە دەستووری ئەو بداتەوە. بەم گیف و ئیفادەوە وەختێ چاوی بە سەی‌میران کەوت، هەر وای‌نەزانی مندالێکە قسەی بۆ دەکات، هێندە بە غەرەزەوە، لە ژێر چاویلکەی ڕەشەوە سەیری دەکرد، وەک‌ئەوەی بکووژی مردووەکەی لەبەر دەمدا بێ، لەلایەن ئیدارەی کۆچکردووانەوە پشتی گەرم بوو، وادیاربوو ئەوە لەمجۆرە کەسانەیە ئاوا بە هاسانی ڕازی کاری خۆیان نادرکێنن، سەی‌میران بە وشیاری خۆی زانی ناتوانێ بە تەنیا لەگەڵ ئەم کابرایە کێشەکە بە لایەکدا بخات، بەبێ ئەوەی قسەیەک بکا، ئابرامی لەوێ بەجێ هێشت و بەبێ مەحتەلبوون، گەڕایەوە بۆ شار، بەتەمابوو بچێ بۆلای سالک فەخخار، یەکێ‌بوو لەو چوار نوێنەرەی شار لە پارلمانی شۆرای میللی، دۆست و ئاشنای یەکدی بوون، سەرۆکی دەستەی نانەوایان هەرنەبێ ئەو قازانجەی بۆ ئەو هەبوو، پیاوماقوولانی شار دەیناسن، وەک نوێنەری پارلمان، فەرماندە و سەرۆکی پارێزگا و تەنانەت فەرماندەی تیپ و لەشکری، ئێستاش با هەر کاربەدەستێکی شرەپۆشی دادستان نەیناسێ، چدەبێ، سالک فەخخار، چەند ڕۆژێک لە تارانەوە گەڕابۆوە کرماشان، دوو ڕۆژ پێشتر لە بازاڕ یەکتریان دیتبوو، لە فەیتوون دابەزیبوو تەوقەیان کردبوو، سەی‌میران دەیزانی بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ وەربگرێ هاتۆتەوە بۆ نێو خەڵکەکە، زۆریشی کار بەو دەبوو، لەبەر ئەوەی نانەواداران و تیری‌گێڕ و شاتر و دەوروبەرەکانیان، سەرەڕای تەفرەدان و کەم‌ئەهەمیەتی دایمی، هەمووجارێ پتر لە سێسەت دەنگیان

دەخستە سندووقەکانەوە، ئەو ڕێزنامانەی درابوون بە سنووفەکانیتر بە فەرمانی پارێزگار چ ڕاستەوخۆ یان بە دەستووری شارەدار یان کەسانێکی باڵاتر بەو دەدرا، تاکوو بە ناوی هەڵبژاردەگەلی تایبەت کە دەوڵەت پەسندی کردوون پڕ بکرێنەوە و دەسندووقیان بخەن، وەکئەوەی هەڵبژاردەکان لەوە زیاتر پێویستیان بە دەنگدان نەبوو، بەڵام ئەگەر دەستوور بەڕێ بکرایە، هەر بۆئەوە بوو نوێنەرێک بچێتە پارڵمان، سەیمیران دەیتوانی لە کرماشان و لە سەراو نزیکەی پێنجهەزار دەنگ کۆ کاتەوە، سالک فەخخار، لەنێو خاوەن مڵکەکانی شاردا، بە تایبەت مالیکە گەورەکاندا، وەک تازە پێداکەوتوو سەیریان دەکرد، تەنانەت دایک و بابی خۆشی لە بیر چووبۆوە، بێجگە لەم خدەیەی لە شارێکی هەشتاهەزار کەسیدا، قەدرو حورمەتێکی تەواوی هەبوو، پەنجا ساڵی تەمەن بوو، لە سیاسەتدا تەنیا ڕەش و سپی لێکدەکردەوە، هەر ئەمەش بۆ ئەو بەس بوو، ئەگەرچی سەیمیران دەیزانی تەنیا مەبەستی ئەوەیە دەورەیەکی دیکە بچێتە پەڕلمان، شانازی بە خۆی دەکرد بۆ ئەو خوڵک و خووەی هەیەتی، خۆ ئەگەر ئەم ڕەفتار و ڕووخۆشییەی نەبایە کە زەرەدی دەکرد. ئەو سێ نوێنەرەی شارەکە، تەنانەت ئەوەندە پاپای خەڵک نەدەبوون، ساڵ و مانگ تێدەپەڕین و تەنیا جارێک لە شاری خۆیان کەس نەیدەدیتن، بێجگە لەمەش بەچی مەعلووم ئەم گەرموگوڕییە لە تەوقەکردن و ماچ و مووچێکدا لە دڵەوە و بە نییەتی ئینسانی بێت؟

ئیتر هەرچۆنێکبێ فەخخار، ئەو ڕۆژە کەم و زۆر بزە لەسەر لێوی نەتۆرا، لەوکاتەدا لاقێکی لەسەر ئاوزەنگی فەیتوونەکە بوو، دەستی لەسەر شانی ئەو دانابوو لە حاڵ و ئەحواڵی دەپرسی، وەختێ خەریکبوو بەجێی بهێڵێ بە تێڕادیوی داوای لێکردبوو، ئەو چەند ڕۆژەی دەچێتە دیدەنی خزمو دۆستان لە بیری نەچێ و سەرێکیش لەو هەڵبێنێ. ئەویش ڕاسپاردەی خۆی هەیە، هەرکاتێک هاتە کرماشان ئەوی لە بیر نەچێ، ئەوەبوو چیرۆکی دۆستایەتی و نێوانخۆشی ئەو لەگەڵ پیاوێک کە خاوەنی کورسییەک بوو و لە پەڕلماندا، هەموو کارێکی لەدەست دەهات، بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەو مردووە، بەم نوێژی نیوەڕۆیە، برسی و توونی، هەڵتەک هەڵتەک کەوتبووە کووچە و کۆڵان، فەخخار هەر ئەو بەیانییە گەڕابۆوە بۆ تاران، تاکوو حەوتەیەکی دیکە نەدەهاتەوە، سەیمیران بە ناچاری چوو بۆلای حاجی مەحموودئاغای تاجر، هەر ئەو کۆنەدۆستەی وا فەرشەکانی لێکڕیبوو. لەوێش نەیتوانی نە ئەو ببینێ و نە کوڕەکەی، تۆزێک لە کۆڵانەکەدا مەحتەل ماو فکرێک بە مێشکیدا هات، بەبێ ئەوەی تەواو دڵنیابێ خۆی گەیاندە ماڵی هورمزانی خەلەسێن، سەرۆکی بەشی کرینی گەنم و دانەوێڵە و نان، ئیتر چلەوە باشتر ئەم پیاوە لەگەڵ دادستان دۆست بوو. هەرشەوێک

لەوەپێش لە میواندارییەکدا پێکەوە بوون. ئەو ڕۆژە دەمەوعەسر ئەم پیاوە خێرۆمەندە کە هاتەوە بۆ ماڵێ تەنیا ئەو پاروە نانەی بەیانی نەبێ هیچی نەخواردبوو، لە برسان ئەژنۆی دەلەرزی، ئەوەندە برسی و توونی بوو لەوانەبوو لاڵبێ و بەلادا بێت، دوای عەسرێکی درەنگ کە نانی نیوەڕۆیی خوارد و شەکەتی لە جەستەی چووە دەرێ، هەستیکرد قاچی ڕاستەی ژان دەکا، لەوە نیگەران بوو ئازاری کۆنەی سەری هەڵداوەتەوە، لەو هەلومەرجە ناسک و ئەستەمەدا، کە تمەنێکی شک نەدەبرد، نەخۆشی بەڵایەکی گەورە بوو ڕووی تێکردبایە.

وەختێ کەسێک ئاوا بە هاوارو بانگی خەڵکەوەبێ دیارە هەمووکەس خۆشیدەوێ. لەو ڕۆژەوە، زۆر کەم سەریان لە ڕازی ئەو دەرهێنا، بەتایبەت ئەو شەوانەی هوما جلک و لیباسی فەرەنگی دەکردەبەری و دەچوون بۆ سینەما، هەروەک نۆکەر و بەردەستێک وابوو لە بەردەستیدا، هەموو دەیانزانی قولاپی ئەویندارى لە جەرگی ڕاچووە و گیرۆدەی داوی ئەو ژنە سێحربازە بووە، کەچی سەرەڕای ئەم تیرو تانووتەی کە تێیاندەگرت، بەزەییان پێیدا دەهات، کوڕی فەتحوڵڵا تورکەی میراوی گەڕەک شێت و فیدار ببوو، سەیمیرانیش ئەویندار، بۆئەوە نەدەبوو ئەو دووانە سەرکۆنە بکرێن. ئەڵبەت ئەو خەڵکە لە تاریکیدا شتەکەیان دەبینی، ئەوان هومای بێتاوانیان خەتابار دەکرد، دەیانگوت ئاوی نوشتە و جادووی بە گەرووداکردووە، هەر بۆیە جنسی ژنیان تف و لەعنەت دەکرد. هەرچەندە لەتەک ئاسکەدا زاڵم و جەفاکار بوو بەڵام دووڕوو نەبوو، ئەو پیاوە لەگەڵ زۆر کەسیتر فەرق و جیاوازی هەبوو، (زۆرویێژان فرە زانا نین،) ئەگەر بە وردی بیری لێبکەینەوە، هەر ئەو سەیمیرانەی سەراوی شەش ساڵ دەبێ، بەمجیاوازییەوە نە هۆشی ماوە نە فکری کاردەکا. نە ئەوەیە بە کاروباری دەستەی نانەوایان ڕابگا، بە گفتی یەکێ لە هاوساگەل ببووە مریشکەبەکورک، تۆزێک لە ماڵ دوور نەدەکەوتەوە، تەنیا لە ژووری پێنجدەری و لە پەنای هوما دەحەسایەوە.

زستان بە بەفر و بۆرانەوە دەرکوبانی بە خەڵک گرت، سەیمیران ئازارە کۆنەکەی سەری هەڵدایەوە و چەقوچۆ دایگرت و ژانی لاقو قولی ئاراوقارای لێهەڵگرت، ڕۆژی وابوو جووڵەی لێدەبڕی و ئەوەندە بە ئازار بوو، وەکئەوەی ئاوری پێوە بنێن. لەبەر خۆیەوە هاواری دەکرد و دەیناڵاند. تەنانەت هوما زگی پێیدەسووتا، هەموو ئێوارەیەک، حەبیب داهاتی دووکانی بۆ دەهێنایەوە و دەیکردە دەستییەوە، ئەو وەزعە تاڵە، دەبوو بۆ هەمیشە لە زەینی ئاسکە و منداڵەکانیدا بمێنێتەوە، لە تەواوی ئەو سێ مانگە زستانەدا، لەو ماوەیەدا میرزا نەبی نەبێ جارجار بۆ ئەحواڵپرسی یان بۆ مەشوەرەت و بیروڕا گۆڕینەوە لەمەڕ کاروباری بەشی نانەوایان دەهات بۆ

ماڵی ئەوان، ڕەزاخانی ئاشەوان ئەو دەرفەتەی دەستکەوت چاکەی خۆی بەجێ بێنێ، هەڵبەت سەیمیران بەبێ ئەوەی بە ڕووی کەسیدا بداتەوە، زۆرجار لە هاوکارە خاپینۆکەکانی دڵمەند دەبوو، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ساردوسڕی خۆی، داخۆم هەر ئەو خواجە حەمەعەلی نانەوا نەبوو لە بنەوە چوو لەگەڵ پایەبەرزانی قۆشەن و سپا ڕێککەوت، قەوڵنامەی لە چنگ ئەو هێنادەرێ؟ ئاخۆم شەڕو هەرای نێوان دارایی و شارەداری نەبوو، هەریەکەو دەیانویست خۆیان چاوەدێری بکەن و بەسەر نانەواخانەکاندا ڕابگەن، زۆربەی هاوکارانی ساویلکە کەوتنە حەوڵی ئەوەی شکایەت بکەن، لە کەفیلی شارەداری لەکن پارێزگا، بەبێ ئەوەی بیرو ڕای لەتەکدا بکەن، بەبێ ئەوەی بێژن تۆش هاوکارێکی دەستەی نانەوایانی؟! دەیباشە ئەم بابەتە لە کوێدا بە قازانجی نانەواخانە تەواوبوو؟ خواجە حەمەعەلی کە شایی بە سەرگوردێکی ئەرکان و کۆڵەکەی تیپ بوو، بە قەولی ئەکبەرخانی نانەوا، چ بەردێکی لەسەر ڕێگای دەستەی نانەوایان لادەبرد؟ ئەم پیاوەی ئێستا بە پێچەوانەی ڕوانینی شەڕەنگێزی، کە هەر بەمبۆنەوە ناویان نابوو واشە، پیاوێکی هێدی و دڵۆڤان و یەکێکبوو لەو هاوڕێ بێڕواڵەتانەی کەمتر خۆدەنوێنن، تەنیا لەکاتی هەستیاردا دەتتوانی پەی بە ناخی بەری. بێجگە لە میرزا نەبی و ڕەزاخان و ئەکبەر واشە، پیرەمێردێکی گۆچان بەدەست هەر ئەووەختی شەلیش بوو، بە دووچاوی زەق و بێزارەوە حەوتەی جارێک شەوانی شەممە دەهات و لە دەرگای ماڵێی دەدا، نە جیرانەکان و نە هەردوو خانمەکەی ماڵ کەس بە تەواوی قەڵافەتی ئەوی نەدیبوو، قەت نەدەچووە ژوورێ، سەیمیرانیش بەبێ ئەوەی بڵێ کێیە و کاریچی پێیەتی، دەچووە بەردەرگا، ژنەکان ناویان نابوو شەمشەمەکوێرە، لەبەر ئەوەی بانگی شێوان دەردەکەوت، کاتێک سەیمیران بەڕێی دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ حەسارێ، وەکئەوەی تووشی نەخۆشی نۆبەتێ هاتبێ ڕوخساری دەشێوا و بێئارامی هەڵیدەچۆقاند. ئەو پیاوە کێبوو، بەم بێوەختە چ کارێکی بەم هەبوو؟ دۆستی قەدیم بوو یان دوژمنی تازە؟ گزیری ئاشتی و ژیان و ئەشق بوو یان ڕاگەیێنەری شەڕو ئاژاوە و وێرانی و دووبەرەکی؟ ئەم شەوەیە، کە نوێنەری تاریکی بوو، هەروەکوو هیتلێر بۆ سەر ئەورووپا، ئەویش سێبەری ڕەشتر لە شەوی دابوو بەسەر ئەم ماڵەدا، هەناوی سەیمیرانی تێکڕماندبوو، چەندجارێک هوما تکاو ڕجای لێکردبوو بۆ لێیاندەشارێتەوە و دەنگ ناکا ئەم پیاوە کێیە، سەیمیران حەزی نەدەکرد ئەم ڕازە بدرکێنێ، خێرا باسەکەی دەگۆڕی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی نەورۆز و ساڵی نوێ، وردە وردە ژانی لاقی سەیمیران نیشتەوە، لەبەر ئەوەی تاقەتی نەبوو بچێتە سەردانی خزمان، دەستی هومای گرت و یەکسەر ڕۆیشتن بۆ شاری

قوم. ئەوەی ڕاستبێ ئەو بەتەما نەبوو هوما لەگەڵ خۆی ببات، هەروەک پێشتر قەولی بە ئاسکە دابوو بچن بۆ سەفەر، بۆ چەند ڕۆژێک لە هوما دوور بکەونەوە دوای ئەوەی زیارەتی حەزرەتی مەعسوومە بکەن، لە قومەوە بچن بۆ گەرماوەکەی قەزوێن، بەڵکوو لاقی بەم ئاوە بشۆرێ و دەردەکەی بپەڕێ و دڵیشی لەو ژنە هەڵکەندرێ، دەبێ ئەمەش لە بیر نەکەین ئەو ئەگەر بە نهێنی ئەمکارەی بکردایە، تاکوو ئەو ڕۆژەی وەڕێ دەکەوتن هوما خەبەری هیچی نەدەزانی و دەشکرا لەگەڵ خۆی نەیبات، بەڵام ڕاستی کارەکە لەوەدابوو، ئەو ژنە لە چۆخەسپی بەملاوە لە شار نەچووبووە دەرێ، گەڕان بە ماشێن و ترۆمبێل بە شاراندا و سەیرو سەیاحەت گەورەترین ئاواتی ئەو بوو. نازکێشی هەبوو، بە دڵی خۆی ڕەفتاری دەکرد و مەزراقئاسا میران بە شەللاقی ئەو خولی دەخوارد، ئیتر خۆ منداڵیشی نەبوو زەحمەت و سەرباری بۆ سازبکا، کەوابێ چۆن ئەو ئیزنەی ئەدا بە میران بە تەنیا بچێ بۆ سەفەر و توجارەت؟ ئێستاش ئەمە سەیر بوو، هوما بە کوێدا زانی و کێ خەبەری پێدابوو؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبوو سەیمیران بدوێ! ئەم ڕەفتار و کردارەی ئەم پیاوە دەیکرد بێورەیی و کەمزاتی و گوێ لەمستی میران دەردی ئاسکەی کاری کردبوو، ئەمە داخی نابووە سەردڵی بە هیچ و خۆڕایی پووڵ و پارەی هێناو کردییە دەستییەوە، ئێستا هیچ کە تەڵاقی نەداو و وازی لێنەهێنا، ئەم پارەیەشی لە کەیف و سەیراندا لەدەست دەکاتەوە، لە نزیکبوونەوەی نەورۆزدا لەسەر ئەو ڕەقەی کە هەڵیگرتبوو بەتایبەت لەبەر ئەو میوانانەی کە سەردانیان دەکردن، چەند دانە لە فەرشەکانی ئەو ژوورەی لەتەک قاڵییە قورسەکانی ژوورە گەورەکەدا گۆڕییەوە، ئەو قاڵییانەی شەش ساڵو نیو لەوان کۆنتر بوون، بەڵام بەقەی گوڵەکانیان بیرەوەری خۆش لەخۆ گرتبوو، دەفرو جام و پەیکەرەی بەنرخی ئەو دیوە کە هەرچی وەبەردەستی هات هێنایەدەرێ، منداڵەکانی ڕاسپارد:

ـ ڕۆڵەکانم، تازە ئیتر ئێوە منداڵەکانی ساڵان نین کە هیچ نەزانن، چاوتان لێیەو هەمووشتێ دەزانن، باوکتان هۆش و ئیختیاری لەدەست بۆتەوە، ئامادەیە باسکێکی لە بنەوە ببڕن بەڵام دەست لەو ناسک و نازدارە هەڵنەگرێ! بەتوون، تازە ئێمەش کارمان بەکاری ئەوان نییە، بەڵام خۆ ئەگەر هاتوو هوما بۆ بردنی ئەم مافوورە و کەلوپەلانە قسەی کرد یان هاتە ئەم ژوورە، پێتاندەڵێم هەر ئەلێرە قژ بەسەریەوە ناهێڵن، هەتا خوا حەزدەکا بیکوتن و پشتی لە زگی نەرمتر بکەن، دەست بنێنە تینتینۆکەی تاکوو گیانی دەرنەچێ لەسەری هەڵمەستنەوە، مەترسن، بابتان کاری پێتان نییە، ناتانکوژێ، ئیتر بەسە تیری لە جەرگم کاری کردووە، زۆرم دەنگ نەکرد و پیشم خواردەوە.

جارێک شێتانە بە یارمەتی بارام، تەلێکیان هێنا و قفڵی یەغدانەکەی هومایان کردەوە بەڵام ئەم ژنە زۆرزانە ئەوەندە شل نەپێچرابۆوە، زێڕ و زەمبەرەکەی بەجێ بهێڵێ، ئاسکە لەو دەرفەتەدا تەواوی کەلوکونی ژوورە گەورەکەی پشکنیبوو، سەری سوورمابوو کەلوپەلی زێوکفتی ئەم ماڵە چی بەسەر هاتووە؟! داخۆم ئەوانیش بە دەردی بەفرەکەی پار چوون یان لە سندووقە دارەکەی مێردەکەیدا بوو؟! هەرچەند ئاسکە نەورۆزێکی خۆشی بۆ منداڵەکانی ڕێکخست، هەر هەموویان بە جلوبەرگی جوانەوە ئاوری نەورۆزیان کردەوە، بەڵام ئەو منداڵانە وەختێ ئاکاری ناشیرینی بابی سەرلێشێواویان دەدیت لەگەڵ دایکیان، چۆن دەیانتوانی شاد و خۆشحاڵ بن. ئەوان هەستیان بە ناتەبایی و دڵتەنگی دەکرد لەو ماڵەدا، هەر بۆیە ئاسکە بۆئەوەی ئەم خەمە لەسەر دڵیان بسڕێتەوە بەبێ گوێدان بە کەمپووڵی و دەستتەنگی بە دڵی خۆی منداڵانی پۆشتە کردەوە، ئەو هەوڵی دەدا هەرچۆنێکبێ سەفا و وەفایەک بە دڵ و دەروونی منداڵەکانی ببەخشێ، چیدی بە داخ و دیقی ئەوانەوە، ئەمانیش وشک نەبن. کارێک بکا لە داهاتوودا بتوانێ پشتیان پێببەستێ، ئیتر بەو هیوایەوە لەگەڵ پاڕانەوە و دۆعای خێردا، خوانی حەوتسینیان ڕازاندەوە و حەوت دیزەی ڕەشیان لەدوو شکاندن، لەو ماوەیەدا، سەیمیران لە ماڵ نەبوو، میرزا نەبی بە کاروبارری دوکان ڕادەگەیشت، ئەگەر ئاسکە ڕێگەی دەستی هەبایە و ترسی میران لە ئارادا نەبوایە بارامی لەسەر دووکان دادەنا و ئەرکی نانەوایی وەئەستۆ دەگرت، کارێکی دەکرد تاکوو لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و بە هیوای بابیان نەبن، خۆ ئەگەر بارام تۆزێتر گەورەبایە دوور نەبوو بیتوانیبا، ئەو ژنەتیوە لە ماڵێ وەدرە بنێ، میران ئەوە چ بەڵایەک بوو ئاوقای ئەم ماڵەی کردبوو؟!

میرزا نەبی، لەبەر کاروباری خۆی نەدەپرژا سەرکاری ئەوان، زۆرجار کەسێکیتری لە نانەوایەکان دەناردە دووکانی دۆستەکەی، بەوبۆنەوە کەمتر کەسێک خەتی ئەوی بۆ دەخوێندرایەوە، هەر بۆیە وەکالەتەکەی زوو لە بیر دەچۆوە، لە عەمباری گەنمدا، ئەکبەر باشوو لە بری ئەو فاکتۆر و حەواڵەکانی مۆرو ئیمزا دەکرد. ئەمەش بەرنامەیەکی تازە بوو ئیدارەی ئابووری بۆ نانەواکانی ڕێکخستبوو، گرفتێکی زۆری بۆ نانەواکان سازکردبوو. بارام هەموو ڕۆژی کە لە قوتابخانە دەهاتەوە پاشنوێژان دەچوو بۆ دووکان، ئەو پێنج تمەنەی بابی بۆ خەرجی ماڵ دیاری کردبوو لە حەبیبی وەردەگرت. ئەگەر ژیان لەو ماڵەدا ببوو بە قوزەڵقورت و هەموو خۆشییەک هەرەسی هێنابوو، بە حەمدیللا کاروباری دووکان خراپ نەبوو. تینوتاو و نێڵە و گڕپەو گڕەی تەندووری سوورەوەبوو، زرمە و تەپەی نانپێوەدان و گەرموگوڕی تیریگێڕ و شاتر و شاگرد و وەستاکار،

بەبێ ئەوەی چاوی سەی‌میرانیان بە سەرەوە بێ دووکانەکەی ڕازاوە کردبوو، بەینێک بوو قیمەتی نان بەرز ببۆوە، دە شایی گران ببوو ئەمەش داهاتی نانەواخانەی باشتر کردبوو، مزەی ئاش‌لێکردن چووبووە سەرێ و بەعزێک پێداویستی نرخی سەرکەوتبوو. بەڵام حەقی شاتر و کرێکاران هەر لەجێی خۆی چەقی بوو، بەم‌حاڵەشەوە نانەوا نانی بە تەندوورەوە نەدەسووتا و نەدەمایەوە، سەردەرانەی ڕەش و قورماوی نانەواخانەگەل ئەو خەڵکەی زێدەتر لە خەمی دوودڵی و پەرێشانی هەڵدەکێشا و چاوی چاوچنۆکانی بۆلای خۆی دەبرد، دیسان، دووکانی سەنگەک‌فرۆشی تەنیشت شەقامەکەش باری گوزەران و داهاتی خراپ نەبوو، لە تاریکی‌دا ئاش کاری خۆی دەکرد، نێوچاوانی سەی‌میران باشی هێنابوو، کرێکارەکانی خۆماڵی کاریان دەکرد و لە کاری خۆیاندا ساردوسڕ نەبوون، حەبیت، ئەو پیاوە دڵسۆزە بێ‌ئەمەک نەبوو. باوەکوو ڕۆزیەکی دابەش‌کراو وەبەر سەی‌میران کەوتبوو، بەم قەڵافەت و ئەحواڵەوە ئەو هەیبوو دیسان دڵی بە کاروباری خۆی خۆش‌بوو، بێجگە لەو ئەرکەی خۆی کەوا تەرازووی دووکانی بەدەست بوو، لە کار و ئیشی خۆیدا کەمی نەدەهێنا. سەی‌میران تەواو متمانەی پێی‌هەبوو، لە کارەکانی دیکەی دووکاندا یارمەتی دەکردن. تەواوی کرێکارەکان لەو دووکانەدا بە قسەی هەڵدەستان و دادەنیشتن، چونکە سەی‌میران شەش‌دانگ ئیزنی ئەوەی پێدابوو کە هەروەختێ خەتایەک، تاوانێک لە هەرکام لە کرێکارەکان ڕوو بدات لە دووکانەکە دەری‌بکا، چاوەڕێی دەستووری سەی‌میران نەبێت. حەق‌و حیسابی بداتێ و کوێ دەچێ با بچێ!

وەختێک ئەو مرۆڤە ئەمین و دڵسۆزە لەو دووکانەدا کاری دەکرد و لە خاوەن‌کارەکەی بە مشورتر بوو، سەردان و هاتنی میرزا نەبی تەنیا بۆئەوە بوو دەفتەر و فاکتۆری سەی‌میران بەبێ ئیمزا نەمێنێتەوە، سەی‌میرانیش ئەمەی باش دەزانی، ئیتر هەر بە بۆنەی ئەوەوە دڵنیابوو لەو کات‌وساتە ئەستەمەدا، کارو کەسپی خۆی بەو سپاربوو، بە نیازی زیارەت چووبوو بۆ قوم بۆ خزمەت حەزرەتی مەعسوومە، ئەو لە ماڵێ دەنگی کردبوو پاش حەوتەیەک دەگەڕێتەوە، بەڵام سەفەر نەبڕایەوە و هەموو چاوەڕوانی بوون، وایان‌دەزانی چووە بۆ دەڤەری خۆراسان. یان‌ئەوەی موقەدەرێکی بۆ پێش‌هاتووە، یەکەم‌جار کە ڕۆیشتن ئاسکە زۆر تووڕە بوو، حەزی بە هاتنەوەیان نەدەکرد. کەچی کە ئاوا سەفەرەکەیان دوور کەوتەوە و دەنگیان نەبوو پەرێشانی دای‌گرت، ئاخۆم دەکرا خەمی نەبێ، مەگەر مێردی نەبوو، بابی منداڵەکانی نەبوو؟! تۆ بڵێی خوای‌نەکردە بەم ئاخری پیرییە ئەگەر بەڵایەکی بەسەر هاتبا و منداڵەکانی هەتیو کەوتبان ئەو چی بکردایە؟! (خۆشەویستی

ژن و مێرد کز دەبێ بەڵام لە سۆڵە ناکەوێ،) ئەمیش بۆی بەخەم بوو و خۆشیدەویست. مێردی بوو خۆشەویستی ئەگەر لە دڵەوە نەبێ ئەشق و ئەوینی تێدا نەبێ وەک کەمانی بێتەل و ژێی پچڕاو وایە. لەوکاتە ئەستەم و دڵتەنگەدا، میرزا نەبی چەند ڕۆژێک دەبوو نەهاتبوو لێینەپرسیبوون، هەرنەبێ پرس و مەشوەرەتێکیان هەبێ، شەوی بیستو یەکەم بوو کە هەر خەبەرێکی دەستنەکەوت ناچار خاتووخورشیدی وەدووی خۆیدا و چوون بۆ ماڵی میرزا، ئاسکە تەواو پەرێشانی باڵی بەسەر کێشابوو، دنیا شەڕو شۆر و بگرەو بکووژە و بڕفێن بڕفێنی تێکەوتبوو، بەڵام مێردەکەی پێیوتبوو، بەخاترجەمی لە سایەی ڕوحمی یەزدانەوە وەڵاتەکەی لە شەڕو شۆر بەدوورە و لە هەمووشت پارێزراوە، ئەو شێرزادخانەی شێردەڕەییە هەر وەکوو ڕێوی خۆی کردبوو بە کولانەی مامری ئەورووپی گەلدا و بە کەیفی خۆی دایپاچیبوون، شوکر بۆ خوا لەگەڵ حکومەتی ئێراندا نێوانیان خۆشبوو، موو بە بەینیاندا نەدەچوو! بەڵام میرزا نەبی پێیوابوو ئاسکە ناحەقی نییە ئەگەر نیگەران بێ. خۆ ئەگەرکوو بیزانیبایە ئەوان ئێستا لەکوێن، دەیتوانی بە تەلەفوون هەواڵیان بپرسێ، میرزا گوتی، ئەگەر هاتوو تاکوو دوو- سێ ڕۆژێکیتر نەهاتنەوە یان کەسێک نەچێ بۆ شاری قوم، ئەوا کەسێکیان بە دوودا دەنێرێ. بەم دڵنیابوونەوە خورشید و ئاسکە بەڕێی خۆیاندا گەڕانەوە. کاتژمێر سێو نیوی شەو بوو، ئەوان گەیشتنەوە حەسارێ. ژووری پێنجدەری چراکەی دایسا، قەوم و ئەقرەبا، بەتایبەت زەڕی و جەواد هەروەها ئەکرەم و مێردەکەی بۆ جەژنمەبارەکی هاتبوونە ئەوێ. ئاغا و خانم، یان بە گفتێکیتر، دڵدارو دڵبەر ئەووەختە تازە هاتبوونەوە ماڵێ، هەرچەندە هەوا خۆش بوو، هوما باڵتەی لەبەردا بوو، دەیگوت لە هەمەدان کڕیویەتی - نابێ بێژین کڕیبووی بەڵکوو لە کۆنەفرۆشان لەگەڵ بازنە کۆنگرەدارەکان ئاڵووگۆڕی پێکردبوو، پێیوابوو مۆدی نەماوە، بەم دزە نیگا و مینگە مینگەیدا، بەتایبەت ئەووەختەی قسەی دەکرد لە سەیمیران ڕادەما، دیاربوو قسەکە پێچوپەنای تێدابوو. سەیمیران کە لە درۆ بێزار بوو متەقی نەدەکرد. لە ماوەی ئەم بیست ڕۆژەدا، ئەوان دوو حەوتوو لە شاری قوم مابوونەوە و مابەقی لە مەلایەر و هەمەدان سەیرو سەیاحەتیان کردبوو. نەچووبوونە گەڕاوەکەی قەزوێن، ئەوجۆرەی شتەکە ڕوون بۆوە، مەسەلەی کڕینی باڵتەی پێستی مەڕی قەرەکول لە هەمەدان ڕاست نەبوو. ئەوەیان هەر لە شاری خۆیاندا هەر ئەو زستانەی ڕابردوو کڕیبووو. بەڵام لەسەر خواستی مێردەکەی، بەهۆی چەند گرفتێکی دیکەوە، ئەم خانمە جوانپەسندە نەیتوانیبوو لە یەخدانەکەیدا بیهێنێتە درێ و بیکاتە بەری، یەکەم ڕۆژ سەیمیران وەختێ لە هەمەدان لە قاوەخانەکەدا ئەمەی لە

بەریدا دیت، تەماشایەکی کرد و گوتی: بەستەزمانە! بەڕاستی بەزەییم پێتدا دێت، شتیوات هەیە و نەتویراوە بیکەیتە بەرت؛ هەر بۆیە تۆم لەگەڵ خۆمدا هێناوە.

میران و هوما، کە تازە گەیشتبوونەوە ماڵێ، لەو ئاڵو گۆڕییەی بەسەر ژوورە گەورەکەدا هاتبوو دەنگیان نەکرد و وەڕووی خۆیان نەهێنا، وەسبەینێڕا دوای هاتنەوە لە قوم، سەیمیران چوو بۆ دووکان. مەهدی لەگەڵیدا چوو، دوو کرێکاری تازە هاتبوونە نانەواخانەکە و هاوکات لەگەڵ ئەوانیتر کاریان دەکرد. لە نزیکەوە خاوەنکاری خۆیان نەدەناسی، بەڵام ناوبانگی پیاوخاسی و دڵۆڤانی ئەویان ژنەوتبوو، کە بەڕێوەبەری نانەواخانەیە، لەوێ لەتەک هەموویاندا بەتایبەت حەبیب و شاتر زەماندا بە گەرمووگوڕی تەوقە و ئەحواڵپرسی کرد، زۆر زوو دەرکەوت لەو ماوەیەدا کە ئەو لە سەفەر بووە، ناخۆشی کەوتۆتە نێوان ئەو دوو کرێکارە کۆنەوە و هەرچەندە ئەو دووانە لە هەڵسووڕاندنی کارو ئیشی دووکانەکەدا هێز و توانای باشیان هەبوو. شاتر زەمان گلەیی بوو لە ناپوختی کاری ئاشەوان. دەیگوت جۆ تێکەڵ ئاردەکە دەکات، نانەکە بە تەندوورەوە خۆ ڕاناگرێ و هەویرەکە بە تەختەی بێڵەکەوە گیر نابێ. سەیمیران پرزۆڵێکی لە سەنگەکیەکە پچڕی، نایە بەرددانی و تاقی کردەوە، دواتر چووە سەر دەفری ئاردەکە و نەختێکی لەسەر بەری دەستی ڕۆ کرد و ئاوی لێپرژاند. تۆخڵی جۆ بە تەواوی بریقەی دەهات، ئاردەکەی ڕشت و دەستی تەکاند و ڕووی کردە سولێمان:

ـ قسەی شاتر زەمانە، ئەم ئاردە لە سەتا دەی جۆی تێکەڵ کراوە، بە ڕەنگ و تامیدا دیارە جۆی تێکەڵە، زۆر سەیرە!

دیسان گەڕایەوە نێو دووکانەکە، زۆر تووڕە بوو، دۆڵچە و قەڵانگی ئاوهەڵکێشان، مانگێک دەبوو لەوێ کەوتبووە نێو چاڵاوەکە، کرێکارەکان هەمیەتیان وێ نەدەدا و نەدەچوون بەلایەوە، وەختێ بیستییەوە لەو ماوەیەدا هەویرەکە بە ئاوی جۆگەی بەردەرگا دەشێلن، کە ئەویش خاوێن نییە، ئیتر چاوی لێسووور کردنەوە، بە ڕق و قینەوە جلەکانی سەرەوەی لەبەر خۆی داکەند و گوریسێکی بەستە نێوقەدی و بە چاڵاوەکەدا ڕۆچوو، بۆ دەرهێنانەوەی دۆڵچە و قەڵانگ، ئەم تین و گوڕی کارکردنە هەنووکەش لە زاتی سەیمیراندا هەر وەکوو ڕۆژگاری لاوی بڵێسەدار بوو، هێشتا متمانەی بە خۆی مابوو، ئەگەر وەڕەزی و بێتاقەتی جەستەی شلوێ کردبوو، ئیتر لەمەولا وەلای نابوو. زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ئێستا ئەو بە تەواوی خۆی هەڵگێڕابۆوە، جاران کە هەر لە ماڵ نەدەهاتە دەرێ، تەنانەت بێوازی وایلێکردبوو تاقەتی نەبوو شەواوشەو بێت و داهاتی

ڕۆژانە تەحویل بگرێ، وەکئەوە وابوو ئەو لەو نێوەدا غەیرەیە و هەر ئەوانە بۆیان هەیە لەم دووکانەدا وەمێنن! بۆ چەند چرکەیەک هێشتا کە لە بیرەکەدا بوو، حەبیب و شاتر زەمان دیسان دەمەقاڵەیان کەوتەوە نێو، دەم بە جنێو ئاوقای یەکدی بوون کرێکارەکانی دیکە کەوتنە نێوانیانەوە و لێکیان کردنەوە، دارو کوتەکیان لە دەست سەندن، نەیانهێشت لەوە زیاتر ببنە مایەی ئابڕووچوونی خاوەن کەسپو کارەکەیان، کە هەر ئێستا هاتووە بۆلایان. ئەم شەڕو هەرایە لە ڕاستیدا بە خاتری پارەی نانگەلی خەزاڵی و تایبەت بوو، جاران واباو بوو لە هەمووجێیەک لە هەر یەک شایی سنارێک ڕۆژانە لە داهاتی نانی خەزاڵی و تایبەت وەبەر شاترگەلی دەکەوت لەبەرئەوەی پارەیەکی هێکجار کەم بوو بەو دەدرا، بەڵام لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا، بەهۆی باری نالەباری ناوخۆ و دەرەوە، ڕۆژ بەرۆژ نانی شار خراپتر دەبوو. هەر بۆیە ئەو دەفرانەی بۆ هەویری هەڵهاتوو ڕەوانەی دووکان دەکران، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو، تەنانەت وایلێهاتبوو لە نانەواکانی ئەم شارەدا، بۆئەوەی پارەی فرەتر وەربگرن کاری تایبەت قەبووڵ دەکرا، ئیتر نانی ئاسایی کردنی کەم ببۆوە، بەڵام لێرە لەم دووکانەدا هەر بە شێوەی کۆن، شاتر زەمان بە خەیاڵی ئەوەی وریاترە، یان ئەمە یاسایەکی هەمیشەییە ئەم بڕە پارەیەی دەنا تەنگەی باخەڵی و کەسی بە پیاو نەدەزانی، ئەوەی دەبوو دوو قسەی لەگەڵدا بکا، خاوەن نانەوا بوو، کە ئەویش حەوتەی جارێک سەردانی دووکانەکەی دەکرد، یان زۆرجار هەر نەیدەپرسی چیبەچییە! بۆ یەکەمجار کە حەبیب بە لەفزی جەفەنگ باسی ئەمشتەی کرد لەگەڵ شاتر زەمان، ئەو بە زمانی حەنەک و گاڵتەجاڕی وەڵامی دایەوە:

ـ ئابرا، دە ساڵە تۆ تەرازووی ئەم دووکانەت بە دەستە و من ڕایەک نەهاتووم بێژم فلان وا و فیسار وا، دوو ڕۆژە سنار و سی شاییم گیر دەکەوێ پێت حەیفە ئەم برایەت بیخوات؟!

ئەمە یەکەمجار نەبوو ئەم قسەیەی دابوو بە تەنگەی حەبیبدا، بۆیە زۆر قەڵس بوو. چاوی لێسوور کردەوە، شاتر زەمان بەینێک بوو لووتی هەڵدەهێنا و لەو دووکانەدا کەسی بە نێر نەدەزانی، تەنانەت چاکە و پیاوەتی سەیمیرانی لە بیر چووبۆوە، لەوەتەی ئارد و گەنمی خراپ هاتبووەگۆڕێ ئەم مامشاترەش بە تاشایهینی کاری دەکرد! کەس نەیدەزانی بۆ فێری ئەم ئەتوارە بووە و لەبەرچی ئاوا دەکا لەم نانەوایە، دایمە هەوڵی بوو ئەوانەی نانی خەزاڵیان دەویست وەپێشیان بخات، شلەو توندەی دەدا بە کارەکەی، جاریوابوو زوو دەهاتە سەرکار و پێشئەوەی هەویر هەڵبێ دەستبەکار دەبوو، جاریوا هەبوو وەختێ دەهات و دەستیدەکرد بە نانپێوەدان،

خەڵک لە بەردەرگای نانەوا مەحتەل و بۆڵەبۆڵ و هەراهەرا شەقامەکەی دەنا بانسەری، تا درەنگانێکی شەو ئیش و کار کۆتایی نەدەهات، یان لە قسەی مشتەری هەڵدەبەزییەوە و لووتی دادەژەنی و کارەکەی مەحتەل دەکرد، ئیتر ئەمە چ هەوایەک بوو دابووی لە کەللەی هەر خۆی دەیزانی، کە دیارە ئەمەش زەرەدێکی گەورە بوو لە سەیمیران دەکەوت، تەنانەت ئەو ڕێزو حورمەتەی کە هەیبوو لە نرخی کەم دەبۆوە، تەنیا مێرخاسییەک کە شاتر زەمان هەیبوو، ئەوەبوو ڕۆژی وابوو بە لوتف و کەرەمەوە دەستی دەنا بە ماڵی خۆیەوە و دوو پلی گۆشت دەکڕی و لە دیزیدا دەیانکردە شۆرباو، دەرخواردی کرێکارەکانی دەدا، ئەمە بێجگە لەو گۆشتاو و تێکوشینە کە هەمووی بە دەوری مجۆعمەیەکدا کۆ دەکردەوە، سەهۆڵاو و چایی ڕۆژانەشی بۆ دەکڕین.

وەختێ سەیمیران سەتڵ و قەلانگی لە بیرەکە هێنایەدەرێ، حەبیب کڵاوەکەی کردەوە سەری. دوور لە تەرازووەکە پاڵی بە دیوارێکەوە دابوو، دانیشتبوو بەمجۆرەی ڕواڵەتی نیشاندەدا، ئیتر تەمای ئەوەی نەبوو، چیدی لەو دووکانەدا بمێنێتەوە، کرێکارەکانی ئەم دووکانە زۆریان خۆشنەدەویست. سەیمیران تەماشایەکی شاتر زەمان و حەبیبی کرد و گوتی:

- زۆر باشە، ئەگەر ئێوە دوای چەند ساڵ پێکەوەبوون، ناتوانن لەگەڵ یەکدی بحاوێنەوە، دەتوانن فکرێکیتر بکەنەوە، ئاخۆم حەبیب هەر بەراستی تۆ ناتوانی لەگەڵ ئەودا بحاوێیەوە؟

دیاربوو وەڵامی تەرازوودار تەنیا، نایەک بوو، کە سەیمیران گوێی نەدەدایە و بۆی گرینگ نەبوو، لەبەر ئەوەی سەیمیران لەمەبەدوواوە بەتەما بوو خۆی لە پشت تەرازوو دابنیشێ و پارە وەربگرێ و هۆشی بە کاروباری خۆیەوە بێ، لەلایەکیتریشەوە هاوکارانی بزانن، چیدی نایەوێ بەسەر سنف و دەستەی نانەوایاندا ڕابگات، حەبیب بە دڵهێشاوی خواحافیزی نەکرد و دووکانی بەجێهێشت، سەیمیران دوو ڕۆژ تەرازووداری کرد، بەڵام سەیرەکە لەوەدابوو گۆیا بە زۆرداری بێگاری پێدەکەن، دەستی نەدەچووە کار، هەرچەندی دەکرد ڕۆژی لێئاوا نەدەبوو، وەڕەز و بێحەوسەلە بوو، دەتگوت لە قاتی پەیدا بووە نیوەڕۆ و شەو خەڵک بەردووکانەکەیان قەرەباڵغ کردبوو بۆ نان، هیچوەختێ بەمشێوەیە نەبوو. ئەمەش ببوو بە هۆی بێزاری میران. خۆرەتاو هەر لە نۆی بەیانییەوە تا چواری دوانیوەرۆ لە دووکانەکە قاتی بوو، چاوی ئازار دەدا، مێشکی قاڵ ببوو، بە دەمباوێشک و دەمداچەقاندنەوە مشتەری بەڕێ دەکرد، خاوەن نانەواخانەگەل جاران هەروەکوو هەنگ چۆن لە دەوری مەلەکە پۆرە دەدەن، تەنانەت ئاشەوانیش، کەس بەمدەور و بەرەدا نەدەهات و هەموو خۆیان شەریک کردبوو، وادیاربوو بەبێ ئەوەی هەواڵی بدەنێ هەموو بە یەکەوە ڕوویان

له شوێنێک کردبوو، له ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا بەقەی دوو مانگی عەزاب چەشت! هەتا وایلێهاتبوو هەر ئەوەی مابوو بداتە کەژ و کۆ! پەژیوان ببۆوە، بۆچی هەر لە قوم یان هەمەدان شوێنێکی بۆ پەیدا نەکرد و لەوێ بمێنێتەوە، دەنگو هەرای شەقام زووبە و درەنگەی مشتەری و سەرەو نۆ بە گران، کە پچڕپچڕیان وێ کەوتبوو خشە و سیڕەی بێڵە و داردوولک زرمەی لە کەڵلەی سەری هەڵدەستاند و هەناوی دەکڕاند، جاڕز و وەڕەز بوو لە کرێکارەکانی دووکان، حەزی نەدەکرد بەم گشتە تۆز و ئارەقەیەوە هەر ببیانبینێ، سەری لەو بەزاز و کووتاڵفرۆشەی ئەوبەری دووکانەوە سووڕ مابوو، چۆنە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ئەم کابرا قوڵەبنەیە ماندوو نابێ و ڕۆژ تاکی ئێوارێ دانیشتووە و خەریکی گەزو پێوانە؟ ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نییانە، هەر بە یەک شێوە تەماحیان هەیە، ژیان لەگەڵ هەموو کەسدا ڕوخسارێکی چاوبەستانەی هەیە و خۆشی و ناخۆشییەکانی لە چەشنی پەیکەرەی بوودا، هەمیشە یەکڕەنگی دەنواند. هەوڵیان بۆ خۆشی دابایە خۆشیان دەبینی و بێدەسەڵاتانە تێیڕامابایەن ئەویش هەروا بە ساردوسڕی تێدەپەڕی. وردە وردە هاتبوو گۆڕانێکی باش لە ژیانیدا پێکبێنێ، بیرو ڕای سەبارەت بە زۆر شت گۆڕابوو، بەڵام فکر و خەیاڵی هەموو ساتێک نەبوو دەستبەرداری بێت بەرۆکی بەربدات، ئەمە بۆی ببوو بە نەخۆشیەکی خەیاڵی و لە سەرخانەی مێشکی کورک کەوتبوو، لە دەرو لە ژوور وەکوو ئەستێرەیەک بەسەر سەرییەوە بوو، ئەم ئەزموونە دەریخستبوو، کە تەنیا بۆ چرکەساتێک نەیدەتوانی لێی دوور بکەوێتەوە، ئیتر ئەمەی دەیگوت، پووچ و بنشڕ بوو. لە ماوەی ئەم بیست ڕۆژەدا کە لە شاری قوم بوون، بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی هەموو شتێکی لەلای هوما درکاندبوو. بەبێ ئەوەی نێوی سێتەڵاقە بێنێ و ببێتە هۆی پەرێشانی و عەزابی خانمە جوانەکەی، وتبووی جارێ لە ڕواڵەتدا ژن و مێرد نین و وەک دەڵێن نەک شەرعەن بەڵکە بە گوێرەی یاسا بۆ یەکدی حەرامن، گوتبووی بەتەما بووە، ئیتر بۆ هەمیشە دەستی لێهەڵبگرێ و لێی دوور بکەوێتەوە، بەڵام نەکراوە، لەگەڵیدا وەک کەسێکی بێلایەن کەوتبووە ڕاوێژکردن بزانێ چبکەن باشە؟ هوما لە وەڵامدا وتبووی هیچ مەکە! دەبێ تا ژیان مابێ هەر ژن و مێرد بن و ملی بە ملییەوەیەتی، لەسەر گفت و بەڵێنی خۆی سووربێ، هەر ئەوەندەی چوونە شاری خۆیان لە یەکەم دەرفەتدا بچنەوە دەفتەرخانە بۆ مارەبڕینی قانوونی.

بەڵێ هەروابوو، ئەو دەبوو ئێستا لە یەکەم دەرفەتدا بچێتەوە دەفتەرخانە و ئەو بڕیارەی دابووی هەڵی بووەشێنێ، چیوتبوو چیکردبوو لەگەڵ ئەم نازدارە فریشتەئاسایە، بە خێرایی

پووچەڵی بکاتەوە.بە شێخولئیسلام بێژێ ئەوانەی وتبووم وانین و لەوێم کردەوە، ئێستاش دەبوو ئارەقەی شەرمەزاری بڕێژێ و تاوان و کەفارەی ئەم هەڵەیەی کردوویەتی بیداتەوە، ئیتر چۆن دەچوو بۆ دەفتەرخانە و چۆنی لەڕوو هەڵدەهات ئەوە بۆخۆی دەیزانێ! ئەدی چۆنبوو کەوتبووە سەرهەوا کە هوما تەڵاق بدات و لێی جوێ ببێتەوە؟ کەس نەیدەزانی، ئەگەر لەم هاوێر و دوورییەدا ژیابا، بەتەمای چ ژیانێکی لەوە خۆشتر بوو؟ چاو و دڵی لە کێیدی ئاوی دخواردەوە کە جێی هومای بۆ بگرێتەوە؟ ئەو چێژی ژیانی لە هوما وەردەگرت و مانگی چاردەش ڕووناکی لە هەتاو، ئەمە گەردوونە بوو، بە هەرلایەکدا خولی خواردبایە هەر لەمشوێنەوە بە یەکدی دەگەیشتنەوە، ئیتر ئەو گوڵێکی شیرینجەماڵ و ئەمیش هەنگی تامەزرۆ بوو.

کەوابوو چۆن دەیتوانی دەستبەرداری بێ؟ داخۆم دەیتوانی بە دڵنیاییەوە واز لە ئاسکە و منداڵەکانی ئەو بێنێ؟ خۆشی دەیزانی ئەمشتە نابێ، بەڵام هەرچەندی دەکرد لە دڵی نەدەچووە دەرێ، لەو ماوە زۆرەدا کە لەبەر ژانی قاچی تەخت لە ماڵێ دانیشتبوو ئەم فکرە پووچە دایمە لە دەوری مێشکی خەرمانەی دابوو بڵاوەی نەدەکرد، هەر ئەو وەختەی ئارام ئارام لە کورەی تەبو یاودا دەسووتا، ترپەی پێ و دەنگ و خشپەی جلشۆشتنی پەرستارە نازدارەکەی خۆی دەبیست، مەلی سووکباڵی بیر و ئەندێشەی دەیدا لە شەقەی باڵ و سەری دەکرد بە وڵاتانی غەریب و نامۆدا، تەنیا هەر ئەم خەیاڵە دەیتوانی بیگێڕێتەوە، هەروەک چۆن لە چیرۆکی سەلیم جەوهەریدا هەمووجارێک بۆ هوماخاتوونی خێزانی باس دەکرد، گایەکی ئەفسانەیی و ڕەمزاوی دانەی شەوچرای لە دووڕگەیەکدا لە لووت بەربۆوە و کەوتە سەر گژوگیا، بە حەز و ئاواتێکی حەیوانی بە دەوریدا سووڕایەوە، ئەمیش لە دڵی خۆیدا ئەم فکر و خەیاڵە دنەی دەدا، دوڕدانەی نازدار و گەوهەرئاسای خۆی هەڵبگرێ و دوور بکەوێتەوە، وابێ کەس بە مەسکەنی نەزانێ، تەنیا بەمشێوە بوو دەیتوانی سەری ئاسوودە و ئۆخەی بە زاریدا بێت و بێژێ گەیشتووم بە ترۆپکی بەختەوەری، ئەو توانەوەی لە ئەشقدا بە ژیانەوەی دووبارە دەزانی، تەنیا ئالێرەدا بوو ئەگەر هەمووشتێک دەگەیشت بە کۆتایی بە لایەوە گرینگ نەبوو، بەڵام بە داخەوە ئەم گومان و بیر کردنەوەیە لە تەوەزلی و بێدەسەڵاتی تاویاودا بوون، لەتەک هێز و وزەی ڕاستەقینەدا هەزاران فرسەخیان نێوان هەبوو. لەو ماوەیەدا هەر ئەمەی بە مێشکدا دەهات کە بەسەر باری ئارەزووەکانییەوە هەروا نەخۆش و کەلەلا بێت قەت چاک نەبێتەوە، با لە نازدارەکەی دوور نەبێ. کەوابێ ژیران خاسیان فەرمووگە: خودا لە عومرت هەڵگرێ و لەسەر عەقڵت داینێ، ئەم نەخۆشییەی ئەو بیانوویەکی باش

بوو تاکوو لە ژووریی نەیاتە دەرێ، ژنی پەری‌شێوەی بە بەردەمیدا بێت و بچێ باوەشێنی بکا، چۆن پێی‌خۆش‌نییە لە ماڵ بێت. تەنانەت حەوت دەردی لەسەر دەپەڕێ، ترپەی پێی مۆسیقای ڕۆحە و ئارام‌بەخشی دڵ و مێشک، هەتوانی جەرگی بە سۆی ئەویندارران هەروەکوو سیرێن‌گەل Sirenes ئاوازی سێحراوی پێبوو، کەوشی سەرپێی بە پرپرە و مەنگۆڵەوە دەکردە پێی و نینۆخەکانی بە بۆیە ڕەنگ دەکرد و بە سەر سنگی فەرش و قاڵیدا بە لارو لەنجە دەهات و دەچوو، لە جوانی بەژن و باڵادا سەنەم و لە ڕەوت و ڕەقس و سەمادا کامە پەری و بادەگێڕ حەددی هەبوو شان بدات لە شانی؟ هەر بۆیە چاوی بینەری مەست و حەیران دەکرد، وەختێ بەلای تاقەکەدا تێدەپەڕی و لای دەکردەوە و بە سیلەی چاوی کەژاڵی لەوی دەڕوانی تاجی کەی و ملکی خوسرەوانی لە هەمبەر ئەودا بایەخی نەبوو، ئەم خزمەت و پەرستارییەی هوما بە میرانی کردبوو تاکوو ئەو ڕۆژەی چاوی لێک‌دەنا لە بیر نەدەچوونەوە و گوڵی ڕوخساری، جوان و بێگەردی هەروەک گوڵی هەمیشە بەهار، شنەی زریان و بای خەزەڵوەر دەیلاواندەوە و بەرامەی پێدەبەخشی.

باوەکوو لە پشت تەرازوو دانیشتبوو، لە دنیای خەیاڵی خۆیدا سەیری بەرز و نزمی کەسپ‌و کارەکەی دەکرد، کێشانەی دەکرد و بەردو وەزنەی لە سەریەک دادەنا و گرێی نێوچاوی دەچوونە ملیەک. بە چ شێوەیەک دەیتوانی ڕۆژێ یەک دوو تمەن زیاتر بخاتەسەر داهاتی دووکانەکەی؟ دوور نییە تۆزێک مێشکی خۆی ماندوو بکردایە ڕێگەیەکی باشی دەدیتەوە، داخۆم دەکرا کەمتر یان گران‌تر نان بدات بە مشتەری؟ نا، ئەمە گونجاو نەبوو، دایمە فکر و بیری لەلای کارەکەی بوو، دەستی ڕانەهاتبوو کەم بدا بەو خەڵکە، هەر لە یەکەم ڕۆژدا کە لەوێ خەڵکی بەڕێ دەکرد، لە چاو ڕۆژان دووتمەنی بێ‌جێ بوو، دەبوو تای‌تەرازوویی بە نانەوە تەقە لە عەرزی هەستێنێ ئەوسا دەیدا بە مشتەری، لە ڕوانگەی ئەودا نانەوایی بەڕاستی تری‌فرۆشی نەبوو، لە هەر سەرێک چەند گەڕەمێک کەمتر بدا بە مشتەری، هەروەکوو بۆی ببوو بە عادەت بەتایبەت هەر لە کۆنەوە ڕوەشت‌بەرزی و دڵ‌پاکی مرۆیانەی ئەو کە ئەستوونێکی ئیماندارانە سەیوانی سەری ڕاگیر کردبوو قەتی وەلا نەدەنا، تەنانەت لە کاتی کێشانی نانەکەشدا چاوی نەدەچەقاندە بنی تەرازووەکە، ئەو زۆر بەم‌کارە قەڵس بوو، دەیگوت لە ڕوانگەی ئاینییەوە وەک تاوانێکی گەورە دەهاتە ئەژمار، پێی وا بوو دەبێ چاوی ئەوکەسەی کە تەرازوویی بە دەستە دایمە لەسەر بەرد و کیلۆکان بێ نەکا کەمتر بدا بە مشتەری، دایمە هەوڵی ئەدا هەڵە نەکا، ئەو لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە پیاوێکی ڕووڕاست و بێ‌گزی و فیزی ناسرابوو، نانەکەشی ناوبانگی هەبوو، لەمەبەدواوەش هەر دەبوو ئاوا

بمێنێتەوە، چی لەمە باشتری لەدەست دەهات؟ پێت‌وابوو لە دەستی هاتبایە مزەی کەمتری بدابایە بە ئاشەوانەکان؟ ئالێرەدا، نەک بە تەنیا هەر ئەو بەڵکوو تەواوی دارو دەستەی سنف و بەکۆمەڵیان هەرکەسە و بۆخۆی بە هەر شێوەیەک و لە هەر ڕێگایەکەوە کە لەبەر دەستیان‌دا هەبوو، یان فکریان بۆی دەچوو بە تەواوی هەوڵی خۆیان دەدا و بیر و مێشکی‌یان پێوە ماندوو کردبوو، بەبێ پێچو پەنا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە ئەو سەرۆک و بەرپرسی پیشەی نانەوایان بوو، تەنانەت ئەووەختەی ئاشەوانان هەروەکوو موستەعمەرەکانی ئینگلیز لە ژێر دەسەڵاتی نانەوایان‌دا بوون و هەر ئەوانیش بە کەیفی خۆیان هەڵیان‌دەسووڕاند، سنفی ئەوان شێوەیەکی هاوبەشی و یارمەتی‌دانی هەبوو، جگە لەو زیرەکییەی کە هەیانبوو، بۆ ئەوەی قیمەت نەچێتە سەرێ دەبوو کار بکەن، نرخ کە بەرز بۆوە تازە دابەزینی بۆنییە، لە هیچ‌کات و ساتێکدا کەس نەیدیبوو نانەوایەک بڵێ مزەی ئاشەوانەکەی زۆرە و گەڕەک بەتەمایە کەمتری بکاتەوە، بەڵکە لە هەموو ڕۆژگارێکدا ئەوە ئاشەوانان بوون کە بۆڵەیان دەهات و حەق و مزەی خۆیان بە کەم دەزانی و هاوار و لیللایان بوو بۆ زیادبوونی مزەی کاری خۆیان، ئاخرین داخوازی بە کۆمەڵی خۆیان کە نووسیبوویان، بە هۆی گرانی خەرج و زەرد و زیانەوە، وەرن چارەیەک بدۆزینەوە، هەروا لە دایرەی ئابووری دەستاودەستی پێدەکرا میزان‌نامەی ساڵانی پێشوو بەتایبەت ئەم ساڵی ڕابردووەوە، بە تەواوی نیشان‌دەری ئەم ڕاستییە بوو، کە خەنیم بۆئەوەی دەستی دەڕۆیشت، قسەی کاری دەکرد و ئەگەر ئەوان ئاور بوون ئەوا خەنیم ئاو بوو، ئەگەر ئەوان وەکوو بەرد وابوون ئەمیش کوتک و قوڵنگ بوو، لەورۆژەوە ئیش و کاری نانەواخانە کەوتبووە ئەستۆی ئابووری ئاشەوانان بەو هەوڵەی دابوویان، دەرەتانێکیان وەدەست کەوتبوو، جگە لەوەش ئەوان بۆ هەمبار و سیلۆ گەنمیان لێدەکرد، حکوومەت و زۆربەی تاجر و توججار بۆ ئەملاو ئەولا کەسیش نەیدەزانی کوێیە ئاردیان بەڕێ دەکرد، کەوتبوونە دەورەیەکەوە ئاشەوانان بە کەیفی خۆیان جوابی نانەواخانەگەلیان ئەدایەوە، هەروەک چۆن نانەوایان یارییان بەم خەڵکە دەکرد، بەم‌حاڵ و ئەحواڵەوە کەم‌کردنەوەی باربەران هیوایەکی خۆڕایی بوو، تەنیا ڕێگەیەکی‌تر دەمێنێتەوە کرێکاران، خاس یان خراو، لێرەدا بە ئاخرین هیواوە خۆیان هەڵواسیبوو، نانەواخانە بەم هەموو ناکۆکییەی کە هەیبوو، هەر لەو ساڵەدا کە یەکێتی خۆی دامەزراند، هەر لەو بوارەدا، ئەوەندە توندو تۆڵ ڕممی خۆی چەقاند کە بەم دەموو دەستە لەق نەدەبوو: بە پێچەوانەی ئاشەوانەکان کە هێشتا بۆ ئەم‌مەبەستە هیچ هەنگاوێکیان نەنابوو، تەنانەت تەمایەکیشیان نەبوو، ئەوان بە هیچ بابەتێک کرێکاری یەکدییان وەرنەدەگرت،

سنفی نانەوا بەمگشتە حاتەمبەخشییەی، بەمهەموو دەستبڵاوییەی کە هەیبوو، بە دڵاواترین سنفی شار بەناوبانگ بوو، حەق و میزانێکیان بۆ کرێکاران دیاری کردبوو کە ئەمیش کەمتریان پێدەدان نەک زیاتر، ئەگەر شاتر یان هەوێرشێلی دووکان دەستی لە کارەکەی هەڵگرتبایە نانەوا بۆی هەبوو، لەسەر دەسەڵاتی شارەداری یان کاربەدەستانی بانتر، نەک هەر دەیانگێڕایەوە بۆ سەر کارەکەی، بەڵکە پیاوخراپیشیان دەکرد، چونکە ئەمە تایبەت بوو بە نانی ئەم خەڵکە، لەم هەلومەرجە ناسکەشدا نان بە واتای خوێن بوو، لەخۆڕا نەبوو، دەستەی نانەوایان بە شێوەی نیوەنهێنی هەموو مانگێک بە نیشانەی خەرج و پێداویستی لازم، هەر دووکانە و تمەنێکیان دەسەند و لە جێی خۆیدا خەرجیان دەکرد، ئەوان ئەگەر دەرۆستی ئاشەوانان نەدەهاتن، دەیانتوانی قەزای دیزە لە گۆزە بخەن، ئەمەش بەرچاوتەنگی بوو ئەگەر بە چاوێکی نازیرەکانە لەو بڕوانین، لەم وەخت و دەرفەتەدا قەت وانەبوو ئەو گشتە کرێکار و دۆست و خزمەی لە خۆی دوور بخاتەوە، ئیتر کەس بەم بەهارە خەمی کاری نەبوو، کرێکار لە وەختی ئاوادا بۆ دادەمێنیٚ؟! هەرئەوەی کە هاتبوو لە پشت تەرازووەکە ڕاوەستیٚ، خۆی لە خۆیدا گرفتی سازکردبوو، جا ئیتر بە هەر عینوانێک بوایە، بەراستی بۆ دەبوو ئاوا بە هیچ و خۆڕایی حەبیب لەدەست خۆی دەربکا؟ ئاخۆم ئەوە بوو وەڵامدانەوە بە زەحمەت و ئەرکی چەندینساڵەی ئەم پیاوە ئەمینە؟ بەبیٚ ئەوەی بپرسن گرفتت چییە کەمو کۆڕیت کامەیە، ئەو چشتێکی بە ئەوان نەوتبوو، بەڵام ئەگەر وەکوو کرێکارەکانیتر داوای حەقی زیاتری بکردایە، حەق بەدەست ئەو بوو، لەبەر ئەوەی نرخی نان و گۆشت کە بنەڕەتترین بژیوی ئەم خەڵکە بوو، لە سیٚ مانگ لەمەوبەرەوە بە پێچەوانەی وەخت کە دەبوو نرخی دابشکیٚ زێدەتر بەرز ببۆوە جگە لەمانەش کەم کردنەوەی ڕۆژانەی کرێکار کامە باری لەسەر خەڵک سووک دەکرد؟ تا کێوێک نەڕووخیٚ کەندلانێک پڕ نابێتەوە، نا، ئەمانە هیچکامیان ڕێگەچارە نەبوون، ئەگەر لە دەستی هاتبایە بە یارمەتی خاڵۆ کەرەم لە زەویزار، یان باخێکی بە ئیجارە هەڵگرتبایە، ئیتر لە چنگ تەواوی ئەم گێر و کێشانە خلاسی دەبوو، لە ڕابردوودا هەر لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ خاڵۆ کەرەم قسەی کردبوو. مەعلوومە زۆرجار ئەم قسانە لە دوای تێربوون و نانخواردنی نیوەڕۆ دەهاتە پێشیٚ، کە ئەمەش کاردانەوەی سێحراوی گەدە بوو بەسەر مێشکەوە کە زۆر بە گرینگی حیسابی بۆ نەدەکرا، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بوو، لە خۆشیاندا، ئەگەر هاتبا و کارەکەی سەری بگرتایە هەر کڵاوی حەوا دەدا و دەیگرتەوە، ئامادە بوو لە دڵەوە یارمەتی بدات، لەسەر ئەم خەتو نیشانەی کوێخا بۆی دەکێشا، دەیتوانی باخە گەورەکەی چۆخەسپی یان موریچی، دەنا ئاشەکانی دێی زەکی،

یان سەراو نیلووفەڕ بە ئیجارە هەڵبگرێ، ئەگەر هاتوو ئەمانەی نەویست، یان جێبەجێ نەبوو، بێستان هەڵبگرێ، مەڕو ماڵات ڕابگرێ و خەریکی جووتو گا بێ. زووتر باسی ئەم شتانە کرابوو، لە تەواوی ئەم کارانەدا ئەو کابرایەکی دەست و پێ سپی و نەکرد کار نەبوو، وانەبوو دەست لەسەر دەست دابنێ و هیچ کارێکی لەدەست نەیات، پیاو ئەگەر پیاوی کارکردن بێ لەسەر بەردیش نان پەیدا دەکا، هەر ئەوەندەی شنەی بلاوێنی دەرو دەشت تۆزو شەکەتی شار و شەقام لەسەر ڕوخساری ماندوویی بسڕێ، جا ئەوجار وەرە سەیری بکە بزانە چۆن بە کاراندا دێت، پیلی ژن و منداڵی دەگرت و باروبنەی دەپێچایەوە و دەچوو لە دێ تەخت دادەنیشت، بەڵام شتیوا نەدەبوو و نەدەکرا واز بێنێ لە کارو کەسپی چەندین ساڵەی دووکان هەر لە شوێنی خۆی کاری دەکرد و بێجگە لەوەی ماڵی دەبردەوە بۆ لادێ و سەری ئاسوودە دەبوو دەیتوانی هەر بە چەند ڕۆژ جارێک بێت و بە کاروباری نێوشاریش ڕابگا، تۆ بڵێی ژیان وەک تابلۆیەک نەبێ، چۆن جوان بنوێنێ بەمجۆرە لە بەرچاو داینێی؟ بۆ ئەو چی لە میرزا نەبی کەمتر بوو نانەوایی دەگێڕا، بە کاروباری ئاشەکەی ڕادەگەیشت، ڕەعیەت و نۆکەری هەبوو، کەلوپەلی قاچاقی دەکڕی و دەیفرۆشت؟ ئەگەر خەتایەک بووبێ ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ گوێپێنەدان و دووری کردنی خۆی، ژیان بەبێ چەرمەسەرێ نییە، ئەگەر بتەوێ ڕەگاژۆ بکەی، پەل بهاوی، ئەوا دەبێ زۆرتر خۆت ماندوو بکەی تاکوو شانو پیل نەکوتی و شەونخوونی نەکێشی پێیناگەی، بەڵام ئەو تا دەهات یەخەی خۆی لە شار هەڵدەتەکاند، وەڕەز بوو لە شار، لە شەقام، دیمەنی شار و شەقامی وەک حەزیایەک دەهاتە بەرچاو، وەک کەوی زیندانی بۆ کەژو کۆ دەیقاسپاند؛ هەوای سازگاری دەشت و سەحرا لە چەشنی مەڵحەم وابوو بۆ دەروونی پڕ لە ئازار و دەردی، هەر ئەو دەنگی مەل و خوڕەی ئاو و سەوزاییە بوو دەیتوانی ژەنگی دڵی بشواتەوە. ژیانی پڕ لە تەنگو چەڵەمەی شار، وەک قورقوشم قورگی ئاواز و ناڵەی سێتاری ئەوینی خنیبوو، ئەوە کەژو مێرگ و باخ بوو ئاوات و خەون و خەیاڵەکانی بە تەمەنی لەدەستچوویەوە متوربە دەدایەوە، ئەمە لاوێ بوو گوڵی سیسی عومری پاراو دەکرد و دڵی غەورگرتووی تیفتیفە دەدا، ئیتر ئەو نەیدەتوانی هەوای شار بەمهەموو ژەنگ و ژارەوە هەڵبمژێ، خۆ ئەگەر خەرمان نەگاتە بەردەرگا، دەکرێ لەسەر خەرمان بخەوی؟ داخۆم ناشتنی نەمامێک هەرچەندە تەمەن پێیڕانەگا یان داچەندنی باخچەیەک سەوزە، بژار و کوود لێدانی بێستانێک، هەزار کارو کەسپی شاری بەقوربان نەبێ؟ پێتوایە هەمووی شار ناهێنێ، سەیرکردنی کرمێکی خاکی، یان پەلەوەرێک بەسەر دارو درەختەوە، فیکە و نرکە و هەرای فەیتوونچییەک،

داخوازی و بێنەوبەرەی کاربەدەستانی ئیدارەیی، یان خەم و کوڤان و قسەی ئەموئەو، کامیان باشتر بوون؟ وێدەچوو ئەمە بیرێکی باش بێ، هەوای دێ لە سەری دابوو، ئەوەی لە بەردەم ئەودا ڕێگر بوو قوتابخانەی منداڵەکان بوو، دەکرا ئەوانیش نەچنە فێرگە و واز لە خوێندن بێنن! گلارە وەک میوان وابوو لەو ماڵەدا، ئەمڕۆ یان سبەی مێردی دەکرد و دەچووە سەرماڵ و حاڵی خۆی، ئەگەر خودا یەدی دابایە و بۆی جێبەجێ ببوایە ماڵ و حاڵەکەی بباتەوە بۆ لادێ، ئەوا لە دەست ئەم خەرجە خۆڕاییی بابیانە نەجاتی دەبوو کە هەموو ڕۆژێک هوما دەیدا بە کۆڵیدا، کە ئەمەش زێدە پێڕاکێشان و مۆدە و چاولێکەری کۆمەڵگای شارنشینی بوو، ژنەکانیشی هەروەکی خۆی بە ڕەسەن کوردی و لە باوەشی گەرموگوڕی لادێدا گەورە ببوون، دیارە کە هەر لە کۆنەوە کورد، بوون و ڕەسەن و ناسنامەی خۆی پاراستووە و لە هەمبەر لافاو و لەهی زەماندا خۆڕاگر بوون، میللەتی زیندوو بە زمان و کەلتوورەوە پێناسە دەکرێ، کەوابوو کورد خاوەنی پێناسەی خۆیەتی، سەرەڕۆیی هەر دەورە و زەمانێکە، ئیتر ئەمە ڕۆژگارە مرۆڤی سەرەڕۆ و هەڵەشە ئارام دەکاتەوە، هوما وەختێ گەڕابۆوە سەرتەختی بەختی و تەنانەت لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو کە بگەڕێنەوە بۆ لادێ، بیرەوەریەکانی لەبەر ڕووناکی مانگەشەو، دۆشینی مەڕ و ماڵات و ڕەقس و چۆپیکێشان بە دەوری کوانووی گەرمدا، گوێ شلکردن بۆ بلوێری شوان و کاڕەی مەڕو جریوەی مەل و پەلەوەران و خوڕەی ڕووبار و زەردەپەڕی ئێواران ئۆخژنی بە دڵ دەبەخشی و ڕۆحی کەسیرە کەوتووی شارنشینی دەبووژاندەوە، تەنیا بەومەرجەی هەروەختێ مێردەکەی سەردانی شاری کرد ئەویش لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئیتر چلەوە خۆشتر بە دەنگی کەڵەبابی بەیانی و سیرەی مەل و قاسپەی کەو لە خەو هەستێ و بە بێرەبێر و فیکە و هۆهۆی شوان و گاوان خەو بیباتەوە! ئاسکە کە هەروەک گۆزەی چاک هەر زرینگەی دەهات، ئێستاش دەیتوانی هەویر بشێلێ و تیری لێدا و نان و کولێرەی پەنجەکێشی بدا بە تەندوورەوە، منداڵەکانیش هەریەکە و گۆشە گڵەمێک بۆخۆی دەگرێ و ژیانی تازە دەستپێدەکا، چوار پێنج مانگ خۆیان ماندوو دەکرد و ماباقی ساڵ دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر شوکری یەزدانیان دەکرد وبە سەرو دڵخۆشی پاڵیان لێدەداوە و لەبەر بەرۆچکان دادەنیشتن و سەیری کەژو کێو و دەرو دەشتیان دەکرد، (خۆ هەرچییەک کۆن بوو بێقیمەت نابێ)، هەمووشتێک هەر دوو ڕۆژ تازەیە، دێهاتیش بۆ سەیمیران دایمە تازە بوو، ئاخۆم بە تێڕامان لە جووڵە و لەرەی چڵەگیایەک یان فەلسەفەگەلی قووڵی مرۆڤ، ئەمیان کە لەژێر سێبەری خۆیدا دنیایەک نهێنی بەرپێواری لەخۆ گرتووە باشتر خودا دەناسرا؟ یان بە وردبوونەوە لە هەڵسووڕانی

تەگەری درۆشکەیەک؟ بەرینایی ڕوانگە لە شاردا تەنگەبەر، گرفت و ئاریشەی وردو درشت، خەیاڵات و خەمۆکی زۆر و زەوەند، خۆبەزلزانی و لەخۆبایی تا بڵێی زۆر، گیان لە تەنگانەدا و ژیان کاڵ و ڕووکەش، بەڵام سروشت وەک حەقیقەت پاک و بێگەرد، کێو و ئاسمان و ئاسوو ڕوون و ئاشکرا و هەمووشت گەورەیی کردگاری دەردەخست و ئەو گەورەییەی لە دڵ و ڕۆحی مرۆڤەکان دەچەند، (ئەگەر مرۆڤ حەز بە تاریکی نەکا، ژیان وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش هەروەختێ فووت لێکرد دەگەشێتەوە.)

ئەورۆژەی خالۆکەرەم هات بۆ شار، سەید بیری کردەوە ئیتر لە سواری کوێتەی خەیاڵ دابەزی و تەک بدات بە حەقیقەت و پێی بنێتە سەرپشتی پردی ڕاستییەکان، بەخت بوو بە یاری بەمجۆرەی کوێخا دەیگوت، باخەکەی موریچی بەتەما بوون بە ماوەی پێنج ساڵ بە ئیجارەی بدەن، سەی‌میران چوو بواری تاقی کردەوە، قسەکەی کوێخا ڕاست بوو، لەلای خۆی بڕیاریدا، سەردانێکی باخی موریچی بکات، لە چۆخەسپی دوورتر نەبوو، خالۆکەرەم محەندەکی خۆی بۆ بەجێهێشت و خۆی ڕۆیشت، سەی‌میران دەیزانی نابێ ئەم دەرفەتە لە دەست دەربکا، وەختێ ورد بیری لێدەکردەوە ژیانی شار توورێک نرخی نەبوو لە دەرد و عەزاب بەولاوە، دوو ڕۆژ دواتر وەختێ هومای سواری ماین کرد و بە داڵانەکەدا چوونە دەرێ، سێ ڕۆژی تەواو بوو، دەروێشەکان لە بن دیواری ئەوان بارگە و بنەیان دابوو بە عەرزیدا، ئەمە کاری هەموو ساڵێکیان بوو، سواڵ و سەدەقەیان وەردەگرت و زەکات و بەراتیان کۆ دەکردەوە، سەی‌میران پێی‌حەیف بوو لەووەخت و ساتەدا کە بۆ تمەنێک ئامانەخانمی بوو، پووڵ و پارە بکاتە دەستی ئەم مفتەخۆرانەوە، کە هەروەک تەمبەڵی بەغدا ببوون بە سەرباری خەڵک، سەی‌میران تمەنێکی لە کیفەکەی باخەڵی هێنادەرێ و بۆی خستنە نێو خێوەتەکەیان، ڕووی کردە دەروێشێکی گزی‌کار و ڕیشنە و گوتی:

ـ هانێ، چش لە ماڵی دنیا ئەمەش بەشی ئێوە تاکوو ئێوارێ دەگەڕێمەوە لێرە نەتانبینم! دەک لە جێی خۆتان ڕاستەوە نەبن زبەلاحینە! لەو وەختەدا بە غیرەتەوە هەوساری ماینەکە ڕادەکێشا و بە نێو تیخی نیگای ئەم‌وئەودا لە کۆڵانەکەوە تێدەپەڕی، خودا خودای بوو لە شەقامەکەوە چاوی نەکەوێ بە چاوی شێخولئیسلام و سەری خەجاڵەتی بەربداتەوە، وەختێ هێشتا لە حەسارەکە نەچووبوونە دەرێ خانمە نازدار و خوداپێداوەکەی بە بیانووی ترس لەسەر پشتی وڵاخە بەرزە مەکر و نازی دەنواند و زێدەتر خۆی لەلای میران شیرین دەکرد و شەکراوی دەڕشت، هەوێ و ژن و کچی ئەم حەسارە هاتبوونە سەیری، لەپاش تەواوبوونی ئەم دیمەنە خۆشە و لە ماڵ هاتنەدەرێ،

ئاسکە بە کۆڵێک خەم و پەژارەوە هەروەکوو ئەتڵەسی کوڕی ژوپیتر، لە پێشدا خۆیکرد بە ژوورەکەدا و دەستی لە ئەژنۆی هەڵپێکا، بەڵام دواتر وەک دانەی سەرساج ئارامی لێهەڵگیرا، چارشێویدا بە سەریدا، دەستی مەهدی گرت و بەپەلە خۆیکرد بە کۆڵانەکەدا، دە دەقیقە، چارەگێک دواتر گەیشتە سەر سەربانیماڵی میمکە بیبی لەسەر تەپۆڵکەی چۆخەسوور، لەگەڵ ڕەعنای کچی پیرێژندا تەماشای ئەو ڕێگا پان و سپییەیان دەکرد کە لە دەروازەی ڕۆژئاوای شارەوە یەکراست ڕووی دەکردە ئاوایییەکانی خالسە، ئاسکە بەو هەموو پەلەپەل و هەڵاتهەڵاتەی کردی و خۆی و منداڵی وەهەناسەبڕکێ کەوتن، ڕۆز بەداخەوە بووە، ئەوانی نەدیت و زوو تێپەڕیبوون، بەڵام هەر ئەوکاتەی ئاسکە بە بەژنی ڕێگاکەدا چاوی بۆ ئەوان دەگێڕا، وەک خاڵێک لە دوورەوە وڵاخە بەرزەیەک دوو کەسی لەسەر پشت وەدەرکەوت، مەهدی زووتر ئەمەی بینی و پێیوتن، تەواو دیاربوو ئەو چارشێو چەرمگەی لە پاشکۆی ماینەکەوە سوار ببوو هوما بوو، ڕوو بەم دەرو دەشتە بە لۆقە لۆق لە شار دوور دەکەوتنەوە، خۆ ئەگەر ئاسکە لەوکاتەدا دووربینی پێبوایە، دەیزانی ئەوان بەدەم ڕێگاوە کە جارجار لادەکەنەوە قسە دەکەن یان بێدەنگن.

ئەووەختەی سەیمیران بەتەمای خالسە بوو بۆ دیتنی باخی موریچی کەچۆ لاوێکی بە نیازی خۆی باشی کردە تەرازوودار تاکوو ئەو دوو ڕۆژەی لە ماڵ نابێ ئەمینداری بێت، داهاتی ڕۆژانەی دووکان ئێوارێ لەگەڵ ئێوارێ لە قەرزدا ئەدرایەوە و دەهاتن بەتاڵیان دەکرد! بەڵام سەفەری سەیمیران بەبێ ویستی خۆی لە دوو ڕۆژەوە بوو بە چوار ڕۆژ، بە گەیشتنی ئەوان خەزوورە مەڕێکی بۆ کوشتنەوە ئەوەندەی لە دەستی هات لە خزمەتکردنیاندا ڕژد و چنۆک نەبوو، باغە گەورەی موریچی لەسەر جادەی شار بوو، ئاوێکی زۆر و زەبەندی لە بەردەستا بوو، تەنیا ئەوەنەبێ بە هۆی پێڕانەگەیشتنەوە ڕەنگ و ڕوویەکی جوانی نەبوو، پەرژین و دیواری بە دەورەوە نەبوو، ئەو باغانەی لە شار دوور بوون، خۆ ئەگەر باخەوانی بە مشووریان بە سەرەوە بوایە قازانجی باشیان دەبوو، ئیتر ئەوەبوو، سەیمیران وتی دەبێ باشتر بیری لێبکەمەوە و بە جوانی ئەم کارە لێکبدەمەوە، لە پێنجەم ڕۆژدا وەختێ ژن و مێرد بە سواری ماینی خۆشڕەوتی کوێخا دەگەڕانەوە بۆ شار هەروەکوو باز و تەوار کە هەوای خۆشی زۆزان هەڵدەمژن بۆ ساتێک چاویان لەسەریەک دانا و بەرامەی خۆشیان هەڵمژی، ئەوینی ئەوان دەتگوت لە بێشکەی هەرماندا ڕادەژێن، دەشت و مێرگ و چیمەن ئەوەندەی چاو هەتەری دەکرد وڵاتی لە تارای سەوز پێچابوو، هوما، ئەوەندەی لە ماڵ دەردەکەوت لە جوانیدا کەموێنە و لە باڵادا شامەلخاتوونی نێو ئەفسانان بوو،

بەرلەوەی بگەنە قاوەخانەی باباجان سەی‌میران هومای ڕازی کردبوو لابدەن و پیاڵەیەک چایی بخۆنەوە، هەرچەندە هوما ڕازی نەبوو بەڵام بەقسەی کردبوو، بە نێو ئەم تەپوتۆزی جادە تۆزاوییەدا، سەبریان کرد سولێمان ورکەنان‌فرۆشی دووکان وەک بای‌شەماڵ لە دوورەوە بەرەو ڕوویان دێت، کەوش و کاڵەی تەواو هەڵکێشابوو پووزەوانەی هەتا سەرێ هەڵکێشابوو، خۆی توندوتۆڵ داپێچابوو، سەرەڕای پیری و کویر و کوتربوونی دەتگوت ئەسپی چاکە وێرغە دەکا، سەی‌میران بۆ چرکەیەک بە دیتنی ئەو سەری سوورما ئەم پیرەمێردەبۆچی بە شوێنیدا هاتووە، ئەزموونی ژیان ئەوەی خستە مێشکییەوە نەکا شتێک قەومابێ! تۆ بڵێی سەربانی دووکان تێکنەتەپی‌بێ؟ بێژی کەس تووشی بەڵایەک نەهاتبێ؟ بڵێی یەکێ لە کرێکارەکان نەکەوتبێتە بیرەکەوە؟ یان خوای‌نەکردە شتێ لە ماڵێ ڕووی نەدابێ. ئاسکە تریاکی نەخواردبێ منداڵەکان شتێکیان بەسەر نەهاتبێ؟ ترسێکی دیکەش لەگۆڕێدا هەبوو، ئەوکەسەی دوو ڕۆژ بوو تەرازوویی پێ‌ئەسپاردبوو داخڵەی بەتاڵ کردبێ و تێی‌تەقاندبێ! وەختێ دابەزی و لەگەڵ کرێکاری خۆی قسەیان کرد بەڵێ ئاخرین بۆچوونی ئەو ڕاست وابوو، کابرای تاین ئاخرین داهاتی دوو ڕۆژەی دووکانەکەی لە تەنگەی باخەڵی نابوو، بۆی دەرچووبوو، بۆ بارراستی نەخشە و پیلانی خۆی کڵاوی نابووە سەر نەورۆزخانی عەللاف و خەلەسێن قەرزی لە کن سەی‌میران بوو، بەهۆی ناڕەسەنی خۆیەوە ڕۆژانەکەی ئاشەوانی بە تەواوی نەدابوو، سەی‌میران بەسەر پێوە عەبەسرابوو، سەیری دەمی سولێمانی دەکرد و چاوی نەدەتروکاند، مەحتەل مابوو نەیدەزانی چیبکا و چی‌بێژێ! کە چوو کابرایەکی سەڵت و بێ‌کەس و کارو خەڵکی سونقووڕ بوو ئەوەندەی کاری نەبوایە دەچووە چایی‌خانەی موراد دادەنیشت لە مەیدانی شارەداری، سەی‌میران لەگەڵ ئەوەی گەیشتنەوە ماڵێ هومای دابەزاند و لە پێشدا خۆی گەیاندە قاوەخانەکە بەڵکوو لەوێ بتوانێ بۆقەتەی ملی ئەو هەتیوە دزە بگرێ، دواتر بۆی دەرکەوت بۆرەخزمێکی ئەو لە هەڵاڵ‌خانەدا کار دەکا، ئەم هەڵات هەڵاتە تەنیا ماندووبوونی بە دواوە بوو، باوەڵێی سەرلی‌شێواو ئەوەندەی لەم شارەدا هاتووچوو، نە کابرای دیتەوە و نە دەستی لە هیچ گیر ببوو، تەنیا ماندووبوونەکەی پێما، ناسیاوێکی خۆی هەر ئەو ڕۆژە لە تارانەوە هاتبۆوە کابرای دزەی لە کەلی ئەسەداوای نزیک هەمەدان دیتبوو، ئەم هەواڵە زۆر درەنگ، یانی سێ ڕۆژ دواتر گەیشتە سەی‌میران، هەتیومچەیەکی ئاوا خوێڕی وەختێ ماڵی خەڵک وەک گەزۆمازوو دەخوا، ئەوەندە شل نەپێچراوەتەوە بە هاسانی دەتەڵە بکەوێ، ئەوی خواردوویەتی و نەیخواردووە لە گەروویی بێنێتەوە دەرێ، خاووخێزان و ئەکبەر باشوو پێیان‌وابوو

هەتاکوو دزە دوور نەکەوتۆتەوە، کەسێکی وەدوو بخەن و بە هەر فێڵ و دەهۆیەکبێ بیگێڕنەوە، سەیمیران دەمو لێوی خۆی هەڵگلۆفی و گوتی: تازە بێفایدەیە! وتیان بچۆ لە شارەوانی شکایەتی لێبکە، ئەمەشی ڕەت کردەوە، وەک بڵێی ئەوەی بردوویانە سبەی دەیهێننەوە سەرجێی خۆی، بۆئەوەش نەدەبوو پشتگوێ بخرێ، سێسەت تمەن پووڵ کەچۆ سونقووڕی دەستی دابوویە و بردبووی، بۆئەو ڕۆژە پارەیەکی کەم نەبوو، ئەگەر وەک جارانبایە، ئەمە بۆ سەیمیران نانەوا زۆر گرینگ نەبوو، بەڵام ئێستا چی ـ ئەمڕۆ ئەو پیاوە گلۆڵەی کەوتبووە لێژی، کۆڵەکەی بنمیچی پەڕیبوو، هەرئان لەوەدابوو بانو سەربانی تێکبتەپێ! ئەم ئاردەی ئیدارەی ئابووری بەوانی دابوو، هەر بۆ ئەوە دەبوو بیکەن بە سەولە! ئەمە زەرەدێکی زۆری بە نانەوا و ئاشەوان گەیاند. هەر خەڵک بوو بۆڵەی دەهات و قسەی دزێو و ناشایستی حەواڵە دەکردن، ئەم پووڵ و پارەدزینە بووە هۆی ئەوەی جارێ لە بە ئیجارەگرتنی باخی موریچی بێدەنگی بکەن، هەرچەندی زۆر باش لەگەڵ سەیمیران ڕێکدەکەوتن، ئەوەی کە باوەڵێ شکایەتی نەکرد و کەوتە قۆنەقۆن و کەمتەرخەمی نهێنییەک لە ئارادا بوو، هەرکەسە و جۆرێک باسی دەکرد، دەستەیەک دەیانگوت پاڵەوانی ئەم چیرۆکە چما ئەوەندە کرچ و کاڵە کاری ئاوا دەکا، زۆرکەسی دیکەش پێیانوابوو ئەمە حیسابی پووڵ و ماڵە و کاری بە ئاکاری جوان و سەید و مەلا نییە! بەڵام هەمیشە مەزنان دەبنە ئامانج و نیشانە هەر دوو ساڵو نیو لەوەپێش بوو، دوای ئەوەی تەشتە مسەکەیان لە دەست دزان سەندەوە کاتێ خەبەریان پێدا نەچوو لە شارەوانی وەریبگرێتەوە، وەختێ پاسەوان پیلی کوڕێژگەی گرت و هێنایە بەردەرگا، بۆئەوەی خۆی لەم بێنەوبەرەیە بدزێتەوە لە وەڵامی ئەواندا گوتی:

ـ لەوەتەی من ماڵم، بەم ناونیشانەی ئێوە من تەشتیوام لە ماڵدا نەبووە.

ـ ئەوە نییە ئەم بێوەڵەیە دەڵێ هەر خۆم بەیانییەک زوو لە حەوشەی ئەم ماڵە ڕفاندوومە؟

ـ ئەوەی من وتم ڕاستە، خۆ بەم سەرو سیمایەوە پیاوی درۆ نیم، قسەی ئێوە ڕەت ناکەمەوە، ئەگەر بڕواشت بە قسەی من نییە پێیبڵێ چۆن بردوویەتی بەیانییەک بیهێنێ و لە جێی خۆی دایبنێتەوە.

سەیمیران هەر دوایئەمە زوو زانی نەدەبوو شتیوای بە دەمدا بێ، بەڵام بەخت بوو بە یاری و پاسەوانی گێلۆکە، چ لە فەرموودەی باوەڵێ حاڵی نەبوو، بەدوای قسەکەی ئەودا گوتی:

ـ داخۆم ئامادەی شایەتی بدەی ئەو تەشتە مافی تۆی پێوەنییە و کەس ئەمەی لە ماڵی تۆدا نەدیوە؟

سەی‌میران بزەیەکی تاڵی نیشان‌دا و گوتی:

ـ کوڕی‌باش، حەق بەدەست سکاڵاکارە، تۆ شایەت بێنە کە ئەم تەشتە لەم ماڵە چۆتەدەرێ و بەشی منی بەسەرەوەیە.

ـ دەبێ بێی بۆ شارەوانی و لەوێ ئەم قسانە بکەی.

ـ دەی‌باشە، کەی دەڵێی دێم، هەرئێستا یان دوای سەعاتێکی دیکە؟ تۆ بچۆ لەو قاوەخانەیە چاییەک بخۆوە، منیش دێم، سبەی بەیانی بۆخۆم دێم، ئەمەش پارەی چایەکە، خۆ قسەیەکی دیکەت نییە؟ بڕۆ خواحافیزت بێ.

سەیرەکە لەوەدابوو، ئەم کابرایە هەمیشە دەیگوت، خەڵک ماڵی منی بۆ دەخورێ، بەڵام من ناتوانم ماڵی کەس بخۆم.

لەووەختەدا کەچۆ ئەم‌کارەی کردبوو، میرزا نەبی چووبوو بۆ کانی‌چەرموو، دێیەک بوو لەولای کرماشانەوە، ئەمیش لەوێ کاروبارێکی بنیات نابوو، وەختێ گەڕایەوە و بەم‌هەواڵەی زانی، زۆرتر لەوە پەرێشان بوو کە بیرت لێدەکردەوە، زۆر زۆر لەم کارانەی سەید قەڵس و تووڕە بوو، بۆ سبەی نزیک زەردەپەڕ، چوو بۆ ماڵی ئەوان، سەی‌میران لە ژوورەکەی ئاسکە دانیشتبوو، بەڵام خێزانی لەبەر بێلایە بوو، بەبێ ئەوەی دەستی بە کارێکەوە گیرابێ تۆزی خەم و پەژارە نیشتبووە سەردەم‌وچاوی، میرزا نەبێ پێش‌ئەوەی بچێتە ژوورێ و سلاو و ئەحواڵ‌پرسی بکات و وەڵامێک بژنەوێ بەبێ یەک‌و دوو هەر لە بەردەرگاوە گوتی:

ـ مەشەدی میران، هاتووم پیرۆزباییت پێ‌بڵێم! خەڵک دەبێ هەر لە تۆوە فێری کاران بن! من نازانم لە خۆشیان بڵێم‌چی، تەرازوو بە کوێر و دووگ بە پشلە دەسپێری؟ سەفەری گەرمێن و کوێستانم بۆدەکەی! مەگەر نەتدەزانی ئەو هەتیوە بەڕەڵلایە ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ و کەر بە بارەوە دڕفێنێ؟ تۆ چۆن داخڵە و دووکانت پێ‌ئەسپاردووە؟ کێ ئەم ناکەس بەچەی بۆ تۆ پەیدا کرد؟! دووای چل ساڵ ولاخداری تازە بارت لێدەکەوێ، مەشەدی بەڕاستی بۆ ئێمە عەیبە! من نازانم هەرچەندی دەکەم و دەکرێنم سەر لە کاروباری تۆ دەرناهێنم! ئەم هەتیوە ئەوەندەی من بزانم بەرگێڕەوە لە هیچ شتێ ناکا! خۆ هەرکەسێک پنجێ ڕدێنی دانا نابێتە خەلیفەی بەغدا؟!

هێشتا گرێی نێوچاوانی نەکرابۆوە لە حاڵ و ئەحواڵی ئاسکەخاتوونی پرسی و لە ژووری دانیشت. ئاسکە چوو بەلای چایی و سەماوەرەوە، میرزا وتی بەڕۆژووم، قەرزداری ڕەمەزان بوو،

نەدەبوو دەم لە نان و ئاو بدات، دوای ئەوەی ئاسکە بە چاوی پڕ لە شەرمەوە لەولاوە دانیشت، میرزا نەبی ئەمجار ڕووی کردە میران و هێدی و لەسەرەخۆ درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ کاکی خۆم، من کارم بەوەی نییە تۆ بۆچی چوویی بۆ دێهات و لەوێ چتکردووە، بەڵام بۆچی وەختێ کارێکت بۆ دێتەپێشێ هەر وەکوو جاران نایەی بە من بڵێی، ئاگایەکەم لە دووکانەکەبێ؟ خۆ من ئەو ڕۆژە لە ماڵ بووم و نەچووبووم بۆ کانیچەرموو، خۆ ئەوەندەم ئاقڵ هەبوو تاکوو تۆ دەهاتییەوە ڕۆژێ یەکدوو جار سەرێکی دووکانەکە بدەم، لەبەرەوە ئەوەی لە داخڵەکەدا بوو لێموەردەگرتن با هەرچی هەبوو لەبەر دەستی ئەم چەتەیەدا نەبوایە، منیش لە هەوێڵدا نەبوایەم بە ڕۆستەم یان کەسێکی دیکەم دەسپارد، مەگەر سەراویگیان دۆست و برا بۆ کەی دەبێ، ئەگەر بۆ ڕۆژێکیوا نەبێ؟!

سەیمیران مات بوو، شانەکانی داخزیبوون سست و پەرێشان، بە بیستنی ئەم قسە حەق و ڕەقانە هەستی بە بێدەسەڵاتی خۆی دەکرد، هەر بۆیە نەیدەزانی دەمودەست چجوابێکی پێبداتەوە، هەرچەندە کە خۆی دەگرتەوە زمانی تاڵی کەوتە گەڕ:

ـ لەوانەیە ئەو لە من موحتاجتر بێ.

میرزا نەبی تێیڕاما:

ئەگەر وابێ، مەشەدی تۆ بە ڕازی ئیکسیر و کیمیا دەزانی بۆیە ئەم قسەیە دەکەی، یان ئەوەی خەزێنەت دیتۆتەوە، ئەگەر وایە ئەی بۆ لە ئێمەی دەشارییەوە؟ خۆ منیش پێمخۆشە لەم ئاخری عومرەدا پاڵی لێبدەمەوە! بەڕاستی ئەگەر شتێ لەگۆڕێدایە مەیشارەوە، کوڕە (خۆ هەرچییەک لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ ڕەحمەت نییە!)

ئاسکە بە دەم ناڕەحەتییەوە خۆی لە ژێر چارشێوەکەیدا کۆ کردەوە و بۆڵەیەکی لێوەهات، بەڵام مەعلووم نەبوو گوتیچی، میرزانەبی لەسەر قسەی کەس ڕانەوەستا و گوتی:

ـ کاکی خۆم پێتخۆشبێ و پێتناخۆش بێ، ئەمە ڕێچکە و ڕێبازی ژیان نییە تۆ گرتووتەبەر، پێموابێ لەونت لێگۆڕاوە، بەم سەری پیرییە و بەو گشتە خاوخێزانەوە نەدامەتی ڕووی تێکردوویی! برای بابم، بۆ ئەوەندە دڵڕەقی تۆزێکیش خەمی ئەو ماڵ و منداڵەت بێ، ئەم دوو ڕۆژە تەمەنە دیارە هەرچۆنێک بێ ڕادەبرێ، بەڵام زۆر لەوە گرینگترە کە من و تۆ لێی حاڵین، ژیان وەک ئاور وایە، نابێ یاری پێبکەی. ئەمە ڕۆژگارە قامەتی زۆر کەڵە مێرانی چەماندووە، بەزەییەکت بەم منداڵانەتدا بێت، ئەوان نان و ئاویان لە تۆ دەوێ، ئەوان نییە نازانن، دەبێ هەر خۆت خەمی خۆتت

بێ، کەس بە کاری کەس نایات، کۆمەڵگا وەک حەزیا وایە هەرکەس بگرێ قووتی دەدا، فریوی خاڵومیلی مەخۆ! ئیتر چاوەچڵە بەسە!

ئاسکەخاتوون پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو بە ئەسپایی لە بن چارشێوەکەوە گوتی:

ـ منداڵ چییە، هەتا هوما لەوێ ڕاوەستابێ شەڵڵای دەکرد چاوی منداڵ دەر دەهات، ئەو پۆشتە و پەرداخ بێ بە کەوشی بریقەدار و باڵتە چەرمەوە، نانێ ڕەق و کەوچکێ دۆی ترش بۆ ئێمە هەر دەبێ!

ناسۆری وەسۆ هاتەوە، شەرمی میوان و بڵێسەی دەروونی بوونە پەرژینی قسە و کەلامی، میرزا نەبی بەپەلە هەڵیدایە:

ـ دوو ڕۆژ نییە لە قوم هاتوویەوە بە کوێدا چوویی بۆ چۆخەسپی، لێمبووی بە کورد و گۆران، خەریکی گەرمێن و کوێستانی!

هەر ئەوەندە هوما لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرێ و واوەهات، قسەکەیان گۆڕی، ناسکە هوما بەبێ ئەوەی ڕوخساری داپۆشێ، زۆر بە ساردوسڕی مامیرزای بەخێرهێنا! دواتر چووە ژوورێ، دەسماڵێکی شینی کاڵی دابوو بە سەریدا، دەموو چاوی بێکل و دەرمانی شەڕی بوو لەگەڵ ئەستێرەی گەلاوێژ. سەیمیران بە دڵ و ڕوخساری تەزیویدا دیاربوو نەشەی جارانی نەمابوو، گوتی:

ـ وەختێ نەدامەتی دەرگای بە پیاو گرت، سەگی دەرگاکەشی هار دەبێ، هەر دوێنێ فەرمانبەری دارایی نامەی ماڵیاتی پارەکەی بۆ هێناوم، وەختێ بۆم دەخوێننەوە، سێسەد و پەنجا تمەنیان بۆ نوسیووم خۆشم نازانم هۆی ئەم کارە چییە، ساڵی ڕابردوو سەت تمەنیان بۆ نوسیبووم، هەتا پێمکردنە بیست و پێنج تمەن کلکی وشتر گەیشتە عەرزی. تەبەقێکیان تووشیرین لەگەڵ پووڵەکە لێسەندم ئەوسا بەرۆکیان بەردام، هەروەختێ پێتکرا وەرە با بچین بزانین چییان لێماندەوێ، ئەمرۆکەش پێتنەکرا با دوو سێ ڕۆژی دیکەبێ، با بزانم چەند تمەنێکم دێتەدەست.

هوما هەڵیدایە:

ـ یاخوا ئەوەی ئەم پووڵ و پارەی بردووە بیدا بە هەنار و بینێتە ژوورسەری! خوێن و ئاومان تێکەڵ بوو هەتا ئەم ماڵەمان پێکەوەنا.

میرزا نەبی ژارخەندێک زاری پێداپچڕی و بەدەم سەربادانێکەوە گوتی:

ـ ئەوەندەشیان بۆ من نوسیووە، دەبێ تا درەنگ نەبووە بچین چاکی بکەین نابێ پشتگوێ بخرێ. خاوەن نانەواکان خەبەری هەمووشتێکیان پێداوم، لەداخان پێکەنینت دێت، کۆزادی وشکەپێژ، هەشتسەد تمەنیان بۆ نووسیووە، لەوەبگەڕێ، ئێستا تەرازووەکەت بە کێ سپاردووە؟

ـ کاری پێنجشەممەم بە ڕەحمان سپاردووە، بەڵام بەتەمام دوای یەکدوو ڕۆژێکی دیکە بۆ هەمیشە بچمە سەردووکان، هەروەختێ چووی بۆ دارایی ئەم قاقەزەی منیش لەگەڵ خۆت بەرە، هەرچۆنێک لەگەڵ تۆ سازان با بۆ منیش وابێ، ئیتر وەڕەز بووم تاقەت و حەوسەلەی ئەم فەرمانبەر و مووچەخۆرانەم نییە، (کاغەزێکی سپی لە گیرفانی هێنادەرێ و دایەدەست دۆستەکەی) ئێمە دەبێ لە تەواوی کارەکاندا بچین شانی ئاشەوانەکان ماچ بکەین، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا یەک شاییان بە دەوڵەت نەداوە، بۆ دەبێ بە هیچ و خۆڕایی بمانڕووتێننەوە؟ لەبەرچییە و بۆچی، خۆ ئەگەر هەر لە یەکەم ساڵدا چەند کەسێک بە گفتی خۆیان زیرەکییان نەکردایە و لە بنەوە پووڵیان بە کاربەدەستان نەدابایە، کارێکیوام دەکرد بۆ هەمیشە ناوی نانەواخانەیان لە دەفتەری دارایی خەت دابایە. هەروەک ئاشەوانەکان جوابی کەسیان نەدایەوە. یەکەم کەسێک کە سمێڵی ئەم فەرمانبەرانەی چەور کرد، تۆ بوویی میرزا نەبی! ماڵیاتی ئێمە هەر ئەو پیتاکەیە لە باری گەنمەکەمانی دەگێڕنەوە لە ئاش.

میرزا نەبی گوتی:

ـ نەدەبوو، مەشەدی میران، نەدەبوو، هەرکارێک ڕێگایەکی هەیە، ئێمە لەگەڵ ئاشەوانان فەرقمان زۆرە، شوێنی کەسپو کاری ئەوان لە دەرەوەی شارە، ئەوان لە بەردەست و چاوی پاسەوانانی دەوڵەتدا نین وەک ئێمە بە زەبری چەک ڕاپێچەکیان بکەن، ئەو بە لەنگازنامەیی ئەوان نووسییان و کردییانە ئەستۆی خۆیان بە ئێمە نەدەکرا، هەروەک بیستوومە دیسان ئەمساڵ چوونەتەوە سەریان و گەڕیان تێهاڵاندوون، بەڵام بە زۆرزانی خۆیان کارەکە گەورە ناکەنەوە (میرزا نەبی وەرەقەی ئاگاداریی میرانی خستە پاڵی) زۆرباشە، مەشەدی، من دەبێ بڕۆم زەحمەت کەم بکەم، عەینوولڵاخان نەخۆشە و دەچمە دیدەنی ئەو، هەروەها شێوازی کاری ئەویان دوێنێکە دژبان لە ئاشییەوە هەڵگرتووە و بردوویانە بۆ سەربازخانە، لەو ڕۆژەوە ئاشی سەربازخانە لەکار کەوت و قۆشەن گەنمەکەیدا بە ئاشەکانی سەراو، ئەمەش بۆ ئێمە بوو بە گونی قوڕ، لە لایەکەوە دێن جۆگاکان لە ترسی گەرای ماڵەڕیا سەمپاشی دەکەن و خێرومەندی خۆیان نیشان دەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە بە زۆرداری ئاوی باخەکان هەڵدەبڕن. کەسیش ناوێرێ لە حاندی ئەوان ورتەی لە زار

بێتەدەرێ، باخی «بەرزە دەماخ» لەبەر بێئاوی خەریکە وشک دەبێ، داهێنان لە نێو ئێمەدا یانی ژێرپێ خستنی حەق و مافی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت. ئەوە یەکەمجار نییە، قۆشەن گەنمی نانەوا بار دەکا، جا ئەوە هاتوو خوانەخواستە ئاوری شەڕ ئەم وڵاتە بگرێتەوە چۆن دەبێ؟! باشوایە نوێنەری هەردوو دەستەی نانەوا و ئاشەوانان، کۆ ببنەوە و چارەیەک بدۆزنەوە، هەرنەبێ کارێکیوا بکەن کەمتر زیان لەم دوو دەستەیە بکەوێ.

سەیمیران گوتی:

ـ قۆشەن و سپا، مزەی ئاشەوان نادا و ئەوانیش دەستییان بۆ کارەکە ناچێ، دووکەڵی ئەم ئاورەش لێرەدا چووە بە چاوی نانەواگەلدا، چارە ئەمەیە تێکڕا نامەیەک بنووسین بۆ شا و سەرۆک وەزیران، خۆ ملمان ناکەن بە پەتەوە، ئەگەر کردیشیان ئەوا مردنی بە کۆمەڵ خۆشترە لەم ژیانەی تێیداین. دەی ئەگەر تۆ دەچی سەری عەینوولڵاخان بدەی ئیستێ بگرە منیش لەگەڵت دێم. سەردانی نەخۆش ئەرکێکی پیرۆزە، زۆر لەمێژە نەمدیتووە.

میرزا نەبی لە کاتی هەستانیدا تەماشایەکی هومای کرد و دەستی کردە ئەستوون بەسەر چۆکی خۆیەوە و قیت بۆوە، هومای شۆخ و شەنگ ملی بردە پێشێ و ڕووی کردە میرانی مێردی بە توندی گوتی:

ـ بەم بانگی شێوانە و بەو چوارشەممەیە چکارت بە دیداری نەخۆش داوە، پێمباش نییە، هەر پێویست ناکا، تۆ ئەم زستانە سێ مانگی تەواو ڕۆژ و شەو لەم ماڵەدا لەسەر تەختی پشتکەوتی و لەبەر ژانی لاقت هاوارت دەچووە ئاسمان، دارو دیوار بۆتدەگریا، ئەو جارێک هات هەواڵت بپرسێ، تۆ ئێستا دەتەوێ بچی بۆلای؟! هەستە، هەستە با بچینە ئەو ژوورەی ئەولا کارێکم پێتە، ئێمە خۆ لە ژنە عەجەمەکە نەبووین؟!

هوما وەک کارمامزی چیای شاهۆ سرک و سووک هەستا سەرپێ، قۆڵی میرانی گرت تاکوو لەتەک خۆیدا بیبا بۆ ژوورەکەی دیکە. بەم هەستان و ڕاسانەی ئەو میران و میرزا قاقاپێکەنین. سەیمیران هەرچەندە چارەی نەبوو، بەڵام ئەم دەستوورە بۆ ئەو بەختەوەری بوو، گوتی:

ـ زۆرباشە، مەشەدی نەبی، تۆ بچۆ بەلای کاری خۆتەوە با منیش بزانم ئەم زەعیفەیە کاریچی بە منە.

میرزا نەبی هێشتا خۆری خەندە لەسەر ڕوخساری ئاوا نەببوو، ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت، لە ژوورە گەورەکەدا هوما هەرچەندە تووڕە بوو بەڵام بە نەرمی میرانی دوواند:

ـ دیسان لەلای خەڵک پێمدەڵێی زەعیفە! ئەم گێلەپیاوە گەوجە گەوجی چییەتی، بۆ خەریکە وەک هەزارپێ خۆی بکا بە گوێچکەتدا؟ گەڵحۆیی بێئاوەز! سەیری ئەم چرو چاوەی دەڵێی کۆستەیە، ئەوەندە نەفامە نازانێ ئەگەر بیست ساڵ بە بێوەژنی دانیشم، هێشتا مێردی پێناکەم! خودام لەوخودایە جارێکی دیکە پێی بەمماڵەدا بێت، هەر بە گسکەکۆڵە و ناڵچەی کەوشان سەگبەحەوشەی پێدەکەم، ئەمانە دۆستی گیانی بەگیانی نین، ئەوانە دۆستی نانن، دۆستی...! ئەیەڕۆ لەو حەیایە، دەورەی ئاخرزەمانە، مانای وشەکان پاک گۆڕدراوە؟! سەیمیران نێوچاوانی تێکنا و بە دوودڵییەوە لەو چاوە خومار و پڕ لە تەوس‌و توانجانەی هوما ڕاما، بەڵام نەیدەزانی چی بڵێ، لەو ڕۆژەوە هوما لەگەڵ ئەو دەژیا، ئەمە یەکەمجار نەبوو قسەیەکی ئاوای دەهێناگۆڕێ، مەسەلەی کوڕەکەی خاتووسەفییە، چیرۆکی سەراوی نیلوفەر و ئەمەش یەکێتر، بتەوێ و نەتەوێ سەرو سرێک لەئارادا بوو، ئیتر ئەمە بۆ حاشالێکردن نەدەبوو، پیاوان لە گورگعەلی و دەروێشەوە بگرە تا دەگاتە ڕەوزەخوان و سۆفی بەرماڵ بەکۆڵ و سەهۆڵفرۆشی سەریکۆڵان، کەس نەیدەتوانی بە هەناسەی ئەفسووناوی ئەم شۆڕەلاوە گرفتار نەبێ، هەستان و دانیشتنی، ڕەفتار و کرداری ئازاد و لەمپەری لە ژیانی ڕۆژانەی دەرو ژووریدا، ئەوانی لە ڕێ لادابوو، هەرکەسێک گوڵبزەی شیرینی سەرلێوی یای هومای دیبایە، تەنانەت ڕێبوارێکی هەناو تەزیویش، وایدەزانی مەلی ئەشقی لەسەر گوێسوانەی دڵی هێلانەی کردووە، ئەوەندە لە هوما دڵنیابوو، ئەو باوەڕەی بە بینایی خۆی نەبوو، ئەو لە چەشنی باخێکی باسەفا بەرو سێبەری تەنیا بۆ خۆی بوو، ئەمە گومانی تێدا نەبوو، داخۆم بەڕاستی ئەم ژنە ڕەند و پێتۆڵە، لەبەر زیرەکی تایبەت بەخۆی کە دەگەڕێتەوە بۆ نزمفامی ژنانەی خۆی نەیتوانیبوو هەڵە و لاوازی لەودا وەبینێ؟ لەوانەبوو ئەم شتە وابوایە، بەڵام خۆ سەیمیران نەیدەتوانی پێش بە هەڵچوون و ئێرەیی خۆی بگرێ، لەبەر ئەوەی لە مرۆڤی سەوداییمەزاجدا، ئاوەز کەڵک لە زۆربێژی خۆی وەرناگرێ، چونکە ئەوینی ئەو ژنە لە دڵی ئەودا ڕیشەی داکوتابوو، ئیتر بێجگە لەوەی تەرزی ئاواهایی هاورێکەی لەو شەوەدا کە هوما تۆرابوو، ئەوەندە زبرو ناشیرین بوو وەک ئەوەی بەتەمای پاشقول و دەهۆیەک بێ! جارێک ئاسکە لە زمان ماڵەقاوە شتێکی بۆ گێڕابۆوە، ئەمە جێگای گومانی سڕیبۆوە و زۆریش لە ڕاستی نزیک بوو، سەیمیران لە بواری ئەم بیر و ئەندێشەیەدا دوای ئەوەی بە دڵ لە چاوی هوما ڕامابوو، لە کاتێکدا هەوڵی ئەدا ددان بە خۆیدا بگرێ و ڕواڵەتی خۆی ساردو ئاسایی نیشان بدات، بە لێوەلەرەوە لێیپرسی:

ـ دەتەوێ بەمقسانە چی بە من بڵێی، جوان تێمبگەیەنە با بزانم، ئاخۆم میرزا نەبیش؟!

هوما لەبەر بێزاری و ماندووبوون و لە داخی سادە و ساکاری میرانی مێردی کە پێیوابوو هەموو کەس وەک خۆی دڵپاک و ڕووڕاستە، هێدی هێدی ڕووی کرد بەولاوە و لەگەڵ ئەوەی داخ و دیقی زۆری لە دڵدا بوو گوتی:

ـ حەزمدەکرد چاویلکەیەکیان دروست بکردایە وەختێ دەتکردە چاوت بتدیبایە دڵ و مێشکی ئەو خەڵکە چیتێدایە! ئەوسا بۆت دەردەکەوت هەرکەسێک قسەی کرد نییەتی دڵی چییە، بەڵام خانمگەل زۆر زوو لە مەبەستی پیاوان تێدەگەن، چونکە ئەوشتەی لە دڵی پیاودایە چاو بەبێ پەردە ئەیدرکێنێ، بۆرەپیاوی لە بنەوەبڕ، بە چاو بۆتدەگرێ و بە زار قووتت دەدا، ئەوانە دڵ و هەناویان وەک لاکی بۆگەنیو وایە، خەریکە دەوروبەری خۆی بتەنێتەوە، دایمە چاویان لە ماڵ و ناموسی ئەموئەوە جا با برا و برادەریشیان بێ، دوای ئەوەی جێی بە تۆ لێژ کرد و لەسەر کارەکەی لابردی خۆی بوو بە سەرۆکی سنف و دەستەی نانەوایان. ئێستاش پیسی خۆبەزلزان دەیەوێ لێمان ببێ بە دڕوویی مەمو زینان، حەز بە جوێبوونەوەمان دەکا، تۆ کێت دیتووە ئەوەندە بێشەرمانە قسە لەتەک ژنی دۆست و هاوکاری خۆی بکا؟!

«تاکەی دەتەوێ عومر و جوانی خۆت فدای سەیدۆکە بکەی، تەلاق بستێنە پێت لەسەر چاوی منە، منەتت دەکێشم.»

بەڵێ، ئەمەش لە میرزا نەبی! هەر ئەو پیاوە خاسەی ئەمڕۆکە وەک مەلای مزگەوت دەرسی تۆی دەدا و ئامۆژگاری دەکردی، وادەزانێ هەمووکەس وەکوو خۆی گەمژە و گێلفامە و نازانن دڵ و دەروونی بۆگەنی کرمەڕێزە و چیتێدایە. لەم یەکدوو شەوەدا بە هۆی نەفامی خۆمەوە وامدەزانی دایکبرای تۆیە و خۆم خزاندە ماڵی. بە عالەمی ئاشکرا بە دەورمدا دەهات و پێیدەگوتم! دەیگوت پێمسەیرە قەل و کۆتر، چۆن پێکەوە هەڵدەکەن، مەبەستی لە من و تۆ بوو. بە من دەڵێ ژن سێ بەشن، ژن و ژین و ژان، ئەو ژنەی منیش لەوی ئاخریانە واتە ژان.

سەیمیران لە جێی خۆی هەڵچۆقا، ئەوە تەواوی گفت وردەفەرمایشی میرزا نەبی بوو، لێوی خۆیدایە بەر ددانی و لێیپرسی:

ـ دەیباشە، دواتر ووتیچی:

ـ ژن لە ماڵێدا نەینووکی پیاوە، ئەگەر شۆخ و شەنگبێ جوانی و ئەگەر پەڕۆ کۆنیش بوو ئەوا پیری و ناحەزی ئەو دەردەخا و دەینوێنێ.

خۆ لەوانەیە ئەو ژنەی ئەو زۆر لە من جوانتر بووبێ، چەوسانەوە و نەخۆشین ئاوا هەڵیتەکاندبێ هەر ئەو پیاوەی خەمخۆری منداڵی تۆیە چاوت لێیە چۆن ماڵ و منداڵی خۆی بە قوڕدا بردۆتە خوارێ. گەرەکمبوو هەر لەو شوێنەوە کە ڕاوەستابووم و گوێم لە قسەکانی بوو هاتبایەمە نێو ژوورەکەوە و دەمو فلچیم بۆ تێک بکردایەوە، خوێڕی و گەندەپیاو! خودام لەوخودایە جارێکی دیکە بەمدەرگایەدا بێت، ئیتر ڕازی نیم لەمەولا تۆش هاتوچۆی ماڵی ئەوان بکەی، تۆ پێتوایە لەو ڕۆژەوە گەیوە بە ئاواتی و بووە بە بەڕێوەبەری دەستەی نانەوایان شەوانە خەو لە چاوی بکەوێ؟

سەیمیران گوتی:

ـ سەرۆکی نانەوایان جگە لە هەلاتهەلاتێکی خۆڕایی چ قازانجێکی بۆ من هەبوو؟ کێ هەیە پێبزانێ؟ ئەوا بۆ دەگری، گریان بۆچی، ئەوەی خراپە خۆ بە من و تۆ چاک نابێ، من وەڕەز ببووم تاقەتی ئەوکارەم نەمابوو.

هوما وردە ئەسرینی لەسەر گوڵی ڕوومەتی سڕی و بە نیمنازێکەوە گوتی:

ـ بۆ قازانجی نەبوو، تۆ پێتوایە من منداڵم هیچ نازانم، هەست ناکەم ماوەیەکە زۆر لەدوای، کەی جاران وابووی، بەسنەبوو جاران ئاغا و کوێخای خۆت بووی، ڕێز و حورمەتت هەبوو، هەر ئەو پیتاک و ماڵیاتە، تۆ پێتوایە میرزا نەبی، دۆعا بۆ ڕۆحانەتی باوکت دەکا، تەنیا لە هەوڵی ئەوەدایە خەتێک بەسەر ماڵیاتی خۆیدا بهێنێ، تۆ بە دەستی ئەنقەست خۆت خستۆتە چاڵەوە و هاواریش دەکەی دەستت بگرن و بێیەوە سەرێ! گەرەک نییە بپاڕێیەوە، ئەم لالان و پاڕانەوەیەت لەچییە؟ واملێدەکەی لەمەودوا دایمە چاوم بە سەرتەوە بێ، بەجێی ئەوەی دەچی بۆ دیدەنی عەینوولڵا، هەستە بچۆ بە شوێن حەبیبدا، لەهەر جێگایەکە پەیدای بکە و بێهێنەوە بۆسەر کارەکەی، گورگیش بتخوات گورگی خۆولاتی بتخوات باشە، مەگەر تۆ نەبووی دەتگوت چ بچێنی هەر ئەوە هەڵدەگرییەوە، چیبووە بەمشێوەیە دەجووڵێیەوە؟ هەستە بچۆ حەبیب بدۆزەوە، با بچێتەوە بەلای کاروباری دووکانەوە، قەدری ئەم پیاوەت نەزانی، لەمەودوا پشتی دەستت داخبکە:

ـ قسەکەت خراپ نییە، بەڵام حەبیب چۆتە دووکانی «سەنگەکی» کولێرەی پەنجەکێشی قولیخان، ئەوانە هەر چاو خافڵ بکەی وەک مار پێتەوە دەدەن، وادیارە ئەووەختەی چووبووم بۆ قووم، حەبیبی هەڵفریواندبوو.

ـ قولی‌خان فریوی‌داوە، تۆ بچۆ دڵداری بدەوە ئەگەر دەتهەوێ کەچۆیەکی دیکەت لێ‌پەیدا نەبێ زووتر بجووڵێ، بچۆ بیدوێنە بزانە چی لە دڵدایە، ئەبەمە دەڵێن پیاوی بێ‌عەقڵ! بێ‌موبالات، دە ساڵ بە قەدرو حورمەت لەو دووکانەدا خەریکی کاری خۆیەتی، کەس پێی‌نەوتووە پشتی چاوت برۆیە، کەچی بۆ قرانێک زیاتر تۆی فرۆشت بە قوڵی‌خان، نمەک بەحەرام!

ـ شتی‌وا نابێ، جوان‌نییە من بچم بۆ دووکانی قوڵی‌خان، تاکوو سۆزی با بزانم چۆن‌دەبێ، ئەگەر کرا باشوو یان کەسێکی‌تر دەنێرم بە شوێنی‌دا، لەباتی خۆم.

ـ چۆن چاکە ئاوا بکە، دەڵێن قسە هەزارە یەکی بەکارە، ئەگەر تاکوو سبەی‌شەو حەبیب یان ڕەحمان پێنج‌شەممەیان نەفەرێکی‌دی ئەم‌کارەی بەدەستەوە گرت ئەوەباشە، دەنا بەم خودایەی لە ژووری سەرە ئەم دەسماڵە هەورێشمەم لە سەرم دەپێچم و وەک پیاوان دەچمە سەردووکان و دەبمە تەرازوودار! دەڵێن ئەوە ژنە پیاو خراپ دەکا یان لەسەرڕا تێکی دەدا و چاکی دەکاتەوە، خەتای تۆ نییە، تاوانبار منم، ئەگەر لە هەوەڵەوە ئەوەندە خۆم شل نەگرتبایە ئێستا ئاوا نەدەبوو، هەستە زۆر داهێزراوی، دەست‌نوێژت هەڵبگرە و نوێژەکەت بخوێنە، ئەوەی ڕاست‌بێ، هەروەختێ تۆ لەسەر بەرماڵ دەبینم ئۆخژنم بە دڵدا دێت و ئارام دەبمەوە، نوێژ ئەستوونی دینە، خێر و خۆشییە، مرۆڤ وریا دەکاتەوە، گیانی ژیان بە جەستە دەبەخشێ، دووربوونەوە لە نوێژان دڵڕەشی دێنێ.

ئیتر نازانم چەندەت باوەڕ بەم قسانەی من هەیە بەڵام بە ویژدانم، سەبارەت بە حەبیب لەسەر قسەی خۆم سوورم. بە هیچ عوزر و بەهانەیەک پاش‌گەز نابمەوە، سبەی هەر ئەم‌وەختانە دەگەمە دووکان، حەبیب لەوێ‌بوو باشە لەوێ‌نەبوو، لەوەبەدواوە تەرازووداری نان‌سەنگەکی بەڕێز سەراوی خاتوونەکەی خۆیەتی، واتە هوما زەندی، تەواو و بڕایەوە.

سەی‌میران بە نیوەوەڕەزییەوە ددانەکانی پێشەوەی دەرخست، وادیاربوو بەم‌قسانە تاڕادەیەک ڕازی بوو، دیسان هوما گوتی:

ـ تۆ وادەزانی بە شۆخی و جەفەنگ وادەڵێم، لە بیستو چوار کاتژمێر پتر ڕاناوەستم. پێشت وانەبێ هەر قسەم هەیە، ئەگەر پێت‌عەیب و ئیرادە بۆچی هەتا ئاسکە منداڵی نەبوو شان بەشانی خۆت لە دووکان کاری دەکرد؟ ئەو وەختە ژن ئازاد بوو یان ئێستا؟ ئەمڕۆ هیچ بەرگێڕەوەیەک لەگۆڕێدا نییە، نەتدیوە ئەم هەموو ژنە لە دووکانەکان یاریدەی مێردی خۆیان دەدەن، ڕۆژ تاکی ئێوارێ لەم ماڵەدا بێ‌کاروبارم! ڕەش لەسەر سپی دانانێم، بەینەڵڵا مەگەر تاکوو تۆ دەگەڕێیەوە بۆ ماڵێ چاوم لە دەرگا بێ یان دارەڕای میچەکە بژمێرم، چبکەم ژن بێ‌دەسەڵاتە و لێت‌نەگەڕام ببمە خەیات و بەرگ‌دروویەکی باش،

پێتوابوو لە کۆڵانەکەدا جەردە بۆسەیان بۆ داناوم، نە منداڵ هەیە دەستم بگرێ و نە تەون و قاڵی دەکەم، نانکێشان بەردکێشان نییە، بە من جێبەجێ نەبێ، مشتەری بەرێکردن چییە خۆ ناخورێم، کار ئەگەر بکرێ دەکرێ وشتر نییە بە دەرگادا نەچێ؟! ئەمە خۆمانین بارو سەربار لە خۆمان قورس دەکەین، بەوەنییە ژنم، لە زۆر پیاو پیاوترم، ئەوەی چاو لە ژن و منداڵی خەڵک دەقرتێنن، خەڵکیش چاو لە ژن و منداڵی ئەو دەقرتێنێ، لە نیگای خۆتەوە چۆنم دەبینی هەروام، بە چاکم دەبینی چاکم، بە خراپم دەبینی خراپم! تاکوو دەستم ڕادێ پیاوەکەی خۆم یاریدەم دەدا و ئاگای لێمدەبێ، تاکوو تاریک دادێ من کار دەکەم ئێوارەش تۆ کار بکە هەردووکمان بە یەکەوە دەست لە دەست و قەوەت لە خودا، پێم پێدەکەنی، من بڕوا ناکەم بە قسەکانی من گاڵتەت بێ، بەسیەتی بە من مەڵێ زەعیفە و ناقیسئەقڵ، ئەم ناتۆرانە بۆ تۆ باشە نەک بۆ من.

زەردەخەندەیەک درزیدا بە لێوی سەیمیران:

ـ من لەو بابەتەوە بە تۆ ناڵێم زەعیفە و عەقڵت سووکە، کە نەتوانی مەنێک نان لەسەر تەرازوو دانێی و بیدەی بە مشتەری، یان نەتوانی پارەی داخڵەکە ڕابگری، کاری لەوە گەورەتریشت لەدەست دێت، هەرئەوەی ئەم قسانە دەکەی ئەقڵت ناقیسە، تۆ نازانی خەڵکی ئەم شارە چەندە پووچ و بێکیفایەتن؟!

ـ بەڵام ئەمەش بزانە لەگەڵ داهێنان و نەریتی تازە زوو ڕادێن، وەختێ کەسێک بە پاکی ببینن ڕێزی لێدەگرن، تەواوی خەڵک لەم دنیایەدا هەر بەمجۆرەن، ئەگەر منیش ژنێکبایەم وەک ژنانی حەرەمسەرای پادشایانی قەدیم، تەواوی تەمەنم لە ژوورێکدا تەواو بوایە و نە ڕەنگی هەتاو نە ژیانی بەکۆمەڵم دیتبایە لەوانەبوو بەمجۆرەبام کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە. ئەمەش بەجێی خۆی، قسەکەی (حسێنخان)م هەر لە بیرە، ڕۆژێک ووتی، ژن دەبێ بۆ خۆی پاک بێ. ئاو بێنە و دەستان بشۆ.

سەیمیران، ئەم بیرهاتنەوەیەی بەدڵ بوو.

ـ بەم سەرو زمانەی تۆ هەتە وابزانم گیانی قورڕەتولعەین شەهید چۆتە نێو جەستەت. ئەگەر کەچە سەوادێکت هەبوایە دڵنیام لە نێو دۆست و یارانیدا جێی ئەوت دەگرتەوە.

ـ پینەی دمەوەری بەسەر شانی مندا مەدووره، قورڕەتولعەین تازە زیندوو نابێتەوە، ئەگەر خۆت کلا ناکەی وەڵامی من بدەوە.

- وەڵامی تۆ بێدەنگبوونە و هیچی‌تر، ئاو ڕاوەستێ زمانی تۆ ڕاناوەستێ، مێشکت خواردووم، ئەوەی پێ ناوێ لە بەیانییەوە خۆم دەچمەوە لەسەر دووکان دادەنیشم. تاریک و ڕوونی بەیانی وەختێ تۆ لە خەودای دەڕۆم و شەویش هەتا تۆ نەخەوی نایەمەوە، دەبێ لەمەودوا سێ‌ژەمە بە تەنیا نانی خۆت بخۆی، (هوما پەڕییە نێوقسەکانی: بە تەنیاش بخەوی.) چش با بە تەنیا بخەوی، هەر لە بەیانییەوە، نا، بەیانی بەتەمام بچم بۆ گاراژ. ڕادەسپێرم بۆ دووکان ماتۆڕم بۆ بێنن، ئەمە لە هەمووشت زەروورترە، وردە وردە نانەواکان ماتۆڕیان داناوە، ئیتر کەس بە دارو تەپاڵە نان ناکا، هەموویان نەوتەڕەشە دەسووتێنن، نە زەحمەتی هەیە و نە جێگا و ڕێگا دەگرێ، لە دووکاندا تەنیا ئاگالێبوونی دەوێ مەخزەن و بۆشکە پرەکە گەرم نەبێ و نەتەقێ، چبکەم بەینێکە لە کاروباری خۆم وەدووا کەوتووم، خودابکا ئەمجار لەم ئاوردوو کڕین و دارشکاندن و دەردەسەرییە خلاسم بێت.

سێ ڕۆژ دواتر، سەی‌میران، خۆی کۆ کردەوە و بە هاوکاری وەستایەک لە دووکانی عەلی ئاسنگەر ماتۆڕێکی کڕی و لە دووکان دایبەست، شاتر ئەم دەرفەتەی بەباش زانی و چۆن تەرازوودارەکەی دەرکردبوو هەر ئاواش ڕۆیشت بیهێنێتەوە بۆ سەرکارەکەی. ڕەحمان کار پێنج‌شەممە، نێوچاوانەکەی باشی نەدەهێنا، لە هەرجێیەک کاری دەکرد حەوتەیەک زیاتر لەسەر کار نەدەماوە، هەر ئەوەندەی کارەکە ڕاوەستا، هەستا و وەدەرکەوت، سەی‌میران بەنناییەکی بە کرێ گرت و دەستێکی باشی بە دووکاندا هێنا، تەواو خۆشی کرد، بەم خاوێن‌کردنەوەیە وەستاکاری دووکان کەیفی زۆر ساز بوو، ئەو پیاوەی کاری تەندوورداخستنی لە ئەستۆ بوو دەیگوت وەک بووکی سوور ئاگام لە ماتۆڕەکە دەبێ، بە چۆڵبوون و لاچوونی دارو سوخت، تەواو دووکانەکە جێدار بوو مشتەری بە دڵی خۆی دەهاتە ژوورێ و ڕادەوەستا، لەلایەکی دیکەشەوە شاتر زەمان دەستی لە ملی حەبیب کردبوو، ئەملاو ئەولای ماچ کردبوو پەشیمان ببۆوە لەوکارەی کردبووی. لە زمانی خۆی و سەی‌میرانەوە کە بۆ پیاوچاکی و نان‌جوانی بەنێوبانگ بوو لەو شارەدا دڵنیای کردەوە، کەس قسە لە کاریدا نەکات و چۆنی پێخۆشە ئاوا کار بکا، ئەم قسانە کاری تێ‌کرد و حەبیب گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی. قەت نەبوو جارێک باسی کەم‌و زۆری حەق‌دەستی ڕۆژانەکەی بکا، بەڵام وەختێ ئەو لە دووکانی قوڵی‌خان شەش قرانی زیاتر وەردەگرت، دەکرا هەر بە قیمەتی جاران کار بکا؟

مانگی بانەمەڕ بە کۆشێک گوڵ و سەوزەوە پشتی تێ‌کردن و سەی‌میران بە قسەی میرزا نەبی و ژنەکانی وەخۆ کەوت و تیرو تانووتەکاری خۆی کرد، تەمبەڵی ژێرپێ نا و بە کارەکانی

ڕادەگەیشت، باشتر لە جاران ڕۆژی دووجار سەری لە دووکان دەدا، بارە ئاردەکانی لە ئاشەوە بۆ دەهاتەوە لە قەپان دەدا و سەرحیسابی کاری خۆی دەبوو، جارێک لە شتەکان ورد بۆوە و بۆی دەرکەوت، ئەوبارکەرە بێئینسافانە بە کەیفی خۆیان کڵاویان ناوەتە سەری، ئەوان دەوو دەستە تایچەیان هەبوو، یەکیان تازە و ئەوانیتر بە کوتەپینەی زل و قەبەوە، گەنمیان بە تەلیسی تازە دەبرد و لە جەواڵی ئەستوور و کۆندا ئاردیان بۆ دەهێنایەوە، خۆزیا هەر بەمەش ڕازی بوایەن، ئەوەندەی بە خاڵی دەگەڕانەوە جەواڵەکانیان جوان نەدەتەکاند و یەکدوو مستیان ئارد لە بندا دەماوە و دەیانبردەوە، سولێمان ورکەنانفرۆش لەو دزی و فزییە بێخەبەر بوو، هەر بۆیە لە دوو خەڵوار چواریان شەشمەن ئاردیان لێدەگێڕاوە، کێ دەیزانی لە کەیەوە ئەمە کاریانە؟ دزیکردنی باربەرانی ئاشەوان تازە دەستی پێنەکردبوو، ئەو بزانێ، ئەو بڕوادار و ئەوانیش ناپیاو، جا ئیتر چەندەیان فێڵ کردبوو خودا دەیزانی، نەشدەکرا هەڵیانسووڕێنێ و داوای مستێک ئارد بکاتەوە. ئاشەوان دەیگوت تەنیا بارێک بووە هەڵەی تێدا کراوە، ئاشەوان زۆرجار تووشی هەڵەی ئاوا دەبێ و خاوەن دووکان ئەگەر پێیخۆشبێ دەتوانێ هەموو کەڕەتێک تایچە و جەواڵەکان بکێشێتەوە، دەنا حەوتەی جارێک تاقی بکاتەوە، سەیمیران بەمکارە تەواو تێکچووبوو، بەڵام داخۆم دەیتوانی بیکاتە هەرا و هەڵڵا؟ هەرکارێکی بکردایە چیدەست نەدەکەوت، دەبوو دەست ڕابگرێ و چاو ڕاخا، وەختێ ئاردی نێودەفرەکە دەهاتە سەرێ ڕوونی بکاتەوە کەمو زۆری لە چیدایە، بەڵام وەختێ خۆی هاتۆتەوە سەردووکان، هەمووشتێک لەسەر جێی خۆیەتی و چشتێ بێجێ نییە. ئێستا لە چاو جاران نانەکەشیان جوانتر بووە، وەک ڕابردوو ڕەش و بۆر نییە، زۆرتر لە جاران دەفرۆشن. بەڵام بەهۆی ئەوەی گەنمەکەی کۆن و زۆر لە عەمباری دەوڵەتدا مابۆوە، هەویرەکەی جوان خۆی بە دەستەوە نەدەدا و بەسەر بێڵەوە نەدەوەستا، ناچار بوون بە زەبری خوێی زۆر بیکەن بە نان، ئەمەش هەر بۆ ئەو وانەبوو، وردە وردە سەیمیران کاروباری دووکانەکەی بەرەوباشی دەچوو، لە ماڵێدا بەتایبەت لەلای ئاسکە هەستی بە ئارامی و دڵخۆشی دەکرد. بەڵام هێشتاکە نیگەرانی دەستی لە کۆڵ نەدەکردەوە. پووڵ و پارە، ببوو بە مەلووچک، لە دەستیدا ڕانەدەوەستا، ئەو پیاوە هەتا جاران بوو، بە سەدان خەڵوار گەنمی لە چاڵ و لە هەمباردا بوو. هەر عەلاف بوو بە سەیمیران قەرزدار بوو، گیرفانەکانی پڕبوون لە پەنجاتمەنی تازە، وەک دەڵێن دەستی لە خۆڵەمێش دابایە دەبوو بە تەلا! ئێستا وایلێهاتووە، دەبوو هەموو ئێوارەیەک دووکاندارەکە بێت بۆ پارەی ماتووڕەکەی. دواتریش بە بۆڵە بۆڵ بگەڕێتەوە، ئولفەت مزەفەری، هەتا دوێنێ بوو بۆئەوەی جەوازی نانەوایی وەربگرێ،

لەگەڵ خۆرکەوتنی بەیانی تاکوو زەردەپەڕ لەبەر دەرگایماڵی میران وەک داوەڵ دەچەقی، هەر ئەو پیاوە بە باب و باوانەوە نۆکەر و نۆکەرزادە بوون، حەوتەیەکی تەواو بارامی لەسەر قەڵاندۆشی دادەنا و ئەملاو ئەولای دەبرد و بۆئەوەی ئەمەکداری خۆی بۆ بابی نیشان بدات، لیستووک و بووکۆکەی بۆ دەکڕی. بەمکارانەی کە دەیکرد وەک گەنە بە چەرمی دەستەی نانەوایانەوە دەنووسا و بەری‌نەدەدان، ئەمڕۆکەش لە چاکەی هەمووانی هەڵدا و پشتی تێکردن، بە دیتنی ئەوان بای لە خۆی دەکرد و بەتەما بوو سڵاوی لێبکەن، وەختێ بە سواری فەیتوون بە بەردووکانی ئەودا ڕادەبرد دەستی دەنا گیرفانی، جۆرێک خۆی نیشان دەدا و ملی بەرز دەکردەوە، وەک بڵێی بە ڕاست و چەپدا دووکان و فرۆشگای ئەم بەروئەوبەری شەقام لە زیمەی ئەودایە و قەباڵەی بە نێوی خۆیەتی، دنیا دنیای ئەم تازە پێداکەوتووانە بوو، بە نرخی ڕۆژ نانیان دەخوارد، تەنانەت هەمووکەسی لە بیر چووبۆوە، وەکئەوەی ئەو ڕۆژگارە کۆتایی هاتبوو، ئەو جاران وایدەزانی دنیا هەر ئەوەیە لەبەر چاوی خۆیەتی، بەڵام ئێستا کێشی ژیانی دابەزیبوو وایدەزانی لە هەڵەمووتدایە، و هەربینا بەرەوخوار گلۆر بووا! وەک شێری بێشە حەزی بە مردن دەکرد نەک بە پیری خۆی، هەر بۆیە بیر لە خۆلی زەمانە دەکردەوە و هەناسەی هەڵدەکێشا و دەستی بۆ کاروباری نەدەچوو، چاوی لە کردەو کاری خۆی و دەورووبەری ئاوی نەدەخواردەوە، لە ماڵیشدا وەڕەز و بیربڵاو و دڵ بەخەم بوو، وای هەست دەکرد هیچ خێر و خۆشییەک ناتوانێ لە دڵدا هێلانە هەڵبەستێ، جاری‌وابوو بە دڵ پێی خۆش‌بوو لە هوما دوور بکەوێتەوە و نەیبینێ، زۆرجاریش بە تاسەوە نەیدەویست بۆ ساتەوەختێک لێی‌دوور بێ و لەحاند نێرگزی چاو و گوڵەنەورۆزەی سەرلێوی چاو لێکنەنێ و وەک پیری خەرابات بۆ چۆڕێ مەی لە پیاڵەی چاوی مەستی مل بە لارەوە بنێ، سەنەمی پەری‌شێوەی بەزەیی بە چاوی تاسەباری‌دا بێت و دەستی کەرەم و چاوی شەفابەخشی لێ‌وەرنەگێڕێ، هەر ئەوەبوو، بە زمانی لاواندنەوە دڵداری دەداوە و نەرمونیان لێی‌دەپرسی:

ـ ئەمڕۆ لەبەر کاری من چووی بۆ دەفتەرخانە؟ نا، بۆچی نا؟ تاکەی هەر دەبێ ئاوابێ؟ سەراوی نەکا شتێکت لە بن سەردا بێ و لە منی دەشارییەوە؟ ئەگەر هاتوو ڕۆژێک دەرگای ماڵت کردەوە و هوما نەمابوو، دڵت تەنگ نەبێ، عەیب و ئیرادم لێ‌نەگری، تازە ئیتر من ژنی تۆ نیم، بۆخۆم موختارم هەرجێگایەک بچم یان نەچم، بەڵام بەڕاستم نییە شۆخیت دەگەڵ دەکەم، سەنەد و قەباڵە عەیاری ئەشق و ئەوین نییە ئەمە بۆ وەختێ دەبێ ئەشق و خۆشەویستی کاڵ بووبێتەوە، ئەوکاتی بە ڕەسمی هاوسەری تۆ بووم، لە بیرتە پێت‌دەگوتم، بە چاوی ماشووقەیەک سەیرت دەکەم، نەک

وەک هاوژینێکی شەرعی، ڕەنگبێ ئەمە بەلای تۆوە شیرینتر بووبێ، قەباڵەی ئەشقی من تەنیا تۆی و بەس، چیدەکەی و چی‌ناکەی کەیفی خۆتە. وەجاخی خۆشەویستی ئەشقە، ئەگەر ئەشق بکووژێتەوە ئەوا ئەم وەجاخەش ساردوسڕ دەبێتەوە.

شنۆ بە شنەشن، بەسەر دارو دەوەندا شۆڕ بۆوە و بە باڵای بێستووندا هەڵزانا و خۆی‌کرد بە بەرۆکی تاقەوساندا، بەڵام ئەو کزەکزەی جارانی نەمابوو، هەر بۆیە گەرما خێوەتی لەسەر شار هەڵدا، قوتابخانەکان دەرگا و دەروازەیان هەڵپێکا و کاتی پشوودان و حەسانەوە دەستی پێ‌کرد. ئیتر ئاو بەبێ سەهۆڵ توونیەتی نەدەشکاند. لەگەڵ تەواوبوونی زستان نێوان‌ناخۆشی و هەوێ‌ساری لە بەینی ئەو دوو ژنەدا سارد ببۆوە، تەنانەت خۆشەویستییەکی کاڵ و کەمڕەنگیش لە یەکدی نزیک کردبوونەوە، ئاسکە وەختێ دەیزانی مێردەکەی دەستی لە دڵی نابێتەوە و واز لە هوما ناهێنێ، ئەمجار لێی‌کەوتە پاڕانەوە و لالانەوە، بەڵکوو هەرچۆنێک‌بێ ئەو دڵگەرمییەی بداتێ بە کاروباری ماڵ و ژیان و نانەواکەی ڕابگا، لەو ماوەیەدا مەعلووم ببوو هەروەختێ هوما کەیفی لێبوایە سەی‌میرانی دەکردە گڕکانێک، ئەوانەی جاران لە چۆخەسپییەوە دەهاتن و زوو زوو سەرودڵیان دەگرتن، بەینێک بوو بە یەکجاری تەرکی ئەو ماڵەیان کردبوو، منداڵەکان لەگەڵ زڕدایکیان نێوانیان ناخۆش نەبوو، هەروەختێ سەی‌میران لە ماڵ نەبایە ئەوان هامووشۆی دیوەکەی ئەویان دەکرد، ئیتر لەو ڕۆژەدا وەک جاران نە کەل‌وپەلی بەنرخی مابوو نە دەفری میوەخواردن و نێرگەلە و پەیکەرەی زێوین، لەگەڵ پیاڵە و قلیانی شۆڕابەدار، هەروەک هوما دەیگوت، سەی‌میران ڕۆژێک تەواوی ئەم شتانەی کۆ کردۆتەوە و لە دەسماڵێکدا گرێی‌داون، لە سندووقە تایبەتەکەی خۆیدا هەڵی‌گرتوون. ئەو ڕۆژە ژنان لەبەر بێکاری و دەستبەتاڵی خۆیان، تەماحی ئەوە دەیانگرێ دەرگای سندووقە دارەکە بکەنەوە، بزانن زێو و زەمبەرەکان لەوێدان یان هەر بە ڕاستی نەماون؟ هوما دەیگوت زۆر سەیر نییە، ئەگەر ئەم سندووقە ئەفسووناوییە وەک میراتێکی پیرۆز بۆ سەی‌میران خۆشەویست بێ، لەوەدەچوو ئەوە خەزێنەیەکی بەنرخ بێ بۆ ئەو پیاوە و شتی سەیر و سەمەرەی تێدابێ، زۆر جاری‌وا هەبوو بە گاڵتە و جەفەنگ سەریان دەخستە سەر سەی‌میران. وادیاربوو ئەم پیرەمێردە شتێکی نهێنی لە ژێر سەردا بوو، هەر بۆیە ئەم سندووقەی زۆر خۆش‌دەویست، ئەوەندەی دەچووە سەروکاری ئەم یەخدانە دارینە لە دیوی ژوورەوە دەرگاکەی لەسەر خۆی هەڵدەپێکا، حەزی نەدەکرد کەس بزانێ چیدەکا، ئیتر ئەوەبوو خەیاڵ هەڵی‌گرتن و خۆیان گەیاندە خەڵوەتییەکە و سندووقیان هێنا بەرکار! بەهۆی ئەوەی قورس بوو چەند جارێک

ئەمدیوو ئەودیویان پێکرد، سندووقە بۆریان هەڵتەکاند بەڵکوو بزانن گوێیان لە زرینگە و خرینگەی زێڕ و زێو دەبێ! بەڵام بوو بە هیچ، زۆر وەستایانە دەرگاکەیان کردەوە، بەڵام چیتێدا نەبوو ئاهی دڵی لێبشکێ، تەنانەت هەردوویان لە بیریان چووبۆوە ئەم دەرگای سندووقەیان بۆ هەڵپچڕیوە و لەچی دەگەڕێن، ئەوەی تێیدابوو پسوولە و کوتەکاغەزی سیایی کڕین و فرۆشتن بوو لەمەڕ دەغڵ و دانەوە، بەڵام هەڵگێڕ وەرگێڕی ئەمانەش خۆشییەکی تایبەتی پێوەبوو، بەرامەی ئەفییە و زەعفەران بە ژوورەکەدا بڵاو بۆوە، چەند پێناسە و سجیلی کۆن و دڕاو، وێنەدار و بێوێنە، ئەمانەش لە کرێکارەکانەوە بەجێ مابوو، زیندوو یان مردوو مەعلووم نەبوو، ئەسکیناسێکی پێنج ڕۆبڵی شانقرتاو، ئەویش هینی دەورەی تزار و زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی، چەند دەست دانی دەستکرد، کاتژمێرێکی بەرگزێوینی ئەبووقەدارە، باسمە و مۆرو تەسبێح، ئاخا پیرۆزی سەرقسنان، وردیلەبین، وێنەی هوما و منداڵەکانی، ئەمە ئەو شتانە بوون کە نیوسەعات ئەم دوو ژنە سەریان بەسەردا گرتبوو.

هوما وایدەزانی خەزێنەی دۆزیوەتەوە چرۆی هەستی دایکانەی پشکووت، وێنەی منداڵەکانی دەنا بە سنگییەوە و سەیری دەکردن، خۆشەویستی دایک و فرزەند وەکوو کێو وایە، هەروەختێ چیا لە جێی خۆی هەڵکەندرا نێوانی دایک و منداڵیش تاریکی بەسەردا دێت، کەوابوو نەمامی ترس بەرلەوەی چرۆ دەربکا وشک دەبێ، کەچێ درەختی خۆشەویستی لەپڕیشدا گوڵ دەردەکات و بەر دەگرێ، جابۆیە خۆشەویستی لە کەژاوەی دڵمدا هەڵدەگرم، ترس لە چاومدا دەنێژم، بۆ چرکەیەک هوما کەوتە سەرشانی خەیاڵ، ئێستا منداڵەکانی ئەو تەمەنێکیان هەبوو، وەک دەڵێن منداڵ بۆ دایک لە حەفتا بەرەوژوور هەر منداڵە و ئازیزە و لە بیری ناچێتەوە، ئەوان هەمیشە خۆیان دوور دەگرت و کلا دەبوون، هوما لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆیدا ڕۆژانی ڕابردوویی هاتەوە بیر و سەری کرد بە تەواوی ڕەهەند و کون و کاڕێژێکدا، لەولاشەوە ئاسکە شتێکی وەبەردەست هات، لەوە دەچوو لەوحێکی مسی بێت، هەروەک نوشتە و دۆعا و تەتەڵەی ئەفسووناوی. داخۆم ئاسکە لە دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ هەوێساری و بێحورمەتی و وەرهەمهەڵێنان، ئێستا ئاوا کتوپڕ ئەو تەلەسمەی هومای لەبەر چاوی میران کردبوو بە شەکری خاو بە دەستی هێنابوو؟ بێگومان ئەم تەلەسمە ڕەمز و ڕازی هوما بوو بۆیە سەیمیران هەروەکوو وێنەکان حەشاری دابوون لەو سندووقە بۆرەدا، ئەمەش لەم کاتوساتەدا بە قازانجی ئاسکە تەواو بوو، هوما لە خۆشی وێنەی زاڕۆڵەکانی ئاگای لە دەوروبەری خۆی بڕابوو، جارێک سەیمیران هەر ئەم وێنەی لە دەست هوما

سەندبوو، وتبووی کە وردی کردووە، ئەو پێیخۆش نەبوو هوما هەموو ڕۆژێک چاوی بە وێنەی منداڵەکانی بکەویَ و فینگە فینگ ئەسرین هەڵوەرێنیَ! ئەوەی ڕاستیبیَ قەت پێیخۆش نەبوو ئەو ژنە لەو زیاتر وابزانیَ لەو دنیایەدا خودا بەشەری داناوە تەنانەت جگەرگۆشەکانیشی! ئاسکە بەبیَ ئەوەی گرێی ئەم پرێسکە بچووکە بکاتەوە بە ئانقەست بەرۆکی خۆی خوراند و لەوێدا حەشاریدا، وەختیَ لە ژوورە چکۆلە هاتەدەریَ بەپەلە خۆی گەیاندە ئەو قوژبنە چۆڵەی حەوشەکە لە تەنیشت داڵانیَ کە ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، لەوێدا بۆ ماوەی چەند دەقیقە خۆی زیندانی کرد. بە سەرنجێکی تەواوەوە، لەو تەلەسمە خورد ببۆوە کە وایدەزانی ئەمە لەوحی مەحفووزە کەوتۆتە دەستی، ڕووکارێکی ئەو وێنەی زرتەبۆزێکی پێوەبوو لە بیچمی جند و ڕمۆزنان چاودەرپەڕیو، سەر تەپڵەگوێنی، هەر دەستەی شەش قامک، ئەوانیش چووبوونە ئەستۆیی، لەوەدەچوو وێنەی پیرێژن بێت، بە دەوری ئەم وێنە دزێوەدا ژمارەگەلی ورد و تێکەڵ پێکەڵ کەوتبوونە سەرنێوکی وەک چۆن وشەی لا اله الا الله لەسەر جامی چلکلیل دەنووسن، بەڵام ئاسکە لەبەر ئەوەی خوێندەواری نەبوو نەیدەزانی ئەم نووسراوانە چییە، کیَبوو گرێی ئەم ڕاز و ئەفسوونەی بۆ بکاتەوە؟ کامکەس هەبوو لەم کارە گرینگەدا یارمەتی بدات، مەگەر شیرینجانخانم و کچەکەی، ئەم خەمخۆر و دۆستانی گیانیگیانییە، یان دۆعانووسەکەی بن دارگوێزەکە! ئەو ڕۆژە نەیهێشت بگاتە شەوەکی، سەعاتێک لە شەو لایدابوو دەستی مەهدی بە دەستەوە کە گەڕایەوە ماڵیَ خۆی نەبیَ کەس نەیزانی خەریکی چییە و لەکویَ بووە، بەڵام ئاسکە هەروەک جاران حاڵی شڕ بوو، ئەم لەوحە زەردە، هەروەک نووشتەنووسی بن دارەگوێز وتبووی، تەلەسمی دڵۆڤانی و نەرمکردن بوو بۆ دەستەمۆبوونی ژنێکی بەژن زرافی کەلەکەباریک، شۆخ و چاوکەژاڵ، دڵبەر و پەریشێوە کە نان و نمەکی ئەوی خواردبیَ، ئەمەش بابمێنیَ، تەلەسمەکە نووشتەنووس لەلای خۆی گلیدابۆوە تاکوو بە یارمەتی مامۆستا، ئەویش ڕوون نەبوو کێیە و لەکویَ دزی، پیتی ئەبجەدی بۆ وەخوێنیَ و بینووسێتەوە، بەڵام لەسەر ئەوبەری دیکەی بە خەتێکی شکەستە نووسرابۆوە و دەشخوێندرایەوە:

ـ هوما، سەراوی تۆی دەویَ، وەرە وەرە! ئەم تەلەسمە وەختیَ کاری خۆی دەکرد، (ئەمیش چ کارکردنێک) کە لە هەوێرو چڵکی بەدەنی خۆشەویستەکەی گیرابایە و بۆ ماوەی چل شەو لە ژێر سێبەری شووێنێکدا چاڵ بکرایە! بۆ لەناوبردنیشی لەوحی هەڵوەشاندنەوە بوو کە بە ماوەی حەوتەیەک ئەو ژنەی تەفرو توونا دەکرد. ئاسکە لەگەڵ جەواهێرخاتوون، زۆریان هەوڵدابوو ناوونیشانی ئەم تەلەسمنووسە بزانن، بەڵام نوشتەنووس ملی بە ژێردا نەکردبوو، کە ئەمە نابیَ و

ودمی خراپی لێدەکەوێتەوە، سرێکە و ئەشێ لە بەینی خۆیاندا بێت، ئاسکە بە دۆزینەوەی ئەم شتە بەڕاستی پەژارەی بەسەردا باری و دڵ و دەروونی کەوتە چەقووچۆ، لەگەڵ ئەوانیتر زۆر درەنگ ئەوەی کە دەبوو بیزانن زانییان، هەربۆیە بوو بە هۆی سەرسووڕمان و دڵتەنگییان. ئەوینی ئەم ژنە تاکوو چ ڕادەیەک توانیبووی کار بکاتە سەر دڵ و مێشکی ئەم سەیدە و عەقڵ و ئاوەزی بە لاڕێدا بەرێت، بەڵام لەولاشەوە دۆعانووسی تاین یان هەر ئەو جادووبازە چاوبەست و فریودەرە، زانیبووی چۆن سەیمیرانی مشتەری بکاتە خەو و گیرفانەکانی داتەکێنێ، ئیتر ئەمە چ دەستبڕ و گوێبڕێک بوو! چەندە بە گاڵتەوە دواندبێتی، لە هەمووشت سەیرتر سەیمیران چۆنی ئەمە پەیدا کردبوو؟ ئەم شتە کە ئاسکە لەو نیوەڕۆژەدا دەستی کەوتبوو، شتێکی شووم و نامەبارەک بوو، هەرچەندە لەبەر دەمی خۆی نەیدەزانی چییە، ئێستاش تەواو باوەڕی کردبوو قسەکانی ئەم پیاوە ئەو ڕۆژەی لە باخی کردبووی بێکەم و زیاد هەروا بوو، بیری دەکردەوە ڕۆژێک سەیمیران دەچێتە دیوەکەی ئەویش ئەم تەلەسمەی نیشان دەدا، ئاخۆم دەڵێ؟ دژ کردەوەی ئەو چیدەبێ؟ ئەگەر ئەو بەتەما بوو هوما تەڵاق بدات ئەم گورز و گوڵینگە چی بوو لە پاشکۆی خۆی قایم کردبوو؟ کێ تاکوو ئەمڕۆ دیتبووی مێرد نوشتە و جادوو بۆ هاوسەرەکەی بکا؟ یانئەوەی خولی زەمان گۆڕابوو؟ لە کاتێکدا ئەم ژنە خاپینۆکە وەک دۆڵپا سواری شانوملی ئەو ببوو بە هیچ کلۆجێک دانەدەبەزی، ئاخۆم کەسێک بەتەما بوو لە چنگی دەربێنێ؟ بێگومان لەو نێوەدا سرێک هەبوو کە نەدەبا هەر لە ژێر پەردەدا بمێنێ. بەڵام ئەم زمانەی هوما لە هەسانی دابوو بەرلەوەی سەری خۆی پێببڕێ، میرانی پێسەربڕیبوو! هەرچەندە جاروبارە لەلای ژنان وتبووی زمان ئەشێ دەرزی و درووومان بێت نەک مقەستی دوودەم! هەروەک شیرینجان خانم هەستی پێکردبوو، ئەم دووانە ئیتر ژن و مێرد نەبوون، کەچی سەیمیران بەبێ گوێدان بە هیچ خاڵێکی شەرعی و یاسایی، هەوڵی ئەوەی بوو ڕایبگرێ و لە تەکیدا بێت! بۆ دوارۆژدا وەختێ ئاسکە لەسەر قەول و قەراری خۆی بۆئەوەی لە ڕەمزو ڕازی ئەم تەلەسمە حاڵی ببێ، خۆی گەیاندەوە پیری نووشتەنووس لە ژێر دارگوێزەکەدا، بە هاوڕێی دایکی جەواهێر و خوشکەکەی، واتە وەلتاجە توانییان بچنە دەفتەر و مەحزەری مامۆستا، کە ئەمەش بووە هۆی سەرسووڕمانی، پیرەمێردی دەفتەردار لە خەڵوەتخانەیەکدا بوو، هەروەکوو ماڵی ئەرواح و گۆڕستانی مردووان، کۆنەکاو لاشێکی پێچەڵاوپووچ دیوار و بنمیچ پڕ لە دارو تەونی جاڵجاڵووکە و داپیرۆک، لە هەر درز و کەلەبەرێکدا ئەدگار و دیمەنی هەزاران ئاڵ و جنۆکە و ڕمۆزنە دەهاتە بەرچاو، پەردەی پەنجەرە و دەرگا و

دەربیجەی تۆزاوی و داکەوتوو، تاریک وەک ماڵی مێردەزمە و ئەجندان! لەسەر کورسیلەیەک پاڵیدابۆوە، بەبێ ئەوەی دەفتەر و مجری و کۆپەڕێک لەبەر دەستیدا بێت، یان مرەکەب و پێنووس و قەڵەمدانێک، گووپن و چاو بەقوڵداچوو، وەک پیری چلەکێش، ڕدێنی سوور و تۆپنی بۆ پەسن و پێداهەڵدان نەدەبوو، چەنەی لەسەر سنگی بوو، وەکئەوەی بە گیان و دڵ بە تەنافی ئەفسووناوی ئەڕواح و ئەشباحدا شۆڕ ببۆوە و جووڵەی لە خۆی بڕیبوو، گۆیا خەریکی دۆزینەوەی شتێکە لە دەروونی خۆیدا، ژنەکان کە لەدووی پیری نووشتەنووس دەڕۆیشتن، جارێک تاکوو دەمدەرگاکە چوون و گەڕانەوە، ئاسکە ئەوەندە ترسابوو گەرەکیبوو هەر لە جێی خۆی دانیشێ، بەڵام وەختێ چاوی بە دوو ژنی دیکە کەوت ورەی بەرز بۆوە و غیرەتی جووڵا، هەر لەوکاتەدا پیرەمێرد، وەکئەوەی لێیحاڵی بوو ئەوانە کەوتوونەتە گومانەوە، بە هێمنی سەری بەرز کردەوە وەکوو غەیبزانانی مەعبەدی دولفی دەنگی هەڵبڕی:

ـ ئەی ئەوکەسەی شەوەی شووم دەستی بە ڕوخسارتدا هێناوە دەزانم بۆچی هاتوویی بۆ ئێرە، بچۆ کرانەوەی گرێی کارت لە بەرەکەتی نەفسی ئەو سەیدە بخوازە!

وەختێ پیری نووشتەنووس سەیدە و بەڵام لە ترسی حکوومەت یان شتێکیتر نەیدەوێرا شاڵی سەوز لە پشت ببەستێ هەرخۆی دەیتوانی گرێکوێرەی ئەم کارە بکاتەوە، ئاسکە تەلەسمەکەی لێوەرگرتەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵێ تاکوو ڕۆژێکیدی بە نیازی نووشتە و دۆعا بێتەوە بۆلای، بەڵام هەر ئەو گەڕانەوەیە بە کاری ئەو دەهات، هەر دەبوو واز بێنێ لە کاری ئەو دوو چاوبەستە و لە بیری خۆییان بەرێتەوە، بەمجۆرەی شیرینجان خانم و کچە باشەکەی سەروسۆراخیان کردبوو، سەیمیران هێشتا بۆ بە فەرمیکردنی هوما نەچووبۆوە خزمەت شێخولئیسلام، ئەمەش لە بەینی ناهومێدیدا تەواو جێی دڵخۆشی بوو، ڕۆژێک ئاسکە دەرفەتێکی باشی وەدەست کەوت و دەرگای سندووقە دارینەکەی میرانی کردەوە تەلەسمی گرێبەندی وەکوو خۆی لە شوێنی جاراندا شاردەوە، دیسان خەیاڵ هەڵیگرت، ئەم وردەشتانە کە زێو و زەمبەر بوون چیان بەسەر هاتووە؟ ئەم ژوورە گەورەیە هەتا ڕۆژێکبوو هەر لە دووکانی ئەنتیکەفرۆشان دەچوو، ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووت و چۆڵ دەبێ، تەنیا ئەوەی لەوێ مابوو، دوو کەنارەی دەستچن و ئەو مێزو کورسیلانەی کە بۆ جەژنی نیوەیشابان بردبوویانە چاییخانەی ئەحمەد لە نێو بازاڕ، کەوابێ ئەمە چی بەسەر چییەوە بوو؟ خۆر و کاکێشان و وردیلەکان لەسەر هێڵێکی ڕاستەوخۆ بەرەو هەسارەی مەزنی (ڕێگا) دەخزین، ئەم پیاوە مشەخۆرەش ڕۆژ بەرۆژ لە کزی دەدا و دەپووکایەوە.

خەڵکی ڕەشۆکی دەبێژن، نەبووە دوو و یەک نەبێ بە سێ، ئەوانەی لە کاراندا پوخت و وردبینن، ڕاڤەی ئەم گفتە دەکەن لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان یەکبەدوای یەکدا پێوەندییان لەگەڵ یەکدی هەیە، ئەم دەستوەشاندنەی کەچۆ لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا بۆ سەیمیران هاتبووەپێش، هەر دەبوو ڕووداوی سێیەم جار خاستر کار لە ئەم پیاوە بە مشوورە بکا، حەوتەیەک دوای دۆزینەوەی تەلەسمەکە، لە ڕۆژێکی تاڕادەیەک گەرم و بەرزە باڵادا، کە گەواڵە هەوری نەزۆک بە تەوێڵی ئاسمانەوە ببوون بە مێگەلە مەڕی سەر لێشێواو، لەپاش فراوێن سەیمیران بە توێی کراس و دەرپێیەک پاڵیدا بە دەستەنوێنەکەوە و پێلوویی ماندوویی لەسەر یەکدانا، دەنگ و هەرای نێومال بەرە بەرە لەسەر پەردەی گوێ کپ دەبوو، هەستی کرد لەبەر بێڵای ژوورەکەدا کەسێک خەریکە هوما ئەدوێنێ، چاوی هەڵێنا، دەنگی جێنشینەکەی خۆی بوو لە دووکانەوە هاتبوو، تالب، گوتی:

- پێیبڵێ خێرا بێت بۆ دووکان، ئەم خەڵکە هەراسانیان کردووین، دوور نییە ئەگەر تووشی کارەساتێکمان بکەن.

سەیمیران هەر لەجێی خۆیەوە بێئەوەی هەستێ، بانگیکرد:

- چی بووە تالب، دەڵێیچی، چ قەوماوە؟ وەرە پێشێ بابزانم چییە!

- مەشەدی میران، باسی ئەرژەنگی دەکەم، لەبەر دەرگای دووکان گۆیا نانی پیرێژنێکی وەرگرتووە و کێشاویەتی، چارەکێک شتێکیوا کەمتر هاتووە، ملیناوە لە گوڕە و هەرا.

- دەیباشە دواتر؟ حەبیب چیپێوت؟ بۆ دەبێ کەمی بداتێ، نابێ ئەم خەڵکە لە دەستمان بەگلەیی بن؟!

- حەبیب، وتی نازانم ئەم ژنە چەندەی پووڵداوە بۆ نانەکەی، ئەمە دە ساڵە نان بەم خەڵکە دەدەم چ لێرە و چ لە جێیەکی دیکە بووم، قەت وانەبوو. بە ئەنقەست نانی کەمتر بدەم بەموبەو! بەڵام جاریوایە پیاو سەهوو دەکا، ئەویش لەم قەرەباڵغییەدا، کە دیتووتانەو لەوانەشە کەمم بۆ کێشابێ! ئەرژەنگی دەیگوت بۆدەبێ هەمیشە بە زیانی مشتەری کار بکەی؟ شاتر لە وەڵامدا گوتی: وەختێ بە قازانجی مشتەری دەبێ، کەس ناڵێ ئەمە بۆچیوایە و کەسیش پێنازانێ.

سەیمیران وەڕەز ببوو و لێیپرسی:

- دوایە بووبەچی؟

- ئاخری ئەرژەنگی پووڵی ژنەی سەندەوە و دایەوە دەستی و نانەکەشی لەگەڵ خۆی برد.

سەی‌میران کە هەر لە بەیانییەوە خوڵکی پێکدادابوو، زەردەخەندەیەکی بۆکرد:

ـ ئەرێ دەیباتەوە بۆ ماڵێ ژنو منداڵەکەی بیخوات، ئەگەرچی ژن و منداڵی نییە، ئەمەش بۆ پۆلیسەکان، ڕاوێکی خەراپ نییە، ئێمەش با هەرئاوا بین!

هوما لێی‌پرسیی:

ـ جابۆ، مەگەر ئەو تۆ ناناسێ؟

ـ نامناسێ! بەڵێ نامناسێ! هەر ئەم زستانەی کە ڕابرد، هەموو ڕۆژێک بەبێ ئەوەی دینارێک بدات، هەروەکوو پێی قەرزداربم یان بەشی بەسەر منەوەیە لە گەرمەی قەرەباڵغی نێورۆدا کە دەبووە پچڕپچڕ و ملهوڕەکانی شار پەنچکێکیان نان دەستنەدەکەوت دەهات و دوو کولێرەی پەنجەکێشی دەبرد و دەڕۆیشت، خۆ ئەگەر برژاو و خەزاڵیش نەبوایە نەیدەبرد، بێجگە لەمانەش بەتەما بوو لە نانی تایبەتی خەڵک بەشی بدەن، ئەمەش لە قازانجی حیساباتی سەرۆکی دەستەی نانەوایان، کە بەشی من بوو. سەدبریا هەر بەمانەش ڕاوەستابایە، جارنەبوو پارەی ترياکە قوزەڵقورتەکەی لە من نەستێنێ. ئەمانە سێ کەسن، هەروەختێ من دەبینن لە بازاڕ خێرا خۆم لێ‌نزیک دەکەنەوە، ئەمەیان فرە ڕووهەڵماڵاو و شڕەخۆرە، هەرچەندە هیچکارە نییە و هیچی لەدەست نایات، نە کارێکی بۆ من کردووە و نە خزمەتێکی بە نانەواکان، داواکاریشی لە هەمووکەس زۆرترە، حەبیبم حاڵی کردبوو لەمەودوا نانی نەداتێ، تازە من هیچ ئەرکێکی دەستەی نانەوایانم لەسەر شان نەماوە و سمێڵی ئەم لاتو لووتانەش چەور ناکەم. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گێرەو کێشەی نانەوایان ئاڵۆزتر دەبێ، تالب بەس نەبوو تۆ هاتی و خەبەر و باسی دووکانت بۆ هێنام، ڕەحمان کرێی بارەکانی ئەمڕۆیی وەرگرتووە؟ دڵنیای وەری‌نەگرتووە؟ چاکتر! بە حەبیبم وتبوو جومعانە نەدات بە باربەرەکانی قاسم، ئەو کابرایە پێمان قەرزدارە و پووڵی لەلامان نییە، پێی‌بڵێ هەروختێ قاسم هات بۆ دووکان، هەروەکوو جاران پارەی هەینی بدا بەو باربەرانە،کاری بە کاریان نەبێ و سەر نەخاتە سەریان، ئەگەر هاتوو ئەمڕۆ نەمتوانی بێم بۆ دووکان و یان درەنگ هاتم، بارەکانیان هێنا، سولێمان ماتڵی من نەبێ، هەرخۆی بارەکان لە قەپان بدات، سۆزی ئاردەکە تاقی دەکەینەوە، دەبرۆ کارم پێت‌نییە، لە بیرت نەچێ، بە ڕەفیع بێژە، ئەگەر نانی شەوێی برد بۆ ماڵی مورشید، وەبیری بێنێتەوە یان گەنممان بداتێ یان پووڵ، بەڵام نا، لێی‌بگەڕێ، گەرەکی نییە هیچی پێ‌بڵێی، بۆخۆم دەیبینم.

سەی‌میران لە هەوڵی ئەوەدابوو دیسان بخەویتەوە، بەڵام خەوی لێنەدەکەوت. ئەم بێشەرمییەی کە لە تەرەف کەسێکی ئاواوە دەکرا بۆ نانەواخانەکان کەس بە باشی نەدەزانی، تازە سەرکرێکار تاڵب چووبووە دەرێ، کە دیسان گەڕایەوە. کورتەباڵایەکی قەوی‌و قۆڵ نەختێ شەرمێون، ئەویش ساڵی جارێک تێکەڵی دەکرد و شێت دەبوو، ئەوەی لە ماوەی دوازدە مانگدا پەیدای دەکرد ئاخر قرانی بڵاو دەکردەوە، ئەمجار دەهات بۆلای خانی خۆی، یەکڕاست خۆی گەیاندە بەردەرگای ژوورە گەورەکە و ووتی:

ـ مەشەدی بۆ لە ماڵ دانیشتوویی دووکانیان هەڕاج کرد!

سەی‌میران کوتوپڕ لە جێی خۆی ڕاست‌بۆوە بە بیستنی ئەم هەواڵە، هەرچەندە هێشتا نەیدەزانی چیبووە، خێرا ژانەسەری تووش بوو، بێ‌ئەوەی باوەڕ بکا بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

ـ چی‌دەڵێی تالب، دووکانی ئێمە؟!

ـ بەڵێ دووکانی خۆمان، وەختێ گەڕامەوە سەیرم کرد، ئەرژەنگی لەگەڵ دوو مەعمووری بۆین‌باخ لە مل و پاسەوانێک لەبەر دەرگای دووکان وێستاون، ئەو نانەی لە نیوەڕۆوە ماوەتەوە سێ من دەبوو، هەرکەس بەوێدا دەهات و دەنکی بە پێنج شایی دەیاندایە.

سەی‌میران هەر خێرا جلەکانی کردەبەری، بە تەما بوو زوو بگاتە دووکان، بەڵام لە سەرجێی خۆی دانیشتەوە، جگەرەیەکی داگیرساند، خۆ ئەگەر دنیای بە سەردا خراپ بوایە لە بیستنی ئەم هەواڵەی پێ‌خۆشتر بوو، بەڵام خۆ تازە ئەمەی تالب وتبووی ئاوێک بوو ڕژابوو، کارێک‌بوو کرابوو، تەنیا چارە ئەوەبوو شکایەت لەم هەتیوە بێشەرمە بکا، چیدی لەدەست نەدەهات، هوما و ئاسکە و گلارە لەوێ ڕاوەستابوون ئەوانیش نەیاندەزانی بڵێن چی، واقیان وڕمابوو. لەبەرا ئاسکە وایزانی دووکانەکەیان خراپ کردووە. ئەمە ڕووداوێکی یەکجار ناخۆش بوو، تاکوو ئێستا بەردووکانی بە هیچ نانەوایەک نەگرتبوو، سەی‌میران قەت بە فکریدا نەهاتبوو بەڵایەکی ئاوا بەردووکانی پێبگرێ و بەڵا بەسەر بەڵادا بێت، مژ بەدوای مژدا جگەرەکەی تەواو کرد، تاڵبی وەدوویی خۆیدا و چوو بۆ دووکان، مەعموور و کاربەدەستانی ئامادە، سوورەت‌جەلەسە و بەڵگەنامەیەکیان ئامادە کرد هەرچەندە حەبیب پەنجەی پێدا نەنابوو بە دەرگای دووکانەکەوە هەڵیان‌واسی‌بوو: «بەهۆی گران‌فرۆشی لە بیست و سێی مانگی جۆزەردانەوە بە ماوەی مانگێک ئەم دووکانە دادەخرێ و مافی نانکردنی نییە، ئەگەر جارێکی‌تر ئەم‌کارە دووپات ببێتەوە بۆ هەمیشە جەوازی کارکردنی باتڵ دەبێ و ناتوانێ درێژە بەم‌کەسپە بدات.»

وەختێ سەی‌میران چاوی بە ئاگادارییەکە کەوت و شاگرد قاوەچی ئەوبەری دووکان بۆی خوێندەوە، موچڕکە بە تەپڵی سەریدا هات، لە تەواوی تەمەنیدا ئەوەندەی زوڵم و ستەم لێ‌نەکرابوو، ئەوەندەی ئازار نەچێشتبوو، هەستی کرد گۆشت و پێشەی بەسەر یەکدا سووتا، تەماشایەکی حەبیبی کرد، لە شەرم و نارەحەتیدا لەولای شاترەکەوە لەبەر دەرگای دووکان دانیشتبوو، وەک‌ئەوەی یارمەتییەک بکا، دەنگی نەکرد، بە ئەنگوستی ئارەقەی تویڵی سڕی و بۆئەوەی لە بەردەم شاگردی قاوەچی و یەک‌دوو کەسێکی‌تر کە بەوێدا ڕادەبردن بە خۆیدا نەشکێتەوە گوتی:

ـ دەبوو ئەم ئاگادارییە بدەن بە ژێرنێوکی ژنەکانیانەوە. دەبێ دەردی سەگیان بدەمێ ئەم خوێڕیانە کەی ئێنسانن!

ئەمەی گوت و بە تووڕەیی ڕۆیشت تاکوو ئاگادارییەکە لە ئەستۆی دیوارەکە داڕنێ، بەڵام پێی هەڵنەگەیشت، بە تاڵۆکە چەند دووکاندار و یەک‌دوو کەس لە کرێکارەکان دەستیان گرت و نەیانهێشت ئەم‌کارە بکا، ووتیان بەم‌کارەت گێڕەو کێشە بۆخۆت سازدەکەی. گورج کە، بە شێوەی یاسایی بکەوە شوێنی و خۆت تووشی چەقەچەقی ئەو شڕەخۆرانە مەکە. لە کاتێکدا ڕق و قین سەرتاپای لەشی داگرتبوو هاتە دوواوە و گوتی:

ـ حیزەپیاو، ئاخری نەشەت شکاندم، شەرت‌بێ، وای‌ناخۆی!

سەری داخست و لەبەر دەرگای دووکانەکە لە تەنیشت دوو کرێکاری خۆی دانیشت، لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە لەوانەیە زمان‌شڕی و کەللەڕەقی حەبیب ئەوانەی هار کردبێ! بەڵام دەشیزانی لەمەڕ ئەم گرفتەوە، حەبیب بێ‌تاوانە، ئەو بەستەزمانە هەروەک لەوێ دەستی هەڵپێکابوو حەزی دەکرد بە گۆشت و ئێسقانەوە ئەم زەوییە زار داپچڕێ و پێیدا بچێتە خوارێ! نووسیبوویان گرانفرۆشی، نەک کەم‌فرۆشی، ئەمەش شتێکی دیکەبوو، چونکە ئەوەی لەم گەڕەکەدا بوون دەیانزانی ئەو پیاوە هەرچییەک‌بوو گرانفرۆش نەبوو، وەختێ لە هەمووجێیەک قیمەتی نان وەکوویەک وایە ئیتر گرانفروش‌چی، بەڵام کێ هەبوو ئەم قسانەی بە گوێدا بچێ؟ ئەوانە ئەقڵ و ئاوەزیان لە چاویان‌دایە لە کوێ دێن لە ڕاستی و دروستی ئەمە ورد ببنەوە و بزانن حەق بە کێیە و کێ خەتای کردووە؟ بەم‌پێیەی لە کارو کردەی ئەو کاربەدەستانە وەدەر دەکەوت جگە لەو بێ‌چاو و ڕووییەی ئەرژەنگی لەگەڵ ئەو کردبووی، ئەمە کێشەیەکی تازە بوو داوێنی میرانی گرتبۆوە، تەشەنەکردنی بازاڕی ڕەش هەمبارکردن و شاردنەوەی گەنم و دانەوێڵە، شەش مانگێک دەبوو بەردەوام خەڵکی ئەو شارەی ئاڵۆز کردوو تەنگی بە فەقیر و هەژار هەڵچنیبوو، چەند ڕۆژێک دەبوو

ئیتر ئەو خەڵکە ژیانیان لێتاڵ ببوو، ئەوان وەختێ لە دەستیان نەدەهات چرایەک داگیرسێنن، بۆچی گڵۆپەکانیان بەردباران دەکرد، ئاقڵان لە کاتی ئاوادا هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوون بۆ ڕەزای خەڵک گەنم داچێنن نەک تووتن و تەمباکۆ، هەرچەندە شارەداری دەنگۆی گرانی نانی ڕەت دەکردەوە، بەڵام خەڵک هەر ئەم ڕەتکردنەوەیان بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەزانی، نانی سوێر و فەتیر تووڕەیی خەڵکی بەرز کردبۆوە، هەمووکەس بە چاوی قین و شەڕەوە سەیری نانەواکانیان دەکرد، دەستەیەکیش خەڵکیان بۆ هەراو هوریا هاندەدا، کاربەدەستانی حکوومەت هەوڵی ئەوەیانبوو تا ڕادەیەکی بەرچاو نان لە بازاڕدا کەم بکەنەوە، تاکوو خەڵک بە تەواوی بیر و مێشکیان لەسەر برسی بوون و گرانی کۆ بێتەوە، خەڵک گوێبیستی شەڕ و هەڵلا و ماڵوێرانی بوون. شەو نەبوو شتە شاراوەکان وەدەر نەکەون، ئەوانەی لە چاوی خەڵکیان دەشاردەوە ئاشکرا دەبوون، لێرەو لەوێ زۆر کەس پەیدا دەبوو دەتگوت، هەر ئەمشەو لەگەڵ دیکتاتۆری ملهوڕی ئاڵمان و وەزیری بانگەشە کاریدا لەسەر مێزێک شێویان خواردووە، هەر ئەهایەکی مابوو شار ڕاست ببێتەوە، فکر و بیری سەیمیران گەڕایەوە بۆ دەورەی مەشرووتە، کە بۆ ئارامکردنەوەی ئەم خەڵکە شاتری ماڵوێرانیان سەرەوبن دەخستە تەندوورەکەوە ئەمەبوو حوکمی حاکم! هەرچەندە ئەمڕۆکە ڕوخساری شتەکە گۆڕابوو بەڵام هەمبانە هەر هەمبانەکەی جاران بوو، کاربەدەستانی خاوەنی دەسەڵات بۆئەوەی ئابڕوویی خۆیان بکڕنەوە و زڕەی زنجیری ژەنگاوی بەرامبەری و دادی خۆیان بەرز بکەنەوە، قەزای دەیزەیان لە گۆزە خستبوو، کێ دەیزانی ئەوانە چییان لە ژێر سەردایە، ڕەنگە لەبەر ئەوە ئەم پیاوەیان هەڵبژاردبێ، بۆ پیاوچاکی و نانجوانی لەم شارەدا بە نێوبانگ بوو، لە نێو خەڵکی ئەم شارەدا، بۆ خێرۆمەندی، ڕووڕاستی و مەردئازایی ناوبانگی هەبوو، نەدەبوو پینەی ئاوا بە نێوچاوی ئەم سەیدەوە بدرێ، حەیفبوو کەسایەتی ئەم مرۆڤە بڕووخێنن. پیاوی پیاو لە وەختی ئاوادا حەز بە مردنی خۆی دەکا، بەڵام بەشەری ناڕەسەن ئەم شتانەی بۆ گرینگ نییە، ئەمانە کوێرن، بەردێ کە مرۆڤی کوێر بێهاوێ سەری پیاوی عاقڵ دەشکێنێ، ئەوانە کۆڵەوەژی ئاوری بەدبەختین. چشتێ لە دڵۆڤانی و پێکەوەژیان نازانن، لە دنیای ئەشق و خۆشەویستیدا درۆ و دەهۆ و گزی نییە، ئەوە دنیای شەڕ و هەڵلا و لاسارییە دەسکەنەی خونچەگوڵان دەکات و مانگ بە تەوێڵی ئاسمانی ساماڵەوە دادەچڵەکێنێ.

ئەو هەویرەی مابۆوە شەوێ کردیان بە نان و بەیانی دەرگای دووکان گاڵەدرا، حەبیب هەر ئەورۆژە کاری پەیدا کرد و سێ ڕۆژ دواتر تاڵب خۆی دامەزراند. کابرای کرێکار ئەمڕۆ نانی سبەی

نییە چۆن دەتوانێ بێکار دانیشێ، شاتر زەمان بۆ ماوەیەکی کورت چوو بۆ سەردانی خزمان لە گوندی و ئەوانی دیکەش بێکار و بێبار دەسووڕانەوە، لە ماوەی ئەم مانگەدا، نە تەندووری دووکان گەرمایی پێگەیشت و نە سەیمیران لە ماڵ هاتەدەرێ، پێیخۆش نەبوو کەس بیبینێ! سولێمان ورکەچن بێکار دەسووڕایەوە، بەهۆی حورمەتێکەوە کە بۆ سەیمیران هەیبوو ڕۆژانە زۆربەی جار دەهاتە چایخانەکەی بەرامبەر دووکان و لەوێ دادەنیشت، جارجاریش دەچوو سەردانی ئەمباری دەغڵ و دانی دەکرد. لە هەرجێیەک کونەمشکی بدیبایە پڕی دەکرد لە وردە شووشە و قاشوولە شکاو و تۆپەڵێ قوڕی پێدادەدا، سەری ماڵی سەیمیرانی دەدا و لەدەم دەرگا یان لە حەسارێ بۆ ماوەیەک ڕۆدەنیشت و ئەرک و فەرمانی لە ئاسکە و هومای دڵبەخەم وەردەگرت، سەیمیرانیش سەرەڕای بێکاری و بێدراوی خۆی هەمووجارێک دووسێ قڕانی دەنا قوولی مشتی. کۆی نانەواکان بە داخرانی دووکانی سەیمیران پەرێشان بوون، میرزا نەبی چەند ڕۆژێک زووتر لە خەڵک بەم هەواڵەی زانیبوو ئاشەوانەکەی خۆی ناردبوو پێیبڵێ کاری زەرووری بووە بۆیە نەیتوانیوە بێتە خزمەت، وتبووی لەگەڵ سەرۆکی ئاردو نان و هەروەها شارەداری لەسەر ئەم بابەتە قسەی کردووە، کە ئێمە لەمشارەدا بە حەیا و حورمەتەوە ژیاوین بۆئەوەی خەڵکی شار بێنان نەبن، ماندوونەناسانە شەو و ڕۆژمان بۆ نەبووە و کارمان کردووە، ئێستاش نابێ بە قسەی قەلەموونێکی نەفام سووکایەتی بە کەسێک بکرێ کە مایەی حورمەت و شانازی گشت نانەواکانە، ئەگەر ئەرژەنگی کەسانێکی وەکوو ئەو کە خەڵکی ئەمشارە نین، گەورە و بچووکی نازانن، نابێ بێڕێزی بە پیاوماقووڵانی شار بکردرێ، سەرۆکی دانەوێڵە و ئارد و نان لەگەڵ شارەداری، بە بیستنی ئەم هەواڵە پەرێشانی خۆیان دەربڕیوە و گوتوویانە ئەمە بە دەستەی حەوزەی کارناسی بووە و دەستوور لەوێڕا واژۆ کراوە، لێژنەی گەڕۆک، کارێکی هەڵەی کردووە، بەرلەوەی شارەداری ئاگادار بکاتەوە ملیناوە لە حەراجکردنی نانی ئەم دووکانە، بەڕێز سەراوی بۆ ئەوەی تووشی زەرەد و زیانی زۆر نەبێ دەتوانێ لە دوای یەکدوو حەوتە بە بێدەنگی ئاگاداریەکە دابگرێ و دەستبکاتەوە بە نانکردنی خۆی ـ سەیمیران نووسراوەکەی لە ڕاسپاردەی میرزا نەبی وەرگرت و لەسەر تاقەکە داینا و تەماشایەکیشی نەکرد. هەروەک سولێمان دەیگوت ئاگاداریەکە بێئەوەی کەس دەستی بۆ بەرێ، لە دیوارەکە بۆتەوە و کەوتۆتە خوارێ، بەڵام وردە وردە ئەو مانگەی بۆیان دانابوو بەرەو تەواوبوون دەچوو، کەچی سەیمیران پێیخۆش نەبوو لە ژووری پێ بنێتە دەرێ و بچێتە نێوبازاڕ، وازی لە بینینی هیچ دۆست و هاوڕێیەک نەبوو، هاوکارەکانی ئەو

هەر بەدوای ڕۆیشتنی میرزا نەبی‌دا، لە ماڵی ئەوان کۆ بوونەوەیان ساز کردبوو، بەدوای ئەویشدا ئەم خێرو بەرەکەتە ڕووی لە ماڵێکی دیکە کردبوو، واتە هادیان، کوڕی ئاغاشوجاعی ڕەحمەتی، سەیرنەبوو ئەگەر نۆرەی هەموویان بێت، خاوەن نانەواگەل هۆی ئەم کارەیان لە بێ‌دەسەڵاتی و نەزانی میرزا نەبی دەزانی، کە بە قسەی پووچ و بەڵێنی درۆ، هەڵخەڵەتاوە، گوێی نەدابووە بڕیارەکانی شارەداری و دارایی، هەرکارێک بەرژەوەندی ئەوی تێدانەبوایە خۆی پێوە ماندوو نەدەکرد. زۆربەی کارەکانی بەڵێ بەسەرچاو بوو، کاروباری نانەواخانەی وەکوو گۆیەک لە نێوان شارەداری و داراییدا بەڕەڵڵا کردبوو، هێندە دەبەنگ و گێلفام بوو، نەیدەهێشت کۆمەڵەی نانەوایان بە شێوەیەکی جووڵاو و کارامەبوونی خۆیان بسەلمێنێ، سەرۆکی بەقاڵ و وردەفرۆشی شارەداری بۆئەوەی خۆی بە خەنیمی دارایی دەزانی و دەسەڵاتی خۆی بە کاربەدەستانی باڵای پارێزگا نیشان بدات، لەگەڵ لیژنەی گەڕۆکی پشکنین، نانەواکانیان کردبووە ئامانجی خۆیان، هەر لەو کۆبوونەوەدا زۆربەی خاوەن نانەواکان، قامکی هەڕەشەیان ڕووبەرووی هاوڕێکەی ئەو کردبۆوە، بۆچی بۆتە دەمڕاستی ئەم خەڵکە و کێ ئەم حەق و مافەی پێداوە، لەخۆڕا خۆی بە بەرپرس و سەرۆکی دەستەی نانەوایان دەزانی؟ میرزانەبی وتبووی ئێستاش سەرۆکی دەستەی نانەواکان بەڕێز سەراوییە و سەیدە و سەرۆکی هەموومانە، خۆشم فەرمانبەری ئەوم، لەوە زیاتر هیچ ئەرکێکم لە ئەستۆ نییە، خۆ ئەگەر لە ماوەی ڕابردوودا هەڵەیەک بووبێ، ئەوا هاوکاران تاوانبارن هەر ئەم باس‌و خواسە لە نێوان نانەواکاندا چەند ڕۆژێک لەسەر زاران بوو، دەستەی پیشەگەل سەبارەت بە میرزا نەبی بیر و بۆچوونیان چوونیەک نەبوو. زۆرکەس ئەم پیاوەیان بە مرۆیەکی ژیر و ئیماندار دەزانی، ئەقڵ و ئاوەزی وەک ئیمانی وابوو، هەروەک شاسوڵتان حوسێن سەروکاری لەگەڵ تالحە و فاڵگرتنەوە هەبوو، هەروەختێ چڵکە هەورێکی بە ئاسمانەوە دیبایە بەبێ دوودڵی بە چەترەوە لە ماڵ دەهاتە دەرێ، حەزی‌نەدەکرد کاڵەک و شووتی بسێنێ، پێی‌وابوو شیرین نییە و پووڵەکەی بەخۆڕایی دەڕوا، زۆرکەس دەیان‌ووت لە سەرەوە گێژ و لە بنەوە بڕە، لە کاتی کۆبوونەوەی سنفی‌دا، کەسێک ڕووبەروو پێی‌وتبوو: میرزا نەبی پیاوی چاکە، بەڵام بۆ سەرۆکی نانەواکان نابێ، لەبەرئەوەی کابرایەکە ئاشەوان ـ هەر ئەم پیاگە کە خۆی بۆ سەی‌میران دەکوشت، وتبووی: پیاوێک نەتوانێ لە سەرپێی خۆی ڕاوەستێ چۆن دەتوانێ سەرۆکایەتی دەستەی نانەواگەڵ بکات، خۆ ئێمە مناڵ نین گاڵتە بە خۆمان بکەین. ئەمە حەوت ساڵە بۆ ڕازی‌کردنی خاتوونەکەی ئەقڵ و هۆشی لەدەست داوە، خولیای ئەشق و دڵدارییە، پێم‌خۆشە هەر ئێستا کەسێک بچێ ئەم گفتەی منی بە

گوێدا بدات! ئێمە هەر لە کۆنەوە دۆستی ئەو بووین و هەنووکەش خۆشمان دەوێ، بەڵام ئەرەستوو دەڵێ، ئەگەرکوو زانیتان کاڵفامێک خەریکە لە ئاودا دەخنکێ هەوڵ بدەن ڕزگاری بکەن، بەڵام لێی نزیک مەبنەوە..

تەواوی ئەم قسەو باسانە ئەکبەرخانی کۆنەهاوڕێی سەیمیران دەیهێنا و دەیبرد ئێستاش ڕێز و خۆشەویستی زۆری بۆ میران هەبوو، ئەووەختەی میرزا نەبی لە سەفەر گەڕایەوە سەیمیران بەمهەواڵەی زانی، مانگی خەرمانان نیوەی لە کورتی دابوو کە میرزا نەبی لە هەرسین گەڕایەوە، فراوێنی لە دووکان خوارد، لە قاوەخانەی ئەحمەد کە لە نێو بازاڕ بوو لە ژێرزەمینێکی فێنک و بێمێش و مەگەز سەرخەوێکی شکاند، دوایئەوەی لە خەو هەستا نوێژەکەی بەجێ هێنا، لەگەڵ شۆڕبوونەوەی خۆر و هاتنی بانگیشێوان، چوو بۆلای هاوڕێکەی، دەرگای حەساری کرابۆوە، بەبێ لە دەرگادان چووە حەساری، گلارە لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشتبوو، هەرئەوەندەی چاوی بەو کەوت، دایکی ئاگادار کردەوە، ئاسکە لە ژوورەکەدا، چارشێوی بەسەر خۆیدادا دوایئەوەی خۆی ڕێکوپێک کرد، چرا لامپاکەی هەڵکرد. لەگەڵ میوانی درەنگوەخت کەوتە سڵاو و ئەحواڵپرسی. میرزا نەبی وەختێ بەرەوڕوویی ژنان دەبۆوە، شەرم دەیگرت، لەلای خوارێوە دانیشت، گەرمای هاوین و کاری زۆر ڕەش و لاوازی کردبوو، کڵاوە حەسیرەکەی سەری هێندەی ئارەقە مژیبوو لێوارەکەی هەڵگەڕابۆوە، کۆت و شەڕواڵی بەری لە پارچەیەکی تەنکی هاوینی بوو، جووتێک کڵاشی کردبوو بەسەر نووکی پێیەوە، خێرا گوتی:

- مەشەدی لەکوێیە؟ یانیچی هێشتا دەرگای دووکانی نەکردۆتەوە؟

خێزانی سەیمیران وەکئەوەی کۆنەبرینی کولابێتەوە لە وەڵامدا ووتی:

- باوکی سەعدەدین، ئەمن چبکەم، کێ دەوێرێ قسەی لەگەڵ بکا، تاکوو من بیدوێنم، ئەوەندەی دەکەم و دەکرێنم دوو کەلیمە قسەی لەگەڵدا بکەم، بزانم بۆچی دەرگای دووکانی هەڵنەگرتووە، ناتوانم، ناوێرم، قسە لە من وەرناگرێ، ئەو منی بۆچییە، هەمووکەس دەزانێ خولیای ئەوینی ژنە تازەکەیەتی، نیوسەعات پێشتر لە ماڵ بوو، ئەرێ گلارە، وادیارە بابت چۆتەدەرێ؟ بەڵێ هەرقەدرێک دەبێ ڕۆیشتووە. ئەو ماندوو و وەڕەزە بەڵام بریا ماندوویی جەستەبایە، مێشک کە ماندوو بوو قەت ناحەسێتەوە.

میرزا نەبی دیسان پرسی:

ـ باشە پێمنالێی لە ماڵێ چیدەکا؟ بۆ مەگەر مریشکە بەکورکە؟ یان خەریکی چلەکێشانە؟ بۆ لە ماڵێ نایەتەدەرێ بە کاروبارەکەی ڕابگا؟ خۆ کەوتوویی نییە؟ وەختێ دووکان وەک دەرگای ئیمامزادە جورجور داخراوە، ئەو لەکوێ نانی ڕۆژانەی ئەم منداڵانەی وەدەست دەکەوێ؟ ئەم پیاوە بۆچی ئاوای بەسەر هاتووە؟!

هەر لەوکات و وەختەدا، سەیمیران بە چارەکەیەک خەیار و گرکەوە هاتەوە بۆ ماڵێ، منداڵان لە کۆڵانێ خەریکی یاریکردن بوون، خەبەری هاتنی میرزا نەبییان پێدا، بەهۆی ئەم بێزارییەی کە ماوەیەک بوو تووشی هاتبوو ڕێگاکەی گۆڕی و ڕوویکردە ژوورەکەی ئاسکە، هەرئەوەندە پێینایە ژوورێ، ئاسکە بە ئاماژە گلارەی تێگەیاند خێرا ئەم چارەکەیەی لە دەست وەربگرێ بۆئەوەی دەستی هومای پێنەگات، لە ژێر پەردەکەدا شاردییەوە. میرزا نەبی قرچەپێ لەبەری هەستا، دوو دۆست پێکەوە کەوتنە فەرموو فەرموو، سەیمیران بە دەنگێکی نەوی و بێگەرد، وەک هەمیشە دلۆڤان و ڕووخۆش، لێیپرسی:

ـ لەم سەفەرە زۆرت پێچوو، زۆرت کار هەبوو، بیست ڕۆژ لەوەپێش خەبەرم هەبوو هاتبوویەوە و بە تالۆکە گەڕایتەوە.

ـ بەڵێ کاری بەپەلەم هەبوو، نامەیەکی شاهیدی بوو بەتەمابووم ئایەتووڵڵا نوورولعولەما پەنجەم بۆ پێوەبنێ، خەرمانی سوورم لەو دەشتە بەڕەڵڵا بوو، هێشتا کاری دەسکەنە و دروێنەم مابوو، هەر دەبوو زوو وەگەڕێم، هەنووکە نیسک و نۆکم نەڕنیوەتەوە بەهیوای دوو ڕۆژ بووم ئەم هەموو شتەم بەسەر ڕۆستەمتدا بەجێهێشتبوو.

ـ شاهیدنامە بۆ ئەم خانووەی کە شەڕو هەراکەی تەواو نەبووە؟

ـ بەڵێ، ڕاست خۆیەتی، ئەرێ، مەشەدی، بۆ مەگەر ئەورۆژەی دەچووم بۆ هەرسین پەیام و ڕاسپاردەی منت پێنەگەیشت؟ بۆ نەچوویی دووکان هەڵبگری؟ ئێستا ئەوە پێنج حەوتوویە، بەتەمایچی، بۆ ناچی بەلای کەسپ و کاری خۆتەوە؟ لاموایە لە دەرفەتێکی ئاوا دەگەڕای بییەوە لە ماڵێ تەخت پاڵی لێبدەیەوە، حەکیم فردەوسی، لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا کە شانامەی هۆنییەوە ئەوەندە لە سووچی ماڵێ نەخزا! تۆ ئەوە چەند ساڵە دانیشتوویی، ئەمڕۆکە لە چاخانەکەی ئەحمەد کابرایەک هاتبوو بۆلای من زۆر بە نهێنی باسی تۆی دەکرد، دەیگوت ئەگەر بەتەما نییە بجێتەوە سەرکەسپ و کارەکەی خۆی، ئامادەم هەرچۆنێک ڕازی دەبێ دووکانەکەی بە ئیجارە بگرم، ئەوەندەم ئەم قسەیە پێناخۆش بوو وامزانی شاربەدەرم دەکەن. ئێستاش نەهاتوومەوە سەرخۆم،

ئەگەرچی زۆری بڕوا بە من هەبوو، زیاتر مەبەستی پرسکردن و بیروڕا گۆڕینەوە بوو:، بەڵام زۆر بە توندی بە گژیدا هاتم، گوتم، بڕو جارێکیدیکە لەلای من قسەیوا نەکەی! شەرم بتگرێ ئەم پیاوە حەقی بەسەر هەموومانەوە هەیە، بەڵام ڕووی زەمانە ڕەشبێ، دەڵێیچی.

ئاسکە چاوی لە دەمی میرزا نەبی بڕیبوو بەپەلە گوتی:

- باوکی سەعدەددین، پێمانبڵێ کێبوو؟ ناوی بهێنە!

- پێویست ناکا من ناوی بێنم، مەشەدی خۆی دەزانی کێیە.

ئاسکە کێچ کەوتە کەوڵی و دیسان گوتی:

- هەردەبێ کوڕەکەی فەغفوور بێ، کرێکارەکەی جارانی خۆمان. ئەم هەتیمە وەک کەمتیار وایە هەمیشە خەریکی مڵوومۆ کردنە. هەر ئەم قەڵافەت و قەپۆزەشی تەواو لە کەمتییار دەچێ، تووشی کەلاکی کەر بێت ناڵەکەی دەڕفێنێ.

سەیمیران لەووەختەوە لە گێژاوی پەژارەدا دەتلایەوە، خۆی بە قوتووی جگەرەکەیەوە سەرقاڵ کردبوو، لەو حەلەدا سەیری یاڵ و بژی شێری سەرقوتووەکەی دەکرد گوتی:

- هەرکەسێکە کەیفی خۆیەتی، خۆ بەردی بە ماڵی کابەدا نەداوە، ئەگەر ئامادەیە بە سەرقفڵی بمداتێ - واتە من بەتەمای سەرقفڵی نیم ئەو خەرجەی چەندساڵە لەو دووکانەم کردووە و خاوەنمڵک نامداتەوە، ئامادەم ئەوانەی لێوەربگرم و بیدەمێ. بابێت قسە لەگەڵ خۆم بکا، بۆچی ئەموئەوم لێڕادەسپرێ، چاڵاوم لێداوە، دەفری ئارد و گەنمم سازکردووە، تەندوورم تێدا داناوە و خەرجی زۆرم تێدا کردووە، هەڵبەت پارەی ماتۆڕو زۆر کەلوپەلیتریش، لەو دووکانەدا هەیە و حەقو حیسابیان دیارە، خۆ ئەگەر خاوەنی ئەم مڵکە ژن نەبوایە ئاخر قڕانم لێدەسەندەوە بەڵام حەزناکەم لەگەڵ ژنێک دەمە بەدەمە بکەم.

میرزا نەبی بەتەما نەبوو ئەمقسەیە لە دەمی سەیمیران بژنەوێ، بە سەرسووڕمانە تێیڕاما:

- ئەی دوایە چی دەکەی؟ پێڵاوەکانت دەبەخشی و خۆت بە پێیپەتی بە نێوشاردا، دەسووڕێیەوە؟!

- خەمی منت نەبێ، یان کەوش و کاڵە بۆخۆم دەکەم، یان هەتا مردن پێخاوس دەبم. خۆ دنیا بە پووش سەری نەگیراوە.

میران ئەمەی وتوو ڕوویی‌کرد بەمەلاوە، بە مانای ئاخرین بڕیاری، میرزا نەبی بە زەردەخەندەیەکی کاڵ و بێهیوایی قسەکەی دووپاتە کردەوە:

ـ گاڵتە مەکە مەشەدی.

ـ بە جەددم هیچ ئەملاو ئەولای نییە و تەواو بەڕاستمە، ئەگەر بەتەمای دووکانداری بوایەم بۆ تاکوو ئێستا بێکار دادەنیشتم، هەر ئەووەختەی لە قوم گەڕامەوە ئەم فکرە لە سەریدام.

ـ بەهیوای چی؟

ـ بەشی من کارێک دەبێ: عەلافی، وردەواڵە فرۆشی، میوەفرۆشی، ئیجارە و مەختە، خۆ قاتیو قڕی پەیدا نەبووە، تازە ئەم کارە بۆ من نابێ، باشترە بێژم من پیاوی ئەم کەسپو کارە نیم، دەستم لێی سارد بۆتەوە، ئەگەر ڕاستتدەوێ هەمووشتێکم لەبەرچاو کەوتووە بەم خەڵکەوە، بەدوای ئەم ڕووداوەدا، دڵم لێرە هەڵکەندراوە، حەزناکەم کەس بمبینێ، ئەم شارە بۆ من وەک دۆزەخ وایە! وەختێ ئەم کاولبووەم نەبێ بیرێک بۆ حاڵی خۆم دەکەمەوە.

ـ نا، نا، مەشەدی، من دەزانم تۆ ڕەنجاوی بەڵام خۆ دڵت لەم شارە ڕەش نابێ، تەواوی خەڵک دەزانێ ئەوەی ئەوان کردیان وانەبوو! ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە پاک و پیس لێکناکەنەوە، وەنەبێ لەمشارەدا کەس تۆ نەناسێ، ئەمانەش بەجێخۆی، خۆ تۆ لە پشت تەرازوو نەبوویی، هەمووکەس ئەوە دەزانێ تاوانی تەرازوودار ناچێتە ئەستۆیی خاوەندووکان. زۆرم پێسەیرە تۆ شتێوا دەڵێی، عەللافی و بەقاڵی دەردو زەحمەتی زۆرە، ئەوەڵ و ئاخری قسەکە ئەمەیە کە ئینسان بە کاری خۆیەوە خەریکبێ و ئەوەندە ڕاڕایی نەبێ. نان هەتانەی جوویی ناچێتە خوارێ، دڵ لە دڵ مەدە و بچۆوە سەرکاروبارەکەی خۆت، ژیان و خۆشی تۆش هەر لەوەدایە، بۆچی دڵت لە خەڵک و لەمشارە ڕەش بووە، بۆچی دابڕاوی؟ تۆ بەم خەڵکەوە دەژی، نەک بە دەسەڵاتەوە. لە خودا بگەڕێتەوە، دەسەڵاتدار تەنیا خۆی دەبینێ.

ـ نامەوێ چیدی لێرە وەمێنم، ڕوودەکەمە جێیەکیتر.

ـ جێیەکیتر، وەکوو کوێ؟ تۆ زۆرجار قسەی وادەکەی، ئەدی ئەوانە چیلێدەکەی؟ (مەبەستی ئاسکە و گلارە بوو) ئەوەی دەڵێ ئێرە نەبوو با ئەولابێ، حاجینەبوو با مەولابێ! مەشەدی ئەمە بە من و تۆ ناکرێ، ئەوەی ئەمکارانە دەکا، لە نێوشار و ئاوایی خۆیدا ڕێز و حورمەتێکی نییە، وەک کیسەڵماڵی بە کۆڵییەوەیە، تۆ چۆن شتیوا دەکەی خانوویەک خێزانت هەیە، ئەمانە نان و ئاویان دەوێ، دەزانم تۆ قەت شتیوا ناکەی، خۆ تۆ دەروێش و قەلەندەرنی، قەلەندەریش تۆربێن و کەشکۆڵی دەوێ.

ئاسکە بە تەوسەوە قامکی بۆ هەوێکەی ڕاداشت:

ـ کەشکۆڵەکەی ئامادەیە.

سەی‌میران ڕووی‌کردە میرزا نەبی: تۆ کەی‌بووە قسەی ئەم‌وئەو بە هێند بگری؟! بۆ تۆ پێت‌وایە ئەوانەی لە شار و ژینگەی خۆیانەوە گەیشتوونەتە ئێرە گولی شارانن؟! ئەوانیش لە شوێنی خۆیان میرو مەزنێک بوون، نا، منیش کابرایەکی ئەوەندە بێ‌دەستەوستان نیم، لە نێو لۆکەشدا گەورە نەبووم بەرگەی سەرما و گەرما نەگرم، هیچم لەم خەڵکە کەم و زیاد نییە، ناشبمە قەلەندەر و سەرباری خەڵک، دەستی ژن و منداڵم دەگرم گەسکی لێدەدە و ڕوو دەکەمە شارێکی دیکە، پیاو لە شاری غەریبان درۆزەگەری بێ‌ناوو نیشان بێت باشترە نەک لە شاری خۆی پادشای بێ‌قەدر و قیمەت، ئاو کە لە جێیەک زۆر بمێنێتەوە بۆگەنیو دەبێ، هەر ئەو هاشم‌نانەوای خۆمان، بیست ساڵ لەوەپێش شەریکی من بوو، بێدەنگ و هەرا ئەوەی هەیبوو فرۆشتی و بە نیازی زیارەت قۆڵی ژن و منداڵی گرت و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە، ئێستا لە بازاڕی شاعەبدولعەزیم دووکانی شەم‌فرۆشی هەیە، ژیانێکی خۆشی بۆخۆی پێکەوەناوە، چبگا بە من و تۆ شابەسەپان نازانێ!

ـ ڕەنگە هەر ئەوەبێ وەختێ دەچووم بۆ خۆراسان، ویستم بیبینم پشتی تێ‌کردم، یادی بەخێر بێت، پیاوێکی باش‌بوو، بەڵام هێکجار درۆزن، وەک ژنەڤتوومە کوڕی قازی دادگایە.

ـ بەڵێ هەر ئەو کوڕە چڵکنەی ڕۆژ تاکی ئێوارە لە نێوکەلاوە و تەپو تۆزدا یاری دەکرد و خەو دەیبردەوە، میرزا نەبی تۆ دەزانی بۆچی برکەی کوولەکە زوو، وشک دەبێ؟ لەبەرئەوەیە لە عەرز جوێ نابێتەوە، تێدەگەی؟

میرزا نەبی ئەمجار دەیزانی بەڕاستی میرانی دۆستی بە یەکجاری دڵی ڕەش بووە بۆئەوەی بزە بخاتە سەرلێوی گوتی:

ـ نەکا، دوای بیست ساڵ بەتەمابی بچی بۆلای هاشم و دیسان لەگەڵی شەریک‌بی، یان دەتەوێ ببی بە جیران‌دووکانی؟

میرزا نەبی، وەختێ زانی میران تەواو دەستی لە کار شل بۆتەوە و خەریکە باخ و مڵک و ماشی دەفرۆشی، خەیاڵ هەڵی‌گرت:

ـ لەوانەیە لە شتێ دڵنیابێ بۆیە ئەم کارە دەکا، دەزانێ ئەم خەڵکە چییان لە سەردایە ڕەنگە پووڵ و پارەیەکی هەبێ.

بە چاوێکی وردبینانەوە لە سەی‌میران ڕاما، لە ڕووی ساویلکەیی و بە زمانێکی سۆفی‌گەریانەوە گوتی:

ـ هەروایە، وەختێ خودا ڕۆژیدەرە مار و مێروو لە کەرەمی خۆی بێبەش نەکات، ئەمە ژیانە و هەرکەسە و دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسێ، شەرت ئەوەیە مرۆ ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بە جوانی کەڵکی لێوەربگرێ، ئەشێ توانای ئەمکارەی هەبێ، ئەمەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە ئێمەومانان ئەو هەستان و ڕاسانەی جارانمان نەماوە! گۆڕینی شوغڵ و کار ئەوەندە هاسان نییە، ئەمە نەمامێک نییە بیگوێزییەوە و لە جێیەکیتر بیچەقێنی، قسەی ئەوەم نییە پیاو گیرفانی پڕ بێ، هەڵبەت سەرمایەی مەعنەوی مەزەبە، کارم بەوەنییە، بەڵام وەختێ پووڵ لەگۆڕێدا بوو، هەمووشتێک جێبەجێ دەبێ! تەنانەت گەنجی و جوانیش (بە تەوسەوە تەماشایەکی ئاسکە و کچەکەی کرد هەردووک وەک کۆتر لە پەنای یەکدی دانیشتبوون چاوێکی لێقرتاندن.) خۆ لە قورئاندا نەهاتووە فرزەند هەردەبێ بچێتەوە سەر کەسپو کاری باوکی، تۆ دەڵێی خەڵک بە کۆڕە و لە گوند و شاری خۆیانەوە ڕوو دەکەنە ئێرە، بۆ پارە و نانێک، منیش لەگەڵ قسەی تۆم، نەوەدوو پێنج لە سەتی شاتر و تیریگێڕی ئەم شارە و کرێکاری ئاشەکان خەڵکی مەلایر و تویسرکانن، یانی لە ئیسفەهان و شوێنەکانی دیکەوە هاتوون، کەمتر وایە لە نێو ئەوانەدا خەڵکی سەراو و ئەمشارە ببینی، چەرچی و دێوەرە و فەیتوونئاژوو، سەرلەبەر تورک و ئازەرین، ئەوانەی گڵ و بەرد دەکێشن، کارێزکەنەکان لە دێهاتی ئیسفەهانەوە هاتوون، تارانیگەل زۆرتر لە گاراژ و لەسەر ترومبێل و ماشێن کار دەکەن، ئیتر هەرکەسە و بە لەونێک لەمشارەدا بەبێ منەت دەستی ماندوویی لەسەر زگی تێرە، هەرچەندە دەڵێن کرماشان شارێکی غەریبنەوازە، بەڵام وانییە، ئەوانیش هەر نانەزگییە، قەدیمییەکانی خۆمان دەڵێن: فلانکەس هاتوو پارەیەکی زۆری برد و ڕۆیشت ـ بەڵام من و تۆ لە هەمووکەس باشتر دەزانین، ئەوەی لە زۆرکەس زیرەکترە و پارەیەکی باش وەسەریەک دەنێ، سەرەڕای ئەم دزی و گزیەی کە دەیکا، هەرئەوەندەیە پێیبگاتەوە بەردەروازەی شار و دیاری خۆی، تەنیا ئەوەندە نەبێ وەختێ دەگەڕێنەوە فێربوون تۆزێک بە خۆیاندا ڕابگەن لەوێش دوو ڕۆژ دەمێنەوە، هەمدیسان بە نیازی شارێکیتر ژن و منداڵ وێڵ دەکەن.

میرزا نەبی، لەبەر خوڵکی ئاسکە لەو هاروێیانەی لەسەر دەورییە چینییەکە بوو دانەیەکی هەڵگرت، قەڵەمبڕەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و ملینا لە پاککردنی، درێژیدا بە قسەکانی:

ـ هەر ئەم ئێوارەیە، لە چایخانەکەی ئەحمەد، شێرعەلی و وەلیئەڵلا نادری، سەرو کڵاویان تێکچوو، باربەری وەلیئەڵلا، باری دووکانەکەی بە جێگای ئەوەی ببیا بۆ ئاشی، بردوویە بۆ عەلافخانە و لەوێ فرۆشتبوویەتی، گوێرێژەکەی لەسەر شەقام بەرەڵلا کردووە هەروەک کەچۆی

برادەرت کەس نازانێ لەکوێ خۆی حەشار داوە، لەسەر ئاردەکە شەڕ بوو، وەلیئەڵڵا دەیگوت چیلێبکەم خۆ خەتای من نییە، لەخۆڕا بەرۆکی منت گرتووە، شێرعەلیش دەیگوت، کرێکاری تۆ بووە، بارە ئاردەکەی لە تۆ دەوێ ـ بەتەمابوم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بێم بۆ ئێرە، نێوبژی ئەوانم دەکرد، بۆیە کەوتمە بانگی شێوان، چەند کەسێک لە نانەوا و ئاشەوانەکانیش لەوێ بوون، خولاسە پێکمان هێنان، وامانادانا هەرلایەی سێ بار ئارد زەرەد بکا، تاکوو ئەووەختەی باربەرەکە کار بکات و حیساب پاک ببێ.

سەیمیران سەری بەرز کردەوە، بە سەرسووڕمانەوە سەیری میرزا نەبی کرد:

ـ بۆ باربەرەکە گیراوە؟

ـ نەیانگرتووە، خۆی چۆتە بەردەستیان، بە پێچەوانەی کەچۆی تۆ، ئەو لە بری ئەوەی پووڵی ئاردەکان بنێتە تەنگەی باخەڵی و شار بەجێبێڵێ، لە ماوەی ئەم دە ڕۆژەدا کە خۆی ونگرد بوو، لە ماڵەکانی کۆلانی جەبووری دانیشتبوو، وەختێ پارەکە تەواو دەکا دێتەدەرێ، وەلیئەڵڵا زۆر کوڕانە لە بەردەرگای ئەمباری خۆراک بۆقەتەی ملی دەگرێ، بەڵام فایدەیچی پێموت، زلحۆرتی نەفام، خۆ تۆ دەتتوانی بەم پارەیە ژنێک بۆ خۆت بێنی و خۆت لە دەست ئەم تەنیایی و ڕەبەنییە نەجات بدەی، هەتاکەی ئاوا سەڵت و بێماڵ و حاڵ، گوتی: ئەگەر بمدابایە بە ژن ئێستا چۆن دەمتوانی کار بکەم و پووڵەکە بدەمەوە؟ سەرەڕای ئەم گێلییەی خۆی تەماشام کرد، ئەوەی دەیڵێ تەواو وایە. کرێکاری هەناسەسارد ساڵ دوازدەمانگە دەچەوسێتەوە نانەزکێش ناکەوێ، ئیتر قوڕبەسەرانە ژن و منداڵ بەچی بەخێو بکەن، خۆ ئێمەش هیچمان لەدەست نایات. بە باوەڕی من لەو دنیایەدا هەرکەسە و لە بەختو بەشی خۆی نان دەخوات، بە قەولی شاعیر، ئەگەر کەریم نەیدا بە هەوڵی زۆر نییە. ئەمجاریش ئەگەر باسی خەڵکی لاوەکی ئەمشارە دەکەی، مەشەدی، چاوێکت لەو تووکلێکراوانە بێ ـ لە ئاوپەڕینەوە خراپ نییە، بەڵام نەک بەبێ بوار، وتت بەتەمای کاروبارێکی دیکەی ئەگەرچی بە تەواوی لەگەڵت نیم قەیدی ناکا، خۆ ژیان لەمشارەی خۆماندا وشکاوی نەهاتووە، ئەگەر کەسێک لە شارو ژینگەی خۆی کە جێی باب و باپیرانیەتی نەتوانێ خۆی بەخێو بکا، بە بڕوای من لە شارێکی دیکەش ناتوانێ، من زۆرم پێسەیرە کەسێکی وەکوو تۆ بەمحاڵ و ئەحواڵەوە بۆ دەبێ فکر و خەیاڵی ئاوا لە سەری بدات؟ چیبووە تۆ ئاوا بێزاری بۆ ئەوەندە لەمخەڵکە وەڕەزی؟ دەبێ بە چەئەفسوونێک دڵداریت بدەنەوە و خۆشییەکەی جاران لە ئامێزت بگرێ؟! من هەرچی دەکەم سەر لە کردە و کاری تۆ دەرناهێنم، کێ دەچێ قوماشی خۆی دەفرۆشێ و زەوی خەڵک بە ئیجارە

هەڵدەگرێ؟ کەست دیوە گەنم بە کولێرەی جۆ بگۆڕێتەوە؟! لەم سەفەرەدا چیت دیتووە ئاوا گۆڕاوی؟ نەکا لە شاری قوم سێحر و جادوویان بەسەردا خوێندبێتی؟ هاشم نانەوام بە نموونە بۆ دەهێنییەوە، براکەم، ئەمانەش بۆ خۆیان حیسابێکی دیکەیان هەیە، بۆچی باسی سارابەگ ناکەی، زۆری دیکەش وەکوو ئەو هەن ئەوا بیست ساڵە کەس بە ماڵ و مەسکەنیان نازانێ، ئەوانەی ڕوو لێرە و لەوێ دەکەن و دەبنە خاوەنی سەروەت و سامان بۆ ئێمە نابێ، ئەمە لە دەست من و تۆ نایەت، مەشەدی تۆ دەبوو زۆر زووتر بیرت لەمشتانە کردبایەتەوە، عەیب و ئیراد لە کارو شوغڵەکەت مەگرە، ئێستاش با لێت نەشارمەوە، تۆ خۆت خەتاباری بە دەستی خۆت خۆت عەزاب ئەدەی، سەری نەهێشاو لە پرێسکە دەبەستی، زۆر بە ساکاری لە ژیان دەڕوانی، ڕەنگە قسەکانی منت پێ ناخۆش بێ، بەڵام ئەوەی دەیڵێم تەواو وایە، زۆرم پێناخۆشە ئەم نەدامەتییە بەرۆکی گرتوویی، ئەم گڵ و خۆڵە بۆ لە پارەکە پاییزەوە لەو حەسارەدا بڵاو بۆتەوە؟ قەول نەبوو سەربانەکان ماڵەسواخ بکەی بۆ نەتکردن؟ تەواوی ئەم زستان و بەهارە ئەم حەوشەیە ببووە قوڕەشێل، تۆش هەروەک پیاوی ئەم ماڵە نەبی! دەستت لەسەر دەستت داناوە و خۆت بە خاوەنی ناکەی! بۆچی ئەم زستانە سەری حەوزەکەت نەگرت، تاکوو شکستوبەست هەڵی نەتەکێنێ، بۆ دەبوو میراوی گەڕەک کونێکی تێنەکات و مشوورێکی لێ خوات؟! خۆ تو ئەوەندە بێ دەسەڵات نەبووی، لە کەری شەیتان وەرە خوارێ، واتەی قەدیمە: بۆ دەستەوستان، چ فەرقی هەیە گەرمێن و کوێستان! بە قسەی من بکە لێرە مەبزوو!

ئاسکە لە ژێر لۆی چارشێوەکەوە بۆڵاندی:

ئەی بۆ باسی ئەو کەتیبە و بەردەنووسەی بەرهەیوانەکە ناکەی، وەختێ بەربۆوە شانسمان بوو بەسەر ئەو ژنە دووگیانەدا نەکەوت، بەجارێک ماڵوێران دەبووین! خۆ ئەگەر سەربانەکان سواخ بکرایەن ئەمە بۆچی بەردەبۆوە؟ ئێستاش کە ئێستایە ئەم کابرایە خەمێکی لێ نەخوارد، پیاوێک هەموو خۆشییەکانی لە چاوی دۆمکدا ببینێ، هەردەبێ ژیانی بەبادا بدا، (مەبەستی ئاسکە لەم وشەیە بێ مارەو تەڵاقی هوما بوو لەو ماڵەدا، ئیتر ئەوە گومانی تێدانەبوو سەی میران لە ئەشق و ئەوینی هومادا توابۆوە.)

میرزا نەبی زەردەخەندەکەی خۆی شاردەوە و گوتی:

ـ دەمنیش هەر ئەوە دەڵێم، کاکی برا؛ سەرسارڕدی و گوێ نەدانیش حەد و میزانی هەیە، ئەو تەمبەڵی و شلی و شەوێقییەی بە نامەبارەکی خزاوەتە گیانت، دوور نییە وەک خۆرە جەستت

هەڵتەکێنێ، ئەو فکرەی لە سەری تۆدایە لە خزموکەست دوور دەخاتەوە، پێتوانەبێ کارەکەت زۆر جوان بێ، هەمووکەست بۆ ئەو فڕێ بدەی، ئەو ژنە بۆ تۆ بۆتە دایک و باب، ماڵو منداڵ، هەرچی هەتەو نیتە بۆتە ئەم ژنە! لە بیرتە ئەورۆژەی بە یەکەوە بە ڕێگای کانیچەرموودا دەهاتین چمپێ گوتی؟ بەڵێ سەلام لە ئەقڵت کاکی خۆم! پێتوابوو من ئەوم نەدیبوو نەمدەناسی؟ لە تۆ وابوو کەس پێیخۆش نەبوو دەست بۆ کاری خێر درێژ بکا؟ مەشەدی، بۆنی گوڵ بە گوڵاویدا مەعلوم دەکا. ئەو ئەگەر باشبوایە ماڵ و حاڵی لە خۆی تێکنەئەدا و منداڵی بەجێ نەدەهێشت، ماڵەکەت چوو، بە گفتی خۆت، دارو نەدار و حەیاو حورمەت و دینو ئیمان و ئەوەی هەتبوو لە دەستت بۆوە، خزموکەس، دۆست و هاوڕێ تەواوی لێت دوور کەوتنەوە، بە دەستی خۆت، خۆت دزێو کرد، ئێستاش هەر ئەوەت ماوە ئەم منداڵانە ئاوارە و لێقەوماو بکەی! پەڕەوازەی شاران بن؟ من هەرگیز ناڵێم ئەو ژنە تەڵاق بدە یان ڕایبگرە، هەرکەسە و لە ژیانی خۆیدا موختارە چیهەڵدەبژێرێ، لەوانەیە ئەوە قسمەت و نسیبی ئێوە بێ هەتاکوو مردن وەک لفەودووانە بە یەکەوە دوراوبێتن، بەڵام دۆستایەتی من لەگەڵ تۆ ئەم ئیزنەم دەداتێ، ڕێت لێبگرم لەوەزیاتر ئەم ماڵو منداڵە تووشی چارەڕەشی و نەهامەتی نەکەی، تاوانی ئەوان چییە، تۆ عاشق و دڵدۆڕاوی، کەسی کاکی، خوا پێتبێڵێ کەس ماڵو منداڵی تۆی نییە، پشتیان تێمەکە، بەخوا خێر و خۆشی لە خۆت نابینی!

دوایئەوەی تووشی ئەم گشتە زەرەد و زیانە هاتی کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێموبالاتی خۆت، لەباتی ئەوەی سەرت لە بەردی ئەلحەد بکەوێ و وەخۆت بێیەوە، خراپتر بوویی، من نازانم هیوابڕاو و دڵساردی یان گێژ و سەرلێشێواوی، دەتەوێ دەست بۆ کاری سەیر و سەمەرە بەری، هەر لە خۆت دەپرسم، تۆخودا، مرۆڤی ژیر، بە دەستی خۆی ئاور دەنێ بە خەرمانی خۆیەوە، وەک تۆ ناوتە؟ تا ئێستا هیچ کەسکێت دیتووە کاری وابکا، وەک تۆ خەریکی دەیکەی؟ وامەکە لەخۆت ڕۆژێک بدەی بە ئەژنۆیی خۆتدا و بڵێی «ئاورم بەردا لە خەرمانم، دەنکێ نەما بۆ دەرمانم.»

سەیمیران مات و پەرێشان سەری لە کۆشی خۆی نابوو، ڕووی بۆلای ڕووناکایی دەرێ وەرسووڕاند و گوتی:

ـ پیاو وەختێ هیچ چارەیەکی نەمێنێ لەوانەیە پەنا بەرێت بۆ خۆکوشتن، تازە من تەواو بووم، میرزا نەبی، ئیتر بۆچی بژیم! تازە من لەوەی دەرچووم کە بە هیوای ژیانبم!

میرزا نەبی تەماشایەکی چاوە وشک و بێهێزەکانی میرانی کرد، خەمێکی خەست تێیدا پەنگی خواردبۆوە، لێیخورد بۆوە و لێیپرسی:

ـ من نازانم، تۆ قەرزداری؟

ـ زۆر کەم، هەزار و پێنسەت تمەن، بە تمەنی دوو عەباسی!

ـ بە دوای باخ و زەویەکاندا وایە؟ لە کێت وەرگرتووە، چت لە بارمتەدا داناوە؟

ئاسکە بە واقوڕمان و ڕقەوە سەیری مێردەکەی دەکرد، سەیمیران لە وەلامدا گوتی:

ـ بە موحسین‌خانی سەرڕاف قەرزدارم، قەباڵەی ماڵەکەم بارمتەیە!

نە دەنگ لە میرزا نەبی هات و نە لە سەیمیران. میرزا نەبی بە نیگەرانییەوە دووکەڵی جگەرەی شنۆیی بە ژوورەکەدا بڵاو کردەوە، خەیاڵ هەڵیگرت، ئاسکە دڵکەیلی خەم و پەژارە لە بنلێوەوە بۆلاندی:

ـ نەمگوت بۆ گورچیلەیەک گایەکی مندار کردۆتەوە، ماڵەکەی بارمتەی قەرز و قوڵەیە؟! تۆ خولیای ئەوینی نازدارەکەتی و بەزەییت بە ماڵو منداڵەکانتدا نایەت؟!

گڕی چرالامپاکە با- یەکی کتوپڕ یەکدوو کەڕەت پتەپتی وێخست، بەلام نەکووژایەوە، ئەمە بە باوەڕی ئاسکە بەلایەک بوو، یان دایکی هەموو بەلایەک بوو، وەکئەوەی تازە وەبیری هاتبێتەوە گوتی:

ـ ئەی کەنارەکان، دوێنێ و پێرێ دات بە کۆڵی حەمباڵدا بۆکوێت بردن؟ ئەوانەشت کردۆتە بارمتە؟

سەیمیران بەدەم بێزارییەوە ددانی وەدەرخست:

ـ نا، ئەمەش هەر هی ئەمپیاوەیە، واحەفتا تەمەنم لێوەرگرتووە، قەرارە ئەمشەو سێ تمەنی دیکەم بۆ بێنێ و قەباڵەکە وەربگرێ!

ـ بۆ هەزار و پێنسەت تمەن قەباڵەی ماڵەکە بەس نەبوو، فەرش و مافوورەشی گەرەکە؟!

سەیمیران، جوابی نەداوە، بیژەن و مەهدی بەدەم یاریکردنەوە بە پلیکانی هەیوانەکەدا دەهاتنە سەرێ، وەختێ زانیان بابیان لەگەڵ میوانەکە لە ژوورێیە، بەرۆکی یەکدییان بەردا، بیژەن لە خۆشی میوە سەلامی لە بیر چوو، بە بزەیەکی بێشەرمانەوە خۆی کرد بە ژووریدا، لە تەنیشت دایکی دانیشت و قاچە چڵکنەکانی لە ژێر خۆیدا شاردەوە! سەری بردە بنگوێچکەی دایکی و گوتی:

ـ شەمشەمەکوێرە هاتبوو بابم ببینێ، مەهدی بە درۆ گوتی لە ماڵ نییە چووە بۆ سەفەر، ئەویش گەڕایەوە.

ئاسکە خۆی تووڕە کرد:

ـ بۆچی فێری درۆ بوون؟! ئێوەش کاری وادەکەن؟ زۆر شەرمە بۆ ئێوە!

رووی کردە سەیمیران:

ـ وادیارە ئەم کابرا کوورە هاتبوو، پێیوابووە تۆ لە ماڵێ نیت گەڕاوەتەوە، قەرارە ئەو پووڵت بۆ بێنێ؟

میرزا نەبی گرێیەکی خستە سەرئەبرۆکانی:

ـ پشتکوور کێیە، نۆکەرەکەی موحسینخان؟ بیژەن بچۆ بانگیبکە، با بێتە ژووریٚ، مەشەدی کێ موحسینخانی بە تۆ ناساند؟ لەوت پیاوی بەویژدان و بەئینسافتر پەیدا نەکرد؟!

تەقوکوتی وەکازی ئەم پیاوە نوقسانە بەسەر سنگچنی حەسارەکەوە گەیشتە ژووریٚ. دەتگوت خۆشی لەم بەژن و باڵایەی خۆی بێزارە، شەوانە نەبێ لە ماڵ دەرنەدەکەوت، سەری هەر بەقەی تۆپەوانەیەک دەبوو بەسەر ملی باریکییەوە! وشک و بێجووڵە! ڕدێنی تاشیبوو دەمووچەنەی ڕەقەڵ و بێگۆشت. گۆیا هێزی دەمەتەقەی نییە و نەبووە ئاخۆم پیر بوو یان گەنج؟ ئەویش وەکوو خەڵکیتر هەستی بە بوونی خۆی دەکرد؟ کەس نەبوو ئەمە بزانێ، بەر لەوەی لەبەر بێڵایە وەدەربکەوێ، میرزا نەبی دەتگوت سەتساڵە دەیناسێ و شەڕە پارووی لەگەڵ کردووە، بە دەنگێکی بەرز گازی کرد:

ـ بۆچی هاتوویی کازم، پارەت هێناوە بچۆ بە ئاغات بێژە لازمی نەبوو، ئەو حەفتا تمەنەش سبەی بە کاری دێت!

کابرا گۆج و چەوێڵ بێئەوەی خۆی نیشان بدات، بە ڕێگای خۆیدا گەڕایەوە. دەنگی گاڵتەپێکردنی منداڵان لە کۆڵانەکەوە دەهات، وادیاربوو کەوتبوونە شوێنی، میرزا نەبی بەمکارە زۆر قەڵس بوو، لە بنلێوەوە، زۆری قسەی ناخۆش بەسەرڕاف و ئەم چەوت و چەوێڵەی نۆکەری گوت، پرسی:

ـ ئەم حەفتا تمەنەشت هەر بەمحیسابە وەرگرتووە؟

ـ نا، وامانقەرار داناوە، ئەو پارەیەی کە داویەتی بە من، تا قەباڵەکەی وەرنەگرتووە هەرتمەنێک دە شایی و دوای ئەوەی چەندی وەگرت تمەنی دوو عەبباسی وەربگرێ.

ـ خەرجی سەفت و دەفتەرخانە لە زیمەی هەردوولایە؟

ـ خەرجی سەفت و زەمانەت و دەستەبەری و پەشیمانی لە زیمەی منە!

ـ دەیباشە، ماڵئاوەدان!کێ کاری ئاوا دەکا ـ خۆ تۆ منداڵنی هیچ نەزانی، بۆ بە یەکجاری ماڵی خۆت ئاور دەدەی. بەمجۆرەی تۆ دەڕۆیە پێشێ وا نابێ، بۆ دار و نەدارت لە گای تۆڕ ناوە؟ ئەمە ڕاکردنێکی کوێرانەیە، ئەگەر کوڕی نۆح بی و بگەیتە سەرترۆپکی چیا، دڵنیابە گیان دەرنابەی و دەخنکێی، ئەوەندەی سەردێنم و دەبەم بەخوا نازانم چبکەم و چیبڵێم! ئاسکەخاتوون، ئەمە چ نەهامەتییەکە ئاوقای مێردەکەت بووە؟! ئەی تۆ، تۆ ـ ژنی ئاقڵ بۆ دەتهێشت ئەمپیاوە ئاوا خۆی ماڵوێران بکا؟ بۆ ڕێگەتداوە دەستی بە قەرز و قۆڵە فێربێ؟ بۆ تۆ نەتدەزانی قەرز وەرگرتن یانی دەردو بەڵا، سوتو سەلەم یانی ئاور، یانی خۆرەی ماڵو منداڵ، بۆ زووتر بە منت نەگوت؟!

ئاسکەی هەناسەسارد، زێدەتر چارشێوی هێنا نێوچاوی و لەبن لێوەوە گوتی:

ـ ئەمن، مەشەدی نەبی، جا بۆ من چکارەم تاکوو ئیختیارم هەبێ؟! بە گیانی سەعدەدیننا بە گیانی بارام و بیژەن لەم حەفتا تمەنە زیاتر خەبەری هیچی دیکەم نییە، قەرزی چی و فەڕزی چی؟! نەمزانیوە کەی وەریگرتووە و کێ پێیداوە، ناشزانم بۆچی بووە؟ ئەمەشیان ئەگەر بمتوانیبایە نەمدەهێشت، خۆ منیش هیچم نەماوە بۆی بفرۆشم و بیکەمە دەستییەوە، ملوانکەی دەمەناتیم لە دەست بۆوە، گوڵ و گوارەکەشم تەواو بوون، پاشەکەوتی چەند ساڵەم کردە دەستی و تەواو بوو، کەمم گۆرەوی و کڵاش چنی، ئاوی چاوم داهات، بۆ ڕۆژی موبادا هەڵمگرتبوون، هەر بە گفتەکەی خۆت ئەو ژنەی ساڵان سندووقێک پارەی هەبوو، ئێستا بۆ پەناباتێک ئامانلەرزانەیەتی! بەو مەشەدەی زیارەتت کردووە قفڵەکەیت گرتووە، سوێند بە شاچرا، لە ڕەش و سپی ئەوەی لەو ماڵەدا هەبێ پێنج تمەن شک دەبەم، ئەمەش هی سوخمە کوردییەکەی خۆمە. ئەگەر بۆ نەزری مەهدی نەبوایە، زۆر لەمێژ بوو ئەمەش تەواو ببوو، ئەوە دارو نەداری ئاسکەە لەم ماڵەدا، مەشەدی، ژنێکی هەناسەسارد و بێدەسەڵاتی وەک من، چی لەدەستدێ وەختێ ئەو پێی عەیبە بمدوێنێ ساڵێ جارێک دەرگای ئەم ژوورە ناکاتەوە بزانێ ماوین، مردووین. ئێمەش کەسێکین لەو ماڵەدا، من بە چیدا بزانم ئەو خەریکی چییە؟ سەد شوکر بە جیرانەکان ئەوەندە دەزانم شەو و ڕۆژ سەری لەسەر ڕانی هومای خۆیەتی، ئەگەر تاوێک لە ماڵ بچێتە دەرێ، ئەوەبزانە دڵبەرەکەی بردووە بۆ گەشت و سەیران، ڕۆژێک لە

قومە و ڕۆژێک لە باخ و بێستان! دەڵێی لەگەڵ جندو پەری زەماوەندی کردووە نەک لەتەک ئینسان، ئەفسوون و جادوویی ئەمپەیتارەیە ئەشق و ئارەزوو بە ژیان، حورمەت و کەرامەت، ویژدان و گەورەیی ئەوی قوتداوە، وەختێ ئەمانە دەبینێ (ئاماژەی بۆ منداڵەکان کرد) ڕووی وەردەگێڕێ. هەروەکئەوەی عەولادی ئەویش نەبن، بەیانی و بەیانی وەختێ دەچن پووڵگیرفانی ڕۆژانەیان وەربگرن لە بەردەرگای ژووری ئەم ژنەتیوە چاوی دەقووچێنێ و پووڵەکەیان بۆ فڕێ دەدا! دەرگای دلۆڤانی لەسەر ئەم منداڵانەش هەڵپێکاوە هەتا ئەم بابانوێرانە نەهاتبوو، مەهدی لە باوەش دەکرد و دەیبردە بەرتاقەکە، دانە دانە بلوور و ئیستیکانی پاریسی بەر دەداوە و ئەمیش قاقا پێیپێدەکەنی، هەر بۆی گرینگ نەبوو دەنکی دەشایی پێداوە، بەڵام من چبکەم بە کێ بێژم مەشەدی نەبێ، منداڵەکانم لە پاییزەوە تاکوو ئێستا تەنیا جارێک لەگەڵ بابیان چوون بۆ حەمام، خۆ تازە مەهدی گەورە بووە ناتوانم لەتەک خۆمدا بیبەم بۆ گەرماوی ژنان. منداڵی دە پازدە ساڵان چۆن بە تەنیا بنێرم بۆ حەمام؟ ئەمانە هەتیوی بابزیندوون! باسی چیئەوت بۆ بکەم، زۆرم وەرهەم لە زگدایە باسی ئەو دەردانەی ژنەکەی پێیداوم یان ئەمهەموو بێحورمەتییەی کە ئەو پێیکردووم باسی چیت بۆ بکەم؟! لەچی بدوێم؟ جا بۆ دەوێرم بیدوێنم؟ تا من دەبینێ، دەڵێی بیباری خواردووە، خۆ تۆ دەیناسی، کەی جاران وا بوو؟ لە خەرجکردن و پێدادان و دەستپێوەنەگرتنی، کەوا گەسکی لەماڵدا؟! ئەم ژنە لەسەر ساجی عەلی دانا ـ باسی چیت بۆ بکەم، باسی کارە جوانەکانی؟! لەو ماڵەدا، مەشەدی نەبێ، بوومەتە کەڵەشێری مەلا، دەخوێنم دەڵێن ناوەختە، ناخوێنم سەرم دەبڕن! جوانیم لە پێناوی ئەودا تەواو کرد و ئێستاش بوومەتە قوربانی منداڵەکانم! ناوێرم بڵێم لەل لە دەمم دەدا، هەر ئەوەم بۆماوە دەست لە ئەژنۆیانم هەڵپێکم و بۆ بەخت و چارەنووسی خۆم ڕۆندک هەڵوەرێنم، ئەم بایەقووشەی لەسەر دیواری ئێمە هێلانەی کرد، مەشەدی نەبی، ماڵوێرانی کردین، شوومی ئەو منداڵەکانمی گرتەوە، چەپکێ قوڕیدا بەسەری مندا! هاوار خودایە، ئوهوو ئوهوو ئوهوو!

ئاسکە زوو گریانەکەی بڕییەوە، میرزا نەبی بەمدیمەنە دڵی تەزیبوو، پاش تاوێک بێدەنگی گوتی:

ـ تازە ئەوەی بووە بووە، شایەت سەیمیران دوای ئەمهەموو زەرد و زیانە بە برینی خۆی زانیبێ و لەمەودوا بگەڕێتەوە سەر بارودۆخی ژیانی و بە خۆی و ماڵوحاڵی ڕابگا، تاوانی ئەم

منداڵانە چییە تووشی ئەمهەموو عەزاب و هەناسەساردییە ببن، ئەمانە لە نازو نێعمەتدا گەورە بوون، بەرگەی ئەوهەموو دەردە ناگرن، بۆ قەرزەکانیش خوا کەریمە و دەهەندە، خۆم شەوەکی وەدووی ئازادکردنی کەنارەکان دەکەوم، با چیدی لە بارمتەدا نەبن.دەرگای دووکانیش دەکەمەوە، خۆی بچێ کاروباری تەرازوودادری بگرێتە ئەستۆ، ئیتر تا ئێرە هاتووە بەسە، ئەم هەڵات هەڵاتەی ئەرزاق و ئەملاوئەولا بە من بسپێرە، بابزانم، لەگەڵ ئەم منالّە لاسارە چیدەکەم، جارێ دەبێ بڕۆم، چەند کارێکی بەپەلەم هەیە، یەک لە یەک گرینگتر، خانعەلی پیرەش، چەند ڕۆژێک بوو دووکانی داخرابوو، وەک بزانم تازە دەستیکردووە بە سەرداری برژاندن! نانەواکان دەیانگوت، گۆیا قەڵس بووە و تۆراوە، دەبێ بیگێڕینەوە بۆسەر کارەکەی خۆی.

میرزا نەبی، بۆ چەند ساتێک وەکئەوەی قسەی نەمابێ، ماتو بێدەنگ بوو، ئیتر هەستا سەرپێ، ئاسکە داماوانە گوتی:

ـ خودا ڕاوەستاوتکا یارەبی، هەر تۆمان بۆ بهێڵێ، یاخوا کوڕت نەمرێ! ئاقڵان دەڵێن: کۆشکی ژیان چۆن هەرەس دێنێ وەختێ بەردی بناغەی لە سەر ئەوین و خۆشەویستی ڕۆنرابێ.

چاوەکانی پڕبوون لە دڵۆڤانی و ئەمەکداری بە هێمنی پێلووی لەسەریەک داناو ئەسرینەکانی کەوتنە سەرچارشێوەکەی، تۆ بڵێی ئەم پیاوە، هەور و هەڵای سەر ئەم ماڵە ڕابدات و خێر و خۆشی بۆ ئەم ژن و منداڵە بگێڕێتەوە و ئەم سەیدەش بخاتەوە سەرڕێگای ڕاست؟

# بەشی هەژدەهەم

هاوین بە شل‌وملی وەک کیسەڵی ماندوو هەنگاوی دەنا، هەتاوی مانگی خەرمانان مێشکی مرۆڤی قاڵ دەکرد، سەبوونی تاقەت‌پڕووکێن وەک شەپڵاخەی زۆرداران ئاوری لە لاڕوومەتی بەش‌مەینەتان دەکردەوە و ئاوی لە چاو دەهێنا دەرێ، هەناسە بە زەحمەت دەهات و دەچوو، زیندوو ئاواتی بە مەرگی خۆی دەخوازی! تیریژی خۆر لەوپەڕی پەڕپەڕۆکەوە زەوی کردبووە ئامانج و بە تاوانی بێ‌تاوانی دەیسووتاند! دارو دیوار بڵێسە و تینی لەسەر هەڵدەستا، سنگی شەقام وەک لێوی بارگرتووی هەژار و ئەویندارانی شەقار شەقار ببوو، ئاسمان ترساو و وشک و ناخۆش، وریشە و بریقە و ڕووناکی لەوپەڕی دابوو، شنەو سروەی شەماڵ شەرمێون، گەرما وەک ڕۆحی شەیتان حازر و ئامادە بوو لە دەر و ژووردا، کۆترەکانی ژێر سێبەری شیروانی‌گەلی شەقام لەمێژ بوو لە هێلانەی خۆیان تۆرابوون، ملوچک و پاساری پەیتا پەیتا جووکە و جریوەیان دەهات بەڵام کەس نەبوو گوێیان لێ‌بگرێ، شار لەژێر چۆکی سەبوون و گەرمادا کەوتبووە ئاویلکە و بێ‌هەواڵی لە خولی گەردوون لە گیانەڵڵادا بوو.

سەی‌میران سەراوی کراس و پاتۆڵی کوردی لەبەردا، بە سەری ڕووت لە پشت تەرازووی دووکان ڕاوەستابوو، ماوەیەک بوو بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، نان زۆر بوو ئەمەش ببووە هۆیی دڵنیابوونی خەڵک، وادیاربوو بە بۆنەی توورەیی خەڵک کاربەدەستانی پارێزگا بەڵێنیان دابوو چیدی ڕێگە نەدەن گەنم و ڕۆن لە شار بچێتە دەرێ بۆ شارەکانی‌تر! جارێ هیچ ڕووی نەدابوو، شارەداری خەریکی هەڵگرتنەوەی ئەو کەسانە بوو کە لە برسان دەمرن، ئەو خەڵکەی دوکتۆر و حەکیمیان بێ‌ژیریار و فەرهەنگ و تەختی حەسانەوەیان بێ‌کاری و برسێتی بوو، پۆل پۆل لەبەر ئازار و نەخۆشی دەمردن. بە هیوای نەخۆشخانەیەک سەریان دەناوە کە دوو ساڵ لەمەوبەر قەول و بەڵێنیان دابوو بیناکەی هەڵبچنن، شارێکی نەوەد هەزارکەسی، لە بەرەبەری شەڕێکی ماڵوێرانکەردا تەنیا نەخۆشخانەیەکی بچووکی تایبەتی شک دەبرد، ئەمەش بە بەژن و باڵای ئەمریکاییەکان بڕابوو بۆ هەمووکەس نەدەبوو،

بەتایبەت بۆ فەقیر و هەژار، ئەمانە قسەو باسی سەی‌میران بوو لەگەڵ پیرەمێردێکی باوەعەمرەی نێرەمووکدا، کە پاڵی دابوو بە لاشانی دووکانەوە و ڕاوەستابوو ئاخری لە دەخیلەکەدا پێنج تمەنی دەرهێنا و نایە مشتی پیرەمێردەوە و گوتی:

- سەلامم بگەیەنە بە ڕازیەخاتوون، پێی‌بڵێ دەست ڕابگرێ و سەبر بکا، ئەم چەند ڕۆژە ڕابوەستێ، پەلە نەکا، دنیا خەراپ نابێ، پازدە شتێ زیاد و شتێ کەمە من ئەو دووکانەم بە دەستەوەیە، نەم‌هێشتووە تەنیا جارێک کرێی مانگانەکەی دوابکەوێ، ئەوە یەک- دوو مانگێکە، بارودۆخەکە باش نییە و بۆ منیش چۆن خراپە ئاوایە، ئەویش پێی لێ لە کەوش کردووم و خەریکە منی ئاشنای چەندین ساڵەی بە کرێنشینێکی دیکە دەگۆڕێتەوە، ئەوە وەک چیرۆکی شێرو گوێرێژەکە وایە کە بەتەما بوون لە ڕووبارەکە وەپەڕن، من قەتم ئاوا تێرانەدەدی، دوو-سێ ڕۆژێک سەبرم لێ‌بگرێ، دوو سێ ڕۆژێک پەلەم لێ‌نەکا، هەر پارەم بێتەدەست دێمە خزمەتی و بۆی‌دەهێنم، بۆ زۆر و کەمی ئێجارەکەش قسەیەکی لێ‌دەکەین، بۆ هەر بابەتێک دڵنیابێ لە من، ئەگەر لە نانی شەوی مناڵەکان بگێڕمەوە ناهێڵم کرێی دووکانەکەی دوابکەوێ، ئێتر گەرەک‌نییە بۆ ماڵی دنیا دۆستی قەدیمی بڕەنجێنێ، هیچ ترسی نەبێ، چشتێک نەقەوماوە.

پیرەمێرد، پووڵەکەی لە باخەڵی‌نا و دوور کەوتەوە، سەی‌میران لە بن‌لێوەوە بۆڵاندی:

- چەندە سەیرە، خەڵکی ئەم‌ڕۆژگارە بۆ ئاوایان لێهاتووە؟ هەموو بوون بە گورگ هەر ئەوەندە زانییان مەڕێک لە مێگەڵ دواکەوتووە خێرا دەوری دەدەن، ورگی بدڕن! زۆری دیکەشمان هەیە بە هانای لێ‌قەوماو و داماوانەوە دێن وەکوو فریشتەکان دەستی کەوتووان دەگرن بەبێ ئەوەی بییان‌بینی، کەس نازانێ چۆن دەبێ چاکەی ئەوانە بدەنەوە.

سەیرەکە ئەوەبوو، لەو ڕۆژانەی کۆتاییدا کە دەبوو دەرگای دووکانەکە بکرێتەوە، یەکێ لە ئاشەوانەکان زۆر پیاوانە، بەبێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکا بە بێ‌دەنگی شەش بار ئاردی ناردبوو، کردبوویانە کەندووەکەی دووکان و ڕۆیشتبوون، سەی‌میران دەیزانی جگە لە میرزا نەبی کەسێکی‌تر ئەم‌کارەی نەکردووە.

چەند ڕۆژێک دەبوو دووکانێکی خاسەپەزی، یان نانی‌تایبەتی لە شانی کۆڵانەکە ڕووبەرووی خیابان کرابۆوە، بە نابەدڵی تەماشایەکی کرد و ڕووی گرژ کرد و نێوچاوی تێک‌نا، ئەم دووکانە هەرچەندە کولێرە و کەلانەی بۆ ماڵان دەکرد، بەڵام داهاتی نان‌سەنگەکی نێوبازاڕی هێنابووە خوارێ، دوای ئەوەی نانەواکەی خستەوەکار و خۆی مشتەری بەرێ

دەکرد، مشتەرییەکانی جاران کەمتر توخنی دەکەوتن و نان‌سەنگەکییان لێدەکڕی، سەرو سڵاوی دۆست و ئاشنا بتەوێ و نەتەوێ لەو بەردووکانەوە کەم ببۆوە، ئەم بێویژدانی هیچو پووچە، بە کوتە کاغەزێکی ڕەش حەیاو حورمەتی چەندساڵەی دووکان و خاوەن‌دووکانی دابەزاند. وایلێهات بە حاڵەحاڵ بەشی کرێی مانگانەکەی لێ‌پەیدا دەکرد، کەچی هەر ئەم دووکانە بوو، جاران عالەمێکی بە خۆیەوە نان‌دەدا و بەخێوی دەکردن، سەی‌میران لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ئەمە تازە سەری خاوەنی دەخوات، سەربڕینی لە هەمووشتێک باشترە.

ماوەیەک‌بوو دەنگی تەپڵو مۆسیقا دەهات، وردە وردە لە شەقامەکەوە نزیک دەبۆوە، خەڵک بە پەرۆشەوە هاتبوونە دەرێ و لەسەر بانیژە و بەرپەنجەرە چاوەڕوان مابوون. تەنانەت ئەو پیرێژنەی بۆ نانی نیوەڕۆی خێزانەکەی خەریکی هەویرشێلان بوو، سەری هێنابووە دەرێ و بۆلای دەنگەکەی دەڕوانی، لەبەر پێی سەوزەمەیدانەوە، کە لە تەواوی تەمەنیدا قەت سەوزەی بە خۆیەوە نەدیبوو لە زبڵو زاڵ بەولاوە، هەروەک دەڵێن کوێر بوو کەچی ناویان نابوو عەینەلی، دەستەی دەهۆڵکوت و زوڕناژەنان لە ڕێگەیەکی دوورەوە دەهاتن و منداڵگەلێکی زۆریش بۆ بەڕێ‌کردنیان وەدوویان کەوتبوون، وەک شەپۆلی بەتاو بەدوای یەکدا دەهاتن، ئەوانە هێزێکی چەکداری بوون کە لە ناوەندی پایتەختەوە ڕەوانە کرابوون. ئەگەرچی سێبەری ماندوویی لەسەر تەوێڵیان نەڕەوی بوو، بەڵام پتەوو غلوور هەنگاویان دەنا و تەپوو تۆزیان دەکرد بە بەرۆکی ئاسماندا، خەڵکی شار و بازاڕ ئەگەرچی بە شەوق و زەوقەوە هاتبوونە تەماشا و لە پێشوازییاندا بوون بەڵام نەیاندەزانی چۆن هەستی خۆیان دەرببڕن، سڕو سەرگەردان سەیریان دەکردن، وەک‌ئەوەی ئەم گشتە ڕاهێنان و مەشقەی لە زەمانی سوڵح‌دا هەموو حەوتوویەک پێیان‌دەدان لە بیر چووبوونەوە، ئەم پرسەش بۆ هۆگرانی ئەو بێجگە لە سەرسووڕمان ببووە هۆی نیگەرانی و دوودڵی، ئەم دڕدۆنگییە کەلێنی خستبووە نێوان خەڵک و هێزی چەکداری حکوومەتەوە، تەنانەت ئەمە لە چاوی پیرێژنێکی گوندنشین بەدوور و شاراوە نەبوو، کە ئەمەش نیشتمان‌دۆستانی ئازار دەدا.

کاتێک دەنگی مووزیک و زرمەی پۆستاڵ بە یەکجاری دوور کەوتەوە ئاخرین کەس لە هێزی فەوجەکە بە سوارو پیادە و تۆپخانەوە لە چاو ون‌بوون، کوڕێکی مێرمنداڵی کاسپکار،

پاڵیدابوو بە لاشیپانەی دەرگای دووکانی سەنگەکییەوە، ڕوویکردە خاوەندووکان و پیاوێکیتر کە ئەوانیش لەوێ وێستابوون لێیپرسین:

ـ ئاخۆم هەروەک دەڵێن لە وڵاتان شەڕە؟

سەیمیران تاقەتی نەبوو بەمپرسیارە وەڵام بداتەوە، هەر دەتگوت هۆش و بیری لە جێیەکی دیکەیە، گوێچکەی بەم هەراو هوریایە کپ ببوو ئەم دیمەنەش پەردەیەکی دابوو بەسەر چاوەیدا، لە گێژاوی تەنیایی خۆیدا وەک ئاوبردوویەک پەلەقاژەی دەکرد، خۆ ئەگەر شەڕو هەرایەک لەگۆڕێدا بوو ئەوا دڵی ئەو لە مێژ بوو گۆڕەپان و شەڕگە بوو، هەروەک لە مەجنوونیان پرسی حەق بە عەلییە یان مەعاوییە، ووتی بە لەیلایە! ئەویش بیر و هۆشی لەکن لەیلی بوو، ئەو ڕۆژەی ئەو لێیدەترسا وردە وردە نزیک دەبۆوە، ئەگەر تۆزێکیتر ئەم ئازار و بیرە بیرەیە تەنگی پێهەڵچنیبایە ناچاربوو واز بێنێ لە دووکانداری و نانفرۆشتن بۆ ماوەیەک یان بۆ هەمیشە زۆر لەوەدەچوو ئەم شارە بەجێ بهێڵێ، دوور نەبوو فکری تاران لە سەری دابێ، چونکە هەروەک نەهەنگ و دەریا هەمووشتێکی تێدا بزر دەبوو، شاری بچووک داڵدەی غەوارە و لێقەوماوان نادا، ئەوەی پەڕیوەی هەندەران دەبێ ئەشێ شاری گەورە و قەرەباڵغ هەڵبژێرێ، هەروەک دەڵێن ئەگەر خۆڵت کرد بەسەر خۆتدا لە کۆگای گەورە بیکە. بۆئەو بڕیارەی لە هیچشتێ سڵی نەدەکرد، لەوێندەری دۆست و هاوڕێیەکی باشی هەبوو، مەنشوور و جێیمتمانە، پیاوێکی بەئەزموون و دڵۆڤان، خۆمانە و حەیابەخۆ و غەریبگر و سەروخوڵکخۆش و چاکەی لەبەرچاو بوو. ئەم هاوڕێیە نەک هاشم شەریکە کۆنەی زوو، بەڵکە حاجی لەتیف خەبازباشی بوو، ئەم پیاوە ماڵی لە تاران بوو، خاوەنی ژیانێکی ڕاحەت و تێرو تەسەل، ساحەبی چەند کوڕی بەژن و ماڵ و تەباو ڕەبا، حاجی ئەوەندەی دەچوو بۆ کەربەلا، یان وەختێ لە حەج دەگەڕایەوە لە هەردوو سەردا چەند شەوێک لە کرماشان لایدەدا بۆ پشوودان و حەسانەوە میوانی ئەم دەبوو. زۆرجار قەرار و بڕیەیان دانابوو لەمەڕ کڕینی گەنم و نۆکەوە، لە کرماشانەوە بۆ تاران. بەڵام هەرگیز جێبەجێیان نەکردبوو، سەیمیران لەمسەفەرەی دوایەدا، وەختێ لە زیارەتی مەشەد گەڕایەوە، شەوێک لەگەڵ تەواوی دۆست و هاوسەفەرانیدا لە گەڕەکی پامنار، بۆ شێو لە ماڵی حاجی میوان بوون، ئەم سفرەو خوانەی بۆ ئەوان ڕازابۆوە قەت لە بیر ناچێتەوە، وەختێ چوون بۆ ئەم میوانییە لەبەر مزگەوتی سپاسالارەوە، هەتا پامنار و سەرچاوە، تەنیا دوو شەقاو ڕێگایە، کەچی ئەو میوانەکانی سواری

فەیتوون کرد و فەیتوون ئاژووت دەورێکی باشی بە نێوشاردا گێڕابوون و ئینجا لە ماڵی حاجی دایبەزاندبووون، هەر بۆئەوەی ببێ بە بیرەوەرییەکی خۆش بۆ ئەوان. تۆ بڵێی ئەم پیاوە بەم دەزگاو دەسەڵاتەوە کە هەیبوو، سێ کرێکار و بەردەستی خۆی ناربووە حەج، لە دەستی نەدەهات لە تاران دەستی ئەم بگرێ و یارمەتی بدات؟ بە دڵنیاییەوە دیتوانی و سەرسارديشی لەگەڵ نەدەکرد، ئەویش بۆ پیاوێکی هێندە دەستو دڵاوا، ئەم کەسانە مرۆڤێکی بەوەج و هەڵکەوتەن، دنیا زۆر گەورەتر دەبینن لەوەی کە هەیە، تەنیا کێشەیەک کە لەگۆڕێدا بوو، ئەوەبوو سەی‌میران هێندە ڕاڕایی بوو، نەیدەتوانی بڕیار بدا و هەستێ بڕوات، بەتەنێ بچێ یان بە ماڵ و خێزانەوە؟ ئاخۆم پێش‌ئەوەی لە شارێکی یەک‌ملوێن کەسیدا کارو کەسپێکی باش بۆخۆی وەدۆزێ دەکرا ئەم ژن و منداڵانە بداتە شوێن خۆی؟ مەبەست لە ژن و منداڵ هەڵبەت ئاسکەخاتوون و منداڵەکانی بوو، دەنا بردنی هومایەکی سەڵت و قوڵت بۆ تاران زۆر کارێکی بەجێ بوو، لە هەربابەتێکەوە بردنی ئەو خراپ نەبوو، ئەوکەسەی لە پاڵ دووکانەکە قیت ڕاوەستابوو بیچم و قەڵافەتی هەر لە مووچەخۆری دەوڵەت دەچوو، لە جواوی ئەم هەرزەکارە زەحمەت‌کێشەدا گوتی:

- ئەی ئافەریم کوڕی باش، تۆ هیچی لێ‌نازانی، تەنانەت باوەڕ ناکەی لەم دنیایەدا شەڕ و پشێونی هەبێت؟ ئەوا ئاڵمان نیوەی ئورووپای هێناوەتە ژێرچۆکی خۆی، هەروا بە زەبرو زەنگ دەچێتە پێشێ، لەلایەک لەگەڵ ئینگلیز و لە سەرێکەوە لەتەک سۆڤییەتدا هاوکەوشەنە. لەو ڕۆژەوە مێژووی بەشەر کەوتۆتە سەر ڕووپەڕی قاقەزان، شەڕ لە نێوانی تۆرەمەی بابادەم دەستی‌پێ‌کردووە، تا ئێستا قەت بەم‌شێوە بروسکەئاسایە هیچ داگیرکەرێک ئاوا دەستی بەسەر وڵاتاندا نەگرتووە، هیتلێر دنیای ئاگادار کردۆتەوە، تاکوو شەش مانگی دیکە دەست بە سەرتاسەری وڵاتی سۆڤییەتدا دەگرێ، ئێمەش لە وڵاتی خۆماندا ئێران، کەس نازانێ ڕوومان لە کوێ‌یە و پشتمان لە کێیە؟! هێزی پاشەکەوت بە گشتی بانگ‌دەکرێنەوە بۆ خۆتەیار کردن، هێزی پشتیوانی ئامادەی شەڕو کارزارن، بەراستبێ یان بە شۆخی خەریکە پڕیشکەی ئاور دەگاتە لای ئێمەش! ئینگلیزگەل ئاگاداری نامەیان بە فڕۆکە بەسەر شار و دێدا بەرداوەتەوە بەتایبەت بەندەنەکانی شیوەلوو، داوای ئاشتی و کۆتایی‌هێنانی شەڕیان کردووە، نووسیویانە سیاسەتی ئێمە واتە ئینگلیز وەکوو ئاو و دەفری بلوورین وایە قەت سەیرت کردووە وەختێ دەفرێکی بلوور پڕە لە ئاو، نازانی هیچی تێدایە! - ئەو ڕاست هەر وەکوو ئەم مەتەڵەی خۆمان

وایە، کە دەڵێن سەگ و پینەچی دەزانن، چی لە کادێنەکەدایە، ئەگەر ڕاستت گەرەکە، من بەقەی حەمە ئاشەوانی تێناگەم!

سەی‌میران زۆرتر لەو دووکەسە بە سیاسەت و هەراو هوریای شەڕەوە قەڵس بوو، ئەم لەوسەری کێشەکەوە دەهاتەوە، هەر بۆیە سەرەڕای ئەم هەموو ئاڵۆزی فکری و ئازار و ئەندێشەیەی کە وەک تۆزی تاڵوو ڕژابووە دەم‌وچاوییەوە بە ڕواڵەتێکی ساردوسڕەوە گوتی:

ـ دەوڵەتی ئێمە و شەڕ لەگەڵ ئینگلیز، منالانی قوتابخانەش باوەڕ ناکەن!

لە دەربیجەی پشت سەکۆی دووکانەوە چاوێکی لە قەرەباڵغی خەڵکەکە کرد و بەتەمابوو بە چاو شاتر حاڵی بکا، لە ئاردەکە بگێڕێتەوە و کەمێک لابخا، شاتر شەلاڵی ئارەقە، لەبەر پەلەپەلی خۆی هۆشی لەلای ئەو نەبوو، سەی‌میران لەم فکرەی خۆی پەشیمان بۆوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ بەکاری چیدیٚ، وام‌دانا، تا سەری مانگ خەرواریٚکم پاشەکەوت کرد و لە بازاڕی ڕەش فرۆشتم، کەی ئەمە چارەی دەردە! بەم کەسە دەڵێن ئەقڵی تەواوە، خەمی نانی بێت شووتی هەر ئاوە.

سیٚ‌ڕۆژ پێش ئەم هاتنەی میرزا نەبی، ژن و مێرد خاک‌بوون و مەلا مەلایان کردبوو،[٢٣] کەس کەسی نەئەدواند، ئاسکە لەسەر داوای میرزا نەبی بۆ خەرمان‌هەڵگرتن چووبوو بۆ هەرسین، منداڵەکانی برد و چووبوونە سەراو، بەشکەم چەند ڕۆژێک لە ماڵی تازەی دۆستە سیغەییەکەی میران بۆ ماوەیەک بحەسێنەوە، خۆی لە هەڵلا و ئازاری ژەهراوی شار دوور بگریٚ و چاوێکی بەسەر ئەم منداڵە بیٚ‌سەرپەرستانەی ئەویشەوە بێت، ئەم کڕو کپی و بێدەنگییە بە پێچەوانەی گومانی هەندێک، ببووە هۆیی دڵتەنگی و بیٚ‌تاقەتی هوما لە ماڵیٚ. ژنێک کە چەند ساڵ لەگەڵ دەنگ و هەراو بێنەو بەرە ڕاهاتووە و عادەتی گرتووە بە نێو خێزانی زۆر و ماڵی پڕ لە هات‌وچۆ، ئێستا لەم گفتە کۆنە تێدەگەیی کە دەڵێن؛ ماڵت پڕبیٚ لە نەیار نەک چۆڵ و هۆڵ و بێدەنگ! بەر لە زستانی ڕابردوو، تەنیا بیست ڕۆژێک نەبیٚ، ئیتر دوای ڕۆیشتنی ئەکەرەم ئەم وەتاغە هەر چۆڵ بوو، خاتووخورشید ئەوەڵی بەیانی دەچوو بۆ کاری ئوتوکێشیٚ و بانگی شێوان دەهاتەوە، مێردەکەی لە ماڵ‌بایە یان نا، دوای ئەوەی کە دەگەیشتەوە ژووریٚ

٢٣- یارییەکی منداڵانە، بۆ چەند ڕۆژ یان بۆ چەند دەقیقە دەنگ دادەگۆڕن. وەرگێڕ

یان نیوسەعات دواتر، وەک زیارەتکەرانی گۆشەی کاروانسەرا، لەبەر هەیوانی ژوورەکەدا شێوێکی ئاسایی دەخوارد و بێئەوەی چرالامپایەک هەڵبکا، سەری دەکردە سەرزەوی و خەو شلی دەکرد، جەلالی برازای قەت شەوانە نەدەهاتەوە بۆ ماڵێ، لەو ڕۆژەوە زەڕی مێردی کردبوو، سێبەری خەمێک تاریکی خستبووە سەر ئەممالە. بەگشتی وادەردەکەوت هەتا دوێنێ بوو ئەم ماڵە هەشتەرخان و کاکی بەکاکیە، پڕ بوو لە دەنگە دەنگی ژن و منداڵ و کەنین و قاقاکێشان، کەچی ئێستا دەڵێی ئاشە ئاوی کەوتووە وەک کەوێڵی کڕ پەپوویی لێدەخوێنێ، هەموو ڕۆژێ تا دەبوو بە کاتژمێر دوویی شەو، وەختی هاتنەوەی سەیمیران، هوما چەندجارێک لە دەرگای حەسارەکەوە، سەرێکی دەبردە دەرێ و چاوەروانی مێردەکەی دەکرد، چرکەساتەکان پێ بە پێی کیسەڵی شەل سەردەکەوتن، شەو نەبوو نەبۆڵێنێ و لە دەست تەنیایی و نەهاتنەوەی میران بۆ ماڵێ شکایەت نەکا! هەرچەندە ئەم تۆرانەی ئاسکە ڕۆیشتنی بۆ سەراو خەتای هەوێی چکۆلە بوو، کە لێدان و پێدادانێکی باشی لێکەوتەوە، هوما پێشنیاری بە سەیمیران کردبوو، حەزدەکا بچێ بۆ سەراو بۆلای ئاسکە، سەیمیران وتبووی:

- وادیارە ناتوانێ بەبێ ئەو بژی، نە وێک هەڵدەکەن نە بێیەک هەڵدەکەن، تۆ ئاوات و ئارەزووت ئەوەبوو، لێت دوور بێ و نەیبینی، ئێستا کەری کێ تۆپیوە پێتخۆشە ئەو ببینی؟! دەزانم تەنیایی ئازارت دەدا، بۆ چەند ڕۆژێک ددان بە خۆتدا بگرە، لەو حاڵەی تێیدای ڕزگارت دەکەم.

هوما گوڵخەندەیەکی بۆ کرد و چاوەکەژاڵەکەی تێبڕی و هیچی نەگوت. شەڕ و قژڕنینی ئەو دوو ژنە دوور لە چاوی سەیمیران ڕووی دابوو، ئەوەی دەبوو نەبێ ببوو، سەیمیران وەختێ بەمهەواڵەی زانی ئەوەندەیتر دەردی کاری بوو، ئەم شەڕ و هەرایە لەسەر تەلەسم و جادوو درۆینەکە بوو، ئاسکە لە دوای مانگو نیوێک، بێدەنگی و ددان بەخۆدا گرتن، ئیتر نەیتوانی ئەم ڕازە گەورەیە چیدی لە دڵیدا ڕابگرێ لەکن ئەموئەو نەیدرکێنێ، جگە لەوەش کێ دەیزانی لەکوێ و لە کێ پرسیویەتی کە ئەم بەیتەشەیە بە حەرامی و نامەحرەمی لەلای مێردەکەی دانیشتووە! سەیمیرانیش هەر لەبەر ئەمشتە بوو خۆی دەخواردەوە و لێی نەدەپرسی و نەدەچوو بە شوێنیدا بیهێنێتەوە، تەنانەت حەزی نەدەکرد چاوی لە چاوی بێت. هەڵبەت زۆر باش دەیزانی هوما لەو ماڵەدا بۆ سەیمیرانی مێردی نامەحرەمە، هەوڵی ئەوەی بوو زۆر بە خێرایی بیباتەوە بۆ مەحزەر و تەڵاقەکەی چاک بکاتەوە، عەرز و ئاسمان نەفرینیان

لەم ناپاکییە هەیە. بەڵام ئەمکارە نەک لە شارەکەی خۆیان، بەڵکوو دەبوو لە شارێکی دیکە یان گوندێک جێبەجێ بکرێ، میران هەمیشە بیری لەمگرفتە دەکردەوە، ئەمە باسی حەیا و ئابڕوو بوو، قەت وانەبوو بۆ ساتێکیش لە بیری بچێتەوە، ئەوەندە بەدەم ئەم دەردەوە تلابۆوە لە دەرێ و لە ژوورێ جگەرەی سەرلێوی نەدەکووژاندەوە، بەبێ پەردە، ئەم بەڵایە وەک خۆرە دەمی لە هەناوی نابوو، خزم و دۆست و ئاشنا هەرکە چاویان پێیدەکەوت، خێرا خۆیان کووزوو دەکرد و بە تەنیشتیدا تێدەپەڕین، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت:

- با لێی بگەڕێ هەردوو چاوی بێتەدەرێ و سەری بماسێ، کەسێک بەسەری پیری بکەوێتە ئالۆش با هەر ئاوای‌لێبێ، لێی‌گەڕێن گووی خۆیەتی با بیشێلێ؟! کەسێک ئەوەندە ساویلکە و دڵ‌دۆڕاوی ژنەتیوەیەکی حەیاتکاو بێ لە دوای حەوت ساڵان هێشتا بە فریشتە و پەریزادەی بزانێ، تەنیا ئەوەی ماوە، لەسەر تەبەقێک دایبنێ و بە نێوشاردا بیگێڕی و وەرای هەڵوا هەڵوا بکات، ئەشێ لە ڕۆژی بناوانەوە بە ناتەواوی لەدایک بووبێ! بەڵام ئەم چیرۆکە بەڕاستی ژنەوتنی ناخۆش نییە، زۆرکەس تەواو لەسەر ئەو بڕوایەن کە شلکە هوما پەریزادەیە، گەوجە گوتی و شێتەش باوەڕی کرد.

ئیتر دەگەڕێنەوە و لە دوورەوە تێی‌ڕادەمێنن، تاکوو بزانن مێردی پەریزادەیەک چۆن بەمحاڵەوە دەژیت، خەڵکی شارەکان ئەگەر نەتوانن لە کۆگاخۆڵێک تەپۆڵکەیەک سازبکەن خۆ بۆ گاڵتەجاڕی و تەوس و پلارهاویشتن دەستێکیان هەیە، تەواوی ئەم خەڵکە چ لە بنەماڵەدابێ یان لە دەرەوە کەم و زۆر ئەشق و ئەوینێکیان هەیە و لەمەشدا هیچ گومانێک نابیندرێ، بەڵام وەک دەڵێن قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ، ئێستاش سەربوهردەی سەی‌میران و هوما ببوو بە دیمەنی مانگی سوور بە تەوێڵی ئاسمانەوە، هەرکەسە و بە زانست و ئەقڵی خۆی ناوو ناتۆنەرەیەکی بۆ هەڵدەبەست! میرانیش لەو نێوەدا هەستی بە هەمووشت دەکرد.

لە نەبوونی سەی‌میراندا، ئەندازیارێک بۆ ڕووپێوی خانووبەرەکە، چووبووە ماڵی سەی‌میران، شەوێ هوما، ئەم خەبەرەی گەیاندە سەی‌میران، ئەویش سەرەڕای ئەوەی گوتی کە ئاگای لە هیچ نییە، بە نیوەبزەیەکەوە وەڵامی‌دایەوە:

- ڕەنگە لەلایەن شارەدارییەوەبێ، قەوڵوایە شەقامێک بەمشوێنەدا ڕاکێشن، هوما بە سەرسووڕماوی و لاسارییەوە هەڵیدایە:

ـ خوابیبڕێ، بۆ خۆیو و بۆ شەقامی، بووە بە سی‌مل و کیمیا، هەمیشە باسی هەیە و خۆی دیارنییە؟!

وەک تۆ دەتگوت ئەم‌شەقامە ماڵی ئێمە ناگرێتەوە لە تەنیشتیدا تێدەپەڕێ، ئەگەروایە ئەوان بەبێ هۆ بۆ سەربان و بن‌بانی ئەم ماڵە دەپێون؟

ـ شایەت، دیسان نەخشەکەیان گۆڕیبێ، تاکوو پووڵ و پارەیەکی باش وەسەریەک بنێن.

ـ ڕەنگە وابێ، بەڵام، نەکا وەک چیرۆکی ئەم‌پیاوە بێ، کە نیوەشەو لەبەر دەرگای ماڵێک کەمانچەی دەژەنی و گوتی بەیانی دەنگی دەبیستن؟!

هوما بە ناز و خەمزەوە چاو و برۆیی هەڵتەکاند، سەی‌میران بە دڵنیابوونێکی مێرانەوە وەڵامی‌دایەوە:

ـ دیسانیش ڕەنگە وابێ، بەڵام دەنگی کەمانچە هەرچۆنێک‌بێ و لە هەرلایەکەوە بێت، بە زەرەدی تۆ تەواو نابێ، چاوکەژاڵەکەم.

دڵدار و دڵبەر، بۆ ماوەیەکی کورت چاویان لە چاوی یەکدی بڕی و لە نێو یەکدا توانەوە. بەم وردبوونەوە و تێڕامانە وایان‌نیشان دەدا کە لە ناخەوە لە یەکتر حاڵین. هوما بە لابێژی شیرینەوە گفتەکەی ئاوەژوو کردەوە، بەم بۆچوونەی خۆی، نە ئەمە بوو ڕازی‌بێ و نە داڵغە و بیری بە دەراوێکی ڕوون دەگەیشت، ئاخۆم بۆ دەبێ مێردەکەی بە نیازی فرۆشتنی ماڵەکە بێ! ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرا بوو لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە شارەداری بەتەمابوو کۆڵانە گەورەکەی گەڕەکی سینەگوڵ‌زەرد، کە ڕێگای بەرزەدەماغی بە شەقامی سەرەکی شارەوە دەبەستەوە، تێک‌بدات و لەسەرڕا سازی بکاتەوە. چەندجارێکیش ئەم‌باسە لە ڕۆژنامە و حەوتەنامەکاندا هاتبوو، هەروەها میتراژی ماڵەکان کرابوو، هەر بە چەندمانگ جارێک یەک‌دوو کەس بە میتر و گەزووپێوەری تایبەتەوە لەو کووچە و کۆڵانە قوت دەبوونەوە، کۆڵان و ماڵە کانیان دەست‌نیشان دەکرد و بە نەخشەی نوێوە بزر دەبوون، ئەگەر لە دڵەڕاوکێی خەڵکی گەرەک کە ترسی ئەوەیان لە دڵدا بوو ماڵ و دووکانیان بکەوێتە بەر خەیابان خۆ وەشارین، هەر بەم‌بۆنەوە منداڵ و مێرمنداڵانی ئەم خەڵکە بۆ کات‌ڕابواردنی خۆیان هەموو ڕۆژێک پەت و تەنافیان ڕایەڵ دەکرد و سنگ و بزماریان دادەکوتا و نەخشەی شەقام و بازاڕیان بۆ گەڕەکەکە دادەڕشت. ئەم لاساکردنەوەی کاربەدەستانی شارەداری بۆ ئەم منداڵ‌گەلە، ببوو بە مایەی چێژو پێژی خۆیان و تیاتر و شانۆیەکی منداڵانە لەم گەڕەکەدا.

شەوێک لە شەوان سەی‌میران بە دەستماڵی پڕەوە هاتبۆوە بۆ ماڵێ و وادیاربوو باس‌و خەبەرێکی خۆش ڕووناکی خستبووە سەرروخساری، هوما لەبەر هەیوانەکە لەسەر چرایەکی تازەمۆد خەریک‌بوو کووکی ساز دەکرد، وادیاربوو سەی‌میران هەواڵێکی لە ژێر زمانیدا بوو بەڵام لە درکاندنی خۆی دەبوارد، هەر لەم کەسانە دەچوو مەست و سەرخۆش بە ئیماو ئیشارەت دەبزوونەوە، هوما بۆنی بە دەمییەوە دەکرد، مەست نەبوو کۆتەکەی داکەند و چووە حەساری، خێرا دەستی‌کرد بە پشکنینی گیرفانەکانی، پێشتریش ئەم‌کارەی دەکرد، لەوکاتەدا بە ئەقڵی خۆی جگە لە باوەڕێکی پووچی ژنانە بووارێک وەدۆزێ بۆ ئەو خەیاڵەی لە سەریدا بوو، کیفەکەی وەک بۆق هەڵمسابوو، چەکەیەکی دەتمەنی پووڵی شەق و تازە، دڵنیابوو کە ئەوە پارەی داخڵەی دووکان نییە، خۆی گەیاندە بەرپەنجەرەکە، چاوێک لە دەرێ و یەکێ لە ژوورێ ملی‌نا لە ژماردن، ئەم چەکە پووڵە پەنجاو یەک دەتمەنی بوو، واقی وڕما، لەم هەل‌ومەرجە ناسکەدا مێردەکەی دایمە زاڵەی بوو لەدەست بازاڕ، بەبێ ئەوەی لەوی بشارێتەوە، دەیگوت کارو کاسپی باش نییە و بازاڕ زۆر خراپە! کەوابێ ئەم گشتە پووڵەی لەکوێ هێنابوو؟! بۆ ئەوەی سەربخاتە سەر میرانی مێردی دەنکێ لە ئەسکەناسەکانی هەڵگرت، ئەویش کامە لە کامەی نازەتر بوو، سفرە و خوانێکی ڕەنگینی ڕازاندەوە، لە چەشنی ئەو ژنانەی کە منداڵیان نابێ و زۆر بە خۆیان ڕادەگەن. سەی‌میران هاتەوە ژوورێ ئەویش بە ڕوواڵەتێکی ڕووکەشەوە نێوچاوی تێک‌نا:

ـ دنیا ئاوایە، ئاغا ئەم گشتە پووڵەی لە گیرفان‌دایە وختێ من دەڵێم چرپایەکم بۆ بکڕە، وەڵامم ناداتەوە، زمانم شل بوو هێندەم ووت و لێی‌پاڕامەوە ئەوەندە سارد و سڕ و بێ‌موبالاتن، تەختە کۆنەکەش نادەن بە وەستا چاکی بکاتەوە.

گڵاس و پیاڵەی شەراوخۆری نیوە بیرەیەک و ماست و خەیاری لەسەر سفرەکە دانا، گوتی:

ـ ئەمساڵ ئەوە دوو، مەترسە و بڵێ سێ هاوینە لە ژوورێ دەخەوین، جا بۆ من بەندیم نەتوانم لە حەسارێ بخەوم، هەوای سازگار هەڵمژم، سەیری بەرۆکی ئاسمان بکەم؟! نەتدیوە جرو جانەوەر قۆڵ و باسکیان خواردووم!

سەی‌میران چەکە پووڵەکەی لێ‌وەرگرت، بێ‌ئەوەی بیژمێرێ نایەوە گیرفانی، بۆ گاڵتەکردنی باوکانە زەندی سپی و ناسکی گرت، هوما قۆڵی هەتا ژوور ئانیشکی هەڵکردبوو، گوتی:

ـ دادەی بابزانم، وەی، وەی! ئەی هاوار دایکت بمرێ، بەخوا ڕاست دەکەی، هەر ئێستا ڕیخۆڵەت لێرەوە دێتەدەرێ، خەم مەخۆ، ئاگام لێتە، زووبە وەرە لە پەنام دانیشە، شاعیر گوتەنی،

«مەیگێڕ دەوەرە بە خێری چاوی کاڵت

دڵ تینووە جەرگم ڕەشە چەشنی خاڵت

وا تۆبە بەسەر یەکا شکا وەک پرچت

بۆم تێکە مەیەک لە ڕەنگی کولْمی ئاڵت»

پەنجەرەکە ڕوو بە حەسارێ پێدەکەنی و هوما لە تاریکی دەرەوەی ڕوانی، خورشید و منداڵەکانی، هێشتا لە پێخەفی شەودا خەویان لێنەکەوتبوو، دەنگی زیقەو زریکەی منداڵی ژنی کرێکار و نووزەی حەمەحوسێن دەهات، هوما بۆ چرکەیەک وەکئەوەی لە ئەندێشەی خۆی بەگومان بێ کڕو کپ بوو، دواتر گەڕایەوە و ڕووی کردە میران و شانی سفرەکەی ڕوو بە ئەوی گرت و دانیشت:

ـ خۆ مەجبوور نین بەم گەرمایە دەرگا و پەنجەرە لەسەر خۆمان پێوە بدەین، کەس لە ماڵ نییە مزاحیمی من و تۆ بێت، شۆڤاری و گزیکاری لە بنەوە باشترە، تاکوو عیبادەتی ڕیاکارانە و خۆنواندن ئەمەش قسەیە کە تۆ دەیکەی، بەڵام من بەمە سەرسامم، داخۆم کەسێک هەیە لە خەڵکی ئەمشارە کە ئاگای لە کاروباری ئێمە نەبێ؟ خاتووخورشید ئەمڕۆ، لە کاتی ئوتووکردندا، کراسێکی سووتاندووە، یان هەروەک خۆی دەیگوت، زەردی کردووە، لەوەدەچێ لەو دووکانە دەریان کردبێ. پێمگوتووە، سبەینێ بەرلەوەی مەشەدی بچێ بۆ سەرکار، بێتە ئێرە و بەڵکوو بتوانی تکای بۆ بکەی لەسەر کارەکەی خۆی دایمەزرێنێیتەوە، ئینجا وەک منالێک کە خۆی شیرین دەکا، جووڵەیەکی گەوجانەی بۆ کرد و لێیپرسی:

ـ زۆرباشە، تاکوو لە بیرت نەچووە، پێمبڵێ ئەمشەو چ کارێکت بە منە، وا لەگەڵ شەوەکانی دیکە تۆفیری هەیە؟

(دەستی میرانی گێڕاوە، خەریکبوو بیرەکەی دەبردە بەردەمی خوی.) سەتجارم پێیگوتووی لە خورێنی مەی مەخۆوە، جەرگ و دڵت دەسووتێنێ، ئاوجۆ یان شەڕاو نییە کە مەزەی گەرەک نەبێ، ئەمە وودکایە، ئارەقی پیاوبەزێنی نیشتمانییە. هێندە بە لەزمەبە و

سەبرت هەبێ. خۆم بۆت تێدەکەم، پێم‌بڵێ بابزانم دەتەوێ چیم‌پێبڵێی، ئەم پووڵ و پارەیەت لەکوێ هێناوە؟

سەی‌میران پاروەکەی نەبرد بۆ زاری خۆی کردی بە دەمی هوماوە، چاوەکانی بچووک کردەوە و گوتی:

ـ دەمەوێ بزانم بێجگە لە قوڵ و باسکت داپیرۆکە چ جێیەکی بەدەنتی گەزیوە؟ لە کتاواندا نووسراوە هەرشتێ یار بگەزێ بە ماچ چاک دەبێتەوە، بە مژین و ماچێک.

هوما گوتی:

ـ هەڵەیە، هەر ئەوەیە گوتم، چارە تەنیا ئەمەیە بەڕێزتان بە دڵاوایی دەستبەرن بۆ گیرفانتان و چرپایەکی فەنەری بۆ من بکڕن، خەوی سەرتەختی فەنەری کەیفی لەلایە، (چاوێکی هەوەس‌بازانەی لێ‌قرتاند.) ئەمەش جوان لە گوێتدا ڕابگرە، نابێ ئەمشەو کارت بە من بێ! ئەگەر پێت‌خۆشە و یەک‌دوو سووڕ لە بەردەمت دەڕەقسم و سەما دەکەم، بەڵام بەڕاستی ئەم دیمەنە بۆ تۆ بە یەک شێوە نییە!

ـ تاکوو تۆ ماندوو نەبی، ئەگەر خەمی دوورکەوتنەوە لە تۆ نەبوایە، هەڵبەت دەمویست، هەر لە ئێستاوە خەم و پەژارە دایگرتووم با لە بەهەشتابم، ژیانی بەیەک جۆر لەگەڵ حۆری و پەری‌دا چۆن بەسەر بەرم، بەڵام چەندە خۆشحاڵم کە بە خاترجەمی ناچمە بەهەشت، داخۆم تۆ کە هێشتا نەبووی بە خاوەنی چرپایەک تووڕە و قەڵسی؟

ـ نا، بە پێچەوانەوە، زۆریش شاد و دڵخۆشم، بیر لەوە دەکەمەوە لە دنیای مەستیدا ئەم وتە بەنرخانە بە دەمتدا دێت، بەڵام منی گێژ و وێژ هیچی لێ‌تێناگەم، چرپا نەکڕی مەیکڕە گیانت سلامەت، تۆ چۆنت پێ‌باشە باوابێ، ئەشق و خۆشەویستی بەسەر دارو بەردیشەوە شیرین و دڵ‌پەسندە، ژیانی بەبێ ئەشق و ئەوین کوانووی سارد و بێ‌تینە؛

هوما ئەمەی گوت و سادە و ساویلکە ڕاپەڕی و خۆی خستە ئامێزی میرانی وەجاغ‌زادەوە، تۆپە گوڵی ڕوومەتی لە دەموو لێوی ئەو نزیک کردەوە و ئەویش چ نزیک‌کردنەوەیەک ئاشقانە و دڵبەرانە، درۆ نییە کە دەڵێن، هەروەختێ بەفری پیری سەرسەرانی گرت، ئەوکاتە چرۆی ئارەزوو و هیوا دەتروکێ، سەی‌میران دڵ و چاو تەژی لە خۆشەویستی، لەو چرکەیەدا پەردەی ڕەشی خەفەتی تووڕ هەڵدەدا دەستی لە ملی کرد و نوقڵی لێوی ڕامووسی، وەکوو کۆرپەیەک توند لە ئامێزی گرت و گوتی:

ـ ئەگەر ڕاستت‌دەوێ هەر ئەو ڕۆژەی داوات‌کرد، چرپام بۆ بە دروست‌کردن داوی، بێحانەشم داوەتێ، پێم‌خۆش‌بوو هەتا نەیهێنمەوە دەنگ نەکەم، چەند جارێک بە بەردووکانەکەدا ڕۆیشتم سازکراوە نەک بە تەواوی، زۆری پێناچێ تەواوی دەکەن، گەرەکمە جام‌کاری و ڕێک‌وپێک بێ، بەڵام ئەمە وەک چیرۆکی قەرەجەکە وایە، لە کاتی کۆچ‌کردنیانی ئاخوڕی هەڵدەبەست، ئەگەر بڕیاربێ لەم‌شارە نەمێنن تەختی خەوتنمان بۆچییە؟

هوما بە سەرسامی چاوی لە چاوی بڕی. باسی چرپای لە بیر چۆوە:

ـ مەبەستت لەم وتەیە چییە، بۆ لەم‌شارە دەڕۆیی پیاوەکەگیان؟ ئەمە یەک‌دوو جارە ئەم‌شتە لە تۆ دەبیستم، ئیتر نازانم هەر قسەیە یان شۆخی دەکەی، یان تەواو بەڕاستیتە؟ ئەگەر بیرێک لە سەرتدایە، بەتەمای شتێکی بۆ لە منی دەشارییەوە؟ ئەم هەموو پێچ‌و پەنایەی بۆچییە چیت لە دڵدایە بیدرکێنە و خۆت نەجات بدە لە کەیەوە وات‌لێهاتووە شت لە من وەشێری؟ من و تۆ ئەوەندە لەگەڵ یەک بێگانەین، یان شتێکی دیکە لەگۆڕێدایە؟ ماوەیەکە قسەی خۆمان‌بێ هەڵس‌وکەوتت گۆڕاوە، یان من وەک جاران تۆ نابینم، پێم‌بڵێ خانووبەرەکەت فرۆشتووە؟!

دە تمەنی لە پووڵەکە لێ‌هەڵگرتبوو، لە بەرۆکی دەرهێنا و دایەوە دەستی، سەی‌میران بە نیوەنووزەیەکەوە گوتی:

ـ جارێ با شێوەکەمان بخۆین، ناحەقت ناگرم سەبارەت بە من دڕدۆنگی، کاری ماڵەکە، ئەمڕۆ تەواو بوو، لە دوو هەزارو پێنج‌سەت تمەن تەنیا ئەم چەکەیەم بۆ ماوە، ئەمەش دەست‌مایەی لەوڕۆ بەدواوەی ئێمەیە، بەڵام بریا بەر لە فرۆشتنی دەستێکم پێداهێنابەیە، زیاتری دەکرد، لە دنیای ئەمڕۆدا خەڵک چاویان تەنیا دەرەوە دەبینێ، ڕواڵەت جوان‌بێ کاریان بە ژوورەوە نەداوە، لەخۆڕا ئەم گڵەسواخەم لە حەسارێ نەبردە دەرێ، دەبوو کەتیبەی بەرهەیوانی وەتاغەکەی ئاسکەم تێگرتبایەتەوە، بەڵام تازە ڕۆیی و تەواو بوو، وەک دەڵێن کاری بەپەلە قاچێکی شەلە، ئەشێ سۆزی دووکانیش بدەمەوە بە خاوەنەکەی.

ـ دەی من لەکوێوە بزانم تۆ خەریکی چی؟ هیچت لەلای من باس نەکردووە تاکوو بزانم، ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی؟ کامەیە ئیش‌و کاری داهاتوو؟ من حەزناکەم خانووی بەم‌جوانییە لەدەست خۆت بکەیتەوە، وەختێ تۆ شتی‌وا دەڵێی چۆن نانم بۆ دەخورێ، سەراوی دەزانم

ئەمە جەفەنگە و شۆخیم پێدەکەی، بەڵێ دەزانم، (پیاوی ساماندار پووڵ نەبێ هەموشتێکی زوو لە بەرچاوی دەکەوێ!)

- شۆخی و مۆخی پێناوێ، من دەروێشێکی ئاشق و دڵدۆڕاوم، پیاوی هەژاریش قەت لە خۆی دەرناچێ، ئەوشتەی هەیەتی هەمیشە لە پێش‌چاوی تازە و بەنرخە، من خاوەنی تۆم و تۆش بۆ من هەرگێز کۆن نابی! ئەمجاریش مەگەر مێعمار عەلیئەسکەرت نەدی بۆ گەز و پێوانی خانووەکە هاتە ئێرە؟ ئیتر پێچ‌و پەنای بۆچییە؟ جگە لەمەش چارەیەکی دیکەم نەبوو، تووکی سەریشم بۆتە قەرز، ئەوانەی پارەیان بە قەرز پێداوم وەک داڵ لە سەرم دەگەڕان، دووکانیش ئەوە خۆ هەر باسی ناکرێ ئەدی چمبکردایە؟ ئەگەڕ ڕاستت دەوێ دیمەنی ئەم‌شارە لە پێش‌چاوم بۆتە حەزیا، بەتەمام دەستی تۆ بگرم و بڕۆم لە تاران بگیرسێمەوە بە هیوای خوا گەرەکمە لەوێ دووکانی کولێرەشیرنە دانێم، هێندەش بێدەسەڵات نیم نەتوانم بەڕەی خۆم لە قوڕ دەربێنم؟ جگە لەم خودایە و هێزی شان‌و باهۆی خۆم منەتی کەسم هەڵنەگرتووە؟ ئیتر وەختی ئەوە هاتووە ئەم پاشەرۆکی ژیانە بە خۆشییەوە بەرمەسەر. لەم سەفەرەدا هەمەدان و قەزوێن لەسەر ڕێگامانە، چەندرۆژێک لادەدەین و وچان دەگرین، ئەوە هەر تۆ نەبووی لە سەفەری قوم دەتگوت حەزدەکەی مێردەکەت ماشێنی هەبوایە و هەمیشە لە سەیر و سەفەر بوایەی؟ ئێستا لەگەڵم دێی؟

هوما هەنووکە بڕوای نەدەکرد، ئەو بەڕاستیبێ قەت بیری لەوە نەکردبۆوە میران ئەم پرسیارەی لێبکا، بە شانازییەوە سەری هەڵتەکاند و پرچ و بسکی، بەلادا خست و بە بزەیەکی کاڵەوە گوتی:

- ئۆی سەراوی! جارێکی دیکەش پێموتی، تەنیا تەوری مەرگ من و تۆ لە یەکدی جوێ دەکاتەوە، ئەگەر ببی بە مەل بە ئاسماندا بفڕی، ببی بە ماسی و بە قووڵایی زەریادا ڕۆبچێ، وەک لێوە و دەروێش تەرکی عالەم بکەی و بدەی بە کێواندا، ملم بە ملتەوەیە و هەتا مردن لە کۆڵت نابمەوە، بەڵام ئەمەش بزانە هێشتا بە تەواوی لە مانای قسەکانت ناگەم، نازانم مەبەستت چییە؟ لە هەمووشت گرینگتر ئەمەت پێبێژم، ئیتر ئەم‌ماڵە ماڵی ئێمە نییە؟ کارێکی باشت نەکردووە! ئەگەر بێتوو ئاسکە بزانێ، ئەوەی خاک و خۆڵی ئەم‌حەسارەیە دەیکا بە سەری خۆیدا، کارێک دەکا هەر نەبێتەوە وەختێ بە یەکجاری دڵی لە تۆ ساردبۆوە و هیوابڕاو بوو تەنیا بەم خانووە دڵی دەکرایەوە و ئۆقرەی دەگرت. بەدوای مەرگی تۆدا و میراتییەک کە لە

تۆوە بۆی بەجیٚدەما، کۆشکێکی زێڕینی لە خەیاڵی خۆیدا بۆ منداڵەکانی سازکردبوو، کە لە دوای ئێمە بیخۆن و پێی لیٚڕابکێشن، ئەگەر ئەمە ژنێکی دڵپیس نەبوایە، خوا ئاوا تۆڵەی لیٚنەدەکردەوە، ئەو ئەوەندە تۆی بۆ موهیم نییە و بۆت بەخەم نییە، حەز بە مردنی تۆ دەکات و بە ئازادبوونی خۆی، زۆرم پێخۆشە هەروەختیٚ تۆ وتت بڕۆین، دوو وشەی لەسەر کاغەز بۆ بنووسم، وەختیٚ بۆیان خوێندەوە لێیحاڵی بێت مانای تۆڵەکردنەوە چۆنە:

«هەرچۆنێکبوو توانیت شار بەدەرمان بکەی لەگەڵ هاوڕیٚ گیانی بەگیانییەکانت ژیان بە کەیفی دڵتانبیٚ وەک سەگەلی چەمچەماڵ، پێمانبوەڕن ئیتر مشوورت هەبیٚ و خەمخۆری منداڵەکانت بە.» نا، حەزدەکەم شۆخیت لەگەڵدا بکەم سەراوی، وەبزانە با. بوو بە بنگوێتدا تێپەڕی، ئاسکە هەرچۆنێکبیٚ گۆشتت بخوات پێشەت ناشکێنیٚ، ئەگەر بەراستی بەتەمای کۆچ و کۆچباری، ئەی ئەوانە چیلێدەکەی؟! (پیاڵەیەکی بۆ پڕ کرد و دایەدەستی، میران فڕی کرد و بە پشتیدەستی دەمی سڕییەوە.)

ـ ئەوان لێرە دەمێننەوە، بۆ پێتخراپە؟ جاریٚ ئەمە خەتو نیشانی منە، دواتر چدەبیٚ خودا گەورەیە، هەڵبەت مەبەستم لێرە هەر ئەمشارەیە. ئەممانگەی پێمان تێناوە هەرکە تەواو بوو دەبیٚ خانووەکەی بۆ چۆڵ بکەین و بیدەین بە خاوەنەکەی، ئەوانیش دەتوانن وەک هەزاران بنەماڵەی ئەمشارە چاوەخانوویەک بۆ خۆیان بەکریٚ بگرن و تێیدا دابنیشن، خۆ لە قورئاندا نەهاتووە هەمووکەس ماڵی خۆی هەبیٚ، چەند ساڵە ماڵی خۆی هەبووە، دەبا بۆ ماوەیەک کرێچیبیٚ! خۆ چاوی لە چاوی ئەم خەڵکە جوانتر نییە، نازدارتریش نییە، دەزانم ئەمهەواڵە ببیستیٚ چاوی دەپەڕێتە پشتی سەری، لەوانەیە لەسەرخۆ بچیٚ، دووگیان بوایە لەباری دەچوو، مەترسە هیچی لێنایە کەیفی خۆیەتی دەبا قوڕی دنیا بکا بە سەریدا. هەروەکوو گوتت مەگەر ئەونەبوو ئێمەی شاربەدەر کردبوو؟ دەزانم تۆش دەزانی لەگەڵ شیرینجانخانم، یانی دایکی ئەوکەسەی کە لە دوای دمەقاڵەی قاوەخانەکە، ئێستا دوژمنی قەستەسەری منە، چۆتە مەحزەری شێخولئیسلام، پرسیویەتی بزانیٚ تۆم مارە کردۆتەوە یان نا.

ـ ئەیەڕۆ، ئەیبۆ لە شەڕەکەی ئەورۆژەدا هیچی بە من نەگوتووە؟ ماوەیەکە بە فێڵ و تەڵەکە لەگەڵمان دەجووڵێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانە هانی دەدەن ڕەنگە بە خاوەن مەحزەری وتبیٚ ساڵێکە بەبیٚ مارەیی لەمماڵەدا دانیشتووم؟

ـ بێجگە لە خاوەن‌مەحزەر ئێستا ئەم شارەی لە ئێمە تێگەیاندووە، تۆ دەبێ سبەی ئەوەڵی بەیانی بچی، ئەو پووڵەی لەکن ئەو پیاوە هەمانە مارەیی و نەفەقەکەت دەڵێم ـ ئەی مەکرباز، پێدەکەنی، وادیارە چوویی وەرت‌گرتووە، دەی‌باشە بۆ ئەم سەفەرە لازم دەبێ، با بەدەست خۆتەوە بێ، هەروەک گوتم من ئەم‌کارەم لە ڕق و لە داخی ئاسکە نەکردووە، ئەگەر خوا ئەوانی خۆش‌بووێ و کاروباری ئێمە گوڵ بکا، ئەوا دەنێرم بەشوێن ئەوانیشدا، ئیتر لەوەزیاترم لەدەست نایەت. مانەوەی من لەم‌شارەدا و هەموو ڕۆژێک چاوم بە چاوی وەیسەی کوڕی فەغفوور بکەوێ، کە ڕۆژگارێک بەردەست و کرێکاری خۆم بوو، گونجاو نییە، ئەمەش وەزع و حاڵ نییە ئێمەی تێداین. هەرڕۆژەی بۆ من بە مردنێکە، ئەگەر بشکەومە سواڵ با لە شارێک‌بم هیچ‌کەس نەمناسێ، تورک گوتەنی، گەوج ئەوکەسەیە بێژی لەم‌دنیایەدا پەژارە هەیە، لێم‌گەڕێ با تاوێک مەست و سەرخۆش‌بم، لەم دنیایە تەنیا ئەمەندەم لێ‌حاڵی بووە هەل‌و دەرفەت لەدەست دەرنەکەم، حەیف بۆ ئەو تەمەنەی بەفیرۆ دەڕوات، هەروەک دەڵێن، داری بێ‌سێبەر بۆ بڕین باشە، تازە ئەم‌شارەش بۆ من دارێکی ڕووت و عۆریانە. بە یادو خۆشی ئەم‌دەشت و کێوانەی تا یەک‌دوو ڕۆژێکی‌تر، وەک دوو مەلی باڵ‌زێڕین بە سەریاندا دەفڕین و لە ئامێزیاندا لەنگەر دەگرین، بە ئەشقی ئەم شنەبایەی بێنی ڕەشەڕێحانەی زولف و پرچت لە بەرۆکی کەژو کۆ دەپژێنێ، بە سڵامەتی تاقی ئەبرۆی ئەو جوانەی لە دەرو لە ژوور شەمی منەو منیش پەروانەی ئەوم، تا ڕۆژی گیان‌کێشان بەجێم ناهێڵێ و بە خۆشی هەموو دۆست و هاوڕێیان!

ـ فڕی‌کە نۆشت‌بێ!

ئەم وشەیە ئەوەندە شیرین و هەست‌بزوێن لە دەمی هاتبووە دەرێ! سەی‌میران خێرا پیاڵەکەی ڕاگرت، تاکوو دووەم قوم بە دەستی ئەو بخواتەوە:

ـ دەی‌باشە، تۆش چووی بۆ مەحزەر، شێخول‌ئیسلام هیچی بە تۆ نەگوت؟

ـ بۆچی‌نا، گوتی، ئێستا کە بە یەکەوە دانیشتووین، با مێردەکەت دڵنیابێ، دیسان خوتبەی مارەیی ئێوەم دووبارە کردۆتەوە، داخۆم تۆ بێ‌ئەوەی بە من بێژی وات‌دەزانی ئەو منی سێ‌تەڵاقە کردووە؟ ئێستاش پیاڵەکە پڕ دەکەم فڕی‌کە بەخۆشی جوانییەکانی تاران.

سەی‌میران لەوکاتەدا جامی لیپاولیپی لەسەر لێو بوو، لە هەنیەی سافی خێزانی دەڕوانی، بە دڵ دەیزانی هوما لەبەر مەسڵەحەتی خۆیان یان بە مەکر و نازێکی ژنانەوە ئەم درۆیەی هەڵدەبەست، کەوابێ لە وەختی ئاوادا بێدەنگی و وازهێنان لە هەمووشت باشتر بوو.

ئەم جێیەی کە دەبوو میران دڵی لێ‌هەلبکەنێ و بە خزم و کەسەوە بەجێی بهێڵێ، هوما هەمووشتێکی لە مێردەکەیەوە دەستپێ‌کرد و هەر لەوێشەوە تەواوی دەکرد. ئەو هەر ئەوەندەی دەویست لەم‌شارە بچێتەدەرێ ئیتر هەر ئەمەی بۆ گرینگ بوو، ئاخۆم بە جێبەجێ‌بوونی ئەم بیرۆکەیە، هەنگاوێکی تازە نەبوو کە سەی‌میران لە ڕێگەی ئەشقی ئەودا هەڵی‌دەگرت؟ هەروەک مەلەوانێکی مەلەزان، بەبێ ئەوەی تەمەنێک بەسەر دەریاوە ژیابێ، هوما لەمسەر ئەم کەشتییەکە هەر ئەو ئەشق و ئەوینەی بوو، بە کەیفی خۆی میرانی بەملاو ئەولادا دەبرد. لەبەرئەوەی دەیزانی پەت و لەنگەری قایم و پتەوە ئیتر هەروەک دەیگوت، حازرە لە ڕێگەی ئەودا سەری دابنێ، ئەوشەوە، ئەوان تا ئەوکاتەی بەسەر هەسپی ئەقڵ و ئاوەزەوە نەکەوتبوونەخوارێ، شاد و سەرخۆش لە شەقامی پڕ لە دارو درەختی خەیاڵدا دەسووڕانەوە، بیرەوەرییەکانی سەفەری قوم و ئەوەی کردبوویان و نەیان‌کردبوو هێنابوویانەوە پێش‌چاوی خۆیان، بە بڕوای خۆیان ئەمە لە دوای حەوت‌ساڵ پێکەوەبوون ئێستا دەیانتوانی، بەبێ مێمڵ و ئینسانی مزیڕ، وەک دوو دڵداری تازەلاو لە باخی پڕ گوڵی ئەشق و ئارەزوودا دەست لە نێودەستان ڕۆژگارێکی خۆش دەبەنەسەرێ، بۆ سبەی بەیانیدا وەختێ شنەی بەیانی بەسەر پشتی ئەواندا تێپەڕی، چاویان بە سپێدەی ئاسۆ ڕوون بۆوە، لە کاتێکدا ئاوا کەوتبووە پەلەپڕووزێ کە دەبوو وەخۆ بکەون بارو بنە تێک‌بنێن و بۆ دەربازبوون مەحتەل نەبن، دەبوو تا ئەوجێیەی بۆیان دەکرا کارێک نەکەن کەس پێیان‌نەزانێ خەریکی‌چین و چییان لەبن سەردایە، ئیتر هەر ئەوەندە بەرقلیانیان خوارد، سەی‌میران بە تالۆکە لە ماڵ چووە دەرێ و لە پاش چەند دەقیقە هاوڕێ لەگەڵ پیاوێکی کورتەبالآی کەچەڵەدا، وادیاربوو کۆنەفرۆشی سەرشەقام بوو گەڕایەوە، هەڵگرتنی قفڵ و کێشانەوەی ئاڵقەڕێز و دوولایی دەرگای ژوورەکەی ئاسکە بۆئەو کارێکی زەحمەت و دژوار نەبوو، باسێکیش لەوە نەکرابوو، تەنانەت بەبێ ئەوەی لەسەر کەم‌و زۆری نرخەکەی بکرێ بە چاک و خراپەوە کەل‌وپەلی ژوورە گەورەکەی هێنا و لەبەر دەمی کابرای سمساری‌دا کەڵەکەی کردن. ئەمەشی لە بیر بوو ئەوشتەی بە کاری ئاسکە و منداڵەکانی دێت وەلای بنێ. کابرای کودەڵە، قنچکە جگەرەیەکی بە

دەمەوە بوو لەسەر کوتە قاقەزێک ئەوشتانەی کڕیبووی سیایی گرتن، چەندجارێک بە تەماحەوە چاوی بە چوارتەنیشتی ژوورەکەدا گێڕا و میرانی تێگەیاند، ئەوانەی ماوە نایانفرۆشێ؟! شەمدانی سێپەلی کریستاڵ و نقێمبەند، بە یاقووتی ڕوونەوە، پەرەنگ و شۆرابەی زێوینی چاوی کابرای پڕ کردبوو، لەبەر ئەوەی زۆری گرِوی ئەمە گرتبوو سەیمیران بە قیندا کەوت و لەگەڵ جووتێک گوڵاوپڕژێنی سەرتاقەکە، بە قیمەتی شازدە تمەن واتە هەر بەو نرخەی کە لە پووربەگمی کڕیبوو پێیفرۆشت، بەڵام ئەوانەی دیکەی تەواوی بە خۆڕایی لەدەست بۆوە، زۆری پێنەچوو دوو کۆڵبەر هاتن و مافوورە و سەماوەری وەرشۆ، دەفری بلوورین، ماکینەی بەرگدوورین ئەوەی بۆ هومای کڕیبوو، لەتەک زۆر شتیدیکەدا لە ماڵێ بردیانەدەرێ، شەمدان و گوڵاوپڕژێن و چراقارپوزی، قوڵەپیاو، نایە بنهەنگڵی و بردی و ڕۆیشت، خاتوو خورشید و منداڵەکەی لەبەر بێڵایە، بە سەرسووڕماوی لەمدیمەنە ڕامابوون:، ئەم سەرەژنە خۆهەڵقوتێنە، هەتا جارانبوو کاری بە کاری هەمووکەس هەبوو، بەڵام لەوەتەی دەستی بەکار کردووە چۆتە کاری ئوتووکێشی و کەمتر وەماڵ دەکەوێتەوە، گۆیا تەمەنێک بە باشی چۆتەپێشێ و دزێویەکانی ژیانی تووڕ هەڵداوە، بە چەشنێک ماتیان کردبوو تەنانەت تاقەتی بیرکردنەوە و ڕاگەیشتن بە ماڵو منداڵی خۆیشی نەمابوو، هەر ئەو ڕۆژە، بەیانی سەیمیران وەختێ لەبەر هەیوانەکەوە ڕادەبرێ، پێیگوتبوو:

ـ ئەمڕۆکە هەرکاتێ بەبەر دووکانی عەلی ئوتووچیدا بڕۆم، تکات بۆ دەکەم، گفتت ئەدەمێ، کراسەکەی بەرم لە بارمتەدا دانابێ، ناهێڵم تۆ لەو دووکانە دەربکا، دەشزانم نیازی پێتە و جوابت ناکا، لە دڵی خۆیدا ووتی: تا سەگی بەردەرگا گیرکەی مابێ سەولەو ئێسقانی دەخەنەبەر! پاشەکەوتی سەیمیران لەپاش فرۆشتنی کەلوپەلی نێوماڵ، ئەوەندە هەبوو، بۆ ماوەیەک بەملاوئەولایدا بدات، هەر بۆیە نەختێک بووژابۆوە، خۆ ئەگەر حەزی لێبایە لە شارەکانی سەرڕێگا، وەکوو هەمەدان و قەزوێن، دەیتوانی وچان بگرێ و لەباتی مسافیرخانەی هەرزان و ناخۆش بچێتە میوانخانەی پاکو خاوێن و بە ئاسوودەیی شەکەتی ڕێگا لە لەش دەربکەن، بۆچوونە تاران پێنسەت تمەنیان پووڵ و پارە لە باخەڵدا بوو، ئەم مەبلەغ و برەپارەیە سەرەڕای گرانی و خەرجی بەڕێچوون، لەمسات و وەختەدا دەکرا دوکانێکی باشی پێهەڵسووڕێنێ، لەوانیش لە سەرو زیاد بوو. ئەمانەش بەجێی خۆی، پارەی ماکینەی خەیاتی هوما، ئەو پووڵەی وەلایخستبوو، ئاڵتوون و زەمبەر، ئەمانە گشتی هوما لەلای خۆی

ڕایگرتبوون، ئەمە ماڵێکی تەواوی پێدەڕازایەوە، هەر ئەو ڕۆژە پێشفراوێن، خۆی گەیاندە ئەو کەسانەی شتومەکی کۆنە دەکڕنەوە، ئەوەی دەیزانی لێی دەبێتەبار، هەر لە جلوبەرگ و جانتا و پێڵاو و زۆر شتیدیکە دەستی پێوەنا و فروشتنی، دەلاڵ و شڕەخۆر، هەر ئەوەندە بەمهەواڵەیان زانی وەک مێش لە دەوری شیلە کۆوەبێ، لە ماوەی کەمتر لە سێ کاتژمێردا پەنجا کەڕەت لە دەرگای حەسارییاندا هەر ئەوەی مابوو لە کرێژەنەوە بیهێننەدەرێ! هوما چەند کوتەجلێکیدا بە خاتووخورشید بیکاتەبەری، یان بۆ منداڵەکانی کورت بکاتەوە، لە وەڵامی ئەمپرسیارەیدا، کە وتبووی بەتەمایچین وامالّتان هەڵگرتووە و ئەم کەلوپەلە بۆ دەفرۆشن، بۆکوێ ئۆغر بێ؟ وتبووی بە ماوەی چەند ڕۆژێک بە نیازین بچین بۆ چۆخەسپی، وەختێ تەواو دڵنیابووین بۆ هەمیشە لەوێ دەمێنینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی جارێ ئاسکە دێتەوە ماڵەکە چۆڵ ناکەین.

خەریکی بارگەو بنە تێکنان و پێچانەوەی کەلوپەلی پێویست بوون، ئەم پەلە پەلەی ئەوان هەر لەو کاتە دەچوو کە سالاردەولەی لاسار، وەختێ بۆ دواینکەڕەت تێکشکا، کەوتە پەلەپڕووزێ بەشکە بتوانێ زوو دیوانخانی شار بەجێ بهێڵێ، ئەوان لەوە دەترسان هەربینا، ئاسکە، یەکێ لە منداڵەکان، یان بۆرەخزمێکی هوما لێیان وەژوور بکەوێ و ڕیسەکەیان بکاتەوە بە خوری، هوما ڕازی بوو، سەیمیران بۆ ماوەی کاژمێرێک لە ماڵ بچێتەدەرێ و دووکان بداتەوە بە خاوەنی و ترومبیلێک بهێنێ کەلوپەلەکەیان بۆ بەرێتە گاراژ، هەڵبەت هوما ئەمشتەی بە میرانی مێردی نەگوتبوو تەنانەت گەرەکینەبوو پێیبڵێ، ئەلبورزی کۆنەیاری، چراست و چدرۆ لە بەرچاوی جوانی ئەو لەمشارە مابۆوە، لە گاراژی تووس، هەمەکارە بوو، لە سەفەری ڕابردوودا کە جەژنی ئەوان بوو بە یەکەوە چوون بۆ قوم، هەرچەندە پاسەکە پڕ بوو، هەر ئەمکەسە بوو بە ئەدەب و حورمەتەوە بە خۆشی خۆشییەوە دوو کورسی لە پێشەوە بۆ چۆڵ کردن، ئەگەر ئەمکوڕە ئێستاش لە گاراژ بێت هوما سیلەی چاوێکی بداتێ، دەتوانێ، بە زیرەکی خۆی پارەی بیتاقەی سەفەریان بۆ بگێڕێتەوە، لەو دەمودەستەدا کە هوما لەگەڵ مێردەکەی، بۆ هەمیشە یان ماوەیەکی درێژخایەن، لەمشارە دەچوونە دەرێ، ئەم خۆشیرینکردنە چ قازانجێکی بۆ ئەو هەبوو، پازدە تمەن پووڵ پارەیەکی کەم نەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی سەیمیرانەوە ماشێنگرتن و بردنی ئەمکەلوپەلە بۆ گاراژ لە ئەستۆی هوما بوو،کەم کارێک نەبوو، لەوەش بەولاوە، وەختێ بیری لێدەکردەوە، هیچ قەیدی نەدەکرد، بۆ مەگەر

هەروەک هوما دەیگوت خۆ ژن هەنگوین نییە هەرکەسێ هەستا قامکێکی لێبدا؟ ئێستاش کە بە هیوای یەزدان شار و ژینگەی خۆی بەجێ دەهێشت و ڕووی دەکردە شارێک کە لەوێ نامۆ و خزم و ئەقرەبایەکی نەبوو، ژەنگی خەفەت توێژاڵی خستبووەسەر پەڕەی دڵی و ترس و خۆف دەوری تەنیبوو، بەڵام هەر دەبوو لێرەدا نەختۆکەیەک، لە تەعەسووبات و ڕکەی غەڵەتی نامووسی دوور بکەوێتەوە و لەسەر پردی قەرەسووکە دەروازەی تێپەڕبوونی ئەوان بوو دەئاوی هاوێ و کۆشی بتەکێنێ، ئەو تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر لە تاران کاروباری بە جوانی جێبکەوێ و گرفتێک ڕوو نەدا، لەبەر ئەوەی خانمێکی سەڵت و قوڵتە و زاق و زووقی نییە و لە ماڵیش‌دا بێکارە، ئیتر چی لە پیاوان کەمترە با بیبات لەبەر دەستی خۆیدا کاری پێبکا، داخۆم ئەم‌فکرە بۆ ئەو نەگونجاو بوو؟ بۆ مەگەر تارانیش وەک کرماشان بوو ئەم‌خەڵکە بچنە چاوی ئینسانەوە؟ ئەم بیرۆکەیە بێجگە لەوەی خراپ نەبوو بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەشێک بوو لە ئامانجی ئەو سەفەرەی ئەو، وەختێ لە دووکان کاروباری تەواو بوو، لە ماوەی نیوسەعات‌دا، دوو باریان بە درۆشکە بەڕێی گاڕاژ کردبوو، گەڕابۆوە، بە جەستە ماندوو بە دڵ ڕازی و لێو بەکەنین بوو، دڵی ژنانەی ئەو بە تاسەو تامەزرۆیی دنیای ڕەنگاوڕەنگ و دیمەنی تازە و بریقەدارەوە بوو، ئەم ژنە تا بڵێی مادە و ماکی پیاوانەی هەبوو بۆ ڕووداوگەلی سەیرو سەمەرە! هەر لە بەرهەیوانەکەوە، هەڵات بەرەوپیری و سینەو بەرۆکی لە سنگی میران توند کرد. دەم‌قەند و لێوقەند عەرزی کرد:

ـ ئەگەر کارت نەماوە، هەمووشت حازر و ئامادەیە، ترومبیلێکی (فۆرد)ی سواریم بەکرێ گرتووە، دەبڵێ نمرەی قەبووڵیت بیستە، بەراستی بەخت یارمانە لە وەختێکی باشدا دەگەینە جێ. شۆفیری ترومبیلەکە خەڵکی شاری هەمەدانە، چاوەڕوانی دوو موسافیری دیکەی دەکرد، تاکوو پێی پێوەبنێ دووکەسەکەش ئەوا من و تۆین. من ئەم‌سەفەرە بە تالحەی باشی دەگرمەوە و بە ودمێکی باشی دەزانم. بێئەوەی خۆ بخافڵێنین دەبێ وەڕێ بکەوین، چاوەڕێی ئێمەن، قفڵێکی گەورەم لە دەرگای ژوورەکەی خۆمان داوە، ئەم‌جانتایەشم لە بازاڕ کڕیوە، کەل‌وپەلی زیادی و بەپەلەم تێناوە تۆزێک ڕەنگت بزرکاوە، حەزناکەی لەبەر بێڵایە پیاڵەیەک پێداکەی، تاکوو فکرو پەژارەت ڕامالێ؟ دووکانەکەت ڕادەستی خاوەنەکەی کردووە؟

ـ ئەرێ، سولێمان ملی لە گریان نابوو، هەتا سەری‌کۆڵانە گەورەکە بە دوامدا هات، بە زۆر گێڕامەوە، تۆ چوویی بۆ دەفتەرخانە پووڵەکە وەربگری؟ ئەم زێڕ و زەمبەرە چییە بە خۆتدا

کردووه، بۆ تۆ نازانی ئینسان له کاتی سەفەردا هەتا سادە و ساکار بێت بۆخۆی باشە! تەنانەت لە جانتاکەی شانیشدا شتی بەنرخ نەبێ باشە، ئەگەر جانتا گەورەکە قفڵی هەبێ ئەوە زۆر دڵنیاترە و مەترسی کەمترە، ئەرێ ئەرێ، هەموویی لە دەسرۆکەیەک ببەستە و لەوێدا هەڵی‌بگرە، ئەمانە باسی سەرن، زۆر کەس بەخاتری شتی‌وا بەکوشت چووە، بێنە، ئەم چەکە پووڵەش لە دەسماڵێک، نانا، لە گیرفانی جانتاکەدا هەڵی‌بگرە، من ئەوەندە هۆش و گۆشێکی باشم نییە دایمە دەستم بە گیرفانمەوە بێ! داخۆم پووڵ و پارەکەت، لە دەفتەرخانە وەرگرتووە؟

- دەبەسە، ئەمە چەندجارت گوت؟ بەڵێ وەرمگرتووە، بەڵام ئەمەش بزانە، دەبێ ئەمڕا مارەیی من هەزار تمەن بێت، تاکوو هەروەختێ ڕقت هەستا نەتوانی بیانووم پێبگری و هەڵێی بۆ مەحزەر!

سەی‌میران بزەیەکی تەزیو نیشتە سەرلێوی و تەماشایەکی وەتاغەکەی خاتووخورشیدی کرد، حەمەحسێن نەبێ کەس لەو دەوروبەرانە نەبوو، کوڕێژگە بەمدیمەنە ئاشقانەیە کە پیاڵەی مەیە لێکدەدا و نۆش‌نۆشیان بوو شەرم گرتی و بە خەجاڵەتییەوە خۆی‌دا پشت‌دیوارەکە و سەری داخست. هوما کە بۆ جارێکی‌تر خۆی لە میران هەڵسوو گوتی:

- دایکی کاری هەبوو لە ماڵ نییە و چۆتەدەرێ، ئەمەش بە قازانجی ئێمە تەواو بووە، بەڵام زۆر دەترسم سووسەی کردبێ! هەرچی زووترە با، خۆ دەرباز بکەین، زۆریشم حەزدەکرد بۆ دوایین‌جار ماڵئاوایی لی‌بخوازم، بەڵام چبکەم هیچ ناکرێ، مرۆڤ زۆرجار ناچار دەبێ بۆ مەسڵەحەتی خۆی زۆر شت ژێرپێ بنێ، هەرچەندە دەرفەتێک بە دەستەوە نەماوە، وەک کچۆلان شانی هەڵتەکاند. لەخۆڕا قاقاپێکەنی، دواتر بەخۆیدا شکایەوە و ڕووی لە میران وەرگێڕا و گوتی:

- بۆئەوەی ڕایەکی‌تر بیری ئەم‌شارە نەکەم، تەنانەت وێنە و ڕەسمی منداڵەکانیشم وردو پرد کردووە و تووڕم هەڵداوە، هەرچەندە ئەوان لە منداڵەکانی ئاسکە کەم‌تەمەن‌ترن، تازە لەوە دەرچوون من خەمیان بۆ بخۆم، دەبێ خەمی خۆمان بێ، خۆمان!

سەرێکی هەڵتەکاند، شان‌وملی ڕووتی کەوتە ژێر شۆرابەی پرچ و بسکی زێڕینی، بە دوو چاوی مامزئاسای نیگای بڕیە نیگای سەی‌میران.

سەی‌میران تەواو لە نیازی هوما گەیشت، لە دڵەوە بەزەیی پێی‌دا هات، خۆی وانیشان‌دا، ڕای‌دەمووسیّ، لێوی بە گۆنایدا هێنا، هوما دەستی لیّ‌کێشایەوە، بەو دەسرۆکەی لە کیفەکەی هێنادەریّ وردەئارەقەی گۆشەی چاوی سڕییەوە، بە ئیشارەت بانگی کوڕەکەی خورشیدی کرد، وادیاربوو بە بۆنەی ئەوەی هەمووجارێک سەرە کەچەڵەکەی بۆ خاوێن کردبۆوە و زۆری ئازار دابوو دڵنەوایی بکا، سەی‌میران عادەتی نەبوو بیر لەم‌شتانە بکاتەوە، چووە بەرهەیوانەکەی، ژووری ئاسکە بەو تەلەوە کە بە کلیلەکانەوە بوو قفڵی دەرگای ژوورەکەی ئاهویی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی بەلەز بوو دەستی دەلەرزی، بەبیّ ئەوەی چاوێک بە دارو دیوار و فەرش و کەل‌وپەلی ژوورەکەدا بگێڕیّ، کەوا بۆن و بەرامەی ئەوانی لیّ دەهات، چهەستی بە پاشگەزبوونەوە و پەشیمانی نەکرد، بڕێک پووڵی لە باخەڵی دەرهێنا و ژماردی، خستییە بەینی کاغەزێکی نووسراو و لەسەر تاقە بەرزەکەی وەتاغیّ، لە پەنا ئاوێنەکە لە ژێرپێی چراکە داینا، ئەم کاغەزە، نووسراوەیەک بوو بۆ ئاسکە لە دەریّ دابوویی بە نامەنووسێکی نەناس بۆیان نووسیبوو، چاوێکی بەخێرایی بە ژوورەکە و شتە بیّ‌زمانەکاندا گێڕا، ئەم ژێر لامپایە باشترین شوێن بوو کە پووڵەکەی بۆ ئاهو لەویّ دانابوو، زوو دەیبینییەوە.

لەو کات‌وساتەدا کە دوو ئەوینداری دڵ‌دۆڕاو بەرەو گاڕاژ دەچوون و ماڵ و ژیانی خووپیّ‌گرتوویی خۆیان بەجیّ دەهێشت، خاتووخورشید بە هەڵەداوان، خۆی گەیاندبووە ئاوایی سەراو، ئەو ژنە دایمە لەبەر ژانی سپڵی هاواری دەکرد، ڕەنگی تەواو زەرد ببوو، وەک‌ئەوەی دووگیان بیّ زگ هاتبووە بەرچاوی، وەختیّ بۆ هەرلایەک دەچوو، هەروەک یەکیّ لە ژنەکان دەیگوت ڕۆژی مەنتەشایەک بە ڕێگەدا دەڕۆیشت ئەویش بەیانی، لەوکاتەشدا کە سیّ کیلۆمەتر ڕێگای پێوابوو، ئاوا بە تالۆکە دەبیّ حاڵی چۆن بووبیّ؟ ئاسکە لەگەڵ کۆنەدۆستێکی کە لەگەڵ مێردە و منداڵەکانی لەمێژ نەبوو ببوونە جیرانی میرزا نەبی، لە نێوەڕاستی حەوشەکە، خەریکی شانەکردنی کوتوو کوڵکە بوو، ئەوڕۆژە هەر لە بەیانییەوە فکر و خەمی ماڵیّ لە سەری‌دابوو، بەتەما بوو ڕۆژی دواتر، بە بیانووی کارێک بچێتە شارو هەواڵێک بزانیّ، ئێستا تەواو حەوتوویەک بوو، لەگەڵ منداڵەکانیدا هاتبوون بۆ سەراو، میرانی مێردی خۆی بە ساحەب نەکردبوون، ئەو هومای هەبیّ خەمی کەسی نابیّ، لەم فکرو خەیاڵانەدا بوو، لەپڕ دەرگای دانەخراو زاری داپچڕی و لە کاتێکدا کە مریشکێک لە بەردەمی چینەی دەکرد، خاتووخورشید وەژوور کەوت، وەک‌ئەوەی ترسی لە سەگی یانی‌گر هەبیّ، کە ئەمەش لە لادێکان زۆرە،

مەهدی و کوڕە گەورەکەی میرزا نەبی لە دالانەکەدا خەریکی هەڵماتێن بوون وەپێشی کەوتبوون خودایە خێربێ، ئەمژنە ئاوا هیلاک و ماندوو بۆ گەیوەتە ئێرە؟! هەرئەوەندەی چاوی بە ئاسکە کەوت، بە دەم دڕاوی هاواری کرد:

ـ ماڵوێران ئەوا بۆ بێخەم و خەیاڵ لێرە دانیشتوویی، هوما قوڕی کرد بە سەرتدا! ماڵ و ژیانت بوو بە تۆزێ بەربا، هەرچی هەبوو هەراج کرا، هەر ئێستا یان سەعاتێکیتر هەردووکیان لە شار دەچنەدەرێ و بەتەمای ڕاکردنن، هەستە لە جێی خۆت بجووڵێ مێردەکەت نەما!

بەدەم زریکە و هاوارەوە ئەمرستەیەی ئاخری تەواو کرد، هەرئەوەندەی مابوو ئاسکە لەسەرخۆی بچێ، ژنە وایزانی تەشتێکیان ئاوی سارد بە سەردا کرد، چاوێکی لەم پەیکە و چاوێکی لەوکەسە کرد کە لەلای دانیشتبوو، بێئەوەی وشەیەک بە دەمیدا بێت ئەوەی بە دەستییەوە بوو فڕێیدا سەرزەوی و هەڵات بۆلای چارشێوەکەی، دڵی وەک چۆلەکەی سەربڕاو هەڵدەبەزی و خۆی بە ڕکەی سنگیدا دەدا، نە مێشکی کاری دەکرد و نە زمانی دەگەڕا، ئەوەی ڕاستبێ، لە ژنەتیوەیەکی نێرخۆری بەیتەشە و سەیمیرانێکی خاویلکە و لێوە هەر ئەو چاوەڕوانییە دەکرا؛ هەر دەبوو لەم ئاخریانەدا خۆی بکا بە پەند! بە دیوی ئاوەژوودا چارشێویدا بە خۆیدا و کەوتەڕێ، لەگەڵ ڕکو قین و لێوەلەرزەدا ژنەکەی ڕاسپارد ئاگای لە منداڵەکانی بێت، بە خێرایی هەنگاوینا و خورشیدیش بە دوایدا، وەک شێت و هار لە دەرگای ماڵێ چووە دەرێ، هەتاوی قژزەرد، خۆی لە پشت دارو باغەکەی سەراو مات کردبوو، شنەی شەماڵ بۆنی داربەرۆی نسار و وێنجە و سێوەڕە و پرچی دارو درەختی بێشە و ڕووبارەکەی لە بەرۆکی ئاوایی سەراب دەپرژاند. لە سەرەوخواریەکەی خوار نێودێوە، ئاسکە هێندە بەپەلە هەنگاوی دەنا هەر دەتگوت بە عاسماندا دەفڕێ، تەنانەت هۆشی نەبوو کێ بەبەر دەمیدا دێت و ڕادەبرێ، چبگا بە خاتووخورشیدی شەکەت و ماندوو، کە بە هاسکە هاسک لە دوویی دەهات، وەختێ گەینە سەریکوچەباغەکە فەیتوونێک لە سەرەوخواری شوستەدا، دەگەڕایەوە، ئاسکە دەستی لێبەرز کردەوە و سوار بوو، وەک بڵێی ئەمە خودا بۆی گەیاندبوو، تاقتمەنێکی کاغەزی لە باخەڵی دەرهێنا و دای بە درۆشکەچی، دوای ئەوەی خاتووخورشید گەیشتێ و سەرکەوت شوێنێ مەبەستی پێگوت و لەگەڵ ئەوەی سەرو پرچی شێواو چارشێوی سەری ڕێکوپێک دەکرد تکای لە فەیتوونئاژووت کرد تا دەتوانێ خێرابێ. ئەمدیمەنەی بۆ ئاسکە

هاتبووە پێشی وەک ئەوە وابوو، دایکێک منداڵەکەی بە گیانەڵڵاوە بێت و هاوار بەرێ بۆ دوکتۆر و دەرمان.

خۆرەتاو جارێ باڵی لەسەر تەوێڵی شار لانەبردبوو، شەقامماڵەکان لە ئاوپرژێنی شوستە و بەردووکانان ببوونەوە، کاسپکارەکان خەریکی لابردنی سەیوان و سێبەری بەردووکان و فرۆشکەی خۆیان بوون، حەمەحسێن لە بەردەرگای حەسارێ ڕاوەستابوو، بە هەڵاتن خۆی گەیاندە بەردەمی دایکی و مزگێنی ئەوەی پێدا کە هوما دووتمەنییەکی کاغەزی داوەتێ، ملی پیاو دەبڕێ! وادیاربوو تازە هەردوو دڵدارەکە ماڵیان بەجێ هێشتبێ، هەروەک کوڕێژگە ووتی، سەیمیران خۆی گەیاندبووە وەتاغەکەی ئاسکەخاتوون، ئاسکە بەر لە هەرشتێ، سەرێکی کێشایە ژووری پێنجدەرێ، پەردەکانی هەروا بە حەواوە بوون:، بەپەلەپرووزێ کلیلی لە گیرفانی دەرهێنا و هەرچۆنێک بوو قفڵەکەی هەڵگرت، خورشید ئەوەی گوتبووی درۆ نەبوو، لەبەرچی درۆیی کردبایە؟ وەتاغەگەورە وەکئەوە وابوو دز دەستی پێداهێنابێ، ئەوەی بەنرخ بوو بە حیسابی گەیشتبوون، بەڵام هێشتا بڕوای نەدەکرد خانووبەرەکەی فرۆشتبێ، خورشید هەستی بە فرۆشتنی کردبوو، بەڵام باوەڕکردنی دشوار بوو، لەوەدەچوو هەروەک لە جەژنی ڕابردوودا چووبوون بۆ قوم، ئەمجاریش هەر بەمهەوایە بارگەی سەفەریان تێکنابێ، لەعنەتی خوا لە شەیتان، چما ئەمکابرایە خودا لەونی لێگۆڕیوە ئاوا منداڵەکانی بخاتە سەرساجی عەلی؟! وەختێ بە ناباوەڕی لە ژوورە گەورەکە هاتەدەرێ و خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی، حەمەحسێن پێیووت، ئاگای لێبووە پێشئەوەی بڕۆن مەشەدی میران چەکەیەکی پووڵ ژماردووە و لە تاقەکەی سەرێ کردوویە بە ژێر چراکەدا، منداڵ بەراستی بوو، ئاسکە حەزی نەکرد جارێ دەستی بۆبەرێ، لە کاتوساتی ئاوادا پووڵ بەکاری چیدەهات؟ فەرش و مافوورە چژانێکی لەسەر ئەو سووک دەکرد، بەڵام ئەو کاغەزە سپییە بۆ ئەو نیشانەیەک بوو، هەڵیگرت، پووڵ و پارەکە گشتی تازە بوو، دووسەت تمەنێک دەبوو، ئەو کاغەزەی پووڵەکەی لە نێودا بوو، بە خەتێکی جوان نووسرابوو، ئێستاش مرەکەبەکەی بریقەی دەهات، لە بن نووسراوەکەدا مۆری سەیمیرانی پێوەبوو، ئاسکە فکری کردەوە خێرا بیدا بە کەسێک بۆی وەخوێنێ، دڵنیابوو کە دەبێ شتێکی تێدا نووسرابێ، ئەم ڕازەدرکاوە وابوو بە هۆی ماڵوێرانی ئەو، هێندە بەپەلە بوو ئاگای لەو نووسراوە بچووکە نەبوو لە بەینی پووڵەکاندا، بەمحاڵەشەوە لە بیری نەچۆوە لەباتی سەرپێیەکانی کە زۆر پێیانەوە موڕتاح و ڕاحەت بوو بەڵام کورتەباڵای

دەنواند حەزی پێنەکرد، کەوشە پاژنەبڵندەکانی وەبیر هاتەوە لە سندووقەکەدا، کەوش و گۆرەوی هەڵکێشا و سەرو پرچی لە بن ئەو دەسماڵە هەورێشمە ناسکەدا شاردەوە کە بۆ کچەکەی کڕیبوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەم ژنە نەخۆشە لەگەڵی دەرناچێ، بە پاڕانەوەی داوای لێکرد:

ـ من ئەوا خۆ دەگەیەنمە گاراژەکە ئێوەش وەک جیرانێکی دڵسۆز ئەگەر توانیتان وەرن بە شوێنمدا!

خاتووخورشید لەسەر بەردەچینی نێوەڕاستی حەسارەکە چوارمشقی دانیشتبوو، بەبێ ئەوەی چۆڕێک شیر لە مەمکیدا بێت منداڵەکەی نابوو بە سنگییەوە، بیبی، خوشکی لە پەنای ڕاوەستابوو.

وەختی ئەوە نەبوو کات بەفیڕۆ بچێ، ئاسکە هەرکە گەیشتە سەریکۆڵانەکەی خۆیان وەک میرووڵەیەکی سەرلێشێواو کە سەرەنەدەر نەکا، بۆ جارێک بە دەوری خۆیدا خولایەوە، چاوێکی بە دووکان و کاسپکارەکاندا گێڕا، بەو کەسانەی بەوێدا تێدەپەڕین، لەبەر دووکانۆکەیەکی جگەرەفرۆشی کە جاران پینەچی بوو ڕاوەستا، دووکاندار پیاوێکی ناشیرینەی مرومۆچ بوو، نەدوێن و چڵکن، هەروەک دەیانگوت ماڵوحاڵ و ژینو ژیانی ببووە ئەم کونەجنە، هەرلەوێ دەخەوت، وەک دەڵێن سەگ تێری دەخوارد لە دەموو چاوی! سەرو ڕدێنی پیس و بۆخڵ، ئەمەش لەم خێڵە بوو کە شەمشەمەکوێرە ئاسا حەز بە نێو خەڵک و ڕووناکی ناکەن، هەر بۆیە نە خۆی لە هیچ هەڵدەقوتاند و نە کاریشی بە کاری کەس هەبوو، سەیربوو ئاسکە چۆن دەیزانی ئەم ڕمۆزنەیە خوێندەواری هەیە؟! چوونکە لەو ڕۆەوە وەک بایەقووش لێرە هەڵنیشتبوو کەس نەیدیبوو خەتێک بە کاغەزدا بێنێ. یان ڕووپەڕێک وەخوێنێ. تەنانەت ئەمبۆرە پیاوە، وەختێ سەیری کرد ژنێکی ئەم گەڕەکە عاجزو پەرێشان نامەیەکی بۆ ڕاداشت کە بیخوێنێتەوە، دوودڵ بوو لەوەی ڕۆژگارێک لەوەپێش وروێڕکە و پێشخزمەتی ئیدارە بووە و سەوادی هەبوو، ئیتر دوایئەوەی چەندجارێک کاغەزەکەی سەروبن کرد و لێی وردبۆوە، لەبەر ڕووناکایی دەرێ، بەمچەشنە دەستیپێکرد:

«لەوانەیە ئەمە بەخت و ئیقباڵ بێت کە ئێمەی لەمشارە وەدەرنا، یان خاکی گۆڕ، هەرچۆنێکبێ ئەمە چارەنووسی منە، کە دەبێ بۆ ماوەیەک لێتان دووربم، داخۆم دووری لەو منداڵانە چەندە بۆ من بەئازارە، یان هەر بیریشی لێناکەمەوە ئەمە خۆی باسێکی جیاوازە و مەعلوومیش دەبێ کە تۆ چەندە لێبووردوویت هەیە و تۆ بۆ ئەوان لە من باشتر دەبی، لە کاتێکدا کە بۆ ماوەیەکی کورت تۆ بەجێ دەهێڵم دانی پێدادەنێم تۆ جگە لە دەردو وەرهەم چیباشم بۆ تۆ پێنەبووە. بەمحاڵەشەوە سوێند دەخۆم، هیچوەختێ سەبارەت بە تۆ نیازم خراپە نەبووە، دەمتوانی دیسانیش لەمشارە بمێنمەوە و بە ئازارەوە ژیان تێپەڕێنم، بەڵام چۆن چاو لە چاوی تۆ ببڕم، دڵم زەوت نابێ، هەرچی من لە تۆم دیت سەبرو دڵۆڤانی بوو، تۆ لە من عەزییەت و ئازار و ڕۆژەڕەشی، وەک بیرم لێکردەوە تەنیا ڕۆیشتنم بە ڕێگەچارە زانیوە! مانەوەم هەر سەعاتێکی مردنێک بوو،

پیاوێکی وەک من کە شارو شوێنی باب‌و باپیرانی بەجێ بهێڵێ ئەوپەڕی بێدەسەڵاتییە کە نیشانی دەدا، منێک کە حەشیای خودام بەدەستەوە نەماوە مەگەر لەم‌شارە خۆ خنکاندن ئەگینا ڕێگەچارەیەکم نەماوە، ئێستاش ئەمە ئەشق و هۆگری بە ژیانە کە بەرەو دیاری غەریبیم دەبات چبکەم نەمزانی لە هەرشتەی شتێ بەسە سەرکۆنەکردنی خەڵک بە توون، بەڵام چبکەم ورەم بەرداوە و بە چۆکدا هاتووم. خۆ دەشزانم بوون و نەبوونی من لەو شارەدا بۆ تۆ وەکوویەک وایە، بەڵام بەهیوام ئەم چاوەڕوانییە زۆری پێ‌نەچێ، ئاواتم ئەوەیە زۆر زوو بە دەستی پڕەوە شادو سەرو دڵخۆش بێم بە شوێنتاندا، خەفەتیش مەخۆن خودا زۆر لەو گرفت و ئازارە مەزنترە کەوا ئێمەی گەمارۆ داوە.

«ئەو پارەیەی بۆتانم بەجێ‌هێشتووە نەوەدو پێنج تمەنی بدەن بە میرزا نەبی، پێی‌قەرزدارم و زۆری حەق بەسەر منەوە هەیە، ماباقی پووڵەکە دانێن بۆ خەرجی ژیانی خۆتان بۆ ئەم سێ‌مانگە، ئیتر با بزانین داهاتوو چۆن دەبێ. ئەم قەبزو نووسراوەیەی کە دەیبینی، ئەمە پێوەندی بە وەیسەی مرادی، کوڕی فەغفوورەوە هەیە، هەر ئەوکەسەی ناجوامێرانە بوو بە مێمڵ و ئێستا خاوەنی دووکانەکەی ڕازییە. خۆی دێت بیست و پێنج تمەن دەهێنێ و ئەم کوتە کاغەزەت لێ‌وەردەگرێ، بێجگە لەوەی کە ئەمرۆ چووم کاری دووکانەکەم تەواو کرد هیچ موژدەیەکی خوشم نییە بتدەمێ. خانووبەرەکە، دیارە ئێوە زۆر لەمێژە خەبەری فرۆشتنی ئەمتان هەیە، ئەویش قەرزداری پێی‌کردم. جا ئیتر نازانم تا چەندێک خەفەتی بۆ دەخۆن! ئەوکەسەی کرێویەتی تاکوو ئەم مانگە تەواو نەبێ نایات بەلایەوە، دوای ئەمەش ڕازی بووە، هەر ئەم ژوورەی کە ئێستا بە دەست خۆتەوەیە لەگەڵ ژێرخانەکە بە کرێیەکی کەم بتانداتێ! تکادەکەم هەروەختێ شیرین‌جان‌خانمت دیت، لە زمانی منەوە پێی‌بێژە بەراستی نەمری بۆ کوڕێکی گەورەت کردووە! سەبارەت بەم‌کوڕە زۆر لە هەڵەدا بووم ـ دەزانی ئەو خاڵوو کەرەمەی دوومانگ لەمەوبەر، وەختێ دەرگای دووکان گاڵە درابوو، ئەوەی بارە ئاردەکانی ناردبوو بە نهێنی لە کەندووەکەیان کردبوو نەک میرزا نەبی، بەڵکە ڕەزاخان بووە، هەر ئەوپیاوەی من وامدەزانی خەنیم و نەیاری منە بەم‌حەساوە چۆن دەتوانم چاوی شەرمەزاری هەڵێنم؟ تۆ بڵێی تەمەن ئەوەندەی بەبەرەوە مابێ چاکەی ئەم سەلارییەی تۆ بە ڕووسووری بدەمەوە؟ لەو دنیای دیکەش خۆم بە شەرمەندە دەزانم، ناتوانم چاو لە چاوی بکەم، ئەوکەسەی خراپەی لە من دیت، بە چاکە وەرامی دامەوە، با ئەمەش بڵێم، لە ئاشەوانەوە بگرە، تا دەگاتە شاتر و کرێکار و خەڵکی ئاسایی کەس قەرزی لەلام نییە و بە کەس قەرزدار نیم، سەنەد و قەبزی کەسم بەلاوە نییە، لەوشتانەی لەماڵێدا ماوە تەنیا مجری کاغەز و قەباڵە بە ئێوە دەسپێرم، ئیتر خۆت دەزانی چبکەی، ئەگەر دەبینی نەمنووسیوە بۆ کوێ دەچم و لە چجێیەک دەمێنمەوە، جارێ بەم دەموودەستە بۆخۆشم نازانم، هەر ئەوەندە

له شوێنێک گیرسامەوە نیگەران مەبە و بە ناوو نیشانی میرزا نەبی کاغەزت بۆ دەنێرم. دیسانیش بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە بە هاواری قەتیس‌ماو لە ئەوکمدا، دووبارەی دەکەمەوە، هیچ خەم و خەفەتێک لە دڵ کۆ مەکەوە منداڵەکان خەمبار مەکە، مەبەستی منی دڵبەرو پێنەزان هەرگیز ئەوەنییە لە تاوانم خۆش‌بی و گەردنم ئازاد بکەی، بە دڵنیاییەوە بۆ چەندەمین‌جار ئەمە دەڵێم، پێش‌ئەوەی خەرجیتان تەواو ببێ و پارەتان لێ‌ببڕێ دێم بە شوێنتاندا، ئەمە بەرنامە و قەستی منە، بەم‌ساتەوەختە، ئێتر دواتریش خودا دەمێنێ و ملکی.»

«مێردی خەجاڵەت‌بار و ڕووڕەشت»

ئیمزا: «سەی‌میران سەراوی»

ئاسکە، لە ناخەوە هەڵدەچۆقا، وەک‌ئەوەی پڕزۆڵ پڕزۆڵ جەرگ و دڵی بپچڕن، دنیا لە پێش‌چاوی ببوو بە قووڵایی دۆزەخ، بەوحاڵەشەوە هەتا کۆتایی نامەکە گوێی ڕاگرت، وەک‌ئەوەی ئەمە چاوەکانی ئەو بوو یەک بەیەک پیت و ڕەستەکانی دەبیست، بە بیستنی هەر ڕستەیەک بەندی دڵی دادەکەوت و تان‌وپۆی جەستەی دەقرتا، لە کۆتایی‌دا بەجێی ئەوەی لە قوڵپەی گریان بدات بە ژارخەندێکەوە درزی خستە سەرلێوی و کاغەزەکەی لە دەست جگەرەفرۆشەکە وەرگرتەوە، بۆ چرکەساتێک مەحتەل مابوو بەڕێی خۆیدا بگەڕێتەوە یان بچێتەوە بۆ ماڵێ و دەست لە ئەژنۆ هەڵپێکێ، بێ‌ئەوەی چیدی مەحتەل نەبێ، بە هەڵاتن ڕووی لە شەقامەکە کرد. میرانی ناجوامێر و لاساری جگە لە پەژارە و بێ‌هیوایی چی لەو نامەیەدا بۆ نووسیبوو؟ ئەمیش هەروەک یان خراپتر لە مێردەکەی حاجییەی کۆنەجیرانی ڕای‌کردبوو کە نەگەڕێتەوە ئەمە لەو خێر و خۆشیانەی کە تا ئێستا لەوی دیتبوو، ئەمەش لەوەی کە بۆی بەجێ هێشتبوون، بێ‌ئەوەی بزانێ بۆکوێ دەچێ هەڵدەهات و لەتری دەبەست و سەرەنگرێ دەبوو، سەرسمی ئەدا و خۆی دەگرتەوە لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات و فکری دەکردەوە:

- ئێتر چیدی تاقەتم نەماوە و تابش ناهێنم، بۆ هەرجێیەک بچێ، ملم بە ملییەوەیەتی! منداڵەکانم بابیان دەوێ، من ناتوانم بە سەری زیندوویی لە گۆڕیان بنێم! لە بان چارشێوەکەوە دەستی گێڕا بۆ چەکە پووڵەکەی نێوگیرفانی بلۆوزەکەی، وەختێ دڵنیابوو لە گیرفانیدایە دڵی ئارام بۆوە، ئەم پووڵە بەشی زۆری ئەوی دەکرد، تەنانەت ئەگەر هەتاکوو ئەبەرقوو چووبایە. کاتێک گەیشتە گاراژ، هەرچەندە نیوەی ڕێگای بە فەیتوون بڕیبوو، خۆرەتاو تەواو خۆی لە پەردەی شەو هەڵکێشابوو، مەبەستی ئاسکە گاراژی تووس بوو، پڕبوو لە پاس و ترومبیلی ئامادەی نێوان کرماشان- تاران. لەو شارەدا ناوبانگی هەبوو، ئەم پەلەپەلەی ئاسکەی سەرلێشێواو کردی بووە هۆی ئەوەی فەیتوونچی ڕێگای لێ‌بگۆڕێ و لەپاش نیوکیلۆمیتر سووڕانەوە بگەڕێتەوە. لەوکاتەدا بوو کە ئاسکە چاوی کەوت بە خاتووخورشید لە پەنایدا لە فەیتوونەکەدا

بوو، هەر دەتگوت هاودەمی ئاغاژنانە لە دووی مامان دەگەڕێ بە هانکە هانک خۆی خزاندبووە نێو درۆشکەوە بۆ بەختی ئاسکە دەگریا و بۆ بێدەسەڵاتی خۆی دەناڵی، ئاخۆم بەڕاستی داماوی و شەرمەزاری ئەمکابرایە لەمشارەدا بە جێگایەک گەیشتبوو کە ئاوات بە مردنی خۆی بخوازێ و پەڕەوازەی شاران ببێ؟ یانئەوەی خودا لێیگۆڕیبوو؟ داخۆم، تووشی نەخۆشی ئەقڵ و ئاوەز نەهاتبوو کە ئاوا سەری لێشێوابوو؟ یانئەوەی ببوو بە شامەل و بەسەر چڵەپۆپەی درەختی ئەوینەوە پێیخۆش بوو بە کەیفی خۆی بچریکێنێ، خۆ سەیریش نەبوو هەروەکوو زارۆکان کە بە بووکۆکەی خۆیان یاری دەکەن، ئەویش ژیانی بە چیلکە و چاڵ هەڵدەچنی و تێکی دەدایەوە، یاخود وەک دوو مراوی نێر و مێ بەدوای تەواوبوونی وەرزی ئەشق و خۆشیدا، لە دوای تێربوون و نیشتەوەی گەرمای دەروونیان، بەدەم سەماو سەیرانەوە، بەرەو ئامێزی مەرگ دەفڕین. ئەو ئاگرەی لە دڵەوە مۆخ و مێشکی گەمارۆ دابوو، بە بۆنەی دامرکان و نیشتەوەی هەوا و هەوەسەوە بوو کە شەو و ڕوژی بۆ نەبوو، هەر ئەمەش وایلێکردبوو هۆش و ئیختیاری نەمێنێ و وەک فیشەکە شێتەی منداڵان بە حەوادا بڕوات، دەتگوت بەجارێک پەتیان لە مل داماڵیوە و لە ترسی ئەوەی خۆی نەخنکێنێ دەبێ شەو و ڕۆژ هۆشیان پێوەبێ. گشتی ئەمانەش بیرۆکە و خۆبەختکردن بوو کە بەسەر مێشکی هاوساماڵەکەی ئاسکەدا تێدەپەڕین. لەبەرخۆیەوە خۆی سەرکۆنە دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە چۆن چووە بۆ سەراو و خەبەری ڕۆیشتنی ئەوانی بە ئاسکە داوە و ئێستاش وەشوێنی کەوتووە! ئەگەر لەم ساتەوەختەدا سەیمیران ببینێ چۆن چاو لە چاوی بکات و داخۆم ئەو چی پێدەڵێ؟ لە جوابی هومادا چیدەگوت، هەر ئەو ڕۆژە بە دڵاوایی خۆی زۆر خێرومەندانە کۆڵێکی جلوبەرگ پێدابوو، هەر ئەو ملوانکە مرواریيەی کە بۆ زەڕی بەجێهێشتبوو هەرچەندە ڕەنگی زەرد ببوو ئەگەر لە بازاڕ بیانکڕیبایە بایی دە تمەن زیاتر بوو، هەر ئەو شەوەی زەڕی مارە دەکرا، سەیمیران پازدە تمەنی بە قەرز پێدا، بەڵام بەتەما نەبوو لێیوەربگرێتەوە، داخۆم لە بەرامبەر ئەمگشتە چاکە و پیاوەتییەدا ئەمە نمەک بەحەرامی و سپڵەیی پشیلەئاسا نەبوو، ئەی پێنەزانی چۆنە؟

بەهەرحاڵ، ئاقاری قەرەباڵغی باکووری شار خەریکبوو بە تەواوی لە باوەشی ڕەشی شەودا کڕو کپ دەبوو. بە تەواوی تۆزی هیوابڕاوی دەکرد بەسەر دڵی ئاسکەدا کە تازە ناتوانێ ئەم ئادەم و حەوایە وەدۆزێ و بە جێو مەسکەنیان بزانێ، یان ماشێن بگرێ و بکەوێتە شوێنیان، بەڵام دەبوو هەتا ئەم کارەساتە شەوی بەسەردا نەهاتووە لەمو لەو بپرسێ و هەرچۆنێک بێ بییانبینێتەوە. فەیتوون زۆر بە هێواشی سووڕایەوە و ڕووی کردە کۆڵانی گاراژەکان، کە ئەمەش لەگەڵ ڕۆحی ئاسکە گونجاو نەبوو، هەر ئەوەندەبوو لە حەژمەت داخ و دەردی خۆی دڵی نەدەتۆقی، پەیتا پەیتا دەست و پلی خۆی هەڵدەگوشی و

بەدەم یاوو لێوەلەرەوە، چبکەم چبکەمی بوو چاوێکی لێببوو بە چوار چاو و شەقامەکەی دەپشکنی، لەپڕ گوێی لە دەنگێک بوو:

ـ موسافیری کرماشان ـ هەمەدان سواربێ. سواربن کە ڕۆیشتین ـ دەی مەحتەل مەکەن!

ئاسکە لە فکری ئەوەدابوو بۆکوێ بچێ و لەکێ بپرسێ، زۆری پێنەچوو، هەر ئەوەندەی لە فەیتوونەکە دابەزی، لەوبەری شەقامەکەوە چاوی کەوت بەو هەردوو قومری و قەنارەیەکە تازە لە قەفەزە دەرپەڕیبوون، ئەوان بەبێ ئەوەی پەلەپەل و ئاڵۆزییان پێوە دیاربێ لە تەنیشت ماشینێکی سواری ڕەش کە شتومەکی لەسەر دابەسترابوو مەحتەل مابوون. هوما بلووزێکی تەنک لەبەردا، لەگەڵ تەنوورەیەکی کورتی چینچین، کەمەرەیەکی تەنگی لەسەر بەستبوو، بەو دەسماڵە سپییەی کە دابووی بە سەریدا هەر لە ژنی دووگیان دەچوو، ئەوەندەیتر خۆی لەبەر چاوی میران شیرین کردبوو هەرکەسێک لەم قوماشە بوایە بە نیگایەک دەیزانی تەواو مەیزەدەن، هەر لەم سات و وەختەدا پیاوێکی قەڵافەت داری چوارشانە، دەستەکانی لە چاو باڵای قوڵەتر بوون، چاوی زیت و خومار و پڕ لە هەوەسی نیشانەی تاسەو ئارەزوومەندی بوو، لە نووسینگەی گاراژەکە هاتەدەرێ، بە ڕەوت و جووڵەیدا ئاشکرا بوو شۆفیری ترومبیلەکەیە، هوما، لەو دەرگایەوە کە لەمێژ بوو زاری داپچڕیبوو بە نازو عیشوەیەکی تایبەتەوە، ئەمەش بۆ گڕدانی هەناوی ئەو کەسانەی لەوێ ڕاوەستابوون و چاوی برسییان تێبڕیبوو وەکوو سوێسکە بە ئارامی لەنجەیەکی کرد و چووە نێو ماشێنەکەوە، جانتاکەی لە دەست باوەلێ وەرگرت، تاکوو ئەویش بێت شان بەشانی دابنیشێ، ئاسکە ئەوەندە شڵەژابوو لە بیری چوو پارەی فەیتوونچی بدات، یان ترسی ئەوەیبوو تۆزێکیتر نەجووڵێ و ماشینەکە وەڕێدەبکەوێ و ئەوانی لەدەست دەردەچێ، بەلەز هەنگاوینا، دڵ پڕ لە مەراق، ئازارچەشتوو لە ناخەوە وەک کورەی ئاسنگەران نێڵەی دەهات، گەیشتە بەردەمی سەیمیران ڕووبەڕووی قیت ڕاوەستا، لۆیی چارشێوی توند لە کەمەر شەتەکدا بێئارامی بە کەیفی خۆی دەیهەژاند، بۆ چەند چرکەیەک بێئەوەی چاو بترووکێنێ نیگای لە چاوی چەقاند. هەر ئەم نیگا و تێڕامانە کاری خەنجەرێکی کرد، ئینجا پەردەی شەرمی دادڕی و وەک هەوری بەهاری شریخاندی. ئەوەی بەم دەوروبەرەدا تێدەپەڕی لە جێی خۆی وشک بوو:

ـ ئەوە داناوەشێی، هەی ناپیاوی سەرنەوی، دابڕزێی باشە، لەپاش ئەمهەموو دەردو ئازارەی بە من و منداڵەکانتدا، ئێستا خەریکی فیشەکی نەجات ئەنێی بە مێشکمانەوە؟! تۆ کە ئێمەت لەسەر ساجی عەلی داناوە بەم پەلەپەلە بەتەمای کوێی، بۆکوێ دەچی؟! خەونت دیوە خێر دەبێ ئێشەڵڵا، خەزێنەت دۆزیوەتەوە بەلەز بۆی دەچی؟ با هەمووکەس بێن لە تۆوە فێری ڕەوشت و کردەوە بن، قوڕ بەسەرت، ئاگری هەوەس

ئەقڵ و هۆشی سووتاندووی جەستە و ڕۆحی برژاندوویی، هێشتا تۆ لە خەودای؟! ڕۆژی ئەوەڵ گوتم پشت بەمگوندزە مەبەستە پشتت دەشکێنێ، ئەوەی بۆ ئەم تیتکبڕاوەت بە زایەدا، دەتتوانی بۆ منداڵەکانتی خەرج بکەی ببن بە دوکتۆر و موهەندیس! دەزانی باوکی خەڵک چۆنە بۆ ماڵ و منداڵی خۆی؟ تۆ هەر چاوی هومات لێ دیاربێ بەستە! ئەمەش چاوی هوما! ئەوەبوو ئاوات و ئارەزوو و خەونەکانت، لە دوای ئەم گشتە قوڕبەسەرییە، ڕۆژێک من لە ماڵ نەبووم تۆ دەبوو دارو نەدارت بفرۆشی، ئەوەی هەتبوو نەتبوو لە گای تۆڕتنا و هەراجت کرد؟! ئەم هەموو خۆشی ژیان و منداڵی عاڵو سال و ماڵی تەبا و ڕەبات لە بیر چۆوە و بۆ ئەو سوزمانی بێدەرپێیە؟ وەدووی قوونی ئەو کەوتوویی؟! حاشا وەلیلا لە پیاوی خوێڕی لە سپڵەی پێنەزان! بەڕاستی باوک هەروەک تۆ دەبێ! هەی ئافەریم میردی زانا و ژیر، ئەو بۆ خەڵکی شار نایەن ڕەوشتبەرزی و ئاکارجوانی لە تۆوە فێربن؟! من ئەگەر ئەقڵم هەبا نەدەبوو فریوی چاوی خۆم بخۆم. ئێستە دەزانم ئەوەی سەری زەرد و نێوقەدی سەوز بوو فریشتەی خودا نییە! ڕووی کردە هوما، ئەمەش وەک خۆت وایە بۆیە تۆی هەڵبژاردووە، تۆیەک بۆ من و جگەرگۆشەکانت ڕووحم و وەفات نەبوو چۆن بۆ ئەم بڵحۆکەیە دەتبێ؟! قوڕبەسەرت هێشتا بە برینی خۆت نازانی؛ ئەم قەندەلێوە پەندێکی بەسەر نەهێناوی بەم دەمووەستە خۆشەوە بێ، دەبێ بە هەزاران کۆپەڕی لەبەر بنووسرێتەوە ئەمە ساڵێکە بێمارەو تەڵاق، لە خزمەت تۆدایە! بێغیرەتی ویژدانتۆپیو! بەراستی ئەمەبوو وەڵامی چاکەکانی من؟ بیست ساڵ شیلەی ڕۆحم بە تۆ بەخشی، هەتا بنپیلم شەکرو شیلە بوو بۆچی لە ئاخریدا پەنجەت گەزیم؟ تۆ چاک و خراپ بە چاوێک دەبینی، کێ سەرت بشکێنێ و کێ دەرمانیکا پێت وەکیەک وایە! ئێستاش ئەمە بزانە بە بەرچاوی ئەم خەڵکەوە بەرۆکت بەرنادەم! ئەم بەندەوارەی ژنت، خۆ ئەگەر لە تۆرەمەی ئیبلیس بێ، بە مەکر و جادوو پێل لە دەریا، تیشک و با، لە خۆر و هەوا بوستێنێ هێشتا ناتوانێ دڵۆڤانی تۆ و جگەرگۆشەکانم لێزەوت بکا، ناتوانێ لە منیان داببڕێ، ئەم ترومبیلە دەبێ بەسەر کەلاکی مندا ڕەت ببێ و تێپەڕێ، بە هەمووشتێکی تۆ قیناتم کرد، ملم دانەواند، خوێنی جەرگی خۆم خواردەوە، ئەوەی قوڕبەسەری بوو تووشت کردم هێشتا دەنگم نەکرد و پێمڕاکێشا، بەڵام قەت ڕازی نابم عەولادەکانم ئاوارە و دەربەدەر ببن.

ئاسکە ئەمانەی گوت، وەک زووخاوی دڵی تەواو هەڵڕشتبێ، ئەوەی لە ناخیدا پۆنگاوی خواردبۆوە گونجەی لێبەردا، شێرەژنانە پەلاماری بۆ برد، سەیمیران، وەکئەوەی چۆڕێک خوێن لە دەماریدا نەمابێ لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد، داخۆم ترسی ئەوەی لە دڵدا بوو لەوەزیاتر بە بەرچاوی ئەمخەڵکەوە ئابڕو و حەیای بچێ؟ ئاسکە وەکئەوە وابوو پیلی منداڵێکی خەتاکار بگرێ هێنای بۆلای فەیتوونەکە، لەوکاتەدا، بیر و مێشکی میران تەزیبوو، گەردەلوولی ئاکارەکانی بە هەرەوەزرۆیی هاتبوون، ئەوەی ورە و هێز و توانابوو لە

جەستەیدا تەزی. هەرچی خێزانی دەیگوت کەم بوو زۆر نەبوو، کات و ساتیش تا بڵێی بە پێچەوانەی ویستی ئەوبوو، بەم هەڵچوون و شەپۆلی ڕق و قینەوە کە ئاوا ورەبەرزانە لە ژنە گەورەکەیدا دیتی، هەردەبوو بە چۆکدا بێت و دەستی تەسلیمبوون بەرز بکاتەوە هەرنەبێ جارێ واز بێنێ لەمسەفەر و ڕاکردنە! ئەوەی جارێ بۆ ئەو هاتبووەپێشێ دەکرا بە بەرچاوی ئەم هەموو عالەمەوە خۆی لێگێل بکا دەبوو، هەرچۆنێکبێ ئەم هەڵلاو بگرەیە، ئارام بکاتەوە، هەرچی ئاسکە بڵێ پێمل بێت، خەڵکێکی زۆر و بێکارە لەوێ کۆ ببوونەوە لە هەر تیرە و تایەفەیەک دەتگوت هەڵوا دەبەخشنەوە. پیادەڕێ و شەقام نەیدەکێشا، وەختێ پێی لەسەر ئاوزەنگی فەیتوونەکە دانا و سەرکەوت لای کردەوە شتێک بڵێ، ئاسکە نەترسانە پاڵی نا بۆ ئەوسەری فەیتوونەکە و چوو لە تەنیشتی دانیشت، ئەمە ئاسکەی ئاوا بوێرانە و شێرەژنانە ڕادەوەستێ؟! لە نێو ئەم هەزارە زیلەیەدا، سەیمیران سەری هەڵنەدەهات، تەماشای ئەمخەڵکە بکا، دەنگە دەنگ و چپەچپ دەستیپێکرد: مەستە، تازە خەریکە وەخۆ دێتەوە، دەسرۆکەیەکی بدەنێ ئارەقەی سەروچاوی وشک بکاتەوە، ـ لە خودای دەویست فەیتوونچی زوو لێرە ڕایانگوێزێ، بۆ هەرلایەک دەچێ با بچێ، بەس لە نێو ئەم خەڵکە دووری بخاتەوە. لە بنەوە چاوێکی لە ترومبیلە تاڵە کرد، شۆفیرە چاوشینەکە و موسافیرەکان تێکڕا دابەزیبوون هوما نەبێ، ئەوانیش سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد. خاتووخورشیدی جیران ماڵەکەیان، هەر ئەو ژنەی وەک ئاوری ژێرکا وابوو، بۆ دڵدانەوەی هوما لە پەنا (فۆرد)ەکە ڕاوەستابوو، بە هەموو خوڵکو خۆ هەڵقوتێنی و قسەهێنان و بردنەی خۆیەوە، ئاکارو خدەی خراپ نەبوو، خورشید بە دوو چاوی پڕەوە ئاماژەی دڵنیابوونی پێدا کە سەرینی خاترجەمی بنێتە بنسەری هوما بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ماڵێ.

لەنێو ڕێدا، تاکوو ئەو حەلەی فەیتوونەکە گەیشتە ئەوەڵی کۆڵانی عەلیخانی لوڕ، ئاسکە بە دەست و پێ دانەدەکەوت و نائارام بوو، وەک بارانی پەڵە ئەسرین بە چاویدا دەهاتە خوارێ، بەڵام گرەپێچەی دەروونی نەدەکووژاندەوە: قەت نەبوو جارێک بڵێی چێژ و لەزەتی ژن تەنیا لە هەوەس و ئارەزوودا نییە، هەمووشت ڕووت و قووتی ئەو نییە، خۆشییەکانی ژن بۆ پیاو حورمەت و گفت و لفت و خانوومانی و ماڵداری و حەیا و ویژدانی ئەوە، تۆ بۆچی ئەوەندە مێشکت بچووکە، بۆ ئەوەندە چاونەزێر و چاوچنۆکی، ژیانی دنیا بە ژن و ژیانەوە خۆشە بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەی لە پاکیدا بوو بە دایک، نە بۆ لەزەتی دامرکاندنی ئارەزوویی هەوەسبازانە لەگەڵ هوما. دۆعای مردنت لێ ناکەم، با هەر بمێنێ بۆ مەینەتی! مێردی ستەمکاری لە هەمبەر ئەم دیمەنەدا هەر ئەوەی لەدەست دەهات کرو کپ سەر دەبەرۆکی خۆی بنێ. بە باڵای شەقامەکدا تاق و لۆقە دووکان و فرۆشگەکان داخرابوون هەرچەندە هێشتا شەو خێوەتی بەسەر شاردا هەڵنەدابوو، تازە وەختی ئەوە هاتبوو کاسپکاران بەرەو ماڵ ببنەوە، لەوکاتەدا کێ دەیزانی بیر لە چی دەکاتەوە، ئەم

خەڵکەش کە بە بەرچاوی ئەودا تێدەپەڕین نە شۆق و شادی جەژنیان بە ڕوخسارەوە دیاربوو نە خەفەت و عازیەتباری، لە هەمبەر یەکدی هەڵوێستەیەکیان دەکرد و ورتەیەکیان لێوەدەهات! تەماشایەکی دەوروبەری خۆیان دەکرد و تێدەپەڕین وەکئەوەی ئاگاداربن خەریکە کارەساتێک ڕوودەدا، هەرکەسە و لە فکری خۆدەرباز کردن‌دا بوو هەرچەندە دنیا بە بەرچاوی ئەوەوە، ببوو بە شەوەزەنگ، بەردەرگای دووکانەکەی ئەو پڕبوو لە خەڵک، دەرزیت هەڵاویشتبایە وەعەرزی نەدەکەوت، تۆ بڵێی چاوەکانی بە هەڵەدا نەچووبێتن؟ ئەوە هەر هەمان دووکانە ڕووت و ناپەسندەکەی جاران نەبوو کە دەتگوت وێرانەیە؟ ئەی ئەوە چۆنە ئێستا ئاوا ئامێزی بۆ میشتەری ئاوالایە و هەمووکەس حەزدەکا ڕووی تێبکات و نان بکڕێ؟ سەی‌میران پێی‌خۆش‌نەبوو بیری لە هیچشتێ بکاتەوە، لە دالانی ماڵێدا، ئاسکە دەرگای حەساریی لە دیوی ژوورەوە قایم کرد و کلۆمی خست، ئەویش بێ‌ئەوەی هێز لە جەستەیدا مابێ و خوێن بە دەماریدا بگەڕێ سەری داخست و هەنگاوە شلەکانی بۆلای ژوورە بچووکەکە بە کێشی کرد، دوور نەبوو تەمایەکی تازەی لە دڵی‌دا بێ، بۆیە خۆی خزاندە ئەمبەر هەیوانە، کە تەنیا منداڵەکەی خاتووخورشید لەوێ بوو، داخۆم بەتەمای تۆڵەکردنەوە بوو لەو ژنە، بەرلەوەی خۆ بکا بە ژووریدا، گەڕایەوە و لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە، کە هێشتا گەرمای خۆرەتاوی لێ‌نەتۆرابوو دانیشت. بەڵام حەزی نەدەکرد غورووری خۆی ژێرپێ بنێ، مرۆڤی لاسار دەزانێ بە هەڵداچووە، بەڵام پێی شەرمە غرووری بشکێ، وەک گوللە وایە گەڕانەوەی بۆ نییە، هەڵەکردن پەیژەیە بۆ وەسەرکەوتن بەرەو نهۆمی باشییەکان بەومەرجەی ئەوکەسە هەڵەی دووبارە نەکاتەوە یان‌ئەوەی دەوروبەری لە ئەزموونی ئەو دەرس وەربگرن. لەگەڵ ئەوەی بزەیەکی کرچ و کاڵ نیشتە سەرلێوی، بە تەوسێکەوە کە هێمای ناقایلی پێوەدیار بوو گوتی:

ـ خۆ تۆ ئەوەندە قەرەچەناخ و زۆروێژ نەبوویی؟!

ئاسکە کە هێشتا ئاگری ڕق و قینی دانەمرکابوو لە وەڵامیدا گوتی:

ـ قەرەچەناخ نەبووم، لەمەودوا دەبم! زۆروێژ و چەقەسرۆ نەبووم بەڵام نانێکم لەگەڵ ژنە بێ‌شەرمەکەت خواردووە، ئەگەر هەر ئێستا یان تاوێکی‌تر پێی‌ڕەشی بەم‌دەرگایەدا بێتەوە من دەزانم و ئەو، عالەم بە سەنگی سیام هەڵێنێ، داخی خۆمی پێ‌دەڕێژم و تۆڵەی ئەو حەوت ساڵەی لێدەکەمەوە، ژن نەبم ئەگەر بە مەشکەی دەرنەهێنم! دەزانی لەگەڵ ئەو سەربەهەشە چ درەدێکت‌دا بە خۆم و منداڵەکانم؟! هەر خۆت بە خۆت بێ کەس بە تۆ نەبێ!

ـ ئەگەر خاوەنی ئەم زمانە نەبوایەی قەل چاوی دەردەهێنای!

ئاسکە بە دڵپڕییەوە تێیڕاما، هەتا ئێرە بەخت بە پیرییەوە هاتبوو، توانیبووی ڕێگە لە هەڵاتنی ئەو دووە بگرێ، بەبێ ئەوەی سندم و کۆت و زنجیری لە دەست و مل بکا لێرەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو. تەواو داخی دڵی خۆی لەسەر ئەو بەتاڵ کرد. بەڵام هێشتا نەینووکی دڵی تیف تیفە نەدرابوو هەروا غەور و ژەنگی لێنیشتبوو، هەرئەوەندە لە دەرگای دەرێیاندا، وەکئەوەی دەرزی بە جەستەیدا چووبێ، لە جێی خۆی دەرپەڕی و گەیشتە دالانەکە، تاکوو وەک گفتیدابوو ئەو ژنە بە مەشکەی دەربێنێ و تۆڵەی ئەو هەموو دەردەی لێبکاتەوە کە چەند ساڵە بە دەمیدا کردووە، دوای ئەو گشتە قوڕبەسەرییە و بەڵایە کە ئەو بە سەری ئەوی هێنابوو هەرئەوەی ماوە مێردەکەی لێبڕفێنێ، هێشتا بەسی نییە بێشەرمانە لەگەڵ خورشید دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ؟ بە کامە سەربەرزییەوە؟ بێشەرمی لە ڕۆحی غەورگرتووی ئەوەوە بەهرەی وەرگرتبوو، بەداخەوە لەوکات و ساتە ناسکەدا یەکێک لە منداڵەکان لە ماڵ نەبوو، تاکوو بۆ تریقبوونەوەی ئەموئەو چەندەکی داڕزیوی ئەو ژنە لە پاش کوشتنی بە سەردەرانەی دەرگای حەوشەکەوە هەڵبواسێ، ئاسکە بەدەم ئەم بیرۆکەیەوە کاتێک دەرگای حەساریی دەکردەوە کلۆمی دەرگاگەی بە دەستەوە بوو، تاکوو لەپڕ بیدا بە تۆقی سەری هەوێکەیدا، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی ئەو، لەگەڵ کرانەوەی تای دەرگاکە منداڵەکانی گەیشتنە بەردەمی، ئەوان بە بیستنی ئەمهەواڵە ناخۆشە لە ئاوایی سەراوەوە هەتا کرماشان بە پێیان هاتبوونەوە، بە هاواری دایکیانەوە، هاوساکەی میرزا نەبی زۆری هەوڵدابوو بەڵام نەیتوانیبوو مەرزەمیان بکا نەگەڕێنەوە، بەرلەوەی دیسان دەرگاکە کاڵە بدرێ، پیاوێکی شەپکە بەسەر وێدەچوو شاگردی مۆبلسازەکەی ژێرسەکۆ بێ، حەمباڵێک بە دواوە، چرپایەکی شاهانەی پێبوو بە ئاوێنە و ڕەنگ و ڕوخسارێکی دڵڕفێنەوە کە قابیلی هەموو بووک و زاوایەکی بەختەوەر بوو بە پرسیارکردن ماڵی میران نانەکەریان دەویست، خانەخوێ بێت و تەختەکەی وەربگرێ، ئاسکە لەگەڵ منداڵەکانی هیچ هەواڵێکیان نەبوو کە سەیمیران چرپای بە درووستکردن داوە، وەختێ حەمباڵ و دوو شاگردی مۆبلساز تەختەکەیان هێنا و لە نێوەڕاستی حەسارێ دایاننا، سەیمیران هات و کرێی حەمباڵ و شاگردانەیدایە دەستییان ئەوسا باوەڕیان کرد ئەمە بۆ ماڵی ئەوان هاتووە، شاگردە شەپکەبەسەرەکە لە وەڵامی سەیمیراندا کە پێیوت، سبەی دێت باقی پووڵی تەختەکەیان دەداتێ، گوتی:

ـ بەیانی دووکان داخراوە، هیچ جێیەک ناکرێتەوە، هەر لەبەر ئەمەبوو بەمشەوە چرپاکەمان بەپەلە بۆهێناوی، پەردەگیرەکانیشمان لە بیر چووە، لە نێوشار کەس بەکەسە، هەربینا ئاگر کەوتنەوە یان کوشتو بڕ دەستپێبکا! جگە لەمەش جێگەمان نەبوو لەلای خۆمان ڕایبگرین، مامۆستا عەرزی دەکردی پارەی تەختەکە بنێرێ، یان هەرنەبێ دە تمەنی بدە و ئەویتر با بمێنێ، گەرەکمانە کەلوپەل بکڕین، ئەمشەو هەر

نانەوایەک دەچی پڕە لە خەڵک، هەرچۆنێک‌بێ دەستوور بدە بە شاترەکەی دووکان چەند نانێکمان بداتێ، ئەم دەنگۆیە لە شاردا کەوتووە بۆتە هۆی بڕفێن بڕفێنی خەڵک، هەمووکەس لە حەولی ئەوەدایە هەرنەبێ بەشی سێ ڕۆژ نان بەرێتەوە بۆ ماڵ و منداڵی، کەس نازانێ چی ڕوودەدا، ئەمشەو شار چبەڵایەکی بەسەر دێت.

سەی‌میران تەواو شڵەژابوو، ئیتر خۆی بۆ ڕاگیر نەبوو گوتی:

ـ ئەمەچییە ڕۆڵە دەڕاوێنی، دەنگۆی‌چی؟ شەڕو هەرا کامەیە؟ سووتمان بۆچی کوشتنی چی؟ بۆ مەگەر دنیا کەس‌بەکەسە؟ ببێتە بڕفێن بڕفێن و شەڕو هەڵڵا؟!

سەی‌میران، بە ئەسپایی لە جێی خۆی هەستا، لەو کاتەدا هەردەتگوت مردووە و لە قەبران گەڕاوەتەوە، شاگردی مۆبل‌ساز بە سەرسووڕمانەوە:

ـ زۆر سەیرە مەشەدی، یانی تۆ نازانی چقەوماوە؟ لەشکر و سپای پرچەکی ئینگلیز شەوی ڕابردوو سنووری خوسرەوی و قەسری‌شیرین‌یان بەزاندووە، ئەم نیوەڕۆیە لە پاتاق‌یش تێپەڕیون، ڕادیۆگەل بیانی دوو کاتژمێر لەوەپێش گوتوویانە ئەمشەو گەمارۆیی کرماشان ئەدەنو سۆزی دەستی بەسەردا دەگرن، سەربازخانەی شار بە بێ‌تەقە گیراوە و خۆی‌داوە بە دەستەوە، ڕەش و ڕووت و شڕەخۆر خۆیان بە پادگاندا کردووە و تالانیان کردووە!

بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیار و مەتەڵۆکەیە بۆ سەی‌میران ڕوون بۆوە، کە چەند دەقیقە لەوەپێش لەبەرخۆیەوە گوتبووی بۆ دەڵێی خۆڵی گۆڕخانانیان بەسەر شاردا کردووە، بۆچی کاسپکار و دووکاندار دەرگای دووکانیان قفڵ دەکەن و بە تالۆکە بەرەوماڵ دەبنەوە، سەرەڕای ئەم ساردوسڕییەی کە هەیبوو، لە دنیای ئەشق و عیرفانی خۆیدا، ئەم هەواڵە وەک سندانی مەرگ وابوو درا بە تەوقی سەریدا، ئەم حەسارە گەورەیە بە بەرچاویدا دەخولایەوە، ئەوەی خەیاڵ و خەفەت و نیگەرانی بوو لەو گێژو خولەدا هەموو لێی‌بوون بە حەزیا بۆ لووش‌کردنی زاریان لێ‌داپچڕی، بە وێنەی ئەسیرێکی بێ‌تاوان کە لە پای‌دار ئامادە کرابێ، چاوەڕوان بوو لە هەرئاندا حوکمی لەدار دانی وەخوێنن تەنیا ئەوەندەی بە زەیندا دەهات نفرەت و بێزاری سەرتاپای وجوودی داگرتبوو، هێزی ئەژنۆی نەمابوو بەسەر پێوە ڕابوەستێ. تەزووی ترس و شڵەژانێک بەسەر گیانیدا ڕژابوو، بە لەرز و لێوەلەرەوە، لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە دانیشتەوە، وەک کەسێک، تووشی کارەساتێکی گەورە هاتبێ لە دەروونەوە تێک‌ڕووخاو دەستی بە توێڵیەوە گرت و چەند گرێی کەوتە نێوچاوانی، ئەو خەمەی ئەوی گەمارۆ دابوو، خەمێکی ئاسایی نەبوو، ئەستێرۆک و هەسارەگەلیش بەسەر سەرییەوە لە کۆشی ئاسمانی ئارام و ساماڵ خزیبوون، چڵ و پۆپی لقی دارە بی، بە هیچ‌جۆرێک لە باوەشی حەسارەکەدا جووڵەی نەدەکرد و سریوەی با‌ـ نەدەهات، دەتگوت ئاسمان و زەوی

بەسەر یەکدا تەقەڵ دراون، نە جووڵەیەک، نە سرتەیەک نە شنەو نەشەیەک، وەکئەوەی دنیا لەم حەسارە سەنگاوبەرد نرابێ وابوو، ئەم کرِوکپی و بێدەنگییە، کە وەک مەڵکەلمووت چۆکی لەسەر سنگی سەیمیراندا کوتابوو، بە تەواوی سێبەری خستبووەسەر شاگردی مۆبلساز و ئاسکە و منداڵەکانیش، تاکوو ئەوکاتەی خاتووخورشید بۆ ماڵێ هاتەوە و بە دەنگی بەرز لەتەک ئاسکەدا کەوتە ئاخافتن، باوەڵێ هەروا سەری لەبەرخۆی نابوو لە گێژاوی پەژارە و ئەندێشەدا خولی دەخوارد، بۆ ئەو بە تەواوی بڕواوە کە بێکیفایەتی و هیچیو پووچی دەوڵەت هەیبوو هەروەها سیاسەت و هێزی زەبەلاحی دوژمن، باوەڕکردنی بە چۆکداهاتنی ئاوا بەخێرایی و بەبێ دژ کردەوە، بەڕاستی جێی سەرسووڕمان بوو، خاتووخورشید بە چارشێوەکەی ئارەقەی نێوچاوانی خۆی وشک کردەوە، بەدەم بۆڵە بۆڵەوە کە تەواو قسەکانی لەگەڵ ئەو بوو، وەک دەڵێن خەسوو لەگەڵ تۆمە، بووکێ گوێت لێبێ، ڕووی کردە ئاسکە و گوتی:

ـ نەهاتەوە خانم، نەهاتەوە، مێردەکەی گەلەیی لە من نەکا، بۆ لەگەڵ خۆم نەمهێنایەوە، خودا غەزەبی لێبگرێ، ئەم پرچبڕاوە هەر دەتگوت لە دەرفەتێکی ئاوا دەگەڕا، دەمووەدەست لەگەڵ پیاوێکیتردا پەیمان ببەستێ و چڕێگایەک دوورە بیگرێتەبەر! من چووزانم، خودا دەزانێ، ڕەنگە زۆر لەوەپێش قەولو قەراری خۆیان دانابێ، پێیوتم:

ـ بە مێردەکەم بڵێ لە جوانان هیچشتێک عەیب نییە و کێ سەرکۆنە دەکا بەتوون! من ئەگەر تەنیا هەر خۆمم، با وەدوویی چارەنووسی خۆم بکەوم باشترە، نەک ئاسکە بە چوار منداڵی ناشی و نادانەوە، من ژنێکی پووچەڵ و بێناوەرۆک بووم، ئەو لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا پووچتری کردم، من کە تەواو بۆم ڕوون بۆتەوە، ئەوین خۆی لە خۆیدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەریایەکە کەمتر کەسێک دەتوانێ تاکوو قوڵایی ئەمزەریایە بچێتە خوارێ، خاتووخورشید بەدەڵ دەزانم ئاسکە گەردنی من ئازاد ناکا، بەڵام هوما مەزنتر لەوەیە خۆی بۆ ئەمشتانە شلوێ بکا، لەم دنیایەدا هەرچیم بەسەردێ منەت بەگیانم، لەودنیاش چدەبێ بابێ!

ـ بەڵێ خوشکێگیان ئەمەی گوت و دەستی بە دەمیدا هێنا، زۆر بە ئاسایی بێئەوەی شەرم لەو خەڵکە بکا، بە بەرچاوی ئەم گشتە موسافیر و بێکارەو بێبارەوە، لە پاشکۆی ترومبیلەکە دابەزی و چوو لەسەر کورسی پێشەوە شان بەشانی شۆفیرە چاوشینەکە دانیشت، بە دەست ماچێکی بۆ من فڕێدا، بە نیشانەی خوداحافیزی، بەرلەوەی گڵۆپی شەقامەکان گیانیان وەبەربێ، کابرای تاین پێی پێوەنا و ماشین لە چاو ونبوو.

سەی‌میران وەک‌ئەوە وابوو هەردوو گوێی کپ بووبێ ئێستاش نەیزانی خاتووخورشید باسی چی‌کرد، وەک مەحکوومێک دەچوو بە دەست جەللابەوە، کە دەیبەن بۆ ژووری تاکەکەسی، ژیانی ئەم‌چەند ساڵەی دوایەی وەک هەورەتریشقەیەک وابوو بۆ خەرمانی تەمەنی بە سەروسامانەوە بە حەوایدا برد. حورمەت و کەرامەت و کرداری تێکەوە پێچابوو، بەڵێ مرۆڤ وەختێ نانێکی بوو بە دووان، چاوی لێ‌سوور دەبێ و شەهوەت و ئارەزووی کەلاو دەکات و سەررێژ دەکا، نە حەیا و حورمەتی بۆ گرینگە و نە ماڵ و منداڵ. دوای ئەم‌هەموو مەحتەل کردنە لە گێژاوی خەیالات هاتەدەرێ، بە سیلەی چاوێک لە شاگردی مۆبل‌ساز راما، لەووەختەوە چاوەڕوان‌بوو سەی‌میران وەلامێکی بداتەوە و بەڕێی‌بکا، گوتی:

ـ من بۆ ئەوم‌بوو، ئەو بۆ کێی‌بوو؟! با بڕوات ئۆغری خێربێ!

دەستی بۆلای ئاسکە ڕاداشت، هەروا میرانە و حاکم‌دەستووری گوتی:

ـ لەو پووڵەی بۆ تۆم دانابوو دە تمەن بدە بەم‌کوڕە با بەرۆکمان بەربدات! هەرچی هەمبوو نەمبوو لە چەمەدانەکەدا بوو ئەو ژنەتیوە لەگەڵ خۆی بردوویەتی، بەتوون، با بڕوات لەوشارە نەمێنێ، با بەرچاوم چۆڵ‌بکا، کوێ دەچێ با بچێ، تازە هەوساری بە دەست خۆیەتی. ئەم پووڵەش کرێی ڕێگای بێت، ئەم چرپایەم بۆ ئەو بە دروست‌کردن دابوو، بەڵام بۆ کچەکەم باشترە، ڕۆیشتنی ئەو منی لەم تەمتوومان و دڕدۆنگی و بێ‌دەسەلاتییە ڕزگار کرد.

وەختێ ئاسکە خەریکی ژماردنی پارە بوو بیدا بە شاگردی مۆبل‌ساز، سەی‌میران دەچوو بۆلای ژوورە چکۆلە، لە بەردەرگاکەوە هەرای‌کرد:

ـ یەکێ لە منداڵەکانی لەگەڵ بنێرە بابچێ قیسپە و لاچامەکان بهێنێ، ئەم چرایەش بێنە هەڵی‌بکە.

ئاسکەخاتوون نەیدەزانی پێبکەنێ یان لە پڕمەی گریان بدات، بەلام ئەمەی گوێ لێبوو تەواو دڵنیای کرد. ئێستاش لە دەنگ و ئاوازی سەی‌میرانی مێردیدا خۆشەویستی و دڵۆڤانیەکەی جاران کەروێشکەی دەکرد و شەپۆلی دەدا.

وەرگێڕان: ١٣٩٠/٥/١٧